خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا        لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف        ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر        بابان ئەنوەر

# ئومێد
# بە زیندویی بهێڵەرەوە

## تەنیا ژنێك:
## ژیانی ٩٠٠٠٠ کەسی گۆڕی

**حەوا عەبدی - سارا جەی رۆبینز**

**وەرگێڕانی**
**یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر**

**2016**

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (127)

ناوی کتێب: ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە
بابەت: بیرەوەریی
نووسەر: حەوا عەبدی - سارا جەی رۆبینز
وەرگێڕان: یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
بەرگ: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە
سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1444)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# ئومێد
# بە زیندویی بهێڵەرەوە

## تەنیا ژنێك:
## ژیانی ٩٠٠٠٠ کەسی گۆڕی

حەوا عەبدی - سارا جەی رۆبینز
وەرگێڕانی
یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر

2016

پێشکەشە بە ئەحمەد عەدەن محەمەد

# ناوەڕۆك


پێشەکی ................................................ 15
1 نامۆیەك لەنیشتیمانەکەمدا.......................................... 25
2 زێڕ بە ئاگر زاخاوکراوە.................................................. 41
3 بەرگرتن لەخوێنبەربوون............................................... 49
4 بە هەشت لەجیهاندا..................................................... 59
5 هاوڕێ و دوژمن........................................................... 67
6 لە چاوەڕوانی ژیاندا، لە چاوەڕوانی مردندا................... 79
7 پڕکردنەوەی کەلێنی نێو دڵم........................................ 89
8 لە دەستدانی رابردو و داهاتوم...................................... 103
9 بنیاتنانی نۆڕینگەکەم.................................................. 117
10 گەڕانەوەی خوشکەکانم.............................................. 131
11 پێویستی دایکی داهێنانە............................................ 143
12 دارمان.................................................................... 153
13 بۆچی دەتەوێت ئەم کارە ئەنجامبدەیت؟........................ 167
14 مەترسی لە ناوەوە....................................................... 181
15 ئەمڕۆ ئێمە دڵخۆشین.................................................. 195
16 نەشتەرگەریی ئومێد دەگێڕێتەوە.................................. 209
17 بڕیارێکی هەڵە........................................................... 227
18 چوارەمین دەفر.......................................................... 243
19 بریکاری وەزیری کار و وەرزش...................................... 259
20 دەتوانین بیرمانبێتەوە................................................. 271

21 ئەحمەد ........................................................ 281
22 پزیشکێك وابەستە بە مرۆڤایەتی................................ 289
23 دەریایەك لە پێویستی........................................ 303
24 نەوەیەکی نوێ.................................................. 315
25 هێرشەکە........................................................ 329
26 ژنانی ساڵ....................................................... 347
27 لێخۆشبوون..................................................... 361
-فەرهەنگۆکی زاراوە سۆماڵییەکان................................ 379
-خانەوادەی حەوا عەبدی........................................... 380
-پەراوێزەکان..................................................... 382

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبە دەربارەی ژیانی کەسێکە، کە تاڵاوەکانی ژیان، ئەویان شیرینتر کردووە، نەك هەر ئەمە، تاریکییەکانی ژیانیش ئەویان رووناکتر کردووەتەوە، هەروەها نەهامەتییەکان ئەویان گەشبینتر کـردووە، ئەو هەردەم بە دەم ئومێدەوە دەژی، حەوا عەبدی!

خانمێك هەر لە منداڵییەوە هیوایەك لەنێو ناخیدا خۆی مەڵاسدابوو، ئەو دەمەی دایکی پێیدەڵێت: ((کچم کاتێك ویستت بڕیار بدەیت، بە ئارامییەوە دانیشە و گوێ لە دەنگی نێو ناخت بگرە، تا ئەو دەنگەت دێتە بەرگوێ، تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت چارەسەرێك بۆ کێشەکانت بدۆزیتەوە. ئەویش دواتر ئەو رێنماییە دەگرێتە گوێ و هەر بە راستیش لە دەرەوەی شەڕو چەك و توندوتیژی رێگەیەکی جیاوازتر دەدۆزێتەوە. بەمەش لای خۆیەوە چەتری ئاشتی و ئارامی هەڵدەدات‌و ئەوانەی دێنە سایەیەوە دەحەسێنەوە. کەمپەکەی ئەو دەبێتە کەشتیەکەی نوح و ئەوەی بیەوێت لە تۆفانی توندوتیژی و جەنگدا نغرۆ نەبێت، رووی تێدەکات.

لەنێو کۆمەڵگەی سۆماڵیدا، خەڵکی لەو بـاوەڕەدابـوون، کوڕ پاشایەو بەرامبەرە دوو کچ، هەر کات کوڕیان ببوایە، ئاهەنگییان بۆ سازدەکرد، کەچی دواتریش کوڕەکان دەبوونە چەکدارو هۆکاری نانەوەی پشێوی لەوڵاتدا، حەواش بووە دایکی خەمخۆری هەمووان‌و لەبەرگی مریەمێکی نوێدا، ئاشتی‌و ئارامی بۆ هێنان.

ئەو لە دوانزە ساڵیدا وەك هەر کیژێکی بەدبەختی دیکەی ئەو وڵاتە، بەهۆی دابونەریتی باوەوە دەدرێت بە شوو. هەرچەندە رازیش نابێت و بە دایکی دەڵێت: نامەوێت شووبکەم، چونکە من هێشتا دوانزە ساڵانم و «دەمەوێت بخوێنم، دەمەوێت بچمە قوتابخانە، دەمەوێت لەگەڵ تۆ بمێنمەوە». بەڵام کاتێکیش هاوسەرگیریی دەکات، هەستدەکات بۆ ناو قەفەز دەچێت، دواتریش کە بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، هەستدەکات سەرلەنوێ ئازادی بۆ گەڕاوەتەوە.

ئیدی لەوە بەدوا دەستدەکاتەوە بە ژیانی ئاسایی خۆیی و شوێنکەوتنی خەونەکانی. پاش مردنی دایکیشی، ئەو پرسیارە لەمێشکیدا گەڵاڵە دەبێت، دەیەوێت بزانێت چی دایکی لەناو بردووە و دەبێت هۆکاری نەخۆشییەکان چی بن؟ هەر ئەمەش دەیگەیەنێتە ئەوەی، داوا لەمامۆستاکەی بکات، تا توێکاری لەسەر لاشەی مرۆڤ بکاتو دواجار ببێتە یەکێك لەدیارترین پزیشکەکانی وڵات.

هەرچەندە منداڵانی سۆماڵ فێری ئەوە کراون، کە نائاسودەیی بەشێکە لەژیان، شتێکە دەبێت قبوڵی بکەنو پرسیاری لەبارەوە نەکەن، جگە لەمەش بۆیان نییە پرسیار لەبارەی هیچ شتێکەوە بکەن، بەڵکو دەبێت تەنیا گوێڕایەڵ بن. کەچی دەبینین چۆن پـەروەردەی جوانی کچێك لەلایەن باوکییەوە، وا دەکات ببێتە خزمەتکاری خەڵك و ناوچەیەکی پڕ لە ئاشتی و دادپەروەری بخوڵقێنێت.

ئەوەی تێبینیدەکرێت، کۆمەڵگەی سۆماڵی لە رابردوودا گەلێکی ئاشتیخواز بوونو بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە ژیاون، بەڵام لەگەڵ هاتنەپێشی سەردەمی نوێدا، وردە وردە بیری دەمارگرژیو خێڵایەتی بەرەو هەڵدێرو لێکترازانیان دەباتو هەر جارەو خێڵێك دەسەڵات دەگرێتەدەست، هەر خێڵەو دەست بەسەر ناوچەیەکدا دەگرێت، ئیدی لەوە بە دوا، جەنگ دەبێتە تاکە شوناسی ئەوان.

ئای ئەو کاتەی ئاڵای  ئیتالیا دادەگیرێتو ئاڵای سۆماڵ بەرزدەکرێتەوە، ئەوان چەند خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە ئیدی خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەفسوس کە دواتر چۆن پەشیماندەبنەوە. بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وادەکات ئەوان لەخۆشییدا بمرن، کەچی وا ئێستا سەربەخۆیش هەر مەرگیان بۆ دەهێنێت. وای لەو خەیاڵپلاوییەی کاتێك باوکی پێیدەڵێت، حەوا ئیدی دەتوانین بە ئازادی بە شارەکانی وڵاتدا گوزەر بکەین، هەرکوێمان بوێت بۆی دەچین!

بەڵێ کەرەستەکانی مۆدێرنە، وادەکات ئەم کۆمەڵگە تەقلیدییانە بە لاڕێدا بڕۆن، نەك پێشبکەون. بە داخەوە بۆ ئەو جوگرافیایانەی هەمیشە رابردوو

تیایاندا جوانترە، هەمیشە لە ئێستادا خوازیارین رابردومان بگەڕێتەوە، ئەگەر رابردومان هێندە جوانیش نەبووبێت، لانیکەم هێندەی ئێستا دۆزەخ نەبووە.

لە سۆماڵدا مردن هەمیشە بەشێکە لە حکایەتەکانی ژیان، جا ئەگەر بەهۆی نەخۆشی، یاخود توندوتیژی، یان منداڵبوونەوە بێت، جیاوازییەکی نییە. لەوێ کاتێك کەسێك بە سەختی بریندار دەبێت، سڵ لەوە دەکاتەوە پەنا بباتە بەر نەخۆشخانە، لە ترسی ئەوەی نەبادا هۆزەکەی تر بیبینن و بیکوژن. ئەوە چ مەملەکەتێکە خودایە، ژنێك منداڵەکەی خۆی دەکوژێت، یان راستتر جگەری خۆی دەکرۆژێت، تەنیا لەبەرئەوەی خۆی لە هۆزێکە و مێردەکەی لە هۆزێکی دیکەیە. ئەوان پێیانوایە منداڵ نابێت لە هۆزێکی هەڵە بخەنەوە، هەر هۆزێکیش پێیوایە هۆزەکەی دیکە پیسەو نابێت خوێنی پیرۆزی تێکەڵاوی خوێنی ئەوان بێت. ببینن دەمارگرژیو تایەفەگەری، چۆن وڵات دەکاتە قەرەبروت و هەموو بەها جوان و شیرینەکان، دەکاتە سوتماکی شەڕە بێ ماناکانی خۆی.

سەرکردەی هۆزەکانیش، چەند قین لەدڵ بوون بەرامبەر بە یەکتری، کەچی ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو، کاتێك قسە دەهاتە سەر سودوەرگرتن لەو خێروبێرەی رێکخراوە فریاگوزارییە نێونەتەوەییەکان، کە دەیاننارد بۆ خەڵکی رەشوڕووتی ئەو وڵاتە.

لەوێ جەنگ وادەکات، مردن ئەوەندە زۆرببێت، لەتوانای خەڵکیدا نەمێنێت مردووەکان بنێژن، بەشێوازێك رێکخراو و کۆمپانیاکان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ. خودایە مرۆڤ چەندە سەیرە هەمان ئەو پارانەی کە بۆ زیندوهێشتنەوەی مردووەکان پێویستن، ئەمڕۆ بۆ ناشتنی تەرمی ئەوان بەفیڕۆ دەدرێت.

لەو کاتەی گرژی نێوان هۆزەکان، توندوتیژیو کودەتا دەبێتە شوناسی وڵات، حەوا دەستدەداتە کۆکردنەوەی پارەکانی، بە مەبەستی بنیاتنانی وڵاتو دروستکردنی نەخۆشخانە، بەڵام جیاوازی نێوان هەوڵەکانی ئەمو توندوتیژییو کارە تێکدەرانەکانی ئەوانی دیکە ئەوەیە، کە کارەکانی ئەم قەدەغەن، بۆیە لەوپێناوەدا رووبەڕوی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆردەبێتەوە.

لەم کتێبەدا بۆمانروونەدەبێتەوە، چۆن سیاسەتێکی چەوت ئەو وڵاتە

دەشێوێنێت، چۆن هاوڕێکانی ئەمڕۆ دەبنە دوژمنی سبەی؟ چۆن مافەکانی گەل دەخرێنە ژێرپێو پاراستنی موڵكو ماڵە تایبەتییەکانی جەنابی سەرۆکیش، لەسەروی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانەوە دادەنرێت.

سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات هەموو بەهایەکی لە مرۆڤ داماڵیبوو، کەچی هەر دەبوو گۆرانی بۆ حکومەتێك بڵێن، کە خەڵکەکەی خۆی دەکوشت. لەپرسەی ئازیزەکانیاندا گۆرانی بچڕنو ئاهەنگ بگێڕن، نەبادا ببنە جێی گومانی دەسەڵاتداران.

ئەوەی حەوا دەهێڵێتەوەو بەردەوامی بە کارەکانی دەدات، بێلایەنییەتی لەنێو ململانێی هۆزەکاندا. ئەم خانمە ئەزمونەکانی ژیان فێری ئەوەیان کردووە، چۆن بەرەنگاری بارە ناهەموارەکان ببێتەوە.

حەوا عەبدی ژنێك یاخی، بەڵام دەزانێت بۆ؟ چۆن؟ ژنێك هەموو ئەو تەنگوچەڵەمەو نەهامەتیانەی ژنانو مرۆڤی کۆمەڵگەی سۆماڵی دەبینێت، لەو نەریتە ناشیرینانەی لەوێ باون، تا ئەو برسێتیو قاتوقڕییەی سەراپای کۆمەڵگەی داگرتبوو.

حەوا هەوڵیداوە تێڕوانینی هەڵەی خەڵکی لەبارەی ئاین، خۆرئاوا، ژنان، دابونەریتی باو، دەسەڵات...هتد راستبکاتەوە بۆئەوەش رووبەڕوی گەلێك ئاستەنگ بۆتەوە، تەنانەت بۆ خەباتکردن لەپێناو مافەکانی ژنان، وەك خۆی دەڵێت: ((دەبوو زیاتر لەدژی بۆچوونەکانی ژنان کار بکەم، وەك لەوەی لەپێناویاندا بجەنگێم)).

ئەو ژنێکە دەبێتە پزیشك، پارێزەر، جوتیار، دایك، وەبەرهێنەرو سەرمایەدار، تەنانەت جێگری وەزیریش، بەڵام هەموو ئەمانە دەخاتە خزمەتی دەورووبەرەکەیەوە، بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی رەگەزو هۆزو ئاین. ئەو کەسێکی دووربینە، لەبری ئەوەی پارەکانی بخاتە بانکەوە، دەیانخاتە بواری کڕینی زەوی و زارو کردنی بە کێڵگەو شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵ، دواجاریش دروستکردنی نەخۆشخانە بۆ خزمەتکردنی خەڵك. لە زەویی و خانویەکی بچوکەوە دەستپێدەکاتو، تا دەگاتە دروستکردنی کامپێك، یاخود ناوچەیەکی تایبەت بە خۆی، کە ناوی لێدەنرێت ناوچەی حەوا عەبدی.

حەوا شۆڕشە لەجوگرافیایەکدا، کە مرۆڤەکانی تەنها کوشتنو بڕین دەزانن،

ئەوانەشی دەمێننەوە، دەستەوەستان چاوەڕوانن مردن ببێتە میوانیان‌و رزگاریان بکات لەو کولەمەرگییەی ناویان ناوە ژیان. هەندێك لەوان هەندێکجار دەمارگرژی خێڵایەتی‌و رقی ژیان وای لێکردوون، یارمەتی ئەوانی دیکە رەتبکەنەوە و لەچاوەڕوانی ئەوەدابن، مەرگ پێست‌و گۆشتیان بکرۆژێت‌و دواجاریش رۆحیان لێبسێنێتەوە.

له 27/شوبات/2012 حەوا عەبدی پاڵێورا بۆ خەڵاتی نۆبڵ لەبواری ئاشتیدا، ئەوەش پاش رۆژێك هات لەپەلاماردانی لەلایەن بزوتنەوەی گەنجانەوە، کە تیایدا ناچاریانکرد کەمپەکەی دابخات، بەوەش هەزاران ژن‌و منداڵا بێدەرەتان دەبوون، هەروەها چەکدارەکان ئەو ماڵە کاتییانەشیان تێکدا، کە پەناهەندەکان تیایدا دەحەوانەوە، دەستیشیانگرت بەسەر کەمپەکەدا. لە راستیدا ئەو شایستەی ئەو خەڵاتەیە، بەڵام پێدەچێت تا ئێستا ئەو چانسەی بۆ هەڵنەکەوتبێت، هەرچەندە ئەو هەمیشە لەژیانیدا لەخەبات‌و تێکۆشاندا بووە، رەنگە هەرگیز خەڵات‌و دەستخۆشیش لەهەگبەیدا نەبووبێت.

لە ئێستادا کۆمەڵگەی سۆماڵی، زۆر پێویستی بە کەسێکی وەك حەوا عەبدییە، تا بیکاتە سەرۆك‌و ببێتە فریادڕەسی ئەو بارە ناهەموارەی تێیکەوتووە. دڵنیام ئەگەر ئەو پێودانگە نەریتی‌و ئاینی‌و کۆمەڵایەتییانەی لەو کۆمەڵگەیەدا بۆ رەگەزی مێینە هەیە لێبگەڕێت و بوار بڕەخسێت تا ببێتە سەرۆك، ئەو کات کۆمەڵگەی سۆماڵی، دەبێتە کۆمەڵگەیەکی داپەروەرو سەقامگیرو دیموکراتی.

ئەم کتێبە هەرچەندە رووداوێکی راستەقینەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بە وردی تیشك دەخاتەسەر دابونەریت، ئاین، ئەفسانەو سیاسەت لەکۆمەڵگەی سۆماڵیدا، زۆر بە جوانی وێنای توندوتیژی، جەنگ‌و برسێتی دەکات، کە رەنگە هەر لەبڕستی هەندێك لە رۆماننوسە مەزنەکانی دونیادا بێت، کە لە خەیاڵدانی خۆیاندا رووداوی لەوچەشنەمان بۆ دابتاشن و بەوجۆرە واقیعی کۆمەڵایەتیمان بۆ وێنابکەن.

**یاسین محەمەد**

**لەجیاتی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر**

**2014/8/18**

## پێشەکی:

ئەو بیست و دوو ساڵ بوو، گوللەیەك لە مێشك و دانەیەكیش لەدڵی دابوو. ئەو رۆژەم لەیاد نییە، کە هێنایان بۆ نەخۆشخانەکەمان، تەنانەت لەیادم نییە کە ئاخۆ رۆژ بووە، یان شەو هێندە دەزانم کاتێکی رۆشن و سیخناخ بە تەم‌و غوباری جەنگی ناوخۆ بوو، کە لەوەدەمەدا وڵاتی خاپور کردبوو. لە ساڵی 1995 لە سۆماڵ کوڕانی هەرزەکار لەهەموو میلیشیا جۆراوجۆرەکانەوە ئەو چەکانەیان رادەوەشاند، کە لەحکومەتی پێشووەوە بە تاڵان دەستیان کەوتبوو، یاخود مەگەر هەر خوا بزانێت لەکوێوە چنگیان کەوتبوو. ئەم ژنەش یەکێك بوو لەو سەدان قوربانییانەی جەنگ لەنێو نەخۆشەکانمدا، کە لەو ساتە زۆر دژوارەدا چاوەڕوانی من بوون، بەڵام چیرۆکی ئەو لەوانی دیکە جیاوازتر بوو.

ئەو ژنێکی گەنج و بەهێزی سۆماڵی بوو. منیش نەخۆشخانەکەم دروستکرد بوو بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکەی ئەو، نەك بۆئەوەی پەنجە گەورە و پەنجەی ناوەڕاستم بە ناوچاوانی رابێنم، تا چاوە ژین لێبڕاوەکانی دابخەم. پێش ئەوەی داوا لەستافەکەم بکەم، تا بەدوای دەوەنێکدا بگەڕین بۆ خێزانەکەی، هەڵوەستەیەکم کرد و بۆ ساتێك لەگەڵیدا وەستام. کاتێك ئاوڕمدایەوە وەك پزیشکێك نا، بەڵکو وەك دایکێك دەگریام. لەخۆم پرسی دەبێت هەستی دایکی ئەم کچە، ئەم شەو چۆن بێت، ئەگەر بزانێت کچەکەی مردووە؟

لەساتەکانی پڕ لەئاژاوەشدا تەنانەت لەشوێنە زۆر دوورەکانیشەوە، هەواڵی خراپ بە خێرایی بڵاودەبووەوە. ژنێك کە هەندێك زانیاری لابوو لەناو دەوەنەکەوە هات، پێکەوە چووین بۆ ئەو ژوورەی، لاشە مردووەکەی لێ بوو. ژنەکە پێیوتم «ئەو ژنەی کە ئەم منداڵەی کوشتووە، دایکی خۆیەتی، بەڵێ دایکی خۆی کوشتوویەتی!»

بە تەواوەتی گرژ بووم، لەبەرئەوەی پێشتر هەرگیز شتی لەو بابەتەم بەرگوێ نەکەوتبوو! لەخۆم پرسی «چۆن دەبێت وابێت».

ژنەکە بۆی روونکردمەوە «باوکی کچەکە لەخێڵێکە و دایکیشی لە خێڵێکی ترە» بەدەم سەر راوەشاندنەوە، تەماشای روخساری ئارامگرتووی ژنە لاوە

مردووەکەی دەکرد. ئەو هێشتا زۆر جوان بوو، وا دیاربوو نەزانێت کێ لەناوی بردووە. منیش هەر نەمدەزانی، تا ئەوەی ژنەکە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی «کاتێك کچەکەو دایکی دەچن بۆ لای خانەوادەی دایکی، خانەوادەکەی پێیدەڵێن: ئەم کچە لەخێڵێکی هەڵە کەوتۆتەوە، ئێمە نامانەوێت»

ژنەکە بە چاوێکی غەمگینەوە تەماشای منی کرد. «پێیدەڵێن دەبێت کچەکەی بکوژێت، تا بتوانێت بێتەوە بۆ ماڵ».

ئەمڕۆ هیچ ڕێگەیەك نییە تا بەهۆیەوە بزانین، ئاخۆ ئەم چیرۆکە ترسناکە راستە یان نا، تەنانەت ناوی ئەو ژنە گەنجەش نازانم. کەسوکاری لەو ناوچەیەوە هاتن، تاوەکو لاشەکەی ببەنەوە بۆ دەوەنەکە، بۆئەوەی لە نزیکی ماڵەکەی خۆی بینێژن، منیش گەڕامەوە بۆ نۆڕینگە (عیادە)کەم، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان لەچاوەڕوانی مندا ریزیان بەستبوو، بە جۆرێك تا درەختەکانی دیوی دەرەوە رۆشتبوو، بەڵام ئەو شەوە، تەنانەت تا ئەمڕۆش، پرسیارێك دایگرتووم کە هەموو شایەتێکی جەنگ دەبێت بپرسێت: لە ساتەوەختێکی وا تاریکدا، ئەگەر شتی لەو بابەتە رووبدەن، چۆن دەتوانین بمێنینەوە؟

کاتێك زۆرینەی خەڵکی گوێبیستی وشەی سۆماڵ دەبن، ئەوان مێژووی نوێی پڕ تراژیدیای ئێمەیان بیردێتەوە، ئەو دابەشبوونە قوڵەی لەنێوان خەڵکیدا هەیە، وشکەساڵی و برسێتی، دەریای پڕ قرش و چەتە، تەنانەت وەسفی جوگرافیای سەرزەمینەکەمان بە هۆڕنی (قۆچ)ی ئەفەریقیا، کە ئۆقیانوسی هندیو کەنداوی عـەدەن کەرتدەکات، لێوان لێوە لە زیـادەڕەوی، بەڵام هەمیشەش بەوجۆرە نییە.

لە ئابی 1983 کاتێك من دەستمدایە ئەم نەخۆشخانەیە، کە لەنۆڕینگەیەکی یەك ژووری پێکهاتبوو، 21 کیلۆمەتر لە مەقادیشۆی پایتەختەوە دوور بوو، بارودۆخ ئارام بوو. من وەك یەکەم پزیشکی سۆماڵی تایبەت بە ژنان، لەناوچەکەدا ناسرابووم، هەربۆیە ئەو کاتەی جەنگی ناوخۆ حەوت ساڵ دواتر هەڵگیرسا، نەخۆشەکانم، خانەوادەکەمو دراوسێکانم، قوربانی و رزگاربووان بە لێشاو ئەو ڕێگە سەرەکییەیان تەنی، کە دەچوو بەرەو مەقادیشۆ و ڕێك بەلای نۆڕینگەکەمدا گوزەری دەکرد. دەمبردنە ژوورەوە و هەرچیم هەبووایە

پێمدەدان، لەئاوی خواردنەوە، شوێنی حەوانەوەو بەشێك لە بەروبومی کێڵگەکەم. خەڵکی سۆماڵ بەوە ناسراون، کە نەریتی میواندارییان هەیە: کاتێك گەشتیارێك دێت بۆ لات، دەبێت باشترین شتەی بدەیتێ کە هەتە، ئەگەر گەدەی پڕ بکەیتو وشەی شیرینی پێ بڵێیت، خودا لێت دەبورێت.

ئەمەش ئەو چیرۆکەیە، چۆن پاش زیاتر لەبیست ساڵ، ئەو خەڵکە بوونە خانەوادەی من، کوخەکانیان گەڵێك درێژ دەبووەوە، لێشاوێك لەباقە حەسیری بادراو و چنراو، بەڕەی تەنك و پەڕەی پلاستیکی شەکاوە، ئەوەش گوندەکەی حەوا عەبدی بوو. ئەمڕۆ ئەو نۆڕینگەیەی لەتاقە ژورێك پێکهاتبوو، بۆتە نەخۆشخانەیەکی 400 قەرەوێڵەیی، ئەو چەند خێزانە کەمەی، کە پێداویستییەکانیانی پڕدەکردەوە، هەنوکە بوونەتە هـەزاران کەس، کە لە زەوییەکانی دەوروبەری ئەو نەخۆشخانەیەدا دەژین. لەخوار ئەو خانوانەوە، گوندێکی بەرسێبەر هەیە، کە 10560 کەس دەگرێتەخۆ، هەندێکیان بەهۆی جەنگی هۆزەکانەوە، یاخود بەهۆی بۆمباباران کردنەوە تیاچوون، هەندێکی تریش بەهۆی نەخۆشی، یاخود برسێتییەوە. ئێمەش پێکەوە لەتەنیا شوێنێکدا دەماننناشتن، هەرگیز وێنەی ئەوەمان نەدەکرد، کە جەنگەکە تا ئەوەندە بەردەوام دەبێت، بە جۆرێك ئەو کەسانەی پێویستیان بە ئێمە دەبێت، لەسەروو 90000 کەسەوە دەبێت، هەروەها نەوەی نوێش بەهۆی کەمی زەویوزارەوە، ناچاردەبن کوخەکانیان لەسەر ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە بکەن، کە ئێمە عەیامێکە بۆیان رەشپۆش بووین.

ئێمە قەرزارباری ئەوەین، کە دەبێت ئەوە بیر ئەو مردووانە و ئەو کەسانەش بێنینەوە کە لەگەڵیان دەژین، تا بزانن کەلەپوری ئێمە کەلەپورێکی توندوتیژو تێکشکێنەر نییە. چەند سەدەیەك لەمەوبەر لە سۆماڵ، خەڵکی ئێمە لەشوێنی بچوكو لەشارەکانی قەراغ دەریا دەژیان، بە درێژایی ئۆقیانوسی قەشەنگی هندی، وەك ملوانکەی زێڕین رادەکشان.

هەندێك جار وەرزە بارانەکان کورتبوون و هەندێك جاریش درێژبوون، بەهۆی ئەو درەختە درێژانەو ئەو هەوا پاكو ناسکەوە، شێوەی پەردەکوللەیەکی بۆ خەڵکەکە سازدا بوو، تەنانەت لەوەرزە وشکەکانی وەك کانونی یەکەم،

شوبات و ئازاریش، بەهۆی کەناری دەریاکەوە لقە مردووەکان ژیانێکی نوێیان بە بەردا دەهـات، کاتێك ئەو لقانە دەچەمانەوە بەسەر چوارچێوەی ئەو زنجە دروستکراوانەی، هیچیان لەوانەی ئەمڕۆ نەدەچوون و وڵاتی منیان لێ پڕبووە. خێزانەکان لەوێ دەمانەوە، تا باران هەڵیدەکرد، ئیدی دەگەڕانەوە ماڵ، تا بۆ وەرزی چاندن خۆیان ئامادە بکەن، خولەکە بەوشێوەیە بەردەوام دووبارە دەبووەوە. لەکاتێکدا رەوشی کەشوهەوا دەگۆڕا، بەردەوام ئاوازی وەرزەکان رێبەری ژیانی ئێمەیان دەکرد، تا نەریتە سۆماڵییەکان ئەنجامبدەین و هەندێکیان جوانو هەندێکی دیکەیان روخێنەربوون.

هاوشێوەی زۆرینەی خەڵکی سۆماڵ، ماڵی دایکیشم خێزانێکی جوتیار بوون. ئەوان ئاژەڵیان پەروەردە دەکرد، لەپێناو شیرو گۆشتەکەی، لەماوەی وەرزی بارانیشدا، گەنمەشامیو هەرزنیان دەچاند. لە وەرزی هاوینیشدا خۆیانو ئاژەڵەکانیان بەدوای ئاودا دەگەڕان، کەلوپەل، قاپوقاچاغو راخەرەکانیان، لە وشترەکانیان باردەکرد و بەدوای شوێنێکدا دەگـەڕان، تا ئاژەڵەکانیانی تێدا بلەوەڕێنن.

دەکرێت دژواری سۆماڵ بەوە روونبکرێتەوە، کە لەهەموو ساتەکانی ململانێدا، هەر وەك لەهەموو وەرزە وشکەکاندا، هەمان تاس و حەمام بوو: هەر کە دەروازەیەك دەکرێتەوە، هەموو ئاژەڵەکان پێکەوە دەچنە ناو ئەو پارچە زەمینە پڕ لەگژوگیایەوە، هەر یەکە هەوڵدەدات ئەوی دیکە وەدەرنێت. شوانەکەش بەدوایاندا دەڕوات. ئەو شوانەی زۆر بەهێز بووایە، بەوی دیکەی دەوت «ئەمە گژوگیای منە، بڕۆ ناوچەیەکی دیکە بۆ خۆت بـدۆزەرەوە». ئەگەر کەسە دۆڕاوەکەش رەتیبکردایەتەوە کە بڕوات، دەبوو لەگەڵ براوەکەدا بکەوێتە جەنگەوە. هەمان شتیش راستە، ئەگەر گروپێك لەخەڵکی لە نزیك یەکتر بژیانایە، بەو کەسە تینوانەیان دەوت، کە بە دوای ئاودا دەگەڕان «تۆ نابێت لەم ئاوە بخۆیتەوە». پاش چەند ساڵێك کاتێك باران دەباری، برسیو تینوو پاراو دەبوون، بەڵام خەڵکە تینوەکە ئەوەیان هەر لەبیر نەدەچووەو ململانێکان وەك خۆیان دەمانەوە.

کاتێك بە جیهاندا گەڕام بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بێدەرەتانەکانی وڵاتەکەم، خەڵکی لێیان دەپرسیم: «چۆن دەکرێت وابێت؟» ئەوان دەیانپرسی ئەوە چۆن ڕێتێدەچێت، لەنێو جەرگەی ئەوەی کە ناودەبرێت بە شکستخواردوترین دەوڵەت، دەکرێت هێشتا پەناگەیەك هەبێت، دەکرێت کۆمەڵگەیەك هەبێت، ژیان تیایدا گونجاوبێت، ئەویش لەگوندێکدا کە بەناوی ژنێکەوە ناونرابێت؟

منیش پێمدەوتن: لەنێو گوندەکەی حەوا عەبدیدا، ئێمە بە یەکچاو سەیری هەموو قوربانییانی ململانێکان دەکەین، گرنگ نییە ئەوان سەر بە چ بەرەیەکن. من ئەم وانەیە لەباوکمەوە فێربووم، کە بە بەراورد لەگەڵ جیهانبینییەکی فراوانتری هەبووە، باوکی یاخود ئەو نەوانەی کە پێشتر هاتبوون، لەبەرئەوەی تراژیدیا خستبوونیە سەر ڕێیەکی جیاوازتر. باوکم کە لەدوانزەساڵیدا هەتیو کەوت بوو، بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەگوندە بچوکەکەی خۆیانەوە بەرەو مەقادیشۆ کەوتبووە ڕێ، لەوێ ژنێکی ناسیبوو کە سەر بە جڤاتێکی ڕاوکردنی ماسی بوون و خۆمان پێیاندەڵێین جاجی. ژنەکە هەر وەك کوڕی خۆی باوەشی بۆگرتەوە، خواردن، جلوبەرگی پێدا، تەنانەت لەبەندەری سەرەکی ناوچەکەشدا کاری بۆ دابینکرد.

باوکم لەسەردەمی داگیرکارییدا کەوتبووە تەمەنەوە، بەڵام ئەو سەردەمە بۆ ئەو سەردەمێکی پڕ لە ئاشتی بوو، لەگەڵ ئەو دۆخە ئارامەشدا کاری دەکرد، کە لەسەرتاسەری جیهانەوە ڕوویان لەوێ دەکرد. ئاشنایەتی لەگەڵ بەریتانیو ئیتاڵییەکان هەبوو، کە پێشتر باوانی ئەوانە چەندین بەشی جیاوازی سۆماڵیان داگیرکردبوو، هەر وەك چۆن لەگەڵ هندیو ئەوانەی بە زمانی کەنارەکانیش قسەیاندەکرد، کە لەکەنارەکانی ئەو شوێنانەوە کۆچیان کردبوو، ئێستا پێیدەوترێت کینیا، بووە هاوڕێ. ئەو کەشتیەوان و پیاوە بازرگانانە، زمانی خۆیانیان فێری ئەم کردبوو، هاوشان لەگەڵ مێژووی وڵاتەکەنیشیاندا، هەر ئەو وانانەشی دەگواستەوە بۆ ماڵەوە، بۆ کچەکانی. باوکم پێیوتم «دەتوانیت لەڕێی کاری قورسەوە ژیانی خۆت بگۆڕیت، دەتوانیت هەست بە گرنگی خۆت بکەیت، ئەگەر لەتوانای ئەو کەسانە تێبگەیت، کە یارمەتی یەکتری دەدەن» .

تا ئێستاش هەر گوێم لەدەنگێتی، وێنەی ئەو سەردەمەی خۆم لەبەرچاوە، کە لەتەمەنی سیانزە ساڵاندابووم و لە ساڵی 1960 هەمان ئەو ساڵەی وڵاتەکەمان سەربەخۆیی لە حوکمی بەریتانیاو ئیتالیاوە بەدەستهێنا. لەوەدەمەدا ئێمەی سۆماڵی واماندەزانی کە داهاتوومان زۆر گەشاوەیە. کاتێك لەنیوەشەوی 1/تەموزدا، ئاڵای ئیتاڵیا داگیرا، من و باوکم لەنزیکی ئوتێل شابێلی بووین. کاتێك ئەستێرەی سپی پێنج لای ئاڵای کۆماری سۆماڵ بەرزکرایەوە، گۆرانییە نیشتیمانییەکانمان بە دەنگێکی بەرز لێدەدران. من هەمیشە یەکێکیانم زۆر بە روونی لە یادە: تانا سیب تان سار، بە مانای ئاڵا ئیتالییەکە داگرنو ئاڵای سۆماڵ هەڵبکەن.

لەو رۆژانەی سەرەتای سەربەخۆییدا، پێیانوتین بەهۆی خۆشی لەڕادەبەدەرەوە هەندێك کەس گیانیان لەدەستداوە. منیش بڕوام بەوەکرد، بەوپێیەی باوکم دەبینی لەسەر شەقامەکان هاوڕێکانی لەئامێز دەگرت، کاتێك دەیزانی بە درێژایی ئەو شەڕە، ئەوان هێشتا لەژیاندا ماون. باوکم پێیوتین «ئێمە ژیانێکی دژوارمان هەبوو، بەڵام وائەمڕۆ ئازادین» چاوەکانی دەدرەوشانەوە، کاتێك ئەو شەوە بە قاچێکی رەقهەڵاتووەوە بە ژوورەکەدا پیاسەمان دەکرد. «ئێستا دەتوانین بە ناو جەرگەی پایتەختدا هاتوچۆ بکەین، کە پێشتر نەمان دەتوانی. دەتوانین بۆ هەر شوێنێك بمانەوێت بچین».

لەسەرەتادا خەڵکی سۆماڵ لەدەرەوە هەلی نوێیان بینییەوە ، هەم لەو وڵاتانەوە کە داگیریان کردبووین، هەمیش لەهاوڕێی نوێ و جێگەی متمانەوە، هەروەها زیاترو زیاتریش لە دراوسێکانمانەوە. زۆر هەوڵماندا تا دەگەیشتە لوتکەی بوارەکانمان، لەڕێی پەروەردەو کۆششی زۆرەوە خەونمان بە گۆڕینی وڵاتەکەمانەوە دەبینی.

ئەو کات نە توندوتیژیو نە دابەشبوونی خێڵەکی، بەشێك نەبوون لەکەلەپوری ئێمە. خێڵەکان لە سۆماڵ لەنەریتی ئەبتیرسینیۆوە (abtirsiinyo) سەرچاوەیان گرتبوو، کە ئێمە بە باوانی خۆمان هەژمارمان دەکردن، بە گەڕانەوە بۆ سەدان نەوەی پێشتر. لەسەردەمانی پێشووترەوە، مشتومڕی نێوان دوو خانەوادە، یاخود دوو هۆز بە شێوەی ئاشتییانە دامرکابووەوە، هەر هۆزێك پیاوێکی دانای بە وشترەوە ناردبوو، تا ماوەیەکی زۆریان بڕیبوو، چەندین

ڕۆژو تەنانەت چەندین هەفتە، تا لەژێر درەختێکی مەزندا وتوێژ لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن. لەنێوان هەرکام لەو کەسە دنیادیدانەی کە وەك ناوبژیوان دانیشتبوون‌و گوێیان لەهەردوو حاڵەتەکە گرتبوو، دەیانوت «بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ» دنیادیدەکان شرۆڤەیان بۆ حاڵەتەکە دەکرد، وتوێژیان دەکرد، تا ڕێککەوتن لەسەر سزادانێکی گونجاو، کە تیایدا هۆزە تاوانبارەکە، هەندێك وشترو مانگا دەداتە هۆزەکەی تر. پاش ئەوەی ئەم بارە ڕەوییەوە، ناوبژیوانەکان ڕوویان بە لایەکدا وەردەچەرخاندو دەیانوت «بیست کچ بێنن». لایەنەکەی تر بیست کوڕییان دەهێنا، ئینجا وەك بەشێك لە پرۆسەی ئاشتەوایی گەنجەکانی ئەو دوو هۆزە هاوسەرگیرییان دەکرد. تێکەڵاوبوونی هۆزەکان لەڕێی هاوسەرگیرییەوە، دەبووە هۆی دروستبوونی ئەو خێزانانەی کە لە داهاتودا ڕقوکینەیان لە ریشەوە دەردەهێنا، ئێستا ئیدی ئەو دوو هۆزە بە خوێن پێکەوە دەبەسترانەوە، چیدی شەڕیان لەدژی یەکتری نەدەکرد.

ڕۆژانی پێشووترمان وەك نەتەوەیەك گەلێك پرشنگدار بوو، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات، گەندەڵی هاتەکایەوە. هەموو یاساو فەرمانێکمان لەسەرەتاکانی ساڵانی 1990 لەو کاتەدا کە حکومەت ڕوخا، لەدەستدا، ئینجا کە خەڵکی سۆماڵ ڕوویانکردە هۆزەکانیان تا بیانپارێزن، بە گومانەوە تەماشای هۆزەکانی دیکەیان دەکرد، تەنانەت خراپتر لەوەش وەك ئەوە وابوو، دەمارەکانیان بەر لە هاتنی خوێنی لایەکەی دیکە بگرێت. تەنیا ڕێگە بۆئەوەی کارەکەم بمێنێتەوە ئەوەبوو، کە بە بێلایەنی بمێنمەوە، دڵ و ڕۆحی خۆم ببەخشمە هەموو قوربانیانی جەنگ لە هەموو هۆزە جیاجیاکان، هەربۆیە هەندێکجار پێموابوو، دەبێت ژیانیشم ببەخشم لەماوەی قاتوقڕی‌و توند و تیژیدا، لەو دەمانەی کە بۆمب لە ئاسمانی شین و درەوشاوەی سۆماڵەوە دەکەوتە خوار.

باوکم چیدەڵێت ئەگەر ئەو کچە جوانە ببینێت کە لە لایەن دایکییەوە کوژراوە، تەنیا لەبەرئەوەی باوکی لە هۆزێکی دیکەیە؟ ئەگەر ئەو بتوانێت دەیان هەزار لەو کەسانە ببینێت، کە لەسەر زەوی خێزانەکەمان دەژین، کە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە، ئێمە کراوینەتە قەڵغانی نێوان پێکدادانی جەنگاوەران، یاخود بووینەتە قوربانی ئەو سەربازانەی، تەنیا بە دوای تاڵانی‌و کوشتنەوەن؟

دەبێت باوکم چی بڵێت دەربارەی گروپی یاخیبووی حزبولئیسلام، کە لەئایاری 2010ەوە هاتنە بەردەم دەرگاکەمو کەسانێکی نزیك لەوانیشەوە ماڵو نەخۆشخانەکەمیان داگیرکرد، هاوشێوەی ئەو شوێنانەی دیکە، کە سۆماڵییەکان بە شوێنێکی ئارامیان دادەنا. ئەو کوڕە گەنجانەش هەر رۆڵەی خۆمانن، هەمووان لەو نەوانە پێکهاتوون، کە دوور لەفەرمانو یاسا پەروەردە بوون. ئەوان گرێدراوی دیدێکی بنەڕەتخوازانەو سەرپێیانەی ئیسلام بوون، کە دەسەڵاتییان پێدەدات، ئەو کاتەی کە هەوڵدەدەن کۆمەڵگاکەمان تێکبشکێنن، لەهەمان کاتیشدا لەپەیجۆری ئەوەدان، ئاینەکەشمان تێکبشکێنن، هەنوکە ئێمە بارمتەی دەستی ئەو بیروباوەڕە ناشایستانەی ئەوانین، بەوەی کە ئافرەتان تەنیا کاڵایەکن، دەبێت بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریانبێنن.

یەکێك لەو کوڕە گەنجانەی کە لەو کاتە سامناکانەی ساڵی 2010 سەردانی کردم، پێیوتم «تۆ پیریتو ئێمەش لەتۆ بەهێزترین، دەبێت دەسەڵاتی نەخۆشخانەکەو رێکخستنی کەمپەکەت، بدەیتە دەست ئێمە». منیش پێموت «شتی وا مەحاڵە، ئەمە موڵکی خۆمە. من لێرە دکتۆرمو زانیارییەکانی ئێرە لای منن. بەپێی چ پێودانگێکی یاسایی، من دەبێت ئەم نەخۆشخانەیە بدەمە دەست ئێوە؟»

کەسێکی دیکەیان هەڵیدایە «تۆ ژنیت، مافی ئەوەت نییە شان بدەیتە بەر هیچ بەرپرسیارێتیو دەسەڵاتێك».

ئەوەی یەکەمیان تێهەڵچووەوە «ئێمە لێرە دەتپارێزین».

منیش پێموت «ئەوە ئیشی تۆ نییە» هەرچەندە بەساڵاچوویەکی نێو کەمپەکە ئەوەی بیرهێنامەوە، کە ئەو پیاوانە دەتوانن تەقەم لێ بکەن، بەڵام من هەر رەتمکردەوە پێیلێبنێم. منیش بەو بەساڵاچووەم وت «کەواتە با تەقەم لێبکەن. خۆ لانیکەم من بە شکۆوە دەمرم».

من گەڕانەوەی ئەو رۆژەی خۆمم بۆ نەخۆشخانەکە بۆ لای شەست نەخۆش، کە لەدەرەوەی نۆڕینگەکە چاوەڕوانی من بوون، زۆر بە باشی لەیادە، سەرباری ئەوەی بە سەدانی دیکەش چووبوونە ژوورەوە. دەمزانی ئەو داگیرکەرانە بەو چەکو باکگراوندە ئاینییەی هەیانبوو، تەنیا زمانی بوونو دەستبەسەرداگرتن

دەزانن، بەڵام بەهۆی تووڕەییمەوە من هەر پێداگریم دەکرد. ئیسلامەکەی من وەك کەسێکی بەڕێزی نێو کۆمەڵگە، تەماشای ئافرەتی دەکرد، کەسێك کە هاوشانی پیاوە، هەر بۆیە من نائومێدیم نیشاننەدەدا.

خوازیارم لەو شوێنەدا کە چیرۆکەکەم کۆتایی دێت، بەهێزی بیروبۆچوونم هێندە بێت، تا مێشکی ئەو گەنجە کلاشینکۆف بەدەستانە بگۆڕێت، کە بۆ رقو کوشتن پێگەیەنراون، بەڵام نەزانین دوژمنی مرۆڤایەتییە، هاوشێوەی ئەو شەڕانگێزانەیە، کە کچێکی جوانی نێو نەخۆشخانەکەم دەکوژن، گەرەکیشیانە هەڕەشە لەژیانمان بکەن، وەك ئەوەی زیاتر لەبیست ساڵە دەبینرێت.

کاتێك لەبری ملیۆنان ژنی سۆماڵی دەدوێم، کە هیچ نوزەیەکیان نییە، بەهەمانشێوە بەشدارم لەخەباتییان، لەم جیهانە ئاڵۆزەدا. هاوشێوەی ئەو ژنانەی دەورووبەرم، منیش پەژارەیەکی بێئەندازەم هەستپێدەکرد، چۆنە ئەگەر دایکێك، خوشکێك، یان منداڵێکی خۆت لەدەستبدەیت. بەڵێ ئەوە راستە، چەکدارەکان دەتوانن تەقەم لێبکەن، بەڵام دەزانم ئەگەر بەهۆی ئەو شتانەوە بمرم، کە باوەڕمپێیانە، بەلای منەوە گرفتێك نییە. مردن وەك دەزانین کۆتایی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو بەردەوامی دەدات بە خستنەڕووی زۆرینەی ئەو سەمەرە لەڕادەبەدەرانە.

لە سۆماڵدا مردن بەشێکە لە ژیان، جا ئەگەر لەڕێی توندوتیژی، نەخۆشی، یاخود لەڕێی منداڵبوونەوە بێت. ئەو مەترسییە دەزانین کە رووبەڕومان دەبێتەوە، هەر بۆیە ئێمەی ژنان، پلان بۆ ئایندەمان دادەنێین. لەهەندێك رووەوە لەوانەیە لەسۆنگەی حەقیقەتی مردنەوە کاربکەین، دەزانین کە وەك هەرکام لەئاژەڵەکانی دیکە لەسەر ئەم زەوی خوایەدا ئێمەش هەردەبێت بمرین، بەڵام تاڕادەیەك ئەوەی ئێمە لەدوای خۆمان جێیدەهێڵین، بەردەوام دەبێت.

هەر بۆیە دەبێت من بە شتێك دەستپێبکەم، کە دەمهێڵێتەوە، تاقە وەڵامی پرسیاری مانەوەمان، بەدەم ئومێدەوە. ئومێد ئەو شتەیە کە دەمێنێتەوە، کاتێك چاوەڕوانی ئاشتی دەبین، تەنانەت ئەو کاتەی خوێنمان لێدەچۆڕێت و لەبرسان دەمرین. بەهەمانشێوە ئومێد ئەزمونی ئێمەیە، کە هەربەو هۆیەوەیە، ئەو خەڵکەی لەم سەر زەمینەی ئێمەدا دەژین، هەمان ئەو نوێژو

ئارامگرییانە دەکەن، کە بۆماوەی چەندین نەوەیە پەیڕەوییاندەکەین. دەبێت هەر لەئێستاوە لەپێناوی ئومێد دا بژین، لەوەدەمەوە کە ئێمە نوێژ دەکەین، ئەو ژەهرەی کۆمەڵگەمانی تەنیوە، دەبێت لاببرێت، بۆئەوەی یاسا هەموو مرۆڤەکان بپارێزێت، نەك تەنیا چەکدارەکان.

هاوشێوەی نەوەکانی پێشوو، رێبەرانی کەمپەکەم بە پیاو و ژنەوە، پێکەوە هاتنە لای سێبەری درەختەکان، رێك وەك ئەوەی ئەوان لەسەردەمانی زوودا ئەنجامیانداوە. لەنزیك نەخۆشخانەکەم، دارستانێکی درەختی مانگۆ هەبوو، کە من بە «کامپ دەیڤد»ی خۆم ناوم دەبرد. ئەوەش پاشەکشەیەکی خۆمان بوو، وەك ئەو پاشەکشەیە نەبوو، کە سەرۆکی ئەمەریکا بە هەمان شت ناوی دەبرد، لەو جێگەدا ئێمە گفتوگۆمان لەبارەی ئە بارودۆخەوە دەکرد، کە رووبەڕووی کەمپەکە دەبووەوە، یانیش لەسەر ئەو رووداوانەی لەنێویدا دەگوزەرا دەکەوتینە مشتومڕەوە. هەندێك جار لە کۆتایی ئەو رۆژە دژوارەدا، گروپێك خەڵکی دەربەدەر لێرە کۆدەبوونەوە، تا لەسەر فەرشەکان پاڵبکەون، ئەوەش بە مەبەستی چا خواردنەوە، گۆرانی وتن، یاخود گوێگرتن لەئاوازی خشەی گەڵاکان.

ئەو دارانە کە من بۆخۆم چاندبوومن، شایەتحاڵی وشکەساڵیو قاتوقڕی، نەخۆشیو بۆردومانی خەستوخۆڵا بوون، وائەمڕۆ ئەوان راوەستاون، چونکە رەگە ئەستورەکانیان بە هەموو ئاڕاستەیەکدا پەرشوبڵاو بوونەتەوە، گەیشتونەتە ئاو و بە جۆرێك لەجۆرەکان ئارامیان گرتووە. لقەکانیشیان بە هەمان رێگە درێژ بوونەتەوە، کاتێك چیرۆك دەگێڕینەوە، وەك ئەوەی ئێستا من بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، لە تیشکی خۆری دەمەونیوەڕوان دەمانپارێزێت. دەزانین ئەوە تەنیا کاری ئومێدە، کاتێك بەشداری سەرگوزەشتەی جیهان دەبین، بانگهێشتی متمانە دەکەین، تا بمانپارێزێت.

# بەشی یەکەم
# نامۆیەك لە نیشتیمانەکەمدا

کاری من لە مەقادیشۆ لەساڵی 1971 دەستپێکرد، لەنیشتیمانی سەرەکیو لەزێدی خۆمدا. من تەمەنم بیستو چوار ساڵ بوو، تازە لەقوتابخانەی پزیشکی لە ئۆکراین گەڕابوومەوە، کە بە زەمالەی یەکێتی سۆڤیەت لەوێ دەمخوێند. کاتێك بڕوانامەی دبلۆمم خستە بەردەستی وەزیری تەندروستی سۆماڵ، هەر زوو لە نەخۆشخانەی دیگفەری ئەوروپی شوێنێکم بەدەستهێنا. لەو دەمەدا سۆماڵ تەنیا شەست و پێنج دکتۆرێکی هەبوو، نەخۆشخانە شەش سەد قەرەوێڵەییەکەی دیگفێر، تەنیا بە سیو پێنج دکتۆرەوە بەڕێوە دەبرا، سیانزەیان سۆماڵی بوونو تەنیا یەك دانەش لەوان ژن بوو. زۆرینەی هاوڕێکانم پیاوانی ئیتالی بوون، لەبەرئەوەی کە تازە سەربەخۆییمان بەدەستهێنابوو، تازە لەژێر سایەی داگیرکاری پێشوودا سەرماندەردەهێنا.

لە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونمدا، بەرگی نوێم پۆشی، کە بریتی بوو لە پانتۆڵی سپی و بلوزی شین، کە لەگەڵ چاکەتە سپییەکەمدا دەگونجا، راستەوخۆ چووم بۆ ئۆفیسی بەڕێوەبەری پزیشکی دیگفێر، بەرێز (محەمەد عەلی نور). یەکەم پزیشکی منداڵان بوو لە سۆماڵ و لە ئیتالیا خوێندبووی، بەڵام چوار بۆ پێنج ساڵ بەر لە من گەڕابووەوە. هەرچەندە رێزم هەیە بۆ ئەو هەوڵەی ئەو، بەهێنانی باشترین سیستەمی چاودێری تەندروستی بۆ ئەو ناوچەیە، بەڵام کاتێك دانیشتین تا گفتوگۆ لەبارەی رۆڵی منەوە بکەین لە نەخۆشخانەکە، دەستبەجێ پێکدا هەڵپژاین.

وتی «دەبێت بە خولێکی منداڵان دەستپێبکەیت».

منیش پێموت «من بەشی نەشتەرگەریم دەوێت، بۆ ماوەی دوو ساڵ خوم بینیوە، بۆخۆشم پێشتر دکتۆر بووم». لەو ساتەوە کە یەکەمجار بەشداربووم لەکاروبارەکانی خۆمدا، کاتێك لە ئۆدێسە خوێندکاری پزیشکی بووم ، خەونم بەوەوە دەبینی، ببمە پزیشکی نـوژدار. زۆرجار بیرم لەو ئارامگرییە وردە دەکردەوە، کە لەیەکێك لەمامۆستاکانی خۆمدا دەمبینییەوە، کاتێك خوێندکاری قۆناغی شەشەم بووم، لەنەشتەرگەرییەکدا یارمەتی ئەوم دا، تا چارەسەری گیرانی ریخۆڵەی ژنێك بکەین. من بەترسەوە لەگەڵ یەکێك لەهاوپۆلەکانم

وەستابووم، شمەکەکانی مامۆستاکەمم هەڵگرتبوو، تەماشای ئەو برینەم دەکرد، کە لەژێر روناکییەکی زۆر گەشدا، بە دەزوویەکی تایبەت دەیدورییەوە. لەهەموو ئەو جوڵانەی کە دەمتوانی پێشبینییان بکەم، لانیکەم دووانیان سەرسامیان کردم. دواتر بڕیارمدا لەپێناو پاراستنی ژیانی لەمجۆرە، خێرایی و متمانە بەخۆبوون گرنگترین ئەو شتانەن، کە هەموو کەس دەتوانێت بیانکات.

بە محەمەد عەلی نورم وت، کە من ئارەزوی نەشتەرگەریی درێژخایەنو ئاڵۆز دەکەم، دەخوازم راوێژ بە نەخۆشەکە بکەم، نیشانەکان دەستنیشان بکەینو رێگەچارە دیاریبکەین، بتوانم متمانەی ئەو بە دەستبێنم. پێموت «منداڵان ناتوانن لەگەڵت قسە بکەن، ناتوانن وەڵامی ئەوە بدەنەوە لەکوێیاندا هەست بە ئازار دەکەن، تەنیا دەگرین».

ئەویش وتی «دەبێت تۆ لەگەڵ دایکیان قسە بکەیت».

پێموت: زۆرجار دایك بۆخۆی کێشەکەیە. زۆریان نازانن کەی نیشانەی نەخۆشییەکە لە منداڵەکەیاندا سەریهەڵداوە، یاخود نازانن چ جۆرە خۆراکێکیان پێداوە، کەواتە لەحاڵەتی لەو جۆرەدا زەحمەتە بزانیت منداڵەکە ژەهراویی بووە، یاخود بەهۆی شتی دیکەوە زیانی بەرکەوتووە. وتیشم «باشترە لەگەڵ ئەوکەسانەدا کاربکەم، کە دەتوانن پرسیاریان لێ بکەم و منیش وەڵامم دەستبکەوێت».

ئەویش بە ئارامییەکەوە وتی «بە درێژایی ماوەی کارکردنت، چەندین منداڵ دەبینیت لەدژوارترین باری نەخۆشیدا، ئەوەش مەبەستەکەیە»

وتم «چەندین دکتۆری دیکە هەن، دەیانەوێت ببنە پزیشکی منداڵان، دەزانم بۆ خۆشت هەر پزیشکی منداڵانیت، بەڵام هێزی منی نییە».

محەمەد عەلی نور پیاوێکی بەخشندە بوو، بەڵام لەهەمانکاتیشدا زۆر توند بوو. وتی «پرۆتۆکۆل هەر پرۆتۆکۆلە، وەك پزیشکێیش تۆ هەر دەبێت پەیڕەوی بکەیت» دەستی لەسەر مێزەکە داناو تەماشایەکی کردم. «لەم وڵاتەدا هەموو پزیشکێك دەبێت بزانێت چۆن چارەسەری منداڵا دەکات، ئەگەر نەتەوێت وابێت، دەتوانیت بڕۆیتو بەجێیبهێڵیت». وەستاو بە شێوەیەکی ئارام زۆری

لێکردم، تا شوێنی کەوم بەرەو خوارەوەی هۆڵەکە بۆ نێو قاوشی منداڵان. کاتێك منی بە هاوەڵە نوێیەکان ناساند، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن بۆی بسەلمێنم، کە نوژدارێکی بەهرەمەندم. دەمەوئێوارە ئامینە؛ خوشکە بچوکەکەم بینی لای دەروازەی دیگفەیردا. کاتێك پێکەوە رۆشتین بەرەو سەنتەری شارۆچکەکە، هەستم بە تینی گەرمی خۆرەکە کرد لەسەر پێستم، وەڕسبوونەکەم رەوییەوە. هەناسەیەکم بە قوڵیو بەوپەڕی ئاسودەییەوە هەڵکێشا، قوڵەکانم راوەشاندو بە قوڵییەوە هەناسەم دایەوە.

ئامینە کە بینی دەحەوێمەوە پێکەنی، پێیوتم «ئابایۆ» زاراوەیەکی سۆماڵی بەکارهێنا بۆ دەربڕینی گوزارشتی خۆشەویستی بۆ خوشکەکەی. «تا هەنوکەش هەر چاوەڕێی ژیانت دەستپێبکات».

منیش وتم «راست دەکەیت» بەو بیرۆکە نوێیە پێکەنیم، کە لەتەمەنی بیستو چوارساڵیدا سەرلەنوێ لەدایك ببمەوە، هەر لەڕاستیشدا وابوو. پاش حەوت ساڵی رەبەق لە یەکێتی سۆڤیەت، بە شێوەیەك لەساتە پرشنگدارەکانی خۆیدا گەڕابوومەوە بۆ نیشتیمان، کە کاتژمێر پێنج بوو بە کاتی مەقادیشۆ، ئەوەش باشترین ساتەکانی رۆژ بوو، لەو دەمانەدا خۆر نزمتر بوو، نەسیمێکی سوێر لە ئۆقانوسی هندییەوە هەڵیدەکرد و بەهۆیەوە لەسەر پێستت هەستت بە ساردییەك دەکرد.

ئەو پاشنیوەڕۆیە منو ئامینە بۆ خواردنەوەی کاپوچینە، چەند هاوڕێیەکمان لەشوێنێك بینی، کە پێیاندەوت نازیۆنال کافێ کە لەڕۆژانی پێنج شەمە و هەینیدا، واتە لەو رۆژانەی کە پشوو بوون، خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکرد. زۆرجار دەچووین بۆ ئەوێ، ئەگەر بهاتایە و ریستۆرانتە ئیتالییەکە پڕبووایە لەخەڵکی، دەمانتوانی بچین بۆ ئوتێلی ساڤۆنیا، کە لەسەر شێوازی خۆرئاوایی بوو، ریستەوانتێکیش لەجەرگەی شارەکەدا بوو لەنزیك کەناری دەریا، کە تایبەت بوو بە ئایس کرێم. کاتێك ئەو ئێوارەیە گەڕاینەوە ماڵ، هەندێك کوڕوکاڵ لەسەر شەقامەکە رێیانلێگرتین، بە نازوعیشوەو لاقرتێوە هاتنەپێش «ئای حەوا دەتەوێت سوار بیت؟ من سەرت دەخەم» وەك ئەو خۆرەی لەنێو

روومدا بوو، وەك ئەو مۆزە سۆماڵییە شیرینانەو وەك ئەو هێشووە ترێیانەی عەیامێك بوو بیرمدەکردن، چێژم لەو ئاگادارکردنەوانە وەردەگرت. لێرە هەموو کەسم وەك خوشكو برای خۆم سەیر کردووە.

لەو رۆژانەدا هەموو ئەوانەی لەتەمەنی ئێمەدا بوون، هەستیان بە ئازادیو گەشبینی دەکرد، پەرۆشی ئەوە بوون، ببنە بەشێك لەوڵاتێك، کە هاوشێوەی خۆمان بەخێرایی گەشەی دەکردو بەهێز دەبوو. هەر سێ خوشکە بچوکەکەم هێشتا لەقوتابخانە بوون، لەو دەمەدا پەروەردە لەهەموو ئاستەکاندا بە خۆڕایی بوو، محەمەد زیاد بەڕی سەرۆك قوتابخانەیەکی پزیشکی، قوتابخانەیەکی یاسایی و چەندین کۆلێجی دیکەی لە مەقادیشیۆ و دەوروبەری دامەزراند، هەر بۆیە خوێندکار لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەوە دەهاتن بۆ خوێندن، لەجیاتی ئەوەی بچنە دەرەوە، وەك ئەوەی من ئەنجاممداوە. هەنوکە لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا، ئامینە سکی پڕ بوو: خێزانەکەمان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی نەوەیەکی نوێ بوو. ئامینە دوو ژووری لەئاپارتمانێکی ئەو ناوچەیە بۆ دەستەبەر کردم، کە پێیاندەوت هۆدان، لەنزیك نەخۆشخانەکەو ئەو کۆشکەی کە خۆیی‌و شەریفی هاوسەری پێکەوە لەگەڵ خوشکەکانی دیکەمان ئاشاو خەدیجە تیایدا دەژیان. هێشتاش هەروەك سەردەمی منداڵی زۆرینەی شەوانمان پێکەوە بەسەر دەبرد. ئەو سەردەمانەمان بەجێهێشتبوو، کە پێکەوە لە هەمان قاپدا برنجمان دەخواردو هەموو پێکەوە دەنوستین، دایکیشمان جەستەی گەرموگوڕی بەرەو ئێمە درێژ دەکردو کاتێکیش بەرەو لای یەکتری دەجوڵاین بێدەنگی دەکردین، بەڵام هەندێك لەشتەکان نەگۆڕا بوون، ئامینەو ئاشا هێشتاش هەروا بە ئاسانی خەویان لێدەکەوت، لەکاتێکدا من بە بێدارییەوە راکشام، بە درێژایی ئەو شەوە بیرم لەداهاتووم دەکردەوە. بۆ ئارامکردنەوەی خۆم هەوڵمدەدا ئەوە بیربێنمەوە، کە دایکم جارێکیان کاتێك بەرەو کەناری دەریا دەڕۆشتین، پێیوتم «کاتێك ویستت بڕیار بدەیت، بە ئارامییەوە دانیشە گوێ لەدەنگی نێو ناخت بگرە و تا ئەو دەنگەت دێتە بەرگوێ، تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت چارەیەك بۆ کێشەکانت بدۆزیتەوە». تەنیا لەڕێی ئارامی، دانانی پلان‌و نوێژکردنەوە دەمتوانی بنوم.

لەو ناوچەیەدا کە پێیدەوترا لافۆلا، تێیدا ڕێگە ملینەکان دەگەیشتن بەو سەرزەمینە قاوەییەی روباری شابێلی، داپیرم دایکمی پێگەیاند بوو. ئەوانیش هەردووکیان پێکەوە منیان گەورە کرد. لافۆلی سۆماڵێك بوو بۆ «شوێنی ئێسکەکان» ئەویش بەهۆی قوربانی ئەو جەنگانەی، کە خەڵکەکانمان لەجەنگی دژی ئیتالییە داگیرکەرەکان بەخشییان، کە سەدەیەك لەوەوبەر هاتبوون. تەنانەت لە سییەکانیشدا، ئەودەمەی دایکم هێشتا لاوبوو، داگیرکەرە ئیتالییەکان، کە ناوچەکەیان داگیرکردبوو، کرێکارە سۆماڵییەکانیان لەناوچەیەکی نزیك رووبارەکە کردبووە کۆیلە. ئەوانەی کە پشتیان بەهۆی بڕینەوەی دارەکانو کێڵانی کێڵگەکانەوە نەشکابوو، کەوتنە بەر شاڵاوی مەلاریای کوشندە.

دایکم ناوی داهابۆ بوو، واتا «زێڕین»، واتای کانزایەکی زۆر بەقیمەتی دەگەیاند. ئەو تاقانە بوو، لەبەرئەوەی داپیرەشم بێوەژن بوو، دایکم بۆ ئەو هەموو شت بوو. لە سۆماڵ هیچ جۆرە دڵنیاییەك نەبوو، منداڵ وەبەرهێنانی خێزانو سودی خانەنشینیش بوو بۆ ئەوان. کاتێك دایکم لاو بوو، داپیرەم گوێبیستی ئەوەبوو ئامۆزایەکی خۆی، کە بازرگانێکی ناوخۆیی بوو، دەیەوێت بیبات تا لە هەڵکەندنی کێڵگە ئیتاڵییەکاندا یارمەتیبدات، هەر بۆیە دایکمی بردو هەر بەو شەوە لەکوخەکە هێنایەدەرەوە. ئەوان بە مانگەشەو ڕێگەکەی خۆیانیان دۆزیبووەوە، بەنێو تەمەکەدا رۆشتبوون، بە درێژایی پێچاوپێچی روبارەکە، بە درێژایی 100 کیلۆمەتر رۆشتبوون، کە لەوێدا گەیشتبوونە گوندێك لەنزیك شاری کەناری مێرکا.

لەوێدا ئەوان مانەوە و دوو وەرزی باراناویی و ماوەیەکی پڕ لەوشکیو دژوارییان لەو نێوانەدا بردەسەر، لەپێناو مانەوەدا، دایکم باوەشێك داری سوتاندنی کۆکردەوەو بردییە بازاڕ تا بیفرۆشێت، بۆئەوەی لەماوەی هەرکام لەگەشتەکانیدا پارەی وردە بەدەستبێنێت، تابتوانێت تورەکەیەك تۆوی کونجی (seasame) هـاڕدراو لەگەڵ پاکەتێکی بچوك لەشەکر بباتەوە بۆ ماڵەوە، کە خواردنی دایکم و داپیرمی دابین دەکرد، تا ئەوەی جارێکی دیکە داری دیکەیان کۆدەکردەوە. کاتێك دووەمین وەرزی وشکی دەهات، ئەوان هەندێك

لەشمەکەکانیان دەپێچایەوەو دەچوون بۆ مەقادیشۆ بۆ دەستکرن بە ژیانێکی نوێ لەناوچەی عەبدولعەزیز. باوکم لەوێ دەژیا لەنێو کۆمەڵە ماسیگرێکدا، کە بە جاجی ناودەبران. ئەو پیاوێکی باڵابەرز، بەخشندەو قسەلەڕوو بوو، ملێکی باریكو زەردەخەنەیەکی قەشەنگی هەبوو. هەروەك ئەوەی لای خۆمان باوە، یەکەم ناوی ئەو ئێستا بۆتە دووەمین ناوی من.

جاجی خەڵکانێکی بەهەڵمەت، بەڕێز بوون و لەبنەچەوە لەچەندین هۆزی جیاجیاوە هاتبوون، هەندێکیان لە هاوی، هۆزەکەی باوکم، هەندێك لە دیر هۆزەکەی دایکم، لەچەندین هۆزی دیکەشەوە هاتبوون. دەنگۆی ئەوە هەبوو، چوار هۆزی سەرەکی لە سۆماڵ هەن، دوانیان ئەوانە بوون کە من ناویانم هێنان، لەگەڵ هۆزی دارودو ئیزاك، بەڵام ئیتالییەکان ئەم گروپە ماسیگرەیان رسواکرد، لەبەرئەوەی ئەوان پیشەی ئاسنگەریی، پیڵاو دووری و رستن‌وچنینیان هێنا، پێیانوابوو ئەوجۆرە پیشەیە هی چینە نزمەکانە. جارێکیان پێیانوتم داگیرکەرەکان بانگی سەرۆك هۆزەکانیان کردووەو پێیانوتوون: «خەڵکی ئێوە باڵاترین کەسی ئەم کۆمەڵگەیەن. ئێمە یارمەتیتان دەدەین، بەو مەرجەی دەبێت ئێوەش دووربکەونەوە لەو چوار گروپە، کە نزمترین کەسانن». بەهۆی ژیان لەنێو ئەو کەسانەدا، کە مامەڵەیەکی خراپیان هەبوو لەگەڵ دروێنە، فرۆشتن‌و خواردنی میوەی دەریا، باوکم لەسودی ژیانی سادەوساکارو زیانەکانی دابەشبوونی کۆمەڵگە تێگەیشت.

دایكوبابم هاوسەرگیرییەکی پڕ لەخۆشەویستییان هەبوو. تا ئەو رادەیەی تەنانەت باوکم گۆرانی بۆ دایکم دەوت‌و هۆنراوەی گۆرانییەکانیش خۆی دەینوسی، بە وێنەی ئەو شێوە رۆمانسییانەی لەناوچەکەماندا هەبوو، لەسەردەمانی ئێمەدا ”sidi dayax iyo daruur u ekeey/ dahabooy ma kudaadaheeyaa“ (ئای تۆ چەند شیرینی بە وێنەی مانگ‌و هەورەکان/ ئای داهابۆ ئایا دەبێت دەستت بگرم/ پێکەوە پیاسە بکەین؟) من بە تەمەنترین منداڵی ئەوان بووم، لەساڵی 1947 لەدایکبووم و لەخانویەکی دوو ژوورییدا گەورە بووم، پەرژینێكو دەرگایەك لەجیهانی دەرەوەی دەپاراستین. من هەموو

بەیانییەك بەدەم تیشكێكی سپی پرشنگدارو هەوایەكی خوێواوییەوە خەبەرم دەبـووەوە، لەپاشنیوەڕوانیشدا دراوسێكانمان دەهاتن تا لەدەوری ئاگرەكە دانیشن، چایان دەخواردەوە، تا ئەو دەمەی خۆرئاوا دەبوو.

هەر كاتێك دایكم سكی پڕبووایە، هەموو كەس خوازیاربوون كوڕی ببوایە. لە سۆماڵ ژنان بە لەدایكبوونی كوڕێك، ئاهێكی خۆش بە بەریاندا دێت. كوڕ پاشایە و بەرامبەر دوو كچە، ئەو سەرمایەی خێزانەكە زیاددەكاتو تاقە دەسەڵات لای ئەوە بۆ پاراستن، یاخود روخاندن. كاتێك تەمەنم پێنج ساڵان بوو، بەهۆی خوشكەكەمەوە نائومێد بووم ، ئەو كچەی كە ناومان نا ئامینە. دەزانیت هەندێكجار منداڵەكان شتێك دەڵێن و خوداش قبوڵی دەكات. ئامینەی من بە بەهێزیو تەندروستییەوە هاتە دنیاوە. من هەر لەسەرەتاوە ئەوم خۆشویست.

لەو سەردەمانەدا لەدەوروبەرماندا ئاو نەبوو لەبەری بڕوات، بەهۆی بیرەكەمانەوە كەمۆڵەكەمان پڕدەكرد، هەموو ئۆقیانوسی هندیش بۆ ئێمە بووبووە گەرماو و جلشۆرمان. لەگەڵ دایكماندا دەڕۆشتین بۆ خوار ئەو گەڕەكەی، دەكەوتە پشت خانوەكەمانەوە، لەگەڵ گزنگی بەیاندا، دەگەڕاین بەدوای پاشماوەی ئاژەڵاو پەلەوەرەكاندا، تا دەگەشتینە كەنار دەریا. لەگەشتەكەماندا دایكم گۆرانی دەوت، یان چیرۆكی لەبارەی ئۆقیانوسەكەوە دەگێڕایەوە. منیش زۆر راشكاوانە پرسیارم لەبارەی رابـردوو، یاخود خێزانەكەمانەوە لێدەكرد، ئەویش بە هەمان ئەو راشكاوییەوە وەڵامیدەدامەوە. كاتێك پێیەكانمان كەوتە سەر هەمان ئاواز پێیوتم «نامەوێت لەوبارەیەوە قسەبكەم». كاتێكیش فشارم بۆ دەهێنا، تەنیا هێندەی دەوت، كە هەموو ژنێك دەبێت نهێنی خۆیی هەبێت و لای خۆی بیانپارێزێت.

داپیرم كە پێمدەوت ئەییێو، رێك پاش هاوسەرگیری دایك و باوكم، مەقادیشۆی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ لای مانگا و بزنەكانی لەناوچەی گوندنشینی لافۆوڵ. كاتێك گەورە بووم، خێزانەكەم كاتێكی زیاتریان لەگەڵ ئەییێودا بەسەر دەبرد، لەناوچەیەكدا بوو كە شیرو گۆشتی تازەی هەبوو، هاوشان لەگەڵ ئاووهەوای سازگار، ئێمەش بە ئازادی و بە پێی پەتی لەنێو

گژوگیاکاندا دەسوڕاینەوە. ئەیێیۆ فێری ئـەوەی کـردم، لەکاتژمێر چواری سەرلەبەیانی نانی بەیانی بخۆم، بەرلەوەی سەرما بڕوات‌و زەوی جێبێڵێت‌و دوو کاتژمێرێك بەر لەهەڵاتنی خۆر. دەنکە شقارتەیەکم نا بەو تەختەدارانەی کە ئامۆزاکەم پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێشتر هێنابوونی. کاتێك ئاگرەکە کرایەوە، منیش جامێك ئاوم خستە سەر دارەکە تا بکوڵێت، ئینجا شەکرم تێدەکرد، کە پێکهێنەرێکی زۆر سەرەکی بوو، لەگەڵ تێکەڵەیەك لە چا، مێخەك، دارچین، هێل‌و نەعنا. لەدەفرێکی دیکەدا ئاردی هەرزن، ئاو و زەیتم تێکەڵاو دەکرد و دەبووە هاڕاوەیەکی ورد، لە مەنجەڵێکی تەختدا  لێمدەنا، تا دەبووە کێکێکی پان، کە پێیدەوترێت ئینجێرا، بۆئەوەی لەگەڵ چاکە پێشکەشبکرێت.

ئەیێیۆ بۆخۆی فەیلەسوفێك بوو، ئەو بەیانیانەی کە لەگەڵی دادەنیشتم‌و پێکەوە ئینجێرامان دەخوارد، یارمەتیدەدام تا لەشێوازی ڕێکخستنی شتەکان تێبگەم.  ئەیێیۆ دەیوت نەفرەت خراپترین ئەگەرێکە، ئەو دەردە تا پەنجا نەوە لەکۆڵی مرۆڤ نابێتەوە، هەروەك ئاگر تێکشکێنەرە. ئەوە وێنەیەکە منداڵێکیش دەتوانێت تێیبگات: پاش دامرکاندنەوەی ئاگر، دەڕۆیتە ئەو شوێنانەی، کە دارودرەخت‌و زەنجی لێبوو، کەچی بەئەستەم دەتوانێت بێجگە لەسوتماکێك شتێکی دیکە بەدیبکەیت. پاش ئاگرەکە تەنیا دەتوانم ئێسکی ئاژەڵان‌و مۆڵگەی بچوکی چڵوچێوی سوتاو بەدیبکەم، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، جیهان ناتوانێت بەردەوامی بە ژیان بدات، لەگەڵ هەڵایسانی نەفرەتدا.

ئەیێیۆ وتی بەرەکەت ئەو هـەورە باراناوییەیە، کە بەسەر ئاسمانی گوندێکی وشکدا گوزەر دەکات، پاش وەرزێك لەخورێکی دژوار. هەر لەگەڵ یەکەمین داکردنیدا زەوی بەئاگادێتەوە، خاك تاریك دەبێت‌و بە درێژایی قەراغی ڕێگەکان، چەکەرەی بچوك بچوك سەردەردێنن. هەر لەوێوە سەوزایی هەمووڵایەك دادەپۆشێت، لەگەڵ سەردەرهێنانی گژوگیاشدا گەنمەشامی‌و کونجی سەردەردێنن، هەتا دەگات بە دار لیمۆو مانگۆ، کە درەختەکانیان گوڵی کردووە. لەوێوە ژیان بەردەوام دەبێت، هەر بە تەنیا شتە باشەکان دێنەکایەوە.

من له  ئەیێیۆم پرسی دەربارەی راستییەکانی دیکەی ژیان، وامزانی له ئەوین تێگەشتوم، بەڵام هاوسەرگیریی ئاڵۆزە. تەنیا ئەوە دەزانم کاتێك دایکم زۆر گەنج بووە، ئەو کاتەی تەمەنی چواردە ساڵان بووە، شوی بە پیاوێکی جیاواز کرد، کە یەکەمین ئامۆزای خۆی بوو. هەندێك ئێوارە  ئەیێیۆ بۆ بێدەنگی دایکم دەدوا. ئەو وتی بەڵێنی هێنانی دایکمی دابوو، لەبەرئەوەی بۆچوونی کۆمەڵگە وابوو، ئەو ژنەی هاوسەرگیریی رەتدەکاتەوە، هەروەك گۆڕێك وایە. پیاوان کە فەرمانەکان دادەڕێژن، دەتوانن تا چوار ژنو زیاتریش بێنن، مادام دەتوانن دەستەبەری ژیانی ئەوانو منداڵەکانیشیان بکەن.  ئەیێیۆ وتی هەر لەدەسپێکی مێژوومانەوە، ژنان هەمیشە گوێرایەڵ بوون، بێ ئەوەی هیچ پرسیارێك بکەن.

کەس نەیدەتوانی ئەوە بۆ من روونبکاتەوە، چۆن دایکم توانی بەسەر ئەو ترسو ئازارەیدا سەربکەوێت، هەر لەیەکەم هاوسەرگیرییەوە. مێردەکەی لێیداوە، یەکێك لە ددانەکانی شکاندبوو، ئەو زۆر گەنج بووە کاتێك یەکەم کچی بووە بە ناوی فادوما عەلی، ئینجا ئەو منداڵەی جێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆلای ئەیێیۆ، بۆ ئەو جێیەی کە پێیوابوو تیایدا پارێزراوە. هەرچەندە ئەو پیاوەی دایکمی هێناوە، دواجار رازیبوو دەستبەرداری ببێتو لێی جیاببێتەوە، ئەوەش شتێك بوو لەو سەردەمەدا لای پیاوانی سۆماڵی زۆر دەگمەن بوو، سوریش بوو لەسەر ئەوەی، کە دەبێت فادیمە عەلی هەردەبێت لای خانەوادەکەی خۆی بهێڵێتەوە لەناوچە گوندنشینەکەیان. دواجار  ئەیێیۆ دایکی پیاوەکەی رازیکرد کە دەکرێت ئەوان پێکەوە منداڵەکە بەخێوبکەن، هەربۆیە کاتێك گەورە بووم، بە فادیمە عەلیم دەوت، خوشکە ئەبایۆ، هەر وەك چۆن ئامینەش بەو شێوەیە منی بانگ دەکرد.

بۆچی فادومە عەلی لەگەڵ ئێمە نەژیا؟ ئەیێیۆ وتی «ئەگەر دایکت پێیوتیت پرسیار مەکە کەواتە پرسیار مەکە». منداڵی سۆماڵی مافی ئەوەی نییە پرسیار لەدایكو باوکی بکات، تەنیا دەبێت گوێرایەڵیان بێت.  ئەیێیۆ وتی «ئەگەر چاودێری دایكو باوکت بکەیت ئەوە جیهانت بە دەستهێناوە».

هەروەها ئەو فێری ئەوە کراوە، کە نائاسودەیی بەشێکە لەژیان، شتێکە دەبێت قبوڵی بکەین‌و پرسیاری لەبارەوە نەکەین. ئەو نمونەیەکی هێنایەوە «کاتێك دایکت منداڵا بوو، هەرگیز نەگریاوە». کاتێك گـەورە بووم بۆم دەرکەوت، کە یادەوەرەییەکان دەکرێت کورت بن، بەتایبەت یادەورەیی ساتە دژوارەکان. پێویستی نوێ‌و دوژمنی نوێ سەریانهەڵدا، کە پێویستی بەوە بوو، هەموو ژیری‌و سەرنجی خۆمانی بۆ بخەینە کار.

پزیشکەکانی نەخۆشخانەی دیگفێر، دەبوو هەموو بەیانیانێك لەکاتژمێر حەوت ئامادەی کۆبوونەوەی پزیشکەکان بن، بەرلەوەی گفتوگۆ لەبارەی رووداوەکانی شەوی پێشترەوە بکەین، دەستمان ەکرد بە گۆرانی چڕین لەبارەی سۆشیالیزمی زانستییەوە، ئاماژمان بەوە کرد، کە ئەو رێگەیە سەرفرازی‌و بەرەوپێشچوونمان بۆ بەدیدێنێت، هەمووان بە گەنجو ژن‌و پیرەوە، ئامادەین پشتیوانی ئەوە بکەین، کە سەرۆك سیاد بەڕی باوکی گەلی سۆماڵە. تەنیا پاش گۆرانییەکە، ئەو پزیشکەی لەکاردابوو دەیتوانی پێمانبڵێت شەوی پێشتر چی روویـداوەو پێویستە چیش بکرێت سەبارەت بە ئەزمونی زیاتر، بەشەکانی قەیسەری‌و نەشتەرگەرییەکانی دیکە.

ئەگەر هەرکام لەئێمە لەکاتژمێر حـەوت نەهاتبایە، یاخود ئەگەر نەیویستایە گۆرانی بڵێت، ئەوا ناوی لەخوارەوە لەیەکێك لەئەندامەکانی کۆمسۆمۆڵا تۆماردەکرا؛ ئەو رێکخراوە گەنجانەی، کە دواتر وەك فەرمانگەیەکی لێهات. نوێنەرەکانی ئەو رێکخراوە لەوکەسەیان دەپرسی «بۆچی؟ ئەرێ تۆ وڵاتی خۆتت خۆشناوێت؟ سۆسیالیزمی زانستیت خۆشناوێت؟ چیتدەوێت لەبری ئەوە؟» دەنگۆی ئەوەمان بیستبوو، ئەگەر هاتوو کەسێك زیاد لەدووجار لەبەردەمی کۆمیتەکەدا ئەوەی پێوترا، ئەوا خۆیی‌و خێزانی بە ناحەز دادەنرێن، دەستگیردەکرێن، دەخرێنە زیندان‌و شتی خراپتریش. من لەو فشارە نیگەران بووم، کە هەردەبێت شتی باش لەبارەی حکومەتەوە بوترێت، من وەك ئەوەی دیاریکرابوو گۆرانییەکەم وت ، بەڵام نەدەچووم بۆ هیچ کۆبوونەوەیەك، یاخود لەهیچ بابەتێکی سیاسیدا، بە هیچ جۆرێك بەشداریم نەدەکرد.

پەیوندی وڵاتەکەمان بە سۆسیالیزمی زانستییەوە، بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینی، هاوشان لەگەڵ بوونی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، جۆرە پەیوەندییەکی وەها کە هەردوو وڵات لە ماوەی ساڵانی رابردوودا پەرەیان پێدابوو. کاتێك سۆماڵ لەساڵی 1960 سەربەخۆیی بەدەستهێنا، بەردەوامبووین لەپەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئیتالیا، لەکاتێکدا وەبەرهێنانمان لە چەندین ناوچەی دیکەشەوە دەکرد. ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هۆی ئەو لافاوە مەزنانەی کە لەو ساڵانەدا خانو و کێڵگەکانیان وێران دەکردین چەندین کۆمەکی مرۆیی بۆ ناردین ، وڵاتانی عەرەبی وەك میسر، سوریاو عێراقیش یارمەتی بەرەوپێشچوونیان داین. یەکێتی سۆڤیەتو چینیش لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کات، پتر دەهاتنە پێش، سۆڤیەتییەکان راهێنانیان بە سەربازەکانمان دەکرد، زەوی کشتوکاڵیان بۆ دابیندەکردین، پاڵپشتی کۆمپانیای ئاسنیان دەکـرد، یارمتییاندەداین لەدەستەبەرکردنی شیرو گۆشتیشدا.

هەروەها یەکێتی سۆڤیەت لەڕووی پەروەردەشەوە دەستگیرۆیی دەکردین. لەساڵی 1963 کاتێك من خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووم، هاوڕێیەکم زانیاری لەبارەی قوتابخانەیەکی کەلتوری روسی ئازادەوە پێدام، کە لەچوار قۆناغ پێکهاتبوو. ئەو هاوڕێیەم وتی «ئەوان دەرفەتی خوێندنیان لەبەردەم خوێندکارانی سۆماڵ کردۆتەوە». چەند رۆژ دواتر من لەوێ ناوم تۆمار کردو کەوتمە هەوڵدان بۆ فێربوونی ئەلفوبێی روسی.

من هەمیشە خوێندکارێکی بە هەڵپە بووم، هەر لەسەرەتاییەوە ئەو کاتەی زۆرێك لەهاوپۆلەکانم بەو رێگە تەپوتۆزاوییەدا دەگەڕانەوە بۆ ماڵا، من هەر لەسەر کورسییەکەم دەمامەوە، پاشان هەڵدەستامو ئەو نەخشەیەی بە رووکاری پۆلەکەوە بوو تەواویم دەدا بەدەم پێوەو سەراپای جیهانم تێدا دەدۆزییەوە. درێژترین روباری ئەفەریقا نیلو لە ئەمەریکاش روباری میسیسیپیم بیردێتەوە. من لەبارەی مێژووی سەربەخۆیی وڵاتانی ئەفەریقیاو گرژییەکانی ئیتالیاوە شارەزاییم هەبوو. لەیەك ساڵدا سێ ئاستم بڕی، گەشتمەوە بەو گروپەی، کە

هاوتەمەنی خۆم بوون، هەرچەندە من دواتریش دەستم بە خوێندن کرد. کاتێك لەقۆناغی ناوەندیدا کێبەرکێمان دەکرد لەسەر ئەوەی، کێ لەمێژوو، بایۆلۆجیا یاخود بابەتەکانی دیکە زیاتر دەزانێت، هەمیشە من دەمبردەوە.

هەرچەندە حکومەتەکەمان لەماوەی جەنگی ساردا بێلایەنی هەڵبژارد، ئێمە وەك گەنجان راستەوخۆ لەسەر جادەو لەنێو قوتابخانەکان شایەتی دیتنی ململانێی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا بووین. زۆرینەی مامۆستا ئیتالییەکانمان دادوبێدادیان بوو لەدەست هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت. لەبیرمە یەکێك لەوان لەقوتابخانە پێیوتین «روخساری رووسەکان، ئەریستۆکراتییانە نییە». هێشتاش ئەوە بۆ ئێمە شتێکی سادە بوو، ئەگەر کردەوەکان دەنگیان بەرزتر بێت لەوشەکان، ئەوا لەو دەمەدا سۆڤیەتییەکان کەسانی کردەیی بوون. ئێمە بە مامۆستا روسەکەی خۆمان دەوت مایسترۆ، وەك چۆن بە مامۆستاکانی دیکەمان دەوت، بەڵام ئەو زۆر جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، تارادەیەکی زۆر بە یەکسانی سەیریدەکردین.

لەو رۆژانەدا خێزانەکەم هەوڵی زرۆیان دەدا، تا ئامانجەکانم بێننەدی، منیش خاوەن دڵێکی کراوەو فراوان بووم، وا چاوەڕوانم دەکرد کە هەموو کەس بیەوێت یارمەتیم بدات. شەوێکیان پاش نانخواردنی ئێوارە، کاتێك گوێم لەدەنگی ئەو رادیۆیە دەگرت، کە لەماڵی دراوسێکەمانەوە دەهات، بڕیارمدا نامەیەك بۆ مامۆستا روسەکەم بنوسم. من بە ناوی خۆی دیمیتری ستێپانچیکۆڤ دەستم پێکردو داوام لێکرد، تا کارێکم بۆ بدۆزێتەوە  بۆئەوەی یارمەتی خێزانەکەم بدەم، یاخود هەلێکی خوێندنم بۆ بڕەخسێنێت، تا بەردەوامی بدەم بە خوێندنەکەم.

لەو دەمەدا لە سۆماڵ خوێندنی باڵا بوونی نەبوو، هەر بۆیە دەمزانی رەخساندنی هەلی خوێندن، پێویستی بە گەشتی دوورودرێژە بۆ ئیتالیا، یاخود یەکێتی سۆڤیەت. ئەوەشم دەزانی کە لەو دەمەدا کۆمەڵگەی سۆماڵی تەنیا باوەڕی بە نێرینە هەبوو. کچان هەلی خوێندنیان بۆ نەدەڕەخسا، زۆرینەی خێزانەکانیش نەیاندەویست کچەکانیان بچنە دەرەوە، چونکە پێیانوابوو ئەوان لەوێ توشی فەساد دەبن، بەڵام دیمیتری ستیپانچیکۆڤ کەیسەکەمی

بەرەوپێشبردو خستییە بەردەم لیژنەی ژنانی سۆڤیەت لە مۆسکۆ، راسپاردەو بڕوانامەکانی خۆمی پێبوو، هەموو پێداویستییەکانیش واژۆی خۆمی لەسەر بوو. واژۆم کرد، بڕواشم نەکرد رێیتێبچێت، بەڵام لەماوەی کەمتر لەدوو مانگ پێیراگەیاندم، کە لەپڕۆگرامی راهێنانی پزیشکی لەیەکێتی سۆڤیەت قبوڵکراوم، ساڵێك کۆرسی راهێنانەو شەش ساڵیشی کۆلێجی پزیشکییە.

هەر کە هاندانی باوکم پێگەشت، تا بەدوایدا بڕۆم، هەواڵەکە دەستبەجێ بڵاوبووەوە. مامۆستاکەم کە خانمێکی بەتەمەنی ئیتالی بوو، داوای لێکردم، تا پاش وانەی ئەناتۆمی (توێکاری) بمێنمەوە. پێیوتم «حەوا یەکێتی سۆڤیەت تێکتدەشکێنێت، ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر توێژینەوە لەسەر زمانی ئیتالی، لێرە دەتوانیت ببیتە سکرتێرە لەباڵۆێزخانەی ئیتالیا».

منیش پێموت «من پلانم ئەوەیە ببمە دکتۆر».

ئەویش وتی «ئێمە پێمانوایە تۆ دەبیتە سکرتێرەیەکی زۆر باش».

پێموت «سکرتێرەو پزیشکی دوو شتی تەواو لەیەکجیان».

کاتێك باوکم تکتی فڕۆکەکەی لەنوسینگەی پۆستەخانەی مقادیشو بۆ هێنامەوە، منو خوشکەکەم تەماشامان دەکردو گرتمان بە دەستمانەوە. من حەڤدە ساڵان بووم، بەو تەنیا پارچە کاغەزە، دەبوو بچمە شوێنێکی تەواو جیاواز.

پاشان لە 24 ئابی 1964 هەموو ئەوانەی دەمناسین هاتنە فڕۆکەخانە، تا هیوای گەشتێکی پڕ کامەرانیم بۆ بخوازن: لە مەقادیشۆ بەرەو عەدەن، لە عەدەنەوە بەرەو قاهیرە، لە قاهیرەشەوە بەرەو مۆسکۆ. هاوپۆلانی زانکۆکەم لە گانا، تەنزانیا، ئەسیوپیاو چەندین وڵاتی دیکەوە هاتبوون، خەڵکی سۆڤیەت تەنیا یەك کۆمەڵەیان دەناسی، پێستیان قاوەیی بێت، هەر بۆیە کاتێك بەسەر شەقامەکاندا بەلای ئەواندا گوزەرمان دەکرد لێیان دەپرسین «ئێوە لەکوێوە هاتوون؟ لە کوباوە هاتوون؟»

ئێمەش بە پێکەنینەوە دەمانوت «نەخێر ئێمە لە ئەفەریقیاوە هاتووین».

ئێمە نوێنەرایەتی زۆرینەی ئەو سیو سێ دەوڵەتانەی ئەفەریقیامان دەکرد، کە لەساڵانی 1960ەکاندا سەربەخۆییان وەرگرتبوو. لەدانیشتنەکانماندا زۆرێك

لەمامۆستاکانمان رێزیان لەو جیاوازیانە دەگرت، کە لەکەلتورماندا هەبوو، داوایان لێدەکردین کە گوزارشت لەبیروڕاکانی خۆمان بکەین، مامۆستایەکیان پێیوتین «تکایە رقتان لێمان نەبێت، ئەو شتە باشانە وەرگرن، کە ئێوە لە ژیانی ئێمەدا دەیبیننەوە، بۆئەوەی بتوانن وڵاتەکەتان بەهێز بکەن. شتە خراپەکانیش واز لێبێنن».

لە مۆسکۆوە چووم بۆ کیڤی پایتەختی ئۆکراین، بۆئەوەی کۆرسی ئامادەسازی بۆ خوێندنی چەند ساڵە لە روسیا بخوێنم، کە تیایدا بابەتەکانی وەك ئەناتۆمی، کیمیا، بایۆلۆجیامان دووبارە بە زمانی روسی دەخوێندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من نەمدەویست ئامادەی ئەو وانانە بم، کە دەربارەی بێباوەڕیو سۆسیالیزمی زانستی بوون، بەوپێیەی هەندێك پەیڕەوی نیشتیمانی رۆچووبووە نێو ماسولکەو خوێنمەوە. لەکاتژمێر پێنجی هەموو بەیانییەك، کاتێك کەسێك بە دەنگی بەرز دەسپێکی پەڕاوەکانی رادەگەیاند، دوو هاوەڵە ئۆکرانییەکەم هەر ناڵەناڵیان بوو، بەتانییەکانیان دەدایەوە بەسەر سەریاندا. من قاچم لەسەر زەوییەکە داناو بە ئاوێکی سارد شڵپەیەکم بە دەموچاومدا دا، شوێن ئەو دەنگە کەوتم، کە بانگی دەکردم، «پەنجەرەکە بکەرەوە، لەو هەوا ساردە هەناسەیەکی قوڵا هەڵمژە. ئێستا لەو جێگەوە بڕۆ، یەك، دوو، سێ، چوار». من هەرگیز ئەو جوڵە سەربازییە لەیادناکەم: بڕۆ بۆ پێشەوە، بگەڕێرەوە بۆ دواوە، بەملاولادا ئاوڕ بدەرەوە، بچۆ سەر ئەژنۆ، پاشان بگەڕێوە بۆ سەرەتا. تەنانەت ئەمڕۆ من بەو رێگایەدا دەڕۆم، کاتێك دەمەوێت هەست بە هێزو گرنگی بکەم.

هەندێك لەخوێندکارە سۆماڵییەکانی هاوڕێم، خزانە نێو کایەی سیاسییەوە، وتاریان دەدا، دەیانوت «برایانو خوشکانم، ئێمە ئەمڕۆ لێرەین، لە یەکێتی سۆڤیەت دەخوێنین. سبەی دەبینە رێبەری کیشوەرێك». هێشتاش ئەوەم لەیادە، کە هەر لەسەرەتاوە مامۆستا بە ئێمەی وت: ئەوەی ویستم وەرم گرتو پاشماوەکەی بەجێدەهێڵم، بێگومان دەمەوێت وڵاتەکەمان بە باشی بنیات بنێین، جا ئەگەر لەڕێی دیموکراسییەوە بێت، یان سۆسیالیزم، ئەوەی دەمەوێت لەگەڵ خۆم بیبەمەوە لەیەکێتی سۆڤیەت، رەوشتی کارکردنو رێزگرتنی زانستە.

# بەشی دووەم
# زێڕ بە ئاگر زاخاوکراوە

لەکۆتایی یەکەم مانگم، لەبەشی پزیشکی منداڵانی دیگفێر، بیرم لەوە کردەوە، کە کێشەم لەگەڵ منداڵ نییە. ئەوان زۆر ساویلکەن، ئەگەر گاڵتەیان بۆ بکەیت، بیانجولێنیت و تاقیانبکەیتەوە، ئەوا پێدەکەنن، ئەگەریش ئازاریان بدەیت ئەوا دەگرین. لەگەڵ باوانەکانیاندا بەو جۆرە نییە، زۆریان گرنگی پێدەدەنو وشیارن، تەنانەت ئەو کاتەی بارودۆخ گەلێك دژواریشە. کێشەی من لەم کۆمەڵگەیەدا، لەگەڵ کەسانی خاوەن تایبەتمەندی بوو، ئەوانەی کە باشترین دەرفەتی چارەسەری پزیشکیان هەبوو، بەڵام پێنەدەچوو هیچ گرنگییەکی ئەوتۆ بدەن بە کوڕو کچەکانیان. هەڵوێستی کۆمەڵگە هەموو چەند ساڵ جارێك گۆڕانکاری بەسەردەهات، منیش نزیکەی هەشت ساڵێك دەبوو، دوور کەوتبوومەوە. کاتێك من رۆشتم زۆرینەی سۆماڵییەکان لەناوچە گوندنشینەکاندا بوون، ئەو کاتەی کە بڕێکی کەم مەڕو مانگاو پارچەیەکی بچوك زەویمان هەبوو، پێویستمان بە هیچی دیکە نەبوو ژیانێکمان بۆ خۆمان دەگوزەراند. ئێستا کە زۆرینەی خەڵکی چووبوونە ناوچە شارنشینەکانەوە، پێدەچوو هەمووان عەوداڵی پارەو دەسەڵات بین.

رۆژێك کاتێك دەسوڕامەوە، بەلای پاسەوانێکدا گوزەرمکرد کە لەدەرەوەی ژووری تاقیکردنەوەکان راوەستا بوو. دواتر خۆم کرد بە ژووردا، منداڵێکی دوو ساڵانەم بینی دەلەرزی، توشی تا بووبوو، پلەی گەرمییەکەی گەیشتبووە نزیکەی 41 پلە. ترسم لەوە بوو، کە توشی هەوکردنی پەردەکانی مێشك (meningitis) بووبێت، یاخود هەر نەخۆشییەکی دیکە کە هەمان لێکەوتەی وێرانکەری هەبێت.

بۆم دەرکەوت پاسەوانی ئاسایشەکە بۆ پاراستنی دایکی منداڵەکە بوو، کە ژنی وەزیرێکی سۆماڵ بوو. ئافرەتێکی تا بڵێی کەشخەو پڕمەسرەف بوو، ماکیاجێکی گرانبەهاشی کردبوو. دەبێت ئەو ئافرەتە هێندە کاتی هەبێت، تا بەرگی لەو جۆرە بپۆشێت، خۆی وا سەرنجڕاکێش بکات، لەکاتێکدا منداڵەکەی لەو لایـەوە گیرۆدەیە؟ ئایا ئەو لەبەرخاتری مێردەکەی ئەوجۆرە بەرگە دەپۆشێت، ئەوەی کە ئەو لێی تۆقیبوو، پەیوەندی بە هاوڕێکانییەوە هەبوو

لەدەرەوە، یاخود رەنگە پەیوەندی بە ژنێکی دیکەوە هەبێت؟ دەزانم منداڵ بێ چاودێری باوان، لەبۆشاییەکی تەواودا دەژین. «تۆ ئارایشتی خۆت دەکەیت، لەکاتێکدا منداڵەکەت لەو بارودۆخەدایە؟» ناتوانم یارمەتیت بدەم، قیژاندم بەسەریدا «تۆ دایکێك نیت هەست بە بەرپرسیارێتی بکەیت».

ئەویش قیژاندییەوە بەسەرمدا «ها، چی؟ وتت چی؟» چاوەڕێی کاردانەوەیەکی لەوجۆرەی نەدەکرد، کە لە دکتۆرێکەوە بێت.

دووبارە دەستمدایەوە لەشە گەرمەکەی منداڵەکەو، تووڕەیی ئەوکی گرتم، بەشێوەیەکی ئەوەندە قوڵا کە ئەستەمە بتوانم روونی بکەمەوە. ئەو منداڵە چی لێدەردەچێت ئەگەر لەدایکێکی وا کەمتەرخەمەوە بێتە دنیاوە؟ لەمێزەکەوە هەنگاوێکم بۆ دواوە ناو لێم پرسی «تۆ ناتەوێت ئەو شتانەت پێبڵێم؟ ئەم منداڵە زۆر نەخۆشە، بۆچی چارەسەری منداڵەکەت بکەم، ئەگەر تۆ بۆخۆت هیچ گرنگییەکی پێنەدەیت؟».

لەکاتێکدا منداڵەکە نوزەنوزی بوو، کەچی ئەو قیژاندییەوە بەسەرمدا «تۆ نابێت بەمجۆرە قسەم لەگەڵ بکەیت». پاسەوانە تایبەتەکەم بینی هاتە ژوورەوەو بە تەنیشتییەوە رۆشتم، لەڕاڕەوەکەدا بەلای پەرستارێکی منداڵاندا رەتبووم، کە برۆکانی لێهەڵبڕیبوو. لەکاتێکدا دەگەڕامەوە بۆ ژووری پشوودان بۆ ئەوشوێنەی کە چایەکم بۆ خۆم تێکرد بوو، بەو خانمەم وت «پێویستمان بە پزیشکێکی دیکەیە بۆ ئەو منداڵەی لەوێیە». محەمەد نور عەلی چەند خولەکێك دواتر لای دەرگاکە بەدیارکەوت. پێیوتم «دەبێت تۆ چارەسەری ئەم منداڵە بکەیت». لەتەماشاکردنی رووخسارییەوە ئەوە دەردەکەوت، کە رەنگە بیستبێتی ئەم پزیشکە نوێیە هەوڵدەدات دایکی نەخۆشەکە بکاتە دەرەوە.

منیش وتم «با کەسێکی دیکە ئەوە بکات، ئەو ژنە هەستی بەرپرسیارێتی نییە».

ئەویش وتی «تۆ هیچ لەبارەی ئەم ژنەوە نازانیت. کاری تۆ تەنیا ئەوەیە ئەو نەخۆشانە چارەسەر بکەیت، کە لەبەردەمتدان». کاتێك بەردەوام بووم

لەگفتوگۆکردن، ئەویش کورسییەکەی ڕاکێشاو ڕووبەڕووی من لەسەری دانیشت. پێیوتم «سکاڵاکانتم پێبڵێ».

منیش وتم «تەنیا لەبەرئەوەی ئەو ژنی کەسێکی بەرپرسە، ئیتر ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو دەتوانێت هەرچی بیەوێت بیکات. دەمەوێت وانەیەکی فێربکەم».

محەمەد عەلی نوریش وتی «کاتێك چاکەتێکی سپی لەبەر دەکەیت، خەڵکی ڕێزت لێدەگرن، ئەوان وا دەزانن کە تۆ لەچینە باڵاکانیت. ئەوان لەڕێی تۆوە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن، کە گرنگترین شتە کە مرۆڤ بەدوایدا وێڵە». ئەو دەیوت من مافی ئەوەم نییە، کە بپرسم ئاخۆ دەبێت ئەوە ڕاست بێت چارەسەری منداڵێك بخەمە سەرو چارەسەری هەزارانی دیکەوە.

هەرچەندە من هەر مکوڕ بووم، بەڵام دواجار ئەو قایلی کردم تا بگەڕێمەوەو چارەسەری منداڵەکە بکەم. پێیوتم «گرنگی پێبدە، بۆئەوەی سەرلەنوێ دایکەکە متمانەت پێبکاتەوە، بەڵام بزانە چی پێدەڵێیت: پەیڕەوێکی دروست لەگەڵ نەخۆش، بەقەد ئەو دەرمانە گرنگە کە بەکاریدەهێنیت».

کاتێك گەڕامەوە بۆ ژوورەکە، ئەوپەڕی هەوڵی خۆممدا، بۆئەوەی بە جۆرێك منداڵەکە چارەسەر بکەم، وەك ئەوەی کە منداڵی خۆم بێتو دایکیشی تەنیا کەسێکی نامۆ بێت. پێ لەوەدەنێم کە ئەمجۆرە مامەڵەکردنە زۆر زەحمەت بوو، بەوەی ڕای خۆم وەلا بنێمو تەنیا گوێ لەویستە جەستەییەکان بگرم. دواجار منداڵەکە تەندروستی باش بوو، بەڵام پێموایە من ئەو کەسەم کە دەبوو بەو ئەزمونە خۆم بگۆڕم. ئیدی هەر لەوساتەوە من زیاتر گرنگیم بە نەخۆشەکان دەدا، وەك لەوەی گرنگی بدەم بە بارودرخ.

لەقوتابخانەی پزیشکی، سەرکەوتنو شکستمان بە تەواوەتی لەنێو دەستی خۆماندا بوو، بۆ نمونە ئەگەر نەرۆشتمایە بۆ وانەکە، ناچار بووم دووبارەی بکەمەوە. ئەگەر ژوورەکەم پاك نەکردایەتەوە، ناچار بووم هەمان ئەو پێوەرە بەکاربێنم، کە توانستی زمانو مێژووی بەرزدەکردمەوە. هەموو ئەو شتانەی کە ئێمەی خوێندکار دەمانکرد، یاخود دەمانوت پێوانە دەکرا: نمرە 5 نایاب بوو، 4

باشە، 3 پەسەند. پێیاندەوتین نمرە 3 مانای ئەوەیە کە تۆ ناتەوێت بخوێنیت، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێوەی هاتوویت.

رۆژێکیان لەوانەی پزیشکی ناوکی، پرسیارێکم لێکراو منیش وەڵامەکەییم نەزانی. کاتێك بەوپەڕی شپرزەییەوە لەبەردەمی هەموو پۆلەکانمدا راوەستابووم، مامۆستا پیترۆڤ پێیوتن «حـەوا دەبینن، کە لەبەردەمتان راوەسـتـاوە؟ حکومەتەکەی ئەوی نـاردووە بۆ خوێندن. ئێ حەوا ئەگەر نەتدەویست بخوێنیت بۆ هاتیت بۆ ئێرە؟»

ئەو دوا نیوەڕۆیە گەڕامەوە ماڵو تێر گریام، بیرم لەو هەموو رێگەیە دەکردەوە، کە بڕیبووم بۆئەوەی بچمە قوتابخانەی پزیشکی، هەروەها ئەو هەموو قوربانییەی دابووم بەهۆی جێهێشتنی خێزانەکەمەوە. ئەو شەوە وشە رەقەکانی پیترۆڤ لەنێو گوێمدا دەزرنگایەوە، ئیدی هەر خەوم لێ نەکەوت، بەسەر کتێبەکەدا چەمامەوەو بە هەمان ئەو وانەیەدا چوومەوە.

« ئەگەر ناتەوێت بخوێنیت بۆ هاتی بۆ ئێرە؟» چراکە شانی گەرم کردم، هەتا ئەوەی کتێبەکەشی گەرم داهێنا، کاتێك کاتژمێرەکە چووە سەر سێو ئینجا چوار «بگەڕێرەوە! نە حکومەتەکەت بخەڵەتێنەو نە ئێمەش».

چاوەکانم تا ساتێك دانەخران، تا ئەو دەمەی جومبازی دەستپێکرد. لەگەڕانەوەمدا بۆ پۆلەکە، چاکەتەکەمم لەدۆڵابەکە دەرهێنا، دوگمەکانیم داخستو رێك چووم بەرەو پاسەکە. پیرەژنێکی قەڵەوی روس بەلامدا رەتبوو بانگیکردم «بوەستە بوەستە، بۆ وا دەکەیت؟»

پەنجەی خستە سەر سنگم، بینیم کە بلوزەکە بە باشی دانەخرابوو، بەشی سەرەوەی بلوزە خورییەکە لای راستەوە دەشەکایەوە، لەکاتێکدا لای دەستە چەپەوە لەخوارەوە داکەوتبوو.

پیرەژنەکە لێی پرسیم «ئەرێ تۆ دایکت نییە؟»

منیش پێموت «دایکم مردووە».

ئەویش وتی «ئای خوایە، بۆ زیە مۆی. داوای لێبوردن دەکەم لەکوێوە هاتویت؟»

منیش وتم «لە سۆماڵەوە»

لەکاتێکدا پەلەپروزێم پێکەوتبوو، پیرەژنەکە پێیوتم «قۆپچەکانت دابخەو رێکوپەوان برۆ، نەك ئا بەم جۆرە نا». دواجار پاش ململانێیەك، دەستەکانم دەرهێنا، لەکاتێکدا ئەو لایەکی چاکەتەکەی گرتبووم بۆ خۆی قۆپچەکانی بۆ داخستم، پاشان رۆشتم بەرەو وانەکەم، ئەمجارەیان پێترۆڤ لەوەڵامدانەوەکەم رازی بوو.

هەر وەك پیترۆڤ و ئەو پیرەژنە، خەڵکی ئۆکراینیش هەستیان بەوە دەکرد، لەئاسودەیی ئێمە بەرپرسیارن، دەیانویست ئەوە ببینن، کە بە رێکوپەوانی دەڕۆین‌و بە باشی هەڵسوکەوت دەکەین. بەهۆی ئەوەی ئەوان هەر دوو جەنگە جیهانییەکەیان بینیبوو، لەژیانی خۆیاندا لەگەڵ چەندین کێشە رووبەڕوو بوون، هەر بۆیە ترسیان لەوە نەبوو، گەر پرسیاری توند لەخوێندکارێکی بێگانەی سیسەڵەو لاوی وەك من بکەن. هەندێکجار وشەکانیان هەر وەك تێڵا وابوو تێیان دەسرەواندین، زۆر توندو ئازاربەخش بوو، بەڵام دەیانویست لەمەبەستی ئێمە تێبگەن، بۆچی حەزدەکەین سەردانی وڵاتەکەیان بکەین. لەسەرەتادا من رقم لە پیترۆڤ بوو، بەڵام ئێستا کاتێك ئاوڕ بۆ دواوە دەدەمەوە، هەستدەکەم چەندم خۆشدەوێت.

هەندێك لەهاوەڵەکانم لەنەخۆشخانە ئەو فەلسەفە توند و راستگۆیانەیان پێ هەزم نەدەکرا، کە من لەگەڵ خۆمدا لەیەکێتی سۆڤیەت هێنابوومەوە. ئەوان دەیانوت «حەوا زۆر گەرموگوڕە». گرنگ نەبوو بەلامەوە کە ئاخۆ خۆشەویستم، من تەنیا ئامانجێکم لەبەرچاو بووە. رۆژێکیان منداڵێکی زۆر بەدخۆراکیان هێنا بۆ ژووری ئێمێرجنسی، بەهۆی سکچوونەوە توشی وشکبوونەوەیەکی تەواو بووبوو. هەرچەندە ئەو منداڵە هەژدە مانگ بوو، بەڵام بەڕادەیەك توشی بەدخۆراکی هاتبوو، کە لەوە دەچوو منداڵتر بێت. ئەو نیمچە بێهۆش بوو، چاوەکانی کرابوونەوە و بەتەواوەتی وشك هەڵاتبوون. چووم بەرەو مێزی پشکنین، بەڵام بەهۆی ئەو پەرستارەی چاودێری منداڵەکەی دەکرد رێم لێگیرا. پەرستارەکە وتی «دۆتۆرێسا، ئەم منداڵە دەمرێت».

«دەبێت بۆ منی بەجێبێڵیت، بڕۆ بەلای کەیسێکی دیکەوە».

بۆ یەکەمجار لەماوەی کارکردنمدا بە تەنیا خۆم بڕیارم لەسەر ئەوەدا بمێنمەوە. بە نەرمونیانییەوە دەستم بە کارکردن کرد، منداڵەکەم لەئامێز گرت، بەڵام بە بەراورد بەو لاشە خنجیلانەیەی بەهێز دەردەکـەوت. پشکنینم بۆ دەستە بچوکەکانی کرد، تا شوێنێك بدۆزمەوە بە HIV بیکوتم، بەڵام هێندە توشی وشکبوونەوە هاتبوو ئەستەم بوو بیدۆزمەوە. منداڵەکەم ئارامکردەوەو قڵیشێکی بچوکم لەسەر پێستی دروستکرد، دەمارێکی بچوکم بینییەوە، قڵیشێکی دیکەم تێکرد، ئینجا بۆرییەکی پلاستیکی بچکۆلەم خستە نێو دەمارەکەیەوە. لەدەوروبەرەوە چەند درزێکم تێکردبوو، هەندێك پلاستیکم بەدەوری قۆڵیدا دانابوو، بۆئەوەی بیپارێزم. هەستم بەوە کرد پەرستارەکەو دوو پزیشکەکەی دیکە چاویان تێبڕیبووم، دایكو باوکی منداڵەکەش بە ترسەوە سەیریان دەکرد، کاتێك دەرمانی وشکبوونەوە چووە نێو دەمارەکانییەوە.

کاتژمێرێك دواتـر، چاوی منداڵەکە تەڕایی تێکەوت، زیاتر جموجوڵی تێکەوت، گریاو کەوتە پەلهاویشتن، لەکاتێکدا دایکی توند گرتی. دایکیشی هەر دەگریا، کاتێکیش دواتر گەڕامەوە تا پشکنینان بۆ بکەم، دایکەکە بەهۆی رزگارکردنی منداڵەکەیەوە زۆر سوپاسی کردم.

رووسەکان دەڵێن زێڕ بەهۆی ئاگرەوە رازێـنراوەتـەوە. بە تێپەڕبوونی کات، زۆر هۆگری منداڵا بووم. دایكو باوکێك دەبینیت چەند غەمبارن، کاتێ منداڵەکەیان نەخۆشە. ئەگەر بتوانیت یارمەتی ئەو منداڵە بدەیت، دەکرێت هەست بەو خۆشییەی دایكو باوکەکە بکەیت کە دێتە نێوتەوە.

# بەشی سێیەم
# بەرگرتن لەخوێنبەربوون

پاش خولێکی سێ مانگی لەبواری منداڵاندا، دکتۆر محەمەد عەلی نور خستمییە خولێکەوە لەبواری پزیشکی ژنان و منداڵبوون. لەوێ ئەوەم بۆ روونبووەوە کە من دەبێت زیاتر جەنگ لەدژی بۆچوونەکانی ژنان بکەم، وەك لەوەی لەپێناویاندا بجەنگێم. پاش هەموو ئەوانە زۆرینەی ژنان یەکەمین هەناسەکانی خۆیانیان لەنێو دەستەکانی دایکیاندا هەڵکێشاوە، هەروەها هەر کات بۆیان هەڵکەوتبێت کاریان کردووە، بە شەویش بە خۆیان و مەڕوماڵاتەوە گەڕاونەتەوە و کۆرپەشیان لەنێو باوەشدا بووە. ئەو ژنانە زۆر چاوەڕوانیان دەکرد بەرلەوەی بێن بۆ لامان، هەندێکیان بەهۆی کاری دژوارەوە لەو سەردەمەی کە ئەوانی تێدا بوون. هەر پێشتر دەمردن زۆریان بە کەرو عەرەبانە دەگوێزرانەوە. کوڕێکی گەنج ئەو کاتەی پشکنینم بۆ خوشکەکەی دەکرد وتی «ئازارەکە دوو رۆژ لەمەوبەر دەستیپێکرد، بەڵام نە رێگاو نە ئامڕازی گواستنەوەمان لەبەردەست نەبوو».

زۆرینەی خەڵکی سۆماڵ زیاتر لەپزیشكو نەخۆشخانە باوەڕیان بە چارەسازی تەقلیدی هەیە، زۆریان هەر سورن لەسەر منداڵبوون بەشێوەی سروشتی، دژی هەموو چارەسەرێکی پزیشکین. دەمانویست بەو ژنانە بڵێین «ناتوانین شایەتی بینینی مەرگی خۆتانو منداڵەکانتان بین. دەبێت بچن بۆ بەشی قەیسەری، یاخود ئێرە بەجێبهێڵن». زۆریان پێیان باش بوو، بڕۆنە ماڵەوەو قورئانی پیرۆز بخوێننەوە، هیچ بژاردەیەکی دیکەمان نەبوو، جگە لەوەی هیوای بەختەوەرییان بۆ بخوازینو پێیانبڵێین ئێمە نزاتان بۆ دەکەین. یەکێك لەپەندەکانمان دەبێژێت: چاوەڕوانی ژیان بە هەمان شێوە مانای چاوەڕوانی مردنیش دێت.

لەیەکەم رۆژی کارکردنم لەقاوشی منداڵبوون، لەگەڵ مامانێك کارم دەکرد، کە پلانی ئەوەی هەبوو ببێت بە پزیشك. مامانەکە منداڵەکەی دەردەهێنا، منیش لەو کاتەدا بۆ ساتێك رووم وەردەچەرخاندو گوێم لەقیژەیەکی بەرز دەبوو، وەك ئەوەی بۆرییەکە تەقیبێت. ئەویش قیژاندی «دکتۆر حەوا، دکتۆر حەوا! سەیری ئێرە بکە». کاتێك رووم وەرگێڕایەوە بینیم دایکە لاوەکە هەر وەك بەلوعە خوێنی لێ دەچۆڕێت، خوێنێکی سوری گەش.

هەندێك خوێن بەربوون لەماوەی منداڵبوونو لەپاش منداڵبوون شتێکی ئاساییە. ئەگەر ئەو کێشەیە لەشوێنێکی دوور لەخوێنبەری منداڵان رووبدات، خوێنەکە کۆنترۆڵ دەکرێت، جەستەکە وێڵاش تورِ دەداتە دەرەوەو بە گورجی رووداوەکە چارەسەر دەکات. کاتێك ئەم لێشاوە خوێنەم بینی، ترسام لەوەی درِانێك لەخوێنبەری منداڵدان خۆیدا هەبێت، کە مانای خوێبەربوونێکی گەورەو مەترسیدار لەسەر ژیانی ئەو کەسە دەگەیەنێت، بەڵام دەرفەتی ئەوەم نەبوو بۆئەوەی بزانم ئەو درِانە لەکوێدا رویداوە، دەبوو دەمودەست هەموو شت بکەم.

بانگی پزیشکێکی دیکەم کرد و داوام لە مامانەکەش کرد دەرزی لەنەخۆشەکە بدات. هێشتاش دەترسام لەوەی ئەگەر بۆ ماوەی چەند خولەکێك هەروا خوێنی لەبەر برِوات، ئەوا دەمرێت. لەگەڵ ژنەکە کەوتمە قسەو بە ئارامییەکەوە پێموت دەبێت دەست ببەمە ناو زێتەوە، بۆئەوەی بەر لەخوێنەکە بگرم. دەستێکم بردە ناوەو ئەوی دیکەشم لەبەشی سەرەوەی سکی راگرت، بۆئەوەی بە شێوەیەکی میکانیکی هەوڵبدەم بەری لێبگرم. بۆ ماوەی چەند خولەکێك لەوێ وەستام، دڵنیام کردەوە لەوەی کە باش دەبێت، بە هەموو توانایەوە فشارم لێدەکرد بۆ ناوەوە. دواجار مەترسییەکە رەوییەوە.

پاش چەند خولەکێك، ئەو کاتەی ژنەکەو کۆرپەلە کچەکەییم بە ئاسودەییەوە بینی، پێموت «بەختت هەبوو»

وڵامیدامەوە «دەزانم» سەرنجێکی خوارەوەی داو بۆ کچەکەی رووانی، بێ ئاگا لەوەی چەند لە مردن نزیك بووبووەوە.

ئەو مامانە هەر زوو کارەکەی بەجێهێشت، دەستبەرداری ئەو خەونەی بوو، کە ببێتە پزیشك، بینینی خوێنو هەستکردن بە ترس زۆر دژوار بوو بەلایەوە، بەڵام من زیاتر وزەم بە بەردا هات. لەکاتێکدا دەمزانی دەرمان دژ بە نەخۆشیو مردنە، بەڵام ئەو رۆژانە ئەوەیان فێرکردم، کە ناکرێت هەمیشە چاوەرِوانی چارەسەری کیمیاوی، یاخود زانستی بیت. هەندێکجار رێگەی دیکە هەن بۆئەوەی رێ لەخوێنبەربوون بگیرێت، بۆئەوەی لاشە ئارام ببێتەوەو تا

دامرکێتەوە: بەهێزیی‌و قورسی دەستت، ڕەنگە هەندێکجار یارمەتی جەستەت بدات، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە کەرەستەی کیمیاویی کەمە.

هەندێکجار دەرمـان جەنگێکە لـەدژی هەندێك پزیشکی دیکە، بـەڵام لەبەرئەوەی من زۆر بەئەزمون بـووم، نەمدەتوانی وتوێژ لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەم بکەم. شەوێکیان داوام لێکرا تا بچمە هۆبەی منداڵبوون، بۆئەوەی پشکنین بۆ ژنی پیاوێکی دەسەڵاتداری سۆماڵی بکەم، کە هاوڕێیەکی نزیکی یەکێك لەپزیشکە باڵاکانی نەخۆشخانەکە بوو. لەو کاتەی ئەو پزیشکە سەرقاڵی کارکردنی خۆی بوو، لێم پرسی «کێشەکەی چییە؟»

وەڵامیدامەوە «خوێنێکی زۆری لێدەڕوات، بەڵام هیچ برینێك لەسەر جەستەی نییە» بەرەو لای گیراوەکە چەمییەوەو ڕژاندی بەسەر قۆڵی ژنەکەدا «هەوڵدەدەم ڕێی لێبگرم».

پشکنینم بۆ ژنەکە کرد «دەکرێت من ببینم؟» بە پزیشك‌و پەرستارو مامانەکانم وت «من شوێنی بڕراوییەکە دەبینم، پەتم بۆ ئامادە بکەن» تەماشای سەرپەرشتیار و مێردی ژنەکەم دەکرد «دەتوانم بەردەوام بم؟»

دوو پیاوەکە سەیری یەکتریان دەکرد، کاتێك چونە ناو هۆڵەکەوە تا وتوێژ بکەن، هەوڵمدا تا ژنەکە دڵنیابکەمەوە، بە نەرمییەوە قسەم بۆ دەکرد. دە خولەك دواتر بە یاوەری پەرستارێك کە چەندین چارەسەری جیاوازی لەتەك خۆی هێنابوو گەڕانەوە. سەرپەرشتیار سوپاسی ئەو دەرفەتەی کردم‌و پێیوتم «لەسەر ئەو پلانەی قسەمان لەبارەیەوە کردووە بەردەوام دەبین». کاتێك زانیم دەیانەوێت بڕۆم، ویستم وتوێژێك بکەم. هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا تا شتێك بڵێم، بەڵام وەستام. لەبری ئەوە لەسەر ڕەوتی خۆم بەردەوام بووم بەرەو قاوشی نەشتەرگەریی‌و منداڵان، لەوە دەترسام کە نەتوانم ئەوەی باشە بیکەم.

لەکاتژمێر چوارو نیوی ئەو بەیانییە، لەباشترین نەخۆشخانە و بە بوونی چەندین کەسی پسپۆڕو لێهاتوو ژنەکە کۆچی دوایی کرد. ئەو پەرستارەی کە چارەسەرەکەی بەڕێوە دەبرد، هەواڵەکەی پێگەیاندم، پێشی وتم کە من لەدیاریکردنی حاڵەتەکە ڕاست بووم. ئەو پێیوابوو کە من ئیدی ئەوەندە غەمبار نابم.

کاتێك خۆرهەڵات چوومە دەرەوەی دەروازە سەرەکییەکەی نەخۆشخانەکە، دەنگی کەسێکم گوێ لێبوو دەگریا. ئەوەش کچی ژنەکە بوو، دەورووبەری چواردەساڵان بوو، کە پێشتر لەژووری چاوەڕوانییەکە بینیم. وام مەزەندە دەکرد کە چووبێتەوە ماڵو بە هەموو ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی راگەیاند بێت، کە دایکی کۆچی دوایی کردووە. زۆرم لەخۆم کرد تا بچم بۆلای و دڵنەوایی بکەم، لەکاتێکدا هیچ وشەگەلێکم نەدەبینییەوە کە بۆ ئەو مەبەستە یارمەتیدەر بێت. ئەگەر ئەو ژیانەمان بپارێزایە، خێزانەکەمان دەپاراست. بەردەوام بووم لەڕۆشتن بەرەو ماڵەوە، لەدەرگاکەوە چوومە ژوورو هەر بە جلەکانمەوە خزامە نێو جێگەکەم.

دایکم بە حەوتەمین منداڵی سکی پڕ بوو، ئەو کاتەی من تەمەنم یانزە ساڵان بوو. ئەو کاتە ئەو هێشتا هەر فادیم عەلی، ئینجا من، پاشان کوڕێك بە ناوی محەمەد، کە هەر زوو مردبوو، دواتر وەك دەزانن ئامینەی خوشکم دێت، دوای ئەویش ئاشاو خەدیجە، کە لەو کاتەدا تەمەنیان تەنیا دوو ساڵان بوو. هەروەك دەبینن خێزانی سۆماڵی زۆرجار بەو شێوەیە گەورەن، لەکاتێکدا هەندێك لەمنداڵەکانیان نامێننەوە.

ئەمجاری حەوتەمە کە سکی دایکم بەرز بووەوە، هەستی بە ژانو لاوازی دەکرد. وای دەزانی خواردنی تازەو کەشوهەوای تازە، یارمەتی رەوشی ئەو دەدات، باوکم ئوتۆمبێلێکی نارد تا دایکم و خوشکەکەمو من ببات بۆ ماڵی ئەیبێو لەناوچەی گوندنشینی لافۆل. لەوێش زڕخوشکەکەم فادیمە عەلی ویستی سەرقاڵم بکات بە دۆشینی شیری بزنەوە، بەڵام من رەتمکردەوە لایەنی دایکم بەر بدەم. لەوانەیە فادیمە عەلی بتوانێت لەو ژوورەدا بنوێت، کە دایکم تیایدا ئازار دەچێژێت، بەڵام منو دایکم زۆر هاوڕێ بووین، هەموو شتێکمان لەگەڵ یەك باسدەکرد. تەنانەت تا درەنگانێکی شەو پێکەوە قسەمان دەکرد، لەکاتێکدا من هەر دەمامەوە، دەستم بەو شوێنەی سکییەوە دەگرت، کە تیایدا هەستی بە ئازار دەکرد.

چەندین شەو بەو شێوە پێکەوە دانیشتین، گریانم دەهات، کە دەمبینی سەری بەملاولادا دەسوڕاند و هەر دەیوت ئای ئای ئای. لەپاشنیوەڕواندا هەوڵماندەدا بیهێنینە ژێر درەختەکانەوە، ڕۆژێکیشیان لەدەورووبەری کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ لەهۆش خۆی چوو. ئامینە رایکرد تا ئاو بێنێتو بیکات بە سەروچاویدا، بەڵام هەر کە ئەو رۆیشت، خوێنێکی زۆرمان بینی کە لەژێرەوە بە رۆبەکەی دایکماندا بڵاوبووەوە. ئەبێیۆ هەوڵیدا دوورمان بخاتەوە، بەڵام بینیمان منداڵێکی زۆر بچوکی مردو لەنێو لەپی هەردوو دەستیدا بوون کە بەقەد تەنیا دەستێکی دەبوو.

ئەوەش برام بوو، تەنیا بۆ چەند مانگێك لەنێو منداڵدانی دایکمدا مایەوە. داپیرم منی نارد تا کفنێکی سپی یان کارفانێك بدۆزمەوە، بۆئەوەی بیکەینە بەریو بە نەریتی ئیسلامی بە خاکی بسپێرین، پاشان لەشوێنێکدا گۆڕێکم هەڵکەند، بۆئەوەی بتوانین ئەم لاشە بچوکەی تیادا حەشار بدەین.

پاش بەخاکسپاردنەکەش ئازاری دایکم هەر بەردەوام بوو، تا کۆتایی ئەو رۆژە هەموان لەژوورەوە ماینەوە، فرمێسکمان دەڕشت، لەکاتێکدا ئەو دەگریاو دەیلاواندەوە. لەسەر فەرمانی ئەبێیۆ منو ئامینە بەرگە خوێناوییەکانمان بردە دەرەوە، تا بیان سڕین، هەڵمانخست و گەڕاینەوە. ئەو شەوە من لەتەنیشت خوشکەکەم لەسەر زەوییەکە راکشابووم، بەو ئومێدەی گوێم لەهەناسەی رێکوپێکی خەوەکانیان بێت، نزای ئەوەم دەکرد کە دایکم لەو شەوەدا نەمرێت.

رۆژی دواتر کۆمەڵێك لەئامۆزا گەنجو بەهێزەکانم هاتن بۆ شوێنەکەمان، دەستەبەرەیەکیان پێبوو کە لەداری گەورە دروستکرا بوو. ئەوان دایکمیان هەڵگرتو منو ئەبێیۆش بە درێژایی رێگە پیسەکان رۆشتین، تا گەشتینە رێگەی سەرەکی. لەوێ باوکم بە ئوتۆمبێلێکەوە چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، تا بمانبات بۆ گەورەترین نەخۆشخانەی مەقادیشۆ، بە ناوی مارتینی. خوشکە بچوکەکانیشم لەگەڵ فادومە عەلی لە دافۆڵا مانەوە.

لەڕێگەمدا بەرەو نەخۆشخانەی مارتینی گریام، ئەوەم بیرکەوتەوە کە یەکێك لەدرواسێکانمان لە مەقادیشۆ لەوێ کۆچی دواییکرد، لەکاتێکدا خێزانەکەیان لەماڵەوە نوستبوون. پاش ئەوەی دایکم لەنەخۆشخانەی چلو

پێنج قەرەوێڵەیی دانرا، باوکم پێیوتم «حەوا دەبێت متمانەت بەو پزیشکانە بێت، ئەوان بۆ یارمەتیدانی خەڵك راهێنراون».

منیش دەستبەجێ بەرهەڵستی فەرمانەکانی ئەوانم کردو لەگەڵ دایکم خزامە نێو جێگەکەوە. بەڵێنمپێدا «دەبێت لەگەڵت بمێنمەوە» بۆ ماوەی سێ مانگیش ئەو مایەوەو منیش هەر لەگەڵی بووم. هەموو بەیانییەك لە کاتژمێر حەوت، هەندێك چام بۆ دەهێنا بەر لەوەی بچم بۆ قوتابخانە، لەبارەی رەوشی دایکمەوە، زانیاریم بە هاورێکانم دەدا و وانەکانی ئەو رۆژەم لە دەستبچێت. لەدەوروبەری کاتژمێر چواری ئێوارە، پاش تەواوبوونی قوتابخانە دەگەڕامەوە، هێندەی بمتوانایە دەمامەوە، لەبەرئەوەی ئەو حەزی لەفیلم بوو، ئەو خەرجییە کەمەی کە هەمبوو دەمهێشتەوە تا گۆڤاری پێبکڕم، وێنەی جوانی ژنانی ئیتالیو فەرەنسی لەژێر سەرینەکەیدا بوو، ئەو خەونی بە ژیانێکی دڵڕفێنی دوورەوە دەبینی.

هەندێکجار پزیشکە ئیتالییەکان هەوڵیاندەدا ئەوەم بۆ روونبکەنەوە، کە دەبێت ئەوان دەرزی لەدایکم بدەن، یاخود خوێنی لێدەربهێنن، ئەگەرنا ئەوان هیچ نرخێکم بۆ دانانێنو تا ئەوەی رەنگە داواشم لێبکەن بڕۆم لەباشترین کاتەکانی رۆژدا. منیش سۆزی دوو پەرستاری سۆماڵیم بەدەستهێنا، کە چاویان چووە سەر ئەو لەشە ریوەڵەیەم، کە لەژێر بەتانییەکەی دایکمدا شارابووەوە، لەکاتێکدا ئەوان هەر بەردەوامبوون لەسەر کارەکانیان. بۆم دەرکەوت ئەو ژنانە هەموو شتێکیان دەزانی، چۆن خوێن دەگرنو دەرمان بەکاردەهێنن، گوێ لەترپەی دڵا دەگرن، یاخود دەست لەسکەوە دەدەن، تا بزانن کێشەکەی دایکم لەکوێدایە. هەرچەندە هیچ ئازارشکێنێك لەو کاتەدا یارمەتیدەر نییە، لەوە دەچوو ئەوان خۆشحاڵ بن کاتێك شتێکیان پێدەوتین، بۆئەوەی دڵنەواییمان بکەن.

کاتێك ستافی نەخۆشخانەکە هەموو ئێوارانێك دەوروبەری کاتژمێر نۆ منیان دەکردە دەرەوە، پەرداخە چاکەم هەڵدەگرتو بە شەقامە خامۆشەکاندا بەرەو ماڵ ملم دەنا، لەمێشکی خۆمدا هەر دەگەڕام بۆ دەرفەتێکی بچوك، کە یارمەتیدەرم بێت. نەمتوانی پەی بە هیچ ببەم.

کاتێك دایکم ئومێدی چاکبوونەوەی نەما، پزیشکەکە دەستبەرداری بوو. پێیوتین «بیبەنەوە بۆ ماڵەوە، هەندێك قورئانی بەسەردا بخوێنن، خواردنی زۆری بدەنێ. هەر کە کێشی زیاد بوو، دەتوانن بیهێننەوە ئێرە، ئێمەش هەوڵدەدەین دووبارە بیخەینەوە ژێر چارەسەر».

دراوسێو خزمان لەهەموو لایەکەوە هاتن بۆ ماڵمان، خواردنیان هێناو هەموو تێکچڕژابوون، بە درێژایی ماوە قورئانیان دەخوێندەوە، لەحەوشەکەماندا بوون بە چەند گروپی بچوك بچوکەوە، هەندێك بۆ نوێژو هەندێکیش بۆ قسەکردن. من بە بێ خوشکەکەم تەنیا بووم، ناچارم کردبوو لەسەر یەك لەسەر یەك قۆرییە چا لێبنێێتو بەردەوام گوێ لەهەڵەی خێزانەکە بگرێت.

هەرچەندە من بەردەوام نزام دەکرد، بەردەوام داوای وەڵامێکم لەخودا دەکرد، بەڵام خودا گوێی لێ نەبوو. ئەیپێۆش بە هەمانشێوە نزای دەکردو دەگریا «خودایە ئەم کیژەمان بۆ بهێڵەرەوە، دەمەوێت ئەو من بنێژێت».

هەفتەیەك پاش ئـەوەی گەڕاینەوە، بەیانییەکی درەنـگ خزامە نێو جێگەکەیو دەستم لەبەشێکی سکییەوەدا، بۆم دەرکەوت ئەو لاواز بووە، ئەو شوێنەم گرت کە ئەو تیایدا هەستی بە ئازار دەکرد، پێموت «ئای دایە» بۆم دەرکەوت کە ئەوپەڕی هەوڵی منیش، هیچ شتێکی جیاواز ناهێنێتە دی. «لەوە دەترسم کە ئیتر شەوێکی تر لەگەڵ تۆ نەنوم».

ئامۆزاکانم لەدەوروبەری کاتژمێر یانزەی ئەو ڕۆژە هاتن بۆئەوەی قورئان بخوێنن، دایکم بە لاوازییەکەوە وتی «نامەوێت لەم ژوورەدا بمرم، دەمەوێت بچمە دەرەوە».

مامێکیشم وتی «داهابۆ، تۆ دەبێت لەم شوێنە بمێنیتەوە». بەوپێیەی منیش منداڵ بووم نەمتوانی هیچ بڵێم.

«تکایە بمبەن بۆ دەرەوە بۆ حەوشە، لەو شوێنەی خەڵکی لێدادەنیشن». هەر بۆیە کۆمەڵێك لە ئامۆزاکان، لەوانەی گەنج و بەهێز بـوون، جۆرە جێگەیەکیان ئامادە کرد، دایکمیان تێخست و لەدەرگاکەوە بردیانە دەرەوە.

دایکم هەر کە یەکەمجار چووە دەرەوە پرسی «ئەمڕۆ حەوا لەکوێیە؟» من لەتەنیشتی بووم، بەڵام نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، بڵێم من لێرەم دایە.

دەستمکرد بە گریان، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات. ئەو تەماشای لایەکی دەکرد، منیش بەدەوری جێگەکەیدا سوڕامەوە، بۆئەوەی بکەومە نێوان ئەو دیوارەی کە ئەو تەماشای دەکردو، بەڵام دەستبەجێ چاوەکانی داخست، بێ ئەوەی دەمی بکاتەوە دوایین هەناسەی خۆی دا.

کاتێك کەسێك دەمرێت، چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەخوێنرێت، بە بۆچوونی ئەو کەسانە ئەو خوێندنە یارمەتی کەسی کۆچکردوو دەدات. بە گریانێکی گەورە دەنگم بۆهاتەوە: واااااااااااااااااااای! ئەو مامەشم کە قورئانی دەخوێند، بە توندی دەستی بە دەموچاومەوە گرت. تیشکێکی گەشاوەم بینیو ئیدی نەما. لەکاتێکدا ئەییێۆ بە دەنگێکی بەرز دەگریا، مامم بە منی وت «مەگری». هێشتا هەر دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

هەرچەندە تەلەفۆنمان نەبوو، بەڵام هەواڵی مەرگی دایکم، زۆر خێرایی بڵاوبووەوە بەهۆی ژمارەیەك لەهاوڕێ ئازیزەکانییەوە. شەش کەس لاشەی دایکمیان هەڵگرت هەر کە چووین بەرەو گۆڕستانەکە، تەنیا کاتژمێرێك لە مەقادیشۆوەوە دوور بوو، لەڕێگەدا بەلای پیرەژنێکدا ڕەتبووین کە لەتەمەنی ئەییێۆدا بوو، لەڕێگەکەدا ئێمەی ڕاگرت. پێیوتین «ئەرێ ئەوە کێیە هەڵتان گرتووە؟»

ئامۆزاکەم وەڵامیدایەوە «داهابۆ»

«ئێوە داهابۆ بۆ گۆڕستان دەبەنو سالاهۆش[1] خەریکی ژیانی خۆی بێت؟»

هەر بە بیستنی ناوی خۆی، ئەییێۆ بۆ یەکەمجار دەنگی لێ بەرزبووەوە.

پێیوت «خوا بۆ خۆی بڕیار دەدات کێ دەبێت یەکەمجار بمرێت، کێش دەبێت دواتر بمرێت».

من تا ماوەیەك دوای ئەو ڕووداوەش نەگەڕامەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام ئەو کاتەشی گەڕامەوە زۆر زوو چووم، هەندێك پارەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو بۆ نانی بەیانیو چاوەڕوانی دەرگاکە بووم تا بکرێتەوە. ئەو دەمە مامۆستاکەم گەنجو چالاك بوو، بەرلەوەی بڕۆم دەستمان کردبوو بە خوێندنی وانەی بایۆلۆجی. هەر کە دواجار ئەو دەرگاکەی کردەوە پێموت «دەمەوێت توێژینەوە لەسەر لاشەی مرۆڤ بکەم، دەمەوێت بزانم چی دایکمی لەناوبرد».

# بەشی چوارەم
# بەهەشت لەجیهاندا

دەیەیەك دواتر، لەئاپارتمانە بچوکەکەی خۆم لە هۆدان، بەرەو ڤێلایەکی گـەورە لەهەمان ناوچە رۆیشتم، بۆئەوەی بتوانین هەموو پێکەوە بین. بەیانییەکیان کاتێك گۆڤاری کۆزمۆپۆلیتانم دەخوێندەوەو شەربەتی پرتەقاڵم دەخواردەوە، ئامینە هات بۆ ژووری دانیشتن. تەواو خۆی شۆردبوو، پێستی دەدرەوشایەوەو قژە تەڕەکەی کردبووە پرچ. لەکاتێکدا پشووەکەمان پەلەپەلی تێکەوت، بەهۆی ئەوەی، دەبوو ئامینە ببەین بۆ قاوشی منداڵبوون لە دیگفێر، بە ئارامیەکەوە پێیوتم «ئێستا هەست بە ئازار دەکەم».

کارامەترین مامان پێشوازیان لێکردین، بەڵام هێشتاش کە بە هۆڵەکەدا هەنگاوم دەنا، بیرم لە هەموو پێشهاتێکی نەخوازراو دەکردەوە، بەهۆی ئەو ئازارانەی کە بە چاوی خۆم بینیومن. بە پشتیوانی خودا، منداڵەکە لەکاتژمێر چوار لەدایکبوو، کوڕێکی بەهێز بوو ناویان نا کاهییە. گەڕاینەوە بۆ ماڵو تا چل رۆژیش دواتر پەیڕەوی نەریتی ئومولمانکرد، کە نەریتێکە رێك پاش هاتنەدنیای منداڵا سازدەدرێت. لەوێ لەژووره جوانەکانی ڤێلاکەدا، کە بەدرێژایی رۆژ پڕبوو لەڕوناکی، خواردنی تەندروستمان دەدایە ئامینە، وەك جۆرە شۆربایەك کە لەسەری بزن دروستدەکرا، بەرگی نوێمان پێداو خەنەمان هێنا بۆ دەستو قاچەکانی.

پاشنیوەڕۆیەك رێك پاش ئەوەی من لەنەخۆشخانە سەرقاڵی کاری خۆم بووم، ژنێکی کرێکار لەناوچەیەکی گوندنشینەوە هێنرا، توشی ئەوە بووبوو کە ئێمە پێیدەڵێن داخزانی منداڵدان: دەستێکی منداڵەکە لەپێشدا هاتبوو لەبری سەری. هەستم بە ترس کرد، کاتێك پشکنینم بۆ کرد، لەبەرئەوەی دەستی کەوتبووە ناو لمەوەو هەموو جێگەکانیشی زۆر پیس بوون. کاتێك دەستم بەر دەستیکەوت، هەستم بەوە کرد کە منداڵەکە زیندووە، ئەویش دەستی گرتمەوە.

چی بکەم؟ خێزانی ژنەکە لەدووری 200 کیلۆمەترەوە بە ئوتۆمبێلێکی کرێوە هاتبوون لەجێگەیەکەوە کە نە تەلەفونو نە هیچ ئامڕازێکی پەیوەندیکردنی تێدا نەبوو. بۆئەوەی هەوڵبدەم هەرچۆن بووە دەستەکە بگێڕمەوە بۆ نێو منداڵدان، بۆئەوەی منداڵەکە بەشێوەیەکی باش بێتە دنیاوە، دەبوو خوێنەکە ژەهراویی بێت، ئەوەش شتێکی کوشندە بوو. بۆ زیاتر لە سی

خولەك بە بێدەنگی دانیشتم، هەوڵمدا بە وریاییەوە دەستەکە پاکژ بکەمەوە، پاشان دەستەکەم گەڕاندەوە بۆ نێو جۆگەی منداڵبوون، بۆئەوەی بتوانین بە ڕێگەی نەشتەرگەریی قەیسەریی منداڵەکە بێنینە دنیاوە. سەرکەوتوو بووین: منداڵەکە بەشێوەیەکی تەندروست هاتە دنیاوە، بڕیاری ئەنتی بایۆتیکم بۆ دا، بۆئەوەی دایکەکەش چاك بکاتەوە.

ئەو شـەوە چیرۆکەکەم بۆ خوشکەکانم باسکرد، هەموان سەرمان ڕادەوەشاند، سەرسامبووین بەوەی کە ڕوویدا بوو. ئەو ڕۆژانە ئاهەنگ لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دابووین، پاش هاتنە دنیای کاهییە، ئامادەکاریمان دەکرد بۆ ئاهەنگ گێڕانی خۆم. ئەو ئێواران پاش خواردنی نانی ئێوارە، گفتوگۆمان لەسەر پلانەکانمان کرد، بەرگی سپی خۆرئاوایی‌و لەچکی وەك ئەوەی ئامینە لەسەری دەکرد هەڵمانبژارد، هەمان هۆڵمان بەکرێ گرت‌و کێکێکی گەورەشمان ئامادە کرد.

دەمزانی ئەوە کاتێکی شیاوە بۆ من، بە هاوسەری دوارۆژم عەدەن محەمەد شاد دەبم، کە لە یەکێتی سۆڤیەت دەخوێنێت، منیش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشنیازی هاوسەرگیرییەکەی قبوڵدەکەم. لەکاتێکدا زۆرێك لەهاوسەرگیرییەکان ڕێکدەخران، مەقادیشۆ بووبووە شارێکی هاوچەرخ، هەروەك ئامینەی خوشکم کە پێشتر بە خواستی خۆی هاوسەرگیریی کردبوو، منیش بە خواستی خۆم بوو. لە دوایین ڕۆژی شوباتی 1973 ئەو دەمەی کاتی پەیماننامەی هاوسەرگیریی هاتەپێش، هەستامە سەرپێ، تا ڕەزامەندی خۆم نیشانبدەم، ئەو فرمێسکانەی کە ئەو دەمە دەمڕشتن، فرمێسکی خۆشی بوون.

لەمانگی نیساندا هاوسەرگیرییمان ئەنجامدا، لەماوەی وەرزێکی زۆر وشك‌و گەرمدا، لەهۆڵێکدا کە سیخناخ بوو لەخەڵك‌و 120 کەسی لەخۆگرتبوو، خواردن بۆ هەموویان بە خۆشی ئێمەوە هاتبوون. ئامینە ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆش بوو، بە هەڵەداوان ڕایکرد تا بزانێت بەپێی پێویست مەڕو بزنمان سەربڕیوە، تا خۆراکی هەمووان سازبکات، لەکاتێکدا خەدیجەی لاو ئیشی هەر کوژاندنەوەی تۆمارەکان بوو یەك لـەدوای یەك، کە ئاهەنگی تانگۆ، ڕۆك‌و ڕۆڵ بوون، بەتایبەتیش «هیپی هیپی شەیك».

پاش ئاهەنگەکە یەکێك لەهاوڕێ کچەکانی زانکۆم لەگەڵ مێردەکەی، ئێمەیان برد بەرەو لافۆلا بۆ ریستۆرانتێکی کراوە، کە پێیدەوترا باڕی ئیسماعیل و پیاوێکی سۆماڵی خاوەنی بوو، بۆماوەی چەندین ساڵ لە ئەمەریکا ژیابوو. لەباخچەکەدا لەژێر درەختەکاندا، مێزێکی قەشەنگی بۆ دانایین. پۆلۆ ئەل دیاڤۆلۆ، هەندێك پەتاتەی سورەوکراو و شەمپانیاو بیرەی بۆ هەموان هێنا، هەرچەندە منو هاوڕێ کچەکەشم بەوە نیگەران بووین. کاتێك ژەمەکە تەواو بوو، خاوەنی چێشتخانەکە هات تا دابنیشێتو خوڵکمان بکات. هاوڕێ کچەکەم پێیوت «ئەم شەو ئاهەنگی ئەوانە، هەندێك ئامۆژگاریان بکە».

پیاوەکەش بە بزەیەکەوە تەماشای عەدەنی کردو پێیوت «هەوڵبدە ئەوەی دەیەوەێت پێیبدە، ئەوەشی لێ دوور بخەرەوە کە نایەوێت».

هاوڕێی مێردەکەشم پرسی «ئەی بۆ حەوا؟»

«ئامۆژگاری من ئەوەیە کە ئەوەی پیاوەکەی دەیەوێت پێیبدات و ئەوەشی نایەوێت لێی دووربخاتەوە». بەمانای وشە ئێمە پێکەنین، ئیدی هەر لەوکاتەوە کە بە ئۆتۆمبێل گەڕاینەوە، نیگەرانی رووداوەکان کۆتاییان هات. دواتر هەستم بە لێدانێك کرد لەئەژنۆم. هاوڕێکەم قیژاندی «ئەم شەوە ئاهەنگی تۆیە، رابە!» بەڵام من ئەوەندە بە ژیانە نوێیەکەم خۆشحاڵبووم، لەجێگەکەمدا هێندە ئاسودەبووم، بە جۆرێك چاوم بۆ هەڵنەدەبڕا.

تا ئەوەی دواجار عەدەنم بینی، تێگەشتم باوکم مەبەستی چی بوو، کاتێك باسی ئەویندارى دایکمی دەکرد. پاش ئەوەی دایکم مرد ئەوەی رەتکردەوە کە ژنی تر بهێنێت، هەرچەندە منو خوشکەکانیشم زۆرمان داوالێکرد ژن بێنێت. پێماندەوت «تکایە برایەکمان بۆ پەیدا بکە». پەرۆشی ئەوەبووین، کە پیاوێکی دیکە لەخێزانەکەماندا هەبێت یارمەتیمان بداتو پشتیوانیمان لێ بکات.

باوکم وتبووی «من لەژیانی خۆمدا ئەسپی گەلێك جوانم هەبووە، هەرگیز کەرم قبوڵ نەبووە».

چـوار ساڵا بەر لە من، عەدەنیش خوێندکارێکی سۆماڵی وەك من بوو. ئەویش لە ئۆدێسەی ئۆکراین لە نزیك قوتابخانە پزیشکییەکەی من ئەندازیاری دەخوێند، لەتەنیشت ئەکادیمیای سەربازی. رۆژێکیان ئەو و دووان

لەهاوڕێکانی هاتن بۆ سەردانی ئاسلی ئامۆزام، کە لەژوورێکی بەشی ناوخۆیی بەرامبەر بە من دەژیا. منیش لەگەڵ ئەو دەمخوێند، لەگەڵ ئەوەی ئەوان تەنیا بۆ نیو کاتژمێرێك لەوێ مانەوە، بەڵام بانگهێشتیان کردین بۆ ئاهەنگی دوو خوێندکاری سۆماڵی هاوڕێمان، منیش نەمدەتوانی چاو لەسەر عەدەن هەڵبڕم. ئەو لەوانی دیکە لەسەرخۆتر بوو، چاوێکی میهرەبانو روخسارێکی کراوەی هەبوو. کوڕێکی قۆزو باڵابەرز بوو، بەپێچەوانەی زۆر لەو کوڕە سۆماڵییانەی کە من لەزانکۆ بینی بووم، کەسێکی شەرمنۆكو بەڕێز بوو: نەیدەویست بە چاوچنۆکییەوە دەستم راوەشێنێتو قسەم لەگەڵ بکات. ئەو هیچ پرسیارێکی ئەوتۆی لە من یان لە ئاسلی نەکرد، جگە لەوەی وتی: «چۆنن».

کاتێك ئەوان رۆشتن، لەبارەی ئەوەوە پرسیارم لە ئاسلی کرد.

ئاسلیش وتی «ئای، ئەوەیان؟ ئەو تەنیا دادەنیشێت بێ ئەوەی هیچ بکات، پێموایە رۆژێك دێت لێی پەشیمان دەبیت «، بەڵام زۆرێك لەهاوڕێ کچەکانم سەرسامی بووبوون، هەربۆیە پێموابوو ئاسلی بەپێچەوانەوە قسە بکات، چونکە عەدەن لەمێردەکەی خۆی قۆزترو هێمنتر بوو.

سێ رۆژ دوای ئاهەنگی دوو خوێندکارەکەی هاوڕێمان، چووم بۆ لای عەدەنو هاوڕێکانی، بێ ئەوەی هیچ بیر لەهاوڕێکانی بکەمەوە. هەر وا بە سانایی کەوتینە قسە، ئەو دەربارەی خێزانەکەی قسەی کرد، کە لەباکوری وڵات بوون. پێش ئەوەی ئەو بێتە دنیاوە دایكو باوکی لەیەکترجیابووبوونەوە، هەروەك من کاتێکیش ئەو منداڵا بووە دایکی کۆچی دوایی کردووە. منیش دەربارەی خێزانەکەمو خواستی گەڕانەوە بۆ سۆماڵ قسەم بۆکرد. ئەویش پێیوتم کە ئەوە خواستی ئەویشە.

تا ئەوکاتە خۆشەویستی تەنیا لەسۆنگەی پەیوەندییەکانی دایكو باوكو چیرۆکەکانی نێو ژوورەکەم لەگەڵ لێنا دەبینییەوە، کە کچێکی جوانی ئۆکرانی بوو هەموو رۆژێك کاتژمێرێکی لەبەردەم ئاوێنەکە بەسەر دەبرد، لەبری ئەوەی وەرزش بکات. بەهەمانشێوە وام دانابوو هەمان شێوازی ئاسلیم هەبێت، کە ژنێکی قسەلەڕوو بوو، هەرچەندە ئەو وەك ژنێکی مێرددار ئازادی لەمنیش زیاتر بوو. کاتێك ئەو سەبارەت بەوەی کە دەبێت بیپارێزێم گاڵتەی پێدەکردم،

منیش جارێکییان لێم پرسی «دەکرێت من وەك تۆ بم، بە ئاشکراو لەشوێنە گشتییەکاندا مێردەکەت ماچ دەکەیت؟ دەکرێت منیش بڕۆم بەرەو لای ئەو کوڕانەو پێیانبڵێم ئەویندارتان بووم، هەر وەك ئەوەی ئێوە ئەویندارم بوون؟»

ئەویش پرسی «دەبێت تۆ هەر لەم ژوورەدا بمێنیتەوە، بیربکەیتەوەو توێژینەوە بکەیت؟ تۆ تەنیا کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت».

منیش وتم «من بەرپرسیارێتیم هەیە».

ئەویش وتی «خۆ من ژنم و دایکیشم، بەڵام دڵیشم هەرچی بخوازێت دەیکەم. بەوشێوەیە کاتێك پیر دەبم پەشیمان نابمەوە».

پێکەوە لەگەڵ عەدەن گەشتینە ئەوەی کاتێك خۆشەویستی دوولایەنە بێت، دەبێتە پارچە بەهەشتێك لەسەر زەوی. هەرچەندە ئێمە لەشوێنە گشتییەکاندا پارێزگار بووین، بەڵام هەمیشە شەممانو یەکشەمان پێکەوە بووین، بۆ هەر شوێن بچووینایە هەمیشە پێکەوە قسەمان دەکرد. کاتێك لەڕیستۆرانتەکانی ئۆدێسە یەکتریمان ناسی، یاخود لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاوڕێیان پێکەوە دەچووین بۆ سینەماکان، ئیدی هەر لەوێوە لە مەقادیشۆو دواڕۆژی خۆمم لەگەڵ ئەو دەهێنایە پێشچاو. هەرچەندە لەترسی ئەوەی نەبادا یەکێکمان توشی ئازار ببین هیچیشم نەدرکاند.

پاشنیوەڕۆیەکیان لەکاتی گەڕانەوەمان لەبینینی فیلمێك، لەباخچەی گشتی راوەستاین، بۆئەوەی پێکەوە قسەبکەین. ئەو دەستی گرتمو پێیوتم «نامەوێت وەڕستبکەم، دەمەوێت شوم پێبکەیت».

من بە بیستنی ئەو وشانە زۆر شادمان بووم، بەڵام زانیم کە دەبێت راستگۆبم لەگەڵی، ئەگەر پەیوەندییەکەمان بەردەوام بێت. لەو رۆژگارەدا خوازبێنیو هاوسەرگیریی لەهەمانشتەوە نزیك بوون، مەبەست ئەوەبوو کە تاقە ژوورێك هەبێتو پێکەوە تیایدا بژین. دەمزانی عەدەنم خۆشدەوێت، بەڵام من بڕیارەکەم درێژکردەوە، دەبم بە پزیشك بەرلەوەی ببمە ژن. پێموت «نامەوێت بڕوا بە هیچ پیاوێك بکەم، تا ئەوەی خاوەنی بڕوانامەو پارەی خۆم نەبم».

عەدەنیش ئەوەی دەزانی، هەر وەك چۆن زۆر شتی دیکەشی لەبارەی منەوە دەزانی، دەشیزانی ئەو موچە کەمەی باوکم هێندە نییە تا یارمەتی خێزانەکەی ئێمەشی پێبدات، هەروەها ئەوەی کە من لەو پارە سێ رۆبڵییەی رۆژانە تەرخانکراوە بۆم دەبوو بڕێك پارە بنێرمەوە بۆ ماڵەوە.

ئەویش پێیوتم «زۆر باشە، کەواتە من چاوەڕێت دەکەم».

بەهەمانشێوە پێکەوە بەردەوام بووین، زیاتر گەشەمان دەکردو بەهێزدەبووین، تا ئەو خوێندنی تەواو کرد. لەنانخواردنی ئێوارەدا، شەوێك پێش ئەوەی ئەو بگەڕێتەوە، بڕێك پارەم پێدا، کە من کۆم کردبووەوە داوام لێکرد تا بیگەڕێنێتەوە بۆ ئامینە. لەدەرەوەی ژوورەکەم بەدەم رشتنی فرمێسکەوە ماڵئاواییمان لەیەکتری کرد، بەڵام کاتێك من لەناو جێگەکەم دانیشتم، هەستمکرد کە پێویستە سەرلەنوێ ئەو ببینمەوە، هەربۆیە گوڵێکی گەورەم لە دوکانێك کڕیو چووم بە ئومێدی ئەوەی لەفڕۆکەخانە بیبینمەوە.

سەرسام بوو کاتێك منی لەفڕۆکەخانە بینی، هەرکە گوڵەکەم دایە دەستی پێموت «خۆشمدەوێیت». نەمدەتوانی هیچ پیاوێکی دیکە ببینم، ئەگەر هەزارانی دیکەش لەبەردەمم بوونایە. زانیم نزیکینو لەهەمان شوێنین، پێویستم بەوەبوو بزانم ئەو هەستانە دەمێننەوە، کاتێك لێکدوردەکەونەوە. بەپێی قورئانی پیرۆز پیاو بۆی هەبوو چوار ژنی هەبێت، بەڵام بۆ من ئەوە جیاواز بوو. کاتێك خەڵکی پێیاندەوتم عەدەن مافی ئەوەی هەیە چوار بهێنێت، هەمیشە بەوجۆرە وەڵاممدەدانەوە، کە ئەو مافی ئەوەی هەیە تەنیا من بهێنێت، تەنیا منو هیچ ژنێکی دیکە نا.

ئەو شەوە پێموت «نابێت هیچ کەسێکی دیکەت لەدڵدا بێت، ئەگەرنا من دەستبەرداری خۆشەویستی تۆ دەبم».

ئەویش وتی «هەتا تۆ لەژیاندا بیت، من ناچمە لای هیچ ژنێکی دیکە».

هەر ئەو شەوە گەڕامەوە بۆ بەشە ناوخۆییەکەم، بە باوەڕێکی تەواو بەوەی، هەرچەندە دوورییەکی زۆرو کاتێکی زۆر لەنێوانماندا هەیە، بەڵام ئەو قسەی خۆی دەباتە سەر.

# بەشی پێنجەم
# هاوڕێ و دوژمن

کە یەکەمجار هاوسەرگیرییمان کرد، عەدەن وەك ئەفسەر لەهێزی دەریایی سۆماڵ کاریدەکرد، لە ناوچەیەکدا بێ بەرامبەر شوێنێکی نیشتەجێبوونمان پێدرابوو کە پێیدەوترا سێکۆندۆ لیدۆ، لە کە کەناری دەریـاوە نزیك بوو. ڤیلاکەمان کۆن بوو، لەلایەن ئەندازیارە ئیتالییەکانو بە جۆرەها بەرد دروستکرابوو، لەگەڵ بوونی ئاگردانی خەڵوزو دوکەڵکێش. بەهۆی پێگەی عەدەنەوە لەو کاتەدا ئاسودەییەکی بێوێنەمان هەبوو، لەوانەش بوونی تەلەفونو دوو تەوالێت لەژوورەوە. ئەوێ شوێنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لەبری ژاوەژاوی هاتوچۆ، گوێمان بۆ دەنگی شەپۆلەکانی دەریا هەڵدەخست.

لەبەرئەوەی خێزانی ئامینەو شەریف فراوانبوونی بەخۆوە بینیبوو، ئاشاو خەدیجە هاتن بۆلای ئێمە، تا لەگەڵ ئێمە بژین، باشترین قوتابخانەی نیشتیمانی لە مەقادیشۆ بوو، هەر بۆیە براو خوشکی عەدەنیش لەباکورەوە هاتن. چێشتلێنەرێکمان بە کرێ گرت، تا ژەمەکانمان بۆ ئامادەبکات، هەموویانمان دابەشکرد بەسەر دوو ژووردا، یەك بۆ کچانو ئەوی تریش بۆ کوڕان. دەمزانی خێزانەکەی عەدەن ئەو شێوازەیان بە دڵا نەبوو، کە کوڕانیش هاوشانی کچان کاری ماڵەوە بکەن، بەڵام ئەوە بڕیاری من بوو. ئێمە لەیەکێتی سۆڤیەتەوە هاتبووین، کە لەوێ هەموو کەس یەکسان بوون.

زۆرجار من و عەدەن لە دوای ئەوانی دیکە لەسەر ئەرکی خۆمان شتمان دەخوارد، ئینجا دەڕۆیشتین بەرەو کەنار بۆ سەرگەرم بوون بە تایبەتمەندییەکانی خۆمانەوە. کاتێك دانیشتین، سەرنجی تریفەی مانگمان دەدا، کە لەناو شەپۆلی کەفزیویندا دەلەرییەوەو ئەو بینا سپییانەی روناك دەکردەوە، کە بەدرێژایی کەنارەکە درێژبووبوونەوە، دەربـارەی خێزانەکەمان کەوتینە گفتوگۆ؛ ئاشا لە زانکۆ بایۆلۆجی دەخوێنێتو خەدیجەش وا ئیدی دەبێتە هەرزەکارێکی کەللەڕەق بە تایبەتمەندییەکی یاخیبووانەوە. ئێمە رێمان لەجلە کورتەکانیو چوونی بۆ یانەکانی شەوانە دەگرت، کاتێکیش دمانویست بەری لێ بگرین،

هیچ سودێکی نەبوو. جارێکیان ئارامم لەبەر هەڵگیراو دەرگام لەسەر داخست، رەتمکردەوە کە وەڵامیبدەمەوە، تەنانەت تا ئەو کاتەشی کە بە توندی دەیکێشا بە دەرگەکەداو دەگریا.

زۆربەی ئێوارەکان لەبارەی سیاسەتی ناوخۆ لەنەخۆشخانەکە قسەم بۆ عەدەن دەکرد. شەوێکیان بە پێکەنینەوە وتم «پزیشکەکان وەك کەڵەشێر وان، کاتێك یەکێکی دیکە لەخۆیان دەبینن، توشی بەخیلی دەبن». ئەگەر پزیشکە باڵاکان پەسەندت نەکەن، ئەگەر بەوشێوەیە نەبیت کە ئەوان دەیانەوێت، ئەوە نەکەیت کە ئەوان دەیڵێن، دەتنێرن بۆ شوێنێکی دوورەدەست لەنێو دێهاتەکان کە هیچی لێنییە جگە لەمقەستێكو رەچەتەیەك. لەکاتێکدا من هێشتا لەڕووی تەکنیکییەوە نیشتەجێیەك بووم، کەچی وایان لێکردم، لەپێناو مانەوەم لە مەقادیشۆ بجەنگم، لەگەڵ ئەو شارەزاییو ئەو میوانە جیهانییانەش کە هەمبوون. دەمزانی ئەگەر بنێررێم بۆ ناوچە گوندنشینەکان، ئەوا هیچ نەشتەرگەرییەکی ئاڵۆزم پێناکرێت، دەگەڕێمەوە بێ ئەوەی هیچ فێر بووبم.

هەروەها سیاسەتی نیشتیمانیشمان تاوتوێدەکرد، رەخنەو گرنگیدانەکانمان لەگەڵ پێکدادانی شەپۆلەکان ئاوێتە دەبوون. دەشمانزانی بە خراپ قسەکردن لەبارەی حکومەتەوە، سەرکەشییەکە زیندان، یاخود سزای دیکەی لەدوایە. هەندێك لەهاوەڵەکانمان رێبەرانی پارتە سیاسییەکان بوون، بە وریاییەوە چاودێری ئەوەیان دەکرد، ستافەکە چۆن قسە دەکەنو چۆن کاردەکەن. هەندێکجار زەحمەتە لەگەڵ ئەو بیرۆکانە هەڵبکەیت، کە کەسانێك بە دواتەوەن، چاودێریت دەکەن، چی دەکەیت و لەگەل کێ قسە دەکەیت.

چەند مانگێك پێش ئەوەی زەماوەند بکەین، رۆژێکیان من سەرقاڵی کارکردن بووم، ئوتۆمبێلێکی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە ژنێکی سۆماڵی ریوەڵەی دابوو. هێنایان بۆ لای ئێمە، لەو کاتەشدا من لەژووری ئیمێرجنسی بووم، کاتێك بینیم برینەکانی ئەوەندە قورس نەبوون، چارەسەرم کردن. دواتر لەماوەی

پشوودانەکەمدا پیاوێکی باڵابەرزی کەشخە، کە لەناوەڕاستەکانی تەمەنیدا بوو، قژێکی قاوەیی هەبوو بەرەولام هات. لێی پرسیم «نەخۆشەکە چۆنە؟» ئەو کەسێکی ئەمەریکی بوو، من تەواو ترسام زانیم ئەو لەبارەی پیرەژنەکەوە پرسیار دەکات.

منیش وتم «زۆر باشە» سەرسام بووم لەوەی ئاخۆ ئەم پیاوە کێ بێتو چۆن زانیویەتی من چارەسەری ئەو ژنەم کردووە. هەستێکی بێزارکەر بە لە تەوقی سەرمەوە تاوەکو نوکی پێمی گرتەوە.

لەو کاتەدا و لە دوای دەوام من ناوی خۆم لەکۆرسی ئینگلیزی لەسەنتەری زمانی ئینگلیزی جۆن ئێف کەنەدی لە مەقادیشۆ تۆمار کردبوو. وەك هەمیشە ئەو شەوەش چووم بۆ کۆرسەکە، بەڵام کاتێك پاش تەواوبوونی کۆرسەکە کۆمەڵێکمان هاتینە دەرەوە، بینیمان سوپایەکی گەورەی چەکدار گەمارۆیان دابووین. لەپشتیشیانەوە ریزێك ئۆتۆمبێلی پۆلیس هەبوون، فیکەیان لێدەداو دەیانقیژاندو شەوقی لایتەکانیان تێدەگرتین. کاتێك ئێمە چاوەڕێی هەواڵ بووین، من لەمێشکی خۆمدا بە رووداوەکانی ئەو رۆژەدا چوومەوە، هەستم بەوە کرد کە شتێك روویـداوە پەیوەندی هەیە بەو ژنەی کە بووە بەژێر ئۆتۆمبێلی ئەمەریکییەکانەوە و پۆلیسەکانیش بۆ من هاتوون.

یەکێك لەهاوڕێکانم پرسی «حەوا ئەو خانووە دەبینیت؟» هەرگیز تێبینیم نەکردبوو، بەڵام خانویەکی نوێ بوو، زۆر جوان، نهۆمی یەکەم لەسەر پایە کرابوو، دوو نهۆمی دیکەشی لەسەر بوو. دەرگاکەی بەرامبەری شکێنرابوو. ئەو خانمە وتی «ئەو خانوە خاوەنەکەی سالاد جابیریە».

کاتێك راستییەکەم بۆ روون بووەوە، هەستم بە ئاسودەیی کرد، پاشان ترس دایگرتم. کاتێك لەساڵی 1969 محەمەد سیاد بەڕی دەسەڵاتی سۆماڵی گرتەدەست، ئەفسەری باڵای سەربازی سالاد جابیری کێدییە، سەرۆکی ئۆپراسیۆنەکانی کودەتاکە بوو. منو عەدەنیش رێك لەو کاتەدا یەکترییمان

بینی، لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بە ڕێگەی رادیۆ بیستمان، کە سەرۆك عەبدی ڕەشید عەلی شێرمارك لەلایەن یەکێك لەپاسەوانە تایبەتییەکانییەوە تیرۆر کراوە، هەروەها سوپا کۆنترۆڵی پەرلەمانو هەموو ناوچەکانیشی کردووە.

لەو ساڵانەی کە سیاد بەڕی خۆی وەك سەرۆکی ئێمە ناساند، دەسەڵاتێکی دزێو لەنێو ڕێبەرانی شۆڕش سەریهەڵدا. ئێستا لەساڵی 1972 فەرمانی کوشتنی سەپاند بەسەر سالاد جابیریو دووان لەڕێبەرانی دیکە بە پاساوی پلانگێڕان بۆ لەکارخستنی رژێمەکە. کاتی ئەوە هات: رادیۆ بانگەوازی بڵاوکردەوە، بۆئەوەی هەموو خەڵك لەکاتژمێر هەشت لەماڵەکانیان بێنەدەرەوە، بۆئەوەی شایەتی بینینی لەسێدارەدانەکە بن. ئەوەی کە سەرنجی منی راکێشا، مامەڵە خراپەکە نەبوو، بەڵکو ئەوەبوو کە سەربازە حکومییەکان هەڵیانکوتابووە سەر ماڵی هاوڕێکانی پێشووتریشی.

خەڵکێکی زۆر ئامادەی سزادانەکە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا منو عەدەن رەتمانکردەوە. ئەو بەیانییە پاش کۆبوونەوەی پزیشکان، من لەپەنجەرەکەوە تەماشای بارانەکەم دەکرد. لەبیری مندا وەك ئەوە وابوو ئاسمان بگری بۆ ئەو پیاوانەی کە کەسانی چالاكو خوێندەوار بوون. هەرچەندە بۆ ماوەیەکیش من وام چاوەڕێ دەکرد، کە پیاوە بەهێزەکانی هۆزەکان هەستنو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بەڵام کەس هەڵنەستا، تەنانەت کەس دەنگیشی لێوە نەهات.

هەر پاش ئەوە لاپەڕەیەك بە دەرگای قوتابخانەی جۆن ئێف کەنەدیەوە هەڵواسرا، ئەوەی خستبووەڕوو، کە قوتابخانە لەسەر فەرمانی حکومەتی سۆماڵی بۆ ماوەیەك دادەخرێت. ئەوەش بڕیارێك بوو، کە لەودەمەدا لەسەرتاسەری وڵاتدا دەنگدانەوەی هەبوو، ئەو کاتەش هاووڵاتیان داوایان لێکرابوو، زمانی سۆماڵی بۆ نوسین بەکاربێنن، کە تازە چەسپێنرا بوو. پێشتر بۆ ماوەی چەندین سەدە زمانی دایکمان بەکاردەهێنا، هێشتاش لەماڵەوە هەر بەو زمانە قسەمان دەکرد، بەڵام لەبواری نوسیندا لەقوتابخانەو بوارە بازرگانییەکاندا، زمانی ئیتالی،

یان ئینگلیزیمان بەکاردەهێنا. ئیدی دەبوو خوێندەوارانی وڵات بڕۆنە ناوچە گوندنشینەکانەوە، تا خەڵکانی ئەوێ فێربکەن بە زمانی سۆماڵی بنوسنو بخوێننەوە. یەکێك لەهاوڕێ پزیشکەکانمان لە دیگفێر بووە مامۆستای زمان، ئێمەش لەنەخۆشخانە دەستمانکرد بە بەکارهێنانی ئەو زمانە. لەسەرەتادا ئەو گۆڕانکارییە قورس بوو، بەوپێیەی زمانی سۆماڵیش لەبواری کردەییدا ئەلفوبێی لاتینی بەکاردەهێنا، تاڕادەیەك نوسینەکە گرفتێکی ئەوتۆی نەبوو.

ساڵانێك دواتر، هەندێك کەس گەیشتنە ئەوەی کە سیاد بەڕی سودی لەپرۆگرامی زمان وەرگرتووە بۆ سەپاندنی هەندێك لەکەسە نەخوێندەوارەکانی هۆزەکەی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت. ئەوەش راستییەکی نکوڵی لێنەکراو بوو، کە لەو ساڵانەدا زۆرێك لەئەندامانی هۆزەکەی سەرۆك هاتبوونە نێو کایەی دەسەڵاتەوە، تەنانەت هەندێکیان بێ ئەوەی کەمترین ئاستی خوێندەواریشیان هەبێت. بەردەوام چیرۆکی ئەو کەسانەم دەبیستەوە، کە بەهۆی ئەنجامدانی چالاکی گومانلێکراوانەوە زیندانی کرابوون، هەندێك لەوان ئەشکەنجە درابوون، یان تەنانەت کوژرابوون. ئەستەم بوو دەستوەردان نەکرێت، بە کەسێك لەوانە نەوترابێت کە من دەیانناسم «راست ناکەیت، بۆ وادەکەیت؟»

بە دەوری خانوی سۆماڵیدا ئەو جۆرە پەرژینە هەیە، کە ئێمە پێیدەڵێین دوگاڵ (dugaal) ماڵەکەمان لەهەواو ئاژەڵی دڕندە دەپارێزێت. من هەمیشە دەڵێم ئەگەر دایكو باوکت هەبێت، دەبێتە دوگاڵێك بۆت، بەڵام لەساڵی 1969 لە ئۆدێسە، هەر تەنیا چەند مانگێکی کەم پاش ئەوەی ئێمە وەك خوێندکارانی سۆماڵی گوێبیستی هەواڵی لەکارخستنی حکومەتەکەمان بووین، ئاسلی نامەیەکی هێنایە ژوورەکەمەوەو ئەو پەناگەیەشم نەما.

ئاسلی وتی «بزانە چیم پێیە؟» نامەیەکی دەرهێناو دەستیکرد بە گاڵتە پێکردنم. ئێمەی خوێندکار لەو سەردەمەدا ئەوەندە بە سادەیی دەژیاین بەجۆرێك پۆستەنامە یەکێك بوو لەشمەکە گرانبەهاکان لامان. هەر کەسێك

ئەو پۆستەیەی هەڵگرتایەتەوە، لەگەڵ هەر وەرگرتنێکدا ئەو گەمانەی لەگەڵ کۆمەڵەکە دەکرد: وای لەو خانمە دەکرد، پێشبینی ئەوە بکات کێ نامەکەی ناردووە، پاشان دەیخستە ژێر پێیان، تا سەمای لەسەر بکەنو گۆرانی بەدەمەوە بڵێن، تا ئەوەی نامەکەی دەدایە دەست. ئەویش وتی «هەستە! گەر دەتەوێت لەو نامەیە تێبگەیت، دەبێت هەستیت!» نزیکەی دوو مانگ تێپەڕی بوو بەسەر ئەوکاتەی کە بۆدواجار زانیاریم لەبارەی خێزانەکەمەوە پێگەیشت، هەموو رۆژێکیش لەبارەی تەندروستی باوکمەوە نیگەران بووم. کاتێك کە ساڵێك بەر لەوە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری ئامینەو شەریف گەڕامەوە بۆ مەقادیشۆ، من تا ئەو رادەیە ئەوەندە لەخوێندنەکەم چووبوومە پێش کە نیشانەکانی نەخۆشی سیل دیاریبکەم، سیل نەخۆشییەکی زۆر باو و مەترسیدار بوو لەناوچەکەماندا.

قیژاندم «تات هەیە!» لاواز و رەنگی زەرد بووبوو، هەوڵیشیدەدا کۆکەکەی بشارێتەوە.

ئەویش بەلاقرتێوە پێیوتم «دۆتۆریسا حەوا[2] هاتویتەوە ماڵو هەر وا زوو نیشانەی نەخۆشی دیاریدەکەیت؟»

بردمان بۆ نەخۆشخایەك کە تایبەتمەندبوو بە نەخۆشی سیل. پشکنینەکە بە بەلاش بوو، هەرچەندە دەرمانی چارەسەرکردنیان نەبوو. بۆ دەرمانەکان 300 دۆلارم خەرجکرد، کە من لە پارەی تەرخانکراوی خۆمو هەندێك لەو وردە ئیشانەی کە لەوەرزی هاوین دەمکردن، کۆم کردبووەوە. ئێمە لەبارەی ئەوەوە هیچمان نەوت، ئەگەر ئەو دەرمانانە تەواوبن دەبێت چی بکەین.

ناسنامەی خوێندکاری خۆمم برد بۆ نەخۆشخانەی مەقادیشۆ، داوام لەپزیشکەکان کرد بە هەر جۆرێك دەتوانن یارمەتیم بدەن. لێم پرسین «تکایە دەتوانن یارمەتیم بدەن باوکم ببەن بۆ نەخۆشخانەی سیل لە یەکێتی سۆڤیەت؟» ئەوانیش بە منیان راگەیاند بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانەکەم و داوای یارمەتییان لێبکەم.

نامەکە لە ئامینەوە بوو، داوام لە ئاسلی کرد بیخوێنێتەوە.

ئاسلیش دەستیکرد بە خوێندنەوەی «خوشکەکەم...» ئینجا وەستا، منیش هەستامە سەرپێ‌و رووم تێکرد، ئەویش بەردەوام بوو «هیچ وەڵامێکم لەتۆوە پێنەگەشت پاش ئەوەی باوکمان کۆچی دواییکرد».

هەرکە بەردەوام نامەکەی دەخوێندەوە، هەواڵەکە سەراپای جەستەمی داگرت. تەنیا شتێك کە تێگەیشتم ئەوەبوو، کە ئامینە نامەی دیکەیشی ناردبوو، بەڵام هیچ کامیان بە دەست من نەگەیشتبوون. بەتانیەکەم لەژێر ئاسلیدا راکێشاو دامەوە بەسەر سکمدا، بەو جۆرە مامەوە دەمقیژاندو دەگریام تا ئەوەی چاوم چووە خەو. هەرچەندە تا ماوەیەك ئەو هەر ویستی دڵنەواییم بکات، بەڵام من نە هەستم بە دەستی دەکرد، کە لەسەر شانم دانابوو نە هەستم بە دەنگی دەکرد، کە بەگوێمدا دەیچرپاند. من باوکم لەدەستدا ئێستا خوشکەکانم بە تەنیان.

کاتێك لەفڕۆکەخانە باوەشم پێداکرد گریام، روومەتم نا بە سنگییەوە «باوکە گیان چاوەڕێم بکە، چاوەڕێم بکە! دێمەوە بۆ لات».

رۆژی دواتر لەنێو ئەو هەموو جاڕدانە بەرزەدا خەوم لێکەوتبوو، تەنانەت ئاگام لەتەقەی دەرگاکەشم نەبوو. ئێوارەی دواتر کە ئاسلی بردمی بۆ نانخواردنی ئێوارە پێموت «پێیان بڵێ من نەخۆشم. بە هیچ کەس مەڵێ چی روویداوە». لەوانەیە من لەخەوەکەم رابم‌و باوکم نەمردبێت.

کاتێك هەواڵی کۆستەکەم بڵاوبووەوە، هاوڕێکانم بە دزییەوە لەژێر دەرگاکەمدا تێبینیان دەنوسی، کە هاوڕێکانم رووزەردی ئەو برینپێچە بوون، کە لەپشت نامەکەی ئامینەوە بووە. کاتێك دواجار توانیم هەستمە سەر پێ‌و نامەکەی ئامینەم فڕێداو گەڕامەوە بۆ ناو جێ، ماندوو بووم بە دەست کارکردنەوە. ساڵێك بەرلەوە باوکم نامەیەکی سوپاسگوزای بۆ نوسیبووم، بۆ ئەو

کاتژمێرەی کە لە قوتابخانەوە بۆم ناردبوو «دۆریسا حەوا ئێمە لەچاوەڕوانی تۆداین»، بەڵام من نەمتوانی لەکاتی خۆیدا بگەمە لای.

خواستی من بۆ بەرەوپێشبردنی خێزانەکەم، تەنیا ئەوکاتە چووە سەر، کە من گەڕامەوە بۆ مەقادیشۆ، ئەو کاتەی کە بینیم شێوازی سیاسەتی وڵاتەکە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر هاووڵاتییان، منیش نائومێد بووم لەوەی چی بکەم. چەند مانگێکی کەم، پاش ئەوەی قوتابخانەی جۆن ئێف کەنەدی لەساڵی 1972 داخرا، بڕیارمدا ناوی خۆم لەقوتابخانەی یاسایی تۆمار بکەم، بۆ هەنگاو هەڵگرتن بە دوای شەریفی مێردی ئامینە، کە چەند ساڵێك بەرلەوە دەستیپێکرد بوو. کاتێك ناوم تۆمارکرد، ئەوەم کەوتەوە بیر کە شەریف پێیوتم کاتێك کە گەڕامەوە بۆ مەقادیشۆ پاش مەرگی باوکم، پرسیاری عەدەنیشم لێکرد. ئەویش وتی «زۆر باشە، بەڵام گەر دەتەوێت شووی پێ بکەیت، دەبێت هاوسەرگیریی بکەنو لـەدەرەوە بژین. شتەکان لە سۆماڵ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە». عەدەن حوکمی سەربازی پێخۆش نییە، پێیباشە ئازاد بێت، پێیباشە تۆ هەرچی دەخوازیت بیڵێیت. «خوێندنەکەت تەواو بکەو هەر لەدەرەوە بۆ کار بگەڕێ، ئەگەریش توانیت یارمەتیمان بۆ رەوانە بکە».

پێموت کە من وڵاتەکەمو خوشکەکانم خۆشدەوێن، دەتوانم دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت رازی بکەم، کاتێك زانکۆت تەواوکرد بگەڕێیتەوە. وتم «دەزانم ژیان لەدەرەوە چۆنە، بەڵام ژیانی من لێرەیە».

کاتێك ترسی خۆمم نیشاندا دەربارەی گۆڕانکارییەکانی زەمەن، شەریفیش نیگەرانی پێشتری هەبوو. پێیوتم «پێموتیت ئەوە روودەدات، هەر بۆیە ئێستا ناتوانیت هیچ بکەیت».

پاشنیوەڕوان دەچوومەوە وانەکانمەوە، هەربۆیە زۆر رۆژ دەمتوانی پاش کارکردن بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە، لەدەورووبەری کاتژمێر 1:30 - 2 پاشنیوەڕۆ لەنەخۆشخانەوە دەگەڕامەوە بۆ ماڵا، ئینجا لە 3:30 – 7 دەچوومەوە بۆ

خوێندن. بە هەموو جۆرەکانی یاسا ئاشنا دەبووین، یاسای نێودەوڵەتی، یاسای گشتی، یاسای تایبەت، یاسای کارگێڕیو یاسا ئیسلامییەکان، یاخود شەریعەت. هەرچەندە من هەندێك رووی شەریعەت بەرز دەنرخێنم، ئەو مەرجانەی پەیوەستن بە بواری بازرگانییەوە لەئیسلامدا، هاوتای ئەوەیە لەیاسا مۆدێرنەکاندا هەن، بەڵام هەمیشە لەگەڵ مامۆستاکەمدا لەسەر مافەکانی ژنان لەمشتومڕدا بووین.

بەپێی شەریعەت خێزانی زاوا پێش هاوسەرگیریی پارە دەداتـە ماڵی بوکێ، لەبەرئەوەی ئەو بەمجۆرە پشکی خۆی وەردەگرێت، دەسەڵاتی ئەوەی نییە مومارەسەی هەمان ئەو مافانە بکات، کە مێردەکەی هەیەتی، هەربۆیە ئەگەر تۆ ژنێك بیتو بکوژرێیت، بکوژەکەت تەنیا پەنجا حوشتر دەداتە خانەوادەکەت، بە پێچەوانەوە لەبەرامبەر کوشتنی پیاوێکدا دەبێت سەد حوشتر بدرێت. مامۆستاکەم هەوڵیدا ئەم دەنگە لەپۆلدا بۆ پێشەوە بیات، بەڵام ئەزمونی شەخسی خۆم پێچەوانەی ئەوەی پێوتم.

ئەو ئـازارەم لەیادە کە لەڕوخساری باوکمدا بوو لەساڵی 1962 کاتێك گەڕامەوە بۆ مەقادیشۆ، دوای ئەوەی ماوەیەك بوو دووربووم، زانیم ئەبێیۆ بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردووە. باوکم وتی «مامەکانت نەهاتن بۆپرسەکەی، رۆژێك دواتر هاتنو هەموو گاو بزنەکانیان بردن».

لەو کاتەدا من تەواو گرژ بووم بە لەدەستدانی ئەو داپیرە ئازیزەم، تێنەگەیشتم گرنگی ئەو قسانەی باوکم چی بوو، دواتر هێواش هێواش قوڵی لەسنگییەوە پێچا، هەوڵیدا بە سانایییەوە ئەوە روونبکاتەوە کە مامۆستاکەم پێیوتبووین. لەمردنیدا خزمە نزیکەکانی ئەبێیۆ با هەرچەند دووریش بووبن، دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو زیاتر لەئێمە ببەن، کە کچەزای ئەو بووین. دایکم ئەو وەسیەتەی بەرز نەکردەوە، تا بەرگری لەو ئاژەڵانە بکات، کە ئەو و باوکم

کڕیبوویان، تا لەکێڵگەکەی  ئەیێیۆدا بەخێوی بکەن. وتی «هەموو مانگاکان میراتی دایکمە، ئەویش هیچی نییە، جگە لەمنداڵەکانم».

هەربۆیە کاتێك باوکم گۆڕەکەی  ئەیێیۆی هەڵدەکەند، برازاکانی خەریکی فرۆشتنی ئاژەڵەکانی بوون. هەربەو شێوەیە ئاسایشی کەمی خێزانەکەم و ئومێدی پاراستنی نەما. لە شوێنەکەیدا تەنیا بزنێکی بچوك هەبوو کە پوشوپەڵاشی دەخوارد لەگەڵ خوشکە بچوکەکەم فادومە عەلی، کە باوکم مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی دەبێت بمێنێتەوە.

من لەو کاتەدا لەباوکمم پرسی «بۆ شتێك ناکەیت؟» ئەویش هەروا بە سانایییەکەوە وتی، کە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە فرۆشراون.

ئیدی لەسەر ئەوە گفتوگۆم کرد «مامۆستا چۆن دەبێت من نیوە بم؟ پەنجا؟ بۆچی؟ بۆچی نابێت منیش سەد بم؟»

# بەشی شەشەم
# لە چاوەڕوانی ژیاندا، لە چاوەڕوانی مردندا

له مایسی 1975 کچەکەم دێکۆ لەدایکبوو، کۆرپەیەکی ئارام هەروەك ئێستا کە ئارامە، چاوەکانیشی هەروەك چاوەکانی عەدەن بوون. چەندین ساڵ بوو خەونم ئەوە بوو سکپڕ ببم، کاتێکیش دواجار گرتمە ئامێز، لەوە تێگەیشتم دایکبوون مانای چی دەگەیەنێت. عەدەن باوکێکی لوتبەرز بوو، هەندێکجار پاشنیوەڕوان هەموو پێکەوە دەڕۆیشتین بۆ بازاڕ، ژنان تەماشای دێکۆیان دەکردو تەماشای عەدەنیان دەکرد، بە عەدەنیان دەوت «ناکرێت بپرسیت کە ئاخۆ ئەوە کچی تۆیە یان نا».

لەو سەردەمەدا حکومەت چوار مانگی وەك مۆڵەتی دایکایەتی دەدایە ئەو ژنانەی کاریان دەکرد، دوو مانگ پێش لەدایکبوونی منداڵەکەو دوو مانگیش دوای لەدایکبوونی منداڵەکە. ئەوەش نمونەیەك بوو لەو شێوازەی کە حکومەت یارمەتیدەدائین، هەرچەندە بەشێوەی دیکە تەنگی پێهەڵدەچنین. سیاد بەڕی پاڵپشتکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان بوو، لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئەودا، ژنانی سۆماڵ بوونە مامۆستاو ئەفسەری پۆلیسو تەنانەت کرێکاریش کانزاو بەردیان هەڵدەگرت، کاریاندەکرد بۆئەوەی بەخێرایی شارەکەمان بەرەوپێش ببەن. ئەو ساڵەی دێکۆ لەدایکبوو بەشێکمان لەیاسای خێزانی ساڵی 1975 بینی، کە لەڕووی موڵکدارییەوە یەکسانی دەدایە ژنان ، ئەوەش چەسپێنرا کە هیچ پیاوێك ناتوانێت لەژنەکەی جیاببێتەوە بێ ڕەزامەندی ژنەکەی. ئەوەش جۆرە ئیلهامێك بوو: ماوەی چەندین ساڵا بوو ژنان هەروەك مادە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، پیاو دەیتوانی فڕێی بداتە ئەودیوو دەرگا. ئێستا ئیدی ژنان دەیانتوانی ئەو شێوازە مامەڵەیە بگەیەننە سەنتەری شارۆچکەکەو کۆمیتەیەك پێکدەهێنرا بۆ داکۆکیکردن لەحاڵەتەکەی.

هەروەها حکومەتەکەمان یارمەتی بنەڕەتی دابینکرد بۆ ئەو وشکەساڵییەی، کە ساڵانێك بوو لە سۆماڵ و ئەسیوپیای دراوسێیەوە سەریهەڵدابوو، برسێتییەکی زۆری لێکەوتبووەوە، لەپێناو پاراستنی هەزاران کەس لەبرسێتی، حکومەت دەستیگرتبوو بەسەر ناوچە گوندنشینەکانی نزیك رووبارەکانی شابێڵو جوبا، چەندین ناوەندی پەنابەرو کێڵگەی هەروەزیان تێدا دامەزراندبوو. زیاتر

لەسەد هەزار کەس سەرلەنوێ نیشتەجێ کرانەوە، کە لەناوچە دواکەوتووەکانی باکورو رۆژهەڵاتی وڵاتەوە گوازرانەوە بۆ باشور، کە تێیدا خواردنیان پێدەدراو کشتوکاڵیان دەکردو راوەماسیان دەکرد.

سەرباری ئەو سەرکەوتنەش، شۆڕەتی نێودەوڵەتیشمان هەڵکشا، ئەو دەمەی هەماهەنگیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت گۆڕانی بەسەردا هات. لەساڵی 1974 پاش ئەوەی شۆڕش لە ئەسیوپیا هەڵگیرسا، یەکێتی سۆڤیەت دەستیکرد بە پشتیوانی کردن لە سەرۆکە نوێیەکە: مینگیستو هەیل مەریەم. بۆ ماوەیەکی زۆربوو کە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ ئەسیوپیا لەکاتێکدا ناوچە رۆژهەڵاتیەکەیان ئۆگادین، بەشێك بوو لە سۆماڵ. پاش ئەوەی سۆڤیەتییەکان سیاد بەڕییان تۆمەتبارکرد بە پشتیوانیکردنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی نێو ئۆگادین لەساڵی 1977 ئیدی کەوتینە جەنگەوە.

کاتێك گوێبیستی جەنگ بووم گریام، دەمزانی ئەو پیاوانەی لەلایەنی بەرامبەرن برامانن، ئەو هاوڕێیانەمان بوون کە لەزانکۆ پێکەوە بووین. سەرەتا لەوە ترسام کە عەدەن ببرێت بۆ بەرەکانی جەنگ، بەڵام رێگەی درا تا لەنێو مەقادیشۆدا بۆ کۆمپانیایەکی گواستنەوەی حکومی کاربکات. هەموو شەوانێك دەگەڕاینەوە تا گوێ لەهەواڵی رادیۆ بگرین، کە چۆن سەربازە سۆماڵییەکان بە تانكو تۆپی روسی پرچەککراون، بەرەو پایتەختی ئەسیوپیا ئەدیس ئەبابا دەڕۆن.

لەودەمەدا دێکۆی من منداڵێکی خنجیلە بوو، منیش دووبارە سکم پڕبوو و ترسیشم هەبوو لە پاشەڕۆژمان. ئێمە لەجەنگدا بووین لەگەڵ وڵاتێك کە سوپاکەمانی دروستکردبوو، وا ئێستا ئەوان لەهەموو لایەکی جیهانەوە چەکداردەهێنن، هەر لە کوباوە بۆ یەمەن، بۆ پشتیوانیکردنی رژێمی ئەسیوپیا. کاتێك بارودۆخی جەنگ لەکۆتایی ئەو ساڵەدا خراپتر بوو، سیاد بەڕی دوایین ئاگاداری بڵاوکردەوە بۆ ئەو سۆڤیەتییانەی، کە لە سۆماڵ دەژیان: «لەماوەی بیستو چوار کاتژمێردا وڵات بەجێبهێڵن». ئای لە دیگفێر چەند گریاین کاتێك قسەمان لەگەڵ ئەو هاوەڵە سۆڤیەتییانەمان دەکرد، کە بۆماوەی چەندین ساڵ

بوو شانبەشانی ئێمە کاریاندەکرد. هەرچەند هەوڵماندەدا ئەوپەڕی پەژارەی خۆمانیان بۆ دەرببڕین، بەڵام هیچ سودی نەبوو. سیاسەت یاری مەرگە، پاش حەڤدە ساڵ باشترین هاوڕێکانمان بوونە خراپترین دوژمن.

یەکێك لەو هاوپۆلانەمان کە نێردرا بۆ جەنگ، پیاوێك بوو بە ناوی یوسف، کە نێررابوو بۆ سۆڤیەت بۆ خوێندنی لۆجیكو فەلسەفە، لەپێناو ئەوەی خزمەتی رژێمەکەی سیاد بەڕی بکات. یوسف داوای لێکرابوو تا بچێتە بەرەی پێشەوەی جەنگەکەوە، لە ئەسیوپیا، ئەو جەنگەی کە ئێمە ناوی دەبەین بە جەنگی ئۆگادین، بەڵام شەوێکیان ئەو لەشوێنەکەی هاتبووە دەرەوە، کە رەنگە بۆ سەرئاو چووبێت، تەقەی لێکرا. دواتر یەکێك لەپیاوە سۆماڵییەکان وتی «وامان زانیبوو ئەو دوژمنە». هەرچەندە ئەوان ئەوەیان بە رووداوێك ناوبرد، بەڵام ئێمە گومانمان هەیە. هەمیشە بەشێك هەن لە کۆمەڵگە کە رقیان لەپیاوی بەهێزو بەهرەمەندە، ئەوانەی کە دەسەڵاتیان نییە حەسودی دەبەن، هەموو هەوڵێکدەدەن بۆ تێکشکاندنی ئەو کەسە.

ئێمە هەمیشە یوسفمان وەك کەسێکی سەرکەوتوو ناسیوە. لەبیرمە رۆژێکیان هاتە نێو هۆبە پزیشکییەکەی بەشە ناوخۆییەکەم، کاتێك بینی خۆم نەگۆڕیوە لێی پرسیم «حەوا ئەوە چی دەکەیت؟»

منیش نیگەران بووم لەوەی کە ئەم کوڕە گەنجە بەرهەڵستیم دەکات، لەکاتێکدا من خوێندکارێکی پزیشکیم، پێموت «نانی بەیانی لەناو جێدا دەخۆم، دەمەوێت ئەمڕۆ بحەوێمەوە».

ئەویش وتی «ئەوە بۆرژوازیەتە، دەبێت هەستیتو خۆت بگۆڕیتو کارەکانی خۆت جێبەجێ بکەیت». کاتێك دەرگاکەی داخستەوە پێکەنیم، بەڵام وای لێکردم هەستمو دەست بکەمەوە بە کارکردن. ئەوە یوسف بوو، ئەو ئەم وڵاتەی خۆش دەویست، گەڕا بەدوای شتێکدا تا ئەنجامیبدات، هەروەها هانی کەسانی دیکەشی دەدا، کە خەڵکی دەتوانن هەرشتێك بکەن کە لە مێشکیاندایە.

لە ساڵی 1978 کاتێك سوپای ئەسیوپیا بە پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت ڕاپەڕینێکیان لە دژی چەکدارە سۆماڵییەکان هەڵگیرساند، مامۆستاکان توانیان قوتابیەکانیان ببەزێنن‌و سۆماڵیش جەنگەکەی دۆڕاند. هەزران کەس مردن، ئەو پیاوانەشی کە گەڕانەوە لەڕووی سۆزداری، یاخود جەستەییەوە تێکشکابوون. هەندێك لەئەندامەکانی ڕژێمەکە وەك باند مامەڵەیان دەکرد، دەسەڵاتی خۆیانیان بەکاردەهێنا بۆ دزیکردن لە خەڵکە گوندنشینە هەژارەکان، یاخود هۆزەکەی خۆیانیان بەسەر ئەوانەی بێدەسەڵات بوون زاڵدەکرد. جاروبار گوێبیستی ئەوە دەبووین، کە خزمەکانی سیاد بەڕی دڵنیاییان پێداوە بەوەی، کە پاراستنی موڵك‌و ماڵە تایبەتییەکانی ئەو، لەسەرووی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانەوە دەبێت.

دەزانین کە هەر لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگەی سۆماڵی ڕێزێکی زۆری داناوە بۆ ئەو کەسەی، کە نێوانگیری جەنگی نێوان دوو گروپ دەکات. هەتا سەرۆك زیاتر پشتی هۆزەکەی خۆی بگرتایە، زیاتر لەنێو لایەنگرانیدا دەسەڵات‌و سومعەی لەکەدار دەبوو. ئەمەش نیشانەی سەرەتای کێشەکان بوو، هەروەك ئەو پیاوەی دەنێررێت بۆ جەنگ، کەچی تەنیا بە رق‌و نیگەرانییەوە دێتەوە. لەو کاتەوەی کە ئەوان ئەو رقەیان وەك چەکێك بەکارهێنا، هەموو ئەو شتانەیان تێکشکاند، کە سەردەمانێك بوو جەنگیان بۆ پاراستنی دەکرد.

تێگەیشتنێکی باو هەبوو سەبارەت بەوەی پزیشکەکان نابێت چارەسەری ئەندامانی خێزانەکەی خۆیان بکەن، بەڵام ئەو کاتەی ئامینە لەو ساڵەدا نەخۆش کەوت، پاش ئەوەی سێیەم منداڵی بوو، هەموو ئەو یاسایانەم لەبیر کرد، کە فێرکرابووم. بۆ ماوەی چەندین رۆژ هەستی بە ئازار دەکرد لە لای راستییەوە و تا دەهات خراپترو خراپتریش دەبوو. هەرکە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ترسی ئەوەمان لێنیشت، توشی هەڵاوسانی جگەر بووبێت.

«دەبێت گرنگیت پێبدەم» ئامینە بەدەم ناڵە ناڵەوە ئاماژەی بۆ سکە هەڵاوساوەکەی من دەکرد، لەوکاتەدا کە عەدەن ئەوی دەبرد بۆ نەخۆشخانە. منیش دەبوو لەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا منداڵم ببێت.

منیش وتم «تۆ تەنیا پشوو بدە، کاتی ئەوە دێت، کە تۆش یارمەتی من بدەیت». پاشان ئەو کاتەی ئەو نوست بە ڕاڕەوەکـەدا ڕۆیشتم، بە دوای پزیشکێکی هەناویدا گەڕام، دمزانی هەرکاتێك کەسێك توشی هەڵاوسانی جگەر ببێت، دەرفەتی مانەوەی کەمە. نیشانەکان دیاریکران، تا حەوت ڕۆژ دواتریش هەر دەتوت لەسەر ئاگرم، تا دەهات جیهانەکەم بچوکترو بچوکتر دەبووەوە. ئەومان برد بۆ نەخۆشخانەیەکی جیاواز، بە ناوی مەدینە تا لەگەڵ یەکێك لەپسپۆڕانی جگەر ڕاوێژ بکەین، بەڵام بەردەوام ئازاری هەبوو و هەر خواردنێك بۆمان دەهێنا ڕەتیدەکردەوە.

لە وڵاتـە گەشەکردووەکاندا پزیشکان ڕێگەی جیاوازیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی جگەر، ئـەوان هەندێکجار جگەری نوێ لەجێگەی دەچێنن. لەدەمی ئێستاماندا بەوجۆرە نییە. دڵم تەقی کاتێك خوشکەکەمم دەبینی بەدەم ئازاراوە دەتلایەوە، لەماوەی ئەو حەوت ڕۆژە تاریکەشدا ئەو کونە تا دەهات گەورەترو گەورەتر دەبوو. وەك دکتۆرێك دەمزانی ڕەوشی ئەو تابێت خراپتر دەبێت، بەڵام کاتێك ئەو شەوە لەگەڵ منداڵەکانی دانیشتم ڕاستییەکەم لا نەدرکاندن.

کاتێك زەردی سپێنەی چاوی خوشکەکەمی داپۆشی، داوام لەهاوەڵانم کرد، تا لەکارەکەمدا یارمەتیم بدەن. شەو و ڕۆژ لەگەڵی دەمامەوە تا ئەوەی ئیدی هۆشی لای خۆی نەما، داوای ڕای زیاترو پسپۆڕی زیاترم دەکرد. لەگەڵیان ڕاوەستابووم، لەکاتێکدا ئەوان سەریان بۆ یەك دەلەقاند، ڕووخساریان پڕبوو لەنیگەرانی. لەکاتێکدا ئێمە هەموو دەورمان دابوو، زۆر دەستەوەستان بووین.

شەریف تەواو خەفەتبار بوو بە بە لەدەستدانی ژنەکەی. عەدەن دەبوو بچوایەتە سەر کار، بەڵام من بۆ چەند ڕۆژێـك لەجێدا مامەوە پشتم بە یاریدەدەرێك دەبەست، تا یارمەتی منداڵەکان بدات. هیچ کام لەئێمە وشە ڕاستەکانیان نەدۆزییەوە، سەبارەت بەو بێدەنگییەی تەوقی خێزانەکەمانی دابوو. لەشەودا بە بێدارییەوە ڕادەکشام‌و بە خۆمم دەوت: «چارەنوسی تۆ چییە؟ بە دانەیەکی دیکە، سێ منداڵت پێگەیاند، ئێستا بەهۆی خوشکەکەتەوە دەبێت سیانی دیکە بەخێو بکەیت، دوو کوڕو کچێك».

من هەر دڵنەوایی ئامینەم دەکرد، کە شیرینترینو ئارامترین کەس بوو لەنێوماندا. ئەو تەنیا کەس بوو کە بەڕاستی لەمن تێدەگەیشت، تەنیا منیش بووم کە لەو باوەڕادا بووم، کە ئێمە پێکەوە دەتوانین خێزانەکامان رابگرین. ئاشاو خەدیجە هەروەك شەریف بەشێوازی خۆیان هەواڵەکەیان هەروا بە ئاسانی وەرگرت، بۆ راوێژکردن نەدەهاتن بۆ لام، هەربۆیە کە مانگەکانی سەرەتا تێپەڕی، من تەنیا لەگەڵ منداڵەکانم بووم، لە ژووری دانیشتنو چەند جێگەیەکی بچوکی دیکە ماینەوە.

هەوڵمدا تا ئەوە بیرخۆم بێنمەوە، کە ئەیێیۆ لەو رۆژە سامناکانەی سەرەتای پاش مردنی دایکم پێیوتم «هەرچەند تۆ نیگەرانیش بیت، ژیان هەر بەردەوامە، دەبێت چاودێری من، خۆت، باوكو خوشکەکانیشت بکەیت».

من ئەوکاتە تەنیا تەمەنم سیانزە ساڵان بوو، نەمدەتوانی دڵنەوایی ئەیێیۆ بکەم کاتێك دەگریا. ئەو پەڕی هەوڵی خۆمم دا تا بە دەسکەوان گەنمەشامی بکوتم، مەشکە بژەنم تا دەبێتە کەرە. خۆم کێڵگەکەم کێڵابوو، تۆوی گەنمەشامی، فاسۆلیاو کاڵەکیشم چاند بوو. کاتێك هێشتا هەر لە لافۆڵ بووین لەکاتژمێر چوار هەڵدەستاین، کاتێك گەڕاینەوە بۆ مەقادیشۆ کاتژمێر سێ هەڵدەستاین. ئەوەش تەنیا رێگەبوو، کە من دەمتوانی بخوێنم بەرلەوەی نانی بەیانی ئامادە بکەم، باوکم بەخەبەر بێنمەوە و دواتر خۆراك بدەم بە خوشکەکانمو بیانشۆم. هەوڵمدا هەموو شتێك بکەم، بەڵام دواجار نەمتوانی بیانپارێزم.

من لە ژووری نوستنەکەدا بووم چەند هەفتەیەك دوای ئەوەی ئامینە کۆچی دواییکرد، گوێم لە دەنگی زنجیرەیەك تەقینەوە بوو. سەرەتا شپرزە بووم، بەڵام کاتێك بەردەوام گوێم گرت، ئینجا تێگەیشتم: ئەوە هەر تەقە بوو، بەڵام دەنگی بەرزتر بوو، تەقینەوەی بۆمبی هاوەن بوو، رەنگە ئەوە پێشتر لەڕادیۆ گوێم لێ بووبێت. بە ترسەوە ئۆقرەم گرتبوو. چۆن ئەمە بۆ منداڵە بچکۆلەکانت رووندەکەیتەوە؟ پێکەوە لە جێگەیەکدا دانیشتبووین، گۆرانیمان دەچڕی. من دەستم پێکردو دوو منداڵە گەورەکەی ئامینەش بۆیان دەسەندمەوە.

دەکرا تەقینەوەکان بێن و زەفەرمان پێبێنن، بەڵام پەژارەم هێندە قوڵبوو، هەستم بە هیچ ترسێك نەدەکرد. کاتێك بۆ دوایین جار شارەکە ئارام بوو، تەماشامکرد تا بزانم دەرگاکە داخراوە ئیدی لەگەڵ هەموو منداڵەکان پێکەوە چووین بۆ نووستن. کاتێك هەستاین، زانیم کە یەکێك لە گروپەکانی دژە حکومەت پەلاماری خانویەکی سیاد بەڕیان داوە، بەڵام ئەوە کودەتایەکی باش رێکخراو نەبوو. تەقە لەلایەن چەکدارانی حکومەتەوە دەستپێکردەوە، دواتر دوانزە پیاو گیران و سزای مەرگیان بەسەردا درا.

چەند رۆژ دواتر کچێکی ترم بوو، ناوم نا ئامینە، بۆئەوەی بەدرێژایی رۆژەکانی ژیانم ئەوم لەبیر بمێنێت. کاتێك تەنیا حەوت رۆژی تەمەن بوو، پێموت «تۆ ئەو کەلێنەی نێو دڵم دەگریت، هەر وەك چۆن ئامینە چاودێری دەکردم، تۆش چاودێریم دەکەیت».

نەریتی کۆن دبێژێت ئەگەر ژنێك مردو خوشکێکی شونەکردووی هەبوو، ئەو خوشکەی دەدرێت بە مێردی ژنە مردووەکە. رەتمکردەوە گوێ بگرم، کاتێك خەڵکی لەبارەی خێزانەکەمانەوە دەدوان، بیریان بۆلای خوشکە بچووکەکانم ئاشاو خەدیجە دەچوو. زانیم شەریف پەژارە دایگرتووە عەشقێکی راستەقینەی بۆ ئامینە هەبوو. گومانی تێدانەبوو خێزانەکەمان بەبێ ئامینە پەرتەوازە دەبوو.

شەوێکیان ئاشا زۆر درەنگ هات، لەکاتێکدا من لەدەرەوە نوستبووم، لەشوێنێکدا کە فێنکتر بوو لـەژوورەوە. پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی وتی «من لە لافۆڵا بووم، دەبوو هەندێك لاپەڕە ببەم بۆ زانکۆکەی». چەند رۆژێك دواتر ئەو خێزانەی کە دەمناسین هاتن تا پۆزش بێننەوە. وتیان «داوای لێبوردن دەکەین کە شتەکان بەپێی دابونەریتی سۆماڵی بەڕێوە نەچوون». ئاشا گومانی لەوە هەبوو، کە ئێمە ناچاری بکەین تا شوو بە شەریف بکات، لەبری ئەوە شووی بە یەکێکی دیکە کرد.

زۆری پێنەچوو ئامۆزایەکی شەریف هات بۆ لام و وتی «دەمانەوێت خەدیجەمان بدەنێ».

منیش پێموت «خەدیجە تەنیا حەڤدە ساڵە». ئێمە کەمێك قسەمانکردو دواتر هیوای کامەرانی بۆ خواستم و رۆیشت.

ئەو شەوە و ڕۆژی دواتریش خەدیجەم نەبینی. کاتێك پاشنیوەڕۆی دواتر لەبازاڕ گەڕامەوە، کەسێك لەخزمەکانم هاتبووە لای دەرگاکەمان. وتی «تۆ ڕەتتکردەوە، بەڵام شەریف بردییەوە».

پرسیم «مەبەستت چییە؟»

«ئەو ژنی هێناو ئێستا پێکەوەن». شەریف لەخەفەت دوورکەوتبووەو دوور لەماڵەکەی خۆی شوقەیەکی دیکەی گرتبوو. ئەو پاشنیوەڕۆیە ئەو خەدیجەی هێنابوو بۆ ئەوەی ئێمە ئامادەبینو پیرۆزبایی لێبکەین.

ئاشا ڕۆیشتبوو، هەواڵەکەم بە عەدەن گەیاندبوو، بەڵام بەو منداڵانەم نەوت کە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لەگەڵ ئێمە مابوونەوە و بەبێ باوکییان. هەوڵماندا هەر بەردەوام بین تا ئەو کاتەی ئێوارەیەکییان شەریف گەڕایەوە ماڵا تا منداڵەکانی بباتەوە.

هاوارمکرد «بۆچی؟ ئەوان لێرە زۆر دڵخۆشن. چۆن دەتوانیت بەخێویان بکەیت؟»

ئەویش بە توندییەوە پێیوتم «ئەوانە منداڵی خۆمن، ئەوەی بمەوێت بۆیان دەکەم».

بەرهەڵستی من هەرچی بێت، زانیم کە ئیدی ئەوە بۆتە ڕاستی». چوومە نێو جێ، بە منداڵەکانی ئامینەم وت «باوکتان هاتووە، ئەوانیش چوون بۆ لایو باوەشیان پێداکرد «ئێوە هەرچیتان پێویست بێت بۆتان دەکات» هەوڵمدا تێیان بگەیەنم، کەچی ئەوان سەرسام بوون کە گوێیان لێم بوو.

چەند مانگێك دواتر، شەریف دووبارە گەڕایەوە، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ خەدیجەدا. هەدووکیان سەلامیان لێکردم، بەڵام دواتر خەدیجە بێدەنگ بوو. شەریف وتی «ببورە خوشکێ ئەوەی بوو بوو، دەمانەوێت ئێستا لێمان ببوریت».

بە بیستنی ئەم داوایە، بەو شێوە ڕاشکاو و بێشەرمانەیە، توشی شۆك بووم، کاتێکیش ئەوانم پێکەوە بینی هەموو ئەو پەژارەیەی کە هەمبوو گۆڕا بۆ توڕەبوونێکی گەرم پێموت «دوورکەوەوە، نامەوێت ڕووخسارت ببینم».

# بەشی حەوتەم
# پڕکردنەوەی کەلێنی نێو دڵم

کاتێك گەڕامەوە بۆ کارکردن پاش لەدایکبوونی ئامینە، هەستام بە گواستنەوەی راژەکەم لەوەزارەتی تەندروستییەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا کە لەوێ من وەك یاریدەدەری پڕۆفیسۆر لەبەشی پزیشکی منداڵبوونو ژنان کارم دەکرد. من تەواو وەڕس بووبووم لەو سیاسەتە ناوخۆییەی وەزارەتی تەندروستی، دەمویست گۆڕانکاری بکەمو دەرفەتێکم دەست بکەوێت بۆ وانەوتنەوە. ئێستا لەهەفتەیەکدا چەند بەیانییەك دوو کاتژمێرو چلو پێنج خولەك وانەم دەوتەوە، لەکاتێکدا پاشنیوەڕوانیش کاروباری نەخۆشخانەم رایی دەکرد، هەمیشە کاریگەری خوێندکارانی قۆناغی چوارەم و پێنجەمم لەسەر بووە.

حەزم دەکرد ئەزمونێك بەو خوێندکارانە بدەم، لەبەرئەوەی لەئەزمونی خوێندنی خۆمەوە بۆم روونبووەوە، کە هـەزاران کتێب ناگەنە بارتەقای چەند کاتژمێرێك سەرنجدان. من وەك مامۆستایەکی وشك ناسرابووم. بەهۆی رەنگدانەوەی مامۆستاکانی ئۆکراینەوە، بە خوێندکارەکانی خۆمم وت «ئەگەر ئەم بابەتە نەزانیت، نمرەت بۆ دانانێم، نامەوێت فێڵ لەخەڵکی بکەم پێیانبڵێم تۆ پزیشکیت، لەکاتێکدا تۆش هیچ نەزانیت». هەرچەندە ئەوان لێم دەترسان، بەڵام پێموابوو رێزیشم دەگـرن. خۆشحاڵ بووم بەوەی بە نێو هۆڵەکانی نەخۆشخانەدا لەگەڵ ئەو خوێندکارە لاو و بەپەرۆشانە دەڕۆیشتم، سەردەمی لاوێتی خۆمم بیردەهاتەوە.

ساڵی دواتر بۆ دواجار بڕوانامەی یاساییم وەرگرت، بەڵام هێشتاش رۆژەکانم پڕبوون لەسەرقاڵی. هەندێك شەو عەدەن دەچووە دەر لەگەڵ هاوڕێکانی، چای دەخواردەوەو قاتی دەجوو، کە جۆرە ورياکەرەوەیەکی شەعبییە لەگەڵی دەوەنی ناوچەکەوە دروستدەکرێت، ئیدی هەتا ئێوارەیەکی درەنگ هەر باسی سیاسەتو بازرگانیان دەکرد. بێ ئەوەی قسەیەك لەگەڵ خوشکەکانم بکەم، لە مێزی نانخواردنی دەم بەیانییەوە دەڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانەو لەوێشەوە بۆ پۆلی وانەوتنەوە، ئینجا بۆ سەر مێزی نانخواردنی ئێوارە، یاخود ئەگەریش دوابکەوتمایە راستەوخۆ دەچوومە ناو جێ، باوەشم پێدادەکردنو سڵاوم

لێدەکردن. هەندێکجار لەوێ دەنوستم تا دەم بەیانی، تا ئەو کاتەی دووبارە دەچوومەوە سەر کار.

بوومە هاورێ لەگەڵ پزیشکێکی زیرەك‌و باوەڕپێکراودا بە ناوی فایدۆ کە لە مەقادیشۆ کاریدەکرد، بەڵام لەکێڵگەیەکی گەورە دەژیا لە لافۆل لەنزیك ئەو شوێنەی کە منی تێدا گەورە بووم. هەندێکجار لەژووری پشوودان گفتوگۆمان لەبارەی جوانی ئەو ناوچەیەوە دەکرد، کە داری گەورەو هەوایەکی پاك‌و سازگاری هەبوو. فایدۆ پێیوتم کە ئەوە لەچی دەچێت، وەك ئەوە وایە پزیشکیش بیت‌و جوتیاریش بیت. هەموو بەیانییەك زوو لەخەو هەڵدەستا بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی خەرمانەکە ئاودراوەو کرێکارەکانیشی ئەرکی خۆیانیان جێبەجێکردووە. ئەو لەکاتژمێر حەوت لەنەخۆشخانە دەبوو بۆ ئامادەبوون لەکۆبوونەوەی دەم بەیانیاندا، بەڵام لەبری ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵەوەو نانی نیوەڕۆ بخوات‌و پشوو بدات، جلی کارکردنی دەکردە بەرو دەگەڕایەوە بۆ کێڵگەکە.

لەڕێی چیرۆکەکانی فایدۆوە هەوڵمدا ئەوە بێنمەوە یاد، کە ژیان لەناوچە گوندنشینەکاندا وەك چی وابووە کاتێك من منداڵ بووم. ئێمە تەندروستییەکی باشترمان هەبوو وەك لەمنداڵانی شار، لەبەرئەوەی ئێمە بە خۆراکی پاکترو تەندروستتر بەخێو دەکراین. ئەو خێزانانەی لەوێ بوون زیاتر یەکگرتوو بوون؛ دایك‌و باوك‌و منداڵەکان لەدەوروبەری کاتژمێر شەش ئاژەڵەکانیان دەهێنایەوە، کاتێکیش دایکەکە بە ئاگر خواردنی ئامادەدەکرد، خێزانەکە پێکەوە دادەنیشتن، هەریەك گفتوگۆی لەبارەی ئەو شتەوە دەکرد، کە ئەو ڕۆژە بینیویەتی. من داهاتوویەکی نوێم بۆ خێزانەکەمان بینییەوە لەنێو کێڵگەکەماندا لەو شوێنەی، کە کچەکانم دەتوانن منداڵی تێدا بەسەر ببەن، وەك چۆن من‌و خوشکەکانم منداڵیمان تێدا بەسەر برد، بەرلەوەی شتەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت.

لە ڕۆژی دواتردا گەڕامەوە بۆ لافۆلا بۆ سەردانی زڕ خوشکەکەم فادومە عەلی. کاتێك شۆفێرەکە بە خێرایی بە ئافگۆیی ڕۆوددا دەڕۆیشت، چاوەکانم داخست‌و هەستم بە هەوایەکی گەرم دەکرد دەیدا لەڕوخسارم، دوایین جارم بیرکەوتەوە کە من‌و خوشکەکانم ماڵی ئەیێیۆمان بەجێهێشت کە ماوەیەکی

زۆر بووبووە ماڵی ئێمەش. لەو کاتەوەی کە دایکم‌و داپیرمان لەدەستدا بوو، مانگاو بزنەکانمان لەدەستچوو بوو، تەنیا دەمانتوانی ئەوەندە بێنینەوە کە دەتوانین هەڵییگرین. کتلییەکەی ئەییێوّم برد لەهەگبەکەی پشتمدا دامنا، پێکەوە رۆیشتین بەرەو مەقادیشۆ. تەنیا جارێك ئاوڕمدایەوە کاتێك گەیشتینە لوتکەی گردێکی مەزن، هەستمکرد کە هەرگیز ناگەڕێینەوە.

ئێستا پانزە ساڵا تێپەڕیوە لەو تاقە بزنەوە کە باوکم پاراستبووی، فادومە عەلی چەندینی دیکەی بەخێو کرد، لەنێو زەوییەکی بچوکی خێزانەکەماندا. لەو رۆژانەدا ئەو بە تەنیا دەژیا، کچەکەشی رۆیشتبوو لای مێردەکەی پێشتری دایکی دەژیا، سوپاسگوزاری هاوڕێیەتییەکەم بوو. بەدرێژایی رێگاکان ئەو رێبەرایەتی کردم، بۆ بینینی ئەو دەوەن‌و کێڵگە بەرینانەی کە سەردەمانێك جێگەی یاریکردنی ئێمە بوو، دەمەونیوەڕۆ لەبارەی ئەوەوە چۆن دوایی ژیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەو کاتەوە کە ئێمە منداڵا بووین. پێموت: رێگاکە کورت بۆتەوە، ئەو کاتەم بیر دەهاتەوە کە بە کاروانی حوشترو گوێدرێژی بە شمەك بارکراوەوە دوو کاتژمێر رێگەمان دەبڕی. ئێستا خەڵکی ئوتۆمبێلی بارهەڵگریان هەیە، پەرۆشی ئەوە بوون بەخێرایی دراوسێکان بگەڕێننەوە بۆ شارەکە.

کاتێك خۆراکمان تەواو کرد، قومێکم لەچاکەم داو بە خوشکەکەمم وت کە من دەمەوێت بگەڕێمەوە. پێموت «ئێستا مەقادیشۆ زۆر جیاوازە، پێشتر زۆر وەڕس بووم».

ئەویش وتی «خۆشحاڵم کە خاوەنی تۆم، بەڵام کاری تۆ لەنێو شارەکەیە».

بیرم لە فایدۆ کردەوەو پێموت «رێگەکە جوانە بە ئوتومبیل تەنیا پانزە خولەکێکە. پێم باشە بە ئۆتۆمبێل بڕۆم وەك لەوەی منداڵەکانم لەژوورێکی تاریکی بچکۆلەدا جێ بکەمەوە». کچەکان خزمەکانمان دەناسن، هەندێکیان هێشتا لەنێو دارستانەکاندا دەژین دوور لەرێگا سەرەکییەکان. ئەوان لەکەشێکی سازگاردا گەورەبوون، کە پڕبووە لەگۆشت‌و شیری تازە، کاتێك گەورە بوون چوون بۆ مەقادیشۆ بۆ قوتابخانە، یاخود لەوانەیە رۆژێك بێت وەك دایکیان کار بکەن.

منیش خەونێکم هەبوو بە پێچەوانەی زۆرینەی سۆماڵییەکانی ئەو سەردەمەوە. زۆرینەی ئەو زەوییانەی دەورووبەرمان چاڵ بووبوون، بەهۆی ئـەوەی خەڵك پۆل پۆل دەچـوون بۆ مەقادیشۆ بۆ گـەڕان بە دوای کارو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شارستانییانە. ئەو موڵکانەی لە مەقادیشۆ و دەوروبەریدا بوون خواستی زۆریان لەسەربوو، بەتایبەتی ئەوانەی نزیك کەناری دەریا بوون. ئەوەش لەپارچەیەك زەوی بچوك پێکهاتبوو، کە من چەند ساڵێك لەمەوبەر کڕیبووم، بەرلەوەی دێکۆ بێتە دنیاوە. یەکێك لەخزمەکانی باوکم لەوێ دەژیا لەو کاتەی لەسەرەتای ساڵانی 1970 حکومەتی سۆماڵ 2000 مەتر چوارگۆشە زەویوزاری کڕیبوو لەنزیك باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە مەقادیشۆ. هەرچەندە حکومەت داوای خستبووە بەردەمی، تا سەد مەتری پێ بفرۆشێت، بەڵام ئەو پارەی ئەوتۆی نەبوو تا بیکڕێت. پێیوتم «خوشکێ، دەتوانیت ئەم زەوییە بکڕیت». برام بۆ بانکۆ دی ناپۆلی تا قەرزێکی بچوك بکەم، زەوییەکەم بە 425 دۆلار کڕی، باقی پارەکەم بەکارهێنا بۆ بەرفراوانکردنی تاشە بەردەکانی دەوری موڵکەکە.

منو عەدەن دەستمانکرد بە هەڵگرتن و کڕینی زێڕ. لەو کاتەدا گەیشتینە ئەو بـاوەڕەی کە زەویـوزار باشترین سەرچاوەی وەبەرهێنانە. هەر پاش لەدایکبوونی ئامینە، پیاوێك هات بۆ لامان تا ئەو سەد مەترەی لای دەریاکەمان لێ بکڕێت. لێی پرسیم «بایی چەندە؟»

منیش پێموت «چوار سەدو پەنجا هەزار شیلینگی سۆماڵی» کە دەوروبەری 75000 دۆلاری ئەمەریکی بوو، ئەویش دەستبەجێ رازی بوو.

کاتێك لەگەڵ فادومە عەلی دانیشتم ئەو چیرۆکەم بۆ گێڕایەوە، داواملێکرد تا بە دراوسێکانی بڵێت بە نیازی کڕینی زەویم لە لافۆڵ، لەبەرئەوەی زۆر کەس ناوچەکەیان بەجێهێشتبوو چوو بوون بەرەو شار، نرخەکان زۆر بوون زیاتر لە 200 دۆلار بوون بۆ یەك هێکتار، یاخود بۆ نزیکەی دوو ئەیکەرو نیو[(3)].

منیش بە عەدەنم وت «ئێمە لەهەموو شتێك باشترینمان هەیە»، بەڵام ئەو ئاگای لەپلانەکەی من نەبوو. بەلای ئەوەوە ژیان لەناوچە گوندنشینەکاندا

تەنیا مانای ئەوەی نەبوو دوورکەتنەوەی نێوان ماڵاو شوێنی کار بێت، بەڵکو دوورکەوتنەوەش بوو لەهاوڕێکانی.

کەسێك بەوی وتبوو «ئەو ژنە شێت بووە! بۆچی پارەکەی ناخاتە بانکەوە؟»

ڕۆژێکیان کاتێك چوومە نێو نەخۆشخانە، یەکێك لەئامۆزاکانی دایکمم بینی، کە ئەو هەواڵەی بیستبوو. بە لاقرتێوە پێیوتم «ئەرێ تۆ، بانکەکەت ڕەتی کردوویتەتەوە؟ بۆ ئەم زەوییە چۆڵەوانییانە دەکڕیت کە دوورن لەشار؟»

پێموت «من حەزم لەو زەوییانەیە». شتەکە بەلای منەوە هەر بەو شێوەیە سادە بوو.

عەدەن کتوپڕ بیرۆکەکەی قبوڵکرد، پێکەوە دەستمان بەو خەونە کرد. لەشەودا هەڵدەستاین، گفتوگۆمان لەسەر ئەو ئاژەڵانە دەکرد، کە بەخێومان دەکردن، هەروەها گفتوگۆشمان دەکرد لە بارەی ئەو دارانەوە، کە چاندبوومان کە هەر یەك لە پاپایا، مانگۆ، داری لیمۆ و دارمێو بوون. ڕۆژێکیان گەڕامەوە بۆ لافۆل تا لەگەڵ یەکێك لەو سێ برایە کۆببمەوە، کە زەویـان لەنزیك ناوچەی خێزانەکەمان هەبوو، کێکی کشمیشدار، قاوەی سەوز کە بە زەیت لێنرابوو پێشکەشمکردن، لەکاتێکدا ئێمە قسەمان لەبارەی خێزانەکەمان و قازانجەکانم دەکرد لەزەوییەکەدا. بەوپێیەی باوکمیان دەناسی، زۆر میهرەبان بوون، خواردنەکەمیان قبوڵکرد، پێشنیازەکەمیشیان بۆکڕینی زەویوزارەکە هەر قبوڵکرد: سەرەتا هێکتارێك، دواتر دووان، ئینجا شەش.

لەو سەردەمانەدا لە سۆماڵ هێزی کار زۆر هەرزان بوو، بەڵام کەرەستەی بیناسازی زۆر گران بوون، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی خۆجێی شارەکە ئەوجۆرەی سەپاند بوو کە دەبێت ئەو زەویانەی بنیاتدەنرێن، دوو مانگ بەسەر فرۆشتنیاندا تێپەڕی بێت، هەربۆیە منیش بەردم کڕیو کەڵەکەم کردن، کۆنکرێت و شیشی ئاسنیشم کڕی. یەکێك لەهاوەڵەکانی عەدەن ئەندازیارێکی سۆماڵی بوو، کە لە ئەمەریکا خوێندبووی، ڕازیبوو بەوەی یارمەتیمانبدات، پەی بە گرنگی پلانەکەمان بردبوو، سەرەتا دەبێت خانویەکی نوێ بۆ فادومە عەلی هەبێت، نزیکبێت لەڕێگەی سەرەکییەوە، بۆئەوەی بتوانێت چەند دوکانێکی

تیادا دروستبکاتو دەستمایەیەکی تیا بەدەستبێنێت. لە نزیک ماڵە نوێیەکەی کولانەیەکی بچوك هەبێت بۆ جوچکەکانی کە دوو سەد دانەیەکمان بۆ هێنابوو لەکێڵگەیەکی پەلەوەرەوە، لەگەڵ مانگایەکی سپی کە رۆژانە 4 لیتر شیری پێدەداین.

لەساڵی 1981 خێزانەکەمان رێکەوت و دەستمانکرد بە دروستکردنی بینا: دوو ئاپارتمان هەر یەکەیان دوو ژووری نوستن، دوو تەوالێت، ئاشپەزخانەیەكو داڵانێکی بچوك کە خەڵکی دەکـرا تیایدا دابنیشن دروستکرد. کاتێك بەدواداچوونمان بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە دەکرد، لەپڕ رۆژێکیان سەرۆکی شارەوانی ئەفگۆیی هات بۆ لام.

پێیوتم «ناتوانیت لەوێ بینا دروست بکەیت».

بەڵگەنامەکانم خستە پێشچاوی، پرسیم «بۆچی؟ ئەوەتا لێرەدا دەڵێت داوام لێکراوە ئەو کارە بکەم».

ئەویش وتی «دەبێت کرێی زیاتر بدەیت، پێویستە مۆڵەتی بیناسازی وەرگریت».

منیش وتم «بیستومە چەندین باند هەن لەناوچەکەدا، بەڵام پێموانەبوو کە ئەوانە لەنوسینگەی سەرۆکی شارەوانییەوە هاتبن!»

پیاوەکە بێ هیچ سەرئێشەیەك رۆیشت، بەڵام کاتێك من بە بەرائەتەوە مامەڵەم کرد، بۆم دەرکەوت گەندەڵی هەموو لایەکی ئەو حکومەتەی تەنیوە. خێزانەکەمان زۆر گرنگیان دەدا بە چەکدارەکانی سیاد بەڕی، کڵاوسورەکان، کە دەستیاندابووە بە ئامانجگرتنی کەسانێك لەباکور، لەنێویشیاندا بنەماڵەکەی عەدەن، کە هۆزی ئیشاق بوون، بە پاساوی ئەوەی ئەوان هەوڵی لەکارخستنی دەسەڵات دەدەن. بڕیارمدا کە بەهێواشی دەست بکەین بە کارکردن، تەنیا بە شەوانیش کار بکەین ئەو کاتەی کەس دیار نییە. پاسەوانێکم گرت بۆئەوەی، چاودێری پرۆژەکەمان بکاتو چاوییشی لەماڵەکەی فادومە عەلی بێت، بە بەڵێندەرەکەم وت، کە نهۆمە کۆنکرێتییەکانمان دەبێت چاوەڕێ بین، تا ئەو کاتەی پرۆسەکە پێویستی بە کەسی زیاترو کەرەستەی زیاتر بێت.

وەرزی کورتی بارانبارین هات، ئێوارەیەکی پێنج شەمە، ئەو دەمەی مانگ پڕو سپی وەك گڵۆپێکی گەورە دەینواند، لەگەڵ منداڵەکاندا پێکەوە چووین بۆ لافۆل تا لەسەر ئەو زەوییە پیسەی خانووە نوێیەکەمان بنوین. کاهییە کوڕە گەورەکەی ئامینەی خوشکیشمان لەگەڵ بوو، لێمان پاڕایەوە تا بهێڵین لەئوتۆمبێلەکەی عەدەندا بنوێت، کە لەنزیك ئەو شوێنە راگیرابوو، سێ کرێکار لای کولانەی مریشکەکانی فادومە عەلی گردبووبوونەوە. عەدەن هیوای شەوێکی خۆشی بۆ خواست، ئینجا خۆی رۆیشت بۆ پیاسە و چێژوەرگرتن لەو تەمە ساردەی ئەو ناوچەیە، منیش خەو دەیبردمەوە لەسەر کۆمەڵێك لەو بەتانیایەنەی ناوەوە لەتەنیشت ئامینەو دێکۆدا بووم.

هەستمکرد دەستێك شانی گرتم و راچەڵەکیم. کاتێك هەستامە سەر پێ، عەدەن چووە دواوەو لایتەکەی کوژاندەوە، چرپاندی بە گوێمدا «ئوتۆمبێلی سەربازیم بینی، تۆ دەڵێیت دەبێت لێرە بژین؟ هەر یەکەم رۆژ فڕێمان دەدەنە زیندانەوە». بۆ چەند خولەکێك دانیشتین، هەناسەبڕکێمان پێکەوتبوو، هەر بیرمان لای خوشکەزاکەم لەئوتۆمبێلەکەدا. عەدەن وتی «تۆ ئێمەت خستە بارودۆخێکی خراپەوە، ئەمڕۆ هەرچی رووبدات تۆ لێی بەرپرسياريت، تۆ ئێمەت هێنا بۆ ئێرە».

بڕیاریدا کە بچێتە دەرەوەو کاهییە بێنێتەوە، منیش هەر گوێ لەمست بوومو نزام دەکرد. پاش چەند خولەکێك منیش چوومە دەرەوە. پرسیارم لە عەدەن کرد «چی روویداوە؟» ئەو لای ئوتۆمبێلەکە بە تەنیا وەستابوو، کاهییەش نوستبوو، هەروەك ئەوەی هیچ رووینەدا بێت. هیچ کرێکارو پاسەوانێکی لێنەبوو، ئەویش دەستەکانی هێنابووە دەرەوە.

فادومە عەلی بەدەم هەڵگرتنی منداڵە خەوتووەکانەوە لەنێو شوێنەکەیدا، وتی «گوێم لەهیچ نەبووە». کاتژمێر سێی دەمەوبەیانی بوو، منو عەدەن رۆیشتین بۆ ناوەڕاستی ئەفگۆیی تا ئەو هەواڵە بە پۆلیس بگەیەنین.

پۆلیسەکە پرسی «تۆ لەناوچەی حەوا عەبدیت؟ ئێمە هەندێك کەسی یاخیمان لەوێ بینی».

عەدەن پرسی «مەبەستت چییە؟»

ئەویش وتی «یاسایی نییە ئەو موڵکە بکرێت بە بینا». ئەوان کرێکارەکانیان گرتبوو، خستبوویاننە نێو زیندان. کاتێك منو عـەدەن دواجـار توانیمان پیاوەکانمان ببینین، زانیمان کە دوانزە چەکدار بە زۆر خستوویاننەتە نێو ئۆتۆمبێلەوە، ئێمەش پۆزشمان بۆ هێنانەوە. ئاسودش بووین بەوەی کە ئەوان سەلامەتن، ئێمە پارەی کەفالەتی ئەوانمان نەدابوو. ئەو تاکتیکانەی پۆلیس تاکتیکی مافیائاسا بوون، منو عەدەنیش ئەوەمان روونکردەوە، کە ئێمە ملیان بۆ نادەینو داوای بەخشینیش ناکەین. لەبری ئەوە ئێمە لەشوێنەکەی خۆمان لە لافۆل دەمێنینەوە، تا ماوەی حەوت رۆژ، ژەمی بەیانی، نیوەڕۆ و ئێوارە بۆ پیاوەکان دەهێنین. پاش هەفتەیەك هاوڕێکەم منی بردە لای سەرۆکی شارەوانی ئەفگۆیی.

بە سەرۆکی شارەوانیم وت «ئەگەر شتێکت دەوێت، من ئامادەم». ئەویش وتی هەموو ئەوەی ئەوان دەیانەوێت کرێی مۆڵەتی بیناکەیە. بۆ ماوەیەك پێکەوە وتوێژمان کرد، تا هەستمکرد لێم تێگەیشتووە. دواجار پارەی ئازادکردنی پیاوەکانم دا، زانیم کە ئیدی خێزانەکەمان سەلامەتە. دواجار توانیمان بناغەی خانووەکە تێ بکەین، لەڕۆژەکانی سەرەتای ساڵی 1983 خێزانەکەمان چوونە ناوچە گوندنشینەکەوە، تا ژیانێکی نوێ دەستپێ بکەین.

یەکەمین نیشتەجێبووی نێو کێڵگەکەمان دە مانگاو پێنج سەد مریشك بوون، کە لە کێڵگەیەکی پەلەوەری گەورە دامانابوون، هاوشیوەی ئەوەی بۆ فادومە عەلیمان دروستکردبوو. لەو کاتەدا باوکی عەدەن لە مەقادیشۆ شوێنێکی هەبوو پێیدەوترا ئوتێل سەرار، شیری لەکێڵگەکەی ئێمە دەکڕی، هەندێکجار 60 لیتری دەبرد، هەروەها هاوڕێیەکی دیکەمان کە لەباڵوێزخانەی ئەمەریکا کاریدەکرد، هەموو هەفتەیەك دوو سەد هێلکەی دەکڕیو دەیبردەوە. چەند پیاوێکمان بەکرێگرت، تا کارمان بۆ بکەن، هەروەك ئەو ژیانەی فادۆ دەژیاین، من بە پاسو عەدەنیش بە ئۆتۆمبێلی کۆمپانیا هاتوچۆمان دەکرد، لەدەوروبەری 2ی ئێوارە دەگەڕاینەوە تا پاشماوەی رۆژەکەمان لە شوێنەکەی خۆمان بەسەر ببەین.

جوتیاری لەهەموو جیهاندا هەر وەك یەك وایە، بەرهەمی کورتمەوداو بەرهەمی دوورمـەودات دەداتێ، هەر هەنگاوێك کە بەرەوپێش دەینێیت متمانەی زیاترت پێدەدات تا شتگەلی نوێ تاقیبکەیتەوە. ئاژەڵەکان پێگەیشتن، گرنگی خۆمان چڕکردەوە لەسەر ئەو دانەوێڵانەی کە لەبارەیانەوە دواین. یەکێك لەدراوسێکانمان کێڵگەی بەراوی باشی دروستکردبوو، منیش ڕۆژێکیان بۆ خوانی نیوەڕۆ بانگهێشتمکرد، تا پرسیاری ئەوەی لێبکەم، چۆن مانگاکانم لەوەرزی وشکەساڵیدا بلەوەڕێنم. پرسیم: «شوێنێك شك دەبەیت لەوێ ئاویانبدەم؟»

ئەویش وەڵامیدامەوە «بەڵێ شك دەبەم». ئەو زەوییەی ئەو دەیزانی موڵکی مامەکانی بوو. پێیوتم کە هەوڵدەدات فشار بۆ مامی بهێنێت‌و پێی بڵێت گوایە یەکێك لەخانەوادەکەی عەدەن سەر بە هۆزی سیاد بەڕییە، کە لەو دەمانەدا پارەیەکی زۆری هەبوو.

بەر لە کۆبوونەوەکەمان بەسەر فەرشە رازاوەکانماندا کەوتم لەژێر دارەکانداو دەفرێکی گەورە ئاوم هێنا تا پیاوەکە خۆیی پێ بشوات بەرلەوەی دانیشین‌و بکەوینە قسەکردن. کاتێك ئەو دواجار بەیاوەری دراوسێکەم هات، بینیم کە پیرەمێردێکە. کاتێك دانیشت بۆ نانخواردن، پرسی «کچەکەم ناوت چییە؟»

منیش وتم «ناوم حەوا عەبدی دیبلاوییە».

گۆچانەکەی هەڵگرت‌و کێشای بە دراوسێکەمدا ئەویش هەڵبەزییەوە «عەبدی دیبلاوی باوکتە؟ ئەی کەواتە بۆ دەڵێیت سەر بە هۆزی سیاد بەڕیم؟» بەدەم بزەوە دەموچاوە چرچولۆچەکەی کرایەوە، «من عەبدی دیبلاوی دەناسم، کاتی خۆی یارمەتیداوم. ئەو برام بوو، دەی با پێکبێین».

پێکەوە چووین بۆ شوێنەکەی کە لەنزیك کێڵگەی باپیرە گەورەم بوو، هەموو کونوقوژبنێکی نیشاندام، رێگە لمینەکان‌و ئەو درەختانەی کە ئێمە بە گاراس ناومان دەبرد و لقوپۆپی پەرشوبڵاو بووبووەوە. لەژێر درەختەکاندا وەستا، پێیوتم «باپیرەت کوڕێکی هەبوو لەژنەکەی تری، کاتێك گەنج بوو هەرلێرە پێکەوە دانیشتبووین». دواتر لەنزیك کێڵگەی گەنمەشامی، بەسەر گۆچانەکەیدا

چەمایەوە هێندە چەمایەوە، کە وامدەزانی کەوتووە. پێیوتم «کاتێك منداڵ بووم، بەدوای ئەو باڵندانە دەکەوتم کە تۆوە سەوزەکانیان دەخوارد».

یادەوەرییەکەیبیم دەهاتە بەرچاو، هەمان یادەوەری منیش بوو. ئایندەی خۆشمم لەبەرچاو بوو، پێموت «من سکم پڕە، ئەوەش نهێنییەك بوو کە منو عەدەن هێشتاش لای هیچ کام لە هاوڕێکانمان نەمان درکاندبوو. «گەر خودا مەیلی لێبێت، منداڵەکانی منو نەوەکانی تۆش لەژێر ئەو درەختانەدا دادەنیشن».

پیرەمێردەکە وتی «لەئێستاوە تۆو کچەکەم نونە ئەحمەد وەك یەك وان لام». پەنجا هێکتارمان لێکرێ، دەستبەجێ دەستمانکرد بە پاکردنەوەی دەوەنەکە. بەوپێیەی شوێنەکە تەنیا کیلۆمەترێك لەڕووبارەکەوە دوور بوو، مێردی هاوڕێکەم کە وەزیری ناوخۆی سۆماڵ بوو یارمەتی داین لەئاوەدان کردنەوەکەدا. پلانمان دانابوو بۆئەوەی گەنمەشامی، کونجی، فاسۆلیا، سپیناخ بڕوێنین، پێکەوە لەگەڵ عەدەن داری چەندین میوەی جۆراوجۆرمان رووواند، چوار سەد داری مانگۆ، هەزار دار مێو، لەتەنیشتیشیان هەندێك داری مێو و درەختی پاپایا.

ئێمە زیاتر دڵماندایە کێڵگەکە وەك لەگفتوگۆکردن لەسەر بەرەوپێشبردنی رەوشـی نەخۆشەکان لەنەخۆشخانە. هەندێك لەو ژنانەی کە لەناوچە گوندنشینەکان دەژیـان، دەهاتن تا لەماڵەوە ببینن وەك لەوەی بچن بۆ مەقادیشۆ. ئەوان لەبارەی منەوە زانیارییان دەدا بە خوشك، کچو هاوڕێکانیان، هەر بۆیە من خشتەیەکم بۆ بینینی نەخۆش لەپاشنیوەڕۆی رۆژی هەینی دانا، لەو کاتەدا کە من لەگەڵ منداڵەکانمدا لەماڵەوە بووم. لەکاتێکدا لەسەر یەکێك لەقەرەوێڵەکان پشکنینم بۆ نەخۆشێك دەکرد، ژنەکانی دیکە لەهۆڵەکەدا دادەنیشتن تا سەرەیان دێت. ئەگەرچی کەرەستەیەکی ئەوتۆشم نەبوو، بەڵام بە هەر شێوەیەك پێم بکرایە یارمەتیمدەدان. هەندێك بەیانی تەنیا رێگەی یارمەتی ئەوە بوو کە عەدەن لاندکرۆزەرەکەی ببات بۆ مەقادیشۆ، ژنان لەگەڵ خۆی هەڵبگرێتو منداڵانیش بخاتەدواوە.

ژنەکان دەربارەی هاوڕێو دراوسێکانیان قسەیان بۆ دەکردم، ئەوانە کەسانێك بوون کە هەرگیز پزیشکیان نەبینیبوو، هەر بۆیە منیش سەردانی گوندەکانیانم دەکرد، تا بیان بینم. ئەو کات دێکۆ هەشت و ئامینە سێ ساڵان بوون، دەهاتن لەگەڵم. کاتێك زیاتر سکم پڕ بوو، ئەوان بەوپەڕی شانازییەوە شمەکیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، بەدەم رێوە گۆرانیمان دەوت. هەرچەندە هەندێك منداڵا کاتێك کە چاکەتە سپییەکەمیان دەبینی هەڵدەهاتن، هەوڵماندەدا بە جوانییەوە قسەیان بۆ بکەین‌و دڵنیایان بکەینەوە.

هەندێکجار لەسەر پێشنیازی ریشسپیانی گوند، دەچووینە ماڵی یەکێك لەخێزانەکانەوە. بەهێواشی خۆم دەکرد بە کوخێکی بچکۆلەداو دەموت «چۆنن؟ باشن؟» خۆمم دەناساندو روونم دەکردەوە، کە چۆن ئاگام لەوەیە کە کێشەیەك هەیەو کەسێك پێیوتووم. «منداڵەکەم پیشانبدەن تکایە، دەمەوێت ببینم». هەوڵمدەدا پشکنینی بۆ بکەم، گوێ لە سی‌و دڵی بگرم تەماشای رووخساری بکەم، کە ئاخۆ کەمخوێن نییە. ئەگەر ژنێکیش سکی پڕ بووایە، یاخود ئەگەر منداڵی بووبووایە پشکنینم بۆ دەکرد، ئەگەریش منداڵێك مەلاریای بوایە، دەمکوتا، یان هەندێك حەپم پێدەدا. نزای ئەوەمان دەکرد کە جارێکی دیکە چووینەوە ئەو گوندە، هەمان ئەو کوڕە خۆی بێت بەرەوپیریمان، گەلێکجاری هەر بەو جۆرە بوو.

کاتێك سەردانی ئەو ناوچە گوندنشینانەم کرد، تەنیا هەر پزیشك نەبووم، پارێزەریش بووم، هەوڵمدادا ژنان بەوە رازی بکەم متمانەم پێبکەن کە بە جۆرێك دەتوانم یارمەتیان بدەم خێزانەکەیان نەتوانن بەوجۆرە یارمەتیانبدەن. ئەستەم بوو تووڕە نەبیت لەو ژنانەی، کە بەرهەڵستییان دەکردم، لەبەرئەوەی هیچ رۆشنبیرییەکیان نەبوو. دەموت «من دایکم، من موسڵمانم» بۆم روونده‌کردنەوە کە زانست‌و تەندروستیش خەڵاتێکی خوداییین هەر وەك ئەو زیرەکییە زگماکییەی پێماندراوە.

پاشنیوەڕۆیەك سیاد بەڕی بانگهێشتی هەموو پزیشکەکانی کرد بۆ کۆبوونەوە. پاش ئەوەی بە ریز چووینە نێو هۆڵێکی گەورەوە، یەکێك لەپزیشکە

باڵاکان هەستایە سەر پێ تا لەسەر مەسەلەی پیادەکردنی تایبەت قسە بکات، کە لەو کاتەدا مەسەلەیەك بوو لەدژی یاسا بوو. دەستیکرد بە قسەکردن «جەنابی سەرۆك موچەیەکی کەم وەردەگرین، بەڵام هەندێك لەنەخۆشەکانمان چاك دەبنەوە پارەو دیاریمان بۆ دێنن. ئەگەر قەرەبوو رەتبکەینەوە ژیانمان ناڕوات». چەند مانگ دواتر سیاد بەیانێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا رێگەی دابوو بە پزیشك لەنێو سیستەمی حکومیدا کار بکات بۆ دانانی عیادەی تایبەتی.

رۆژێك پاش ئەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندین پاشنیوەڕۆ لەتەنیا دێیەکدا دەماینەوە، کچەکانم بردەوە بۆ ماڵەوە، بۆئەوەی نانی نیوەڕۆ بخۆن. خۆشم لەدەرەوە مامەوە بۆئەوەی لەکەشێکی هێمندا بیربکەمەوە. ئەو رۆژە کچێکی بچوکم بینی کە لەوەدەچوو لەدوا مانگی سکپڕییەکەیدا بێت، ئەگەر لەشەودا منداڵی ببێتو هەر ئاڵۆزییەك رووبدات، ناتوانێت ئەو یارمەتییە وەربگرێت، کە پێویستی پێیەتی. تەماشای کۆمەڵێك لەدرەختەکانم دەکرد، تەواو نیگەرانی ئەو کچە بووم. پێویستە لەنەخۆشخانە منداڵی ببێت لای پزیشکێك کە شارەزا بێت لەو مەترسییەی رووبەڕوی بۆتەوە. دەبێت بڕوات؟ ئەو رۆژە چەندین ژنی دیکەم بینی کە پێویستیان بە نەخۆشخانە نەبوو، بەڵام وەك هەر ژنێکی دیکە بەپێی توانا یارمەتیدەدرانو ئامۆژگاری دەکران. دەخوازم بە هەر رێگەیەك بووە ژنان بێن بۆ لام.

چی دەبێت ئەگەر بە ئاشکرا لەنزیك ماڵەکەم ژوورێك بکەم بە نۆڕینگە؟ هەندێك لەژنانی سکپڕ لە گوندەکانەوە دەتوانن چەندین کیلۆمەتر ببڕنو بێن بۆ شوێنەکەمان ئەگەر لەنیوەی شەویشدا بێت. لەپشتەوە زەلی ئەستور قوتبووبوونەوە، توانیمان راڕەوێکی بچوکی لێ دروستبکەین، کە نەخۆشەکان بتوانن لەوێ دابنیشنو چاوەڕێ بکەن. نەمدەتوانی پارێزگارییان لێ بکەم، بەڵام خۆ دەمتوانی شتێکیان بۆ بکەم.

# بەشی هەشتەم
# لە دەستدانی رابردو و داهاتووم

کاتێك هێشتا لەقوتابخانەی پزیشکی بـووم، جارێکیان باوکم بۆی گێڕامەوە،چۆن لای هاوڕێکانی خۆی هەڵکێشاوە، پێیوتم «ئـەوان کاتێك کوڕێکیان دەبوو ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا، منیش پێموتن: کاتێك حەوا لەدایکبوو کەس ئاهەنگی نەگێڕا، بەڵام ئێستا تەماشای بکەن؛ کوڕەکانی ئێوە چۆنن‌و کچەکەی منیش چۆنە؟» هەرچەندە باوکم هێندە نەژیا تا من بە دکتۆری ببینێت، بەڵام دەیزانی کە هەر سەرکەوتن بەدەستدەهێنم. ئەو دەیوت «وا ئێستا تۆ بەهێزتری لەکوڕەکانی ئەوان».

کاتێك مردنی دایکم بیردەکەوێتەوە زۆر ئازارم دەدات، دایك‌و باوکم پێشبینی ژیانێکی تەواو جیاوازیان بۆ دەکردم. دایکم پاشنیوەڕۆیەکی ساڵی 1959 بە هەمان ئەو شێوە نەرمونیانەی خۆی پێیوتم «پیاوێك هاتووە بۆ داوات» تەنانەت دەنگیشی ئەوکاتەی کە منی بە میوانە غەریبەکان ناساند، ئەوەی پیشاندەدا کە لەدەرەوە لەسەر راخەرەکان راکشاوم.

پێموت «ئەوەم ناوێت»، تەنیا دوانزە ساڵان بووم. «دەمەوێت بخوێنم، دەمەوێت بچمە قوتابخانەی ناوەندی، دەمەوێت لەگەڵ تۆ بمێنمەوە».

سەری لەسەر بالیفەکە هەڵنەبڕی، کاتێك قسەی لەبارەی پیاوەکەوە بۆ کردم، پێیوتم «دەتدەین بە کوڕێکی باش، هەر کە بینیم یەکسەر بە دڵمدا چووە». باوکی ئەو و باوکی من پێشتر یەکتریان ناسیبوو، ئەوان لەهەمان ناوچەی سۆماڵەوە هاتبوون، کە دووربوو لە مەقادیشۆ. بەلای منەوە ئەوە بە جۆرێك بوو کە ئێمە لەشوێنێك دەژیاین کە خۆری لێهەڵدەهات‌و ئەو پیاوەش لەشوێنێك دەژیا، کە خۆری لێ ئاوا دەبوو. دایکم پێیوتم «ئەم بەیانییە خێزانەکەی هاتوون تا قسە لەگەڵ من‌و باوکت بکەن. ئێمەش رەزامەندیمان نیشانداوە».

منیش قیژاندم «نامەوێت بەجێتبهێڵم»

دایکم پێیوتم «دەبێت شوو بکەیت، ئەو کات ئەگەر من مردم بە دڵێکی سافەوە دەمرم».

چەند هەفتەیەکی کەم پاش بەخاکسپاردنی دایکم، زانیم کە خێزانی پیاوەکە ئامادەن بۆ ئاهەنگ گێڕان. ئەوە خراپتربوو وەك لەوەی بڕۆم بۆ نێو گۆڕ. دەمزانی باوکم هەست بە نیگەرانی دەکات، کاتێك فرمێسکەکانی من دەبینێت، بەڵام بەوپێیەی ئەو پێویستی بە ڕەزامەندی من نەبوو، داوای ڕەزامەندی منی نەکرد.

ئامۆزاکانی دایکم دەیانویست ئاهەنگەکە لە مەقادیشۆ بکرێت. منیش وتم «نا نا نا، با دایکم نەمابێت، خۆ داپیرم ماوە ئاهەنگەکە دەبێت لە لافۆل بێت». ئەیێیۆش بانگهێشتی هەموو کەسانی هاوتەمەنی خۆی کرد بە ژنو پیاوەوەو ئەوانیش بە چەندین حوشتر، مانگاو بزنەوە هاتن بۆ لای بۆ ئاهەنگەکە.

کاتێك (گەنتینو) کە بەرگێکی سۆماڵی یەکشانەیە تێوەپێچانم، دەستم بە گریان کرد، هەرچەندە ڕەنگەکەشی ئەو ڕەنگە بوو کە خۆم بەلامەوە پەسەند بوو، سورێکی گەشاوە بوو. هەندێك لەپیاوە بەتەمەنەکان دەیانوت «ئای ئەوە بۆ دایکی دەگری» بەڵام هاوڕێکانم ڕاستییەکەیان دەزانی.

باوکیشم بە هەمانشێوە گریاو باوەشی پێداکردم. هەستم بە نیگەرانی ئەو دەکرد. پێیوتم «دایکت دەیویست بەمجۆرە بێت»، هەر بۆیە هیچ دەرفەتێکی دیکەی لەبەردەم نەبوو.

لەو سەردەمانەدا نەریتێکی باو بوو لای گەنجان کە دەبوو یاوەری بوکێ بکەن بۆ ماڵی زاوا، هەر بۆیە لەدەوروبەری یانزەی شەو هاوڕێکانم لەبەردەم ماڵی ئەیێیۆ کۆبوونەوە بۆئەوەی بمبەن بۆ مەقادیشۆ. تا ماوەی کاتژمێرێك ڕۆیشتن ئـەوان هەر گۆرانیان دەوت، دەمزانی ئەو وشانە مەبەست لێی دڵدانەوەی منە. بەدەم گۆرانییەوە دەیانوت «دووركەونەوە لەو پیاوە، تۆ زۆر جوانی ئەی شاژنی کۆمەڵگە، دەبێت شوو بکەیت بەو پیاوە؟ نا نا».

من ئەو کات منداڵێك بووم، نەمدەزانی چاوەڕوانییەکانی بوك لەشەوی هاوسەرگیرییەکەیدا دەبێت چی بێت، بەڵام کاتێك هاوڕێکانم بەدەم گۆرانییەوە وتیان «لە بازاڕ چاوەڕوانت دەبین» ئیدی ترسەکەم رەوییەوە. تەنانەت کەوتیشمە پێکەنین، کاتێك دەستیان بە کەمەرمەوە گرتو پێکەوە رۆیشتین. پاش کەمێك ئەو رووخسارە ئازیزانەی لـەدەورم بوون، خەمو ترسیان لێ تۆراندم. کاتێك گەیشتینە ماڵی پیاوەکە، یەکێك لەخزمانی ئەییێۆ چەمایەوەو هەروەکو منداڵ هەڵیگرتم و خستمییە سەرشانی خۆی. بەو شێوەیە چوومە نێو حەوشەکە، لەهەر کام لەڕاستو چەپمەوە کەسێك هەبوو. چاوەکانم داخست، تەنیا گوێم لەدەنگێك بوو، کاتێك چاوەکانم کردەوە لەژوورێکدا بووم، پڕبوو لەکەسانی نامۆ، کە هەموو دەوری جێخەوێکیان دابوو کە زۆر رازێنرا بووەوە، پرتەقاڵو چرۆی سور بە سەرەکانییەوە بوو. لەسەر زەوییە چیمەنتۆکە ئەو حەسیرەم بینی، کە ئەییێۆ دەستی بە چنینی کرد، ئەو رۆژەی کە لەگەڵ دایکم باسی هاوسەرگیرییمان دەکرد. بەپێی ئەو نەریتەی باو بوو، ژنێك هەڵیگرتمو وتی «دایناگرمەوە هەتا پەرەم نەدرێتێ».

دایكو باوکی پیاوەکە لەژوورەکەدا بوون، پارەکەیان داو ژنەکەش منی داگرتە خوارەوە بۆ ناو جێگەکە، پێیە پەتییەکانم بۆ یەکەمجار بەر گوڵەکان کەوتن. تەواو رۆچوومە نێو جێگەکە. لەهەموو لایەکەوە دەفری گەورەی پڕ شیر، شەکرو رۆنی سێسەمی دانرابوو. هەمووان دەستمان بە خواردنەوەی کوپی پڕ لەشیری تازەی حوشتر کرد، بەڵام کاتێك دایەنە دەست من، تا خواردمەوە زۆر گریام.

هاوڕێکانم دەوری جێگەکەیان دا، بە سوکی هەمان گۆرانیان دەوتەوە، «لەبازاڕ چاوەڕوانت دەبین، لێرە مەمێنەوە لەگەڵ ئەم پیاوە»، بەڵام هەر زوو ئەوان رۆیشتنو تەنیا خێزانی مێردەکەم مایەوە.

ئەوان چایان بۆ هێنام‌و ئاویان بۆ گەرم کردم. ژنێك وتی «ئێستا ئێمە هەموومان یەك خێزانین، هیچ شتێك نییە كە بۆی بگریت، ئارام بگرە هەموو شتێك وەکو خۆی دەڕوات».

دەستم بە دەموچاومەوە گرت‌و قیژاندم «بەڵام من ئەو کەسانەم خۆش دەوێن، لەگەڵ ئەواندا گەورە بووم. ئێوە ناناسم»، بەڵام بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئەوان زۆر ئەستەم بوو. ژنێکی دیکە لەژوورەکەدا کە هیچی لەجیابوونەوە نەدەزانی، سەرپۆشێکی تازەی جوانی پێدام، دواتر تا هەڵیگرم لای خۆم پیرۆزبایی لێ کردم. هێشتاش هەر دانیشتبووم لەبەرئەوەی پەتێك بەتوندی بەدەوری قژمەوە بەسترا بوو. ژنەکە وتی «ئێمە ئەمەت پێدەدەین، بۆئەوەی هەرگیز نەکەویتە خوار».

پیاوەکە بۆ خۆی هاتە ژوورەوە. لەسەر جێگەکە دانیشت‌و دەستی گرتم پێیوتم «مەگری»

نەمتوانی گوێڕایەڵی بم. تەنانەت پاش هەموو ئەو رووداوانەی کە لەماوەی تەمەنمدا بە سەرم هاتووە، ئەو حەوت رۆژەی دواتر دادەنێم بە خراپترین ساتەکانی ژیانی خۆم.

مێردی یەکەمم ناوی محەمەد حسێن بوو. ئەو وەك ئەفسەر لەپۆلیسی سەربازی سۆماڵ کاریدەکرد، ئەو هێندە جگەرەکێش بوو، تەنانەت کاتێك پێدەکەنی دەتتوانی ددانەکانی ببینیت کە بەهۆی توتنەوە سور هەڵگەڕاون. هەوڵیدا بێتەلام تا یارمەتیم بدات، بەڵام من دەترسام‌و موچڕکەم پێدا دەهات، هەرکاتێك لێم نزیکدەبووەوە. ئەوەندە ئەوینداری نەبوو، نانم بۆ ئامادە دەکرد، ماڵم پاکدەکردەوەو جلم دەشۆرد، ئەو سەرپۆشە جوانەی کە پێم درابوو، زیاتر هەستم دەکرد، کە لەچارشێوی پرسەگێڕان دەچێت، کە پێیاندەوت ئەسای (asaay).

تەنیا چەند هەفتەیەکی کەم پاش ئاهەنگەکە، کاری محەمەد حسێن گوازرایەوە بۆ کیسمایۆ، شارێك بوو 500 کیلۆمەتر لە مەقادیشۆوە دوور بوو، دوورتربووم لەخێزانەکەم بە بەراورد بە هەر کاتێکی دیکە. نەمویست بڕۆم، شەوێکیش پێش ئەوەی بڕۆین، لەگەڵ هاوڕێیەکدا مامەوە. ئەو رازی بوو لەگەڵم بێت، بۆئەوەی من تەنیا نەبم، بۆ بەیانییەکەیشی منو ئەو پێکەوە چووین بۆ لای ئوتۆمبێلێکی سەربازی گەورە، کە چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، لەشوێنێکدا پێکەوە دانیشتینو دەستی یەکترمان گرت.

محەمەد حسێن بە بینینی ئێمە لەوێ سەرسام بوو. لەهاوڕێکەمی پرسی «تۆ کێیتو بۆ کوێ ئەڕۆیت؟»

کاتێك هەوڵمدا من بۆی روونبکەمەوە، جگەرەی هێنایە خـوارەوە، بە هاوڕێکەمی وت «تۆ منداڵێکی دەبەنگیت، بۆ پێتوایە دەتوانیت لەگەڵ منو ژنەکەمدا بێیت؟» هەر کە ئوتۆمبێلەکە کەوتە جوڵە، بینیم ئەو خانمەی هاوڕێم بەهەڵەداوان رایکردەوە بۆماڵەوە.

لە کیسمایۆ، لەخانویەکی سەربازیدا دەژیاین، هەر خێزانێك یەك هۆدەی گەورەی کراوەی هەبوو، بەسەر ئاشپەزخانەو شوێنی نوستندا دابەشکرابوو، پیادەڕێیەك لەنێوان ژووره نوستنەکاندا هەبوو، بە جۆرێك دراوسێکان دەیانبینی لەژوورەوە چی دەگوزەرێت. هەوڵمدا لەگەڵ ژنەکانی دیکە بکەومە قسەکردن، بەڵام ئەوان بەتەمەنتر بوون وەك لەمن. من لەخۆمەوە چووم بۆ شارۆچکەکە، سەردانی هەندێك لەو دوکانانەم کرد کە بەلامەوە پەسەند بوون بۆ کڕینی هەندێك رۆنو شەکر.

هەندێك پاشنیوەڕۆ لەسەر زەویەکە رادەکشام، هەستمدەکرد توشی نەخۆشییەکی ترسناك بووبم. خۆری پرشنگدارو هەوای خوێدار کە من لە مەقادیشۆ ئارەزوم لێی هەبوو، لەپڕ لێی وەڕس بووم، دەستەکانی محەمەد حسێن بە جەستەمەوە ئەوانەی بە نامۆیی هێشتەوە لام. تەنانەت بۆنی

چێشتلێنانیش وای لێدەکردم بڕشێمەوە. کاتێك ئەو نێررا بۆ باکور، بۆ راییکردنی ئەرکێك لە سنورەکانی کینیا، من بەتەنیا مامەوە، تا ماوەی دە رۆژ، ئەوەندە نەخۆش بووم، نەمتوانی بچمە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەم.

گوێم لەدەنگی هەندێك ژن بوو، تەماشایان دەکرد «ئای دەبینن چۆن لەوێدا راکشاوە؟ ئەو بۆ خۆی منداڵێکە، کەچی منداڵێکی دیکەشی لەسکدایە».

کاتێك محەمەد حسێن گەڕایەوە، بیینی کە من چەند نەخۆشم. پێموت دەمەوێت بڕۆم تا باوکم و ئەییێۆ ببینم. سەرەتا هەوڵیدا رەتیبکاتەوە، گوایە هاوڕێکانی دەترسن منداڵەکەم لەباربچێت، بەڵام پاش هەندێك مشتومڕ بلیتی پاسەکەی بۆ بڕیم. بە خۆشییەکی زۆرەوە پێم خستە ناو پاسەکەوە، هیواخوازبووم کە دەردی دوورییەکەم بڕەوێتەوە، بەو ئومێدەی کە ئیدی نەگەڕێمەوە.

لە بەیانییەکی زوودا گەیشتمە مەقادیشۆ، راستەوڕاست چووم بۆ دوکانە خنجیلانەکەی باوکم لە بازاڕ. هەرکە بینیم، بەلێشاو فرمێسکم داباراند، کەوتم بەسەر دەستەکانیدا. کاتێك هەنگاوی گێڕایەوە تا تەماشام بکات، پێیوتم «ئارام ببەرەوە، رۆڵەکەم، خۆشحاڵم بەوەی سکت پڕە، ئیتر کچەزایەکیشم دەبێت». تا کۆتایی ماوەی سکپڕییەکەم لەگەڵ خێزانەکەم مامەوە. باوکم بردمی بۆ لای پزیشكو دواتریش بۆ لافۆل، لەوێش لەسەر حەسیرە کۆنەکەی ئەییێۆ دەحەسامەوەو لەو کەشە پاکەدا، هەناسەیەکی خۆشم هەڵدەکێشا. دەموچاوی شۆردمو ئاوی سارد، مۆزو پاپایای بۆ هێنام.

ئەو شـەوە سەرئاوم تەقی، ئامینەش رایکرد بۆ لای باوکم. پێکەوە چاوەڕوانی ئوتۆمبێلمان کرد، تا بمانبات بۆ نەخۆشخانەی مارتینی. هاوارمکرد تا باوکم نەمبات بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی کە دایکمی تێدا مرد، بەڵام باوکم هەر سور بوو لەسەر ئەوە. لەژووری چاوەڕوانیدا، کاتێك چاوەڕوانی ئەوە بووین مامانێك بێتو قسەی لەگەڵ بکەین، باوکم شانی گرتمو پێیوتم ئارام بگرم. منیش هەوڵی خۆممدا، هەرچەندە هەستم بە ئازار دەکرد، ئەوپەڕی ئازار!

بەیانی هات، ئیدی دواجار مامانێك هات بۆ لام‌و پشكنینی بۆ كردم. قیژاندی «ئەم ناوچەیە تەواو داخراوە، چییان بەسەرهێناویت؟»

تێنەگەیشتم مەبەستی چییە. دەمزانی كە پێشتر داخرابووم، ئەوەش یادەورییەكی زۆر تاڵا بوو، ئەو كاتەی تەنیا حەوت ساڵان بووم، كە من باسم نەكردبوو. هەر ئەوەش بوو هۆكاری ئەوەی كە ژنێك لەگەڵم مایەوە لەیەكەم شەوی هاوسەگیرییەكەمدا تا رۆژی دواتریش، تا چاودێریم بكات‌و دڵنیام بكاتەوە وەك ئەوەی دایكم كردی، كە هەموو ژنێك بەهەمان حاڵەتدا دەگوزەرێت. من تێنەدەگەیشتم لەمانای برین‌و دوورینەوە پێكەوە، نەمدەزانی منداڵ بوون چۆنە. دواتر تێگەیشتم لەزاراوەی برینی ئەندامی مێینە، ئەو مامانە تورەیە روونكردنەوەیەكی سادەی پێدام. ئەو وتی «ئەگەر منداڵەكە بێت، ناتوانم هیچت بۆ بكەم». بە مێزەكەوە توندی كردم‌و دەستیكرد بە برین.

ئای چەند بەئازار بوو! كاتێك توشی ئازار دەبێت، ئاساییە هەڵبەزیتەوە، كاتێكیش من كەوتمە جوڵە، ئەو ماسولكەو هەندێك شوێنی دیكەی دەگرتم، بەڵام هێشتا تا ماوەی چەند كاتژمێرێكیش منداڵەكە هەر نەهات، تا گەیشتە پاشنیوەڕۆ. كاتێك دواجار كچە كۆرپەلەكەمم بینی، نە دەگریاو نە جوڵەی لێوە دەهات. مامانەكە كاتێك كێشای بە پشتیدا پێیوتم «ئەو زیندووە، كێشەیەك نییە».

باوكم تەماشای منداڵەكەی كرد، ئینجا سەیرێكی منیشی كردو وتی «ئای پێموایە هەمان كێشیان هەیە». باوكم ناوی منداڵەكەی نا فادومە، هاوشێوەی ناوی كچە گەورەی خێزانەكە، زر خوشكەكەم فادومە عەلی. كاتێك بارمان سوك بوو، بۆ ماوەی چل رۆژ لەماڵی باوانی محەمەد حسێن ماینەوە، بەڵام ئەوان نەریتی سۆماڵی ئومولیان پەیڕەو نەكرد. ئەوان تەنیا خواردنێكی كەمیان پێدەدام. منیش شیرم دەدا بە فادومە، بەڵام ئەوەندەش شیریم نەبوو تا تێری بكەم. من هەر ململانێم كرد، كاتێك باوكم هات‌و بینی هێندە لاواز بووم، بردمییەوە بۆ ماڵی خۆی، تا بە باشی چاودێریم بكات.

فادومە وەکو منداڵێك نەیتوانی سەری بجوڵێنێت، کاتێکیش هەندێك ئاوسانم لەدەوری پێشەسەری بینی، ئەوەم پیشانی باوکم دا. بەیانی دواتر منو ئامینە پێکەوە چووین بۆ عیادەیەکی دەرەوە، ریزێکی درێژ نەخۆش وەستا بوون، تا پاشنیوەڕۆ کاتێك بۆ دواجار گوێم لەناوی فادومە محەمەد حسێن بوو.

پزیشکێکی ئیتالی لەوە دەچوو چل ساڵان بێت، هات تا قسەم لەگەڵ بکات. پرسی « ئەو کەوتووە؟» سەری فادومەی خستە ناو دەستەکانییەوە و لەنزیکەوە تەماشای کرد.

پێموت «نەخێر»

ئەو هەندێك پرسیاری کرد: تەمەنم چەندە؟ ماوەی چەندە لەکاردام؟ کاتێك وەڵاممدایەوە، ئەویش وتی پێموایە دەکرێت شتێك لەماوەی منداڵبوونەکەدا روویدا بێت. پێیوتم «تۆ زۆر منداڵیت، لەوانەیە لەماوەی لەدایکبوونەکەدا مێشکی شڵەقا بێت». ئەو رەچەتەیەکی بۆ نوسین بۆ هەندێك دەرمان، بەڵام کێشەکە هەر بەردەوام بوو. ئەومان بردەوە بۆ لای پزیشك، بەڵام نەیتوانی هیچ بکات.

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت مێرد لەسەریەتی چاودێری ژنو منداڵەکانی بکات، خۆراکیان پێبداتو بەرگیان بۆ دابینبکات، بەڵام محەمەد حسێن لەهەموو ئەو مەینەتیانەی مندا هیچ گرنگییەکی پێنەدام. ئەو تەنیا یەکجار کچەکەی بینی، ئەو کاتەی خۆییو هەندێك لەخزمان هاتن بۆ ژووری میوان لەماڵی باوکم. هیچی نەوت، تەنیا پێنچ بۆ دە خولەك تەماشایەکی منداڵەکەی کرد ئەو کاتەی من شیرم پێدەدا.

گۆرانیم بۆ کچەکەم دەوت، بۆئەوەی محەمەد حسێن گوێی لێبێت: «باوکت بە دانێکی سورەوە هاتووەو خۆشیشی ناوێیت، هەر لەبەرئەوەی تۆ کچیت. نازانیت کە ئەو بەهۆی تۆوە غەمبارە. هەر لەبەرئەوەی کچیت هیچ رەزامەندییەکی نییە».

یەکێك لەخزمەکانی گوێی هەڵخستبوو، قیژاندی بەسەرمدا «نازانیت ئەوە مێردەکەتە؟ چۆن بەو شێوەیە قسەی پێدەڵێیت؟»

دوو مانگ پاش لەدایکبوونی فادومە، شوێنی کارەکەی محەمەد عەلی گوازرایەوە بۆ شاری بەلەدوێین، نزیك لەناوچە شاخاوییەکانی ئەسیوپیا. باوکم‌و ئەیێیۆ مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی، کە من دەبێت لەوێ لەگەڵی ژیان ببەمە سەر. ئێمەش تەنیا ماوەیەکی کەم بوو لەوێ بووین، کاتێك پاشنیوەڕۆیەك لەبازاڕ هاتمەوە بۆ ماڵا، بینیم ئەو لەژووری دانیشتنە، هێشتاش بەرگی رەسمی لەبەرە. هەستایە سەرپێ‌و وتی «هاتووم تا پێت بڵێم بەداخەوە داپیرت کۆچی دوایی کردووە». دەستی گرتم، بلیتی پاسی بۆ کڕی بووم، بۆ گەشتێکی پڕ تەموغوبار بۆ گەڕانەوە بۆ مەقادیشۆ بەبێ ئەو.

لەڕێگەدا من‌و فادومە نەخۆش کەوتین، دەسماڵێکم بەست بەسەرمەوە، سەرو رووخسارم پێچا، ئەو بەگەرمییەوە بەسەر سنگمەوە راکشابوو، لەکاتێکدا من هەڵدەلەرزیم. کاتێك رێگەکە دوایی هات، پاشماوەی رێگەکەم بەپێ بڕی، بەسەر گژوگیای درێژو پەرژینە چۆڵەکاندا گوزەرم کرد، هەتا گەیشتمە لای ئەشا لەو دوورەوە. بانگم کرد، خێراتر دەهات گەیشتینە لای یەکتر، یەکتریمان لەئامێز گرت‌و گریاین. دواتر کۆرپەکەم جێهێشت تا لەباوەشی ئامینەدا بنوێت، چوومە ئەو شوێنەی کە بەردێکی بچوك کرابووە نیشانەی گۆڕەکەی ئەیێیۆ.

من لەوێ وەستام، سەرەتا بێ هیچ جوڵەیەك، دواتر سەرو قۆڵم لەقاند توند بامدان. هەستمکرد چاوم ئازاری توش بووە، فرمێسکی گەرم بە رووخسارمدا دەهاتەخوار. داهاتمەوە و دەست‌و ئەژنۆکانم خستنە سەر زەوییەکە، پاشان لای خۆمەوە راکشام روومەتم نا بەو لمەی ئەیێیۆی لەژێردا نوستبوو.

کاتێك گەڕامەوە هێشتا فادومە هەر نوستبوو، بۆ رۆژی دواتر هەمووان لەخەو رابووین، تاکەی بۆ گەڕایەوە، هەناسەی کەمبووبووەوە. دەستم هێنا بە پشتیداو شیرم پێدا، بەڵام ئەو وەری نەگرت. داوام لە ئامینە کرد تا بە

ئامۆزاكەمان بڵێت، شتێكی خراپ روویداوە. كاتێك ئەو هات پرسیارم لێكرد «دەكرێت پەیوەندی بە باوكمەوە بكەین؟ كچەكەم نەخۆشەو پێویستمان بە پزیشكە».

ئەویش بەتوندییەكەوە پێیوتین «ئەم منداڵە خەریكە بمرێت، لەبەرئەوە دەبێت ئێوە ئارام بگرن». ئێمە بڕوامان بەو نەكرد، بەڵام كوڕێكی بچوكی دراوسێی خۆمانمان نارد تا بە باوكم بڵێت، لەو كاتەشدا هەر چاوەڕوان بووین‌و نزامان دەكرد.

مەرگ بۆ هەركام لەئێمە پلانی جیاوازی هەیە. كاتێك دایكم مرد، وا هەستتدەكرد مردن ساڵانێكی زۆری پێویستە، رۆحی ئەوەندە بەرهەڵستی كرد، هەتا ئەوكاتەی جەستەی بێهێزترو بێهێزتر دەبوو، بەڵام بۆ گەنجو پیر، بۆ ئەیێیۆ و فادومەی من، خواوەند بیرۆكەی جیاوازی هەیە. ئامۆزاكەم راستی فەرموو، ئەو لەماوەی چەند كاتژمێرێكی كەمدا بەجێیهێشتین، هەرچەندە من هەر دانیشتبووم و ئەویشم لەئامێزگرتبوو، تا ئەو كاتەی باوكم هات، لەدەوروبەری كاتژمێر سێی ئەو پاشنیوەڕۆیەدا. رووخسارە خنجیلەكەی نوساند بەخۆیەوە، بینیم فرمێسك لەچاوەكانی دەهاتە خوار. لەو كاتەشدا ئامۆزایەكم پێشتر گۆڕێكی بچوكی لەنزیك گۆڕی ئەیێیۆ هەڵكەندبوو، هەر بۆیە ئێمەش تەرمەكەمان هێنا، شۆردمان‌و كفن (كارفان karfan)ێكی بچووكمان تێوەئاڵاند، پاشانیش هەندێك ئایەتی قورئانی پیرۆزمان بەسەردا خوێند.

كاتێك دایكم كۆچی دواییكرد، شوناسی خۆمم ونكرد، هەنوكەش بەبێ ئەیێیۆ و فادومە، رابـردوو ئایندەم لەدەستچوو. تا سێ رۆژ پشووم لەبەر هەڵگیرابوو، نەمدەتوانی بخۆم‌و بخەوم. كاتێك باوكم ئامادەكاری كرد بۆئەوەی بڕۆین، پێموت من‌و خوشكەكەم لەگەڵی دێین.

ئەویش وتی «نا ئێوە دەبێت بچنەوە لای مێردەكانتان».

هەرچەندە نەمتوانی بێگوێیی باوکیشم بکەم، بەڵام پێموت «ناتوانم بەتەنیا پشوو بدەم، دەزانم تۆ چەند ئازار دەچێژیت». لەگەڕانەوەی پاسەکەدا بۆ بەلەدوێین، کاتێك بیرم لەخوشکەکانم دەکـردەوە، هەوڵمدا تا گوێ بۆ ئامۆژگارییەکی دایکم هەڵخەم، دەنگی ئەوانی دیکە کپ بکەمو گوێ لەدەنگی نێو ناخم بگرم، بۆئەوەی بگەمە چارەسەرکردنی کێشەکەم. کاتێك گەیشتم بە محەمەد عەلیم ڕاگەیاند «ناتوانم خوشکەکانم بەجێبهێڵم، ئەگەر تۆ خوشکەکانی منت بەلاوە گرنگ نییە، ئەوا منیش تۆم بەلاوە گرنگ نییە».

محەمەد حسینیش وتی «تۆ هەر شیاوی خۆمیت حەوا، خۆشم دەوێیت. من بەرهەڵستی ئەوە ناکەم خوشکەکانت بەخێو بکەم، بەڵام باوکم بەوە رازی نابێـت».

منیش وتم «داوام لێکردیت یارمەتیم بدەیت، تۆش رازی نەبوویت، کەواتە دەبێت کۆتایی پێبهێنین، تۆ هەر ئەفسەرێکی پۆلیسیتو موچەیەکی کەمت هەیە. دەبێت کچێك بدۆزیتەوە کە وەك من کێشەی گەورەی نەبێت». پەیوەندییەکەمان لەوە زیاتر بەردەوام نەبوو، ئێستا ئیدی دەبوو بگەڕێمەوە ماڵەوە.

ئەویش وتی «تۆ بەدەست کۆستێکی قورسەوە دەناڵێنیت» بەڵام ئەو ڕێگەیدام بگەڕێمەوە بۆ مەقادیشۆ بۆ قوتابخانە، بۆ ئەو ماڵەی باوکمو خوشکەکانمی تێدا بوون.

منیش گەڕامەوە. لەو کاتانەشدا، شەو و ڕۆژ رادیۆی سۆماڵ هەر قسەی لەبارەی ئازادییەوە دەکرد. لە 26/حوزەیرانی/1960 هەرێمی باکوری سۆماڵ سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیا وەرگـرت، کەمتر لەهەفتەیەك دواتر بەشە ئیتالییەکەشی بەهەمانشێوە ئازادی بەدەستهێنا. دراوسێیەکمان پەیامێکی دا بە خێزانەکەمان، کە محەمەد عەلی بانگکراوە بۆ مەقادیشۆ، بۆئەوەی بیست ڕۆژ ئێشك بگرێت، بەڵام من هیچ گرنگییەکم بەوە نەدا.

ڕۆژێکیان پاشنیوەڕۆ بوو، لەقوتابخانە هاتمەوە بۆماڵەوە سەرم سوڕما کاتێك بینیم محەمەد حسێن عەلی لەماڵەوەیەو لەگەڵ باوکمدا چا دەخواتەوە، وەك هەر دراوسێیەکی دیکە. کاتێك ئەوم بینی هەستم بە هیچ نەکرد. کاتێکیش ئەو منی بینی هەستایە سەرپێ، هیوای لەشساغی بۆ باوکم خواستو ماڵئاوایی لێکرد.

باوکم شانی بۆ پێشەوە چەماندەوەو پێیوتم «محەمەد پێیوتم نامەوێت ئەزیەتی حەوا بدەم، ئەو وتی هانێ ئەوە بەڵگەنامەکانە، لێی جیادەبمەوە».

ئەوەی پیشانی مندا: هیچ پاشەکشەیەك لەئارادا نەبوو. دەستمکرد بە گریان، ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت، کە من هێشتا هەر منداڵێك بووم، یاخود ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت، کە ئەیبیۆ بەوە قایل نەبوو. باوکم پێیوتم نیگەران مەبە کچەکەم» هەستم دەکرد دەستی بەسەر سەرمدا دەهێنا، «من لای خۆمەوە پیرۆزباییت لێدەکەم، دایکتو داپیریشت بەهەمانشێوە. هەموو ئەو شتانەی کە دەتەوێت دەیاندۆزیتەوە». هەرچەندە ئەو شەوە من بە مێشکێکی سڕو جەستەیەکی شەکەتەوە نوستم، کاتێك لەخەو هەستام، سەرلەنوێ ئازادبوومەوە.

# بەشی نۆ
# بنیاتنانی نۆڕینگەکەم

بۆ ماوەی سێ مانگ ئەوەندەی لەتوانامدا بوایە، زۆرینەی موچەکەمم دەخستە لاوە بۆ کڕینی کەرەستەکان، بە زۆریش چیمەنتۆ و شیشی ئاسن، وەك ئەوەشی لەگەڵ هاوڕێ ئەندازیارەکەمان قسەم لەسەر کردبوو، دەبووە نۆرینگەیەك کە توانای لەخۆگرتنی بیستو سێ قەرەوێڵەی هەبوو. ستافێکی بچکۆلەشم کۆکردەوە. یەکێك لەخزمەکانم مامانێکی بۆ هێنام، کە هێشتاش کارم لەگەڵ دەکات، لە نەخۆشخانەی ژنانو منداڵانی بەنادیریشەوە کە لەلایەن حکومەتی چینەوە لەساڵی 1977 دروستکرابوو، دوو پەرستارو پاککەرەوەیەکی زۆر باشیشم بەکرێ گرت. دەمزانی پاککەرەوەکە ئەرکێکی زۆر گرنگی لەئەستۆ بوو، لەژووری منداڵبوون خوێنێکی زۆری لێ بوو، خوێنە رژاوەکانیش دەبوو پاکبکرێنەوە.

لەهەمانکاتدا من و عەدەن کێڵگەیەکیشمان دروستکرد. پێکەوە چووین بۆ بانکێکی پێشکەوتوو دەستکەوتەکانی خۆمانمان لەگەڵ خۆمان برد بۆئەوەی زەمانەتی قەرزەکە بکەین، دواتریش عەدەن چوو بۆ بەشی کشتوکاڵ، بە تراکتۆرێکەوە گەڕایەوە. ئەوە کارێکی دژواربوو، بەڵام دەستکەوتمان هەبوو: خەرمانەکە گەشەی کرد، هەموو بەیانییەکیش ئامۆزاکەم لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆردا، بارێکی دەنا لە لۆریەك و دەیبرد بەرەو بازاڕی سەرەکی مەقادیشۆ بە ناوی بەکارا. بە پارە و گۆشت و شەکر و چاوە دەگەڕایەوە، پاشانیش لەگەڵ ئێمە نانی بەیانی دەخوارد، ئینجا دێکۆشی دەبرد بۆ قوتابخانە.

لەمانگی پێنجدا، کوڕێکم بوو ناومانناا ئەحمەد، کوڕیژگەیەکی بەهێز دیاربوو، ملێکی درێژی هەبوو هەر وەکو ملی باوکم. فادومە عەلی چاودێری منی دەکرد، هەروەکو کچە بچکۆلەکانم، تا سەرلەنوێ وزەم بەبەردا هاتەوە بۆ پیاسەکردن لەنێو دانەوێڵەکاندا. ساڵی دواتر لە 15/ئابی/1983 دەرگای نۆڕینگەکەمان کردەوە.

لەسەرەتادا ژمارەیەکی کەم نەخۆش رووی تێدەکردین، هەندێکجار پێنج تا دە نەخۆشێك دەهاتن، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە دەکەوتینە سەر رێگەی سەرەکیو بەوپێیەی هەواڵەکەش بەخێرایی تەشەنەی کرد، کاتێك لەکاری خۆم

لە مەقادیشۆ گەڕامەوە، بینیم ژنان بە ریز وەستاون و لەچاوەڕوانی مندان. زۆرێنەی نەخۆشەکانم کە بێ هیچ گرێوگۆڵێك منداڵیان دەبوو، تەنیا شەوێك لەگەڵمان دەمانەوە. لەبەرامبەریشدا ئەوان 35 سەنتیان دەدا، ئەوەش بڕێکی کەم بوو، تا ئەو کاتە شتی لەو بابەتە نەبوو، بۆ کەسانێکیش مەبەستیان بوو شتێکی ئەوتۆ نەبوو، کاتێك چارەسەری ژنە بازرگانێك یان ژنی وەزیرەکانی حکومەتەکەی سیاد بەڕیم دەکرد، پارەی زۆرتریشیان دەدا. ئەگەر بمزانیایە کەسێك چارەسەر ناکرێت پارەم لێوەرنەدەگرت.

ئەگەر پێتوایە ئەم شتە بەخشندەییە، دەبێت ئەوە بزانیت، کاتێك خەڵکی سۆماڵ شتێکیان بوێت پێداگری لەسەر دەکەن. تەنانەت ئەگەر بچیتە دەریشەوە جێتناهێڵن، بەدواتدا دێن، پێتدەڵێن «دوعای خێرت بۆ دەکەین، دەخوازین لەبەڵا بە دووربیت، تکایە چارەسەرێکی کچەکەمان بکە». منیش بەرگەی ئەوە ناگرم کەسێك ببینم ئازار دەچێژێت، دەبوو هەر شتێکیان بۆ بکەم. ئەگەر کەسێك لەڕەوشێکی دژواردا بووبێت‌و پێویستی بەوە بووبێت بنێررێت بۆ نەخۆشخانەیەك، دەمنارد بۆلای کۆمەڵێك پزیشکی چینی، کە لە بەنادیر بووبوونە ئاشنام، کە پێکهاتبوون لەپسپۆڕانی OB/GYN، پزیشکی گشتی، پزیشکی هەناوی‌و پزیشکی منداڵان، ئەو کاتانەی ئەوان لەکاردا نەبوون، بە ئۆتۆمبێل دەهاتن بۆ کێڵگەکەم بۆ بردنەوەی سەوزە‌و میوەی تازە.

پاشنیوەڕۆیەك لەوانەوتنەوە گەڕامەوە، بینیم ژنێك لەشوێنی چاوەڕوانی لەسەر قەنەفەیەك دانیشتووە، پێموت «چۆنی، نەخۆشیت؟»

ئەویش وتی «نەخێر، ئامۆزاکەم هێناومی بۆ ئێرە. پێویستم بە ئیشێکە». ئەو ژنە ناوی فادومە دوالی بوو، تەنیا شارەزاییەکیش کە هەیبوو ئەوە بوو کە خولێکی فریاگواری سەرەتایی خاچی سورو مانگی سوری بینیبوو. پێموت لەکاتژمێر چوار سەربداتەوە، هەر کە چاوم خشاندەوە بە زۆرێك لەکەیسەکاندا بۆم روون بووەوە، دەبێت چۆن پێشوازی لەنەخۆش بکرێـت، تەواڵێتیان نیشان بدرێت‌و ناویان تۆمار بکرێت. ئەو هەر زوو دەستیکرد بەکارکردن، ئیدی لەو کاتەوە فادومە دوالی بووە دەستەڕاستی من.

لەو کاتەوەی کە نۆڕینگەکە دوو مانگێك بوو کرابووەوە، ڕۆژانە پێشوازیمان لەدوو سەد نەخۆشێك دەکرد، ریزی ئەو ژنانەشی کە لەچاوەڕوانی دایكو باوك یان منداڵەکانیاندا بوون، بەدرێژایی ئەو ڕاڕەوە درێژ بووبووەوە، کە دروستمان کردبوون، بۆئەوەی لەدەوروبەری کاتژمێر 10 شەو لێببینەوە، هەوڵمدەدا هەر دە خولەك جارێك سەر لەهەر کام لەنەخۆشەکان بدەم، ئەوەش هەر تەنیا بەشی ئەوەی دەکرد پێیانبڵێم باشن، یاخود دەستنیشانی حاڵەتەکانیان بکەم، یاخود ئەگەر پێویست بێت هەندێك دەرمانیان پێبدەم، یان چارەسەری پێویستیان بۆ کەم. بەتێپەڕبوونی کات بۆم روونبووەوە کە نەخۆشی ناوچە گوندنشینەکان، کەمتر زانیاریان هەیە لەبارەی تەندروستیو پاکوخاوێنییەوە، بەبەراورد لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی لەنەخۆشخانەکەمدا بوون، ئەوان هەمان جۆر بەرگریان نەبوو لەبەرامبەر جۆرێکی دیاریکراو لەئەنتیبایۆتیك، یان هەر دەرمانێکی دیاریکراودا. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان زۆربەیجار خێراتر دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی تەندروستی.

سەرباری کارکردنی سەربەخۆ و زیاتربوونی متمانەم بە نۆڕینگەکە، بەڵام هێشتاش پێویستم بە رازیبوونی زیاتر هەبوو بۆ ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەرییەك لە مەقادیشۆ، تەنانەت لەبارودۆخە زۆر کتوپڕەکانیشدا. لەوێش ململانێی دەسەڵات هەر بەردەوام بوو، خەڵکیش خەباتیان دەکرد لەپێناو شکۆمەندیدا، ئەوان زانستو مەعریفەیان وەك چەکێك بەکاردەهێنا. پزیشکێکی بەناوبانگم بیردێتەوە، کە پەرۆشی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەیەکی نوێ بوو، کە ئەو تاقیکردنەوەی لەسەر ژەمە دەرمانو کوتانی ناپێویست دەکرد وەك بەشێك لەکاری ئەزمونی خۆی. هەندێك لەمامانەکان لەگەڵ من دەستیانکرد بە قسە، نیگەران بووین لەوەی روویدەدا کاتێك ئەو نەخۆشانە بەجێیان دەهێشتین، تەنانەت ئەگەر دایکەکەش باش بووایە ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بوو، نەتدەزانی چی بەسەر کۆرپەکە دێت.

کاتێك ئەزمونی ناوچە گوندنشینەکانم گەشەی کرد، گێڕانەوەی نەخۆشەکانم بۆ لای پزیشکانی دیکە، پتر دژواری بەخۆوە بینی، ئیدی خەونم

بە ژووری نەشتەرگەریی خۆمەوە دەبینی. بەشی نەشتەرگەریی بە واقیعی بووە نەخۆشخانەیەك، هەرچەندە سیاد بەڕی تەنیا رێگەی بە ئێمەدا بوو بۆ کردنەوەو بەڕێوەبردنی نۆڕینگەی بچوك. لەگەڵ ئەوەشدا مادەی زیاترو زیاترم کۆدەکردەوە، قسەم بۆ ئەندازیارەکە دەکرد، دەربارەی بیرۆکەکەم‌و شتی دیکەش. عەدەن دەیوت «حەوا کەی وازدەهێنی؟ دەتەوێت هەر لێرەوە بۆ مەقادیشۆ بکەیت بە بینا؟»

ئامینە هێشتاش هەر منداڵێك بوو، بەڵام دیکۆ دەیتوانی تێمبگات‌و یارمەتیم بدات. ئەو دەیوت «دایە هەردەبێت دروستی بکەیت»

هەر لەو رۆژانەدا من پەیوەندیم کرد بە هالاوی سکرتێری شەخسی سیاد بەڕییەوە، کە پشتگیریی پلانەکەمی دەکرد بۆ بەرفراوان کردنی نۆڕینگەکە. رۆژێکیان پیاوێك هات بۆ دیگفایەر لەکاتێکدا من سەرقاڵی ئەرکی خۆم بووم لەگەڵ خوێندکارەکانم.

پیاوەکە وتی «ئەمشەو لەکاتژمێر 11 لەگەڵ سەرۆك کۆبوونەوەت هەیە».

منیش بە سەرسوڕمانەوە پرسیم «هەر ئەمشەو!»

«بڕۆ بۆ بارەگای دەوڵەت لەوێ سکرتێرەکەی دەبینیت».

سەرسام نەبووم بەوەی سیاد بەڕی بەو درەنگانە داوای من دەکات لەئۆفیسەکەی خۆی. ئەو لە 11 هەتا 4 شەو پێشوازی لەمیوانەکان دەکرد. ئەو پاشنیوەڕۆیەش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، کاوباری نۆڕینگەکەم بەجێگەیاند، جلوبەرگم گۆڕی، ئەگەرچی جلوبەرگم بەوشێوە رەسمییەش نەبوو، بەڵام جۆرە رێزێکی پێوە دیار بوو. ئۆتۆمبێلەکە هاتە شوێنەکەو بەخێرایی رۆیشت بەرەو ئەفگۆیی رۆود، منیش لەبەرخۆمەوە هەر دەموت تۆ بڵێی سەرۆك داخوازییەکەم رەت بکاتەوە.

کاتێك هالاوی منی لای دەروازەکەوە بینی، باوەشی پێداکردم، بەنێو حەوشەکەدا بردمی کە بە گڵۆپی رەنگاوڕەنگی جوان روناك کرابووەوە، کە

بەدرێژایی رێگەی ئوتۆمبێلو هەتا دەگەیشتە لای تەلارەکەش، هەر بەو جۆرە روناك كرابووەوە. سی پاسەوانێك لەدەرەوە وەستابوون، بە دەوری ئەوانیشەوە چەندین کەسی دیکە دانیشتبوون، هەندێکیان بە بەرگی رەسمی و هەندێکیش بە بەرگی ئاساییەوە، بەشێوەی گروپی بچوك پێکەوە قسەیان بۆ یەکتری دەکردو چاو قاوەیان دەخـواردەوە. هەر کە چووینە قاوەخانەکە بەلای سەرۆك خۆیدا رەتبووین، یاری تۆپی سەرمێزی دەکرد لەشوێنێکی کراوەدا. ئەو زۆر بەکەیف دیاربوو، هەستی بە گەنجێتی دەکرد، لەوە نەدەچوو بتوانین بەردەوام بین. بەنێو روناکییەکی لێڵدا بە راڕەوەکەدا چووینە نێو ئۆفیسەکە، لەسەر کورسییەکی سادە دانیشتین. هاڵاوی بوتڵێك فانتای پرتەقاڵی بۆ ناردم تا لەماوەی چاوەڕوانییەکەم دا نۆشی بکەم.

لەوێ بۆ ماوەی زیاتر لەچلو پێنج خولەك دانیشتم، لەو کاتەدا سیاد بەڕی لەگەڵ یەکێك لەژنەکانیدا بوو. دواجار هاڵاوی هاتو وتی «وەرە لەگەڵم»

یەکەمین شت کە من سەرنجمدا رووخساری سەرۆك بوو، هەر بە پێستیدا دەمزانی کە ئەو خۆش دەژی، چاوەکانی بەگوڕوتین بوون، بە بەرگێکی خاکی کاڵەوە بزەی بۆ دەکردم. من وتم «گەورەم جەنابی سەرۆك، سوپاس بۆ پێشوازی کردنەکەت، بۆئەوەی کە رێتدا چاوم پێتبکەوێت». بەرەو رووم هات تا دابنیشێت، منیش بە هەمانشێوە، پانتۆڵەکەم رێککردەوەو قاچم خستە سەر قاچ. «ناوم دکتۆر حەوا عەبدی دیبلاوییە، لەنێوان مەقادیشۆ و ئەفگۆییدا دەژیم لەناوچەیەکی گوندنشیندا. لەو ناوچانە چەندین کەس هەن، کە بەدەم ئازارەوە دەناڵێنن، ئەوان هیچ جۆرە هۆکارێکی گواستنەوە شك نابەن تا بێن بۆ نەخۆشخانەکانمان لە مەقادیشۆ».

ئەویش وتی «دەتەوێت نەخۆشخانە دروستبکەیت».

منیش وتم «بەڵێ».

پرسی «ئەی دەزانیت دروستکردنی نەخۆشخانە کارێکی چەند دژوارە؟»

چەندین گرێوگۆڵی ریز کرد لەدروستکردنی بینایەکدا، پێویستی هێشتنەوەی ستانداردی باڵای خاوێنیو شوێنکەوتنی پرۆتۆکۆلە نیشتیمانییەکان. وتی «ئەمە کارێکی هەر وا ئاسان نییە».

وتم «گەورەم جەنابی سەرۆك من دەمەوێت ئەو نەخۆشخانەیە دروستبکەم، ژنان زۆر بە دەست ئازارەوە دەناڵێنن».

قسەکەی پێبڕیم تا هەڵوێستی خۆیم لەبارەی مافەکانی ژنانەوە پێبڵێت، بە وتەی ئەو ژنان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەی سۆماڵین. کاتێك کۆتایی بە قسەکانی هێنا، دەستبەردارم بوو. وتی «رەنگە بگەڕێیتەوەو لەگەڵ وەزیری تەندروستی کۆببیتەوە»، لەبەرئەوەی من چاوەڕێی ئەو وەڵامەم نەدەکرد، بە ساناییەوە سوپاسم کرد بۆ ئەودەرفەتەی پێیدامو ئیدی رۆیشتم. لە ئوتۆمبێلەکەدا هەوڵمدا بیر لەو لایەنە باشانە بکەمەوە کە سەرۆك بۆ وڵاتەکەمانی فەراهەمهێناوە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەستەش هەبێت کە هەموو سۆماڵییەکان رقیان لەوە، بەڵام هێشتاش زۆر شت هەن کە من لەگەڵ ئەودا لەبارەیانەوە کۆکین لەسەری.

جاری دواتر هالاوی هات بۆ لام، زەرفێکی پەمەیی لەئۆفیسی جەنابی سەرۆکەوە پێبوو، کە نامەیەکی لەخۆگرتبوو، تیایدا هانی منی دابوو بۆئەوەی قاوشێکی نەشتەرگەرییو نەخۆشخانەیەکی بیست قەرەوێڵەیی دروستبکەم، ناویشی بنێم نەخۆشخانەی حەوا عەبدی. رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە ناوی کڵێسای خزمەتگوزاریی جیهانی، کۆمپانیایەکی ئەمەریکی نارد، بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ پڕۆژەکە بکەن. ئەوان کۆنکرێتی باشیان بۆ دابینکردین بۆ دروستکردنی سەقفێکی باشو پایەی بەهێز، ئێمەش پاشماوەکانمان هەڵدەگرت بۆ بینایەکی دیکە لەداهاتودا. لەکاتێکدا عەدەن کەرەستەی کێڵگەی زۆرتری کۆدەکردەوە، لەوانەش ئامێرێکی ئەڵمانیای رۆژهەڵات کە ئامێرێکی هەڵدانی ئاو بوو، کە پێداویستی ماڵا، کێڵگەو نۆڕینگەکەمانی دەستەبەر دەکرد.

ئێمە هەر خەریکی بنیاتنان بووین، تەنیا ئەو کاتانە دەوەستاین، کە پارە نەبوایە یان لەڕۆژانی هەینیدا، ئەو کاتەی کە پشوو بوو، کەس کاری نەدەکرد، پاشان پیکابەکەمان دەبردو دەچووینە قەراغی کێڵگەکە کە لەوێدا هەواکە زۆر بەهێز بوو. نیوەڕۆخوانێکمان کرد پێکهاتبوو لەگۆشتی وشتر، پاستا (هەویری

مەعکەرۆنیو سپاگێتی، خواردنێکی ئیتالییە)، برنج، شەکر، ئامادەمان کردنو چووینە ژێر ئەو درەختانەوە، ستافەکەشمان بانگهێشت کرد. ئامینە حەزی دەکرد سەیری مۆزە کاڵەکان بکات کە بە دارەکانەوە سەوزو جوان بوون.

ساڵانێك دواتر ئەحمەدی کوڕم پێیوتم کە ئەو رۆژانە وەك خۆشترین رۆژەکانی ژیانی دێتەوە بیر. یادەوەرییەکان شێوێنراون، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ رابردوو، بۆ رۆژێکی ساڵی 1986 کاتێك من چوومە دەرەوە بۆ داڵانەکەو لـەدوورەوە دەریایەکی سەوزم چاوپێکەوت. هەندێکجار دەپرسم، دەبێت هەستم چۆن بێت، کاتێك من بتوانم داهاتووی خۆم بێنمە پێشچاوی خۆم، بەڵام ئەوەش وەك ئەو بیرۆکەیە مەحاڵە، کە من ئێستا بچمەوە هەمان ئەو داڵانەو وێنەکەی منداڵی، دێکۆش بە ترسەوە بەنێو کێڵگەکەدا رابکات بەدوای عەدەندا.

لەو رۆتینەی خۆم دەربازم بوو: زوو بڕۆ بۆ مەقادیشۆ، بگەڕێرەوە بۆ پشوودانو بچۆرەوە بۆ نۆڕینگەکەو بگەڕێرەوە بۆ نوستن. منداڵەکامنان بەهێزو تەندروست بوون، خۆراکی تازەیان دەخواردو بەناو دەوەنەکەدا رایاندەکرد. ئامۆزایەك تەلەفزیۆنێکی پاناسۆنیکی بۆ هێناین، کە ڤیدیۆ کاسیتیشی لەگەڵ بوو. پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنەکە کە لە کوێتەوە دەهات لە 6 بۆ 10 ئێوارە بوو لەڕۆژانی هەفتەدا، لەپاشنیوەڕوانی پێنج شەمەشدا عەدەن منداڵەکانی دەبرد بۆ بینینی ڤیدیۆ. هەموو سێ هەفتەیەك فیلمێکی بۆلیود، فیلمێکی خۆرئاواییو فیلمێکی هونەرە مادییەکانیان دەهێنایەوە، ئەوەش لەو جۆرە فیلمانە بوون، کە عەدەن دەیزانی مەترسی گرتەی سێکسی تێدا نییە. لەکاتێکدا تەلەفزیۆن لەماوەی رۆژدا رێپێدراو نەبوو، دێکۆ دەیزانی چۆن مۆلیدەکە ئامادە دەکات، هەر بۆیە ئەوان دەیانتوانی شتی زیاتر ببینن بەرلەوەی منو عەدەن بگەڕێینەوە ماڵەوە. دواجار ئێمە تێگەیشتین، ئیدی عەدەن یەکێك لەکێبڵەکانی پێکەوە بەستنەوەی هێنا، بۆئەوەی رۆژانە کاری پێبکات.

منو عەدەن کاتێکی ئەوتۆمان نەبوو تا پێکەوە دابنیشین، وردەوردە ناڕەزایی دەکەوتە نێوامنانەوە. شێوازی ژیانی سۆماڵییەکان وەك دەزانن

بەوجۆرەیە کە دەبێت پیاو کاربکاتو فەرمان دەربکات، ژنیش منداڵا پەروەردە بکاتو ملکەچی بنوێنێت. لەو کاتەوە کە من ئەو زەوییەم کڕیبوو، بینام لەسەر دروستکردبوو، هەندێك لەبڕیاری خانەوادەکامانم جێبەجێ کردبوو، تەنانەت ئەگەر عەدەنیش رەتیکردبێتەوە. فشاری بارودۆخی سیاسیو زیادبوونی گرژی لەنێو ئۆفیسەکەی عەدەندا خزمەتی مەسەلەکەی نەدەکرد. ئا، بیرمە هەندێك رۆژ ئەیێیۆ هیوای ژیانێکی کامەرانی بۆ دەخواستم، ئەو هیچی دەربارەی خۆشییەکانی ژیانی هاوسەرگیرییەوە نەدەوت.

ناڕازییەکانمان بوونە ئەرگومێنت، منیش پێداگریم دەکرد لەسەر ئەوەی، کە دەبێت بە دەنگێکی نزم بدوێین هەتا منداڵەکان ئاگایان لێمانە. هەندێکجار لەو کاتەدا من پاش بەجێهێنانی ئەرکی خۆم دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەویش پێشتر لەدەرەوە بوو لە مەقادیشۆ سەرقاڵی بازرگانی بوو، یاخود دەچووە دەرەوە بۆ کێڵگەکە بۆ کارکردن لەگەڵ کرێکارەکان، بۆئەوەی دڵنیاش بێت لەوەی سیستەمی ئاودانەکە لەماوەی شەودا کێڵگەکە ناخاتە بەر لێشاو. من لەو دەمانەدا بیرم لەو ئامۆژگارییانە دەکردەوە، کە ئامینەی ئامۆزام پێیدەدام، هەفتەیەك بەرلەوەی منو عەدەن هاوسەرگیریی بکەین. ئامینە وتی «دەزانیت ئەبایۆ شتێك هەیە، کە من لەبارەی ئەوینەوە فێری بووم، پاش هاوسەرگیریی پانزە لەسەدی خۆشەویستی کۆتایی دێت».

شەوێك کاتێك من و عەدەن تەماشای هەواڵی کاتژمێر دەمان دەکرد، هاوڕێیەکی خۆمانم بینی، مێردی یەکێك بوو لەکچەکانی سیاد بەڕێ. ئەو لەنزیك هارجیسیا بوو، گەورەترین شاری باکور، کە بنکەیەك بوو بۆ بزوتنەوەی نیشتیمانی سۆماڵی کە گروپێکی ئۆپۆزیسیۆن بوون لەلایەن ئەندامانی خێڵی ئیساکەوە دامەزرابوو. کاتێك کامێرا کەوتە سەر ئەو هاوڕێیە لەتەنیشت لاشەیەکی کوژراو بوو، دوای ئەوەی دانپیانانی لێوەرگیرا بوو سوتێنرابوو. ئەوەی بووە مایەی گرژبوونی ئێمە هاوڕێکەمان رێك چاوی بڕییە کامێراکە، چاوی بڕییە نێو چاوی ئێمە، بە دەستی چەپیشی ئاماژەی بۆ تەرمەکە دەکردو دەیوت «هەر کەسێك پێچەوانەی شۆرشی پیرۆز بێت، ئاوای لێدەکەین».

لەبەرئەوەی عەدەنیش لەهۆزی ئیساك بوو، ئێمە لەچارەنوسی دەترساین، هەموو ئەوەی دەمانتوانی بیکەین ئەوەبوو، کە بەشێوەیەکی راست بەردەوام بین لەسەر ژیان. بەلای عەدەنەوە ئەمەش مانای ئەوە بوو، کە هیچ نەڵێت کاتێك ئەو هاوەڵەکانی دەبینی پارەو ئوتۆمبێلی حکومەتیان دەدزی. ئێمە پرسەیەکمان گێڕا لە پایتەختەکەی خۆمان، مەبەستم زەوی بەرفراوانو کێڵگەو نۆڕینگەکەمان بوو، بەڵام هێشتا دەبوو پێبکەنینو گۆرانی بۆ حکومەتێك بڵێین کە خەڵکەکەی خۆمانی دەکوشت.

لەئایاری 1986 زیاد بەڕی بە خەستی بریندار بوو لەڕووداوێکی ئوتۆمبێلدا، بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی نێررا بۆ سعودیە. لەکاتێکدا زۆرێك لەخەڵکی خوازیاری ئەوەبوون، رێبەرێکی نوێ دەرکەوێت، وەك ئەوەی چۆن لەڕۆژانی سەرەتادا بەو جۆرە بوو. ئەو تەندروستی بۆ گەڕایەوە، بێ رکابەر لە کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا چووەوە نێو خولێکی هەڵبژاردن. مێردی یەکێك لەنەخۆشەکانم بە حەسرەتێکەوە وتی «حەوت ساڵی دواتر چی دەگوزەرێت؟»

لەو رۆژانــەدا سەرۆکی بەشی دەرمانی سۆماڵ پیاوێکی زۆر ژیر بوو، کە یارمەتی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی دابوو کە لەنێوان پزیشکی مۆدێرنو تەقلیدیدا هەبوو. لەژێر سایەی رێبەرایەتی ئەودا توێژەرانی سۆماڵ سەردانی ناوچە گوندنشینەکانیان دەکرد بۆ کۆکردنەوەی نمونە (سامپڵ)، بەو ئومێدەی بەدواداچوون بکەن بۆ ئەوشێوە چارەسەرانەی، کە لەنێو گەڵاو گوڵاو رەگەکاندا هەبوون. بە داخەوە ئێمە کەرەستەی شیاوی تاقیگەمان نەبوو، تا بەدواداچوون بکەین بۆ زۆرێك لەو ئەزمونانە، هەربۆیە مادەکان نێرران بۆ ئیتالیا. من بە رێکوپێکی سەردانی ئۆفیسەکەی ئەوم دەکرد، بە ئومێدی ئەوەی لەدوایین دەرەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە هەواڵێکم دەست بکەوێت.

کاتێك من لەڕۆژانی پشودا دەچومە ناوچە گوندنشینەکان، لەگەڵ چارەسازانی تەقلیدی دەکەوتمە گفتوگۆ، هەندێك لەوانە پیاوماقوڵی گوندەکەیان بوون، زۆرینەیان لەپەنجا ساڵیدا بوون. لەکاتێکدا ئەوان سەرسام بوون بەوەی کە پزیشکێکی پـەروەردەی سۆڤیەت دەیەوێت لەوانەوە فێر ببێت، ئەوان

لەبەسەرهاتەکانیاندا بەخشندە بوون، کارەکەیان بۆ من روونکردەوە.

یەکەم چارەسەر کە من بینیم بۆ پیاوێك کرا، کە دۆمەڵێکی زۆر گەورەی لەقاچیدا هەبوو پڕبوو لەکێم، ئەوەش ئەو شتەیە کە ئێمە لەنەخۆشخانەکانی خۆماندا کونی دەکەین‌و ئاوەکەی دەردێنین. چارەسازەکە کۆمەڵێك گەڵای هێناو بڵاویکردەوە بەسەر قاچیدا. من بە گومان بووم، بەڵام پاش چەند کاتژمێرێکی کەم برینەکە کرایەوە و لەشوێنی خۆیەوە ئاوەکەی لەبەر رۆیی. منیش بەبێ ئەوەی بڕوا بەوە بکەم، کە بینیم گەڵاکەم خستە نێو کتێبەکەمەوە، پرسیارگەلی زۆرم هەبوون، کاتێك ئەو تێکەڵەیەك لەحەوت رووەکی جۆراوجۆری پیشاندام، دووانیان لەدەریاوە، پێنجیان لەدەوەنەوە، بەوە ناسرابوون، کە چارەسەری پەتای سەرەکی دەکەن.

لەو کاتەوە هەر کاتێك نەخۆشێك بەدەست کێشەی دژوارەوە بناڵێنێت، شەوان ئێشکی بەدیارەوە دەگرم‌و سەرنج لەسەر حاڵەتەکەی دەنوسم. پاشان لەڕۆژانی هەینیدا ئەو کاتانەی دەچووم بۆ وتوێژکردن لەگەڵ ئەو چارەسازانەدا، رای ئەوانم لەوبارەیەوە وەردەگرت.

ژنێکی لاو لەدەوەنەکەوە هات بۆ لام بۆ نۆڕینگەکە، هەستی بە ژانێکی زۆر دەکرد. هەرچەندە من هیچ ژێدەرێکم لا نەبوو بۆ پشکنینی شانەکانی، بەڵام لەنیشانەکانەوە پێشبینی ئەوەم کرد، کە ئەمە شێرپەنجەی مل بێت. بۆم روونکردەوە کە ئەوە چییە و ئەو دەبێت چی بکات، بەڵام ئەو نەیدەویست بچێت بۆ نەخۆشخانە، چونکە خێزانەکەی دەترسان، هەر بۆیە من چوومە سەر بۆچوونەکەی ئەو و هەستام بە پیادەکردنی ئامۆژگاری چارەسازانی تەقلیدی تێکەلەیەك لەرووەکم تێکەڵاو کردو هەویرەکەم خستە سەر شوێنە توش بووەکە، وردەوردەو هەفتە دوای هەفتە بەردەوام بووم لەسەر ئەم کارە. لەماوەی چەند هەفتەی دواتردا ناوچە توشبووەکە دامرکایەوە، هەتا ئەوەی تەنیا بەشی سەرەوەی مایەوە.

من بەئاشکرا لەسەر نەخۆشەکانم نادوێم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا

بەنهێنیش کار ناکەم، کە خویەکی ترسناکە بۆ هەر پزیشکێك. ڕۆژێکیان کاتێك لە نۆڕینگەکە چومە دەرەوە، تا هەوایەکی پاك هەڵمژم، پیاوێك لێم نزیکبووەوە، پێیوتم «دکتۆر حەوا دەمەوێت شتێکت پێبڵێم».

لەبەرئەوەی ئەو بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەوێدا بوو، من وام دەزانی ئەو چاوەڕێی ژنێکە لـەژوورەوە. منیش داوام لێکرد، تا بکەوێتە شوێنم بەرەو پشتەوەی نۆڕینگەکە بەرەو لای دەوەنەکە بڕۆین. پێیوتم «چاودێریت لەسەرە، پۆلیس دەزانێت ئەم چارەسەرە تەقلیدییە بەکاردەهێنێت». ئەو زۆر ڕاستگۆ دیار بوو، لەنێوان قسەکانیدا لێوەکانی دەکرۆشت. «ڕەوشی تۆ لەمەترسیدایە».

دڵنیا نەبووم لەوەی چی بە پیاوەکە بڵێم، پێموت من لەکارەکەمدا هەموو ڕێکارە حکومییەکانم گرتۆتەبەر، پاشان پێموت «سوپاس بۆ تۆ» ئیدی ئەویش ڕۆیشت.

بەیانی دواتر پێش دەسپێکی وانەکەم لە زانکۆ، لەبەردەم ئۆفیسی سەرۆکی بەشی دەرمانسازی ڕاوەستام دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە داخستو دەستمکرد بە گاڵەگاڵ: «من ئەو درەختانە بەو شێوەیە بەکاردەهێنم کە ئێوە پێتان باشە، کەچی وا کەسێك هاتووەو دەڵێت لەمەترسیدام، ئەمە یانی چی؟»

ئەو پزیشکە دەرمانسازەش هەر لە یەکێتی سۆڤیەت خوێندبووی، لەوە تێدەگەیشت چیدەڵێم، بەڵام ئەو هێشتاش هەر سۆزی بۆ کارەکەی خۆی هەبوو. پێیوتم «بەردەوامبە لەسەر کارەکەت، با من تاوانباربکەن، دەزانم چۆن بەرگریدەکەم». پێموابوو ڕاستبکات. ئەو دۆزینەوە و توێژنەوانە متمانەیان بە من بەخشی. دەستمکرد بە کردنەوەی بەڵگە بۆ کارەکەم، خەونم بەوەوە دەبینی، چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە بدۆزمەوە لەو درەختانەوە.

چەند مانگێك دواتر من سەقاڵی کارکردنی خۆم بووم لەنەخۆشخانەی بەنادیر، پشکنینم بۆ ژنێك کرد، کە زیادبوونێکی ترسناك لەناوچەی حەوزیدا ڕوویـدا بوو. کاتێك پشکنینەکە گەڕایەوە بینیمان شێرپەنجەیە لەئاستی

دووەمدایە. ئای چەند نیگەران بووم، کە ئەو هەواڵەم بڵاوکردەوە. چەند هەفتەیەکی کەم، جارێکی تر دواتر ئەو هاتەوە بۆ نۆڕینگەکەم، بە ئومێدی پێدانی هیوایەك. پێموت «چارەسەرێکی باشمان هەیە بۆت». ئەو ژنە بۆ ماوەی سێ مانگ لەگەڵمان مایەوە، منیش هەموو رۆژێك گیرراوەیەکم لەسەر شوێنە توشبووەکە دادەنا. لەسەر مۆڵەتی خۆی، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی رەوشی ئەودا وێنەم دەگرت، ئیدی هێواش هێواش زیادبوونەکە دەستی بە پوکانەوە کرد.

هاوڕێیەکی عەدەن بانگهیشتی خێزانەکەمانی کرد، بۆئەوەی لەژێر سایەی ئەستێرەکاندا نزیك تەنە ئاسمانییە مەزنەکان دابنیشین، کە لەناوچەکەدا گەلێك دڵڕفێن بوو. لەوکاتەدا فادومە دوالی ئەزمونێکی باشی پەیدا کردبوو، بۆئەوەی لەئامادەنەبوونی مندا چاودێری نۆڕینگەکە بکات و لە هەر کتوپڕیەکیشدا پەیوەندی بکات بە هاوەڵێکەوە لە مەقادیشۆ. بۆ ماوەی سێ رۆژ خێزانەکەمان سەرقاڵی گەمەو پێکەنین بووین. ئامینە چێژی لەوە دەبینی لەسەر ئاگرێکی کراوە چێشت لێبنێت، لە کاتێکدا دێکۆ لەوە وەڕس بوو کە گەورەترینە، کارە نارەحەتەکانی درابوو بەسەردا. منیش بەنەرمییەکەوە پێموت «لێتتێدەگەم، بەڵام ئەمە کاری تۆیە».

هەرکە شەمە گەڕامەوە دەستبەجێ چووم بۆ نۆڕینگەکە بۆئەوەی پشکنین بۆ نەخۆشەکان بکەم، بەڵام ئەو ژنەی چارەسەرم بۆ کردبوو رۆیشتبوو. فادومە دوالی وتی «ئاگام لێی نەبووە رۆیشتووە». بوارمانداوە بە نەخۆشەکان لەدەرەوەو ناوەوە پشکنین بکەن، ئاساییە شتێك رووبدات بێ ئەوەی تێبینی بکات.

وتم «ئەو چارەسەرەکەی تەواو نەکردبوو».

نەمانزانی ئەو ژنە چی بەسەر هات، بەڵام ئەو رۆژە هەموو بەکارهێنانێکی پزیشکی تەقلیدم راگرت. سودەکانی شایستەی ئەو هەموو مەترسییە نەبوو، کە بۆ سەر خۆمو نەخۆشەکانم هەیبوو.

# بەشی دەیەم
# گەڕانەوەی خوشکەکانم

پاشنیوەڕۆیەك كاتێك نوێژینگە کشومات بوو، لای بەڵەكۆنەكەوە دانیشتبووم، لەدوورەوە دوو ژنی پەچەدارم بەدیكرد، كە بەرەو لای من دەهاتن. كۆمەڵێك منداڵیان بەدوای خۆیان خستبوو، قەتارەیان بەستبوو سێ سێ و لەڕیزی دوایشەوە دووان. من وام دانابوو كە ئەوان بۆ وەرگرتنی یارمەتی پزیشكی هاتبن، هەستامە سەرپێو گەڕامەوە سەر كارەكەم. هەر كە نزیكبوونەوە هەستمكرد كە ئەوە ئاشاو خەدیجەن. لەپشتیانەوە منداڵەكانیان رایاندەكردو، منداڵەكانی ئامینەی خوشكیشم بەهەمانشێوە، هەمووان رایاندەكرد تا باوەشێك بە دایە حەوادا بكەن، كە دەمێك بوو نەیان بینیبوو.

ئاشا هەڵیدایە «چۆنی!»

عەدەن گوێبیستی ژاوەژاوەكـە بوو هاتەدەرێ، دێكۆ و ئامینەش كە ئەحمەدی لەكۆڵەپشتەكەی نابوو بە هەمانشێوە هاتنەدەر. خوشكەكانم لە مەقادیشۆوە هاتبوون، لەوێستگەی پاسەكانی ئەفگۆییەوە، كە پەنجا مەترێك دوور بوو بە پێ هاتبوون. ئاشا بە عەدەنی وت «تكایە برا! هیچمان نییە بیخۆین شوێنێك نییە بۆی بڕۆین». كاتێك دەستمانكرد بە وتوێژ بۆمان روون بووەوە، كە چی روویداوە، ئاشا تەڵاق درابوو، خەدیجەش تەنیا كەوتبوو. چەند مانگێك بەرلەوە شەریف رۆیشتبوو بۆ حەج بۆ مەكە لەگەڵ شێخێكی ئازیز. هەرچەند هەر لەوێ مابوون، بەڵام كرێیان نەدابوو.

بۆ چەندین نەوەبوو كەسانێك هەبوون لەنێوماندا، كە بۆچوونیان وابوو شێخ دەسەڵاتێكی نائاسایی هەیە، دەتوانێت لەڕووی پارەو تەندروستییەوە یارمەتیبدات و هەركاتیش مردیت بتنێرێت بۆ بەهەشت. ئەوەندەی منیش بزانم شەریف سەردەمانێكی زۆربوو، شوێن خانەوادەیەكی شێخی لەو چەشنە كەوتبوو. لەماوەی ساڵدا چەند جارێك خۆیی و كۆمەڵێك لەهاوەڵانی دەچوونە ناوچەیەكی گوندنشینی، ئیدی لەوێ حەزرەتی شێخ دەستیدەكرد بە كۆڕگێڕان، جا بەبۆنەی یادی لەدایكبوونی پێغەمبەر موحەمەدەوە بووایە، یان هەر

شێخێکی بەناوبانگی دیکەوە. خێزانەکان لەچەندین شوێنی دوورەوە دەهاتن لەگەڵ خۆشیان وشتر، قاز، مانگا و برنج، شەکر، ڕۆنو پارە، یاخود زێڕیان دەهێنا تا بیدەنە جەنابی شێخ وەك ڕێگەیەك بۆ نزیکبوونەوە لەخودا.

شەریف ساڵانێك بەرلە ئێستا پێیوتم: «حەوا، دەبێت باوەڕت بەم شێخە هەبێت. دوعای خێرت بۆ دەکاتو تۆیش هەموو خواستەکانت لەم جیهانە دێنیتەدی».

من پرسیم «چۆن؟». بۆ من دژوار بوو باوەڕ بەوە بکەم، کە ئەم پیاوە خواوەندێکی گچکەیە هەر وەك ئەوەی کاتێك خوێندکار بووین باوەڕمان بەوە بوو، کە قەرەجەکان پێیاندەوتین گوایە خوێندنەوەی لەپی دەست گرێی بەختمان بۆ دەکاتەوە، بەڵام شەریف باوەڕی بەوە هەبوو، تەنانەت عەدەنیش کە ئەودەم لەگەڵ من بوو لە یەکێتی سۆڤیەت پێدەچوو باوەڕی بە هەمانشت هەبێت.

منداڵەکان بە دوای دێکۆ و ئامینەدا ڕایانکردە ژوورەوە، تا سەیری تەلەفزیۆن بکەن، منیش بۆ چەند خولەکێك بە ئارامی مامەوە، گوێم بۆ قسەکانی عەدەنو خەدیجە هەڵخست، پاشان هاوارم لەیەکێك لەو لاوانە کرد، کە کاریان لەگەڵ دەکردین، داوام لێکرد تا بانگی ئەو خانمە بکات، کە کاری چێشتلێنانو پاککردنەوەی بۆ دەکردین. بە لاوەکەم وت: «ئەمانە دەستە خوشکی منن، نهۆمێکیان بۆ پاککەرەوە». ئیدی چووم بەرەو چێشتخانەکە تا بەو خانمە بڵێم، کە لەوێ کاری دەکرد دە بەشی دیکە بۆ خواردنەکەمان زیاد بکەن؛ هەشت منداڵاو دووانی گەورە.

گەڕامەوە لای ئاشاو خەدیجە ئاماژەم بە بینایەکی دیکە کرد، پێموتن «شێو ئامادە دەکەینو ڕاخەریشتان بۆ دێنین تا لەسەری بنون، بۆ بەیانی قسەدەکەین».

ئەو شەوە کە عەدەن نوست من هەر بە بێداری مامەوە، دەمپرسی ئاخۆ ئەوان بزانن چەندە ئەزیەتی منیان داوە. ئەوان بەوجۆرە بانگیاندەکردم؛ رالی گێلین «داوای لێبوردن دەکەم». منیش دەستبەرداری بەشێکی زۆری ژیانی خۆم بووم لەپێناو ئەواندا، پێداویستییەکانی ئەوانم خستبووە سەرو خواستەکانی خۆمەوە. پاش ئەوەی دایکم کۆچی دواییکرد، ئیدی دەستمکرد بە کێبەرکێ لەگەڵ دراوسێو هاوەڵەکانی دایکمدا، کە کچەکانیان لەتەمەنی ئێمەوماناندا بـوون. کچەکانی ئـەوان هەرچیان بکردایە خوشکەکانی منیش دەبـوو لەهەمان ئاستدا بن، بەڵام بە پەروەردە و رەفتارێکی جوانەوە. سەرکەوتوو بووم لەیارمەتیدانی ئامینەی خوشکم. کەچی پاش ئەوەی ئامینەی نازدارمان لەدەستچوو، ئاشاو خەدیجە جێیانهێشتم، لەکاتێکدا هێشتا سەرینەکەم بە فرمێسکی چاوەکانم تەڕبوو.

هەر وەك زۆرێك لە ژنانی دیکە، خوشکەکانی منیش باوەڕیان وابوو مێردەکانیان لەسەروو هەموو شتێکەوەیە. چەندین ژنم بینیوە هەڵەی لەو جۆرەیان کردووە، دەستبەرداری دایكو باوكو برایان بوون، لەکۆتاییدا ئیدی دەرفەتێکیان نەماوە بۆ گەڕانەوە. کاتێك خوشکەکانم بینی بێ پارە گەڕانەوە سەر دڵی من، پەژارە دایگرتم بۆ دایکم، باوکم و ئامینە، کە ئیدی لەوێ نەمابوو تا چارەیەکم بۆ بدۆزێتەوە. بەشێك لەناخی من لەو باوەڕەدابوو کە خوشکەکانم ناکرێت هەرگیز بگۆڕێن. بەشەکەی دیکەم بیری لەزارۆکانیان دەکردەوە، هەشت دەنگ کە خزابوونە نێو ژووری دانیشتنەکەمان، ئامۆزاگەلێك کە منداڵەکانم بە ئەستەم دەیانناسین. پێموابوو رەنگە ئەوان ببنە کەسانێکی باش. ئیدی وا بەرەبەیان بوو، منیش هەستامو دەستمکرد بە خۆسازدان بۆ رۆژێکی نوێ، بڕیاری خۆمم دابوو. ئەو هێزەم دۆزیبووەوە تا لەڕێیەوە ئەو منداڵانەش وەك ئەوانەی خۆم پێبگەیەنم. هەموو شتێکمان هەبوو تا بەوانی ببەخشین،

کێڵگەیەکی ڕێکوپێك بە چەندین مانگاو مریشکەوە، ناوچەیەکی بەرفراوان، کە بتوانن تیایدا گەمە بکەن، هەروەها خێزانێك کە دواجار پێکەوە بووین.

هاتنە ناوەوەی کەسانێکی پێگەیشتوو کە پێیانوابوو دەتوانن وەك سەرکارێك کاربکەن، شتێکی هەروا ئاسان نەبوو بۆ کێڵگەکەو ستافی نەخۆشخانەکە، یاخود بۆ منداڵەکانیشم. ماڵەکەمان قەرەباڵغتر و ئاڵۆزتر ببوو. ڕۆژێکیان دێکۆ هاتەلام لەکاتێکدا لە نۆڕینگەکە بووم. «دایە نامەوێت ئەو کرێکارانە بەجێمانبهێڵن».

پرسیم «بۆچی چی ڕوویداوە؟»

دێکۆ وتی: داوام لێکرد تا بزانێت کێیە هێندە بە شپرزەییەوە چاوەڕوانی منە، تا ئەوەی خۆم دواجار هاتمە دەرەوە و بینیم گروپێك لەستافەکەم لەوێ وەستابوون، توڕەبوون و نەفرەتیان دەباراند.

یەکێك لە پیاوەکان وتی «ئەو خانمە وتی ئەمە شوێنی خوشکەکەمانە، کەواتە موڵکی خۆمانە. دەشڵێت ئەو شێوازی مامەڵەیەمان بەدڵ نییە، بۆیە دەبێت بڕۆن».

ئاشا نەیزانیبوو ئەگەر گروپێك بەڕێوە ببەیت، ئەوا دەبێـت ڕێنمایی دەربکەیتو سزا دیاری بکەیت بۆ هەموو لایەك وەکیەك.

شەوێکیان کاتێك یەکێك لە کوڕە خزمەکانی عەدەن، لەنێو کامپی منداڵەکاندا گۆبەندێکی نابووەوە، یەکێك لەمنداڵە زۆر بچووکەکان لەشەڕەکەوە گلابوو، دەستیکردبوو بە گریان. ئاشا لەژوورەکەی هاتبووە دەرو بە دەنگێکی توڕەوە بە دێکۆی وت «تۆ لەم منداڵە بچوکەت داوە؟»

دێکۆش پێیدەڵێت «نەخێر دایە ئاشا» بەڵام ئاشا هەر بڕوای نەکردبوو. شەڕ کەوتە نێوان ئاشاو دێکۆوە، هەتا ئەوەی خۆم چووم و کەوتمە نێوانەوە.

پێموت «دەبەنگ!» بۆ یەکەمجار لەو هەموو ماوە دوورودرێژەدا، دەنگم بەسەر خوشکەکەمدا بەرزکردەوە. کوڕگەلەکەش بەرەو دەوەنەکە هەڵاتن. لەو کاتەی کە هێشتا هەر شانی کوڕەکەم گرتبوو، بە ئاشام وت «خۆت زۆر لێ زل

بووە. لەگەڵ کچەکەمدا گۆبەند دەنێیتەوە، لەکاتێکدا من دەتپارێزم؟ جارێکی دیکە شتی لەو جۆرە نەکەیت».

خەدیجە پێویستی بە هەندێك چارەسەری پزیشکی بوو، هەر بۆیە پارەماندایە تا بڕوات بۆ سعودیە و لەوێ لەتەك یەکێك لەئامۆزاکانم بمێنێتەوە، کە لەشاری ریاز دەژیا. خەدیجە حەزی دەکرد لەوێ سەرلەنوێ بە شەریف ئاشنا ببێتەوە. ئاشاش بڕیاریدا کە ئەویش دەیەوێت بەهەمانشێوە بڕوات بۆ سعودیە، رۆژێکیان هات بۆلام و داوای 60000 شیلینگی سۆماڵی کرد، بۆئەوەی ئەویش ئەو شەرەفەی پێببڕێت، تا یاوەری حەزرەتی شێخ بکات.

سیاسەتمەدار، پزیشكو بازرگانیش هەموو باوەڕیان بە دەسەڵاتی ئەو جۆرە پیاوانە بوو: ئای حەزرەتی شێخ وا دەفەرموێتو وا دەفەرموێت! پێویستە بڕۆین، پارە بدەین!

منیش وتم «ئاشا ئەو خەڵکە درۆت لەگەڵ دەکەن، ئەوان فێڵ لەخەڵك دەکەن خودا سزایان دەدات».

ئەویش بەوە تاوانباری کردم کە من بێباوەڕم، پێیوتم «تۆ ئیدی بوویت بە روس، ناتوانیت پەی بەوە ببەیت، ئەوانە چ دەسەڵاتێکیان هەیە».

بە چنگێ پارەوە هاتمەوە بۆلای پێموت «ها بگرە. ئەوکاتەی دەسەڵاتەکەت بەدەستهێنا، دەتوانیت دابەشیبکەیتو بەشی منیشی لێبدەیت». رۆیشت، بەڵام هەر زوو گەڕایەوە ترسا بوو لەوەی پیاوانی سعودیە دەستیان بۆ بردبوو، داوای پەیوەندیان لێکردبوو. پێیوتم «ئەزانێت بۆ زۆر کەس بە دەوڵەمەندی لە سعودیە دەگەڕێنەوە؟ ئەوانە کاری لەشفرۆشی دەکەن، منیش نەمویست ئەوە بکەم».

منداڵەکان هەموو لەگەڵ من مانەوە، خواردنیان باش بوو پێکیشەوە بووبوونە هاورێ، بەدرێژایی دوانیوەڕۆ لەو دەرەوە هەر راکەڕاکەیان[4] بوو لەگەڵ یەکتر. ئەوان رۆژێك هاتنە نێو ژوورەکەمەوەو پێیانوتم دەیانەوێت ببنە

پزیشك، دێکۆ بە پزیشکی ژنان، سوادۆ کچە گەورەی ئامینەی خوشکیشم بە پزیشکی منداڵانو کوڕە گچکەکەیشی بە پزیشکی نەشتەرکار.

بە ئامینەی کچی خۆیشم وت «ئەی تۆ دەخوازی لەکام رشتەی پزیشکی بخوێنیت؟»

ئەویش وتی «هەرچی خۆم حەز بکەم».

لە نزیك نۆڕینگەکە باخچەیەکی نوێم دروستکرد، رووەکان زوو سەریاندەرهێنا، کتومت وەك کارەکانی خۆم، کە لەتەنیا ژوورێکەوەو بە بیستو سێ تەختەوە[5] بوو بە بینایەك کە شەستو دوو تەختی لەخۆگرتبوو لەگەڵ ئەوەی توانستی ئەنجامدانی نەشتەرگەریشی هەبوو. بە هاوکاری کەنیسەی خزمەتگوزاری جیهانی توانیمان نهۆمی دووەم لەسەرەوەی نۆڕینگەکە دروستبکەین، ئەو رەفە ئاسنینەیشی کە دروستمان کردبوو، کرد بە رەفەیەکی کۆنکرێتی. هەنوکە بەو ژووره نوێیەی نەشتەرگەرییەوە، توانای ئەوەمان هەبوو لای خۆمانە نەشتەرگەریی قەیسەریی ئەنجام بدەین. ئێستا دەمتوانی چەندین کچو ژن لەمنداڵبوونی نائاسایی بپارێزم، هێشتاش لەگەڵ ئەو تەحەدایە دەرگیربووم، کە بۆچی دەبێت نەشتەرگەریی پێویست بێت.

دایکی ژنێك وتی «سکی بەو جۆرە هەڵبدرێت دڵنیایت لەژیاندا دەمێنێت؟»

منیش بە پێداگرییەوە وەڵاممدایەوە «بەڵێ، مەزنترین شت کە ئێمەی پزیشك نیشانیدەدەین، گرنگیدانە بە هەڵگرتنی چەقۆو هەڵدڕینی کەسێك».

لەو دەمەدا لەتەك دوو پزیشکی شارەزا کارمدەکرد. نەشتەرگەرییەکانمان بە هەڵبژاردنی خۆمان بوو، لەبەرئەوەی پزیشکی بێهۆشکاریش لەستافەکەماندا نەبوو، زۆرجار دەبوو چاوەڕوان بین تا یەکێك بگاتە جێ، هەر بۆیە تا ئەو کاتەش نەماندەتوانی نەشتەرگەرییەکە ئەنجامبدەین. بێگومان دەرفەتی ئەوە هەبوو کاتێك دەمویست بۆ خۆم دەستوەردان بکەم، بەڵام هەر وەك ئەوەی لەنەخۆشخانەی مەقادیشۆ هەبوو، یاسایەکمان هەبوو کە هیچ پزیشکێك نابێت

بە تەنیا نەشتەرگەریی بکات. سوپاسگوزارم چونکە لەماوەی ئەو ساڵانەدا چەندینجار روویدەدا کە بێهۆش دەبووم، یاخود بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەشتەرگەریی بەجێبێڵم، بەڵام هەرگیز لەماوەی چل ساڵی پزیشکیمدا، هیچ نەخۆشێکم لەسەر تەختەی نەشتەرگەریی لەدەستنەداوە.

هۆبەیەکی نوێی تایبەت بە نەشتەرگەریمان هەبوو، کە لـەدەرەوەی مەقادیشۆ بێوێنە بوو، بەلای منەوە نشینگەیەکی ئارام بوو دوور لەسیاسەت‌و چاودێریکردن کە زۆرجار وایان دەکرد سڵا بکەمەوە. لەو دەمانەدا نەمدەتوانی پێشبینی ئەوە بکەم، کە ئەو هۆبەیە لەماوەی بیست‌و پێنج ساڵدا چەند گرنگی بەخۆوەدەبینێت، لەکاتێکدا نەخۆشخانەکانی وڵات لەلایەن خاوەن زەوی‌و پیاوانی چەکدارەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، پاشان هەندێك لەپزیشکە باڵاکان، کە لە دیگفیەر بەرهەڵستیان دەکردم، بایاندایەوە بۆ لام‌و هاتن بۆ شوێنەکەی من. دەیانوت «حەوا شوێنێکمان دەوێت تا نەشتەرگەریی تیا ئەنجامبدەین، شوێنێك تا پێشوازیی نەخۆشی تێدا بکەین».

منیش دەموت «باشە، بەخێرهاتن».

لەماوەی چەند هەفتەی یەکەمدا ئەوانی دی هۆبەی نەشتەرگەرییەکەیان بەکاردەهێنایـن، گوێبیستی هەڵەی زۆر تراجیدی دەبووم، هەر لەسەرەتاوە نەخۆشێك لەسەر تەختی نەشتەرگەریی مردو ئینجا بو بە دووان. دواجار پێموتن رایبگرن «ئەمە نەخۆشخانەی منە، توشی تێکشکان دەبینەوە ئەگەر خەڵکی گوێبیستی ئەمە بن و بکەونە قسەوباس لەسەری، ئەو کات دەڵێن بردمان بۆ نەخۆشخانەی حەوا عەبدی‌و لەوێ مرد».

گەلی سۆماڵ دەڵێن: ژیان وەك رۆژێك وایە لەدەمەوبەیانییەکی زوودا، سێبەرێکی تاریك دەبینیت لەلایەکی درەختەکەوە، بەڵام لەپاشنیوەڕۆیەکی درەنگدا رەوشەکە دەگۆڕێت؛ سێبەرەکە دەچێتە لایەکەی دیکە. ئەمڕۆ تۆ

دەسەڵاتت هەیە، بەڵام ڕەنگە سبەی بێهێز بیت. بەرپرسیارێتی تۆ لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵبدەیت لەگەڵ هەموو کەسدا کاری باش ئەنجامبدەیت.

لەو ڕۆژانـەدا لەڕێگەی ئۆفیسی گەیاندنی مەقادیشۆ-وە پەیوەندی تەلەفۆنیمان بۆ وڵاتانی جیهان دەکرد. پاشنیوەڕۆیەکیان نامەیەکم لەهاوڕێیەکی شەریفەوە بۆ هات، هەر بۆیە چووم بۆ شوێنێك تا پەیوەندی پێوە بکەم لە سعودیە. کاتێك چـاوەڕوان بووم ترسی ئەوەم لێنیشتبوو کە شتێك بەسەر خەدیجە هاتبێت. بۆ ماوەی چەندین هەفتە بوو ئەو بۆ شەریف دەگەڕا، بەو ئومێدەی، بەڵکو خوایە حەزرەتی شێخ بکەوێتە نێوانیانەوە و ئاشتیان بکاتەوە.

پاش چەند هەوڵێك پەیوەندییەکە جێبەجێ بوو. پرسیارم لە هاوڕێکەی شەریف کرد «چۆنن؟ دەنگوباستان چییە؟»

ئەویش وتی «شەریفمان بە مردوویی دۆزییەوە لە ژوورەکەی خۆی لە ئوتێلەکە، لە ریاز».

بە ئارامییەکەوە هەناسەیەکم هەڵکێشا لەوکاتەی کە ئەو باسی ئەو ڕووداوەی کرد. شەریف بە یاوەری شێخ لە حەج گەڕابووەوە، بەڵام کاتێك هەوڵیاندابوو بچنە نێو ریازەوە، چەکدارەکان ڕێگەیان نەدابوو شێخ بچێتە ناوەوە. نازانم بۆچی؟ ڕەنگە ئەو کێشەیەکیان هەبووبێت، یاخود ویستبێتی لەشوێنێکی هەڵەوە بچێتە ناوەوە. بە ڕەچاوکردنی پیرۆزی حەزرەتی شێخ، شەریف کەوتە مشتومڕ لەگەڵ سەربازەکانو لەیەکێکیانی دا. ئەوانیش هەڵگەڕانەوە لێی تێریان کوتا.

خۆشتان دەزانن سەرباز لەڕووی توندوتیژییەوە باش مەشقیان پێدەکرێت، ئـەوان دەزانـن چۆن لەکەسێك دەدەن، بۆئەوەی ئـازارە جەستەییەکانی هێدی هێدی پەرەبسەنێتو تێکشکانێکی بەردەوامی لێبکەوێتەوە. شەریف لەشەڕەکە بووەو گەڕایەوە بۆ ئوتێلەکەی، بەڵام هاوەڵەکانی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ گوێبیستی هەواڵی ئەو نەبوون. تا دواجار ستافی ئوتێلەکە پەیوەندییان

بە پۆلیسەوە کرد ، ئەوانیش دەرگەی ژوورەکەیان شکاند، بینیان شەریف لەناو جێگەکەی راکشاوەو لوتو دەمو گوێی پڕبوون لەخوێن.

ئامۆزاکەم پەیوەندی تەلەفۆنی کردبوو بە خەدیجەوە، ئەویش توشی شۆك بوو. پێیوتم «دەچم بۆ ئەوێ تا بزانم ئاخۆ ئەوە راستە». دواتر لە ریازەوە پەیوەندی پێوەکردم، دەسەڵاتداران لەوێ لاشەی شەریفیان خستبووە بەفرگرەوە. ئەو مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی، کە هەر دەبێت مێردەکەی ببینێت، ئەگەرچی بەرپرسانی نەخۆشخانەکەش لەسەرەتادا ئەوەیان رەتدەکردەوە، دواجار رازیبوون کە ئەو بچێتە نێو مردووخانەکەوە. کاتێك لاشەکەیان دەرهێنا، ئەو رایکرد. بەگریانەوە پێیوتم «نەمتوانی سەیری رووخساری بکەم، تەنیا قژیم بینی».

خەدیجە خەونی ئەوەبوو ئەوان لە سعودیە سەرلەنوێ بەیەکتر ئاشنابینەوە. بەدەم گریانەوە پێیوتم «کە لە سۆماڵ بووم شەریف بەجێیهێشتم، کە هاتیشم بۆ سعودیە لێرە بەیەکجاری بەجێیهێشتم». کاربەدەستانی ئەوێ هۆکاری مردنەکەیان بە نەخۆشی دڵا دیاریکردبوو، هەرلەوێ لە ریاز بەخاکیان سپارد.

هەوڵمدا دڵنەوایی بکەم، هەرچەندە نەیشم دەزانی چ وشەیەك کاری تێدەکات. پێموت «ئەوە بڕیاری پەروەردگارە، ئێمە هیچمان پێناکرێت. تۆ ئیدی باشو بەهێزیت، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ لای منداڵەکانت».

کاتێك کەسێکی سۆماڵی دەمرێت، خانەوادەکەی هەندێك ئاژەڵ سەردەبڕن بۆ ئەو میوانانەی دێن. بەوپێیەی خەدیجە هێشتا هەر لە سعودیە بوو، گایەکی گەورەم لەنێو ئەو چل سەر رەشە وڵاخەدا گرت، بۆئەوەی بیدەم بە دایکی شەریف. بە «کاهییە»ی کوڕە گەورەی، کە کچی ئامینەی ئازیزم بوو، وت «کاهییە لەدوای پیکابەکەوە دانیشە لەپشتی شۆفێرەکەوە، ئەمە لەگەڵ خۆت ببە بۆ دایە گەورە».

کاهییە لەو دەمانەدا گەنجێکی قۆزی تێکسمڕاو بوو. لەکاتێکدا ئەو هەوڵی ئەوەی دەدا بە ئارامی بمێنێتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم دەگریا. پێموابوو ئەو زۆر پێویستی بە باوکی بێت، هەربۆیە لە ئامێزم گرت. دایکی مردبوو، خەدیجەی زڕدایکیشی هێشتا هەر لە سعودیە بوو. دەمانتوانی چی بکەین بۆ پاراستنی ئەم لاوە؟

کاتێك گەیشتینەجێ، ئەو بە نەنکی وت « ئەییێۆ؛ ئەمە وڵاخی خۆمە، دەمەوێت یارمەتیت بدەم تا پێکەوە باوکم بنێژین. ئەمەش ئەو شتە بچوکەیە، کە من دەتوانم ئەنجامیبدەم». ئاژەڵەکەیان سەربڕیو نەنەش سڵاوی بۆ کوڕەکەی نارد، پێکیشەوە کاهییەو ئاشاو من گەڕاینەوە بۆ کێڵگەکە.

# بەشی یانزە
# پێویستی، دایکی داهێنانە

لەساڵی 1988 هێزە حکومییەکان فڕۆکەیان نارده سەر باکوری سۆماڵ، بۆ پەلاماردانی گروپی یاخییانی بزوتنەوەی نیشتیمانی سۆماڵی، دەورووبەری شاری هارگێسیایان بۆمباران کرد، نزیکەی 5000 کەس بوونە قوربانی. ئەوەش بۆ خۆی قەسابخانەیەك بوو. گرژیو تیرۆر بە هەموو لایەکی وڵاتدا بڵاوبووەوە لەو کاتەی سەربازانی حکومەت ئەندامانی هۆزەکەی عەدەنیان گلێر کردەوە، کە هۆزی ئیزاك بوو، بە ئەفسەر و مامۆستاو پارێزەرەوە، لێیان دەدانو دەیانکوشتن. هۆزێکی دیکە لە باشور، هۆزی هاوییە بوو، گروپێکی بەرهەڵستکاریان بۆخۆیان دروستکردبوو بە ناوی کۆنگرەی یەکگرتووی سۆماڵ، ئەوانیش هەربوونە جێنیشانەی[6] حکومەت. پیاوانێکی زۆر کەوتنە ژێر گومانەوە، بوونە جێنیشانەی پۆلیسی سەربازی کە چاودێری وتوێژەکانی خەڵکیان دەکرد، زۆرجاریش لەشەواندا هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵان، هەرکەس لەژوورەوە بوایە دەیانکوشت. سەردەمانێك کۆمەڵێك کەسایەتی بەناوبانگی سۆماڵ داوایەکیان واژۆکرد، کە تیایدا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنو پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان دەکرد. بەلای سیاد بەڕێیەوە پەیامەکە ئەوەندە روون نەبوو، کە بڵێت: کۆمەڵگە تۆی ناوێت. کەچی ئەو کەسانە هەر هەڕەشەی مەرگیان لێکرا.

هەندێك لەگرژییەکان بوونە هۆی پێکدادانی نێو شەقامەکانی شار، لەکاتێکدا سەربازەکانی حکومەت، پیاوگەلی مڕومۆن بوون، لەدەروازەکانی مەقادیشۆوەوە وەستابوون کە پێیدەوترا بازگە، بە تفەنگێکی رووسییەوە هەر کەس بیویستایە لەوێوە رەتبێت لێپرسینەوەیان لەتەك دەکرد. ئەوان دەیانپرسی «سەر بە چ هۆزێکی؟» خۆ ئەگەر بیانزانییایە ئەو کەسە هەڵە وەڵامدەداتەوە، یاخود تەنانەت لەتۆنی دەنگیدا هەڵەیەك بەدیبکرایە، دەیاندایە بەر دەسترێژ. هەندێك هەر دەمودەست دەمردنو هەندێکی دی بریندار دەبوونو لەتریان دەدا، بەملاولای ئەفگۆیی رۆود دا دەکەوتنو هەر گوێقوڵاغی یارمەتییەك بوون.

ئەوان دەیانوت پێویستی، دایکی داهێنانە. ئێمە لەوڵاتی سۆڤیەت پزیشکی فریاکەوتنمان خوێند بوو، لە جەنگاوەرانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە فێر ببووین، ئەوان پێیاندەوتین چی دەبێت کاتێك گوللەیەك بچێتە ناو سکی کەسێکەوە، هەروەها چۆن ئەو برینانە چارەسەر بکەین بۆئەوەی دووربێت لەخوێنبەربوونی ناوەکی. یەکێتی سۆڤیەت ئەودەم لەبارێکی ئارام دابوو، هەر بۆیە کەیسێکی ئەوتۆمان لا نەبوو، تا چارەسەری بۆ بکەین. ئێستا ئیدی دەبوو ئەوە بکەین، کە دەتوانین بیکەین‌و بەوەی کە هەمانە، هەروەها دەبوو بە نهێنیش کاربکەین، ئەگەر سەربازانی حکومەت بیانبینایە، کە قوربانییەکانیان لەلایەن ئێمەوە تیماردەکرێن، دەیانتوانی بۆمباباران، یان لانیکەم گوللەبارانی نەخۆشخانەکە بکەن. کاتێك کەسانی نەخۆش دەهاتنە لامـان، زۆرجـار دەستبەجێ خزمەتگوزاری سەرەتاییم بۆدەکردن پاشان دەمناردن، بۆ ناو دەوەنەکە بۆ چارەسەر.

رۆژێکیان پێشوازیمان لە کوڕێکی گەنج کرد، کە لەیەکێك لەو بازگانەوە تەقەی لێکرابوو. کاتێك چەکدارەکان تفەنگیان لێڕاکێشابوو ئەو رایکرد بوو، هەر چۆن بوو لەپشتەوە فیشەکێکیان پێوە نابوو، گوللەکە بەناو ریخۆڵەکانیدا رەتببوو، ناچاری کردبوو کە لەسەر دەست‌و ئەژنۆکانی رێبکات. بەوجۆرەی کە هەناوی هاتبووە دەرەوە لەلای ئەفگۆیی رۆودا، ئیدی دەستی لێبەردابوو. نازانین ئاخۆ چەندی پێچووبوو بۆئەوەی 24 کیلۆمەتر ببڕێت، بەڵام دەمانزانی کە ئەو ناوبەناو لەترسی سەربازەکان ناچار بووە خۆی لەناو دەوەنەکان بشارێتەوە، هەندێکجاریش بێهۆش بووەو لەسەر لمەکە کەوتووە.

چۆن ئەو کوڕە دەیویست بژی! بە نەرمییەکەوە دەگریاو داوای یارمەتی لەئێمەکرد. هەندێك دەرمانی دژە ئـازارو دژە گرژبوونم پێدا، ئەوەندەی لەتواناشمدا هەبوو برینەکەییم بۆ پاککردەوە، بەڵام گوللەکە زۆر خراپ کاری خۆی کردبوو. لەو دەمەی کە من لەگەڵی دانیشتم‌و پرسیارم لێکرد تا بزانم

چی رووی‌داوە، براو هاوەڵەکانی وێنەیەکی ئەویان هەڵگرتبوو، بەگوندەکەدا دەگەڕان بەدوایدا. پێکەوە هەستاین لەوکاتەدا ئەو قیژاندی. کەسێك پێیوت «مەقیژێنە ئەگەر مردیت ئاسایی دەمریت، گرنگ نییە بمریت».

بۆ ساتێك چوومە دەرەوە نیگەران بووم لەوەی چیم پێدەکرا. بانکی خوێن نەبوو، کەسیش لەسەر کار نەبوو، هیچ ئامرازێکی بەنجکردنیشم لەلا نەبوو، رەنگە کوڕەکە بەو شۆکەوە بمرێت. پێکەوە دانیشتن لەگەڵ ئەو هەتا ئەوەی گریانەکەی رەوییەوەو هەناسەیشی دامرکایەوە. کە کاتی خۆی هات، وێنەکەیمان برد بە ئومێدی ئەوەی خێزانەکەی بدۆزینەوەو هەواڵەکەیان پێبدەین، پاشان کارفانێکمان کردەبەرو هەر لەناوچەکەی خۆمان 300 مەترێك دوور لەنەخۆشخانەکە ناشتمان. ئەوە یەکەمین قوربانی ئێمە بوو.

کاتێك دواجار هاوڕێ غەمناکەکانی گەیشتنە ناوچەکەی ئێمە، دێکۆ چای بۆ هێنان‌و وێنەی کوڕەکەی پیشاندان. ئەوانیش کە وێنەکەیان بینی دەستیانکرد بە گریان، ئێمەش ئەوانمان بردە سەر گۆڕە بچوکەکەی. هەر کەمێك دوای ئەوە، گەنجێکی ترمان لەو تەنیشتە ناشت، کە بریندار بووبوو، دایکی بە شانی خۆی هێنابووی بۆ لای ئێمە.

نەخۆشەکانم چیدی نەدەهاتن بۆ لام، لەماڵا دەمانەوە بەو ئومێدەی بتوانن خۆیان بپارێزن لەبۆردومانی چڕوپڕی شەقامەکانی مەقادیشۆو، یانیش توندوتیژییە چاوەڕواننەکراوەکانی نێو دەوەنەکان. درەنگانی شەوێك، سەربازە حکومییەکان دایان بەسەر ماڵێکدا لەدوری 3 کیلۆمەتر لەناوچەکەی ئێمەوە. بەیانی دواتر لەدەوروبەری کاتژمێر 8 هەشت خێزانەکە هاتن بۆ لام، ژنێکی گەنجیان سواری عارەبانەیەك کردبوو، بە کەرێك رایاندەکێشا. کاتێك لەدەرەوە بینیمن، ژنە لاوەکە هاواریکرد «دایە حەوا یارمەتیمبدە». ئەومان بردە ژوورەوە، منیش بەهێواشی بەتانییەکەم لێ دوورخستەوە کە بەسەریدا درا بوو.

لەبەرئەوەی پزیشکەکانی دیکەش لەکاردا بوون، بانگمکردن تا برینەکە ببینن. گوللەیەك بەر سکی کەوتبوو ئیسقانی حەوزی بڕیبوو، نیوەی میزەڵدانی تیابردبوو، کەمێك لەریخوڵەکانیشی هەر وەکو چرۆ لەبرینەکەوە هاتبوونە دەرەوە. یەکێك لەپزیشکەکان دەستبەجێ رایکرد، دانەیەکی دیکەیان رووی‌کردە منو وتی «حەوا دەبێت بینێرین بۆ مەقادیشۆو، رێگەکەش پڕە لەبازگە». بۆ ماوەیەك کەوتینە مشتومڕ، بەڵام ئەو راستی دەکرد، گەڕامەوە تا لەگەڵ خێزانەکەیان قسەبکەم.

خوشکی ژنەکە پێیوتم کە چی روویدا بوو. یەکێك لەسەربازە بەدڕەوشتەکان هەر کە چوو بووە ژوورەوە پێیوتبوو «راکشێ». ئەویش رەتی کردبووەوە، چوون زانیبووی کە دەستدرێژی دەکاتە سەری، لمی هەڵدا بوو بەسەر دەموچاویدا. ئەویش فیشەکی بە سکییەوە نابوو، ئینجا چووبووە دەرەوە، گەڕابووەوە بۆ نێو دەوەنەکە. خێزانەکە بە درێژایی شەو هەر لەچاوەڕوانییدا بوون، نزایان دەکرد، هەوڵیاندەدا بۆ خۆیان خوێنبەربوونەکەی رابگرن. کاتێك زانیان کە ئیدی سەلامەتن، هاتن بۆ لای من.

منیش رەوشەکەم بۆ روونکردنەوە، دایكو باوکیشی کە لەگەڵ خوشکەکانیو براکەیدا گوێیاندەگرت، کەوتنە سەر زەویو پاڕانەوە، تا من یارمەتیانبدەم. دواجار بڕیاریاندا تا بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. چاوانم دەئێشا کاتێك پێموتن داوای لێبوردنتان لێ دەکەم.

مردن پەرداخێك شەربەتە کە دەبێت هەموو کەسێك لەم جیهانەدا بینۆشێت. دەزانم هەندێکجار باشترین شت، کە تۆ هیوای بۆ دەخوازیت بمریت بێ ئەوەی لەکەسێك بپاڕێیتەوە، بێ ئەوەی پێیبڵێیت «نا تکایە وا مەکە، هەرچیت بوێت من ئامادەم. ئەو ژنە لاوە قبوڵی ئەوەی نەبوو ببێت بە قوربانی ئەو سەربازانە. بەشکۆوە سەرینایەوە.

خەڵکی لەتوندوتیژی هەڵدەهاتن و دەهاتن بۆ لای ئێمە، شوێنێکی دیکە نەبوو تا بۆی بڕۆن، شوێنێك نەبوو تا بۆی بگەڕێنەوە، هەر بۆیە هەموو قاوشەکانی نەخۆشخانەمان چۆڵکرد تا زۆرترین کەس بگرێتەخۆ. کاتێك پڕبوو، کافتریا بچوکەکەو ژوورەکانی تریشمان چۆڵکرد، تا ئیدی شوێنێك نەمایەوە، خێزانەکان لەژێر دارەکاندا دەنوستن. ئەوانە خێزانی هەروا هەژار نەبوون، هەندێکیان بەرگی گرانبەهایان پۆشیبوو، خۆراكو پارەیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. تەنیا ئاسایشیان نەبوو، لەبەرئەوەی ئەسیوپیا، ئۆگەندا، جیبۆتیو هەندێك لەوڵاتانی ئەوروپا سنورەکانیان واڵاکردبوو بە رووی پەناهەندەکانی سۆماڵدا، زۆرێك لەخەڵکی تەنیا بۆ چەند هەفتەیەك لەگەڵ ئێمە مانەوە. ئەوانەی کە پارەو هۆکارەکانی گواستنەوەیان بۆ فەراهەمنەبوو، لەتەك ئێمە مانەوە.

ئەوە سەردەمێکی گرژو دژوار بوو. گڵۆپی راڕەوەکەمان هەمیشە داگیرسابوو، بەردەوام گوێمان لەواتە واتی ئەم و ئەو بوو، هەر نزامان دەکرد خودایە راست نەبێت. شەوێکیان حکومەت چلو سێ پیاوی ئیزاکی کۆکردبووەوە، چاڵێکی گەورەی لەنزیك دەریا بۆ هەڵکەندبوون، هەموویانی تێدا ناشتبوو. تەقەیان لەهەندێکیان کردبوو، پێش ئەوەی بیاننێژن، بەڵام زۆربەیان هەر بە زیندوویی لەگۆڕنرابوون. یەکێك لەپیاوەکان نەخنکا بوو، لەناو خۆڵەکەدا چنگەکرێکی کردبوو تا بێتە دەرەوە، هاتبوو بەرەو لای ئێمە، ئیتر بەوجۆرە بوو، کە ئێمە زانیمان چی روویداوە.

رۆژێکیان پاش کارکردن گەڕامەوە ماڵا، ئۆتۆمبێلیکی نامۆم بینی، کە لەدەرەوەو لەنێو هەندێك لەنەخۆشەکانمدا راگیرابوو، پێموابوو کە ئەوە هی کەسوکاری ئەوان بێت، چوومە ژوورەوە تا چاوم بە عەدەن بکەوێتو نانی نیوەڕۆ بخۆین. کاتێك لەخواردنەکە بووینەوە، خۆم کۆکردەوە تا بگەڕێمەوە بۆ نۆڕینگەکە، گوێبیستی لێدانێکی توندی دەرگاکە بووین. گوێمان لەدەنگێك

بوو، هاواری دەکرد «بیکەنەوە» عەدەن لەکورسییەکە هاتەخوارو چوو بەرەو پشتی ئاپارتمانەکە.

منیش دەرگاکەم کردەوە، «عەدەن موحەمەد؟» سەربازێکی حکومی کە دووانی وەدوای خۆی دابوو، پاڵێکی پێوەنام، کێشای بە کورسییە بەتاڵەکەی عەدەندا. وتی «وەرەدەرەوە، سویچی ئۆتۆمبیلەکەت بێنە. تۆ لەگەڵ ئێمە دێیت». تەماشای دەروازەکەم کرد دێکۆو ئامینەو ئەحمەدی بچکۆلەم بینی بە چاوێکی حەپەساوەوە تەماشایاندەکرد، نەیاندەتوانی پەی بەوە ببەن، کە باوکیان کراوەتە ئامانج بەهۆی هۆزەکەیەوە. ئەوە یەکەمین جار بوو کە تفەنگ بێتە نێو ماڵی ئێمەوە، هەرکە چاوم پەڕییە سەر کلاشینکۆفەکە (AK-47) عەدەن بە هەناسەبڕکێوە لەژووری نوستنەکەی هاتەدەرەوە.

دێکۆ رایکرد تا دەرمانی تەنگەنەفەسییەکەی بێنێت، ئامینەش قاچی عەدەنی گرت «بابە!» یەکێك لەسەربازەکان بەتوندی لەلایەکەوە پیایدا کێشا، ئیدی ئەو کەوت بەلادا، دەستیکرد بە گریان، ئینجا دێکۆ چووە پشت ئەحمەدەوە، لەو کاتەی سەربازەکان پاڵیان بە عەدەنەوە ناو لەدەرگاکەوە کردیانە ئەودیو. یەکێك لەسەربازەکان ئاماژەی بۆ ئۆتۆمبێلەکەمان کردو وتی «لێخۆڕە، پێکەوە دەڕۆین».

ئێمە بێدەسەڵات بووین، کە ئەوان بەجێیانهێشتین، عەدەن ئۆتۆمبێلەکەی خستەگەڕ. ئەوان بەخێرایی کەوتنەڕێ بەرەو مەقادیشۆو. ئێمەش چووین بەرەو نۆڕینگەکە بۆ گەڕان بەدوای برێك یارمەتیدا.

بەوپێیەی ئێوارەی پێنج شەمە بوو، کەسانێکی کەم لەکاردا بوون، نەمزانی چۆن کەسانێك بدۆزمەوە تا یارمەتیمانبدەن. یەك لەنەخۆشەکانم داوایکرد تا بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی شوێن عەدەن بکەوین، پێش ئەوەشی بکەوینەڕێ، چوومە ژووری نوستنەکەوە، جانتایەکی پڕ لەپارەمهێنا کە پارەی نەخۆشەکانی تێدا بوو. ترسی ئەوەم هەبوو ئەو سەربازە گەندەڵانە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەم بۆ گەڕان

بەدوای پارەو شمەکی بەهاداردا. هیچ بژاردەیەکی دیم نەبوو، جگە لەوەی منداڵەکان بەجێبهێڵم لەگەڵ کەسانێکی کامڵدا. لەئۆفیسی پۆستە وەستاین، داوای هاوڕێیەکم کرد کە ئەندامی هۆزەکەی سیاد بەڕی بوو.

ئەویش رازیبوو تا لەبنکەی پۆلیس بمانبینێت، ئێمەش پێکەوە بۆ دەسەڵاتداران کەوتینە قسە. پێش ئەوەی ئەوان بەجێبێڵم، تا بەشێوەیەکی تایبەت بکەونە گفتوگۆ، داوای یارمەتیم لەوان کرد. پێموتن «تکایە مێردەکەم لێرە بەندە، هیچ کارێکی هەڵەشی نەکردووە». لەژووری پێشوازیدا دانیشتین، لەبەرخۆمەوە دەموت، ئاخۆ ئەوان ئەویان دەستگیر کردووە، دەیکوژن یان بەری دەدەن، دواجار کاتژمێر 8:00 عەدەن بە پێ لەدەرگای پێشەوە هاتەدەر، وا دەردەکەوت توشی شۆك بووبێت، بەڵام ئازار نەدرابوو.

جانتاکەمان دا بە هاوڕێکەمان تا لای خۆی بیپارێزێت، گەڕامەوە ماڵەوە بینیم منداڵەکان لەژووری میوان دەگرین. مەحاڵ بوو تێبگەم لەوەی چی ررویدا بوو، با بەتەنیا روونیبکەمەوە. پێموتن «ئۆتۆمبێلەکە رۆیشت، بەڵام ئێمە ئۆتۆمبێلەکەمان ناوێت، ئێمە دەمانەوێت باوکتانو ئێمەش پارێزراو بین، ئێستاش ئەو سەلامەتە».

ئامینە قیژاندی «ئۆتۆمبیلەکەمان ناوێت!» ئەو هێشتاش لای چەپی دەسڕی، کە سەراپای ژیانی لێتێکدا بوو.

ئەو دەمەی منداڵەکان نوستن، بەدرێژایی ئەو شەوە منو عەدەن بێدار بووین، نیگەرانی ئەوە بووین، کە پیاوەکان بگەڕێنەوە لامان. لەبەیانیدا عەدەن بۆ گەڕان بەدوای ئۆتۆمبێلەکەیدا چوو بۆ لای هاوەڵەکانی، دەشزانم کە بۆ ئەو مەبەستەش چوو بوو، کە بزانێت ئەو پیاوانە بۆ وەرزیانکرد بوو، درەنگانێکی ئەو شەوە پێیوتم «ئایا ئەوان هیچ بەڵگەیەکی کۆنکرێتیان هەیە، سەبارەت بەوەی تاوانێکم ئەنجام دابێت؟»

ئیدی جارێکی دی وەڕز نەکراین، پاش ئەوە بەشێوەیەك ژیانمان گۆڕا: عەدەن چیدی نەگەڕایەوە بۆ کار، کە ئەمەش بۆ منداڵەکان ئەوەی دەگەیاند، کاتێکی زیاتر لەتەك بابیان لە کێڵگەکە ببەنەسەر. دێکۆ کە زۆر نزیکتربوو لە عەدەنەوە، بەتایبەت شاگەشکە بوو. هەندێکجار جیاوازی ئاشکرا نەبوو لەنێوان ئاشتیو جەنگدا. دێکۆ، ئامینە، ئەحمەدو ئامۆزاکانیان هێشتا هەر دەیانخوێند و یاریاندەکرد و بەنێو دەوەنەکەدا بە دوای یەکتریدا رایاندەکردو بازنەی گەورەیان بە گۆچان دەکێشا لەنێو لمەکەدا. ئێمە لەو دەمانەدا هێشتا هەر گاگەلێکمان هەبوو، ئەوەش مانای ئەوەبوو، کە کاتەکانی نانخواردنمان پڕ ژاوەژاو و قەرەباڵغ بوو ئەوکاتەی منداڵان دا دەنیشتن، هەر پێنج لەوان لە دەوری دەفرێك خڕدەبوونەوە، گۆشتی کوڵاویان دەخواردو گۆشتاوەکەیان هەڵدەلوشی، پێدەکەنین و دەستەکانیان دەکێشا بەیەکتردا، کە دەستیان بەیەکەوە دەنوسا. لەماڵەکەی تەنیشت؛ لەنەخۆشخانەکە، دووگیانەکانو دایکانی نوێ بیریان نەدەکردەوە لەجیاکاری هۆزایەتیو توندوتیژی، تەنیا بیریان لەئازارو ژانی منداڵبوون دەکردەوە هاوشان لەگەڵ ئاسودەییو دڵخۆشی ساتی دایکایەتی.

# بەشی دوانزەهەم
# دارڕمان

لە 26 کانونی دووەمی 1991 کۆنگرەی یەکگرتووی سۆماڵ دەستی بەسەر بارەگای دەوڵەتدا گرت، سیاد بەڕیو پیاوەکانییان بە ئوتۆمبێل راپێچی سەر شەقامەکان کرد. بەگومانەوە گوێمان بۆ رادیـۆ هەڵدەخست، گوێبیستی ئەوە بووین، کە سەربازەکانی دەوڵەت داویانە بەسەر بانکی نیشتیمانیدا، ئەو پاسەوانانەیشیان کوشتووە کە ویستوویانە بەریانپێبگرنو نەهێڵن بچنە ژوورەوە، ئەوەی لەناو قاسەکاندا بووە بردوویانەو خستوویانەتە ناو ئەو بارهەڵگرانەوە، کە لە دەرەوە رایانگرتووە. دەبێت سیاد بەڕی بکوژرێت؟ ئەی دەبێت کێ بچێتە شوێنەکەی؟ بەدەم دانیشتنەوە دەستمانکرد بە قسەکردن، ئامۆزاکەمان بە ئۆتۆمبێل ئامینەو ئەحمەدی برد بۆ قوتابخانەکەیان لە ئەفگۆیی، کە تەنانەت دوورتریش بوو لەشوێنی شەڕەکە، ئەوان تەمەنیان تەنیا 10 بۆ 8 ساڵا بوو سەبارەت بەوەی چی روودەدات. هەرکەس رایەکی هەبوو، بەڵام من لەبەر خاتری منداڵەکان بە ئارامییەوە قسەم ەکرد.

دێکۆی شانزە ساڵانیش، کە بۆ مـاوەی چەند هەفتەیەك بوو مژۆڵی سەعیکردن بوو، بۆئەوەی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ئامادە بکات لەو رۆژەدا، هەڵیدایە «خۆ منیش هەر قوتابخانەم هەیە».

منیش پێموت «ئەمڕۆ لە مەقادیشۆو شەڕە».

«زۆر هەوڵمدا تا بمێنمەوە، هەر دەبێت بڕۆم».

هەرچەندە بەریشم پێگرت، ئەو هیچ حسابێکی بۆ نەکردم لەدەرگاکەوە چووە ئەو دیو، وەکو من جرپنو وەکو باوکیشی کەللەڕەق. منیش بۆ ساتێك گەڕامەوە بۆ نەخۆشخانەکە، بەڵام هەر ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی ئەو رۆیشت، رادیۆکە هەواڵی ئەوەیدا کە دەوروبەری ڤیلا سۆماڵیا بە خەستی بۆردومان کراوە، ئەو شوێنەش نزیکی قوتابخانەکەی دێکۆ بوو. دەستمکرد بە گریان «خودایە یارمەتیبدە!» دووان لەئامۆزاکانم پیکابەکەیان بردو چوون بە شوێنیدا تا بیدۆزنەوە. هەر رێك پاش ئەوەی ئەوان رۆیشتن، نەخۆشێك هاتە

لام تا پێمبڵێت «سیاد بەڕی هەموو سەربازەکانی کۆکردۆتەوەو هەموو چەکی دەوڵەتیشی پێداون، تا لەدژی هۆزەکانی هەوایی‌و ئیساك بەکاریانبێنن».

منیش وتم «ئای خودایە، ئەگەر ئەو هۆزانە بکەونە جەنگەوە سەراپای سۆماڵ خاپور دەبێت».

هەرچەندە شەقامەکان پڕبوون لەئاژاوەو کراوەش بوون، ئامۆزاکانم چووبوون بەرەو شوێنی وەستانی پاسەکەی دێکۆ، بینیبوویان دێکۆ راوەستاوەو شڵەژاوە چاوەڕێی پاس بووەو هەر نەهاتووە. لەگەڕانەوەشیاندا بەرەو ماڵەوە بەلای هەندێك لەهاوپۆلەکانی دێکۆدا رەتبووبوون، ئۆتۆمبێلەکەیان ناسیبووەوەو رۆیشتبوون بەرەوڕووی. هەتا بتوانێت هەڵیگرتبوون، هەمووشیانی هێنایەوە بۆ شوێنەکەی خۆمان.

ئاپۆڕایەك لەژێر درەختەکاندا کۆبوونەوە، یاریدەدەرکانیشمان خوانی نیوەڕۆیان هێنایەدەرەوە، تا هەوڵبدەین رەوشەکە شرۆڤەبکەین. پێشنیازم بۆ ئەو کەسانە کرد، کە دەوریان دابووین «با بڕۆین بۆ لای سیاد بەڕی»

یەکێك هەڵیدایە «نا حەوا تازە درەنگە، پێشتریش هەوڵماندا ئەو رەتیکردەوە. ئەگەر کەسێك لە ئێمە بڕوات بۆلای تا گفتوگۆی لەگەڵ بکات، دەستبەجێ ئێمەش دەکوژێت».

ئەفگۆیی رۆود پڕ بووبوو لە ئۆتۆمبێل، خەڵکیش شارەکەیان بەجێدەهێشت ئامینە و ئەحمەدیش بۆ چەندین کاتژمێر لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون لەقوتابخانەوە ببرێنەوە بۆ ماڵا. دواجار ئەوانیش هاتنەوە، لەسەر بەڕەکە چوارمەشقی لێی دانیشتن لەتەك هەندێك لەهاوەڵەکانیان، گوێیان لەقسەی گەورەکان دەگرت‌و پرسیاری زۆریشیان کرد.

منیش کەوتمە لێکدانەوە «زۆر هەن باوەڕیان بە حکومەت نییەو کێشەی بۆ دروستدەکەن، هەر بۆیەش شەڕ دروستدەبێت».

ئەحمەد پرسی «ئەی بەیانی دەچین بۆ قوتابخانە؟»

وتم «نەخێر»

«تۆ بڵێی هەفتەی ئاینده قوتابخانه هەبێت؟»

پێموت «ئینشائەڵا». چۆن دەکرا ئێمە پێشبینی داهاتوو بکەین؟ عەدەن چووبووە سەر سەربانەکە هاواری کرد لەپیاوەکانی سیاد بەڕی لەوانەی کە بەرپرسی حکومی بوون، خزمی بوون و ئەندامی هۆزەکەشی بوون «وەرنە دەر!» لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلو بارهەڵگرێکی زۆر قەتارەیان بەستبوو، لەخۆرئاواوە هاتبوونو بە ئەفگۆییدا گوزەریان دەکردو دەڕۆیشتن بەرەو نەیرۆبی پایتەختی کینیا. عەدەن دەستی راوەشاند، کاتێك بارهەڵگرەکان کە پڕبوون لەپارەی دەوڵەت بەلایدا گوزەری کرد. ئەو هەر دەیقیژاند «وەرنە دەر! وەرنەدەر!»

لەکاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ ئەو کاتەی کۆمەڵێك لەئێمە چووینە لای عەدەن بۆ سەر سەربانەکە، دیمەنێکی دیکەمان بینی. پاسگەلێکی زۆر کە پڕبوون لەو هۆزانەی کە لە مێژبوو لە لایەن رژێمەکەی سیاد بەڕیەوە پەنجەی تۆمەتیان بۆ رادەکێشرا، بە ئاڕاستەی بەرامبەردا بەرەو مەقادیشۆ دەرۆیشتن. کوڕگەلێك لەجامەکەوە هاتبوونە دەر، بە خۆشحاڵییەوە پێکەوە گەڵای سەوزو ئاڵای سۆماڵیان رادەوەشاند. هاواریان دەکرد «بگەڕێنەوە!» منداڵەکانی ئێمەش سڵاویان بۆ دەستاندنەوە. «بگەڕێنەوە بۆ مەقادیشۆ! بگەڕێنەوە بۆ مەقادیشۆ!»

منیش تەماشایەکی عەدەنم کردو وتم «خودا گەورەیە لەوانەیە ئاشتی بەرقەرار بوبێت».

لەوکاتەی کە ئێمە لە چاوەڕوانی ئاشتیدا بووین، لەوکاتەی کە ئێمە قوربانیمان بۆدەدا، رۆژ لە دوای رۆژ دەنگی بۆردومان هەر بەردەوام بوو، هاوشان لەگەڵ زرمە زرمی ئامێرە جەنگییەکان. کاتێك خەڵکی بەلێشاو لەڕێگەکەوە دەهاتنەخوارەوە، بە ئاڕاستەی دوور لەشارەکە دەرۆیشتن، هەندێکیان لەو ناوچەیەی ئێمە دەوەستان و داوای ئاو، یاخود چارەسەریان دەکرد. زۆریشیان لە هۆزی دارۆد بوون کە هۆزەکەی سیاد بەڕی بوو، لەباشورەوە

هاتبوونە لای ئێمەو بەرەو شارەکانی مێرکا، براڤا، کیسمایۆ و هەر ناوچەیەکی دیکە دەڕۆیشتن. ئێمەش ئەو بەروبوومەی هەمانبوو لەگەڵ گەنمەشامی، سۆرگوم[7] و هەرزن پێماندەدان تا لێیبنێن بۆخۆیان. هەندێکیشیان بەشێوەیەکی کاتی لەو قامیشەی لەناوچەکەدا هەبوو، خانوچکەیان دروستدەکرد، هەر بەو شێوەیەی باوکو باپیریان خانوویان دروستکردووە. لەناوەڕاستی 1991 هەشت سەد خێزانێك لەتەك ئێمە دەژیان، پتر بوون لە 4000 کەس.

ئەو چیرۆکانەی ئەوان هێنایانە ناومانەوە، منداڵەکانی توشی شۆك کردبوو، وێنای ئەو هاوەنانە دەهاتە پێش چاویان، کە سەقفی ئاسنینی دەبڕیو لەخوارەوە خێزانە نوستووەکانی دەکوشت. رۆژێکیان لەو کاتەی کە من نیگەرانی ئەو کرێکارە بووم کە ئێمە ناردبوومان بۆ شار تا هەندێك پێداویستیمان بۆ بێنێتەوە، دێکۆ وتی «ئیدی هەرگیز جارێکی دی ناڕۆمەوە بۆ مەقادیشۆ، تۆ هەرگیز نابێت جارێکی دی بڕۆیت».

توندوتیژییەکە لەوەرزێکی وشکو دوورودرێژدا دەستیپێکرد، هەربۆیە مەقادیشۆ هیچ دەرامەتێکی تێدا نەما، خەڵکەکەی هەڵدەهاتن. کاتێك ژنێك نەخۆش دەکەوت، نەك هەر تەنیا خۆی و کۆرپەکەی دەهاتنە لامان، بەڵکو هەموو خانەوادەکەشیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا بە پیرو ئامۆزاکانیشیانەوە. دەمانزانی کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەو توندوتیژییە بێبەزییانەیە بریندار دەبوون، هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو، سروشتی بوو کە ئەو کێشانەی دەکرا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە هەر دەبوو چارەسەربکرێن، لەنموونەی پێدانی شوێنێك بە کەسێك تا تیایدا بمێنێتەوەو هەستکردن بەلانیکەمی سەلامەتی.

هەموو بەیانییەك لەکاتژمێر سێ دێکۆم لەنێو جێگەکەیەوە رادەوەشاند، ئەویش دەچووە لای ئامۆزاکانی تا چاپاتی (chapati)یەك دروستبکەن کە جۆرێك بوو لەنان بۆ هەموو ئەو خێزانانەی کە لەوێ نەداربوون. ئەوان ئیدی پسپۆڕی ئامادەکردنی خواردن بوون! ئامینەو ئەحمەد تەماشایان دەکرد کاتێك

ئەو منداڵانەی گەورەتر بوون لەوان خەڵوزیان ئامادە دەکردو سەبەتەکانیان دادەنا: یەك، دوو، سێ. ئینجا دەیانبردنە دەرەوە: یەك، دوو، سێ. ئیدی هەر دووبارەو دووبارەیان دەکردەوە، تا کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی، ئەو دەمەی من دەهاتمو نانی بەیانیم بۆ دەهێنان.

لەهەر کەسێکیانم دەپرسی «خێزانەکەتان چەند کەسە؟» کەسێك پێیدەوتم، یاخود هەندێکجار هەوڵیدەدا فێڵم لێبکات. دایکی یەك دوانێکیان دەیوت «شەش کەسین» هەندێکجار ئەگەر ئێمە رەتمانبکردایەتەوە، دەکەوتنە بۆڵەبۆڵ، ئیدی چاویان تێکدەناو بە ئەموستیان دەکەوتنە هەڵگلۆفینی چاوەکانیان.

نرخی خواردەمەنی زۆر بەرز بوو، باڵەخانەکانی نێو بازاڕ خاڵی بووبوون، ئەو خەڵکەی هێشتاش لەچاوەڕوانییدا بوون، یاخود لەنێو شارەکەدا گیریان خواردبوو، تەواو بێ ئومێد بووبوون. ئەو دەمەی برسی دەبیت، هیچ شتێك نییە تا لەدەستیبدەیت: ئەو دایکانەی کە بەخاوی بە ئەفگۆیی رۆودا دەرۆیشتن، دەستی منداڵەکانیان لێ بەردەداو غافڵگیر دەبوون، بێ ئەوەی گوێبدەنە ئەو مەترسییەی هاتوچۆ کە لەڕێدایە. ئەم رێگەیە هەموو خێزانەکانی گیرۆدە کردبوو، دەبوون بەژێر ئەوئۆتۆمبیلانەی کە بەشێوەیەکی نەفامانە دەئاژوێنران لەلایەن خەڵکانێکی نێو ئەو دارستانانەوە کە دزیبوویانن، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام دەبوون، یەکێك لەدایکەکان پێیوتم «باشترە بەدەم رێوە بمرین، وەك لەوەی برسێتی تێکمان بشکێنێت».

ستافی کێڵگەکەمان سورگومەکەیان لەچەند گونییەیەکی 50 کیلۆگرامییدا هەڵگرت، بۆئەوەش کە خەڵکێکی برسی زۆر رۆژانە خۆراکیان پێبدرێت، هەموو رۆژێك دەوربەری بیست گونییەیەکمان دەهێنا، هەروەها هەوڵیشمان دەدا تا زۆر بە ورياييەوە گۆشتەکەشمان دابەش بکەین، تا ئەوەی شتەکان هێور دەبنەوە. سەرەتا خۆراکمان دەدا بە منداڵەکانو دواتریش بەو بەساڵاچووانەی کە لاواز بووبوون. دووجار ئێسکەکەمان دەکوڵاند، هەندێکجار سێجاریش،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەنجینەکەمان زۆر زووتر تەواو بوو، وەك لەوەی پێشبینیمان دەکرد.

بەیانییەکیان لەماوەی دابەشکردنی خۆراکدا، دێکۆو منداڵەکانی دیکەم بەجێهێشت، راستەوڕاست چووم تا دەم کەناری زەوییەکەم دوور لەشەڕو هاتوهاوار. لەو دوورەوە ئاوڕێکم دایەوە، تا بزانم چیم کردووە. زۆرم لەخۆم کرد تا ببینم: نەخۆشخانەکەم بە دیوارە پەمەییەکانییەوە، ئەو کافتریا خنجیلانەیەی کە بە قامیش دروستکرابوو. بۆچی خواوەند ئەو دەوڵەمەندییەی پێداوم لەناوچەیەکدا، کە هیچ شتێك ناتوانێت گەشەبکات؟ پاڵمدا بە درەختێکەوە، هەستمکرد توێکڵەکەی چەقییە نێو چاکەتە سپییەکەمەوە، هەتا سەر بڕبڕەی پشتم، تا ئەوەی هاوارم لێ بەرز بووەوە.

کاتێك تەمەنم هەشت ساڵ بوو، زۆرجار وا راهاتبووم هەموو بەیانیو پاشنیوەڕۆیەك چوار کیلۆمەترێك دوور دەکەوتمەوە بەرەو رووبار، بۆ کۆکردنەوەی ئاو لەنێو قتویەکدا، ئینجا دەمبەست بە پشمەوە. هەرچەندە کچانی گوندەکە زۆرجار بە گروپ دەرۆشتن، بەڵام من حەزم دەکرد بە تەنیا سەفەر بکەم، بۆئەوەی بتوانم بەدرێژایی رێگەکە بکەومە نێو خەیاڵی خۆشەوە. هەڵگۆزینی ئاو لەرووبارەکەوە پێدەچوو ئەوەندە ئاسان نەبێت، کە وەرزی وشکە ساڵی هات، تەنیا رێگە بۆئەوەی پێداویستی خۆتت لەئاو چنگ بکەوێت، ئەوە بوو چاڵی بۆ هەڵبکەنیت، تا ئەژنۆت نوقم ببێت لەگڵداو بنەوەت بەرزبکەیتەوە، نینۆکی پەنجەکانیشت پڕببن لەلم. ئەو کات ئاوی سەرزەوی کۆ دەبێتەوە تا دەم قتووەکە، تۆش دەبێت قتووەکە راوەشێنیت، بۆئەوەی قوڕو پیسییەکە بچێتە خوارەوە، ئیدی بە بڕێك ئاوی پێویستەوە دەگەڕاێیتەوە بۆ ماڵەوە، بۆئەوەی بتوانیت قۆری چا لێنانەکەو دەفری چێشتلێنانەکەی لێ پڕ بکەیت.

لەیادمە بە پەنجەکانم پاڵم بە ڕێڕەوی رووبارەکەوە دەنا، تەپۆڵکەیەکی بچکۆلەی لمینی تەڕم لەبەردەمی خۆم دروستکرد، گوێم لەدەنگی گڕی پیاوێکیش بوو لەسەرو خۆمەوە. «هەستە رابە!» نەمتوانی بیبینم، هەربۆیە سەرەتا وام هەستکرد کەسێك لەمەترسیدا بێت. دووبارە دەنگەکە هاتەوە بەرەو رووم «رابە رابە!» تا دەهات نزیکترو نزیکتر دەبووەوە، منیش هەستامە سەرپێ و تەماشای ئەملاولای خۆمم کرد، کەسم بەدی نەکرد. کاتێکم زانی دوو دەستی زبری نامۆ کەوتنە سەرم، هەر وەك گونییەیەك گەنمە شامی، لاشە بچوکەکەی هەڵدامە کەنارەوە.

لەبەرئەوەی چاوم پەڕیبووە سەر پیاوەکە کە ئەویش بەدوای مندا هاتبووە کەنارەوە، گوێبیستی لرفەلرفی شەپۆلەکان بووم، پێش ئەوەی ئەوەش ببینم دیوارێك لەئاوی کەفچڕ ئەو تۆپەڵە لمینەی لوش دەدا، کە من گلێرم کردبووەوە.

هەناسە گەرمەکانی ئەو پیاوە کەوتە سەر رووخسارمو پێیوتم «لەوەدا بوو بمریت! چی دەکەیت لێرە؟ ماڵت لەکوێیە؟» ئەو وتی گوایە لەبەرزاییەکانی ئەسیوپیاوە شەپۆلێکی باران بەڕێوەیە.

سەرم دانەواند تەماشای شەپۆلەکانی رووبارەکەم کرد، چەندین لقی گەورەم تیا بەدیدەکرد، هەندێك لەوانە لەمن درێژتربوون، وەکو چڵێك قوتی دەدام، دەستمکرد بە گریانو وتم «لافۆوڵ».

پیاوەکە وتی «ئەوە بۆخۆی پەرجوویەکە کە من هێنرام بۆلای تۆ «. هێشتا هەر هەناسەبڕکێی بوو، بەهۆی ئەو هەوڵەی کە منی خستە کەنارەکە. هەرچەند ئەو زۆر عەبوس دیار بوو، بەڵام بەزەیی هاتەوە بە مندا، یارمەتیدام تا لە بیرێك کەمۆڵەکەم پڕ بکەم لەئاو کە تا ئەو کات نەمدەزانی. پاشان رویشتو بەلامدا رەتبوو، گەڕایەوە نێو دەوەنەکە. هەر کە دواجار گەڕامەوە ماڵا ئەیێیۆ پێیوتم «سوپاس بۆ خودای گەورە! ئەو پیاوە ژیانی رزگار کردوویـت».

هێشتا لەنێو پەردەی گوێمداو لەڕوومەتەکانمدا هەر هەستم بە مەترسی دەکرد، کاتێك ئەیێیۆ دەدوا. ئیدی دوای ئەو رووداوە هەموو کاتێك رێگەی گەڕانەوەم لەڕووبارەکەوە دیاریدەکرد، بەردێکی تیژم بۆ ترس دەنا بە دڵمەوە. چاوەکانم بە گومانێکی نوێوە بەسەر لمەکەدا دەهێناودەبرد، تەنانەت باڵندەکانیشم بە هەڕەشە دەبینییەوە. تا چەند مانگێك کە دەمویست بگەڕێمەوە ماڵەوە، ئاوەکەم لەسەر قاچی ئەیێیۆ دادەنا، لای قتووەکەوە دادەنیشتمو دەگریام.

ئەیێیۆ دەیوت « ناکرێت کاری ژنانە، کەسی دیکە ئەنجامیبدات». ئەو دەیوت یەکەمین تاڵی ژیانم چەشتووە، هەناسەیەکی حەکیمانە بوو، بەڵام ئەو کاتەی لەساڵی 1991 لێشاوێك لەخەڵك روویان تێکردین، لەو دیمەنەدا هیچ فریادڕەسێك بەدینەدەکرا.

من وام هەستدەکرد کە ئێمە بەختەوەر بین، بەس نەبوو ئەوەندە پارەمان هەبوو کە بدزرێت. کەچی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەبانك داناوە ئێستا وا هیچیان بۆ نەماوەتەوە، هەموو پارەکانی ئێمەش دراون بە شمەك بۆ نەخۆشخانەکە، یان کێڵگەکە. هێشتاش هەر هەندێك زێڕم مابوو، هەندێکی دایکم بەرلەوەی بمرێت پێیدام، هەندێکیشی ئەو کاتەی منداڵەکانم گچکە بوون کڕیبوومن. 150 گرامم‌دا بە ئامۆزایەکم، تا بیبات بۆ مەقادیشۆ بیفرۆشێت. ئەویش بوخچەیەك پارەی هێنایەوە کە بە توێژاڵێکی پلاستیکی پێچرابوو، لەگەڵ هەندێك مۆزو مانگۆ کە لەبازاڕی باکاراوە هێنابوونی. ئەو پارەیەمان دا بە سۆرگوم کە هەوڵێکی بێوچانماندا تا دۆزیمانەوە لەنێو ئەو بارزاڕە چۆڵانەدا، چل رۆژێکی دیکە بەردەوامی دەدا بە ژیانی ئێمە.

کاتێك بەرەو کەمبوونەوە چوو، ناچاربووین کەمپەکە بکەین بە دوو گروپەوە. بەیانییەك ئێمە شاپاتیمان دەدا بە گروپی A بۆ هەر کەسێك دانەیەك، بەیانی دواتر گروپی B پشکی خۆیانیان وەردەگرت. بۆ ماوەی سێ

مانگ ئەوە باشترین شت بوو، کە دەمانتوانی بیکەین بۆ ڕێگریکردن لەبرسێتی، لەو دەمانەی کە خێزانەکان هێشتا هەر دەهاتن، هەندێکجار دەو هەندێکجار بیستو هەندێکجاریش لەڕۆژدا ژمارەی کەسەکان دەگەیشتە شەست کەس. زۆرینەشیان لەهۆزی دارۆد بوون لەخزمانی سیاد بەڕی، لەپەرچەکرداری ئەو توندوتیژییانە هەڵاتبوون، کە لەلایەن هۆزەکانی دیکەوە بکرێتە سەریان لەوانەش هاوییە، کە لەلایەن رژێمەوە تاوانبار کرابوونو ئێستاش لەدەرفەتێك دەگەڕان بۆ تۆڵەکردنەوە.

بەوپێیەی چیتر لەبار نەبوو تا بەرەو مەقادیشۆ بڕۆیت، کە لە بارودۆخێکی وەهادا لەوانەبوو ئۆتۆمبێلەکەت دەست بەسەردا بگرن، یان لەوانەبوو کەسێك تەقەت لێ بکات، هەر بۆیە منیش پاسێکم گرت تا بڕۆم بۆ ئۆفیسی یونسێف، تا داوای یارمەتی بکەم. ئەو نوێنەرەی من بینیم، نامەیەکی نوسی هەر ڕێك پاش ئەوە بارهەڵگرە سپییەکەیان بەدیارکەوت، کە چەندین گونییەی پڕ لەبەرهەمی خۆراکی تێدابوو. لەوکاتەی لەسۆرگوم بووبووینەوە، دەستماندا بووە دابەشکردنی پشکی دانەوێڵە (cereal). هەموو منداڵێك دەهاتو لەتەك خۆی دەفرە خڕەکەی دەهێنا تا بەشی خۆی وەربگرێتو بیبات، ئەو دەمەی خێزانەکان دەیانبینی ئێمە دەتوانین چیان بۆ دەستەبەر بکەین، سڵاویان بۆ دەناردین. ئەوان دەیانتوانی هەر کیلۆیەك لە هەریسە (porridge) بکەن بە چەندین بەشەوە، ئینجا ئاویان تێدەکرد، بۆئەوەی ببێت بە دووئەوەندە کاتێك دەیخۆن.

لەکاتێکدا هەریسەکە، برنج، فاسۆلیاو ڕۆن گەدەیانی پڕدەکرد، ئەوانەی کە بۆ چەندین هەفتە بوو برسی بوون، نەدەکرا پارێزگاریان لێ بکرێت. لەکاتێکدا کەسە زۆر نەخۆشەکان هەوڵیاندەدا شت بخۆن، بەدەست بێهێزیی‌و سکچوونی خوێناوییەوە دەیاننالاند، ئێمەش هیچ چارەسەرێکی وشکبوونەوەمان لا نەبوو، تا بیاندەینێ و ڕەوشی تەندروستیان بەرەو باشی بچێت. لەترۆپکی قەیرانەکەدا،

ڕۆژانە 50 کەسێکمان لەدەست دەچوو. بەپێچەوانەی کارەساتە سروشتییەکان، کە هیچ ئاگادارکردنەوەیەکمان پێنادات، کاتێك کە قاتوقڕی دێت، بەخشە دێتە نێو کۆمەڵگەوە، بەهەمان ئەو شێوازەی کە تاکێك لەبرسا دەمرێت: لە لەشەوە دەستپێدەکات و پاشان دەڕوات بەرەو مێشك، پاشان ئەو دەمەی کە پێست دەچێتە سەر ئێسكو ماسولکە لاوازەکان دادەکەون، لاشە دەکەوێتە دژایەتیکردنی خۆی، ئیدی هەموو شتەکان بەرەو کۆتایی دەڕۆن.

پێویست بوو هێندەی لەتواناماندا بووایە، بەخێرایی لاشەکە بنێژین. ڕێکخراوێکی عەرەبی کۆمەکی بەخشییە کەیسەکانی کارفان بۆ ناشتنی مردووەکان. لەنزیك ئەو شوێنەی کە ئێمە سەرەتا چەند نەخۆشێکی کەممان تێدا ناشت، کرێکارانی کێڵگەکەو هەندێك لەگەنجانی دیکە لەو پیاوانەی کە لەکەمپەکەدا بوونو بەهێز مابوونەوە، دەستیاندایە هەڵکەندنی گۆڕی گەورە گەورە. هیچ پارەیەکمان نەبوو تا بیاندەینێ، بەڵکو پشکێکی زیادەمان هەبو لەهەریسە دەماندانێ، بۆئەوەی گڕوتینیان تێبێتو بەردەوام بن.

لەو کاتەی جیهان گوێقوڵاغی کارەساتی سۆماڵ بوون، زۆرێك لەڕێکخراوە فریاگوزارییە نێونەتەوەییەکان، لەڕێگەی کەشتییەوە خۆراك، کەرەستەی پزیشکیو بەرگی پلاستیکییان دەنـارد بۆ پەناگاکان. لەلایەن بەرپرسە سەربازییەکانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرا لەفرۆکەخانە، ڕێگەو کەناری دەریاکان، ئەو خواردنەی بڕیاربوو بهێنرێتە ناوەوە، دەستی بەسەردا دەگیراو لەبازاڕدا بە نرخێکی گران دەیانفرۆشت، پارەکەشیان بەکاردەهێنا بۆ کڕینی چەكو قات[8]. ئێمەومانانیش لەناوچە دوورەدەستەکاندا، هەر لەچاوەڕوانییدا بووین، دەستمان رادەوەشاندو سەرمان رادەوەشاندو پۆزشمان بۆ خەڵك دەهێنایەوە، لەوەی هیچمان نییە بیبەخشین.

تراکتۆرەکانمان دەنارد بۆ تانکییەکی ئاو لەو ناوچەیە، هەر جارێکیش هەژدە بەرمیل ئاوی دەهێنا، تا دابەشیبکات. منداڵەکان لەو سەرەڕێیە سەکۆیەکیان

دروستدەکرد، هەر شتێك هەبووایە لەگەڵ خۆیان دەیانبرد، لەو شتانەی کە ئێمە دەماندا بە کەسانی بێدەرەتان، شیر بووایە، یان ئاو یان هەندێکجاریش یەکێك لەشاپاتییەکانی خۆیان.

پاشنیوەڕۆیەکیان پیاوێك بەڕێوە بوو بەرەو لای ئێمە لەڕێگەکەدا کەوتبوو، ئامینەو هەندێك لەمنداڵەکان هەوڵیاندا بوو تا یارمەتیبدەن، هەندێك شیریان لەماڵەوە دەرهێناو ویستیان بۆی ببەن، بەڵام کە گەڕانەوە پیاوەکە دەمێك بوو مردبوو.

لەکاتێکدا ئامینە دابوویە گریان پێموت «پێویستە هەستیت و یامەتی کەسێکی دیکە بدەیت، کە پێویستی بە یارمەتی تۆیە». هەر نەمتوانی کەمێك دڵنەوایی بدەمەوە، هەرچەندم کرد نەمتوانی بۆی روونبکەمەوە. پەنام بردە بەر قورئانی پیرۆز، کە پێماندەڵێت ئەگەر هەژار بیت خودا بەوە تاقیتدەکاتەوە، تا چەند خۆڕاگریت، گەر دەوڵەمەندیش بیت، خودا بەوە تاقیتدەکاتەوە تا چەند بەخشندەیت. لەکاتێکدا نەماندەتوانی ببینە پەناگە بۆ منداڵەکانمانو لەهەموو شت بیانپارێزین، بەڵام من مکوڕ بووم لەسەر ئەوەی کە لەگۆڕهەڵکەنەکان دوور بکەونەوە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە سەرقاڵی نانخواردن، یان کارکردن بوون، لەبەرئەوەی منداڵەکان بە پەرۆش بوون، بۆئەوەی یارمەتیانبدەن، یان لانیکەم بیانبینن، دێکۆو ئامینە دەبوو ئەحمەد دووربخەنەوە لەو گۆڕستانە بەرفراوانە.

جەنگ هەر بەردەوام بوو، لەتشرینی دووەمی 1991 جەنگی ناوخۆ لەنێوان شوێنکەوتووانی ئەو دوو سەرکردەی گروپە چکدارەکاندا روویدا، کە مەقادیشۆیان داگیرکردبوو، هەردووکیان لە خێڵەکانی هاوییە بوون، هۆزی هابر گیدیر بە رێبەرایەتی موحەمەد فەرەح عایدید، هۆزی ئەبگاڵا بە رێبەرایەتی عەلی مەهدی موحەمەد. مەقادیشۆ ببوو بە دوو بەشەوە، بە هێڵێکی سەوز جیاکرابووەوە باکور و باشور. هەموو کەس چەکی پێبوو هەرچی

بیویستایە دەیکرد. خەڵکە ترساوەکە لەتەقینەوە هەڵدەهاتن، بە ئاپۆڕای گەورە لەدەروازەکانی شارەکەوە دەهاتنەدەر، تا ئەوەی ئیتر کەس نەمایەوە بڕوات. تا ماوەیەك نوکتەیەك لەناوخەڵکدا باوبوو دەوترا تەنیا سەگو پشیلە لە مەقادیشۆ ماون، خۆراك تەنیا بەشی ئەو کەسە نەخوێندەوارانەی دەکرد، کە وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، هاوشان لەگەڵ ئەوانەی کە نەخۆشی عەقڵییان هەبوو، کە مەرەخەس کرابوون، بە هۆی ئەوەی نەخۆشخانەکانیان داخرابوو. سەرمان رادەوەشاندو بە دەنگێکی بێکۆتا دەمانوت «ئێستا ئەوان بەرپرسیارن».

لەگەڵ ئەوەی سەرکردەکانی هابر گیدیرو ئەبگاڵ قین لەدڵ بوون بەرامبەر بە یەکتری کەچی ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو کاتێك قسە دەهاتەسەر سودوەرگرتن لەخێروبێری رێکخراوە فریاگوزارییە نێونەتەوەییەکان. ساڵانێك دواتر یەکێك لەپاسەوانانی ئاسایش ئەوەی بۆ روونکردمەوە بەهۆی وەرگرتنی بەرتیل لەشێوەی پارەو قات (هۆشبەر) ئەو هێنراوەتە نێو ریزەکانیانەوە بۆ داکۆکیکردن لەبەندەری مەقایشوو. ئەو دەیوت «ئەرکی ئێمە ئەوە بوو، هەر کەشتییەك کۆمەکی هاوردە کردبێت، بیدەینە بەر دەستڕێژ». کەشتییەکانو خواردنەکانی نێویان دەگەڕێنرانەوە بۆ ناوچەیەکی سەلامەت، لەکاتێکدا سەدان هەزار کەسی ئێمە لەبرسا دەمـردن. ئەو سەرکردە سەربازییانە بەرپرسو تاوانبارن.

# بەشی سیانزەهەم
# بۆچی دەتەوێت ئەو کارە ئەنجامبدەیت؟

قسەی نێو بەساڵاچووانی گوند بووبووە مەسەلەی کڵاشینکۆف AK47و تێکنیکاڵ (technicals) کە بریتیبوون لەبارهەڵگری گەورەو چەکوچۆڵی گەورەیان هەڵگرتبوو. ئەوە بووە زمانێکی نوێ لە سۆماڵ. هێشتاش خوێناویترین ئامێری جەنگ لەو سەردەمەدا ئۆتۆمبێلەکان بوون، بە تایەی کون کونەوە شەقامەکانی مەقادیشۆودا فرتەیان دەکرد، یان بەسەر سکەی شەمەنەفەرەکاندا خڕەخڕیان بوو. یەکێك لەو ئۆتۆمبێلانە کچێکی لاوی داروودی کردبوو بە ژێرەوە، ئێسکەکانی قاچییان هاڕیبوو، لەبەرئەوەی سەر بەهۆزەکەی سیاد بەڕی بوو، ترسی ئەوەی لێنیشتبوو چەکدارانی هۆزی هاوییە بیکوژن، ئەو بە هەنگەشەلە بە درێژایی ڕێگەکە ڕۆشتبوو، بۆ ماوەی چەندین هەفتە خۆیی لەنێو دەوەنێکی نزیك ناوچەکەی ئێمە شاردبووەوە، لەو ماوەیەدا هەر گیای خواردبوو، تەواو لەڕولاواز بووبوو، توشی هیستریاش هاتبوو. کەسێك ڕووداوەکەی گەیاندە ئێمە، خۆبەخشانی نەخۆشخانەکەش هەوڵیاندەدا ئەو کچە رازی بکەن، تا چارەسەر وەربگرێت. دواجار هێنایان، شوێنێکمان پێداو بۆ ئازارەکانیشی دەرمانمان پێدا. نەمتوانی بەڵێنی ئەوە بدەم ئێسکەکانی بۆ چاك بکەمەوە، بەشێوەیەك تێکەڵاوی یەکتری بووبوون کە خوار بووبووەوە، بەڵام پێموت کە هەوڵدەدەم.

نوێنەرانی کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی (ICRC) کە هەر لەدەسپێکی ململانێکەوە، کەوتبوونە هەوڵی بەهاناوەچوون، لە دوا دواییەکانی 1991 لەکەمپەکەی خۆمدا سەردانیان دەکردم. سەرسامی کارەکانیان بووم، کۆششیان دەکرد لە پێناو گەیاندنی خواردنو پێداویستی پزیشکی بە ئێمە، لەکاتێکدا چەکداران تۆپهاوێژی گەورەیان دەناردە دەریاکان، بەو هۆیەشەوە هەندێك کەشتیان نوقمی ئاو کردو پاشەکشەشیان بە زۆرێکی دیکەش کرد. لەکەمپەکەماندا ڕێکخراوی خاچی سور هەشتاو هەشت ئاشپەزخانەی سۆماڵی دروستکرد، ئەوان لەهەفتەیەکدا چەندجارێك بە ئۆتۆمبێل دەهاتنە لای من، لەکاتی سەردانیکردنی کامپی پەناهەندەکانی دیکە لەناوچەکەدا. ئەوانیش هەر وەکو ئێمە سەریان قاڵ بوو، منیش هەمیشە دەرفەتێکم لەگەڵ تیمەکەی ئەوان

دەدۆزییەوە، کە پیاوێکی سۆماڵیشیان لەتەکدا بوو بەناوی حوسێن سالاد، کە هاوشانی پیاوێکی بەلجیکی باڵابەرز کاری دەکرد بە ناوی ویم ڤان بۆخیلەیر.

بە دوورودرێــژی دەکەوتینە گفتوگۆ دەربــارەی بـارودۆخـی جیهان، سەفەرکردنو فەلسەفە، لەو کاتەی کارەکانی خۆمانم پیشانی ئەوان دەدا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئێمە یارمەتیمانداون. ڕۆژێکیان حوسێن سالاد پرسیارێکی لێکردم، کە وەڵامەکەی زۆر زەحمەت بوو «بۆ وادەکەیت کەسانی لەمجۆرە لەشوێنەکەتدا کۆببنەوە؟»

بۆئەوەی بۆیان ڕوونبکەمەوە پێشیان کەوتم بۆ نێو نەخۆشخانەکە. لەکاتێکدا خەڵکانی برسی هەر لەزیادبووندا بوون، ژمارەی بریندارەکانیش هەر هەڵدەکشا، ئیدی دەرفەتێکمان بۆنەمابووەوە، جگە لەوەی نەخۆشەکان لە ڕاڕەوەکاندا لەسەر حەسیری هەرزان و بەتانی بخەوێنین. بەلای ئەو منداڵانەدا ڕەتبووین کە دەیانناڵاند، خەمخۆرێکیان مێشی سەر دەموچاوی دەردەکردن، گەیشتینە ئەو ژوورەی کە کچە قاچ شکاوەکەی لێبوو. ویم گرژ بوو کە بینی، چۆن دەکرێت قاچێکی لەو جۆرە چارەسەربکرێت، گێڕ بووە، ئێسقانەکەی بە شێوەیەکی ناسروشتی هاتۆتە دەرەوە، بە پێست شارارابووەوە. ئەو پیاوە دایە پڕمەی گریان، کە بینی ژیانی کیژێك داڕووخاوە بەهۆی توندوتیژییو ترسەوە، دەموچاوە بەخشندەو گەورەکەی کردە من، لاپەڕەیەکی دەرهێناو داوای کۆمەکی بەپەلەی کرد لە برنج، ڕۆنو فاسۆلیا. کاتێك کە ڕۆیشت لەئامێزی گرتم، پێیوتم دایە حەوا، بەڵێنی ئەوەی پێدام کە سەرم لێبداتەوە.

ویم خاوەنی قسەی خۆی بوو. لەهەفتەکانی دواتردا کۆمیتەی خاچی سور کۆمەکی بەردەوامی هەفتانەی پێدەداین، کە پێکهاتبوو لەپەنجا فەردە گەنمەشامی، بیست کارتۆن ڕۆن، بیست گونییە فاسۆلیا، هەروەها دەستیانکرد بە پێدانی خزمەتگوزاری تەندروستیش. زۆرجـار ئەو و حوسێن دەهاتن، بۆئەوەی بە دەستی خۆیان شمەکان ببەخشنەوە، بە هاوکاری ژنێك کە پێیدەوترا داهابۆ، کە سەرۆکی هەموو سەنتەرەکانی خۆراکپێدان بوو لە ناوچەکەدا. لەکاتێکدا ئەوان زۆر ماندوو دەبوون، هەندێکجار بۆ حەوانەوە دەهاتنو سەردانیان دەکرد. ویم بەتایبەتی حەزی دەکرد خێزانو منداڵەکان

ببینێت لەنێو خانەی بێباوکاندا، ئەو زۆرجار دادەنیشت تا گفتوۆ لەگەڵ ئەواندا بکات. ئەو هەرگیز خۆی زل پیشان نەدەدا، لەبەردەمی منداڵێکی زۆر زۆر بچکۆلەدا دەچەمییەوە، لەو دەمانەدا ئەو دەبووە یەکێك لەوان.

نوێنەرەکەی خاچی سور ناوبەناو پێیدەوتین کە ئەوان شوێنەکەی ئێمەیان زۆر بەدڵدا چووە، چونکە شوێنێکی ئارامە. لەکاتێکدا هەندێکجار زەحمەت بوو بۆ من، کە لەو ئاژاوە زۆرەوە بنوارمە ئەوەی ئەوان دەیبینن، دڵخۆشبووم بەوەی کە ئەوان لەگەڵ ئێمە دەیانتوانی بحەسێنەوە. کاتێك ئەوان هاتن، پێشوازیم لێکردن بۆ هۆڵی کۆبوونەوەی نەخۆشخانەکە، هەوڵماندا باشترین ئەو شتانەی کە هەمانبوو بۆیان بێنین: ماسی تازەی دەریا، قاوەو چا، پاش دروێنەکردنیش کاڵەکی قاشکراو، شەربەتی لیمۆو شیرینی. ویم لەو کاتەی بە کەناری دەریادا دەرۆیشت بۆمبێکی گەورەی دۆزییەوە، هێنای بۆ هۆڵی کۆبوونەوەکە، بۆئەوەی پاشنیوەڕۆ وەك تەپڵەکێك بەکاریبێنێت لەو دەمانەی کە ئێمە هەموو هاوڕێیان لەبارەی خێزانەکان، وڵاتەکەمانو سیاسەتی ناوچەکە دەدوواین. دەبێت دانبەوەدا بنێین کە زۆر لەبارەی سیاسەتەوە دەدواین، بەڵام ئەستەمیش بوو خۆمانی لێ بەدوربگرین. هەر کاتێك خاچی سوور بە ناوچەکەی ئێمەدا گوزەریان دەکرد، ئاسایشێکی توند پارێزگاری لێدەکردن، ویمیش نیگەران بوو لەوەی کە شەوان روویدەدا.

پێیوتم «ئەگەر خەڵکی هاتن تا ئەم خواردنانە بەتاڵان ببەن، خۆت بیاندەرێ ئێمە هینی زیاترتان دەدەینێ». لەو کاتەدا ئێمە لەکەمپەکە دوو پاسەوانی زۆر باشمان هەبوو، کە لەگەڵ پاسەوانی نێو نۆڕینگەکە هاریکاریان دەکردو لەدابەشکردنی ئاویشدا بەشدارییان دەکرد. هەندێکجاریش ئەوان هەوڵیاندەدا دانوستان بکەن لەگەڵ بەرپرسانی سەربازی ناوچەکە، بەڵام ویم حەزی بەوە نەبوو گوێبیستی ئەوەبێت. وتی «ئەگەر ئەوان ویستیان خواردنەکە تاڵان بکەن لەگەڵیان مەجەنگە، تەنانەت ئەگەر برنجەکەش بدزن، دەبرێتە بازاڕ ئیدی نرخی دێتە خوارەوە».

رۆژێکیان ئەو کاتەی جەنگێکی سامناك مەقادیشۆی داگرتبوو، گروپێك لەستافی خاچی سور هاتن بۆلامان. منیش بە سەر راوەشاندنەوە بە ویمم وت

«زیاتر لەدوو سەد کەس ئەمڕۆ هاتوون بۆلام، زۆریشیان بریندار بوون». لەوە زیاتر شتێك نەبوو لەسەر رەوشەکە بیڵێم کە بەردەوام رۆژانە خراپترو خراپتر دەبوو. تەنیا وەڵام کە ویم دەیدایەوە ئەوەبوو، کە ئەو زیاتر دەدات، دوو سەد فەردە برنجو سەد دەبە رۆن. باش ئەو رۆژەم دێتەوە یاد رۆژی دوو شەمە بوو.

پاشنیوەڕی ئەو چوارشەمەیە، پاش ئەوەی لەکارەکەم بوومەوە، پاسێکم بەرەو مەقادیشۆ گرت بۆگواستنەوەی هەندێك لەپێداویستییەکان بۆ کەمپەکە. بەوپاسە کەوتمەڕێ، کاتێك رۆیشتم بەرەو بازاڕ، دوو ئەمبولانسم بەدیکرد بە لورە لور و گڵۆپەکانیانەوە دەڕۆیشتن بەرەو نەخۆشخانەی مەدینە. هیچی ترم لەسەر ئەوە بە بیرنایەت. لە بازاڕەکە سڵاوم لەفرۆشیارێك کرد، کە کەسانێکی لەنێو کەمپەکەماندا دەناسی. هاواری لێکردم «ئۆو، هیچت لەبارەی هاوڕێکەتەوە بیستووە؟»

«کام هاوڕێ؟»

پیاوەکە لەهاوسێکەیەوە ژەند «هێی ئەوانە کەسانی سەر بە خاچی سورن، ئەو کەسە کێ بوو؟»

پیاوەکەی تریش وتی «کابرایەکی بەلجیکی بوو». ویم! ئەو پاشنیوەڕۆیە تەواو نیگەران بووم، لەوکاتەی بە بازاڕەکەدا گوزەرم کرد، کەرەستەی پزیشکیو ئەو پێداویستییانەم کڕین، کە دەمتوانی بە رێگەی پاسدا بەرلە خۆرئاوابوون بیانبەمەوە. لەپاسەکەدا لەنێوان ژنانێکی پەککەوتە دانیشتم، لەگەڵ کوڕێکی گەنج کە لەنێو جێگەکەیدا ماخۆلانی تێکەوتبوو، بیرم لە ویم دەکردەوە، بیری ئەو کچەم نەما کە قاچی شکا بوو چاوەکانی پڕلەفرمێسك بوون. جەنگ خەڵکی لەسەراپای جیهانەوە پەلکێشکردبوو بۆ یارمەتیدانی ئێمە، کەچی ئێمە توانای ئەوەشمان نەبوو، لەو توندوتیژییانە بیانپارێزین.

لەوکاتەی من گەڕامەوە ماڵ، کاتی هەواڵەکانی رادیۆ بوو، پێش نوێژی شێوان، منداڵەکانو هەندێك لەستافەکەش هاتبوون تا گوێی لێبگرن. ئەو بەیانییە ویم لەنەخۆشخانەی مارتینی کاری کردبوو، کە گەورەترین عەمباری خاچی سوری لێبوو. پیاوێك بە دەمانچەیەکەوە هاتبووە نێو ئەمبارەکەوە میلی لە ویم هێنابووەوە. کەسێکی بەتەمەنی سۆماڵی چووبووە بەردەمی بەو

ئومێدەی خۆی بکاتە قەڵغان بۆی، بەڵام هەر زوو خۆی کوژرا. هەمان ئەو گوللەیەشی بەری کەوتبوو، کەوتبووە سەر جەستەی ویم‌و بە خەستی بریندای کردبوو.

ئەو شەوە هەر نەخەوتین، کارتی گەورە گەورەمان دروستکرد: وازمەهێنە. بگەڕێوە. مەقادیشۆ بۆت دەگری. هەموو کەس نزای خێرت بۆدەکات. رۆژی دواتر بە پاسێك گەڕامەوەو پۆستکارتەکانم لەگەڵ خۆم برد. رێك چووم بۆ نەخۆشخانەی مەدینە، لەکاتێکدا من تەنیا هەر یەك پزیشکم دەناسی کە لەبەشی نەشتەرگەریی کاریدەکرد. دوای ئەوەی چوومە ژوورەوە، پرسیم «چی روویداوە؟ ویم لەکوێیە؟»

ئەویش ئاماژەی بۆ پشتەوە کرد بۆ ئەو ژوورەی کە پیاوێك لەژێر پارچەیەکی سپی راکشابوو، بە غەمبارییەکەوە وتی «ئای» بە تەواوەتی هەموو لەشی پێچرابوو «دەبینیت؟ ئەوە ویمە. براکەی هاتووە تا بیباتەوە، دەیباتەوە بۆ بەلجیکا». هەناسەکانم وەك خۆی راگرت، ویستم بچمە لای تا بزانم ئاخۆ ئەو هۆشی لای خۆیەتی یان نا، بەڵام من نەمویست وەڕسی بکەم. هاوەڵەکەم وتی لەتەنیشتمانەوە لاشەی مردووی ئەو پیاوەیە کە ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆئەوەی ویم سەلامەت بێت.

لەو کاتەی کە ویم بە ئاسمانی ئیتالیادا دەگەڕایەوە بەرەو ماڵەوە، گیانی سپارد. ئەو دەمەی گوێبیستی هەواڵەکە بووین دەستمانکرد بە گریان، دەمانزانی ئەم پیاوە بەخشندەیە کە لەچەند روویەکەوە یارمەتی سۆماڵی داوە، هەر لەلایەن ئەوانەوە کوژراوە، کە ئەو هەوڵی پاراستنی دەدان. دواتر نەماندەزانی چۆن پرسەی ئەو تەراژیدیایەی مردنی ویم‌و کەسانی وەك ئەو بگێڕین، ئەوەی دەمانزانی ئەوە بوو، کە ئەمە گورزێکی گورچکبڕە لەمتمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ ئەو بیانیانەی کە وەك هاوڕێیەك دێن بۆ سۆماڵ. خەڵکی چۆن بیانەوێت یارمەتی ئێمە بدەن لە کاتێکدا کە ئێمە باشترین کەسێك بکوژین، کە جوامێری خۆی سەلماندووە، هەروەها لەبارێکدا بین کە خەڵکی خۆشمان بکوژین؟

ئەو کاتەی حوسێن سەلاد گەڕایەوە بۆ کەمپەکە پێموت «لەبەر ئێمە دەستبەردار مەبە».

ئەویش وەڵامیدامەوە «ئەمە کاری ئێمەیە».

چەند مانگێك دواتر دایكو بابی ویم هاتن بۆ سۆماڵ، تا ئەو کارە ببینن کە کوڕەکەیان ئەنجامیدابوو بۆ ئێمە. حوسێن سەلاد ئەوانی هێنایە لای ئێمە، هەروەك ئەوەی ئەوروپییەکان لەکاتی کۆستکەوتندا دەیکەن، ئەوانیش بەرگی سپیان پۆشیبوو. شەربەتی پرتەقاڵمان پێدانو لەژێر درەختەکاندا پێکەوە لێی دانیشتین، عەدەنیش هەستایە سەر پێ تا وتارێك بدات. وتی «ویم یەکێك بوو لەپیاوەکانی ئێمە، ئەو بەشێك بوو لەجەستەمان، ئەوەی روویدا هەمووانی نیگەران کرد». ئەوانمان برد بۆ ژووری دانیشتن، کە زۆرجار لەوێ دادەنیشتین، ئەو بۆمبە گەورەیەم دایە دەست دایکی، کە ئەو وەك تەپڵەك بەکاریدەهێنا. پێکیشەوە سەرێکماندا لەمنداڵە بێنازەکان کە لەگەڵ هەندێك لەخۆبەخشەکانماندا کاریان بۆ دروستکردنی دروشمێك دەکرد، کە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد: ویم ژیانی خۆی بەخشی لەپێناوی ئاسودەیی ئێمەدا. هەر کە دایکی ئەوەی بینی ئاوڕیدایەوە و چاوی بۆ مێردەکەی گێڕاو بانگی کرد «وەرە بۆ ئێرە ببینە ئەو منداڵانە چییان نوسیووە!»

بەرلەوەی بەجێمانبێڵێت یەکتریمان گرتەئامێز، پێیوتم «ویم هەمیشە پێیدەوتم ئەو پەیوەندییەکی زۆر باشی هەیە لەگەڵ دکتۆر حەوا عەبدی، تۆ بەلای ئەوەوە شوێنێکی ئارام بوویت». ساڵانێك دواتر ئەو کاتەی پارەیەکی زیاترمان بەدەستهێنا، بەشێکی چاودێریمان لەنەخۆشخانەکە کردەوە بە ناوی: سکوڵی چاودێری ویم ڤان بۆخیلەیر. هەتا ئەمڕۆش هەر ماوە.

بەلای ئێمەوە رۆژەکان ساناتر بوون، بەوپێیەی ئومێدمان هەبوو: کارەکانمان رادەپەڕاند، خشتەی نەشتەرگەریی‌و کۆبوونەوەکانمان دادەنا، هەروەها پێدانی خۆراكو سەردانی نوێنەرانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش. لەشەوانی خامۆش دەترساین، پاش ئەوەی کرێکارانی فریاگوزاری و بە دیگاردەکان دەگەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە مەقادیشۆ، پیاوانو لاوانی چەکداریش هەر بە وێنەی مێرولە بە ئەفگۆیی رۆودا سەرەو خواریان بوو. لەبازگەکاندا قەتارەیان بەستبوو،

بە نێو دەوەنەکاندا بڵاودەبوونەوە بۆ پەلاماردانی ئەو خێزانانەی بێ پشتوپەنا بوون، دەستدرێژیان دەکردە سەر ئافرەتانو ئاژەڵەکانیان دەبەستەوە و لەگەڵ خۆیان دەیانبردن.

گرووپێك لەچەکدارانی هاوییە نزیك لەناوچەکەی ئێمە دەژیان، هەروەك منداڵەکان هەندێك لە لاوەکانیش سەردانی کێڵگەکەمانیان دەکرد، عەدەنیش لەسەر تراکتۆرەکەی خۆمان، چەند سوڕێکی پێدەدان. شەوێکیان هەر وەکو تارمایی هاتبوونو هەر پانزە وڵاغەکەیان دابووە بەر، لەو دەمانەدا تەنیا ئاژەڵەکان لەناو کێڵگەکەدا مابوونەوە. عەدەن چەندین پەیوەندی تەلەفونی لەنێو هۆزەکەیدا کرد تا ئەوەی توانی دوانزەیان بگێڕێتەوە، بەرلەوەی بگەنە بازاڕی باکارە بۆ فرۆشتن، بە کوڕەکانی وتبوو «ئەمانە هینی منن» بۆئەوەی تەریقیان بکاتەوە. هەرچەندە دوو مانگی دیکەی خایاند تا سێ مانگاکەی دیکەمان دۆزییەوە، دواجار ئەوانیشمان گەڕاندەوە. هەندێك لەکوڕە هەرزەکارەکان شەوان لای تەویلەکەوە دەنوستن لەبەر باری ئەمنی.

ئێمە زۆر لاواز بووین؛ گوندێکی وا کە پڕبوو لەکەمایەتی تۆمەتبارکراو و ژنیش، هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەبووین ئاخۆ کەسانی ناوچەکانی دەوربەر هێرشمان بکەنەسەر. تەنیا پارێزەریشمان ئەو دوو کوڕە پاسەوانەو کۆمەڵە لاوێکی خۆمان بوون کە لەنێوان هەشت، دە، دوانزە ساڵان بوون، هەندێکیان لەباڵکۆنەکەوە تەماشایاندەکرد. هەرچەندە ئەوان چەکیشیان پێنەبوو، بەدرێژایی شەو دەمانەوەو سەریان دەکرد بە یەکدا. ئەوان یەکەم کەس بوون کە گوێبیستی دەنگی ئەو گوللانە بوون کە لەدوور دەهاتن، یاخود دەنگی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەرەو ناوچەکە قەتارەیان دەبەست، ماتۆڕو روناکییەکانیان دەکوژاندەوە بۆئەوەی نەدۆزرێنەوە، کەسانێکیش دەهات بۆ لای ئێمە بۆ مەبەستی گەڕان بەدوای خواردن، پارە یان پەلکێشکردنی منداڵاندا.

هەموو رۆژێك گوێبیستی فڕاندنی منداڵا دەبووین، هەرچی لەتوانامان‌دا بوو کردمان بۆ پاراستنی دێکۆی حەڤدە ساڵانو ئامینەی سێزدە ساڵان، لەگەڵ هەموو هاوڕێکانی تریان. هەتا پێنج مانگیش بەردەوام هەموو شەوانێك هەر لەنەخۆشخانە دەنوستم، میوانەکانیشمان کیژەکانیان دەهێنایە لای ئێمە، تا

بتوانن لەودیوو قوفڵە کلیلدراوەکاندا بخەون. هەندێك شەو کیژەکان ئەوەندە زۆربوون ژمارەیان دەگەیشتە پەنجا لە ژوورێکی دیکەی نەخۆشخانەکە شان لە شانی یەکتری دەنوستن، پەنجای دیکەش ترنجابوونە شوێنەکەی ئێمە. لەماوەی رەمەزانیشدا، پێکەوە سوکەژەمێکیان دەخوارد پاش تاریك داهاتن‌و ئینجا دەخزانەوە نێو بەتانییەکانیان، لەوکاتەی دەیانویست بنوون، دەکەوتنە چپەچپ‌و باسی ئەم‌وئەو. زۆر مەترسیدار بوو بۆ ئەوان، کە بچنە دەرەوە بۆ تەوالێت، دێکۆش ئەوەندە ترسابوو هەر بە پێڵاوەکانییەوە دەنوست، بۆئەوەی لەکاتی پێویستیدا بتوانێت گورج رابکات.

شەوێکیان ئەوکاتەی خۆی لەبەتانییەکانییەوە پێچابوو، پێموت «هیچ شتێکی خراپمان بەسەر نایەت». گەرچی ئەوە قسەیەکی بێبنەماش بوو، کەچی هەندێکجار خەوی لێدەخست.

ئامینە هەر نەدەخەوت. کاتێك لەکورسییەکەی دەرەوە دادەنیشتم، تا هەوایەکی پاك هەڵمژم، لەپاش درەنگانێکی شەو لەکارکردن لەنەخۆشخانەکە، سێبەرە بچکۆلانەکەی ئەوم لەدوورەوە بەدیدەکرد. ئەو کاتەی بەرەو رووم هات پێموت «بگەڕێرەوە، منیش وا دێمەوە».

درەنگانی شەوێك پیاوێکم چارەسەردەکرد، کە سەربە هۆزێك بوو پێیدەوترا کاڵگەیلا، کە لە دەڤەرەکەماندا بەتایبەتی پەنجەی تۆمەتیان لەسەر بوو. خواردن‌و جێگەم بۆ دابینکردو دەمەوبەیانیش بەرلەوەی رۆژ بێتەوە رێگەم بۆ خۆشکرد تا بڕوات. پێموت «بە رێگە سەرەکیەکەدا مەڕۆ بەم رێگەیەدا بڕۆ بە نێو دەوەنەکەدا، ئاگات لەخۆت بێت».

لەکاتژمێر یانزەی ئەو رۆژە سی‌و پێنج لاو، کە چەکی قورسیشیان پێبوو، لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا وەستان، زانیاریان پێدرابوو لەبارەی پیاوەکەی هۆزی کەڵگەیلەوە. هەوڵیاندابوو بێنە ژوورەوە، بەڵام یەکێك لەپەرستارەکانم بەرهەڵستی کردبوون، مکوڕبوو لەسەر ئەوەی  کە لەناوچەکەی ئێمەدا تفەنگ رێپێنەدراوە. گوێم لەژاوەژاو بوو، لەژووری تاقیگە هاتمە دەرو ئەوانم لەدەرەوە بەدیکرد. پێموتن «کەس لێرە نییە، ئەمە نەخۆشخانەیە. تەنیا دوو ژنی لێیە منداڵیان دەبێت».

هەوڵدان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکی برسی قاتخۆرو چەکی کالاشینکۆفی هەڵگرتبێت شتێکی مەحاڵ بوو. شانێکی هەڵتەکاندو پێیوتم «درۆ دەکەیت، ژوور بە ژوور دەگەڕێین تا بزانین راست دەکەیت».

منیش وتم «پێشتر هەندێك لەوکەسانەتان کوشتووە و ئەوەشی ماونەوە رۆیشتن، لێرە نین. لەگەڵ من نامێننەوە».

ئەویش تفەنگەکەی لەشانی راوەشاندو وتی «لاچۆ با بڕۆینە ژوورەوە». یەکێك لەمامانەکان کە لە نەخۆشخانەکە دەهاتەدەرەوە، بینی چی روویداوە تێیتەقاند بۆ ژوورەوە.

ئەگەر رێگەبدەین ئەو پیاوانە بچنە نێو نەخۆشخانەکەوە دەستدرێژی دەکەنە سەر کیژەکانمان. تەماشای چاوە سورە دڕندانەکانی ئەو کوڕەم کرد، بێزاربووم لەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکەم بەو شێوەیەی لەگەڵ منداڵێکی خۆم دەمکرد. «دەبینیت ئەو کەسانەی لێرەن میوانی خۆمن؟» وەستام و هەناسەیەکم هەڵکێشا. «من چارەسەر بۆ کەسانی ئێوە دەکەم. چۆن دێیت بۆ لام و پێتوایە من دوژمنەکەت دەپارێزم؟ ئەی ئێمە پێکەوە ناژین؟ ئەی هەر هەمان گەل نین؟»

نزیکتر بووەوە و نەڕاندی «لێگەڕێ بچمە ژوورەوە».

منیش وتم «تەنیا رێگە کە دەتوانیت لێوەی بچیتە ژوورەوە ئەوەیە، کە سەرەتا من بکوژیت».

یەکێك لەپیاوەکانی دی هەڵیدایە «ئەو راست دەکات». چەکەکەی خستە بەردەمم وەك ئاماژەیەك بۆئەوەی پۆزش دێنێتەوە، پێیوتم «داوای لێبوردن دەکەم». کوڕەکە پاشەکشەی کرد، بەڵام بە هەمان چاوتێبڕین سەیری دەکردم.

دەستم بەرزکردەوەو پێموتن «ئێوە هەڵەن، نازانم چۆن ئەم چەکە بەکاربێنم، ها بیبەنەوە، بەڵام جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوچەیە».

هەندێکجار ئەوکاتەی ئەو سەردەمەم بیردێتەوە، یادی ئەو گفتوگۆیە دەکەمەوە، کە من لەگەڵ رۆژنامەوانێك ئەنجاممدا، هەمان ئەو پرسیارەی لێکردم کە حوسێن سەلاد لێی پرسیبووم «بۆ ئەتەوێت ئەو کارە ئەنجامبدەیت؟»

گەرەکم بوو روونیبکەمەوە کەچی رۆژنامەوانەکە بۆچوونی خۆیی هەبوو. ئەو خانمە وتی «پێموایە تۆ کەمێك تێکچووی». هەستم بەوەکرد کە گفتوگۆکردن راستەوخۆ لەگەڵ ئەو گەنجانەدا مانای ئەوەیە، کە من داوای ئەوەیان لێدەکەم کە بمکوژن، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە هەژارەی کە من دەمپاراست لەبەردەممدا بکوژرێت لەپێناوی هیچدا، بەهیچ شێویەك نەمدەتوانی بژیم.

پەیامێکمان پێگەیشت کە رێکخراوێك بە ناوی کەنیسەی بەهاناوەهاتنی سویدی، کۆمەکێکی گەورەی کۆکردۆتەوە بۆ کەمپەکەمان: کە بریتی بوو لە 100 تەن، کە پانزە بارهەڵگری پڕکردبوو. ئەوەی چاوەڕێ بووین، فەردەی گەورە گەورە لەزەریاکانەوە بێت بۆلامان. رۆژێکیان پیاوێك کە لەڕووی ئاسایشەوە یارمەتیدەدام، هات تا گفتوگۆ لەسەر پرسەکە بکەین. پێیوتم «دەبێت پەیمانی گواستنەوە چاك بکەین». منیش وتم «بەدەست من نییە، ئەگەر کەسانێك هەبن کۆمەك بکەن، ئەوە ئەرکی ئەوانە، ئەگەریش جەنابتان دەخوازن بازرگانی بکەن، بڕۆنو پرسیار لەوانە بکەن».

بەڵام ئەو نەیویست پرسیار بکات. پێیوتم «ئەگەر هەر ئێستا بەڵێننامەمان پێنەدەیت، هەموو ئەم برنجە بەتاڵان دەبەین. هەرگیز ناگاتە ئەو ناوچەیەی تۆی لێیت».

منیش پێموت «بپرسی یان نا پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە». هەرچەندە من بەو جۆرە مامەڵەم دەکرد، وەك ئەوەی کە هیچ گرنگییەك بە هەڕەشەکانی نادەم، بەڵام نیگەرانی ئەوەش بووم، کە ئێمە دەبینە قوربانی توندوتیژییەك، کە بەری لەزۆرێك لەڕێکخراوە فریاگوزارییەکان گرتووە. بە تویّتا کرۆلا سپییەکەی خۆمان چووین بۆ بەندەرەکە شۆفێرێكو دوو پاسەوان یاوەری منیان دەکرد، رۆیشتین بە مەبەستی چاودێریکردنی گەیشتنی خۆراکەکانو دڵنیابوون لەوەی کە بە باشی خراوەتە ناو بارهەڵگرەکانەوە. بێ ئەوەی کەس لێمان بپرسێتەوە بە شارەکەدا رۆیشتین، هەرچەندە سەرەتا گوێبیستی هەندێك تەقە بووین لەو کاتەی کە لەدەروازەی بەندەرەکەوە دەڕۆیشتین بەرەو گەنجینەکە. هێشتاش هەموو شتێك بە نەرمونیانی بەڕێوە دەچوو، شوێن ئەو کاروانانە دەکەوتین، کە لەشار دەردەچوونو بە ئەفگۆیی رۆودا گوزەریان دەکرد.

بەدرێژایی رێگەکە 100 مەترێك لەبەردەم ئێمەوە، تۆپەڵە تیشکێکی گەورە بەدیاردەکەوت، زەوییەکە بە تەقینەوە دەهـەژا. شۆفێرەکەمان بۆ پێش‌و دوا ئاڕاستەی گۆڕی، هەوڵیدا تا بچێتە تەنیشت ئەو بارهەڵگرەی کە لەبەردەمماندا بوو، تا بزانێت چی روویداوە. بۆ دوو کیلۆمەترێك هەر بەردەوام بووین لەسەر رۆیشتن، هەتا ئەوەی کەسێك تۆپێکی تەقاند وەك ئاماژەیەك بۆئەوەی بگەڕێینەوە، قافڵەکە هەموو وەستا. شۆفێرەکەمان بە توڕەییەوە پێی نا بە گازدا بەلای بارهەڵگرەکاندا رەتبوو بۆئەوەی بمانباتەوە بۆ کەمپەکە، تا پارێزراو بین، بەڵام کاتێك رەتبووین بەلای پێشەوەی هێڵەکەدا، ئۆتۆمبێلێکی تەکنیکاڵ (ئۆتۆمبێلی گەورەی شەڕکردنە)م بینی لەڕێگاکەدا وەستابوو لەلای بارهەڵگرێکەوە کە پیاوانی چەکدار دەوریان گرتبوو. کاتێك دیتیان وا ئێمە بەرەو روویان دەڕۆین، رووی تفەنگەکانیان لە ئێمە کرد.

«راکەن راکەن» لەناوەڕاستەوە چەمامەوە بەرەو کورسییەکەی دواوە، دڵم کوتەکوتی بوو. هەر وەك ئەوەی لەفیلمەکاندا بینیومە ئۆتۆمبێلێك شوێنمان کەوتبوو، هەرچەندە چاویشمم داخستبوو.

پاسەوانەکە هاواری کرد «دەتوانین تەقەیان لێبکەین».

هەر کە گوێم لێبوو تە تە تە تە تە، قیژاندم «نا»

چووینە ناو ئۆفیسی خۆجێیی کەنیسەی بەهاناوەهاتنی سویدییەوە، تەکنیکاڵیش هەر بەردەوام بوو لەسەر رۆشتن. دواجار سەلامەت بووین. یەکێك لە کارمەندەکان کە هات بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە تا سڵاومان لێ بکات، پرسی «ببورن چی روویداوە؟ بیستمان مەقادیشۆ لەژێر بۆردوماندایە».

تەلەفۆنێکم بۆهات لەکوخەکانی[9] ئەو کەسانەوە، لەپیاوە ئاسایشەکەوە بوو کە هەڕەشەی تاڵانکردنی شمەکەکانی لێکردم. پرسی «چۆنیت؟ خۆ سەلامەتیت؟»

منیش بە گومانێکەوە وتم «بەڵێ» تۆ بڵێی ئەو بەرپرس بووبێت لەو پەلامارە؟ ئەگەر وایە بۆ خۆی وا دەردەخست کە گرنگی بەوە دەدات من باش بم؟ کاتێك دواجار گەڕاینەوە بۆ کەمپەکە بەلای یەکێك لەو بارهەڵگرانەدا رەتبووین کە لەلایەکی رێگەکەدا کەوتبوو. کاتێك تەماشامان کرد خواردنەکەی

ناوی نەمابوو، ترسی ئەوەمان لێنیشت کە بارهەڵگرەکانی دیکەش هەمان چارەنوسیان هەبێت. کاتێك گەیشتینەجێ سیانزە بارهەڵگرمان ژمارد، ئەو کاتەشی لەدەرەوە راوەستابووین، قسەمان دەکرد، پیاوە ئاسایشەکە هات بۆ لامان. دووبارە پرسی «چۆنیت؟» ئەمجارەیان خۆم لێ گێل کرد.

بەوپێیەی لەناو دەوەنەکاندا گەورە ببووم، دەمزانی کە ئاژەڵی دڕندە رادەکـات و دەجەنگێت بێ ئـەوەی گرنگی بە وەچەکانی بـدات، یاخود ترسی ئەوەی هەبێت ئاژەڵەکانی دیکە بیانخوات. جەنگیش بە هەمانشێوە بیرکردنەوەی خەڵکی گۆڕیبوو، راپێچی دەکردن بۆ ئەو خۆراکەی کە هی خەڵکانی نەدار بوو. من بیرکردنەوەکانی خۆمم نەگۆڕیبوو، هەر بۆیە پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ئەو خەڵکانەی کە دەمناسن و یارمەتیمداون، هەروەها شانبەشانی من کاریانکردووە، جورئەتی ئەوە بکەن دزیم لێبکەن. هەندێکجار هەڵە بووم، لۆجیکی شەڕ زاڵبوو بەسەر شتەکاندا.

حەفتا تەن خۆراك مابووەوە: گەورەترین کۆمەك بوو کە ئێمە وەرمانگرتبێت. ئەوەی دەهێنا قوربانی بە ژیانم بدەم؟ ئەی چی دەربارەی ژیانی منداڵەکانم کە لەنێو کەسانێکدا دەژیان، لەپێناو ئەو شتانە دەجەنگان؟ چی دەبێت ئەگەر بفرێنرێن؟ خۆ پارەی ئەوەم نەبوو تا ئازادییان بسێنمەوە، تەنیا پارچە زەوییەکم هەبوو کە دابەشم کردبوو بەسەر کەسانی نەداردا.

رۆژی دواتر من و عەدەن دەستمانکرد بە دابەشکردنی تەنەکە رۆنەکان بۆ دوو بەش، کە هەر نیوەیەك هێندەی مەنجەڵێکی چێشتلێنان بوو، دەخرایە سەر ئاگر. هەر رۆژە و 20 فەردەی پەنجا کیلۆیی برنجمان لێدەنا، هەربۆیە کۆمەکەکە گەورەترین بڕبوو، تەنیا بەشی حەفتا رۆژی کرد. دوو مانگو دە رۆژ.

# بەشی چواردە
# مەترسی لەناوەوە

شەوێکیان ئەو دەمەی کە لەئەرکەکەی خۆم بوومەوە لەنەخۆشخانەکە، عەدەنیش لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە دەرەوە بوو، ئەحمەد گوێی لەکۆمەڵێك ئۆتۆمبێل بوو دەهاتنە ناو کەمپەکەوە. رایکرد بۆ لای دێکۆ بەئاگای هێنایەوە، وتی «ئەوان لێرەن چی بکەین؟»

ئـەوان پێکەوە بەپێی پەتی هاتن بـۆلام. یەکەمجار گوێم لەدەنگە ناسکەکەی ئەحمەد بوو. پێیوتم «ئەوان لێرەن، ئەوەتان لێرەن» دێکۆ کە لەپشت ئەحمەدەوە وەستابوو دەستەکانی خستبووە سەر شانەکانی، سەری راوەشاند. وتی «بە نیازین رابکەین».

منیش بە توندییەکەوە پێموت «کەس نابێت بڕوات، دەبێت لەتەك من بمێننەوەو چاوەڕێ بن».

پاڵی بە براکەیەوە نا بۆ ئەو دیو دەرگاکە بۆ نێو تاریکاییەکەو وتی «من براکەم دەبەم». ئاوڕمدایەوە بۆ نەخۆشەکەی بەرامبەر، کە بە ئارامییەوە دەحەسایەوە. ئەگەر ئەحمەد راستیش بکات پێموایە هەر نەتوانم بە دوایاندا بڕۆم. دەبوو متمانە بەوە بکەم، کە دێکۆ رێگەی دەوەنەکەی دەزانی. کاتێك چوومە نهۆمی سەرەوە، تا سەرێك لەکیژەکانی دیکە بدەم، نزای ئەوەم دەکرد، کە ئەحمەد ئەو ژاوەژاوە بینێتە پێش چاو.

گوێم لەوەبوو کە دەرگـەی خـوارەوە کرایەوەو بە توندی داخرایەوە، هەر لەپەنجەرەکەوە توانیم ئەو پیاوانە ببینم کە راوەستابوون لەدەرەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان و هێشتا هەر لەرۆشتن بەردەوام بوون، تفەنگەکانیان خستبووە سەرپێ، پاشان گوێبیستی هاواربووم لەنێو نەخۆشخانەکەوە کە دەنگی یەکێك بوو لەپەرەستارەکان، داوای یارمەتی دەکرد. ئالەم کاتەدا ئامینە پێڵاوەکانی کردەپێی، بەهەمانشێوە ئامۆزاکانیشی. منیش پێموتن «ئێوە لێرە بمێننەوە، بەڵام هەرکە گوێتان لەدەنگی تەقە بوو، دایە ئاشا ببەنو بچنە نێو دەوەنەکەوە».

بە قادرمەکەدا هاتمەخوارەوە بـەرەو پێداویستی نەخۆشەکان چووم لەنۆڕینگەکە، کاتێکیش چوومە ناوەوە پیاوێکم بینی بە دزییەوە چاودێری

دەکرد، لانیکەم گوێم لەدووانی تریش بوو، کە لەو پەرستارەیان دەدا کە هاواری دەکردو دەگریا لەنێو هۆبەی تاقیگەدا. بەلوشکەلوشکەوە دەیوت «لێم مەدەن براکانم! من خوشکی ئێوەم سەر بەهەمان هۆزیشم». پەرستارێکی دیکە پێیوتم کە ئەو لەوکاتەی بەلای هۆبەی نەشتەرگەرییدا رەتبووە، بە پاکەتێك دەرزییەوە، دەستگیریان کردووە.

منیش رامکرد بەرەو ڕاڕەوەکە. «ئازاری کچەکەم مەدەن! من دکتۆر حەوام بڵێن چیتان دەوێت؟»

یەکێك لەپیاوەکان لێم هاتە پێش، چەکەکەی لەشاندا بوو. «تۆ دکتۆر حەوا نیت، ژنێکی قەڵەوی بەساڵاچوو خاوەنی ئەم شوێنەیە».

منیش وتم «ئـەوە منم» تەماشام دەکـردو لەو کاتەشدا ئەو دەسکی تفەنگەکەی گرتو قۆناغەکەی هێنا بەرەورووم‌و بەتوندی پیایداکێشام. یەکەم لێدان هەستم پێنەکرد، بەڵام لەدووەمدا ئازارەکەی چەند هێندە بوو.

تۆ هەندێك فاکاش (fakash)ت هەیە، وشەیەکی ناشیاوی بەکارهێنا کە بەرامبەر بە هۆزی دوژمن بەکاردێت. «ئەم دەرگایە بکەنەوە» دەسکی دەرگا شوشەکەم بادا کە بۆ ئەو ژووری دەست شتنە دەڕۆیشت، کە پزیشکەکان بەر لەنەشتەرگەریی دەستیان تێدا دەشۆرد. کڵۆم درابوو، منیش کلیلم پێنەبوو. لەترسان هەوڵمدا شووشەکە بە دەستی خۆم بشکێنم. پیاوەکە رێی لێگرتم، پێیوتم «تۆ ئەزیەتی خۆت دەدەیت».

لەو ساتەدا دەنگی تەقە لەدەرەوە وای لەپیاوەکان کرد تا رابکەنە دەرەوە لەدەرگەکانەوە، تا بزانن هاوەڵەکانیان چییان بەسەرهاتووە. ئەو پەرستارەی کە تێریان لێدابوو، هاواریکرد «دایە حەوا، گەرەکیانە تۆ بکوژن، دەبێت رابکەین!» یەکێك لەنەخۆشەکان بە سنگەخشە لەبەرمیلێك هاتەدەرەوە کە لەو کاتەی پیاوەکان هاتبوون خۆی تێدا شاردبووەوە. ئەو خانمەش بەسەر راوەشاندنەوە هاواریکرد ئەوان لێیان پرسیم پێیان بڵێم پارەو خۆراکت لەکوێ شاردۆتەوە. منیش پێموتن من تەنیا هەر نەخۆشێکم و بەس».

وامان دانابوو ئەوان بگەڕێنەوەو بمانکوژن، بەڵام بەرلەوەی ئێمە هەڵبێین دەبوو نەخۆشخانەکە بگەڕێم بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەس لەو دەورووبەرە نییە، بە ژوورەکاندا ڕۆیشتم، هەوڵمدەدا لەو شوێنانە نەوەستم، کە ئەوان دەرگاکانیان شکاندبوو. هاوارم کرد، بەڵام کەس خۆی نەشاردبوەوە، تەنیا دوو نەخۆش نەبێت، کە سەر بە هۆزی هاوییە بوون، هەروەك پیاو پێیان باش بوو لەسەر تەختی نەخۆشخانەکە بمێننەوە.

دەورووبــەری نیوەشەو ڕۆیشتین، ئەو شەوە مانگەشەو دیار نەبوو، ئەوەندە تاریك بوو نەماندەزانی لە کوێین، تەنیا هێندەمان دەزانی کە لەژێر سایەی خشپەی گەڵای درەختەکانداین. ئەو کاتەی ئێمە بە بێدەنگییەوە بە سنگەخشە دەڕۆیشتین بەرەو دەوەنەکە، دەنگی تەقە دەبیسترا، دەمپرسی تۆبڵێی گروپێکی تر لەپیاوان هاتبنە ناوچەکە، بۆ پەلاماردانی ئەو پیاوانەی کە پەلاماری ئێمەیان دابوو. دواجار دانیشتن سەرم سڕبوو ئەوەندە نوێژم کرد تا خودا منداڵەکانم بپارێزێت. دواجار تەقە وەستا، ئێمەش دەمانتوانی گوێقوڵاغی ئەو ئۆتۆمبێلانە بین کە دەکەوتنە ڕێ. پاش کەمێك لەلایەکمەوە هەستم بە ئازارێك کرد، بەڵام هەرچۆن بوو هەستامە سەر پێ، لەو کاتەی دەستمانکرد بە ڕۆیشتن دەستی پەرستارەکەم گرت.

بە ناوی خۆیانەوە بانگی یەك بە یەکی منداڵەکانم کرد «دێکۆ، ئامینە، ئەحمەد، سوئادۆ، داهابۆ، عەبدی و کەریم» بەڵام کەس دەنگی نەبوو. سەرلەنوێ خێراترو بە دەنگێکی بەرزتر بانگمکردن، لەکاتێکدا ترسم لەسەلامەتی ئەوان زاڵبوو بەسەر ئاشکرابوونی خۆمدا. ئایا دەکرێت کە هەندێك لەوپیاوانە لەکاتی شەڕە تەقەکەدا بۆ بردنی منداڵا هاتبن؟ بۆ چەند کاتژمێرێك چاوەڕوان بووین، بە دەست ئەم ڕێگەیەوە ماندوو بووین. پاشان ئاسمان درەوشایەوە منیش گوێبیستی دەنگێکی بچوك بووم.

دێکۆ بوو «هێی ئەوان ڕۆیشتن؟»

منیش وتم «هوویۆ هوویۆ[10] ده وەرە دەرەوە» زاراوەیەکی سۆماڵیم بەکارهێنا کە گوزارشت بوو لەخۆشەویستی کە زۆرجـار بەکارماندەهێنا. «سەلامەتین هوویۆ»[11] . قیژاندن ئەستەم بوو گەرچی ئازار لایەکیشمی داگرتبوو، بەڵام هەر نەشم دەتوانی بێدەنگ بم، کاتێك گوێم لەدەنگی منداڵەکان بوو یەکە یەکەیانم دەبینی. یەکێك لە کوڕەکان ئەوەی روونکردەوە کە ئەوان لەوە دەترسن، کە من بە بارمتە بگیرێم، لەڕێگەی ئەوەی دەمانچە بخەنە سەر سەری من و ئەوان بانگبکرێن، بەڵام هەموو ئەوانە لەیادکران، ئەوان سەریان گێژی دەخواردو لەتریان دەدا، تەنگەنەفەس بووبوون، تەنانەت پێکەنینشیان دەهات، زۆر بە قوڵی پێدەکەنین.

ئامینە پرسیاری کرد «دەتوانین بڕۆینەوە ماڵەوە؟» بەڵام دەشترسم کە پیاوەکان هێشا هەر لەناوچەکە بن. منیش وتم «نەخێر بۆ وچانێك چاوەڕێ دەکەین»، هەربۆیە لەوپیسیەدا دانیشتین، منداڵە زۆر بچوکەکان لەناو باوەشمدا راکشان، بەسەرهاتی خۆیانیان دەگێڕایەوە:

ئەوان لەدەوەنەکە چاوەڕێ بوون، دەلەرزین‌و ئۆقرەیان لەبەرخۆ بڕیبوو، چرپەچرپیان بوو لەسەر ئەوەی دەبێت چی رووبدات. یەکەمجار کچێك ویستی تەوالێتەکە بەکاربهێنێت، کاتژمێری دواتر هەموو تەریق دەبوونەوە، لەکاتێکدا میزەڵدانیان هەڵدەلەرزی. دواجار ئەوان بڕیاریاندا کە دەستبەجێ بڕۆن، لەژێر دەوەنی کورتدا دەچەمانەوە، بەڵام دەنگی تەپەی پێ لەسەر زەوییەکە بەرزبوو، کوڕەکان دەهاتنە دەرەوە و داوایان لەوان دەکرد بوەستن. ئێمە هەموو پێکەنین، کاتێکیش ئەوان دووبارە چیرۆکەکەیان گێڕایەوە، سەرلەنوێ دەکەوتینەوە پێکەنین، پاشان بۆ ساتێك هەستم بە ئارامی کردو هەندێکیانیش خەویان دەهات. دێکۆ بە نەرمییەکەوە پێیوتم ئەو کەوتۆتە گریان ئەودەمەی گوێبیستی تەقینەوەکان بووە، دڵنیابووە لەوەی من مردووم. منیش وتم «من لێرەم هوویۆ».

کاتێك خۆر ئەوەندە بەرز بووەوە پێکەوە هەستاینە سەرپێ، هەرچەندە جەستەم ئەوەندە رەق بووبوو، کە بەئەستەم دەمتوانی بڕۆم. جلەکانم داکەند تا ببینم ئەم لایەم چۆن شین بۆتەوە بەهۆی پیامالینەکەوە. شوێنەکەم پیشانی ئەحمەد دا. «کوڕم دەبینی ئەوان دوێنی چۆن لێیانداوم؟»

دەستیکرد بە گریان، سەرزەنشتی کردم بەهۆی ئەو قسانەی کردم. منیش توشی شۆك بووم. هەوڵی زۆرمدا کە منداڵەکان قایل بکەم، کە من نازانم ئەوان چییاندەوێت، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە لەمەترسی دووریانبخەمەوە. بۆ ساتێك دڵنەوایی ئەحمەدم کرد، پاشان وام لێکرد تا پێبکەنێت بەهۆی ئەوەی رێگایەکی توندم پیشاندا کە دەڕۆشتم پیایدا. پاش چەندین هەوڵا هەستمانکرد باشترین.

کاتێك گەیشتینە شوێنەکەی خۆمان، چەند گوێدرێژ و عارەبانەیەکمان بینی لە دەرەوە لەبەردەم دەرگاکەدا؛ خێزانێك لەدراوسێکان گوێبیستی تەقە بوون وایزانیبوو کە ئیدی ئێمە رۆیشتووین، بە شتەکانی ئێمەدا گەڕابوون. تەنانەت هەندێك بە ئاپارتمانەکەشدا خەریکی هەڵزنان بوون بەو ئومێدەی سەربانەکە بدزن. هەرکە ئێمەیان بینی دەستبەجێ کەوتنە قسە، یەکێك لەپیاوەکان وتی «چۆنن؟ سەلامەتن؟»

منیش وتم «بەڵی سەلامەتین». رووخساری شاردبۆوە، لەگەڵ باقی خێزانەکەیدا تێیتەقاند و رۆیشت. چووم بۆ ناو ژوورەکان و لەسەرەتاوە بۆلای منداڵەکان، ئەو شتە بەهادارانەم هەڵگرت کە دەمبینین، هێندەی لەتوانامدا بوایە لەشوێنی شیاوی خۆیاندا رێکم دەخستن، لەنێو رەفەو لەسەر مێزەکان، یاخود لەناو گیرفانی چاکەتە سپییە چڵکنەکەمدا. لەجێگەکەمدا بینیم کە بەرگە پشتییەکەم کراوەتەوە. دەستم کوتا هەتا لەسەر زەوییەکە دوو پشتی دەستلێنەدراوم بینی لە یەکێکیاندا 500000 شیلینگی سۆماڵی تێدا بوو، کە من چەند مانگێك پێش ئێستا تێم ئاخنی بوو. لە پەلەپەلیدا بیریان چووبوو سەیری خوارەوەی جێگەکە بکەن.

داوام لەچێشتلێنەرەکە کرد چایەکمان بۆ لێبنێت، هەرکە ئەو لەدەرەوە ئاگرەکەی داگیرساند دەستو رووخسارم شووشت. گەڕامەوە بۆ باڵەکۆنەکە، بەڵام پێش ئەوەی دابنیشم چاکە بخۆمەوە، ئەو پیاوانەم بینی کە پەلاماریان داین، لەبەردەممدا وەستا بوون، بەجلی جۆراو جۆرەوە. یەکێك لەوانە کە رابردوویەکی دووری رێگەی بەرەو دەوەنەکەی بیر خستمەوە، وتی «لەڕادیۆوە گوێمان لێی بووە کە دوێنێ شەو شتێك لێرە روویداوە». منیش قومم لەچاکەدا بێ ئەوەی خوڵکیان بکەم کە ئەوەش زۆر لەڕەوشتی منەوە دووربوو، گوێم دەگرت لەکاتێکدا ئەوان درۆیان دەکردو داوایان دەکرد تا بمپارێزن. بەلای ئەوانەوە من ئەو پزیشکە نەبووم، کە شیاوی پاراستن بێت، بەڵکو ژنێکی خواپێداوی گەمژەم کە ئەوان دەتوانن بیخەڵەتێننو تالانی بکەن. پێم نەوتن کە من دەزانم ئەوان کەسانی نامۆیان بانگکردووە، تا یارمەتیان بدەن نەخۆشخانەکە تێکبشکێنن و هەڵکوتنە سەر پەرستارەکانم. لەبری ئەوە لەنێو ئەو رۆژە روناکەدا چاودێریم دەکرد، لەکاتێکدا ئەوان لە روومدا درۆیان دەکرد.

پاش ئەوەی ئەوان رۆیشتن داوای کۆبوونەوەم کرد لەگەڵ ریشسپییانی ناوچەکە، کە پێش جەنگ پشتیوانی کارەکەمیان دەکرد و هەوڵی زۆریشیاندەدا کە پشتیوانی لەکەسانی بێدەرەتان بکەن لەوکاتەی پێویستییەکان زیادی دەکرد. پێموتن «من هاتووم بۆئەوەی یارمەتی ئێوە بدەم، پشتیوانی لەکاری ژنەکانتان بکەم، منداڵەکانتان چارەسەر دەکەم، خەڵکەکەی ئێوەش پەلامارم دەدەن؟ ئەگەر ئێوە ناتوانن بمانپارێزن، پێویستە ئەو کارانە رابگرم».

ئەوانیش دانیان بە کێشەکەدا نا، پانزە کوڕی لاویان کۆکردەوە بە تەمەنترینیان سی ساڵاو منداڵترینیان نۆزدە ساڵان بوو، کە لەناوچەکەماندا دەژیان تا وەك پاسەوان دەستبەکار بن. هەموویان چەکیان لەتەك خۆیان هێنا، کە هەمان چەکیان پێبوو، هەمان چەکی حکومەتیش بوو هەنوکە کەوتبووە دەستی گروپە یاخییە جۆراوجۆرەکانەوە. بەوپێیەی ئەوان هێشتا هەرزەکار بوونو رێکنەخرابوون، نزیکەی چوار لەبەتەمەنەکانیان مانەوە لەتەك ئێمە تا

ڕێنمایی پاسەوانەکان بکەن و بەربگرن لەوەی قسەی پڕوپوچ نێوانیان تێکبدات. من بەو بڕیارە دڵخۆش بووم، ئەگەرچی مکوڕ بووم لەسەر تەنیا شتێك: پێموتن «ڕێگە بە چەك نادەم لەنەخۆشخانەکە».

کاتێك ئەوان ڕۆشتن، بۆ ساتێك لەژێر درەختەکاندا دانیشتم، لەدوورەوە چاودێریم دەکرد، لەکاتێکدا منداڵەکان پێدەکەنین‌و گەمەیان دەکرد. سوپاسی خوام کرد کە هەرچۆن بووە ئێمەی بە سەلامەتی هێشتەوە، هەروەها بۆ نیعمەتی عەقڵیش کە ترسی لەلا ڕەواندینەوە نەك پێکەنین. بەلای منەوە باشترین بەخششی خودا بیرهاتنەوەی گەرمی ئەو منداڵە تەمەن یانزە ساڵانە بوون، کە دەوری منیان دابوو، دەیانچرپاند، لوتیان لەیەك دەخشاند، یاخود سەریان دەخستە لای ئەژنۆی پڕئێش‌و ئازاری منەوە. هەرئەوەش بوو هۆکاری ئەوەی کە من بڕستی ئەوەم هەبێت سڵاو لە بەیانییەك بکەم کە نادیارتر بێت لەتاریکترینی شەوەکان.

لە ناوەڕاستی 1992 زۆرینەی خەڵکی مەبەستیان بوو سۆماڵ بەجێبێڵن، ئێمەش تەنیا نیوەی ئەو ژمارەیەمان لابوو، کە لەڕۆژە ترسناکەکانی سەرەتادا چاودێریمان دەکردن. هەنوکە 460 خێزانمان لابوو، هەندێکیان دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەکە بوون، ئەوانی دیکە تازە هاتبوون لە بایدوا و بووڕەوە لەباکور و لە مەقادیشۆ و مێرکاوە لەباشور. لەنێو ئەوانەشدا شێخ شەریف هەبوو، کە تازە لەباشورەوە هاتبوون بۆ گەڕان بەدوای شوێنێکدا تیایدا نیشتەجێ بن. بێ ڕەچاوکردنی باری خێزانەکەم، دوو ژوورم پێدان لەسەرووی نوڕینگەکەمانەوە. ئەویش چێشتلێنەرەکەی خۆی هێناو بڕێکی زۆر لەموریدەکانیشی بۆ لای خۆی کەمەنکێش کرد. سەرسام بووم بەوەی خەڵکی وەك خواوەندێکی گچکە مامەڵەیان لەگەڵ شێخ دەکرد، جەنابیشی چۆن جۆشی پێدەدان. «ئەگەر گوێڕایەڵم بن دەتانپارێزم» ئەو ئەمەی بە خەڵکەکەی دەوت‌و ئەوانیش باوەڕیان پێدەکرد.

عەدەنیش هەندێکجار دەچووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم شێخە ئازیزە دەتوانێت بمانپارێزێت، یان تێکمانبشکێنێت. هەندێکجاریش من ئەوەم وەبیر دەهێنایەوە کە ئێمە لەشوێنێکدا یەکتریمان بینی، کە خەڵکەکەی تەنانەت

باوەڕیان بە خوداش نەبوو. پێموت «خەڵکی لە یەکێتی سۆڤیەت ئاسایی دەژین، لەبارودۆخێکی زۆر باشدان»، بەڵام من نەدەهاتمەوە لەگەڵ ئەو هاوەڵانەی کە دەهاتنە لای و باسی ئەوەیان بۆدەکرد، کە ئەو چەند بەختەوەرە شێخێکی وا گەورەی گرتۆتەخۆ.

کاتێکی پڕ لەئاژەوە بوو نەك هەر بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکە، هەزاران کەس لەشوێنی خۆیان دەرکرابوون، یاخود وەك ئەوەی ڕێکخراوی خزمەتگوزاری نێودەوڵەتی پێیدەوتن (IDP (Internally Displaced People (واتە خەڵکانێکی لەشوێنی خۆ هەڵکەنراو) کە بەدرێژایی ئەفگۆیی ڕۆود لەو ناوچەیەدا دەژیان. زۆرێك لەدراوسێ نوێیەکان هەموو بەیانییەك دەهاتن بۆ لامان؛ 280 خێزانیان لەبەرێکەوەو 300 تر لەبەرەکەی دیکەوە، بۆئەوەی بچنە ریزەوە لەگەڵ خەڵکەکەی دیکەدا، بەمەبەستی دابەشکردنی خۆراك. ڕێکخستنی ئاپۆڕاکە زۆر زەحمەتبوو، بەڵام لەگەڵ پاسەوانەکانی دیکەدا ڕێکمانخستن، بەزۆری خەڵکەکە ڕێزیان لەیەکتری دەگرت، بێگومان هێشتاش هەندێك کێشە هەر لەئارادا بوو؛ تینی خۆرەکە زۆر گەرم بوو، ئاو زۆر کەم بوو، خەڵکەکە ئارامیان لەبەر هەڵگیرا بوو، هەر دەیانویست خۆیان یەکەم بنو بەڵکو شتێك وەربگرن.

ڕقو گومانی خێڵایەتی لەسەر لێوی زۆرێك لەخەڵکی بوو و لەو ساتانەدا کە ئەوان واژۆی تۆماری کەمپەکەیان دەکرد. کوڕێك بە دایکێکی وت «ئەو هەر گرنگیدەدات بە خەڵکی داروود» ئەو قسانەش بوونە هۆی گومانو مشتومڕو پاشانیش پەلاماردان. بۆ گۆڕینی هەڵوێستی خەڵکی یاسایەکمان دانا، کە جیاوازی نەدەکرد لەنێوان هیچ کەسێکدا: لەناوچەکەماندا ئێمە هەموو سۆماڵین. ئەگەر دەتەوێت بە هۆزەکەتەوە بناسرێیت، ناتوانیت لێرە بمێنیتەوە.

یەکێك لەخێزانە سەربەگۆبەنەکان سێجار ئاگادارکرایەوە، بەڵام کاتێك ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر شەڕکردن لەگەڵ دراوسێکانیاندا، پاسەوانەکان دایكو باوكو دوو منداڵەکەیان هێناو خۆیانو شمەکەکانیان بردنە دەرەوەی کەمپەکە.

ئەوان پۆزشیان هێنایەوەو نارەزاییان دەربڕی، بەڵام من رەتمکردەوە گوێیان لێبگرم. پێموتن «ئەگەر رێگەبدەم بەردەوام بن لەسەر شەڕکردن، ئەوا هەمووی دەستدەکات بە شەڕکردن». ئەوان چەندینجار گەڕانەوەو پاڕانەوە تا ئەوەی ریشسپییان رازیبوون گوێ لەحاڵەتەکەیان بگرن. پاش چەند وتوێژێك بڕیاریاندا کە خێزانەکە دەتوانن بێنەوە ناو کەمپەکە، بەو مەرجەی دایكو باوکەکە پۆزش بۆ منداڵەکانی خۆیان بێننەوە، بۆ ئەو خێزانەی دراوسێشیان کە ئەوان دڵیان رەنجاندبوو، دواجاریش بۆ ریشسپییەکان. خێزانەکە گەڕانەوە دوای ئەوە ئیدی کێشەیان نەما.

ئەو کاتە گومانمانێکمان لا دروستبوو کە رادیۆمان هەڵکرد و بیستمان BBC تایبەت بە سۆماڵ هەواڵێکی بڵاوکردەوە لەبارەی ئاگربەست لەنێوان هۆزەکاندا لەئازاری 1992 ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، رێکخراوە فریاگوزارییەکان، کە نەیاندەتوانی پێداویستیەکان لە مەقادیشۆ دابگرن، دەگەڕێنرانەوە بۆ مێرکا، لەوێش بارەکان دادەگیرانو دواجاریش دەگەیشتنە دەست ئێمە، لەبەرئەوەی هەموو شتێك هەر لەپاکەتێکەوە بۆ فەردەیەکی پەنجا کیلۆیی لەبرنج دەبوو توند هەڵبگیرێت، دوو ناوچەی نوێمان کردەوە بۆ عەمبارکردنیان، یەکێکیان بۆ خۆراكو ئەویتریشیان لە ناوچەیەك بوو کە ناوچەی پێشوازی کردن بوو لەپێداویستی پزیشکی. سەرەتا دێکۆ بەرپرسیار بوو لەبوارە پزیشکییەکە، هەرچەندە ئەوکاتە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، بەڵام ئێمە متنانەمان پێ بوو کە بتوانێت پیشوازی لەو بارهەڵگرانە بکات کە دێنە ناوەوە، چاو بە کۆمەکەکاندا بخشێنێت، پێداویستییە شیاوەکان بنێرێت بۆلای پەرستارو مامانەکان، کە پێویستیان بەو شتانە بوو. لە کاتێکدا ئەوگەنجینەیە بووبووە دەرمانخانەیەکی بچوك کە لەلایەن خەدیجەو عەدەنەوە بەڕێوەدەبرا، نەخۆشەکان دەکرا بەهۆی رەچەتەی من، یان هەرکام لەپزیشکەکانی دیکەوە سەردانی بکەن.

عەدەن لەگەنجینەیەکی دیکەش کاریدەکرد، سەرپەرشتی لیژنەیەکی دەکرد، کە لەدوو خەزنەدارو دوانزە چێشتلێنەر پێکهاتبوو، هەموو رۆژێك دووجار تەنەکە رۆنی گەورەیان دەهێنا، بەیانیان زوو هەروەها بە شەو. چێشتلێنەرەکان دەبوو ژمارەی فەردە برنجە لێنراوەکان تۆمار بکەن، ئەویش لەڕێگەی ئەوەی کە فەردە بەتاڵەکانیان دەهێنایەوە بۆ عەدەن یان هەرکام لە خەزنەدارەکانی دیکە. هەندێك لەوکەسانەی بەکرێمان گرتبوون فێڵیان لێدەکردین، دەیانوت گوایە ئەوان چێشت لێدەنێن، بەڵام لەڕاستیدا برنجەکەیان دەبردەوە بۆ خێزانەکانی خۆیان. کە ئەوە روویدا کۆمەڵێك کرێکاری دیکەمان دانا بۆ بەدواداچوونی ئەو حاڵەتە، ئەگەر دەربکەوتایە ئەو کەسە تاوانبارە ئەوا کەسێکی دیکە دەخرایە شوێنەکەی.

هەوڵمدا خەڵك لەوە دڵنیابکەمەوە کە شتەکان بەرەو باشی دەڕۆن، بەڵام بە سەرنجدان لەڕابردوو بۆم دەرکەوت کە من ماندو و بێئومێدم. لەکاتی دیاریکراودا هەڵدەستام، تەنیا جیاوازی نێوان شەو و رۆژ ئەوەبوو بە رۆژدا کرێکارە فریاگوزارەکانو رۆژنامەنوسەکان بە لێشاو دەهاتنە ناوچەکەی ئێمەوە. لە کاتێکدا دەمزانی گرنگە قسەیان لەگەڵ بکەم تا جیهان دڵنیا بێت لەوەی چی روویداوە، هەندێکجار قسەیەکی ئەوتۆم نەبوو. پۆزشم هێنایەوە «دەبێت پشوو بدەم، بەیانی چەند نەشتەرگەرییەکم هەیە».

بەیانییەك شێخ هات بۆلام لەوکاتەی سەرقاڵی خواردنی هەریسە بووم لەنێو ئەوانی دیکەدا. ئەویش وشەیەك کە گوزارشت بوو لەخۆشەویستی بۆ پور بەکارم هێناو پێیوتم «ئای حەوا؛ دەزانیت هەموو شتێکم بۆتۆ پێیە. کە دەمریت دەتوانم بەهەشتت بۆ مسۆگەر بکەم. ئێستاش کە لە ژیاندایت دەتوانم هەر چیت بوێت پێتی بدەم».

منیش وتم»راست دەفەرمویت» پەنجەم گێڕا بە بنی مەنجەڵەکەداو پرسیم «کەواتە بڵێ چیت دەوێت؟»

ئەویش وتی «دەمەوێت نیوەی زەوی و زارەکەتم پێبدەیت». ئەوەی بۆ روونکردمەوە کە جەنابی بە سەدان کەسی هەیەو لە چاوەڕوانی ئەودان، لەو کاتەشدا بیستو پێنج کەسم لەو سەدان کەسە بینی، کە لەو نزیکە وەستا بوونو تەماشایان دەکردو لەچاوەڕوانیدا بوون.

دەفرەکەم داگرتو یەکێك لەیاریدەدەرەکانم لێیوەرگرتم تا بیداتە کەسێکی تر. منیش وتم «پشکی خۆتت دەدەمێ، بەڵام ئەوکەسانەی کە لێرەن میوانی منن، هەروەك چۆن جەنابیشتان میوانی منن. ناتوانم زەویت پێبدەم».

ئەویش هیچی لەگەڵ نەوتم، بەڵام موریدەکانی تکایان لەمێردەکەم کرد: «عەدەن تۆ گەورەیت، خواش چێژی ئەم شێخەی پێبەخشیویت. ئەگەر ئێوە زەوییەکە دابینبکەن، ئێمەش کەرەستەی بۆ ماڵەکەی حەزرەتی شێخ بیناکە ئامادە دەکەین». لەسەر بۆچوونەکەی من؛ ئەوان دەستیان کرد بە خڕکردنەوەی کەرەستەکان بۆ ماڵەکەی شێخ، پیاوێك بەردی دابین دەکرد، یەکێکی دی چیمەنتۆ و یەکێکی تریش دار.

خەدیجە هات بۆلام کاتێك گوێبیستی ئەوەبوو کە من چیم بە شێخ وت، ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە خواوەند سزامان بدات بەهۆی ئەو بەرهەڵستییەی منەوە. بەدەم هەنسکەوە وتی «تەماشای هەموو ئەوانە بکە لێرەن، هەر هەموی، دەبێت بسوتێت». یەکێك لەخزمەکانی دیکەم کە لەگەڵ خەدیجە هاتبوو، پێیوتم تۆ تەنیا خۆت تێکدەشکێنیت». منیش وتم «ئەوە شێتییە، هیچمان بەسەر نایەت».

چەند رۆژێك دواتر چووم بۆ مەقادیشۆو، سەرنجی کۆمەڵێك بارهەڵگرم دەدا، کە بە ئاڕاستەیەکی دیکە دەهاتن. کاتێك ئاوڕمدایەوە ئەوانم بینی دەچوون بەرەو ناوچەکەی من، داوام لەشۆفێرەکەم کرد پێچبکاتەوە. ئێمە خێرامان کردو بەلای ئەواندا رەتبووین، منیش لەلای دەرگاکەوە وەستام لەوکاتە ئۆتۆمبێلەکانی ئەوان وەستان. پاسەوانەکانیش هاتن بۆ لام تا بیانبینن، منیش پێموتن «بەو ئۆتۆمبێلانە بڵێن با بوەستن».

یەکەمین ئۆتۆمبێلیان بە پیاوێك بوو کە بەردی لەگەڵ خۆی هێنابوو. وتی «ئەو بەردانە هی حەزرەتی شێخن»، بەڵام بەوپێیەی زەوییەکە هی من بوو، دوایین قسە دەگەڕایەوە بۆ من.

ئەو شەوە عـەدەن بە تورەییەوە هات بـۆلام. «حـەوا دەتەوێت شێخ تەفروتونامان بکات؟»

ئێسقانی قاچم دەئێشا، بە ئەستەمیش دەمتوانی چاوەکانم هەڵبێنم. بە عەدەنم وت «پارەو خۆراکم پێداوە، ئەرێ ئەم پیاوە شکۆی پێداویت؟ باوکت لەو بەدەسەڵاتترە، باوکت دەتوانێت بەرەکەت، یان نەفرەتت بەسەردا ببارێنێت، نەك ئەم پیاوە».

تێنەگەیشتم بۆ عەدەن وای بەسەر هاتبوو، بۆچی ئەوەندە دڵسۆزانە کەمەنکێشی بووبوو، پاش ئەوەی چەندین ساڵا وەك من ژیانی بردبووە سەر. بە عەدەنم وت «ئەو خواوەندێکی بچوك نییە، ئەگەر خوا هەموو شتێك ببینێت، کەواتە هیچ ترسێکمان لەئازار نییە». ئەو شەوە عەدەن نەهاتە ناو جێگەکەمەوە، پاش ئەوەش جەنابی شێخ ژن و منداڵ و دەستوپێوەندەکانی برد بۆ ناوچەیەکی دیکە لە مەقادیشۆ. عەدەنیش زیاتر کاتەکانی خۆی لە مەقادیشۆو بەسەر دەبرد، وەك لەوەی بچێت بۆ کەمپەکە، هەندێك شەویش لە مەقادیشۆ دەمایەوە. لەکاتێکدا منیش هەر وەك منداڵەکان غەریبیم دەکرد، بەڵام رەتمکردەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە لەگەڵ هیچ کەس بکەم. تەنیا روونکردنەوە ئەوەبوو، کە دەمتوانی ئەو متمانەیە بدەمە منداڵەکانم: لە شەشی سەرلەئێوارە لە مەقادیشۆ هاتوچۆ قەدەغەیە، بازرگانییەکی گرنگ رێ لەباوکیان دەگرێت، کە بە شەو بێتەوە.

# بەشی پانزە
# ئەمڕۆ ئێمە دڵخۆشین

لەدەمێکدا خەو مەحاڵ بوو کە هەموو ئەو کۆڵەکانەی جیهانەکەمانیان ڕاگرتبوو تێکشکابوون. بەرهەڵستی ماندووبوونم دەکرد، چام دەخواردەوەو گەدەم وەك مستێکی تووڕەی لێهاتبوو. لاشەم ئەوەندە قورس بوو، بیرم لە لە دەستچوونی کێش نەدەکردەوە، هەرچەندە فادومە دواڵیو پەرستارەکانی دیکە زۆرجار دەستییان دەگرتم هەستمە سەرپێ، هەر سوریش بووم لەسەر ئەوەی، کە ئەوەندە بڕستم هەیە ئەرکەکەی خۆم بەجێبێنم. پاشنیوەڕۆیەکیان چووم بۆلای چێشتلێنەرێك، تا پشکێك لەو مانگایەمان بۆ بخاتەلاوە، کە سەرمان بڕیبوو بۆئەوەی بیدەمە نوێنەری سعودیە، کە هاتبوو بۆ کەمپەکە، پاشان بەدەم لەتردانەوە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، تا بۆ ساتێك رابکشێم، نیگەرانی ئەوەبووم، کە نەتوانم پەیوەندیان پێوە بکەم بۆ کۆبوونەوە. مێشکم بە قاچەکانمی دەوت بجوڵێ، منیش توانیم بەرەو لایەکی جێگەکە بیانجوڵێنم، فادومە دواڵیش لەپشتمەوە بوو توانیم بڕۆم. چووم بۆ هۆڵی کۆبوونەوەی نەخۆشخانەکە، پێشوازیم لەپیاوەکان کردو سوپاسم کردن بۆ هاتنیان.

سەرۆکی نوێنەرەکان پرسی «ئۆی رەوشی پزیشکەکەتان بەمجۆرەیە؟ خۆ ئەو لەبرسییەکان خراپترە!» منیش بەدەم تەریقبوونەوەوە سڵاوم لێکردن و لەسەر کورسییەکە دانیشتم. پێکەوە دەربـارەی رەوشی وڵاتەکە دوایین، هەروەها دەربارەی ئەوەی چۆن یارمەتی کەسانی دیکە ژیانی هەزاران کەسی پاراستووە. پیاوەکە پارەی بەخشییەوە بەسەر هەرکام لەو چێشتلێنەرانەی کە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەشدەکرد، دواتریش کە من گەڕامەوە بۆ ناو جێگەکەم، پارەشی دا بوو بە ریشسپییەکان تا گۆشت، شیرو کەرەستەی پزیشکی پێبکڕن بۆ یارمەتیدانی ئێمە.

چەند شەوێك دواتر عەدەن گەڕایەوە بۆ ژوورەکەمان، دەیویست پێکەوە قسەبکەین. ئەو وتی «بەنیازم بڕۆم بۆ سعودیە». پێموابوو سەری لێداوە. ئەو هەموو کەسە لەدەورماندا دەکەوتنو لەبرساندا دەمردن. من بۆ خۆم رۆژێکی دیکەشم لەناو جێدا بردەسەر، پشتم بەو پزیشکانەی دیکە قایم بوو بۆ

چارەسەرکردنی حاڵەتە لەناکاوەکان. ئەوان هاتنە ناو ژوورەکەمەوە، بۆئەوەی لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕەوشەکە زانیارمبدەنێ. پێموت «عەدەن من ئێستا نەخۆشم، ناکرێت بەجێمبهێڵیت. ئەی کێ چاوی لەمنداڵەکان بێت؟»

ئەویش وەڵامیدامەوە «جەنابی شێخ دەڕوات بۆ سعودیە، دەبێت چاودێری بکەم».

هەرچەندە گرژبووم، بەڵام هەستمکرد ئەوەندە بەهێزنیم تا بکەومە مشتومڕ لەگەڵی، یاخود هەوڵبدەم ڕازی بکەم تا بمێنێتەوە، پێموت «ئەی منداڵەکانت؟» منی بەوشێوەیە لەناو ئەو جێگەیەدا بەجێهێشت، لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر هەستم بە لاوازی دەکرد. هەستم بەوەکرد کە فشاری سەر ئەو زۆر گەورە بوو، هەروەها ئەو ترسە قوڵەی کە ساڵانێك بەر لە ئێستا توشمان بوو، بەهۆی فڕاندنی ئەوەوە هێشتاش هەر لەئارادا بوو. ئەوکاتەی کە گوێبیستی هەنگاوەکانی بووم، کە بە قادرمەکەدا دەچووە خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی دێکۆ کاری تێدادەکرد لەعەمبارەکەدا، هەستامە سەرپێ تا هەوڵبدەم بەریلێبگرم. دەبێت چی بە دێکۆ بڵێت؟ ئەو بۆ گەشتەکەی پارەی پێویستە، لەوانەیە بۆ ئەو جانتایانە بگەڕێت، کە لەپشتەوەی عەمبارەکە شاردبوومانەوە. تەنیا کلیلێکیشی هەبوو لای دێکۆ بوو.

کاتێك بە قادرمەکەدا هاتمەخوارەوە ئازارێك پشتەوەی داگرتم. کاتێك ئەوانم پێکەوە بینی، بە دێکۆم وت «پارەکەم بدەرێ»

ئەویش بە شڵەژانێکەوە وتی «پێشتر دوو هەزار دۆلارم پێداوە». بۆ ساتێك هەر سێکمان لەوێدا وەستاین، لەکاتێکدا عەدەن هیچی نەدەوت. دواجار گەڕامەوە بۆ سەرەوە بۆ ناو جێگەکەم. پێموا بێت عەدەن کەمێك دواتر ڕۆیشتبوو.

دواتر بۆم دەرکەوت عەدەن چووە بۆ فڕۆکەخانەیەکی بچوك لە وانلاوێین بە یاوەری یەکێك لەخزمانو خوشکەزا گەورەکەمان کاهیە، ئۆتۆمبێلەکەیان لەلایەن ئەو پیاوانەوە تەقەی لێکرابوو، کە گوێیان لەشێوازی قسەکردنی عەدەن

بوو، بە هەڵە ئەویان بە یەکێك لەهۆزی داروود دانابوو. عەدەن دەستبەجێ پێچی کردبووەوە، هەموو ئەوانەی لەکەمپەکەدا بوون چووبوون بەرەو پیری، کاتێك ئەوان پەنجەرە شکاوەکەو گوللەیان بە دەرگاکەوە بینی، خەمی ئەوەیان بوو، کە کەسێك بەرکەوتبێت. لەکاتێکدا کاهیە سەلامەت بوو، عەدەن‌و خزمەکەی تریشمان قاچیان بریندار بووبوو، دەستبەجێ بران بۆ نەخۆشخانە. هیچ ئێسکێکیان نەشکا بوو. خزمەکەمان لەنەخۆشخانە دەرکرا، تەختێکی دیکە هێنرایە ئەو ژوورەی کە من تیایدا نوستبووم. بۆماوەی نۆ رۆژ عەدەن لەناو جێگەیەکدا بوو لەتەنیشتی من، ئەو شتێکی ئەوتۆی نەدەوت‌و منیش هەم زۆر نەخۆش‌و هەمیش زۆر تورە بووم، خۆم وا پیشاندەدا کە نوستووم. داوام لێ نەکرد بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە، ئەویش داوایەکی وای ئاڕاستە نەکردم.

چۆن دەکرێت پیاوێك خێزانەکەی بەمجۆرە بەجێبهێڵێت و لە کاتێکی لەم جۆرەشدا؟ گوێم لە دێکۆ بوو دەگریا بۆی «بابە مەڕۆ!» ئامینەو ئەحمەدیش بە هەمانشێوە، نەمزانی چۆن ئەو بڕیارەی بۆ ئەوان روونکردەوە.

لەو کاتەدا ئەو بۆ جاری دووەم بوو دەڕۆیشت، چیتر نەمدەتوانی خۆراکێکی ئەوتۆ لەنێو گەدەمدا هەڵبگرم. بەردەوام هەر دەڕشامەوە، کاتێکیش ستافەکەم یان کرێکارەکانی فریاکەوتن هاتن دەبوو لەژوورەکەمدا بمبینن، هەندێکجار لەسەر ئەو جێگە زیادەیە دادەنیشتن، کە ستافەکە هێنابووی بۆ عەدەن. دواجار قایل بووم بە پشکنینێك لەلایەن یەکێك لەهاوڕێ کۆنەکانمەوە، کە پزیشکێکی بورۆندی بوو، کە لەتەك خۆمان کاریدەکرد. کاتێك منی بینی سەری راوەشاند، بە ئیتالییەکی خۆش کە لەڕۆژەکانی پێشووتردا لەوکاتەی لە دیگفایەر بووین قسەی پێدەکرد بانگیکردم «دۆتۆرا، دۆتۆرا» کاتێك ICRC نمونەکانی خوێن، میزو پیسایيان نارد بۆ نایرۆبی بۆ پشکنین، منیش لەناو جێگەکەم دانیشتبووم بیرم لەو کەسانە دەکردەوە، کە لەو شوێنە بوون‌و پێم پێدەکەنین، بیریان لەوە دەکردەوە کە بەوپێیەی کە من جەنابی شێخم دەرکردووە، ئیدی هەرگیز چاك نابمەوە.

کاتێك ئەنجامەکە چەند هەفتەیەك دواتر هێنرایەوە، هاوڕێکەم حاڵەتەکەی دەستنیشانکرد، کە ژەهراویبوونی زراو و کەمخوێنییەکی زۆربوو. ئەو هەندێك دەرمانو ڤیتامینی نوسی لەگەڵ پارێزکردن تەنیا گۆشتی کوڵاو بخۆمو شتی برژاو نەخۆم. ئێستا کە تەماشای رابردووم دەکەم، پێموایە کە نەخۆشییەکەم تەنیا پەیوەندی بە کەمخۆراکییەوە نییە، بەڵکو ترسێکی نائومێدیشە. نیشتیمانەکەم، خێزانەکەمو وا هەنوکە جەستەشم تێکشکاون، لەکاتێکدا لەو جێگەیە ماومەتەوە کە لەنهۆمی دووەمی نەخۆشخانەکەمدایە.

بەوپێیەی کە ژوورەکەمان دەکەوتە سەرووی دوو هۆبەی منداڵبوونەوە، زۆرجار لەڕێی پەنجەرەیەکی کراوەوە، گوێبیستی ئەوە دەبووم کە لەخوارەوە چی روودەدات. شەوێکیان لەتاقیگە لەهەمانکاتدا سێ ژن لەگەڵ ئێمە بوون. دوو پەرستارەکە کە کاریاندەکرد؛ یەکێکیان تەنیا بۆ راهێنانی کارکردن هاتبوو، ئەوی دیکەشیان موژدەبەخشێکی ئەمەریکی بوو، پێکەوە لەژوورێکدا بوون، لەکاتێکدا ژنی سێیەم هاواری دەکرد «یارمەتیم بدەن وا دەمرم!»

تەنیا کەسێك لەوێ بوو دێکۆ بوو، کە خۆی کرد بە ژووردا. پێیوت «دەبێت چاوەڕوان بکەیت، ئەوان وا دێن. من پزیشك نیم».

ژنەکە هەر دەیقیژاند «گرنگ نییە ئەگەرچی منداڵێکیش بیت، شتێك بکە».

هەربۆیە دێکۆ کە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی منی کردبوو، ئیدی هەوڵیدابوو هەروەکو من پشکنین بۆ ژنەکە بکات، شوێنی منداڵەکەی دۆزیبووەوە. لەدەوروبەری کاتژمێر 4 سەرلەئێوارە، هاتە تەنیشتمەوە پێیوتم «دایە کارەکەم ئەنجامدا، ئەو ژنەی لەخوارەوەیە بە شێوەیەکی ئاسایی منداڵی بوو. منداڵەکە هێشتا زیندووە».

ئاخنیمە ناو جێگەکەمەوە. کچەکەم تەنیا سیانزە ساڵان بوو، ئەو کاتەی شایەتی بینینی یەکەمین نەشتەرگەریی بوو، لەهۆش خۆی چوو، کاتێك سکی ژنەکەم هەڵدڕیو وەرەمەکەم پیشاندا. بۆ ساڵانی دواتر کە ئەو کتێبەکانمی خوێندەوە، پێیوتم «با یارمەتیت بدەم» ئێستا ئیدی ئەو کیژێکی جێگەی متمانە

بوو، کەرەستە پزیشکییەکانی کەمپەکەی ڕێکدەخست سەرباری چارەسەری نەخۆشەکان. لەکاتێکدا زەحمەت بوو کە وێنای وەستانی ئەو بکرێت لەسەر هەردوو پێیەکانی، لەکاتێکدا من نەمدەتوانی، ئەو کاری زۆری دەکرد، ئای چەندیش بەختەوەر بوو.

مکوڕ بووم لەسەر ئـەوەی، کە دەبێت مامانێکی شـارەزا سەرپەرشتی ئەو بکات، بەڵام کە مەسەلەکە درێژەی کێشا خۆشحاڵ بووم بەوەی، کە ئەو لەنەخۆشخانەیەك خزمەت دەکات. کارەکەی وایکرد بیری لای عەدەن نەمێنێت. زانیمان کاتێك ئەو و شێخ چاوەڕوانی گەشتیان دەکرد بۆ سعودیە، ئەوان لە نەیرۆبی بوون. ئەوان لەناوچەی ئێستلێی ئاپارتمانێکیان دۆزییەوە، کە دەوڵەمەندە سۆماڵییەکان ئەوانەی کە لەجەنگ هەڵاتبوون، دەستیانکردبوو بە بنیاتنانی ئاپارتمانو بازاڕی پانوبەرین. دێکۆ لەشەودا تەلەفونی بۆ هەموو ئەو ژمارانە کرد کە لامان بوو، زۆربەیجار وەڵام نەبوو، یان ژنێك وەڵامیدەدایەوەو دەیوت «عەدەن لێرە نییە».

ئەو بەردەوام هەر تەلەفونی دەکردو هەمیشە هەر هەمان وەڵامی گوێ لێدەبوو: «لەسەر خەت نییە».

پێموت «پێویستە کۆڵبدەیت ئەگینا نیگەرانیت لا دروستدەبێـت».

ئەویش پرسی «بۆ باوکم ڕەتدەکەیتەوە؟ چی وایکرد کە ئەو بڕوات؟»

منیش پێموت «تکایە دێکۆ خۆ ئەم ناوە دەبینیت؟ چەندین منداڵی لێیە کە باوکیان لە دەستداوە. کەچی ئەوان هێشتاش هەر بەردەوامن لەسەر ژیانو بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەختەوەری دەدۆزنەوە. تکایە باوکت لەیاد بکە».

ئەو سەری ڕاوەشاندو لەژوورەکە چووە دەرەوە «ناتوانم لەیادی بکەم».

خوا هەر خۆی گەورەیە؛ ئەوەبوو دەرمان، ڤیتامینو خۆراکەکان کاری خۆیانیان کرد، منیش تەندروستیم بۆ گەڕایەوە، توانیم جارێکی دیکە بە داخوازییەکانی کەمپەکەو نەخۆشخانەکە ئاشنا ببمەوە. لەو کاتەی کە دێکۆ کاری دەکردو ئەحمەدیش لەگەڵ منداڵەکانی ئامۆزای لەنێو کەمپەکە گەمەیان

دەکـرد، ئامینە بووبووە بەردەستی من، بەدوامەوە بوو لەو کاتانەی کە کارەکانم رادەپەڕاندو سەردانی نەخۆشەکانم دەکرد، یاخود لەو کاتانەی کە لەسەر مێزی بەتاڵی نۆرینگەکە دادەنیشتم، سەیری ئەو کەسانەم دەکرد، کە دەهاتن‌و دەڕۆیشتن. رۆژێکیان کاتێك پێشوازیمان کرد لە پیاوێك کە بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە بریندار بووبوو، ئەویش لەوێ دانیشتبوو. سەری خوێنی لێدەچۆڕاو چەکەکەشی بە دەستەوە بوو. فادومە دوالی لای دەرگاکەوە لەگەڵ پەرستارێکی دیکە بینییان. بە ئارامییەکەوە پێیوت «تکایە ئەمە نەخۆشخانەیە چەکەکەت بدەرە دەست برادەرەکەت، تا بیکاتە شانی».

پیاوەکە بە ئاشکرا دیاربوو توشی شۆك بـووە، چەکەکەی هەڵگرت‌و روویکردە ئەوان. پرسی «چارەسەرم دەکەن یان نا؟ من وا خەریکە لەخوێنی خۆمدا دەمرم».

ئامینە تەماشایەکی فادومە دوالی کردو وتی «باشە باش چارەسەرت دەکەین». دوو پەرستارەکە هەوڵیاندا تا ئارام ببنەوە، بۆئەوەی پیاوەکە قایل بکەن تا دابنشێت و بتوانن برینەکەی ساڕێژ بکەن، بەڵام پیاوەکە عەقڵی لای خۆی نەبوو. دەستیکرد بە تەقە لەناو نەخۆشخانەکەدا، سەقفەکەی پڕ کرد لەکون، بە ستاف و نەخۆش و کچەکەشمەوە هەرهەموویانی راونا. تەنیا یەك ژن مایەوە. هەرچەند دەشیتوانی بڕوات، بەڵام ئەوەندە تۆقیبوو نەیدەتوانی بجوڵێتەوە! لەنێو جێگەکەدا راکشا، دەستی بۆ خوارەوە و سەرەوە دەهێنا وەك ئەوەی لەشوێنێك رابکات. بەردەوام دەیوت «خودایە فریام بکەوە، خودایە فریام بکەوە».

لەو کاتەدا من هاتمە دەرەوە پیاوەکە هەر پێشتر رۆشتبوو، چووبووە ناو دەوەنەکە. هەموو گەڕاینەوە بۆ ژوورەکە تا ببینین ژنەکە هێشتا پەلەقاژەیەتی و هاواردەکات. دواجار یەکێك لەپەرستارەکانمان لەڕوویدا وەستا و قیژاندی «ماریا، تۆ باشیت، هەموومان باشین. ئیتر بێدەنگ بە».

ئامینە ئەوەی وەك كۆمیدیترین رۆژی نەخۆشخانەكە دێتەوە یاد، منیش دەزانم بۆچی وایە». ئەوانەش ئەو جۆرە چیرۆكانە بوون، كە ئێمە لەتاریكترین ساتەكاندا بۆ یەكتریمان دەگێڕایەوە تا یەكتری بهێنینە پێكەنین ئەوانەش سەرگوزەشتەی ژیانی ئێمە بوون، بۆ ماوەیەك دەكرێنە شیعری سۆماڵی، هەر وەكو فلوتێك گۆرانیئامێز بێت، گاڵتەوگەپیشمان تاریك بێت. ئامینە دەیوت ژیاین تا رۆژێكی دیكە ببینین، كە ماریا بگریو ماخۆلانی تێبكەوێت، راستی ئەوە چەند شتێكی دەبەنگانە بوو.

مشتومڕم لەگەڵ خوشكەكانم راگرتو هەوڵمدا پەسەندی بكەم، كە تێڕوانینی من جیاوازە لەوەی ئەوان. ئاشا نەخۆش كەوت، زۆر بێهێزو لاوازیش بوو، هەر بۆیە پارەم پێدا تا بڕوات بۆ نەیرۆبی، تا لەوێ لەگەڵ عەدەن بمێنێتەوەو بەدوای چارەسەردا بگەڕێت. پێموابوو رەنگبێت دواجار شوێنێك بۆ كاركردن بدۆزێتەوە.

بۆ ساتێك ناوچەكەمان خامۆش بوو. بە نەخۆشەكانم دەوت «دەبینن؟ ئێمە هیچ پەیوەندییەكی خراپمان نییە لەگەڵ ئەو كەسانەی كە دەجەنگن». عیدید[12] و پیاوەكانی نزیكەی دوو لەسەر سێی خاكی سۆماڵی لەو دەمەدا كۆنترۆڵكرد، لەوانەش زۆرینەی مەقادیشۆ و ناوچەكەی ئێمەش، پاشان پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبووەوە، كە پیاوەكانی سیاد بەڕی لەبەرەی نیشتیمانی سۆماڵی، بنكەی خۆیانیان لە كیسماییۆ بەجێهێشتووە، هەوڵیانداوە دووبارە پایتەخت بگرنەوە. پاشنیوەڕۆیەكیان كەسێك پێیوتم كە ئێمە پەلامار دەدرێین. ئەو ئەمەی چۆن زانیبوو، نازانم. دەبوو راست بێت؟ ئەگەر راست بوو، دەبێت رووبكەینە كوێ؟

كەوتمە نزاكردن «خودایە، خودای من، شوێنێك نییە بۆی بڕۆم» هیچی ترم بە كەس نەوت، ئەگەرچی هەموو دەرگای نەخۆشخانەكەم داخست و پاسەوانەكانم خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.

دەوروبــەری کاتژمێر هەشتی ئەو شــەوە، جێبێك کە پڕبوو لەپیاوی سەربازی لەلایەکەوە هاتن بەرەو کەمپەکەی ئێمە، هەندێك ئۆتۆمبێلی دیکەش بۆ کێبەرکێ لە ئاڕاستەکەی دیکەوە هاتن. یەکێك لەوانە زۆر خراپ خۆی کێشا بە جێبەکەدا. لەناو نەخۆشخانەکەوە گوێمان لە ژاوەژاوی ترسناك بوو، پاشان گوێمان لەدەنگی ئەو کەسانە بوو کە لەکەمپەکە دەژیان: «تکایە دەستەبەرەکە[13] بێنن!» «ئەو کەسانە ببەن کە ناتوانن بجوڵێن!»

ئەو پیاوەی کە لەیەکەم جێبدا بوو لەشوێنی تەقەکردنەکەدا، دابوویان لەگەردنی. کەسانێك لەناو ئۆتۆمبێلەکەی دیکەشەوە بە هەمانشێوە مردن، لەبەرئەوەی تەقە پاش رووداوەکە دەستیپێکرد و ژمارەیەکی زۆر بریندار بوون.

هێشتاش لەودەمەدا پزیشکی سڕکەر هەر لەگەڵ ئێمە بوو. بە بیرکردنەوە لەو هەموو تەقەلانەی کە ئەو کەسانە، یاخود ئەو بریندارانە پێویستیان پێیبوو، دەستمکرد بە فەرماندان. وتم «وا من دەڕۆم بۆ نەشتەرگەریی». کەرەستەی ئەوتۆمان نییە، بەڵام ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین. «هەموویان بێنن بۆ لامان!» هەر زوو هەموو قوربانییەکان بە زیندوو مردووەوە بە دەستەبەرە هێنران، بۆئەوەی برینەکانیان خاوێن بکرێنەوە لەنزیك نۆڕینگەکە. هەندێك لەو نەخۆشانە دەیانقژاند، بەڵام هەندێکی دیکە ئارام بوون، تەنیا تەماشایان دەکــردم. هــاوارم کرد «دێکۆ! ئــەوەی برینەکەی زۆر قوڵە بۆمی بهێنە، پاسەوانەکانیش بانگ بکە تا ئەوانەم بۆ بهێنن».

دێکۆ و ئامینە دەیانزانی کە لەماوەی رووداوەکەدا ئەوان دەبێت بگەڕێن بۆ ئەو کەسانەی، کە زۆر نەخۆشن، یان بریندارن، ئەوانەی کە لەخراپترین بارودۆخدان، ئەوانەی کە پێویستیان بە چارەسەری دەستبەجێ هەیە. دێکۆ چوو بۆ پاککردنەوە، سەرسام بوو بە بینینی ئەو هەموو بریندارە؛ زۆرینەیان سەریان زەبری بەرکەوتبوو، گوللە هەموو شوێنێکی دابێژا بوون. پیاوێك کە قاچی بریندار بوو بە بێدەنگییەوە کەوتە جوڵە، هەر کە دێکۆ لێی هاتەپێش تا یارمەتی بدات، قاچی دێکۆی گرت نینۆکە تیژو درێژەکانی چەقاندە پێستی دێکۆ. خۆی هەڵپەسێراو هەر بەو شێوەیە گیانی سپارد.

خورافەیەکی سۆماڵی هەبوو سەبارەت بەوەی ئەگەر کەسێك خۆییت پێدا هەڵبواسێتو لەوکاتەدا بمرێت، ئەوا بەشێك لەلاشەی تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدا دەنیژرێت. بۆ نمونە ئەگەر کەسێك دەستت بگرێت ئەوا دەستت دەبڕرێتەوە. کاتێك ئەو پیاوە خۆی بە دێکوە ئاڵاند دێکۆ قیژاندی «ئاااااااااااااااااااااییییییی یییی» هەر قیژەکەی بەردەوام بوو هەتا ئەوەی هەمووان بەرەوپیری چوون. تەنانەت منیش لەنەشتەرگەریی هاتمە دەرەوە، پێکەوە بە کۆمەڵێکی زۆر ئەومان گرت، هەتا ئەوەی قاوقیژەکەی بووە هەنسك.

چەند رۆژێك دواتر کاهییە وتی «دایە حەوا من ناتوانم هەموو کات بەو جۆرە رابکەم، دەتوانم وەك کوڕەکانی هاوتەمەنی خۆم بەرگری لەخۆم بکەم. دەتوانم دەمانچە هەڵبگرم، ئۆتۆمبێل لێبخوڕم».

منیش بە کاهییەم وت کە دەمانچە رێگەچارە نییە، بەڵام زانیم کە چیتر ناتوانم منداڵەکانم بپارێزم لەبارودۆخێکی وا خراپدا. کینیا دەرگای خۆی بە رووی پەناهەندەکاندا واڵا کرد بوو، هەر بۆیە ئێمەش لەگەڵ ICRC ئامادەکاریمان کرد بۆئەوەی هەموو منداڵەکان بە رێگەی فڕۆکە ببرێن بۆ نەیرۆبی. لەکاتێکدا عەدەن رۆیشتبوو بۆ سعودیە، ئاشا توانی لەئاپارتمانێك بمانبینیێت کە لە ئێستلێی بەکرێی گرتبوو. منیش پەیوەندیم بە قوتابخانەیەکی ناوچەییەوە کرد تا ئەو منداڵانە بگرێتەخۆی، ئێمەش خۆمانمان بۆ رۆشتن ئامادەکرد.

من بە فادومە دوالیم وت «وەك من کار بکە شارەزای نەخۆشخانەکەو کەمپەکەیت. هەربۆیە دەکرێت سەرنجی ئـەوە بدەیت ئـەوان چۆن بەرهەمدەهێنن». لەکاتێکدا ئێمە نەماندەتوانی بەڕێگای تەلەفۆن پەیوەندی ببەستین، بازاڕی بەکارە رادیۆیەکی CB هەبوو، منیش توانیم لەشوێنێکی نەیرۆبی دانەیەکی دیکە بدۆزمەوە.

من و منداڵەکانم لە نیسانی 1992 لە فڕۆکخانەی نەیرۆبی نیشتینەوە، تەکسییەکمان گرت بەرەو ئاپارتمانی ئێستلێی. ئەوکاتەی گەیشتینەجێ ئاشا لەگەرماوەکە خۆی دەشۆرد، کاتێك هاتەدەرەوەو ئێمەی بینی رووخساری

نەگۆڕا. پێموت «ئاشا دەبێت چاودێری ئەم منداڵانە بکەیت، منیش پێویستە لەماوەی چوار رۆژدا بگەڕێمەوە بۆ کەمپەکە. ئەگەر شتێکم بەسەرهات، تکایە لەگەڵیان بمێنەرەوە، دڵنیابە لەوەی کە پەروەردەیەکی باشیان دەکەیت». لەگەڵ خۆمدا لەناو جلەکانمدا بڕێکی کەم زێڕم هێنابوو کە بەلایەکی خۆمەوە توندم کردبوو، لەگەڵ گورزەیەك دۆلاری ئەمەریکی کە بەلاکەی ترەوە توندم کردبوو. «جلو کتێبیان بۆ بکڕە تا بتوانن بخوێنن».

ئەویش وتی «باشە». لەگەڵ ئاشادا هەمیشە هەر «باشە» هەبوو، هیچی تر. هەستم بە ناجێگیری دەکرد، پێشتر بەجێیهێشتبووم، حەزم بەو شێوازە نەبوو، کە ئەو مامەڵەی پێدەکرد، لەگەڵ منداڵەکانم لەکەمپەکە، بەڵام ئەو خوشکم بوو. کەسی دیکەم نەبوو.

چەند ترسام لەو ساتەی کە من دەبوو بڵێم ماڵئاوا بە منداڵەکانم. چەندە نیگەران بووم: دێکۆ زۆر داماو بوو، ئەو دەنگی بەرز نەدەکردەوە. ئامینە هەموو شتێك تێگەیشت، بەڵام ئەو عەسابی گەرم بوو، ئەحمەدیش هێشتا هەر نۆ ساڵ تەمەنی بوو. دەستەکانم ئاڵاندە جەستە سیسەڵە دوانزە ساڵانەکەی ئامینەوەو پێموت «ئامینە تۆ کچمیت، تۆش هەر ناوی خوشکە ئازیزەکەمت هەڵگرتووە. تکایە ئاگات لەخۆتو خوشكو براکەت بێت». کاتێك رۆیشتم گریا هەروەك سەردەمی منداڵی.

کاتێك وێنەی لەبرسامردنی منداڵە سۆماڵییەکان دواجار بڵاوبووەوە لەلایەن تۆڕەکانی هەواڵی نێودەوڵەتییەوە لەساڵی 1992 جیهان لەو راستییە بە ئاگاهات و کە سەدان هەزار سۆماڵی گیان دەدەن. لە کاتێکدا کەشتیگەلی بارهەڵگری فریاگوزاری ناوچەیەکیان دۆزییەوە، کەچی هێشتاش نەمانتوانی هیچ هەژمار بکەین کە دەگەیشتە دەستمان. من لەگەڵ ریشسپییانی نێو کەمپەکە شێوە رۆتینێکی نوێم دەستدایە، هاوشێوەی ئەو کۆبوونەوانەی بەیانیان کە من لەسەری راهاتبووم، وەك ئەندامێکی ستافی نەخۆشخانەکە: هەر بەیانییەك منو ریشسپییەکان رەوشی کەمپەکەمان لەشەوی پیشووتردا دەخستە بەر

باس‌و گفتوگۆ، بۆمان دەردەکـەوت کێ نەخۆشە، کێ برسییە، پێکیشەوە بڕیارماندەدا لەسەر باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گێرمەوکێشانە. ئەم هەستی فەرماندانە دەستگیرۆیی دەکردم، لەگەڵ ئەوەی بریندارەکان بەلێشاو ڕوویاندەکردە ڕاڕەوی نەخۆشخانەکە، پاککەرەوەکانیشمان هەوڵی ئەوەیاندەدا کە ئەو لم‌و خوێنە پاك بکەنەوە، کە دەکەوتنە سەر زەوییەکە. ئیدی سیستەمێکمان هەبوو: خەڵکی دەچوونە لای پاسەوانەکان، دەچوونە لای ریشسپییەکان، دەهاتنە لای من.

لە کاتی کارکردندا بەردەوام هەر هەوڵمدەدا کە منداڵەکانم بێنمە پێش چاوم لەنێو قوتابخانەدا. بینینەوەی ژیانی ئەوان لە نایرۆبی هانی منیدەدا کە هەست بە ئارامی بکەم، هەرچەندە زۆریش دوور بووین. لە دووەمین سەردانمدا توانیم پانزە ڕۆژ بمێنمەوە، ئەوەش ماوەیەك بوو کە توانیم تیایدا منداڵەکان ببەم تا هەندێك لەدیمەنەکانی ئەو شارە گەورەو ئاڵوواڵایە ببینن، لەوێنەی باخچەی ئاژەڵان و پارکی سەوزایی‌و ڕازاوەی ئوحورو. ئەو ساتە لەگەڵ ئەواندا لەژێر دارەکاندا ئیلهامبەخشی ڕۆتینێکی نوێی دیکە بوو؛ من هەموو بەشێك لەپاشنیوەڕوانی هەموو هەینییەکم دوور لەنەخۆشخانە دەبردەسەر، بۆئەوەی بتوانم نامە بۆ منداڵەکانم بنوسم، هەروەها بتوانم هەندێك لەهاوەڵەکانم ببینم بۆ خواردنەوەی چاو شیرینی لەژێر درەختە گەورەکانی مانگۆدا. ئەوەش مێرگی من بوو؛ من ناوم دەبرد بە کامپ دیڤدەکەی خۆم، کە دوای پاشەکشەی ئەمەریکا، سەرۆکی ڕوسیا بۆریس یەڵسن لەم ماوەیەدا لەو شوێنە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆشی بینی[14].

لەکاتێکدا خەڵکی زیاتر دەهاتنە کامپ دیڤدەکەی ئێمە، پشتیوانی زیاترمان بەدەستدەهێناو نیگەرانییەکانی منیش دەڕەوایـەوە. زۆرینەی ئەو کرێکارە فریاگوزارانەی کە من بەخزمەتیان دەگەیشتم سۆماڵی بوون، هەرچەندە هەندێکیان لە ئیرلەندا، سویسرا، تورکیاو چین‌و وڵاتانی دیکەی جیهانەوە هاتبوون. ئەوان خۆبەخشانە هاتبوون، منیش هەوڵمدا ڕێگەیەکی

بچووك بدۆزمەوە، تا خەڵاتیان بکەم لەڕێگەی میوەی تازە، یان بوتڵی بچوك لەکۆکاکۆلا، یاخود فانتا، یاخود ئەوەی پاشنیوەڕوان لەژێر درەختەکاندا گرد دەبووینەوە. دواجار من لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەژیام کە پەییان بەوە دەبرد چیمان پێویستە بۆئەوەی بمێنینەوە.

لەڕۆژێکی خۆشی مانگی ئەیلولدا رۆژنامەنوسێك لە نەیرۆبییەوە هات بۆ لای من. سەرسام بوو بەوەی منی بینی دەحەوێمەوە پرسی «چۆنیت؟ ئەمڕۆ رەوشەکە چۆن بوو؟»

کتێبێکم بیرکەوتەوە کە من لەوکاتەی کە لەیەکێتی سۆڤیەت دەژیام خوێندبوومەوە، ئەوەش یاداشتەکانی کیژێکی تازەلاو بوو، کە لەگەمارۆی لێنینگراد رزگـاری بووبوو، تۆماری ئەو خەمەی لای خۆی پاراستبوو، کە خێزانەکەی چەشتبووی: ئەو نوسیبووی؛ ئەمڕۆ دایە مرد. ئەمڕۆ بابە مرد.

تەماشای رۆژنامەنوسەکەم کرد بەو چاویلکە خۆرییەی لەچاوی بوو، هەروەها ئەو کراسەی ئۆکسفۆرد، کە چرچ بووبوو لەبەریدا شتێکی دیکەم بیرهاتەوە، کە هەر ئەو کیژە لەیاداشتەکانیدا نوسیبووی «ئەمڕۆ دڵخۆشین، هیچ کەس نەمردووە» لەڕۆژی دواتردا وتارەکەی ئەو لەڕۆژنامەکاندا بووە سەردێڕ.

# بەشی شانزە
# نەشتەرگەریی ئومێد دەگێڕێتەوە

لەو رۆژانەدا رێگای سەرفرازیی من و منداڵەکانم رادیۆی CB بوو، من لەبازاڕی بەکارەو ئەوانیش لە ئۆفیسی ئێستلێی، هەروەها ئەو رێنماییە شیاوانەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك ICRC و نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەشێوەیەکی بەخشندانە منیان گەڕاندەوەو گەشتەکەی ئەوانیش بۆ فڕۆکەخانەی جۆمۆ کینیاتا لە نەیرۆبی کەوتە بەلاش. من بـەردەوام هەر دڵم لایان بوو. هەتا پەنابەری زیاتر روویان بکردایەتە ئێستلێی، سەرۆکی کینیا دانێڵ ئەراپ مۆی دەستیدەدایە سەرکوتکاری، شەقامەکانی پڕ کرد لەسەربازی چەکبەدەست. لەڕادیۆوە گوێم لەئامینە بوو کەشەوێکیان پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر شوێنەکەمان، منداڵەکانیان ترساند بوو، داوایان کردبوو تا بەڵگەنامەکانیان ببینن.

چووم بۆ باڵۆێزخانەی ئۆگەندا دوای ئەوە لە نایرۆبی بووم. ئۆگەندا پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ پەناهەندە سۆماڵییەکاندا بە بەراورد لەگەڵ کینیا، سەرباری ئەوەش ژێرخانێکی باشتریشی هەبوو، ئەگەرچی هێشتاش شەڕی ناوخۆ هەر بەردەوام بوو. کەسێك لەفەرمانگەی باڵوێزخانەکە پێشنیازی ئەوەی کرد، کە منداڵەکان بنێرین بۆ پڕۆگرامێك لەزانکۆی ماکێرێری لە کەمپالای پایتەختی ئۆگەندا ئەوانیش سیانزە ڤیزایان پێدان بۆ هەموو منداڵەکانو بۆ منو ئاشاش. لە نەیرۆبییەوە بۆ کەمپالا بە پاس یانزە کاتژمێر بوو، ئێمەش هەموو پێکەوە رۆشتین. منداڵەکانم لە قوتابخانە ناونوسکردو چەند مامۆستایەکیشم بۆ پەیداکردن، بۆئەوەی ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە لەکایەی مەعریفی ئەواندا هەبوو. وتوێژێکم لەیادە کە من لەگەڵ یەکێك لەمامۆستاکانی زانکۆی ماکێرێری ئەنجاممدا، کە سەرسام بوو لەوەی پاش دوو بۆ سێ ساڵا لەجەنگی ناوخۆ ئێمەی سۆماڵی هێشتا بۆڕی ئاوخواردنەوە، وایەری کارەباو هێڵی تەلەفۆنیشمان نییە. وتی: «گەلەکەی ئێوە نیشتیمانپەروەر نین، ئێمە بۆ ماوەی بیست ساڵا جەنگاین بەڵام شتەکان هەروەك خۆیان مانەوە. ئەی ئێوە؟ ئێوە کاتێك بەری ئاوەکانتان واڵادەکەن، یان هیچی تیا نییە، یان

جۆگەلەیەکی تاریکی ژەهراوییە».

مشتومڕم نەکرد لەگەڵی، پێشم نەنا لەوەی تا چ ڕادەیەك وڵاتەکەمان شکستیهێناوە، تەنیا چێژم لەو ئاسودەییە دەبینی، کە هەستم پێدەکرد بە پیاسەکردنم لەگەڵ منداڵەکانم لەو شوێنەدا، کە خەڵکەکەی جوانو کەشخە بوونو لەکافتریاو چێشتخانەکاندا پێکەوە دادەنیشتن. خوداحافیزیم کرد لەمنداڵەکانو دوعای خێرم بۆ کردن. چوومەوە سەر کارەکەم، نەخۆشەکانم دەبینیو قسەم لەگەڵ میوانەکان دەکرد، بەڵام کاتێك مانگێك تێپەڕی بێ هیچ قسەو باسێك، لای خۆمەوە نیگەران بووم. پارێزەرە تایبەتییەکەمان لەڕۆشتندا بوو، منیش نەمدەتوانی گەشتی فڕۆکە بەرەو کەمپالا دەستەبەر بکەم. زانیاریم هەبوو سەبارەت بە فڕۆکەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە مەقادیشۆوە دەڕۆیشت بەرەو نایرۆبی، هەربە وتوێژێکی کەم جێگەیەکم بەدەستهێنا لەڕۆژی دواتر دا. بلیتی پاسم بڕی بۆ چوونو هاتنەوە لە نایرۆبییەوە بۆ کەمپالا بەدرێژایی شارۆچکەی بوسیا ڕۆشتین کە کینیاو ئۆگەندای دەکرد بە دووکەرتەوە.

لەو کاتەدا دواجار پەڕینەوە بۆ ئۆگەندا، منیش ماندوو بووم. شەوی پێشتر نەنوستبووم، نەشتەرگەرییەکم ئەنجامدا کە دەمزانی ناکرێت چاوەڕێ بکەم تا دەگەڕێمەوە. لەماوەی یانزە کاتژمێر بەدرێژایی ڕۆشتنمان بە ڕێگەکەدا نەمتوانی بنوم. ئەو بەرپرسەی کە لەسنورەکەدا پێمان گەشت پاسپۆرتە سۆماڵییەکەمی بینی داوای پارەی کرد، بۆئەوەی ڕێگەم بدات تا ڕەتببم، من تەنیا 200 دۆلاری ئەمەریکییم لەجلەکانمدا هەڵگرتبوو کە ئەوەش بۆ کڕینی پێداویستی بوو بۆ منداڵەکان. بە تەواوەتی ماندوو بوومو نیگەران بووم دەستمکرد بە گریان ترسی ئەوەم لێنیشت کە لە سنورەکان ئەوەندەمان رابگرن، کە من نەتوانم چیدی منداڵەکانم ببینم. پاش چەند کاتژمێرێك لەگفتوگۆ بەرپرسەکە بە 100 دۆلار ڕازی بوو، سەرەنجام گەشتمە کەمپالا لەکاتژمێر 11 پێشنیوەڕۆ.

یەکەمجار ئەحمەدم بینی لەدەرەوە لەگەڵ کچە بچوکەکەی خەدیجە

گەمەی دەکرد، ئەوان هاتن تا باوەشم پێدا بکەنو هەست بە ئاسودەیی بکەن.

دەستم بە قژی کوڕەکەمدا هێنا پرسیم «دایە ئاشا لەکوێیە؟»

ئەحمەد کە ئەوکات هێشتا منداڵێکی یانزە ساڵانە بوو، بە ناو جانتاکەمدا دەگەڕا بۆ شیرینی، چونکە دەیزانی شیرینی تێدایە، وتی «دوو هەفتە دەبێت لێرە نییە، چووە بۆ نایرۆبی».

پرسیم «کێت لەگەڵە؟»

«تەنیا هەر خۆمان لێرەین» کاتێك دواتر ئامینەو دێکۆ گەڕانەوە بۆ ماڵ، بۆم دەرکەوت ئاشا گەڕاوەتەوە بۆ نایرۆبی. ئەو زۆر بە ئاسانی رۆشتبوو. بە منداڵەکانم وت «دەمەوێت سەرخەوێك بشکێنم، کاتێك خەبەرم بووەوە نانی ئێوارە دەخۆینو قسەی زیاتر دەکەین».

گەمارۆ درابــووم، زۆرم لەخۆم کرد تا دانبەخۆمدا بگرم». سەرلەنوێ خوشکەکەم هەروەکو مێردەکەم ئەویش شوێن بەختی خۆی کەوتبوو. ژیانی ئەو و منداڵەکانیم پاراستبوو، بەڵام ئەو نەیتوانی ئەوە بۆ من بکات. توڕەبووم دەمزانی کە ئەوەندە نامێنمەوە لە کەمپالا، دەشمزانی کە مەترسی نیشتیمان رێگە دەگرێت لەگێڕانەوەی منداڵەکانم. بەیانی دواتر قسەمان کرد، وەك ئەوەی بەڵێنم دابوو، دواتر دێکۆم برد بۆ لقێکی بانکی ستاندارد چارتەرد حساباتێکی بۆ کردینەوە. پێموت «هەندێك لەمولْکەکانم دەفرۆشم، پارەکەی لێرە دادەنێم، گەر پێویست بوو دەتوانن بەکاری بێنن». دێکۆش هەر وەکو کەسێکی کامڵا سەری راوەشاندو بەڵگەنامەکانی لێوەرگرتم.

ئەو ئێوارەیە کاتێك منداڵەکان پشوویاندا، چووم بۆ بینینی یەکێك لەو چەند پیاوە کەمەی، کە من لە کەمپالا ئاشنایان بووبووم، ئەوەش پیاوێکی تەمەن نێوانساڵا بوو، کە ئوتێلێکی لێکردبووەوە. ئەو سەد دۆلارەی مابووەوە دامەدەستیو پێموت «تکایە، چاودێری منداڵەکانم بکە هەر شتێك کە دەیخوازن پێیانبدە. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا دەگەڕێمەوە».

کاتێك لە کەمپالا بووم یەکەم کاروانی مارێنزی ئەمەریکی گەشتنە

مەقادیشۆو، لەگەڵ خۆیاندا ستافی تەلەفزیۆنو چەندین تەن خۆراکو پارەیەکی ئەوەندە زۆریان هێنابوو، کە ئێمە نەماندیبوو. ئەو رۆژەی ئەوان گەشتن 9/کانونی یەکەمی/1992 بوو، ئەرکەکەشیان بۆ راپەراندنی هەڵمەتێك بوو بە ناوی ئۆپەراسیۆنی گێڕاندنەوەی هیوا، بۆمەبەستی چەکداماڵینی سەرکردە چەکدارەکانو میلشیاکانیان، هەروەها بۆ کردنەوەی رێگەیەك بۆ گەیشتنی ئەو فریاگوزاریانە بە ئێمە. بۆ یەکەمجار مارێنزی ئەمەریکیم بینی کاتێك لەفڕۆکەخانەی وانلاوێین نیشتمەوە و ترسام.

یەکێك لەو ژنانەی کە لەگەشتە ئاسمانییەکەم لەگەڵم بوو وتی «نا نا ئەمەریکیەکان وا گەیشتن، سۆماڵ گۆڕا». توانیم گۆڕانکارییەك ببینم لەڕووخساری خەڵکیدا کە ئەبڵەق بووبوون، بەڵام ئومێدیشیان هەبوو. ئێمە بۆ چەندین ساڵە چاوەڕوانی ئاشتین.

لەوکاتەدا یەکێك لە گەورەترین کامپەکان، بە درێژایی ئەفگۆیی رۆود ئەوەی ئێمەبوو، کە لەلایەن ICRCەوە خزمەت دەکرا. یەکێك لەڕێبەرانی وەفدەکەی ئەمەریکا جەنەراڵا رۆبێرت بی جۆنسن بوو، هات بۆ شوێنەکەم هەر دەستبەجێش گروپێك لەسەربازەکان کەوتنە شوێنی، کێوماڵێکی کەمپەکەیان کردینو رەزامەندیان نیشاندا تا لەچەندین رووەوە یارمەتیمانبدەن. دانبەوەدا دەنێم کاتێك سەربازە ئەمەریکییەکان یەکەمجار هاتنە ناو کەمپەکەمەوە، هەروەك ئەوکاتەی لەفڕۆکەخانە بووم دەسڵەمیمەوە، ترسم لەوە هەبوو کە بوونی ئەوان ببێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ ناوچەکەمان. ئەوان بە راستی ئاشتیان لەگەڵ خۆیان هێنا. قافڵەیەکی گەورە لە خۆراکیان هێنا بۆ بایدوا، کە لەوێ رێکخراوەکانی فریاگوزاری زیاتر لەئێمە خەڵکیان بە خاکسپارد بوو، بە رادەیەك کە لەڕۆژێکدا سێ سەد کەسیان دەناشت.

هێزی دەریاوانی هەر پاش مارێنزەکان هاتن بۆ ناوچەکەمان، ئەستەم بوو شوێنەواری زۆرێك لەو رووخسارو ناونیشانانە بپارێزرێن. ئەوان ئاشپەزخانەیەکی گەورەی دیکەیان دروستکرد، کە سێ زۆپای گەورەی تێدابوو، کە دەمانتوانی

سێ مەنجەڵا برنج لێبنێین. لەنزیك هۆبەی نەشتەرگەریی هۆڵێکی گەورەشیان دروستکردبوو کە سیو پێنج تەختی لەخۆگرتبوو بۆ سەربازەکانو دواجاریش بۆ هەموو نەخۆشەکان، هەروەها بڕیاریاندا کە ئەوان دەبێت قوتابخانەیەکی سەرەتایی دروست بکەن. لەوکاتەی کە کاریاندەکرد بۆ دروستکردنی کونێکی گەورە بۆ دامەزراوەکە، شیرینیان هەوا دەدا بۆ ئەو منداڵانەی کە دەهاتنو تەماشایان دەکردن.

هەموو ئەوەی کە من دەمتوانی لەبەرامبەر کارەکەی ئەوان بیبەخشم ئەوە بوو، کە هەندێك میواندۆستی بنوێنم، هەروەك ستافی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئەوان وایان پیشاندەدا کە زۆر بەوە خۆشحاڵن چێژیان لەمیوە شیرینەکانمان وەردەگرتو لەژێر درەختەکانماندا دەنوستن، هەروەکو ویم. کاتێك هەوڵمدەدا زۆرتریان پێبدەم، ئەوان سۆدەو ئاو و شمەکی دیکەیان بۆ دەهێناین، لەنێویشیاندا میوەی ئەوتۆ هەبوون، کە ئێمە نەمانبوو، هەروەها چکلێتو کەرەی بستە کە هەر کات بمانتوانایە دەماندا بە منداڵەکانمان. پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبووەوە، کە جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا دێت بۆ سۆماڵ، ئەوەش هەواڵێکی گەورە بوو، کە سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی ئەفەریقیا بکات، کە زۆر گرنگە بۆ کۆژانی وڵاتەکەمان. دەمانزانی کە دوو سەرکردە چەکدارەکەی ناوچەکە عیدیدو عەلی مەهدی دەیانویست چاویان بە بوش بکەوێت، هەربۆیە توشی شۆك بووم، کاتێك جەنەراڵا جۆنسن هات بۆ لام و پێیوتم کە سەرۆك بەلای کەمپەکەی مندا ڕەتبووە لە سیو یەکی کانونی یەکەم لەکاتژمێر 2:10 خولەکی سەرلەئێوارە، نەمتوانی باوەڕیشی پێبکەم. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەی ئێمە؟ ئەوەش کارێکی نهێنی بوو، بە ئامادەسازییەکی زۆر باشەوە: کۆمەڵێك بەرپرسی جیاواز دەهاتنە لام ڕۆژانە پرسیاری ئەوەیان دەکرد لەسەردانەکەیدا من سەرۆك بۆ کوێ ببەم.

منیش بەناو زەویوزارەکەمدا ڕۆشتم بۆ دەرەوەی ئاشپەزخانەکانی ICRC

کە هەریەکەیان ڕێگەی ڕێکوپێکیان هەبوو کە لەپشتەوە درێژ دەبووەوە. وتم «لێرە، بە درێژایی ئەو ڕاڕەوەی کە لەنێوان ئەو ڕەشماڵانەدایە، کە ئێمە لەدەرەوەی نەخۆشخانەکە هەڵمانداون، کە تیایاندا ئەوانەی زۆر بەدخۆراکن لەسەر فەرشو شتی دیکە لەسەر زەوییەکە ڕاکشاون، پاشان «هەر لێرە»وە لەپشت نەخۆشخانەکەوە بەرەو زنجەکان کە زۆرێك دایكو منداڵی تێدا دانیشتوون، هەندێکجار شەشو حەوتو هەشت تیایدا دانیشتوون، بۆ خۆبەدوورگرتن لەگەرمای ئەو ڕۆژە.

کاتێك ئێمە مەشقەکانمان دووبارە دەکردەوە، سەربازە ئەمەریکییەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ باری ئەمنی دەکرد، لیژنەیەك لەڕیشسپییەکانی ئێمەش نەخشەڕێگەیان دادەنا بۆ پێشوازیکردن لە سەرۆكو یاوەرانی. لەوکاتەدا وەك ئەوە وابوو خۆمان بۆ ئاهەنگێك ئامادەبکەین، شمەکە هونەرییەکانمان هێناو ئەوەندەی لەتوانامانداا بوو ڕەشماڵەکانمان ڕێکخستەوە. خۆشحاڵ بووم بەوەی کە دەمبینی هەمووان بە باشی کاردەکەن، بەڵام حەزم دەکرد منداڵەکانم لێرە بوونایە تا ببینن چۆن کەمپەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێت، پڕە لەخواردنو خەڵکیش پێویستیان بە یارمەتییە.

لەکاتژمێر یەکی 31/ کانونی یەکەم سەدان سەربازی ئەمەریکی گەمارۆی موڵكو ماڵەکەمیاندا زیاتر بوون، لەوەی لەهەر کاتێکی دیکە بینیبوومانن. ڕێك لەکاتژمێر 2:10 خولەك ڕووناکییەکیان بڵند کردەوە، هەلیکۆپتەرێك لەلای دەریاکەوە هات. لەو شوێنە تەختاییەدا نیشتەوە کە دیاریمان کردبوو، نزیك کەسانێکی بێ شوێنو حاڵ. سەرۆك بووش هاتەدەرەوە بە بەرگی سەربازییەوە، سەرەتا من نەمناسییەوە، پێموابوو کە ئەو قاتی لەبەردا بێت و بوینباخ بەستبێت. هەروەکو ئەفسەرە باڵاکان ئاماژەیان بۆکرد، هاتبوو تا سڵاوم لێ بکات. منیش سوپاسم کرد بۆ تەشریف هێنانی بەیەکەوە بەو ڕاڕەوەدا ڕۆشتین کە خۆم سازم کردبوو.

سەرەتای ئەو ڕۆژە ICRC گەنمەشامی و فاسۆلیایان دابەشکرد، لە

ئاشپەزخانەکان چاومان بەو ستافەی خۆمان کەوت، کە خواردنیان بە خەڵکی دەداو خواردنیان دابەشدەکرد، هەندێك کەسیش چاوەڕوانیان دەکرد. هەریەکەو قاپێکیان پێ بوو، هەندێکیشیان دەفریان پێبوو، تا ئەو خۆراکە زیادەیە ببەنەوە بۆ منداڵەکانیان. سەرۆك بووش راوەستا بۆئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەی ریزیان بەستبوو، هەندێك وێنە بگرێت، لەگەڵیان پێکەنی، هەوڵیدا تا وایان لێ بکات ئازارو برسێتیان بیربباتەوە. کاتێك سەرۆك خۆیکرد بە رەشماڵەکاندا بەرەوپیری هەندێك لەکەیسە زۆر توندەکانەوە چوو، ئەو دایکانەی کە بڕستیان تێدامابوو هەستانە سەرپێو وتیان «سڵاوت لێبێت» هەندێك لەوانە قاچیان بەهۆی ئاوبەندەوە[15] Edema وەستابوو.

ئەویش هەواڵی پرسین «چۆنن؟ باشن؟» دەیویست وایان لێ بکات دڵخۆش بن، سەرنجیان رابکێشێت، قسەی بۆ ئەو پیاوگەلە دەکرد، کە رووخساریان ئەوەندە ئاوسا بوو، بیناییان لێڵ بووبوو، تەنانەت تەوقەی لەگەڵ هەندێکیشیان کرد.

من و ریشسپییەکان بڕیارماندابوو کە نمایشێك بکەین بۆ پیشاندانی دروستکردنی قوتابخانەیەکی نوێ لەڕێگەی کۆکردنەوەی گروپێك لەمنداڵانی کەمپەکە بەوەی لای دامەزراوەکەوە رابوەستن. کاتێك منو بۆش بەلای ئەو رێگەیەدا گوزەرمان کرد، منداڵەکان بەپێوە راوەستابوونو بە ئینگلیزی وتیان «بەخێربێیت جەنابی سەرۆك بەخێربێیت» هەندێك لەو گۆرانییانەیان وت، کە ئێمە ئامادەمان کردبوون: ئێمەی سۆماڵی هەرگیز جۆرج بوش لەیادناکەین، بەخێربێیت جەنابی سەرۆك بوش. ئەویش پێکەنیو هەندێك لەوانی دیکەش کەوتنە چەپڵەلێدان؛ دواتر چوو بۆ لای هەندێك لەسەربازەکان تا قسەیان بۆ بکاتو پیرۆزبایی ساڵی نوێیان لێ بکات.

کاتێك هەواڵی گەشتنی سەرۆك بڵاوبووەوە خەڵکی لەشەقامەکانی مەقادیشۆ و ئەفگۆیی رۆود ریزیان بەست، بۆئەوەی پێشوازی لێ بکەن. ئەو خەڵکە داخوازی جۆراوجۆریان هەبوو بەپێی ئەوەی کێ ناوچەکەیانی

داگیرکردووە؛ لەهەندێك ناوچە خەڵك وێنەی عیدیدیان بە دەستێکیان بەرزکردبووە و بە دەستەکەی تریش وێنەی سەرۆك بوش، لەهەندێك ناوچەی دیکەش وێنەی عەلی مەهدیو سەرۆك بۆش، بەڵام سەرۆك بۆش راستەوخۆ گەڕایەوە بۆناو هەلیکۆپتەرەکەیو راستەوڕاست چوو بەرەو بایدوا، تا ئەوکەسانە ببینێت کە لەوێ بەدەم ئازارەوە دەیانناڵاند، لەکاتێکدا گردبوونەوە لەسەر شەقامەکان هێشتاش هەر بەردەوام بوو.

هەندێك لەوانەی کە لەو ناوچەیەی من بوون، کە گەڕانەوە بۆ مەقادیشۆ دەیانوت «ئەو زووتر هاتووە! سەردانی ناوچەکەی حەوا عەبدی کردووە و رۆیشتووە بەرەو باشور، تازە درەنگە».

ئای! دەتوانیت وێنای ئەوە بکەیت، کە سەرکردەی گروپە چەکدارەکانو لایەنگرەکانیان ئەوەیان پێخۆش نەبوو.

تێبینی ئەوەم کرد یەکێك لەو پیاوانەی کە تەوقەی لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد بە چپەوە وتی «گەورەترین مەسیحی هاتۆتە لات؟»

منیش وتم «بەلێ، مایەی خۆشحاڵیمە، تۆ ئیدی ئەو خۆشییە نابینیت».

لە 3/کانونی دووەمی 1993 سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ بوتروس بوتروس غالی سەردانی کەمپەکەی کرد، وێنەیەکی لەتەك منو باوکی عەدەن گرت کە ئەوکاتە لەگەڵ ئێمەدا دەژیا. کۆڵن پاوڵ سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی هاوبەشی[16] سوپای ئەمەریکا لەو ساڵەدا سەرێکیدا، سڵاوی لەڕێبەرانی کۆمەڵگە دینییەکەمان کردو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو فڕۆکەکەی سڵاوی لە هەموو رێبەران کرد. لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵکی دڵخۆش بوون بەو گرنگیدانە، هەندێکی دیکە ترسی ئەوەیان هەبوو، لەلایەن رێبەری گروپە چەکدارەکانەوە تۆڵەیان لێبکرێتەوە. یەکێك لەو پیاوانەی کە لە مەقادیشۆوە گەڕایەوە وتی «ئەوان دەڵێن سەرۆك بۆش جانتایەکی پڕ لەدۆلاری پێداویت، دەبێژن حەوا چیدی لاتوپاوت نییە ئێستا وا ئەمەریکا پشتیوانی لێدەکات».

چۆن بتوانم تێیانبگەیەنم کە تەنیا سەردانێك هەموو شتەکان ناگۆڕێت؟

راستییەکە ئەوەیە نوێنەرەکان دێن، دەتبینن، راپۆرتێك دەنوسنو پاشان دوای ماوەیەك لەوانەیە هەندێك کۆمەكو هاریکاریت بۆ بنێرن، بێ ئەوەی لەمە تێبگەن زۆرێك لەخەڵکی لەپشتەوە قسەیان لەسەر دەکردم.

خەزوورم وتی «ئەو کەسانەی کە دژایەتیت دەکەن، لەوانەیە هەستت بریندار بکەن، بەڵام هەرگیز ناگەنە ئاستی تۆ». بڕوام پێکرد. ساڵی نوێی 1993 بە نیەتپاکییەوە هات، ئەگەری هەموو شت لەئارادا بوو.

نزیکەی زۆرینەی پاشەکەوتی خێزانەکەمانم سەرفکرد، بۆئەوەی بە رێگای ئاسمانی بڕۆم بەرەو کەمپالاو لەوێشەوە یانزە تکتی فڕۆکە ببڕم بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکان بۆ نایرۆبی. بازرگانێکی سۆماڵی کە فڕۆکەیەکی تایبەتی هەبوو، پلانی ئەوەی دانا تا لەوێ بمانبینێتو هەموومان بگەڕێنێتەوە بۆ کەمپەکە. لەو کاتەی لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانی ئەو بووین، لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بینیمان سەرۆك بیل کلینتۆن دەسەڵاتی گرتەدەست. منداڵەکان گەڕانەوە نیشتیمانێك کە پڕبوو لە خۆراك و خەڵکیش بە ئاشتەوایی پێکەوە دەژیان. هەرچەندە ئازار هەموو شوێنێکیشی تەنیبوو، بەڵام بۆ منداڵەکان ئەوێ بەهەشت بوو: گرنگ نییە لەهەرکوێ بیت نیشتیمانی خۆت باشترینە.

سەربازە ئەمەریکییەکان هەموو بەیانییەك دەهاتن، بە پۆستاڵاو جلی گەورەوە، بەپیادە دەهاتن بە گروپی چوار کەسی یان هەشت کەسی یان دە کەسییەوە. هەموو ئاهەنگمان گێڕا بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەك، کە ئەوان بنیاتیان نابوو و بریتیبوو لە قوتابخانەیەکی حەوت پۆلی لەگەڵ هۆڵێکی گەورە کە منداڵەکان دەیانتوانی نانی نیوەڕۆی تێدا بخۆن. دێکۆ لەوێ دەستیدایە خوێندنی ماتماتیك دوانیوەڕوانیشی بە قسەکردنو پێکەنین لەگەڵ سەربازەکان بەسەردەبرد کە هەندێکیان هاوتەمەنی خۆی بوون.

لەو کاتەدا خەدیجە گەڕایەوە لامان، هەواڵی ئەوەی پێگەیاندین، کە شێخو عەدەن سعودیەیان بەجێهێشتووەو ئێستا لە جیبۆتی دەژین کە پێش ئەوەی لەلایەن فەرەنسییەکانەوە داگیربکرێت بەشێك بووە لەباکوری سۆماڵ. پێموت

کە لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە من هەستێکی ئەوتۆم نییە، زۆریش سەقاڵ بووم بەو کەسانەی کە پێویستیان پێمبوو، ئەوانەشی کە دەیانویست یارمەتیانبدەم. هەوڵمدا بیر لەو نەکەمەوە: نەمدەویست قسە لەبارەی کەسێکەوە بکەم کە لەساتە زۆر دژوارەکانی ژیانمدا بەجێیهێشتبووم.

لەو دەمانەدا ئۆپەراسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆماڵ (UNOSOM) گروپێك لەکەسایەتییە دیارەکانی سۆماڵی کۆکردەوە بۆ نووسینەوەی رەشنوسێکی نوێ، بەوپێیەی منیش بڕوانامەیەکی یاساییم هەبوو ئەوان بانگهێشتی منیشیانکرد تا بێمە ریزەوە. بۆزیاتر لەمانگێك پێکەوە دادەنیشتین هەر لەکاتژمێر 8 بەیانییەوە بۆ 2 پاشنیوەڕۆ، هەندێك بڕگەمان لەدەستوری 1960ەوە هەڵێنجا هەندێکیش لەبڕگە باشەکانی دەستورەکەی سیاد بەڕی، هەندێك بەندی نوێشمان بۆ زیاد کرد لەسەر بنەمای ئەوەی لەم ماوە تاریكو بێ سەروبەرییەدا تێبینیمان کردبوو. هەرکام لە ئەندامانی ئەم لیژنەیەی نوسینەوەی دەستور نامەی هەڕەشەئامێزی لەلایەن سەرکردەی گروپە چەکدارەکانەوە پێگەشت، هەم لە عیدیدەوە کە بەهێزترینیان بوو بۆ ئەوانی دیکەش. لاپەڕەیەك کە لەهۆڵەکەی ئێمەدا هەڵواسرا بوو لەسەری نوسرا بوو «گەر جارێکی دیکە بێنەوە ئێرە دەکوژرێن». لەو کاتەی کە پرسەمان بۆ یەکێك لەچالاکوانەکان دەگێڕا کە ئاشنایەکی خۆمان بوو، خاوەنی گەنجینەیەکی شمەکی کارەبایی بوو، لەلایەن پیاوەکانی عیدیدەوە تەقەی لێکراو کوژرابوو، ئێمە هەر سەرقاڵی کاروباری خۆمان بووین. رەشنوسی دەستورەکەمان رادەستکرد، سوپاس بۆ خوا کە زۆرینەمان سەلامەت بووین.

دەرفەتێکی دیکەمان نەبوو، جگە لەوەی کە سەیری ئەو مەترسییەی رابردوو بکەینو تێیپەڕێنین، دەمانزانی دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش لەگەڵ سەرکردەی گروپە چەکدارەکاندا مەسەلەی ژیانو مەرگە. سەربازە ئەمەریکییەکان ئەو ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانە وەك بەربەستگەلێك دەبینییەوە بۆ ئەرکەکانیان. بەوپێیەی چەکدارەکانیش کاریان بۆ رێبەرانی گروپە چەکدارەکان

دەکرد، هەمان بیرکردنەوەیان هەبوو بەرامبەر ئامادەگی ئەمەریکییەکان، ترسام لەوەی کە ئێمە هەرگیز ئاشتی نەبینین.

لەمانگی ئـازار UNOSOM کۆنفرانسێکیان بۆ یارمەتیدانی مرۆیی ڕێکخست لە سۆماڵ، منیش داوەت کرابووم بۆ ئامادەبوون بە نوێنەرایەتی نەخۆشخانەکە، کرێی ڕێگەیان بۆ ئەدیس ئەباباو ئەسیوپیا پێدام. گروپێکی گەورە لەرۆشنبیران، ڕێکخەرانی کار، کارگێڕانو نوێنەرانی وڵاتانی کۆمەك بەخش، بۆئەوەی گوێ لەکەسانی وەك من بگرن، کە لەو زەمینەدا کاردەکەن. هەستم بە نەگونجانو لاوازی دەکرد، کاتێك لەگەڵ نوێنەرێکی ژنانی سۆماڵ چوومە ناو ئوتێلەکەوە. کاتێك پێکەوە دانیشتینو دەستمانکرد بە وتوێژ، نیگەران بووم لەوەی کە گوێم زۆر لەو کەسانە دەبێت، کە بەناوی سیاسەتەوە دەجەنگنو دەپەڕنەوە سەر بەرگریکردن لەهۆزەکانیان.

لەیەك دانیشتندا هەر کام لەئامادەبووان چوار خولەکی پێدرابوو بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی ئاشتیو ئاشتەوایی، بابەتی کۆبوونەوەکەی دیکە لە ئەدیس ئەبابا سازدەکرا، کە نوێنەرانی پانزە تایەفەی جیاوازی سۆماڵی ئامادەی دەبوون. کاتێك سەرە هاتە سەر من سەرم راوەشاند. رام گەیاند «بەنیاز نیم بۆ چوار خولەك قسە بکەم، تەنیا بێدەنگ دەبم».

یەکێك لەو ژنانەی کە کۆنگرەکەی ڕێکدەخست وتی «تکایە کات بدەن بەو خانمە، تا ئەوەی دەیەوێت بیڵێت».

مایکرۆفۆنەکەم گرتو تەماشای ئامادەبووانم کردو وتم «هیچ کام لەئێوە باشتر نییە لەوی دیکە. ئێوە هەموو دەستتان هەیە لەخاپورکردنی سۆماڵدا» هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا «سەرەتا ئێوەی نوێنەرانی حکومەت، بارهەڵگرەکانتان هێنا بۆ بانکی نیشتیمانیو هەموو پارەکەتان برد، هەموو ئۆتۆمبێلو مەکینەو هەر شتێکی باشتان بۆ خۆتان برد. من شایەتحاڵی ئەوەم، بۆ خۆم لەتەنیشت ئەو ڕێگەیەوە دەژیم.

«پـاش ئـەوەی رۆشتیشن، گروپێکی دیکە لەئێوە هاتن، ئێوەش

دەستدرێژیتان کردە سەر ئەو هەموو دایكو کچانە، ئەو پارە کەمەشی ئەوان لەژێر سەرینەکانیاندا شاردبوویانەوە بردتانو بەوەش داهاتووی ئەوانتان دزی. ئەمە بوو ئەو رێگەیەی کە ئێوە بەهۆیەوە پشتیوانی وڵاتتان کرد؛ شوێنکەوتنی یەکتری؟ ئێوە هەمووتان دزو چەتەن، سۆماڵی راستەقینە نین».

باسی ئەو منداڵانەم کرد کە دەیاننالاندو ئەو دایکانەی کە دەهاتنو لەپەیجۆری شتێکدا بوون، بەڵام من هیچم نەبوو تا بیاندەمێ. وتم «ئەو هەژارانەی کە منیان بۆ ئێرە هێناوە، چاوەڕوانی ئێوەن، ئەوان ئاشتییان دەوێ. من دەگەڕێمەوە، کاتێك گەڕامەوە چیانپێبڵێم؟ ئایا ئێوە بڕیار لەسەر شتێك دەدەن تا سۆماڵ ببێتە شوێنێکی باشتر؟»

لە نێوان هـاوڕێ کۆنەکانم لە کیێڤ و هاوەڵەکانم لە مەقادیشۆ دانیشتبووم. لەوکاتەی ئەوان لە ئامێزیان گرتم، ئەو توڕەییەی گوڕی بەو وتارە دەدا، هێشتاش رووخسارمی گەرم داهێنابوو. هەموو شتێکم لەیادە، نەمتوانی لەوێ دابنیشم لەنێو ئەوکەسانەی کە هەموو وایان نیشاندەدا، کاری باش ئەنجامدەدەن. دواتر ئەو کاتەی کە من راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی هەندێك وڵاتانی کۆمەکبەخش دووام، هەستم بە ئاسودەیی کرد بەوەی راستییەکانم وت. من تەنیا لەخودا دەترسم، نەك ئەو پیاوە گەندەڵانە، هەرگیز پێ یایاندا هەڵنادەمو بێدەنگیش نابم.

لەچەند رۆژی دواتردا هەندێك رۆژنامەنوس هاتنەلام، پرسیاریان لێکردم لەبارەی رەوشی سۆماڵەوە. پاشنیوەڕۆیەکیان لەگەڵ رۆژنامەوانێکی تەلەفزیۆنی چاوپێکەوتنم سـازدا لە جیبۆتی، هەر ئەو شـەوە زەنگی تەلەفۆنەکەم لەژوورەکەمەوە لێیدا. عەدەن لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە گوێی لەقسەکان بووبوو، تەلەفونی بۆکردم تا پێمبڵێت کە ئەو و شێخ گەڕاونەتەوە بۆ مەقادیشۆ. پێیوتم « کە کۆنفرانسەکە تەواوبوو لە جیبۆتی یەکتری دەبینین، پێکیشەوە دەگەڕێینەوە».

لەماوەی ساڵێکدا ئەوە یەکەمینجاربوو کە من گوێبیستی دەنگی بم. بەرامبەر بەم پیاوە هەستم بە رق و خۆشەویستی دەکرد، دەمزانی منی

خۆشنەدەویست، لە کاتێکدا ئەو منی بەو نەخۆشییەوە بەجێهێشت. پێموت «نا ڕێکوڕاست دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە».

کاتێک چەندجارێك لەهەمان ڕێگە بدەیت، لەشت فێری ئەوە دەبێت چۆن بەرگری لەخۆی بکات. ئەو کاتەی لە پشودام ئەگەر بە قۆڵمدا بکێشیت ئەو لێدانە دەبێتەهۆی ئازار. بۆ جاری دواتر ماسولکەکانم تورت دەبنەوەو ئامادەسازی وەردەگرن. پێموت «عەدەن دەتوانم چی بکەم؟ پێویستە بڕۆمەوەو کارەکەم ئەنجامبدەم، تۆش هەرچی دەخوازی بیکە».

کۆمەکبەخشانیش لەکۆنفرانسەکەدا بەڵێنی130 ملیۆن دۆلاریان دا، بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی سۆماڵ، لەکۆنفرانسێکی دیکەدا، کە چەند ڕۆژێك دواتر سازکرا ڕێبەرانی جەنگ ڕێکەوتنێکیان واژوو کرد بۆ چەکداماڵین و دانانی حکومەتێکی ئینتیقالی. بە ئومێدەوە گەڕامەوە ماڵەوە بیرم لەوە دەکردەوە، کە دواجار ئێمە دەتوانین بەرەوپێش بڕۆین. نەمانتوانی ئاشتی بدۆزینەوە لەنێو سەرکردەی گروپە چەکدارەکان کە هەریەکەیان دەیوت «خۆم بەهێزم دەتوانم هەموشتێك بکەم» هەموو کەس دەیەوێت ببێت بە سەرۆك، کەچی تەنیا یەك کورسیش هەیە. مەحاڵە هەمووان لەسەر دابنیشن.

چەند هەفتەیەك دواتر لەکەمپەکە گەڕامەوە لەناو جێگەکەمدا هەر نزام دەکرد، کاتێك دیتم خەدیجە بە هەڵەداوان رایدەکردو ئارەقی لیدەچۆڕا. پێموت کە بڕوات چاوەڕێ بکات تا من لێدەبمەوە، کاتێکیش دەرگام کردەوە ئەو هێشتا هەرلەوێ بوو، هەناسەبڕکێی بوو. وتی «عەدەن هات! عەدەن هات!»

منیش هاتمەخوارەوەو لەپێشهەیوانەکە یەکتریمان بینی. ڕووخساری نەگۆڕابوو، بەڵام قەڵەو بووبوو، دەزانم لە سعودیە ئیش کەمە و خەڵکی بەدرێژایی ڕۆژ هەر دادەنیشن، هەر شەربەتی میوە دەخۆنەوە. لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك لاپەڕەی هێنابوو، هەرکە ڕێکیخستنەوە ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەو لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی خواپێداودا چەندجارێك هەوڵیداوە پەیوەندی بکات بە

کەمپەکەوە. ئەو وتی لەکۆبوونەوەکانیدا هیچی دەستگیر نەبووە، بەڵام هەر گەشبینیشە.

وەك ئەوە رەفتاری نەدەکرد کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورکەوتبێتەوە، پۆزشیشی بۆ بەجێهێشتنی من نەهێنایەوە.

منیش وتم «باشە عەدەن کێشە نییە». باسی ئەوەمان نەکرد، کە چی لەنێوان ئێمەدا روویداوە، ئەوەم قبوڵکرد لەبەرئەوەی نەمدەویست منداڵەکانم گیرۆدەی خێزانێکی ناتەندروست بن. لەگەڵی رووبەڕونەبوومەوە و داواشم لێنەکرد پۆزش بێنێتەوە. دەزانن خەڵکی سۆماڵ زۆر لوتبەرزن.

هەندێك لەکرێکارانی فریاکەوتن ئەم لوتبەرزییەیان بە چاوانی خۆیان بینیوە، لەودەمانەی کە هەوڵیاندەدا لە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە خۆراك فڕێبدەن بەرەو منداڵە برسییەکان، کەچی توشی شۆك دەبـوون، کە دەیانبینی ئەو منداڵە برسییانە رەتیاندەکردەوە. هەمانشت لەکەمپەکەماندا روویدا، ئەوکاتەی نوێنەرێکی بەنگلادیشی سەردانی کرد. کاتێك پرسیان چۆن ئەو کەسە نائومێدانە دەتوانن ئەو خۆراکانە لەسەر ئەو زەوییە بەجێبهێڵن، منیش هەوڵمدا ئەوەی بۆ روونبکەمەوە، کە ئێمە هێشتا لەناخەوە بەهێزین، هەرچەندە لاشەو جلوبەرگەکانیشمان شتێکی دیکە بڵێن.

پێموت «دەزانیت ئەگەر ویستت شتێك بدەیتە ئەو کەسانە، لە دەستی خۆت تەسلیمیان بکە».

دەمانویست هەستێکی توندی مرۆڤانەمان بۆ دروستببێت، سوپاسگوزاری ئەوانە بووین، کە کارەکانی ئێمەیان بەرزدەنرخاند. لەمانگی نیسان ICRC لەسەر زەویوزارەکەی ئێمە هەڵکەندنی بیرێکی گرتە ئەستۆی خۆی لەلایەن پیاوێکی ئەمەریکییەوە، کە لەگەڵ کرێکارێکی سۆماڵی کاری دەکرد. ئەوان ئامێرێکی هەڵکەندنیان لای بازرگانێکی سۆماڵییەوە هێنا، لەماوەی سێ رۆژدا 220 مەتریان هەڵکەند بۆ بەدەستهێنانی بڕێکی زۆر لەئاوی شیرین کە دەچووە ناو 250 بەرمیل ئاوەوە بۆ کەمپەکەو 40 بەرمیلیش بۆ نەخۆشخانەکە. بۆرییان راکێشا بەرەو کەمپەکە، بۆئەوەی خەڵکیش بتوانن دەبەکانیان بۆی بهێنن،

هەروەها بۆڕیشیان راکێشا بەرەو نەخۆشخانەکە، بۆئەوەی بەر لەنەشتەرگەریی بتوانین دەستەکانمان بشۆین.

بەڵام وەختێك رەوشی مرۆیی لەساڵی -1993دا نەختێك باشتر بوو، ئێمە لەڕووی سیاسییەوە چیتر کزو لاواز نەبووین. ئەو ئاگربەستەی دەسەڵاتدارانی جەنگ مۆریان کرد بۆ ساتێکیش ئاشتی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بۆیە کەڵکیان لەئاشتیپارێزی بیانی وەرگـرت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. عیدید رقی خۆی بەرامبەر دەستێوەردانی ئەوروپا لەرادیۆی مەقادیشۆوە راگەیاند، نەتەوە یەکگرتووەکانی بەوە تۆمەتبارکرد، کە هاتووە تا سۆماڵ داگیربکات. سەرەتای مانگی ئایار گروپێك لەپیاوە میلیشیاکانی عیدید، لەماوەی پشکنینی گەنجینەیەکی عیدید-دا بۆسەیان بۆ دەستەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان نایەوە، 24 کەسی پاکستانییان کوشتو زۆرێکی تریشیان لێ بریندارکردن. هەواڵەکە وەڕزکـەرو مایەی شەرمبوو. ئێمە لەنێو خۆماندا مقومقۆی ئەوەمان بوو داخۆ ئەمە چی لێسەوز دەبێت. ئێوارەیەکیان، وەختێك خەو لەچاوم زڕابوو، دانیشتم تا نامەیەك بۆ دیپلۆماتێکی ئەمریکی بنوسمو بەچەشنێك بارودۆخی خۆمانی بۆ روون بکەمەوە. نوسیم، «تکا دەکەم ہمانبورن، لێتان دەپاڕێمەوە بـەدوای تۆڵەسەندنەوەوە نەبن. ئێمە چەرمەسەرەی خۆمان چەشتووە، بێئەندازە مەرگمان دیتووە. تۆڵە کارێکی باش نییە.» نامەیەکی دیکەم نارد بۆ نوسینگەی «ئۆپەراسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆماڵ» United Nations (Operation in Somalia (UNOSOM.

لەحاڵێکدا دڕدۆنگبووم لەوەی رادیۆکە هەڵبکەم گوێ بۆ نوێترین هەواڵ رادێرم، ئێمە پێوستمان بەوەبوو ئاگاداری دوایین زانیاریەکان بین. ئا بەمشێوەیە زانیمان کە نەتەوە یەکگرتووەکان جەنگی دەستپێکردووە: بڕیارێکی خێرای داوە بـەوەی «هەموو رێوشوێنێکی پێویست بگرنەبەر» تا دوایـی بەو توندوتیژییانە بهێنن کە دژی ستافی ئۆپەراسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆماڵ ئەنجامدەدرێت، پاشان فەرمانێکیان بۆ دەستگیر کردنی عیدید دەرکردو

لافیتەی زۆریان لەبازاڕی بەکارە هەڵواسیو پێشنیاری 25,000 دۆلاریان بۆ هەرکەسێك کرد زانیارییان لەبارەیەوە پێبدات.

پاش نیوەڕۆیەکیان ئەفسەرێکی ئەمەریکی، لەگەڵ گروپێکی هاوەڵی هاتبوون تا من ببینن، پێیوتم «دکتۆر حەوا، ئێمە هاتووین تا هاوکاری ئێوە بکەین، کەچی ناتوانین لە بنکە سەربازییەکانی خۆمان پێ بترازێنین. باشە خەڵکی ئێوە بۆچی ئێمە تیرۆر دەکەن؟» ئەوانیش بەهەمانشێوە سۆراغی زانیارییان لەبارەی عیدیدەوە دەکرد.

وتم «ئێوە تەنها شوێن عیدید دەکەون، سۆماڵییەکانیش خەڵکی تاکلایەنیان حەز لێ نییە. ئێمە پانزە فەرماندەی جەنگیمان هەیە، گەر ئێوە بچنو بڵێن (ئێمە هەموویانمان دەوێت)، خەڵکەکە بۆتان قۆڵبەست دەکەن، بەڵام ئەگەر ئێوە چواردەیان لێبگەڕێن و تەنها بە دوای یەکێکیاندا بگەڕێن، ئەوا خەڵك لێتان هەڵدەستن و شەڕتان بەرامبەر دەکەن.»

پاشان پرسی «دەی باشە، ئەی ئێمە پێویستە چی بکەین؟»

چاوم بڕیبووە چایەکەی دەستم و پێموت «تکایە هەموویان پێکەوە بگرن».

# بەشی حەڤدەهەم
# بڕیارێکی هەڵە

دێکۆ لەکەمپەکەدا سەرکەوتوو بوو، لەقوتابخانە وانەی دەخوێند و لە نەخۆشخانەش کاری یاریدەدەر. هەرچەند بەم کارەی گەلێك شت فێربوو، بەڵام ئەمە ئەوە نەبوو من بۆ کچەکەمم وێنادەکرد. لەگەڵ هەندێکەس لەبارەی زانکۆوە بۆ ئەم و کچە گەورەکەی ئامینەی خوشکم، سەیدە کە هەمانشێوەی دێکۆ تەمەنی نزیکەی بیست ساڵا بوو، قسەو باسمکرد. دەمزانی گران دەوەستێت لەسەریان، بۆیە 500 گرامی ترم لەو ئاڵتونە هێنا کە لە شوێنێکی پەنهانی ژوورەکەمدا شاردبوومەوە، ئەو ژنەی بۆی فرۆشتم بە 9,000 دۆلارەوە گەڕایەوە لامو بڕوای پێهێنام، کە ئەم بڕە بەشی پێویستەو زیاتری ناوێت، منیش هاتم بلیتی فرۆکەم بۆ دوو کچەکەو خۆشم بەرەو نایروبی کڕی، بەوپێەی لێرەوە دەمانتوانی دەروازەیەك بۆ خوێندن بدۆزینەوە. لەکاتێکدا مناڵەکانی دیکەم جێهێشتبوو، کەوتمە زەنگ لێدان بۆ گشت ئەو ژمارانەی هاوڕێکانم پێیاندابووم تا هۆتێلێکی هەرزان لە ئیستلێ بدۆزمەوە.

بەوەدا کە خۆم پارەی خوێندنم نەدابوو، سەرم سوڕما لەگرانی کرێی خوێندنو ناردنی کچەکان. بیستبووم کە کرێی خوێندنی ساڵانە لەزانکۆیەکی بەریتانی نزیکەی 38,000 دۆلارە، واتە هاوشێوەی کرێی خوێندنە لەچەند زانکۆیەکی ئەمەریکیدا، واتە ئەو جێیەی دێکۆ سەرەتا نیازی بوو بچێتو لەوێ بخوێنێت. لە زانکۆی سکولی پزیشکی نایروبی، نرخی ساڵێك خوێندن بۆ هەر کچێكو بە شوێنی مانەوەشەوە (بەشی ناخۆیی) 11,000 دۆلار بوو، تەنانەت ئەمەشیان بۆ ئێمە ئەستەم دەکەوتەوە تا دەستمان پێیڕابگات.

ڕێکخراوێکی خێرخوازی رووسیم دۆزییەوە پێشنیازی کورسی خوێندنی دەکرد، دواجار ڕێگەکەم بینییەوە. خوێندنو شوێنی مانەوە لە «یەکەم زانکۆی پزیشکی حکومی مۆسکۆ بەناوی سیچینۆڤ» تێچوونەکەی 6,000 دۆلاری ئەمریکی دەبوو بۆ ساڵێك، هەڵبەت بۆ خواردنو بژێویش نیازیان بە 2,400 دۆلاری تر دەبوو. لە حاڵێکدا کەوتبوومە بیری پەرتوکە روسیەکانی ناو کتێبخانەکەم و مامۆستا رەقو توندەکانم، فاکسێکم نارد بۆ ڕێکخراوە خێرخوازییەکەو زانیاری پێویستو تەمەنی دوو کچەکەم، دێکۆ لەگەڵ سەیدە،

تێدا یاداشت کرد، پاشان روونمکردەوە بۆچی دەخوازن لەوێ بخوێنن. کاتێك ئەم وەڵامەمان پێگەشت کە دوو کچەکە قبوڵکراون، داوام لێکردن ڤیزایەك بۆ عەدەنیش بنێرن، چوون ئەو دەیتوانی بەرلەوەی خوێندن لە مانگی ئەیلول دەستپێ بکات ناویان تۆمار و جێگیر بکات.

ئەو مۆسکۆیەی ساڵی 1993 منداڵەکانم تێیچوون تەواو جودابوو لەو شوێنەی من بینیبووم. لەدوای هەڵوەشانەوە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، قەیرانێکی ئابوری قووڵاو پشێوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چەقبەستنێکی سیاسییدا رووی لەوڵات کردبوو و باڵی بەسەردا کێشابوو. برازاکەم فرمێسکی دەڕشت کاتێك وتی «حەوا، تکات لێدەکەم منداڵەکانت مەنێرە بۆ ئەو شوێنە.»

پەیوەندیم لەگەڵ عەدەندا لەکەمپەکە گرت. هەرچەند ئەو قایلبوو کە مەترسیدارە بۆ کچەکان بچنە ئەوێ، بەڵام هەردوو بڕوامان وابوو کە کارێکی دروستە. کچەکانم لەگەڵ ئامۆزاکەم بەجێهێشتو گەڕامەوە کەمپەکە بۆ کارو داوای پاڵپشتی دارایی لە ئەندامانی خێزانو هاوڕێ، تەنانەت هەندێك لە ئەندامانی ستافی خاچی سوری نێودەوڵەتیش. کاتێك هەموو شتێك سازو جۆر بوو، بۆ خۆم خەم دایگرتم.

بەو چەشنەی داپیرە ئامۆژگاری کردبووم، هەوڵمدەدا گوێ بۆ دەنگی ناخم بگرم، بەڵام دیم لەبری ئەوەی ئاسودەیم بۆ بێنێ تا درەنگانێکی شەو هەراو زەنا بێدارو بێخەوم دەکەن. لەخۆم پرسی باشە من خەریکی چیم، بۆچی ئەو کچانە بۆ جێیەکی هێند دوورو سارد، پڕ لە توندوتیژی رەوانە دەکەم؟ ئەو رووسانەی من ناسیمن ئامۆژگارییان دەکردمو وەك منالی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردم. توبڵێی کچەکانیشم هەمان ئەزمون چاوەڕێیان بکات؟ ئاخۆ ئەوانیش وەك من، بەسەلامەتیو باش پەروەردەکراویو دوور لە هەڵدێرو چەوتی دەگەڕێنەوە؟

ئەم پرسیارانە ئەو کات بێ وەڵام بوون، عەدەن دەبوو کچەکان لەگەڵ خۆی ببات. خۆی سەرەتا لە نایروبی گیرسابووەوە تا بیانبینێت، پاشان پێکەوە چوون بۆ قاهیرە تا لەوێوە بەفڕۆکە بگوازنەوە بۆ مۆسکۆ، واتە هەمان ئەو رێگەیەی ئێمە لەشەستەکاندا پێیدا دەڕۆشتین. چووم بۆ فڕۆکەخانە تا

ماڵئاوایی لێبکەم. لەوکاتەی ئێمە چاوەڕوانیمان دەکرد، ئەو دوو ژنی ناسراوی خۆی دیبوو، وەستابوو قسەی لەگەڵ دەکردن. من زۆر لەوە سەرقاڵتر بووم بوەستم دەرگای وتووێژیان لەگەڵ بکەمەوە، بۆیە پۆزشم بۆ هێنانەوە و چووم لەسەر کورسییەکی چۆڵا دانیشتمو چاوم لێکنا. پاش ئەوەی ماڵئاوایشم لێکرد زۆر لەوێ مامەوەو وەستام، لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئەو پاسەم دەکرد کە ئەو سواریبوو تا بیگەیەنێتە نزیك فڕۆکەکەی.

مانگی پاشتر هەر خەمو پەژارە بەشم بوو. هیچ رێگەیەکی پەیوەندی کردنمان لەبەردەستدا نەمابوو، هەرچی رادیۆش بوو ئەو هەواڵە تۆقێنەرەی پەخشدەکردەوە کە سەرۆکی رووسیا، بۆریس یەڵتسن پەرلەمانی لەبەریەك هەڵوەشاندبووەوە. جگە لە نزا و چاوەڕوانی، چیمان لەدەست نەدەهات بیکەین؟ دواجار عەدەن لە نایروبییەوە زەنگی بۆ لێدام، بەوپێیەی لەوێ نیشتبووەوەو بەنیازبوو بمێنێتەوە. وتی «کچەکان بێوەین». پاشتریش کە یەکترمان بینی وێنەی کچەکانی پێدام. لە نوسینگەی پۆستی مەقادیشۆوە دەمتوانی تەلەفۆن بۆ کچەکان بکەمو راستەوخۆ لەگەڵ دێکۆ قسە و باس و خواس ئەنجام بدەم.

کاتێك پرسیارم لەمەڕ ئاسایشی قوتابخانەکەوە لێکرد، عەدەن وتی لەوێ هیچ پاسەوانێکی نەدیوە، بەڵام وادیارە کە ئەمە گرفتێك نەبێت. لەشوفێری تاکسییەك پرسیاری لەبارەی رەوشی سیاسیەوە کردبوو، ئەویش وەڵامیدابووەوە، «ئێمە هیچ بایەخی پێنادەین. ئێمە بەشێك نین لەحکومەت، تەنیا خەڵکی ئاساییین، ئەوان چ شەڕ بکەن و چ لە ئاشتیدا بن، بۆ ئێمە جیاوازییەکی نییە».

ئەو مانگەی ئەیلول خواردنو خۆراکمان رووی لەکزی کرد، بۆ 3ی تشرینی یەکەم بە پاسێك رۆشتم تا کۆبونەوەیەك لەگەڵ بیرۆی خاچی سوری نێودەوڵەتی ئەنجام بدەم. لەوێستگەی ئاسایی خۆم، واتە لە نزیك نەخۆشخانەی بەنادیر دابەزیم، کاتێك لەوبەری شەقامەکەوە پیاوێکم بینی بە کەوایەکی سپییەوە، بەدەستی چەپی پارچەیەك گۆشتی مانگای رادەوەشاند بەئەندازەی قوڵی دەبوو. پۆلیك گەنجیش لە دەورییەوە بوون هاواریاندەکردو

هەڵدەبەزینەوە، هەرچی وشەیەکی پڕمەترسی ئەو دەیوت، ئەمان بەشادییەوە دووپاتیاندەکردەوە: «ئەوان دێن بۆ وڵاتی ئێمە تا بێزارمان بکەن؟ ئێمەش گۆشتەکەیان دەخۆین!» هاواریدەکرد بۆ لای مێردمناڵەکان پارچە گۆشتەکەی رادەوەشاند. «وەك ئەم کوتە گۆشتە! کتومت وەك ئەم کوتە گۆشتە!»

من بە بینینی دیمەنەکەو بیستنی نەوای دەنگیو ئەو گوزارانە بەجۆرێك سەرم سوڕما، کە نەمتوانی ببزوم. وەستام، کاتێك مناڵەکان هاواریان بەدوایدا دەکردەوە»هۆی، هۆی، هۆی، هۆی.....» ئەژنۆکانم دەلەرزین، بەتەمەنترین مناڵەکان وا هەستدەکەم دە ساڵ نەدەبوو.

پیاوەکە هاواری دەکرد «بڕۆنە دەرەوە!» مناڵەکانیش دووپاتیان دەکردەوە «بڕۆنە دەرەوە! بڕۆنە دەرەوە!»

پیاوەکە دەیوت «لە وڵاتی ئێمە بڕۆن! گەرنا وەك ئەم پارچە گۆشتە دەتانخۆین! وەك ئەم پارچەیە! وەك ئەم پارچەیە دەتانخۆین!»

کاتێك گەشتمە بیرۆی خاچی سوری نێودەوڵەتی، دەلەرزیم، ئینجا وەختێك گفتوگۆی ئەوەمان بوو کە برنجو ڕۆن بە بارهەڵگرەکان رۆژی سێجار بگەنە جێ، بەپێوە وەستابووم.

تکام لێکردن «بەڵکو نەختێکیش زیادی بکەن، خەڵکی دیکە بەردەوام دێنو ژمارەیان تابێت زیاد دەبێت».

وتیان «ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین».

چاوەڕێمکرد تا بە یەکەم پاسی هاتوو بگەڕێمەوە ماڵەوە، کاتێك گەشتمەوە لە نەخۆشخانە رادیۆکە هەڵکرابوو: کەناڵی بی بی سی لە بەشی خزمەتگوزارییەکانی سۆماڵ ئاماژەی بەوەکرد، کە دوو کۆپتەری رەشی ئەمەریکی جۆری بلاك هاوك لەنزیك بازاڕی بەکارە خراونەتە خوارەوە، پاشان بەوەدا پاشنیوەڕۆ بوو، واتە قەرەباڵغترین کاتی رۆژ، سەدان پێدەچێت هەزاران هاوڵاتی سۆماڵی، خاوەنکار و خەڵکی بێتاوان، ژن و مناڵ بووبنە قوربانی. هەندێ ئەمەریکیش بێشك کوژرابوون، وەلێ کەس نەیدەزانی ژمارەیان چەند بوو.

ئەم پشێوییە لەئێمەوە دووربــوو، ئێمە هەراوزەناو دەنگی فیشەكو تەقەمان نەدەبیست، بەڵام هەر هەستمان بە بێ پەناییو خەمباری دەكرد. بەهەرحاڵا كەوتمە سەردانی نەخۆشەكان، وەلێ نزیكەی پاش بیست خولەك، فادومە دوالیو پەرستارێكی دیكەم بانگكردە ژورێكی چۆڵی تاقیگەوە. كۆنوسی ناوەكانم دایە دەستو چاویلكەكەم لەچاوم داگرت و وتم، «تكایە تەماشای باقی نەخۆشەكان بكە». دوو دانە حەبی هێوركردنەوەم لە دەرمانخانەكە دەرهێناو چووم بۆ ژوورەكەی خۆم و نوستم.

كاتێك بۆ سبەینێ بەخەبەر هاتم، داوامكرد نانی بەیانی لە كامپ دەیڤد بخۆم، ئینجا هەندێك لەو كەسانە لە كەمپەكە دەژیان هاتن بۆ ئەوێ قسەوباس و گفتوگۆ بكەن. زۆرینەیان شەوی رابــردو نەنوستبوون، هەر چاوەڕوانی هەواڵێكیان لەخانەوادەكەیانەوە كردبوو. چاوی ماندوویان تــەواو زەق بووبووەوە كاتێك باسی پێكداادانو شەڕەكەیان بۆمن دەكردو دەیانوت گوایە هەزار سۆماڵیو لانیكەم پێنج سەربازی ئەمەریكی كوژراون. كەسێك لە خزمو نزیكەكانییەوە لەناو مەقادیشۆدا بیستبووی كە گروپێك دەستیان بەسەر تەرمی سەربازە ئەمەریكییەكاندا گرتبوو، بەشەقامەكاندا كێشیان كردبوون. وتم «ئەوە كارێكی نامرۆڤانەیە»، كاتێكیش ئەم دەنگۆیە لەڕێگەی هەواڵەكانەوە سەلماو پشتڕاستكرایەوە، رەتمكردەوە تەماشای وێنەكان بكەم، چوون وەك پزیشكێك ئەوكاتیش وەك ئێستا سووربووم لەسەر ئەوەی لاشەی مرۆڤ لای پزیشك پیرۆزە.

لەم كاتەدا، ئاپۆرەیەك لە دەورمان كۆببووبووەوە. پیاوێك كە من دەمناسی بە پاڵەپەستۆ رێگەی كردەوەو هات لە نزیك منەوە دانیشت. وتی «حەوا دەزانی من ئەم بەیانییە، بەڵام زووتر لە بازاڕی بەكارە بووم. كاتێك چوومە یەكێك لەدوكانەكان، ژنێكم دی لەگەڵ هاوسەرو دوو كوڕەكەیدا لەوێ دانیشتبوون.

«لەسەر زەویەكەو لەپەنای ئەو شوێنەوە دایكەكە چای سازدەكرد، دوو لاشەی مردوو كەوتبوون، وەلێ كەس ئاوڕی لێنەدەدانەوە. پیاوان قاتیان دەجوو، كەسیش هیچی بە من نەوت.

پرسیم، « ئەمان کێن؟»

دایکەکە وەڵامی دامەوە «ئەمانە دووان لە کوڕەکانی منن، چوارم هەبوو، بەڵام ئیستا تەنها دوان زیندوو ماون».

«واقم وڕما»، کابرا ئەمەی وت و ئیستێکی کرد، سەری نەوی کردو وەك ئەوەی گۆرانی بڵێ بەملاو ئەولادا بایدەدا. پاشان بەردەوام بوو، «ئاسایی قسەیان دەکرد، وەك ئەوەی نەبایان دیبێت نە بۆران، نانیان دەخوار. هیچ هەستێکیان نەبوو. ماتیو خەم سیمای نەگرتبوونو دایکەکەش نەدەگریا».

وەختێك سەری هەڵبڕی، بۆ ساتێك چاوم تێبڕی، تەماشای برۆی هەڵبڕاو، خەمی سەر روخساریو دەمی داچەقیویم کرد. لەکۆتاییدا پێمگوت، «دەزانی، دنیایەکی زۆر ئاڵۆزە».

بۆ چەند مانگی داهاتوو، واتە تا سەرەتای ساڵی 1994 سەربازە ئەمریکاییەکان لەبنکەکانیاندا مانەوە، پیاوەکانی عیدیدیش هەوڵیاندەدا بەشەو بە رۆژ هێرش بکەنە سەریان. رۆژێکیان گروپێك لە ئەمەریکییەکان گەڕانەوە بۆ شوێنەکەی ئێمە، ئامادەسازیو خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکەیان لە ئەستۆ بوو، فلچەو گەسكو تەنەکەی خۆڵیان دابین دەکرد. ئێمە چاوەڕێ بووین بارودۆخەکە هێوربێتەوە پاشان بگەڕێینەوە بۆ مەقادیشۆو لەوێوە پێداویستییەکان دەستخەین، بۆیە سوپاسی سەرپەرەشتیارەکەیانم کرد، کابرایەکی بەژن بەرزی قۆز و سەر روتاوە بوو، تەمەنیشی نزیکەی 35 ساڵێك دەبوو. وتی، «هاتووم ماڵئاوایتان لێبکەم».

وتم «ئەفسوس کە دەتانبینم دەڕۆنەوە، بەڵام شادیشم کە لێرەدا گەشتەکەتان تەواوکردووە. ئەگەر ئەشێت ناونیشانی خۆتانم پێدەن، دەمەوێت دیارییەك بۆ خێزانەکەتان رەوانە بکەم».

وتی «تکایە کاری وامەکەن، پاشان گەڕایەوە سەر کارەکەی». هەرچی ئەندامانی تری تیمەکەشە بەگشتی بێدەنگ بوون، پێداویستییەکانیان دادەگرت، یان هیچیان نەدەوت یانیش وەختی رۆشتن دەیانوت «ماڵئاوا».

رۆژی دواتر، بەپاسێك چووم بۆ نوسینگەی پۆستەی مەقادیشۆ، بۆ ئەنجامدانی ئەو تەلەفۆنەی لەگەڵ کچەکەم دێکۆ خشتەم بۆ دانابوو. چوومە

قاتی سەرەوەی بینا شەش نهۆمییەکە، یەکێك بوو لەبەرزترین بیناکانی شار، بەوپێیەی هێشتا زوو بوو بۆ کاتی پەیوەندییەکە چوومە لای پەنجەرەی گەورەی نهۆمەکانو تەماشای زەریاکەم کرد.

لەئاسۆدا بێشومار کەشتی سەربازیم بینی، کەنارەکەیان جێدەهێشت، بەئاراستەی باشور و بەرە و کینیا دەجـولان. چەندی توانیم لێمڕوانین، تەماشامکردن تا یەك یەك ئاسۆی بیناییان تێپەڕاند. دواتر بەسینەی پڕەوە لێواری پەنجەرەکەم جێهێشت و تێگەیشتم سەربازە ئەمەریکاییەکە چی پێوتم. زانیم چیتر ناگەڕێنەوە.

وەستامو چاوەڕێم کرد تا دەنگی دێکۆ ببیستم، کاتێك بیستم ئیدی ئۆقرەمگرد، تێگەشتم کچەکەم گەڵێ دووره لێرەوە. وەختێك لەبارەی سەردانی گروپێك لەسەربازە ئەمەریکییەکان، رۆشتنی کەشتییەکانو گواستنەوەی پۆلێك لەهاوڕێکانییەوە قسەم بۆکرد، دەستیکرد بەگریان، یەکێك لەسەربازەکان بەر لە رۆشتنی دێکۆ بۆ مۆسکۆ دانی بە خۆشەویستی خۆیدا بۆ کچەم نابوو. دێکۆ باوەڕێکی زۆری بە ئەمەریکییەکان هەبوو، وەرگێڕانی بۆ دەکردن و هاوکات لەگەڵیدا فێریش دەبوو. دەیوت هاوکاری ئەوان نەبێت ئێمە ناتوانین زیندوو بمێنینەوە. «دایە تکات لێدەکەم یان بڕۆ بۆ نایروبی، یانیش وەرە بۆلای من بۆ ئێرە.»

وتم «ناتوانم ئەم خەڵکە وێڵبکەم، من نزادەکەم و لای خوا دەپاڕێمەوە، بمانپارێزێت». گوشییەکەم داخستەوە، بە قادرمەکاندا چومەوە سەر تا تەماشای ئاسۆ بکەم. لەوێ مامەوە، مامەوە تا ئەوکاتەی کەشتییەکان لەبەر چاو ونبوون و نەمدەتوانی بیانبینم.

پەندێکی سۆماڵی هەیە دەڵێت: بڕیارێکی هەڵە لە حەوت ساڵ وشکەساڵی خراپترە. لەپڕو لەچاوتروکانێکدا، هیچ ئیشێك لە مەقادیشۆ نەما، چ سەردانکەرێك نەبوو لێمبپرسێت ئەرێ چیم پێویستە، کەسێك نەما ئەو کارە هەڵبسەنگێنێت کە من ئەنجامدەدا. ئەمەریکییەکان نامەیەکی رێزلێنانیان پێدابووم، داننان بوو بەوەدا کە من بۆ وڵاتەکەم ئەنجامم دابوو، بەڵام ئەوانیش ئیدی ئارەزووی

هاوکارییان گەیشتبووە کۆتایی خۆی، تەنانەت ڕۆژنامەنوسانیش ڕوویان وەرچەرخاندبوو، لەگەڵ کاروانی یارمەتیدەراندا چوونە دەرەوە لەوڵاتو سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو رواندا، تا لەوێ ڕوومالّی کۆمەڵکوژی بکەن. ئەو خەڵکەی لە سۆماڵ بەجێمانهێشتن تەنها یەك شتیان دەزانی، ئەویش چۆنیەتی تێکدانی وڵات بوو.

هەندێك بەیانی، عیدید بەهاوەڵی دوو تا سێ کەس لەئۆتۆبیلێکی تەکنیکاڵ دادەبەزی؛ لەخاڵە سەرەکییەکانی پشکنینی میلیشیاکاندا دەوەستاو دەستڕێژی گوللەی لە هەموو ئەو خەڵکە دەکرد کە لەوێ کۆبووبوونەوە. خۆپیشاندانی دژە ئەمەریکی و دژەخۆرئاوایی درێژەیان هەبوو، ئینجا زۆری خەڵکی ڕوویان لە من وەرگێڕاو بە درێژایی ئافگۆی ڕۆود تایەیان دەسوتاند، هاواریان دەکرد، «ئێمە ئەمەریکییەکانمان ناوێت، ئێمە بۆشمان ناوێت، ئێمە حەوا عەبدیمان ناوێت».

بە مناڵەکانیان دەوت، «بیڵێنەوە، ئەو ڕستەیە دووپات بکەنەوە».

ڕۆژێکیان، لەکاتێکدا ژمایەکی کەم لەپاسەوانەکانم لە مەقادیشۆ بوون، پیاوەکانی عیدیدیان دیبوو تەقە لە ئۆتۆمبیلێك دەکەن کتومت وەك ئەوەی من، ژنێکیان لەناودا کوشتبوو. کاتێك لەکۆبوونەوەکە گەڕامەوە، دیم خەڵك دەگریان، دەیانوت «حەوا مرد، حەوا مرد»، بەڕاکردن چووم بۆلای ئامینەو کچەکانی تر تا پێیانبڵێم ئەوە تەنها هەڵەیەکە و هیچی تر، کەچی ئەوانیش شۆك گرتبوونی.

خودا گەورەیە. ئەو ئاژاوەچییانە هەر تەشقەڵەیان بەمن کرد، پیاوانی دەسەڵاتداری جەنگ هەرگیز نەهاتوونەتە کەمپەکەی من، هەرگیز شتێکی خراپیشیان پێنەوتوم. من بەردەوامبووم لەسەر کارکردن بە ڕێساکانی خۆم، لەگەڵ ریشسپییەکان دادەنیشتم بارودۆخی کەمپەکەمان تاوتوێیدەکرد و لەسەر بنەمای ڕاوێژ بڕیارمان دەدا. ئاسایشی ئێمە بریتیبوو لەبەرگریکردن لەناوچەکەو زەمینەسازاندن بۆ هەندێك مشتومڕ، بەپێچەوانەوە ئەشیا سەر بۆ ئەو پێکدادانو توندوتیژییە بکێشێ کە لەدەرەوە دەقەوما.

ژیـان لە هەندێك لایەنەوە گـۆڕاو بـەرەو باشی رۆشـت: جارێکی تر باران باری، دەمانتوانی زەوییەکان دابچێنین‌و دانەوێڵە بڕوێنین. دەستەی هەماهەنگی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری سۆماڵ پلانێکی کشتوکاڵی گەشە پێدا، رێنمایی هەرجوتیارێکی کرد بە داچاندنی گەنمەشامی، فاسۆلیا، کونجی لەکێڵگەکاندا. ئاوی رووبارەکان بەرزبوونەوە و ئەمە هاوکاری باشی هەموو ئێمەی دەکرد. بەتایبەتیش جوتیارانی زەوییە نزمەکان. لەگەڵ گەشەی دانەوێڵەدا، هیواو گەشبینی ئێمەش تا دەهات زیادی دەکرد.

کۆمپانیایەکی میوەی ئیتاڵی هاتنە لای من‌و چەند جوتیارێکی تری ناوچەکەو پشنیاری وەبەرهێنانیان لای ئێمە کرد، بەوەی گوایە پارەی خەرجی دەدەن، پەینی کیمیایی دابین دەکەن، تەنانەت کرێی هەندێك کرێکاریش دەدەن، بەکورتی ئێمە دەتوانین مۆز بەرهەم بهێنین. وتیان، لەبەرامبەردا دەبێت هەموو کارتۆنێکی چواردە کیلۆیی بە سێ دۆلار بفرۆشین بە ئەوان. کۆمپانیایەکی ئەمەریکیش هەرزوو پاش ئەوان پەیدابوون، چونکە مۆز بە رێژەیەکی زۆر دەڕوان. تێگەشتین چ دەرفەتێکی گەورە لە گۆڕێیە.

لەکاتێکدا من لە خەمی ئەوەدا بووم کە بڕی پارەی زۆر لە هیچ کام لە کۆمپانیاکان وەرنەگرم، حەزم دەکرد زۆرترین کەس بشێت بەکرێ بگیردرێن؛ بەوە دەستمان پێکرد کە 200 بۆ 300 کارتۆنمان بەرهەم دەهێنا، هەندێ کات تەنانەت دەگەشتە 500 کارتۆن لە مانگێکدا. بەراورد بە کاری هاوسێکانمان شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەوپێیەی بۆ مانگێك بەرهەمی 100,000 کارتۆن مۆزیان هەبوو. کەشتییەکان مانگی دووجار دەهاتن، کێڵگەکان دەبوژانەوەو گەشەیان دەکرد، پاشان ئەو داهاتە بەشی دەکرد تا ئەو چەشنانەی دانەوێڵە بچێنین کە لە راستیدا بۆ خواردن پێویستمان بوون، وەك گەنمەشامی‌و فاسۆلیا. پیاوەکانی عیدید لەبارودۆخەکە تێگەشتن، هاتنە پێشەوەو بۆ هەر کارتۆنێك داوای سێ سەنتیان دەکرد؛ خەڵکی بڕە موچەیەکیان وەردەگرت؛ پارەیان هەبوو خواردن بکڕن‌و تەنانەت پارە بۆ هەندێك چارەسەری پزیشکیش دابین بکەن.

تۆزقاڵێك لە تامی ژیانێكی خۆش دیسانەوە هاتەوە بەبەر گوزەرانماندا.

بۆ ئەوكاتە، گروپەكەی عیدید جارێكی تر بە دوو كۆمەڵ دابەشببوون. یەكێك لەبەرپرسە سەرەكییەكانی لەگەڵ خێڵێكی نەیاردا یەكیگرتبوو، بووبوونە گروپێكی نوێو بەدەسەڵاتو داوای رێكەوتننامەیان دەكرد. هەڕەشەیان لەكۆمپانیاكانی میوە كردبوو؛ گوایە ئەگەر كۆمپانیاكان پارەیان نەدەنێ، شەڕكەرەكانیان تەقە لە كەشتییەكانیان دەكەن لەبەندەرەكان و دەیانگەڕێننەوە دوا. جوتیارە سۆماڵییەكانیش بەردەوام گەشەیان دەكرد، زیاد دەبوونو زیاد دەبوون، ئەوەندە دەبوون كە نزیكەی 200,000 كارتۆنیان پڕدەكرد، بەڵام ئێمە هاوكات دەبوو چاوێكمان لە دانەوێڵەكەشەوە بێت، تا ئەگەر كەشتییەكان نەهاتن ئەویشمان لەدەست نەچێت.

گروپی جوتیارەكانی ئێمە نامەیان بۆ بەرپرسەكانی شەڕ نوسی. ئامادەبووین پارەی زیاتریان بدەینێ، بۆیە وتمان پێویستە كەشتییەكان بگەڕێنەوە تا ئەوەی پێگەیشتووە بیفرۆشین. وتمان چاوەڕێین ئەو مۆزەی بەرهەمهاتووە بفرۆشین.

ئەوانیش وتیان، «دەی كەواتە خۆتا بیخۆن».

چ زیانێك بوو. ئەو جوتیارانەی بڕێكی زۆرتریان بەرهەم هێنابوو، لە هەمووان بێهیواتر بوون؛ زۆرێك تەنانەت هیچ مانایەكیان لەوەشدا نەدەبینی كە گەنمەشامیو فاسۆلیا، واتە خواردنی بنەڕەتی بەرهەمبهێنن، كابرایەك هەر لەتاوان دەهری بوو، پاشان مرد. پرۆگرامی خۆراكی جیهانی نەتەوە یەكگرتوەكان جارێكی تر هاتەوە ناو رەوشەكەو فەردە گەنمو دانەوێڵەی لەوپەڕی جیهانەوە بێبەرامبەر دەبەخشی، گەرچی ئەم كۆمەكە خەڵكی لەوە قوتاركرد كە برسی و رەش و رووت بن، بەڵام لەولاوە ئابوری وڵاتی داغانكرد. هیچ بازاڕێك بۆ بەروبوومی كەمی جوتیاران نەمایەوە، خەڵكی جارێكی تر هەژار كەوتن، ئیدی خەڵكی دەستیان دایە ئەنجامدانی هەر كارێك بڕە پارەی كاشی تێدابووایە.

چیرۆكی چەتەگەریو تەقەلێكردنو هەڵكوتانە سەر پاسو رووتكردنەوەی سەرجەمی سەرنشینەكانی تا دەهات زیادی دەكرد. خەڵكی رۆژانە بە گولەی وێل دەكوژران، زۆری گەشتیاران هەرچی شكیان دەبرد لەناو دەچوو. هەمان

چیرۆك رۆژ لە دوای رۆژ دووبارە دەبـووەوە: کاتێك شۆفێر ئۆتۆمبێلەکەی رادەگرت، ئەم ناکەسبەچانە لەسەر لمەکە خۆیان دەدا بەزەویداو هاواریان دەکـرد، «هەرچیتان پێیە لێرە داینێن.» پـارە، کاتژمێر، گەوهەرو بابەتی رازانـدنـەوەو هەرچییان دەسـت بکەوتایە دەیانبرد. خۆ ئەگەر شتێکیان بدۆزیایەتەوە لەناو جلو بەرگەکانتدا، دەستبەجێ دەیان کوشتیو هەرچی سەرەتا داوایان کردبوو دەبرد.

ئەم خانەوادە سەرلێشێواوانە دەهاتنە لای ئێمە، لەنێویاندا بێوەژنێك هەبوو لەو رێگەیەدا مێردەکەی تیاچووبوو. شەش مناڵی هێنابوو تا چاوەدێری بکرێن، گەورەترینیان نزیکەی سیانزە ساڵان بوو. بـەوەدا کە کەسی شك نەدەبرد ئاگاداریان بێت، زۆرجار کە خۆی دەچوو بۆ مەقادیشۆ تا نەختێك گۆشت یان هەندێك خۆراکی دەستکەوێت و تێریان بکات، هەموویانی پێکەوە جێدەهێشت. رۆژێك لەسەر رێی گەڕانەوەی پاسەکەیان تەقەی لێکرابوو، فیشەکێك لە سەر دڵی دابوو. یەکێك خۆراکەکەی دزیبوو، یەکێکی تریش لاشەی مردووی هێنایەوە بۆ من. برینەکانیمان پێچاو لە ژوورێکدا دامانـا، بەهیوای ئەوەی بەرلەوەی ناچاربین بینێژین دەستمان بە خوشك یان برایەکی رابگات.

درەنگانی پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژە، یەکێك لەیاریدەدەرەکانم هاتە ژوورێ تا پێمبڵێ کچێکی تەمەن سیانزە ساڵ وا لەدەرەوە چاوەڕوانی من دەکات. چوومە دەرەوە ببینم، دەستبەجێ تێگەیشتم کە منداڵی ئەو ژنە بێچارەیەیە. یەکێك لەبراکانی لەباوەش گرتبوو، دووانی تریشی لەتەنیشتیەوە وەستابوون. وتی «ئێمە بەشوێن دایکماندا دەگەڕێین». منیش وتم باسی دایکتم بۆ بکە، ژنێکی چۆنە، کاتێك باسیکرد، هیچ چارەیەکم نەما جگە لەوەی راستی پێبڵێم. پێموت، ئەگەر دەخوازیت ئەوا من دایکت بۆ دێنم ببینە.

کاتێك کچە رووخساری دایکی بینیی، گەڕایەوە دوا، دەستی خستە سەر گوێیەکانی بە چاوی نوقاوەوە قیژاندی. دوو خوشکە بچوکەکەی هاتنە پێشەوە، لاشەی دایکیان رادەتەکاندو دەجوڵاند. لەکاتێکدا من هەوڵمدەدا فرمێسکەکانم بشارمەوە، یەکێك لەکچەکان وتی،»دایکە برسیمانە. دایکە!». ئێمە نانمان بۆ هێنان پێیانبدەین، بەڵام رەتیانکردەوە، مەگەر دەیانتوانی نانبخۆن؟

سۆماڵی دەردەدار بـەردەوام خوێنی لێدەچۆڕا، زۆریشی لەپای ئەو برینانەبوو کە خۆمان لە جەستەی یەکتردا دروستمان دەکردن، ڕۆژێکیان لەسەر ڕێگامدا لە نەخۆشخانەوە بۆ کێڵگەکان بەلای وەزارەتی کشتوکاڵدا تێپەڕیم، ئەو بینا جوانەم بیرکەوتەوە، بینای تاقیگەی هونەری وڵات کە تاقیکردنەوەی بۆ جینە گوستراوەکان دەکرد. کاتێك گەنج بووم، خەڵکی لەسەراپای جیهانەوە دەهاتنە ئێرە، چاوپێکەوتنیان لەتەك پسپۆڕە سۆماڵییەکان سازدەکرد تا تێبگەن چۆن بەروبوومی گەنمەشامی زیاد بکەن، یان چۆن میوەی نوێ بەرهەمبهێنن و موتوربە لەنێوان سندی (grapefruit)و لیمۆ یان لەنێوان لیمۆ (lemon) و لیمۆترشدا (lime) بکەن. عـەدەن، لەسەرەتای ڕۆژانـی کێڵانو جوتدا، تراکتۆرەکەمانی دابوو بەکرێ.

چەتەکان، لەمێژبوو دەرگاو پەنجەرەو بۆرییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵیان دەرهێنابوو؛ چەند ساڵێك بوو مەیدانەکە چۆڵ بووبوو. سەرم سوڕما کە بینیم ژنێکی بەهێزو خۆش قەدوباڵا وەستاوە ئەوناوە خاوێندەکاتەوەو پوشو پەڵاشو دارەکانی دەبڕێت  دوو پیاوی کەڵەگەتیش خۆڵاو خاشاکەکەی دەماڵن. داوام لە شۆفێرکە کرد ئۆتۆمبێلەکە ڕابگرێت. لەیەکێك لەپیاوەکانم پرسی»باشە ئەو درەختانە بۆ دەبڕنەوە؟»

وتی «ئەم خانمە فەرمانی پێکردووین، بۆ ئەوی دەبڕینەوە.» لەکاتێکدا بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکە دەڕۆشت، خانمەکەم بانگکرد، «خوشکم ئەو دارانە بۆ دەبڕنەوە، چەند ساڵی ویستووە تا هێند بەرزو ڕێك روواون، لەپای چی؟»

وتی، «بەکاریاندێنم تا بۆ خۆم ماڵێکی لێدروست بکەم»

«مەگەر درەختی ئێوەن؟»

«درەختی هەموومانن»

«بەڵام بزانە کە ئەو دیمەنە جوانەی لێرەیە هی تۆو هی ئێمەشە، تکایە مەیانبڕنەوە، بزری مەکەن.»

وتی، «من دەیانبڕمەوە، ئەگەر ئەمە قەڵست دەکات، بڕۆ چیت پێخۆشە بیکە.»

قسەکردن لەگەڵێ ئاسن کوتان بوو، پێدەچوو خێڵەکەی ئەو لەوەی من بەدەسەڵاتتر بن. لەحاڵێکدا نە یاسا نە ڕێسا بەرقەرار نەبوو، نەدەشیا بگیرێت، دەی نەدەکرا لەکارەکەش رایبگریت. جاری دواتر کە گەڕامەوە، هەرچی درەختی ئەو ناوەبوو تاقیان نەمابوون، سەرلەبەریان بڕابوونەوەو بارکرابوون لەگالیسکەی ئەو پیاوانەو بۆ ماڵی خانم دەگوازرانەوە.

هەڵسوکەوتی لەمجۆرە لەپاش هەڵهاتنی سیاد بەڕی دەستیپێکرد، واتە کاتێك خەڵکی هێندە توڕەبوون مێزو کورسی، یان تەواوی کەلوپەلی ناو بیناکانیان تێکدەشکاند. لە مێشکی بیرتەسکی ئەواندا یەك شت تۆڵەکردنەوە لە تەنها کەسێك هەبوو، کەچی مافی تەواوی خەڵکی سۆماڵ، یان ئەوی دەشێت پاشتر سەرۆکێکی تر لەسەر ئەم کورسییە دابنیشێت، لەیادکردبوو. بەوپێیەی هیچ خوێندنو سەوادێك لە سۆماڵ بوونی نەبوو، تێکشکاندن بووبووە تاکە فەلسەفەی وڵات. ئەگەر شتێك موڵکی گشتی با خەڵك دەیانوت هی ئێمەیە، واتە هەموو کەسێك مافی تێکشکاندنی هەیە.

کاتێك مناڵ بووم، فادومە عەلیو من جارێکیان لەسەر دواین کولێرە چەورە بوو بە مقۆمقۆمان، ئەبێبۆ فەرمانی پێکردین، خواردنەکە لابەینو شوێنی کەوین بۆ پاککردنەوەی دەوروبەری ماڵەکەمان. گوریسێکی دایە دەستمان، بە فادومە عەلی وت «تۆ ئەم سەرەی بگرە»، بەمنیشی وت، «حەوا تۆش ئەم سەرەی بگرە. ئینجا رایبکێشن! رایبکێشن! ئەو گوریسە هی ئێوەیە!»

لەحاڵێکدا پەرێشانو سەرمان لێشێوابوو، بە دەستە بچوکەکانمان توندو بە پێچەوانەوە گوریسە لە شوڵ پێچراوەکەمان رادەکێشا. تاوێك فادومە کێشی دەکردو منیشی پێوە رادەپێچا، تاوێ من کێشم دەکردو ئەویشم پەلکێش دەکرد. رامانکێشاو رامانکێشا، هەردوو پێمانوابوو کە من سودمەندبم.

ئەبێبۆ هاواریکرد، «حەوا گوریسەکە بەردە!»

منیش بەرمدا، پەشۆکابووم، فادومە عەلی رایکێشاو کەوت بە پشتدا، لەسایەی خواوە پێدەکەنی، ئازاری پێنەگەشت.

ئەیبیۆ وتی «ئەگەر ئێوە دوو کەس شەڕ لەسەر شتێك دەکـەن، کە هەردووکتان دەتانەوێت، باشترە بەجێیبهێڵن. شەڕکردن بە هەموو هێزێکەوە تەنها مانای ئەوەیە کە ڕۆژێك دەدۆڕێیت. هەرگیز سەرناکەویت. خوا گەورەیە ئەگەر تۆ شتێك بخوازیت حەتمەن ئەو هەر دەتداتێت».

ئەمە ڕێگەی پەیڕەوکراوی ناو خانەوادەکەمان بوو. هیچ پاساوێك نەبوو بۆ ئەوەی «من ڕاستدەکەم، هەق بە منە، دەبێت ئەوە بەر من بکەوێت.» ئەیبیۆ ئەمەی فێری دایکم کرد، دایکم منو منیش وا دەکۆشم مناڵانی سەرشێتی ئەم جیهانە فێربکەم. کاتێك کەسێکم دەبینی لە بازاڕی بەکارە کەلوپەلی دزراوی ماڵی خەڵکی تر دەفرۆشێت، دەمزانی چ هەڵەیەکم کرد کە مناڵەکانم هێنایەوە بۆ وڵات.

دەستم گەیاندە هاوڕێکانمان تا کۆمەکمان پێبکەن، کڵێسای ئارامی بەخشی سویدی سەفەرێکیان بۆ دابینکردین بۆ نایروبی. شوقەیەکی ترمان لە ناوچەی ئیستلێی دۆزییەوە، لەوێ و لە ژوورێکدا دوو قەرەوێڵەی سێقاتمان هەبوو، لەگەڵ دۆشەکێك بەسەر زەوییەکەوە بۆ ئاشا. «پاڕامەوە لێی، خوشکم تکایە لێرە بمێنەرەوە». ئێستا دەزانم چەندە نەفام بووم، بەڵام چارەیەکم نەمابوو، لاوازی سروشتی خۆمم هەبوو: ئێستاشی لەسەر بێت وەختێك کەسێك دەڵێت باشە، من متمانەی پێدەکەم. بڕوام وابوو خێزانەکەم پێکەوە دەبن، پێکەوە دەخوێنن، لە شوێنێکی پارێزراو دەمێننەوە، لە کاتێکدا ژیانی خۆم لە سۆماڵ لە ژێر هەڕەشەو مەترسیدا بوو.

تەنها پێنج ڕۆژ مامەوە، دەمزانی ئێستا لەبەردەم کەمپەکە خەڵك قەتارەیان بەستووە، چاوەڕێن تا پێمبڵێن «خواردنم دەوێ، پارەم پێویستە، نیازم بە کار هەیە، جلوبەرگم پێویستە»، «کەسێك مردووە کفنمان بدەرێ«. ڕەنگبوو باشتر ببێت لە نایروبی لەتەنیشت خێزانەکەم بمێنم نەوەك ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە و بە برە پارەیەکی کەمەوە بۆ ژیانو بژێوی جێیانبهێڵم. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، هەندێ کات پەشیمانم لەم کارەم. گەڕامەوە، چوون دەمزانی کاتێك هاوکاری کەسێك دەکەم، هەستدەکەم خۆشبەختم. بەڵام ئەی ژیانی مناڵەکان یان ژیانی خۆم چی؟

# بەشی هەژدەهەم
# سندوقی چوارەم

ئێمە هەر هەواڵێکمان لەسەر بارودۆخی سیاسی لەباشترین حاڵەتدا بەگومانەوە، لەخراپترین حاڵەتدا بە دڕدۆنگی و توڕەییەوە وەردەگرت. عیدید لە ئابی ساڵی 1996 کوژرا، بەڵام کوڕەکەی دەسەڵاتی گرتەدەست و سەرزەمینەکەمان لەژێر جڵەوگیری خێڵەکەیاندا مایەوە. لەکاتێکدا خەڵکی بە توڕەیی و کەفوکوڵەوە دەهاتنە لای من، داوام لێدەکردن هەڵوێستێکی بێلایەنیان هەبێت: لەهەموو شتێك گرنگتر ئەوەبوو، کە لەناو چوارچێوەی شوێنەکەی ئێمەدا کەس دزی نەدەکرد، شەڕی نەدەکرد، نەدەکوژرا. ئەم هەڵوێستە تا ئەو ئەندازەیە راستبوو کە من چارەسەری ژن و کچی کاربەدەستانی شەڕیشم دەکرد. خەڵکێکی زۆر بەم هۆیەوە منیان دەناسییەوە و لەپای ئەم کارەمان لێمان دەگەڕان.

ناوبەناو رەوشی سیاسی و ئابوری باشتر دەبوو، ئیدی هەندێ ژن دەیانتوانی لەپای راوێژکاری‌و بینینی من پارە بدەن. ئەم پارەیە باشبوو هەندێك پێداویستی نەخۆشخانەی دابین دەکرد، بەشی ئەوەشی دەکرد مووچەیەکی کەم بۆ ستافی دڵسۆزو خۆتەرخانکردو ببڕینەوە، بەوپێیەی ئەوان کاریان دەکرد تا بژێوی خۆیان دابین بکەن و کرێی خوێندن پەیدا بکەن، تا پرۆسەی مناڵبوون بەشێوەی دروست سەرپەرشتی بکەن، فێربوون دەرزی لێدان ئەنجامبدەن‌و بتوانن خوێن لەنەخۆش وەربگرن. هەروەها پارەمان بەکاردەهێنا بۆ کڕینی دەرمان بۆ نەخۆشخانەکە و کەڵك لێوەرگرتنی لە دەرمانحانە بچوکەکەماندا؛ عەدەن بەوەدا کە گەڕابووەوە بۆ کەمپەکە، چاودێری ئەو پرۆسەیەی دەکرد. لەسایەی ئەوەوە منیش دەمتوانی گەشتی نایروبی لەماوەی ساڵدا دوو مانگێ ئەنجام بدەم، بەنیازی چاودێری مناڵەکانم.

کاتێك هێڵی تەلەفۆن لەناوچەکەدا دامەزرێنراو هێڵێکیان بە ئێمە بەخشی، ئەوەش لەخێزانەکەی ئێمەدا دەروازەی بەسەر دنیایەکی نوێدا ئاوەڵاکرد. لێرەوە بۆم دەلوا هەموو شتێك ببیستم: ئامینە لەکۆتایی قۆناغی ناوەندی

نزيك دەبووەوە، ئەحمەد دوایین ساڵی قۆناغی سەرەتایی بوو، بە ستانداردی 8 ساڵی. بۆ ئەم کاتە خەدیجە کەمپەکەی جێهێشتبوو و لەتەك ئاشاو مناڵەکان گواستبوویانەوە، بەو هیوایەی لە نایروبی کارێکیان چنگ بکەوێت: هەرکاتێك دەچومە ئەوێ بۆ دیدەنی خوشکەکانم، خۆزگەم دەخواست نەرمونیان بن، بتوانین پێکەوە دابنیشین باسی ئەو چەرمەسەرییانە بکەین کە دیومانن، گەنگەشەی ئەو بابەتانە بکەین بەنیازین دەستیان بخەین. واقیعەکە جیاواز دەکەوتەوە، دەی منیش هیچ کات بۆ ماوەیەکی زۆر نەدەمامەوە.

لە سایەی تەلەفۆنەوە ئەگەر مناڵەکان نەخۆشبوونایە دەمزانی، هاوکات دەشمزانی کە پارەکەیان تەواو بووە. کاتێك ئەو دوو ژنەی ئاڵتونیان لە هیندستان دەفرۆشت هاتن بۆ کەمپەکە، گەڕامەوە نێو گەنجینەکەم. سودو قازانجەکەی ئەوانم کرد بە دوو بەشەوە، نیوەی بۆ کرێی ئەپارتمان لە ئیستلێی، نیوەکەی تری بۆ ئەو مێزەی خەدیجە لەبازاڕێکی ئەو نزیکانەدا بەکرێی گرتبوو قوماشی لەسەر دەفرۆشت، تا بەشی خواردنو پۆشاکی مناڵەکان پارە پەیدا بکات.

لەدووری زیاد لەهەزار کیلۆمەترو لە سۆماڵ، ئەوەی من دەمتوانی بۆ مناڵەکانی بکەم ئەوەبوو کە دڵنیایان بکەمەوە رەوشەکە ئارامە لەکامپو دەتوانم بیانهێنمەوە. هەوڵماندەدا هەندێك ئیشو کارو بۆ ئەو خێزانانەی تێدەکۆشان -چ پیاو چ ژن- لە کێڵگەکاندا دابینبکەین. لەسایەی کاری زۆرییانەوە، نزیکەی شەش هەزار فەردە گەنمەشامیمان لەهەر خەرمانێکدا بەرهەمهێنا. کاتێکیش کاتی خەرمان هەڵگرتن هات، کرێکارو نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکە یەکەم کەس بوون کە سوودمەند دەبوون.

زۆر رانەدەمام لەوەی چەند کات گوزەرابوو بەسەر ئەمشێوە ژیانەدا کە دەستمان پێکردبوو، بەڵام هەموو کاتێك کە کەسێکی لەمێژە رۆیشتوو دەگەڕایەوە، دەمتوانی گوێ بۆ شۆك، ترسوبیمو پەژارەیان رادێرم. باوەڕیان

پێنەدەکردم کاتێك دەموت ئێستاش هەمان ئەو هەستەم هەیە کە بەر لە 25 ساڵو کاتێك لەتەك ئامینەی خوشکم گەڕاینەوە سۆماڵو لێرە وڵات برسیبوو، هەمبوو. دەمزانی لەشوێنەکانی تر ئاسایش و یاسا بەرقەرارە، بەڵام سەرباری ئەوەش، نیشتمان بۆ من باشترین شوێن بوو.

رۆژێك گوشیم هەڵگرتو وەڵامی زەنگەکەی ئامینەم دایـەوە، دەنگی پڕگریانیم بیست.

به سەرسوڕمانەوە پرسیم، «کچم، کێشە چییە؟»

بە کەساسیەوە وتی «دایە ئاشا زللەیەکی لێدام».

«باشە بۆچی؟» قینم لەو دووریەی نێوانمانو لە خوشکەکەشم بوو.

پێیلێنا کە پارەی لە ئاشا بردبوو، وتی «دەی ئاخر دایە ویستم ئەحمەد بـڕوات بۆ قوتابخانە». هەرچەند هەندێك لەئامۆزاکانی لەستانداردی 8 کەوتبوون، بەڵام ئەحمەد دەرچووبوو و ئامادەبوو بچێتە قوناغی ناوەندی. لەحاڵێکدا ترسابوو کە ئاشا ئەحمەد لەتەك منداڵەکانی تر لە ناوەندی تۆمار نەکات، ئامینە بۆخۆی چووبوو پارەی شاراوەی ئاشای بردبوو، گوارە ئاڵتونییە بچوکەکانی خۆی فرۆشتبوو، پارەکەی هێنابوو بۆ ئامۆزایەکمان، پێیوتبوو «تکایە خاڵەگیان، بابچین ئەمڕۆ ئەحمەد بهێنین بۆ قوتابخانەو ناوی تۆمار بکەین، دایە ئاشا کاتی نییە لەگەڵمان بێت.»

ئامینە ئێستا ئەم تەلەفۆنەی لەماڵی ئەم خاڵەیەوە دەکرد. سەرکەوتوو بوو، ئەحمەدیان ناونوسکردبوو، بەڵام کاتێك ئەو شەوە گەڕابووەوە بۆ ئەپارتمانەکە. منداڵەکان ئاگاداریان کردبوو کە ئاشا هاوارو قیژەی کردووە بەسەریاندا، ئەویش لەترسان هەڵهاتبوو.

ئامۆزاکەم تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، دەنگی توڕەی لە گوشیەکەمدا بڵند دەبووەوە. «من بە ئاشام وت «تۆ چۆن دەتوانی لێیبدەیت؟ ئەمیش خۆ هەر کچی ئێمەیە، پاشان ئەم خانووە لەلایەن خانەوادەی ئەوەوە بەکرێ گیراوە نەك

تۆ». وتی خواردنم داوە بە ئامینە، بەشی ئەوەشی پێیە کە رۆشتەوە بیباتەوە بۆ ئەحمەد. بەو چەشنەی ئەو قسەی دەکرد من ترسم لێنیشت کە مناڵەکان خۆراکی تەواویان نەبێت بۆ خواردن.

بەرلەوەی گوشییەکە دابنێمەوە، جارێکی تر لەگەڵ ئامینە قسەم کردەوە، وتم «کچم دەبێت بەهێز بیت. بەوزوانە باوکت دێتە سەردانتان». چەند رۆژی داهاتوو، خەیاڵم تەنها لای ئەوەیە کە ئەبێت چی بەسەر ئامینەدا هاتبێت کاتێك ئەو ئامۆزایەم هێنابووەوە بۆ ئەپارتمانەکە. گەورەی نێو سۆماڵییەکان -دایكو باوك، پورو ئامۆزا - تەنانەت کاتێك تەواو بشزانن هەڵەن، هەر داوای لێبوردن لە منداڵەکانیان ناکەن.

عەدەن گەڕایەوە بۆ نایروبی تا چاوی لەمنداڵەکانەوە بێت، ئاشاش گەڕایەوە بۆ کەمپەکە. پارچەیەك زەویم فرۆشت تا خەرجی ئامادەسازی ئامینە بۆ زانکۆ لە مۆسکۆ دابینبکات؛ لەوێ لەگەڵ دێکۆ دەیانتوانی پشتوپەنای یەکبن. کاتێك دواتر بۆم گونجا بڕۆم بۆ نایروبیو ئامینە سازوجۆر بکەم بۆ سەفەرەکەی، لەوێ کۆتایی وەرزی باران بوو. هەرچەند مناڵەکان وەك هەمیشە بەخێرهاتنیان کردم، بەڵام درکمکرد کە دۆخەکە جیاوازە: شوێنە بچوکەکە قەرەباڵغو بەرتەسك دیاربوو، بەڵام ئامینەو ئەحمەد لەڕولاواز دیاربوون.

لەژووری بچوکی دانیشتن راکشامو هەوڵمدا بنووم، وەلێ بۆ کاتژمێر دەی ئەو ئێوارەیە خەدیجەو عەدەن گەڕانەوە. ئەو گڵۆپەیان داگیرساند کە بە سەقفەکەوە بوو. لەسەر زەویەکەوە وتم، «من لێرەم، تکایە ئەو رووناکییە خامۆش بکەن، گەلێ ماندووم».

عەدەن وتی، «گەر دەتەوێت بنوو. بە کەیفی خۆت». لام سەیربوو کە گڵۆپەکەی نەکوژانەوەو نەهات سڵاوم لێبکات، منیش پاش نەختێك ئیتر وام نواند کە ئەوی هەر لێنەبێت.

بەیانی دواتر لەتەك منداڵەكان ڕۆشتم بۆ بازاڕ، گۆستی بزنمان كڕی تا بە برنجەوە سازی بكەین. بۆ دوانیوەڕۆ، مناڵەكان گشت هاوڕێكانیان بانگهێشتكرد تا بێن میوان بنو نانمان لەگەڵ بخۆن، قاپی پلاستیكیو كۆمبارێكم بۆ دانان تا شوێنیان خۆش بێت. مناڵەكان تێر شێویان خوارد، شەماڵێكی فێنك لەشانو ملی دەدام ئاسودەی دەكردم. ڕۆژەكەم بەخۆشی لێ ڕۆشت، هەرچەند نە عەدەن نە خەدیجە بۆ ساتێكیش هاوبەشییان نەكردین.

ڕۆژی پاشتر، لەبارەی دوكانەكەوە پرسیارم لە خەدیجە كرد چەندی قازانج دەستكەوتووە، چەندی خەرج كردووە، چەندی لە مناڵەكاندا بەخەرج داوە. وتی، «نازانم». دواتر عەدەن پێیوتم كە ئەویش هەوڵیداوە لەبارەی ئیشەكەوە، چۆن پارەكە دابەشبكرێت باس و خواسی لەگەڵ بكات. «ویستم مشتومڕی ئەمە لەتەك خەدیجە بكەم، بەڵام كاتێك گەشتمە دوكانەكە، ئامادەنەبوو قسەم بۆ بكات.» پێكەوە سەرێكمان بۆ باداو بە مەراقەوە پێكەنینێكی ساردمان كرد، وەك ئەوەی لەگەڵ خەدیجە، كاتێك تازە بەتازە جەحێڵ بوو، دەمانكرد.

بەڵام كاتێك دواجار خۆم ڕووبەڕووی بوومەوە، ڕەتیكردەوە هەر گوێشم بۆ بگرێت. وتی، «تۆ خاوەنی زەوی خۆتیت، تۆ كێڵگەو زەویت هەیە، دەی تۆ زەنگینیت. ئەم دوكانەماڵی منە، هیچی تۆش قەرزدار نیم.»

ڕۆژی دواتر مناڵەكانم برد بۆ پاركی ئوهرو تا گەشتێكیان پێبكەم. كاتێك نانمانخوارد، وتیان مەراقیانە سەردانی باخچەی ئاژەڵان بكەن، دەیانەوێت ئاژەڵی كێوی ببینن. بەڵێنم پێدان جاری داهاتوو حەتمەن سەردانی ئەوێ دەكەین. ئەحمەد پرسی، «ناتوانیت بمێنیتەوە؟»

وتم، «من لەكەمپەكە زۆر سەرقاڵم، دەزانی، بەردەوام كەسێك چاوەڕێی منە. نەخۆشن، یانیش دەیانەوێت شتێكم لەبارەی كێشەی خێزانییەوە بۆ باسبكەن.» مناڵەكان وتیان كە تێدەگەن، بەڵام قسەكانی من تەنانەت لای خۆشم بێمانا و پووچ بوون. ڕۆیشتم بۆ فڕۆكەخانە، بەڵام سینەم پڕی پەشیمانی

بوو. ئەشێت وا پێویست بووبێت کە لە نایروبی بمێنمەوە و منداڵەکانم بپارێزم، نەوەك بەجێیان بهێڵم و ئاڵتون و دۆلاری ئەمەریکییان بۆ دابنێم تا خواردنی پێ دابین بکەن و لەکاتی پێویستیدا سوودی لێوەربگرن.

بەهەرحاڵ من بە فڕۆکە گەڕامەوە، پاش چل خولەك فڕین، فڕۆکەوانەکە لە بڵندگۆوە هۆشیاریدا کە گرفتێك هاتۆتە پێش لە بزوێنەرەکەدا و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ فڕۆکەخانە. ئاوڕم لە یەکێك لە هاوڕێکانم دایەوە، وتم «من ناتوانم لێرە بمێنمەوە، ئەشێت تا سبەینێ نەفڕین، بۆیە دەبێت بگەڕێمەوە لای منداڵەکانم و شەوێ لەگەڵ ئەواندا بمێنمەوە». تاکسییەکم گرتو گەڕامەوە بۆ ئەپارتمانەکە.

بۆ بەیانی رۆژی دوایی خەدیجە هاتە ئاشپەزخانەکە تا لێم بپرسێت، داخۆ دەتوانێت سابونەکەی من بەکاربهێنێت و بیبات بۆخۆی، چوون من لەگەرماوەکەدا بەجێمهیشتبوو.

لەپڕ وەڵامم دایەوە، «ئەوەندە لە خەمی سابونێکدایت؟ ئەویش هەڵگرە، تۆ هەرچی ترم هەبوو بردوتە بۆ خۆت.»

لەکۆتایی سالانی 1990، سۆماڵ لەهەموو رەهەندێکەوە وشکهەڵاتبوو: من لەنەخۆشخانە نەمدەتوانی بڕی پێویست پارە بۆ راگرتنی بیمارستانەکە بە کراوەیی‌و پاڵپشتی منداڵەکان پەیدا بکەم. لەگەڵ پەرستارێکی ناسراوم قسەم کرد، بۆخۆی لای پزیشکێك لە کلیمانجارۆ لە ئیستلێی کاریدەکرد. باسی بۆ کردبوو کە چۆن زۆربەی ژنان من دەناسن، باوەڕم پێدەکەن، هاوکات لەچارەسەرکردن لای من رازین‌و بە دڵیانە. بانگهێشتی کردم، تا لەگەڵ ئەو و لەکارەکانیدا هاوبەشی بکەم، هاوکات رۆشتبوو بۆ وەزارەتی تەندروستی تا ڤیزای کارم بۆ دابین بکات. لەکاتێکدا هەستم بە ناکۆکی دەکرد لەبارەی بڕیارەکەمەوە کە لەسەر ئیشەکەم، بڕی موچەکەم دانرابوو. ئاشام لەکەمپەکە بەجێهێشت‌و گەڕامەوە نایروبی تا ئاهەنگی هەزارەی نوێ لەگەڵ هاوسەرەکەم‌و کوڕەکەم بگێڕم.

ئەوکاتە خەدیجە لەتەك مناڵەکانیدا لەبەشێکی تری نایروبی دەژیان، ئەم سیانە پاش چەند ساڵا دووری کەوتینەوە ناو کەشوهەوای رۆتینی خێزان: نانی بەیانیمان پێکەوە دەخوارد، ئینجا من خۆم ئامادە دەکرد بۆ سەر کارو ئەحمەدیش بۆ قوتابخانە، عەدەنیش بۆ چاوپێکەوتن‌و کۆبوونەوە لەتەك سەران‌و ریشسپییانی هۆزەکەی. ئەگەرچی خەڵکی بێزاریان دەکردم بەوەی من خەرجی خانەوادەکە دابیندەکەم، بەڵام ئەو رۆتینە وەهابوو. ئێمە هەردوو خوێندکار بووین کاتێك بۆ یەکەمجار یەکمانبینی، پاشان ئەو بووە ئەفسەر، پیشەیەك بوو مووچەکەی شتێکی ئەوتۆ نەبوو. منیش لای خۆمەوە هەر لە منداڵی‌و ساڵانی سەرەتاوە قەرارم گرتبوو کە خۆم قوتی خۆم دەستبخەم‌و پارەی خۆم پەیدا بکەم، بۆیە هیچکات پێویستم نەبووە داوا لە هیچ کەسێك بۆ هیچ شتێك بکەم.

وەختێك لە کلیمانجارو کارمان نـەدەکـرد، ژنـان ئاسایی دەهاتن بۆ ئەپارتمانەکەمان، وەك رۆژانی پێشوو و لە نۆڕینگەکە خۆم. ژووری دانیشتنی نهۆمی خوارەم بەشکردبوو، لایەك تایبەت بە هۆڵی چاوەڕوانی، لایەکەی تر داخراوبوو تایبەت بوو بە تاقیکردنەوەو پشکنین. داوام لەیەکێك لەپەرستارەکانی کەمپەکە کرد تا بێت‌و هاریکاریم بکا؛ هەندێکجارو وەختێك مناڵبوونی ژنان دەکەوتە شەو، ئەو دەیتوانی بێدار بێت منیش چاوێك لێکبنێم. هەرزوو توانیم مانگانە نزیکەی 1,500 دۆلار بۆ کەمپەکە رەوانە بکەم، تا ئەوەی ئاویان لێنەبڕێت‌و کارەبایان لێنەکوژێننەوە.

بۆ مانگی نیسانی ئەو ساڵە، بانگهێشتکرام بۆ ئارتا لە جیبۆتی بۆ کۆنفرانسێکی دیکەی ئاشتەوایی سۆماڵی. دەمزانی چەند کۆبوونەوەی پێشترو بەدواینیشیانەوەکە لە قاهیرە بەسترا، بێ هیچ کاریگەرییەك رابوردن، بەڵام هەر قبوڵمکرد. بۆ مانگی ئایار دیکۆ دەبووە پزیشك، ئینجا من دەمویست لەتەك خۆم‌و لەوڵاتێکی ئاشتی‌و ئارام کاربکات.

چەند ڕۆژێك بەر لەڕۆشتنم، عەدەن وتی دەیەوێت چەند خزمێکی لەنزیك هارگیسە بەسەر بکاتەوە، ئەمە دەبووە یەکەم سەردانو گەڕانەوەی بۆ باکوری سۆماڵ لەسەردەمانێکەوە کە گەنج بووە. ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئەحمەد، گەرچی لەسەروبەندی کۆتایی قۆناغی ناوەندیدا بوو لە نایروبی، بەتەنها جێبهێڵدرێت، بەڵام ئەو بۆ خۆی لاوێکی بەرپرسیار بوو. بەتەمای ئەوەبوو شوێنەکەی دیکۆ لە مۆسکۆ بگرێتەوە، وەلێ نیازی نەبوو وەك خوشکەکەی ببێتە پزیشك. دەیویست ببێتە فڕۆکەوان.

پێموت «دەی کوڕم گەلێك مەترسیدارە لەو ئاسمانەدا بیت، پێویستە لێرەو لەخوارەوە بەتەك منەوە بمێنیتەوە!»

خەڵکی لە سەرانسەری دنیاوە، هەم لە ئاوارەیی، هەم لە ناوخۆی سۆماڵەوە سەفەریانکرد، بەڵام زۆرێك لە سەردارانی جەنگو بە کوڕەکەی عیدیدیشەوە، ڕەتیانکردەوە بەشداری بکەن. من چەند هەفتەیەك بەشداری کۆنفرانس بووم، ماندوو بێحەوسەڵەبووم، شەکەت بووم بە هۆی کەش و هەوای گەرمو ئەو ئەرگومێنتە کۆنو سواوانەی لە مەڕ خێڵا و خێڵایەتییەوە هەر دەوترانەوە. ڕۆژێك لە گەرمەی دانیشتنەکەدا وتم «ئێمە نیازمان بە ئاشتی هەیە، تا سەرلەنوێ وڵاتە جوانەکەمان بنیاد بنێینەوە. ئێمە هەموومان ناتوانین لە سەر کورسی سەرۆکایەتی دابنیشین، بەڵام ئەگەر بتوانین کەسێکی شیاو بۆ ئەو پێگە هەڵبژێرین، بۆ ئێمە ئەوە بەسە.» کاتێك لە وتەکانم تەواو بووم هەندێك ژنی هاتوو لە تاراوگەوە لە ئامێزیان گرتم.

شەوێکیان دێکۆ پەیوەندی پێوەکردم بۆ هۆتێلەکە، پێموت کە بۆ ئاهەنگی دەرچوونی دێم بۆ مۆسکۆ. وتم «پێویستم بەوە نییە لێرە دانیشم و قسە لە تەك کۆمەڵێك خەڵك بکەم کە لە هیچ تێناگەن». دەمویست دەستم بە عەدەن ڕابگات، بەڵام لەوکاتەوەی ڕۆشتبوو بۆ هارگیسە، نەمدەتوانی بیگەمێ.

کاتێك گەشتینە فڕۆکەخانەی جیبۆتی، تێگەشتم بۆ ئەوەی سەفەری مۆسکۆ بکەم، پێویستە بڕۆم بۆ پاریس، بەڵام بەوەدا کونسوڵگەری فەرەنسا لە جیبۆتی خەتێکی سوری کێشابوو بەسەر پاسپۆرتی سۆماڵیدا، من نەمدەتوانی ڤیزا وەربگرم. لە بری ئەوە دەبوو بگەڕێمەوە بۆ نایروبی، لە وێشەوە سەفەری قاهیرە و ئینجا مۆسکۆ بکەم. نامەیەکی دەنگیم بۆ بەجێهێشت، وتم «ببوورە بۆ رۆژێك دوادەکەوم.»

کاتێك بۆدواجار گەشتم دێکۆ و ئامینە لە وێ هاتبوونە پێشوازیم، ئینجا وێڕای ئەوەی لاواز و کەمکێش دەردەکەوتن، گەلێك شادبوون بە بینینم. منیش لای خۆمەوە بە دیتنی مناڵەکان و وڵاتی دایکی دووەم گەلێ بەختەوەر بووم، بەوپێیەی لە وێ من ساڵانێکم لە بەهاری تەمەنم گوزەراندبوو. زۆری بینا بەرزەکان نەمابوون، بەبینای هەوربڕو تاوەری بێنەخشو ئەدگار شوێنیان گیرابوویەوە، دەستبەجێ هەستمکرد خەڵکی لە زەوییەکەیان دەڕوانی وەك لەوەی تەماشای چاوی یەکدی بکەن. لەبیانی تەواو بەدگومانبوون، چیتر پێیان خۆشحاڵاو کونجکۆڵیان نەبوون.

لە کاتێکدا دێکۆ ئامادەسازی بۆ ئاهەنگی دەرچوونی دەکرد، شلەی کاهوی لێدەناو هێلکەی بۆ زەڵاتە دەکوڵاند، گۆشت و نان و پێویستی تری سازدەکرد، من چووم و لەسەر جێگەکەی ئەو نوستم. شەو بە ئاهەنگ و مۆسیقا و سەما بەڕێوەچوو، ئێمە بەنۆرە قسەو وتەی خۆمان پێشکەش دەکرد. وەختێك وتم سۆماڵ چاو لە ڕێی ئەوانە، خوێندکارەکان چەپڵەیان لێدەدا، بەڵام بەو ئەندازەیە بەشەوقو زەوق نەبوو وەك لەئاست قسەکانی دێکۆ هەڵوەستەیانکرد، ئەو وتی «ژیانی من بریتییە لە هاوڕێکانم و مۆسیقا، بۆیە هەمیشە لەگەڵتان دەبم.»

بۆماوەی دە ڕۆژ بەچەشنێك ژیام وەك ئەوەی دیسانەوە گەنج بم، لە پارکە سەوز و جوانەکان دادەنیشتم، دەچومە قاوەخانەکان، وێنەم دەگرت. شەوێك عەدەن تەلەفۆنی کرد تا لەگەڵ دێکۆ قسەبکات. پاش ئەوەی قسەکانی لەگەڵ

تەواوکرد، دێکۆ گوشیەکەی دایە دەست من. پرسی «تۆ چۆنیت؟» بێ هیچ هەستێك وتم «من لەگەڵ کچەکانم چێژ لە جوانی مۆسکۆ وەردەگرم!».

وتی «پیرۆزە».

دواتر بە دێکۆم وت، کە لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەم لە نایروبی قسەمکردووە، ئەویش رشتەیەکی لە نەخۆشخانەی کلیمانجارو بۆ ئامادە کردووە. وتی «نەخێر دایکە»، ئەو لەو ماوەیەی لە مۆسکۆ بوو کاری بۆ کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) کردبوو، بەتەمابوو درێژەی پێبدا. «من دەمەوێت رشتەکەم لێرەبێت». «UNHCR» هەموو خەرجییەکی من دابین دەکات. منیش وتم، «من دەخوازم تۆ بێیت و کارم لەگەڵ بکەیت، تا لە زانکۆی نایروبی رشتە وەربگریت».

«UNHCR منیان وەرگرتووە و منیش پێموتوون کە دەمێنمەوە.» وشەکانی سڕیانکردم، دەمزانی کە کچەکەم ژیانی خۆی لە تاراوگە خۆش گوزەراندووە، وەها مەزەندەم دەکرد، کە چەندی بکرێت زووتر دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵو نیشتمان.

ئامینە وتی «دێکۆ گەر لەتەك دایکم نەگەڕێیتەوە، بەر نەفرەت دەکەویت.» بەڵام دێکۆ قەراری خۆی دابوو، پاشان ئەگەر منداڵەکان شتێکیان بوتایە ئەوا مەبەستیانبوو ئەنجامی بدەن. نەدەشیا رایان بگۆڕیت و بڕوایان بگۆڕیت.

کاتێك گەڕامەوە ئەپارتمانەکەمان لە نایروبی، ئەحمەدی لێبوو. باوەشی پێداکردمو لەسەر شانمەوە نواڕی. «ئەی کوا، دێکۆ لەکوێیە؟»

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشاو وتم «ئێستا نا»، لەپڕ هەستم بە ماندوێتییەکی زۆر کرد. «باشترە بێمە ژووریێو هەناسەیەك هەڵبکێشم، پێویستە نەختێك بحەوێمەوە.»

عەدەن وتی کە ئەویش گەشتەکەی بۆ باکور خۆش لێگوزەراوە، من لە رووخسارییەوە تێگەشتم چونکە بە راستی کامەران بوو. وتی، «گەلێك پیاوی

دیوە، کە پێویستیان بە ئامۆژگاری ئەم بووە». سوپاسی منی کرد، لەبەرئەوەی بەو چەشنە پشتیوانیم لە کچەکانمان کردووە، وتیشی قایلە بەوەی کە دیکۆ بڕیاری داوە لە مۆسکۆ بمێنێتەوە. پێکەوە تەماشای تۆماری ڤیدیۆیی ئاهەنگی دەرچوونمان کرد: هەر منداڵێك دیپلۆمێکی وەردەگرت، کڵاوەکانیان بە ئاسماندا فڕێدا و باوك و دایکیان لەئامێز گرت. دێکۆی تاکە خوێندکاری سۆماڵیش کڵاوەکەی فڕێداو باوەشی بە هاوڕێکانیدا کرد.

بە عەدەنم وت «تۆ هەڵەتکرد، دەبوو لەوێ بیت».

کەوتمەوە سەر سکەی رۆتینی رۆژانەی خۆم: کاری رۆژانەم لە نەخۆشخانەی کالیمانجارۆ، ئیشوکاری ماڵەوە، گفتوگۆی تەلەفۆنی دووردرێژ لەگەڵ فادومە دوالی، بەوپێیەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی کەمپەکەمان بوو. بەشی پرۆگرامی جیهانی خۆراك لە نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتا لە ناوچەکەدا کاریدەکرد، بۆیە خەڵکی چیتر لە دەڤەرەکەدا برسی نەبوون، هەندێك تەنانەت دەستیان بەوەش گەشتبوو کە کار پەیدا بکەن. ئەو رۆژانە نەخۆشخانەی کەمپەکە دەیتوانی بڕێکی خەرجی، بە ئەندازەی لە سەدا شەست لە مشتەری و نەخۆشەکانییەوە وەربگرێت.

دوو هەفتە پاش ئەوەی عەدەن گەڕایەوە، من لە نەخۆشخانەوە هاتمەوە و ئەوم لە ژووری دانیشتن بینیو جانتایەکی گەورەش لە بەر پێیدابوو. وتی «من کارێکم هەیە لە باکور پێویستە ئەنجامی بدەم، بۆیە دەچمو لە وێ دەژیم. هیوادارم ئەگەر شتێك قەوما و روداوێك هاتەپێش لە وێ بمرم، تۆ بمبوریت. پاشان ئەگەر تۆش مردیت ئەوا من دەتبەخشم».

دەمتوانی بە تۆنی دەنگیدا بڵێم کە شتێك لە گۆڕێ بوو. «تکا دەکەم پێمبڵێ، تۆ لە وێ ژنێکی ترت هەیە؟». چەندین ساڵ بوو من دڕدۆنگ بووم، قسەو قسەڵۆك، ماوەی ژیانمان بەجیا، ژنانی نەناس کە وەڵامی تەلەفۆنیان لە نایروبی یان سعودیە دەدایەوە، یانیش من دڵنیابووم لە هارگیسە شتێك هەبوو.

«هەرگیز»، کاتێکیش ماچی ماڵئاوایی کردم وتی، «من هەرگیز ژنی دیکەم نابێت».

بە منداڵەکانم وت کە باوکیان ئێمەی بەجێهێشتووە. کاتێك ئەحمەد تەلەفۆنی بۆکرد، عەدەن پێیوتبوو «دایکت بێزارم دەکات، دەڵێت گوایە ژنی دیکەم هەیە بەڵام من نیمە، سوێند دەخۆم کە نیمە».

یەکێك لە خزمەکانی عەدەن لە تەك خێزانەکەی هاتن بۆ ئەپارتمانەکەمان، نیازیان بە راوێژکاری پزیشکی هەبوو. پشکنینم بۆ کرد و دەرمانی پێویستم بۆ نوسی، پاشان خزمەکەی داوای لە خێزانی کرد ژوورەکە بەجێبهێڵێت خۆی دەیەوێت چەند قسەیەکی تایبەتم لەگەڵ بکات. وتی «حەوا شتێك هەیە دەبێت پێتی بڵێم، عەدەن ژنو منداڵێکی تری هەیە، منالەکەی کچەو پێنج ساڵە، ئێستاش خێزانی پێنج مانگە دووگیانە».

ویستم بقیژێنم تا بێدەنگ بێت، بەڵام بەو خوێنساردییەی بابەتەکەی دەگێڕایەوە تێگەشتم ئەم کابرایە وا خەریکە راستییەکم بۆ باسدەکات. هەرچەند خۆم عەدەنم بەوە تۆمەتباردەکرد، بۆ ماوەیەکی زۆر رەتمکردەوە بڕوای پێبکەم. درۆی لەگەڵ من و منداڵەکانی خۆی کردبوو، ماوەی شەش ساڵیش لەسەر ئەم پەتی درۆیە یاریدەکرد. هەموو ئەوکاتەی لەتەك ئێمەوە دەژیا، خزمو ئەندامانی خێڵەکەی قسەیان بەگوێدا دەدا، پێیاندەوت «ئێوە هی خۆمانن». مکوڕبوون لە سەر ئەوەی ئەم ژنێك بخوازێت کە کچی خۆیان بێت، نەك یەکێکی وەك من لە هۆزێکی ترەو خەڵکی باشورە.

وەك دایکی خۆیان، منداڵەکانیش رەتیاندەکردەوە باوەڕ بکەن، پاشان ئەحمەد تەلەفۆنێکی لە باوکییەوە بۆ هات. پێیوتبوو «دەبێت پیرۆزبایم لێبکەیت، چوون ئەمڕۆ تۆ بوویە خاوەن برایەکی ترو من شادبووم بە باوکایەتی کوڕێکی تر».

گەلێك ژن لە كۆمەڵگەی ئێمەدا بە شوێن پیاواندا رادەكەن، دەپرسنەوە بۆكوێ دەچن، چ پەیوەندییەكان هەیە، دەترسن فەرامۆشبكرێن، هیچیان بۆ نەمێنێتەوە. جارێكیان هاوڕێیەكم بە ناوی مەیمونە، ژنە مامانێكی بلیمەت ، بە هێز، خوێندەوار، سەركەوتوو، ژنێك كە مامەڵەی مێردەكەی وەك خواوەندێكی بچوك دەكرد، پێیوتم «ئێمە هەندێكجار زۆر لە پیاوان بەدەسەڵاتترین، بەڵام پێویستمان بەوە چۆن لێیان نزیكببینەوە.» من هەرگیز ناتوانم وێنای ژیانی وەك گوزەرانی ئەو بكەم، واتە بە درێژایی رۆژ لە نەخۆشخانە كاربكەم و چەند كارێكی سەرەكی تریشم هەبێت: مێردەكەم خۆشحاڵاو كەیفساز بكەم، خواردن بۆ ئەو و خۆشم سازبكەم، جلوبەرگی بۆ بشۆم و هەڵخەم، گەرماوی بۆ ئامادە بكەم. لە هەندێك رووەوە وەك منالێك نازی دەكێشا، بەڵام كەمێ زیاتر پەرۆشی بوو. ئەگەر ژمارەیەك میوانی بهاتنایە، پاش نەختێك پێیدەوتن «تكایە بڕۆن، لەگەڵ هاوسەرەكەم پێویستمان بەكات هەیە بۆ گفتوگۆ».

من ئەوكات بە مەیمونەم وت «من خزمەتچی ئەو نیم، من خۆشمدەوێت و ئەویش خۆشیدەوێم، ئێمە وەك یەكین، یەكسانین.» دەمزانی پاش روخانی حكومەت من و عەدەن چیتر كاتمان نەبوو بۆ یەكتری تەرخان بكەین. پێكەوە هەوڵماندەدا، وەك هەمیشە كارماندەكردو پلانمان دادەڕشت، تەنانەت پاش ئەوەی دۆخەكە تەواو ئاڵۆز و گرفتئامێز بووبوو. من هەمیشە ئامانجی خۆمم هەبوو، خاوەنی دنیابینی خۆم بووم؛ وەها دەكەوتەوە كە وەختێك سەرم قاڵبوو، ئەویش لەچەند سەرێكەوە بۆخۆی مژول بوو. پیاوانی سۆماڵی دەخوازن بەدەسەڵات بن، دەی عەدەنی منیش لەو نێوەندەدا هەڵاوێرد نەبوو.

ئێمە پەندێكمان هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی عادەتمان كردبوو بە حوشتر بڕۆین و هاوسەنگی دوو سندوق بەسەر پشتو كۆپارەی حوشترەوە دروست رابگرین. دەڵێین، لەم دنیایەدا تۆ هەرگیز چوار سندوقت نابێت. مانای ئەوەیە، مرۆڤ ئەگەر پلانیش دابڕێژێت، مەرج نییە هەلومەرج بەوچەشنە

بڕواتە پێش کە بیری لێدەکاتەوە. شتێك دیارنییە و بزرە؛ ئەویش سندوقی چوارەمە. من ئێستا بیری لێدەکەمەوە، بیرمە ئەیێیۆ هەرگیز پیرۆزبایی لێنەکردم بۆ هەبوونی هاوسەرگیرییەکی بەختەوەر.

لەکاتێکدا دیکۆ هەوڵیدەدا ئاشتەوایی نێوان ئێمە هاوسەنگ رابگرێت، ئەحمەد رەتیکردەوە لەگەڵ باوکی بدوێت. ئامینە ویستی دڵم خۆشبکات وتی «دایە من لەگەڵ تۆدەبم، هەرگیز پەشیمان نابیت. من کچی تۆم، هەرچییەکی بخوازیت من پێتدەبەخشم».

وەك پارێزەرێك، من دەمزانی چۆن جیابوونەوەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم. هەندێك هاوڕێم ئامۆژگارییان کردم نەختێك لە سەری بوەستم، هەوڵبدەم گفتوگۆی لەگەڵ بکەم، بزانم ناشێت ئاشتی ماڵ رێکبخەینەوە، بەڵام ئەو قووڵ و لە ناخەوە ئازاری دابووم. دەمتوانی تەنها بیر لەو هەموو ساڵی هەوڵاو ماندووبوون بکەمەوە، کە کێشابووم تا پارێزگاری خێزانەکەم بکەم، کەچی جەنابی هەوڵیدابوو چۆن ناپاکیم لە تەك بکات، چۆن بە فێڵا و درۆ خۆڵ بکاتە چاوم.

هەندێك هاوڕێی تر دەیانوت ئەو ئاسان لێم جیادەبێتەوە، ئەگەر داوای لێبکەم، بەڵام من دەمزانی ئەوە راست نییە. یەکەمجار کە تۆمەتبارم کرد بە هەبوونی هاوسەری دووەم، وتی «دەبێت من تۆ بنێژم، یان تۆ من ئەسپەردە بکەیت».

# بەشی نۆزدەهەم
# بریکاری وەزیری کارو وەرزش

سەرۆکی تازە دەستنیشانکراوی سۆماڵ، عەبدی قاسم سەلاد حەسەن ئابی ساڵی 2000 دەستبەکاربوو، ئاپۆرای هەزاران کەسی خەڵکی سۆماڵ لە مەقایشۆ، شەقامەکانی ئیستلێی کۆبوونەوە بۆئاهەنگ گێڕان. کەسێك پاسێکی دەگرت بە نایروبیدا تێدەپەڕی، سەرشار دەبوو بە سەرنشینی هاواربەدەم «ئێمە دەگەڕێینەوە!»، گەرچی ئێمە لە کلیمانجارۆ کارماندەکرد، بەڵام ژمارەیەك لە پەرستارەکانم نارد بۆ سندوقە فانتا و سپرایت، تا لەوێوە لەتەك نەخۆشە سۆماڵییەکانمان یادەکە بکەینەوە. لەبەر هۆکارگەلێك پێموابوو کە عەبدی قاسم بژاردەیەکی باش دەبێت. ئەویش لە یەکێتی سۆڤێت خوێندبووی، ئینجا بیرمە لەبارەیەوە دەمبیست وەختێك من لەسکوڵی پزیشکیو لە ئۆکراین دەمخوێند، تەنانەت ئەوکاتیش ناوی وەك کەسێکی میهرەبان، زمانپاراو، قبوڵکراو رۆشتبوو، هەم خوێندکارێکی سەرکەوتوو هەم سەرکردەیەك بوو.

ئێوارەیەك، وەختێك لەنهۆمی سەرەوە خەریکی گۆڤارێکی پزیشکی بووم دەمخوێندەوەو ئەحمەدیش لە خوارەوە تەماشای تەلەفزیۆنی دەکرد، مێردی سوادۆی خوشکەزام هات بۆ ئەپارتمانەکەمان، کوڕەکەشم رێنمایی کردو هێنایە لای من. پرسی «ئەرێ هەواڵەکانی رادیۆتان بیست؟ ئێوە ئێستا ئەندامی حکومەتن».

گوتم، «نەمبیستووە.» من یەکێك نەبووم لەو ژنو پیاوانەی بەدوای عەبدی قاسمدا رایاندەکردو داوای پێگەو پۆستیان لێدەکرد لە حکومەتی نوێی کاتیی نیشتمانیدا. خوشکەزاکەم سەری سوڕما لە وەی تا ئەوکاتە کەس هەواڵەکەی پێنەدابووم، بەڵام من وەك پێشترو ئاسایی بەردەوامبووم لە کاری خۆم. هەفتەیەك پاشتر زەنگێکم بۆ هات، کابرا خۆی وەك وەزیـری کارو وەرزش ناساند. وتی «تۆ وەك جێگری من دەستنیشان کراویت. ئێمە بۆ هەینی چاوەڕوانت دەکەین». ئەم پەیوەندییە رۆژی چوارشەمە بوو.

وتی، جێگرەکەی تری وەزیر ژنێکە وەك پەناهەندە رۆشتبوو بۆ ئۆهایۆو ئێستا لە سەر رێی گەڕانەوەیەتی بۆ سۆماڵ. وەك زۆری ئەندامانی تری حکومەت، ئەو ژنەش لەو ئۆتێلەدا دەژی کە کۆبوونەوەکانی حکومەتی تێدا ئەنجامدەدرێت. وەزیر پێشنیاری کرد پێکەوە لەگەڵی لەژوورەکەدا، لەپشت دیواری بەرزی ئۆتێلو لەسایەی پاسەوانی چەکداردا بژیم، پێیوابوو ئێمە لەوێ پارێزراو دەبین. من سوپاسم کردو وتم لەکەمپەکە دەمێنمەوە، چوون بەمجۆرە دەمتوانی درێژە بە کارەکانی خۆم بدەم.

وەزیـر وتی «بـەڵام ئەشێت کەسێك بتناسێت کە ئێوە نوێنەری ئەم حکومەتەن و زیانتان پێبگەیەنێت».

منیش وتم، «کەس ئازارم نادات»، راستیشم کرد.

هەرگیز نەمویستووە هیچ شتێکبم، پزیشك نەبێت، تەنانەت وەختێکیش یاسام دەخوێند، بیرم تەنها لە پاراستنی ماڵو موڵکی خانەوادەکەم و سەلامەتییان دەکردەوە، نەك لە یاسادانان. بەڵام باوەڕم بەوە هەبوو کە دەشێت وڵاتەکەم لە ئاشتیدا بژی، دەشمزانی زۆرێك لە وانەی حکومەتی نوێیان پێکهێنابوو هیچ بەرژەوەندیەکییان نەبوو لەگەڵ گروپە مێشك پوتەکان نییە.

بە خێرایی خۆم رێکخست بۆ گەڕانەوە بۆ مەقادیشۆ. ئەحمەد دەبوو لە نایروبی بمێنێتەوەو نهۆمی یەکەمی ئەو ئەپارتمانەی بنکە تەندروستیەکەی منی لێبوو بەکرێ بگرێت، تا لە وێ ساڵی کۆتایی خوێندنی ناوەندی تەواو بکات. ئەحمەد پێکەنی کاتێك لە بارەی پۆستەکەی خۆمەوە ئاگادارم کردو پێموت کەسێك لە هۆزێکی بە دەسەڵاتتر جێگری وەزیری تەندروستی پێبڕاوە. ئەحمەد وتی «دایە تۆ دەبێت خۆت قاڵبکەیت بە ئیشوکارەوە، هەرچی وەرزشە هیچی لە بارەوە نازانیت».

بە فڕۆکە گەڕامەوە مەقادیشۆ و بۆ ئێوارە گەیشتمە کەمپەکە. بە گەیشتنەوەم بۆماڵەوە هەستم بە حەسانەوەیەك کرد، چەند مانگێك بوو ئەزموونم نەکردبوو؛ بەوەدا کات درەنگی کردبوو کەسێکی دەستەی نەخۆشخانە مابووەوە تا بەخێرهاتنەوەم بکات. شۆفێرەکەم راسپارد تا رۆژی دواتر لە کاتژمێر یانزە بمهێنێت بۆ ئۆتێلێك لە ناوەندی شاری مەقادیشۆ. رۆژانە ئەنجومەنەکە کاتژمێر یانزە بۆ یەکی پاشنیوەڕۆ کۆدەبوونەوە، شۆفێرەکەش چاوەڕێ دەماو دەستبەجێ پاش ئەوە دەیبردمەوە بۆ کەمپەکە.

حکومەتی نیشتمانی بە کاتی ناو دەبراو بە پرەنسیپی 4,5 کاری دەکرد—واتە وەزیرەکانی لە نێو چوار خێڵە گەورەکەدا دابەشکردبوو، نیوەی ئەو پۆستانەشی دابوو بە پارتێکی تر. بینیم ناوی من، بە پێی ناوەکەم و پێگەکەم و هۆزەکەم دەستنیشانکراوە. کاتێك ئەندامانی هۆزی هاویە هەواڵەکایان لە بارەی منەوە بیست، بە بەسەرهات و داواکارییەکانیانەوە هاتن. وتیان «تۆ نوێنەری ئێمەیت، دەبێت بمانپارێزیت».

وتم «نەخێر، ئێوەش سۆماڵین وەك ئەو هەموو خەڵکەی لە وڵاتەکەدا دەژین. بەرگری لە مافەکانی ئێوەش وەك مافەکانی ئەوان دەکەم».

«واتە تۆ ئەو خەڵکەی ترت لە ئێمە زیاتر خۆشدەوێت؟»

وتم «من هەمووتانم خۆشدەوێت».

سەرەتای هەر پرۆژەیەکی نوێ، لە باخچەیەکەوە تا حکومەتێك، پڕە لە گفتو بەڵێن. ناوەندی ئۆتێلەکە هۆڵێکی گەورەبوو تژیبوو لە مێز و کورسی، لە وێ وەزیر و جێگرەکانیان، واتە نزیکەی نەوەد کەس رۆژانە کۆدەبوونەوە. سەرۆك وەزیران منی نەدەناسی، بۆیە یەکەم رۆژ خۆم پێناساند: «من ناوم د. حەوایە، لە نێوان ئەفگۆیی و مەقادیشۆدا دەژیم.» ئاماژەم بە خێڵەکەم نەدا.

بۆ ڕۆژی دووەم تەواو روونبوویەوە ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرەکان بەڕاستی لەو هەلومەرجە تێگەشتبوون، کە خەڵکی وڵات تێیدا گوزەرانیان دەکرد. کاتێك نۆبەی قسەکردن گەیشتە سەرم وتم «ئەو کۆمەڵگەیەی لێرە پێشوازی لێکردن، چاوی لە ئێوەیە. هەرکام لە ئێوە لە سەریەتی بگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکەی خۆی، بۆ ناو خەڵکەکەی خۆی، هاوکارییان بکات نیشتەجێ بن و ئاشتی لە نێویاندا بەرقەراربێت».

خەڵکێکی زۆر چەپڵەیان لێدا، بە سەرۆك وەزیرانیشەوە. ئەو وتی «ئەوی ئەم ژنە دەیڵێت تەواو دروستە. ئێمە دەبێت ئەو کارە بکەین و پێویستە لە ئێستاوە دەستپێبکەین».

بەڵام بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ شەقامەکانی مەقادیشۆ، بۆ لای خەڵکی نەدارو دەستکورت، بۆ گوندە سەرەتایی‌و خزمەتنەکراوەکان لای زۆری نوێنەرانی تاراوگە، ئەوانەی ئارەزوویان دەکرد لە ژووری پارێزراوی ئۆتێل دابنیشن ، جگەرە بکێشن‌و باس‌وخواس بکەن، پەسەند نەبوو. من ڕۆژانە لە وێ بەجێمدەهێشتن‌و دەگەڕامەوە بۆ نەخۆشخانە و لە وێش چەندی دەمتوانی کارم دەکرد. نزیك بە کاتژمێر نۆ دەچووم دەنوستم، کاتژمێر پێنجی بەیانی دەگەڕامەوە بۆ سەر کار، سەرەتا دەچووم بۆ کێڵگە بۆ تەماشاکردنی مۆتۆرکان و بینیی دەغڵاو دان، ئینجا دەڕۆشتم بۆ نەخۆشخانەکە و لە وێ راوێژم لەگەڵ دەستەی نەخۆشخانە دەکرد.

حکومەتی کاتی هیچ بودجەیەکی نەبوو بۆ بەرنامەی نوێ، بۆیە ئێمەی نوێنەران دەسەڵاتمان کەمبوو. وێڕای ئەوەش، هەندێك لە هۆزە بە هێزەکان کەوتبوونە مشتومڕ، هەرلایەك دەیویست هۆزەکەی خۆی، دەسەڵاتی زیاتر، سەربازی زیاتر، دەرفەتی کاری زۆرتری بەربکەوێت. فڕۆکەخانە و بەندەرە دەریاییەکان هێشتا بەدەست سەردارانی جەنگەوە بوو، میلیشیاکانیان شیرازەی

شوێنەکانیان دەکرد و رەتیاندەکردەوە خەڵکی بچێتە ناوەوە. هەندێ خەڵك ئەم رێگەیان بە دروست دەزانی، ئەوانی تر پشتیوانی ئەو بازرگانانەیان دەکرد کە بە ندەری نوێیان کردبووەوە، واتە بەندەری تایبەت و چاوەڕێ بوون بە دەیان ملیۆن دۆلاریان لەم کارەوە دەست بکەوێت.

چاوپێکەوتنێکی تایبەتم لە تەك سەرۆك وەزیران رێکخست تا ئەم تەنگژەیەی لەگەڵ تاوتوێ بکەم. وتی «حەوا، ئێمە نامانەوێت کێشەو گرفت لە نێو خێڵە بە هێزەکاندا دروست بکەین. ئێمە نامانەوێت هیچ کەسێك خوێنی بڕژێت تا ئەوکاتەی لێرە دەبین، هاوکات ناشخوازین هێزی دەرەکی بانگهێشت بکەینە ناوەوە، ئێمە تەنها لە رێی گفتوگۆوە پرسەکان چارە دەکەین». ئەو باوەڕی بە وتوێژ هەبوو، دەیوت ئاشتەوایی گرنگە.

چەندی هەوڵیدا بۆ چارەسەری ژیرانە لە تەك سەردارانی جەنگ، ئەوان نەهاتنە ژێربار. بەشێك لە کاری ئێمە خۆی لە وەدا دەبینییەوە لە پێگەی خۆمانەوە دانوستان ئەنجامبدەین. لەگەڵ پیاوێك قسەم کرد، ئەو پیاوە ئامۆژگاریی کردم. وتی «بزانە، ئەگەر عەبدی قاسم دەیەوێت ئاشتی بەرقەرار بێت، ئەو دەبێت دابەزێت، بێتە خوارەوە بۆ لای من».

پاش بێئومێدی، دەستم لەچوون بۆ کۆبوونەوە هەڵگرت، بەباشم زانی توانای خۆم پتر لەبەرپرسیاریمدا لە نەخۆشخانە و کێڵگەکەدا بەکارببەم. کەس هیچی نەوت تا ئەوەی رۆژێك عەبدی قاسم زەنگی بۆ کردم و بانگی کردم بۆ ئۆفیسەکەی خۆی. وتی من پۆستەکەم گۆڕاوە؛ ئێستا جێگری وەزیری تەندروستیم.

پرسیم «بەڵام بۆ؟»

وتی «دەمانەوێت دیسانەوە نەخۆشخانەی بەنادیر بکەیتەوە».

«بەڵام ئەوکارە وەك کردنەوەی فڕۆکەخانەیەك وەهایە!» بەنادیر وەك زۆر

نەخۆشخانەو دامۆدەزگای تری میری لە مەقادیشۆ کارەساتی شەڕی ناوخۆ بوو، ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی رۆژگارێك هەیبوو هەنوکە لە دەستی دزو جەردە و باندەکاندا بوو، پەنجەرەکانی دزرابوون، یان پەردەیان بەسەردا درابووەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بووم، خەڵکی لە ژووری نەخۆشو بنکەی ستافەکان نیشتەجێ بووبوون.

وتی «هەوڵێکی لەگەڵ بدە»

خەڵکی پێکەنینیان دەهات کاتێك بیرۆکەکەیان بیست، دەیانزانی حکومەت هیچ پارەیەکم ناداتێت تا بنیادی بنێمەوە و هیچ پاسەوانێکیش نانێرێت تا پارێزگاریم لێبکات. دەیانوت «تۆ هەر لە وێ دەمریت، خەڵك درەندەو چاوقایمن—هەموو کەسێك دەکوژن».

ئێستاش چۆن خەڵك دەتوانن مشتومڕ لە سەر کردنەوەی نەخۆشخانە بکەن؟ چاوپێکەوتنێکم لە تەك عوسمان عەلی ئاتۆ رێکخست، سەرداری ئەو گروپە بوو کە جڵەوی نەخۆشخانەی بەنادیری دەکرد، بنکەیەکیان لە پێش نەخۆشخانەکە دامەزراندبوو. بەوەدا کە شۆفێرەکەم خزمی ئاتۆ بوو، ئەو دەرگای گفتوگۆی کردەوە. ئاتۆ پرسی «سڵاوت لێبێت تۆ چۆنی؟ پێشوازیت دەکەم، فەرمووو».

وتم «من هاتووم تا نەخۆشخانەی بەنادیر بکەمەوە».

وتی «من هیچ گرفتێکم نییە، ئامادەم. ئێمە ناتوانین ئەم هەموو میلیشیایە رێکبخەین، بەڵام هەرچی لە توانای ئێمەدایە دڵنیابە ئەنجامی دەدەین».

هەرزوو پاش ئەوەی عەبدی قاسم منی راسپارد، ئێمەش دەستمانکرد بە هەوڵدان. رۆژی دواتر، لە سەر رێگەمدا بۆ بەنادیر و لە تەك شۆفێر و سێ پاسەوانی خۆمدا، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەم نەخۆشخانەیە کارم کردبوو لە تەك ئەو هاوڕێیانەی لە رۆژانی سەرەتای بنکەکەمدا هاوکارییان کردبووم،

یان چۆن لەگەڵ پانزە بۆ بیست خوێندکار لە تەنیشتمەوە دەهاتم چۆنیەتی نوژداریو گواستنەوەی منالم فێردەکردن. بەڵام کاتێك لە دەرگاکەوە تێپەڕیم و هەلومەرجی پیس و بۆگەنم بینی، ئیتر گەڕامەوە کاتی ئێستاو لە خەیاڵەکەم هاتمەدەرێ . هاوڕێ و هاوکارەکانم، یان هەڵهاتبوون، یان مردبوون، هەرچی ئامێریکیش کەڵكو سودی هەبوویێت، لە مێژبوو دزرابـوو دەرکێشرابووە دەرێ. خێزان لە ژووری نەخۆشەکاندا گوزەرانیان دەکرد، ژوورێکمان بینی زەوییە پلێتەکەی شکێنرابوو لە لایەن کەسێکەوە و پڕی کردبوو لە گەنمەشامی. شوێنەواری ئاگرم لە بەشی نوژداری بینی لە داڵانە گەورەکانیشدا پاشماوەی شایی و سەماو ئاهەنگی هاوسەرگیری دەبینرا.

خەڵکی لێم نزیکدەبوونەوە، پرسیاریان دەکرد، کاتێك بە ناو هۆڵەکانی نەخۆشخانەکەدا گـوزەرم کـرد، تێگەشتم ئەو نەخۆشخانەی لە هەموو روویەکەوە کەمی و ناتەواوی هەیە، هێشتاش بناغەیەکی باشی ماوە، پەرستار، یاریدەدەر، پاکەوانی هەیە، ئەمانە هەموو رۆژێك و پێشتر بەیانیان لە وێ ئامادە دەبوون. هەرچەند هیچ دەرماڵەیەکیان وەرنەدەگرت، تەنانەت پێنج سەنتیشیان وەرنەدەگرت، کەچی لە وێ دەمانەوە چاوەرێ بوون رۆژێك سۆماڵە قەشەنگو نگینەکەیان بگەڕێتەوە.

کاتێك داوای کۆبوونەوەم کرد، هەموو هاتن بـەدەم بانگەکەمەوە، دەیانەویست پێگەی خۆیان بپارێزن. پێموتن «ئێمە بەنیازین ئەم نەخۆشخانەیە بکەینەوە». وتم: هەر نەخۆشێك داوای 15,000 شیلینگی سۆماڵی لێ دەکەین، ئەم برە دەکاتە نزیکەی نیو دۆلاری ئەمەریکیی.

یەکێك لە پەرستارەکان وتی «خودا خۆی پاڵپشتیت بکات د. حەوا، بەجێمان مەهێڵە!».

لە سەرەتادا هەندێك پاڵپشت و پێداویستیمان پێدرا، ئینجا سەرەتا من تەنها

پزیشك بووم، بەڵام ئێمە باشترینی توانای خۆمان خستەکار، پشتمان بەو ئامێرە بەخشراو و دەرمانانە بوو، کە من لە نەخۆشخانەکەی خۆمەوە هێنابوومن. میدیای ناوچەیی روداوەکەیان روماڵکرد لە رادیۆو ئێمە رۆژانە توانای بینینی نزیکەی سی نەخۆشمان هەبوو، هەڵبەتە ئەگەر تەقینەوە یان رووداوی کتوپڕ بهاتنایەتە پێش، ئەو ژمارەیە زیادی دەکرد.

ئەو بڕە پارە کەمەی خەڵکی نەدارو هەژار دەیانتوانی بیدەنە ئێمە، بە ئەستەم بەشی ناردنە ماڵەوەی ستافەکەی دەکرد؛ بەڵام ئەوە سەرەتا بوو ئیدی. چەند پزیشکێکی تر هاتنە نێومان، ئینجا رۆژ لە دوای رۆژ رووی ستافەکە گەشو رونتر دەبوویەوە.

پاشان رۆژێك، پیاوێك کە لەگەڵ ئاتۆ کاری دەکرد هاتە لام. پرسی «سەرقاڵی چیت؟»

وتم «خەریکم پشکنین بۆ نەخۆش دەکەم، خەرجی چوونە ماڵی دەستەی پەرستارانی کارمەند دابیندەکەم».

وتی «چیتر واناکەن، لە ئێستاوە ستافەکە پارە کۆدەکاتەوە، پاشان تۆ رادەستی منی دەکەیت. من مامەڵەی پێوە دەکەم».

«یانی چی تۆ مامەڵەی پێوەدەکەیت؟»

وتی «هەموو سێشەممانێك، دێم وەریدەگرم».

توانام نەبوو مشتومڕی لە تەك بکەم، شوێنەکە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی هی من بوو هی ئەویش بوو، بەدوایدا هاوارمکرد «ئەمە نەپارەی تۆیە نەپارەی حکومەت. من ئەو پارەیە پەیدادەکەمو دەمەوێت بیدەم بە ئەوان!»

رۆژی دواتــرو وەختێك شۆفێرەکەم گەیشتە دەروازەی سەرەکی نەخۆشخانەی بەنادیر، کوڕێك بە چەکێکی AK-47 دەستیکرد بە تەقەکردن بە ئاسماندا. ماشینەکەمان لەپڕ وەستا، هەرچی خەڵك هەبوو لە بەردەم نەخۆشخانەکە رایانکرد! کوڕەکە بە شۆفێرەکەمی وت «دەتەوێت ئەم خانمە

لێرە بکوژرێت؟ جارێکی تر مەیهێنەرەوە بۆ ئێرە. ئێستاش بگەڕێرەوە دوا».

بە بێ ژیانی خۆمان، هیچ سودێکمان بۆ ئەو خەڵکە رەشوڕوتە نابێت کە دەخوازین هاوکارییان بکەین. هەرچی رویدابوو بۆ عەبدی قاسمم گێڕایەوە، ئەویش داوای کۆبوونەوەی هەموو پزیشکانی کرد بۆ سەرنجڕاکێشانیان بۆ هەلومەرجەکە. وتی: ئێمە هەموومان بەرپرسیارین لە تەندروستی وڵات و لە نەخۆشخانەی بەنادیر.

پیاوێك هەستایەوە تا پێشنیازێك بکات، «بەڵێ جەنابی سەرۆك، حەوا جێگری وەزیرە، بەڵام ئەگەر جەنابتان دەخوازن بینێرن بۆ بەنادیر، با پێگەو پۆستەکانمان بگۆڕین. ئەو لە نەخۆشخانە بهێڵنەوە و من بکەن بە جێگری وەزیر».

پزیشکێکی تر وتی «ئێمە داوا دەکەین سەرجەم نەخۆشخانەکانی مەقادیشۆ بگەڕێنەوە سەر مەبەستی رەسەنی خۆیان». بەوەدا بەنادیر سەردەمێك نەخۆشخانەی تایبەتی منداڵانو ژنان بوو، پێی پەسەندبوو لە شوێنێکی تر کاربکات.

پاش چەند رۆژێك گەڕامەوە بۆ بەنادیر، چ من چ ستافەکەش هەوڵی بێئەندازەی خۆماندا تا بەشێوەیەکی نەرمونیان گفتوگۆ لەگەڵ هەرکەسێك بکەین کە روبەڕووی دەبووینەوە. لەحاڵێکدا خەریکبوو هەندێك پێشکەوتنمان لە پرۆسەکەدا بەخۆوە دەبینی، ئەوەندەی نەبرد هەمان گەنج لە بەردەم دەرگای نەخۆشخانە بە خۆی و چەکەکەیەوە توشمان هات. وتی «بڕۆن، بڕۆن»، دەستیدایە چەکەکەیو تێیخوڕین «بڕۆن، ئێرە چۆڵ بکەن». هەندێك لە ئەندامانی دەستەی نەخۆشخانە بارودۆخەکەیان دەبینی، ئینجا یاریدەدەرێکی لاو تکای لێکردم نەڕۆم.

پێموت «ببورە»، بەڵام من دەبێت بگەڕێمەوە ناو ئۆتۆمبیلەکەم. بۆ

پاشنیوەڕۆ ئەو ڕۆژە قسەم لەتەك عەبدی قاسم کرد، «ئەگەر ئێوە بتوانن منداڵەکانتان وەها پەروەردە بکەن، کە خەڵکی نەکوژن‌و تیرۆر نەکەن، ئەوا من دەتوانم وەك وەزیری تەندروسی جەنابتان کاربکەم، بەپێچەوانەوە باری وەها لەسەر شانم نانێم».

چیرۆکێکی کۆن هەیە لەم پەیوەندەوە لەبارەی باوکێکەوە کە چەکێکی کڕیوە تا کوڕەکەی بڕوات‌و کاری پێبکات. لەکاتێکدا حکومەت نەبووە، پێناسەی ئەوان بۆکارو پارە پەیداکردن ڕێگەی کوشتنی خەڵك یان ماڵبڕین بووە. ڕۆژی یەکەمی کارکردنی، کوڕە سەرکەوتوو بووە هەموو پارەکەی هێناوەتەوە بۆ باوکی. ڕۆژی دواتر، لەحاتێکدا کوڕە هەوڵیدابوو کەسێك رووتبکاتەوە، کابرا چەکی پێبووەو دەستبەجێ کوشتویەتی. هەرکە باوك کوڕەکەی دیبوو وتبووی «ئای دوێنێ بایەخی یەك ملیۆنی هەبوو، کەچی ئەمڕۆ لاشەیەکی بێگیانە».

توندوتیژی هێشتاش یاسای راستەقینەی نیشتمانەکەمان بوو، بۆیە بڕیارمدا دەست لە کاری حکومەت بکێشمەوە. باشترین شتێك من فێریبووم ئەوەبوو، لە شوێنی خۆم بمێنمەوە و کاربکەم، بچمەوە بۆ نۆڕینگەکە. کاتێك سۆماڵ لە کۆتایی 2004دا لە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی تر دابوو، ڕەتمکردەوە بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەك بکەم. خەڵکێك کە دەجەنگن لە توانایاندا نییە بنیادنانەوە بگرنە ئەستۆ.

# بەشی بیست
# دەکرێت بیرمان بێتەوە

کاتێك ئەحمەد لەئابی ساڵی 2001 دا، لە نایروبیەوە سەفەری مۆسکۆی کرد تا لەزانکۆ بخوێنێت، تەواوی منداڵەکانم پاش چەند ساڵێك دابڕان، جارێکی ترو لەیەك شوێندا پێکەوەبوون. شادبووم بەوەی کە تەواو دووربوون لەو مرۆڤە ناکەسانەی لە وڵاتەکەیاندا هەبوون، بەڵام مۆسکۆش سیخناخ بوو بە بەدگومانیو هەستی دەمارگیری. شەوێك کۆمەڵێکی نازی نوێ لە پۆلێك خوێندکاری سۆماڵییان دابوو، لە کاتێکدا لە وێستگەیەکدا چاوەڕێی پاسیان کردبوو؛ دێکۆ و ئامینەش لە نێویاندا بوون، خوێندکارێکیش بریندار بووبوو. وەختێك ئامینە هەواڵەکەی بە تەلەفۆن بۆ گێڕامەوە گریانم دەهات بۆیان و هەنسکم دەدا، نەمدەتوانی باوەڕبکەم کە ئەو جێیەی زەمانێك منی بە میهرەبانییەوە قبوڵکرد، ئێستا هێندە داخراوە، منداڵەکانم بەوەی بە شەقامێکدا پیاسەبکەن، دەشێت مەترسی لەم چەشنە بۆسەی بۆدانابن. وتم «دەمەوەری لەتەك هیچ کەسێك نەکەیت، کە هەڕەشەت لێدەکات، هێمن و ئارام بەو هەرشتێك ئەو خەڵکە بەدکارە دەیخوازن بیاندەری«.

جارێکی تر گروپێکی دە بۆ پانزە کەسی لە نازییە نوێیەکان هەڵیانکوتابووە سەر ئەپارتمانی پیرێژنێکی سۆماڵی، بەوپێیەی گروپێك خوێندکاری سۆماڵی چوبوون خوانی شێوان لەوێ بکەنەوە. کاتێك ئەم بەدکارانە هاتبوونە ژوورەکەیو دەستیان کردبووە شەڕ، خوێندکارە سۆماڵییەکان بە چەقۆو چەتاڵەوە روبەڕوویان وەستابوونەوە تا بەرگری لە خۆیان بکەن، ئیدی هەڵهاتبوون.

«بەرلەوەی شۆك بمگرێت»، ئەحمەد رۆژێك بە تەلەفۆن پێیوتم «دایە ئێستا وردە وردە لەگەڵ بارودۆخەکە رادێم».

بۆ 2002 زانیم کە دێکۆ مافی پەناهەندەیی لە لایەن ئەمەریکاوە پێدرابوو. بە ناوی پەناهەندە سۆماڵییەکانەوە و لە رێگەی «UNHCR» کاری زۆری کردبوو، هاوڕێ و ئامۆزاکانیشی رەوانەکردبوو، ئێستا ماڵی نوێی خۆشی لە گراند فۆرك بوو، لە نۆرس داکۆتا. من هەرگیز ناوی وەها شوێنێکم نەبیستبوو، هەرچەند ئارامو هێور بووم، کەچی هەر خەمی سەفەرو ئەو ساتەم دەخوارد کە کاتێك دەگاتە ئەوێ خەڵك چۆن پێشوازی لێدەکەن. ئەحمەد بەڵێنی

پێدام کە خۆی بازاڕی لەتەك دەكات لە مۆسكۆ، دەیبات تا فڕۆكەخانەو لە وێ بەڕێیدەكات، كاتێكیش فڕۆكەكەی چووە ئاسمان پەیوەندیم پێوە دەكات، هەر واشی كرد، بەمە خەیاڵی ئاسودەكردم. كاتێك گەشتبووە نۆرس داكۆتا، پەیوەندی پێوە كردمەوە و ژمارەی دێكۆی لە وێ پێدام. وتی «دایە، ئەو گەلێك خۆشبەختە».

كاتێك خۆم دەنگیم بیست، تێگەشتم ئەحمەد راستیكرد. دیكۆ وتی «دایە لێرە خەڵكی باش لە دەورو پشتمەوەن. ماڵێكیان بۆ پێكەوەناوم، ئێستاش سۆراغی ئۆتۆمبێلێكی نیوداشتم بۆ دەكەن». كاتێك وێنام دەكرد، ئەوم وەك خۆم گەنجو لە تافی خوێندكاریداو لە ناو دەریایەك لە سیماو روخساری سپیدا دەبینی. بە یادكردنەوەی ئەو بەشە لە رابردووم كەیفم خۆشدەبوو; گەرچی ئەو دەبووە مامۆستاو وەرگێڕو لە وێوە رێگەی ژیانی خۆی دەدۆزییەوە.

ئەحمەد ساڵی ئامادەسازی تەواوكردو دواجار بڕیاریدا بچێتو پزیشكی بخوێنێت. خۆشحاڵبووم، دەمزانی پاشتر دەبێتە پزیشكی نـوژدار، بەڵام ماتیشبووم لە وەی دەنگی ماندوویم لەو دوورەوە دەبیست. سەرما تووشی هەناسەسواریو تەنگەنەفەسی كردبوو، دووچـاری هەوكردنی بۆڕی هەوا هاتبوو؛ دەمزانی ئەو فشارەی لە سەریەتی كاریگەری لە سەر تەندروستی تەواوی جەستەی دادەنێت. ئەو وتی «دایە كاتێك لە نایروبی بووم بە هێزبووم. خەڵك بە دومدا دەهاتن، رێزیان دەگرتم. هاوڕێم هەبوو، كەچی تۆ منت نارد بۆ شوێنێك، كە بە مەیمون بانگم دەكەن».

تەندروستی ئەحمەد بۆ شوباتی 2003، واتە ئەو كاتەی لە تەك ئامینە بۆ پشوویەك گەڕانەوە، باش نەبووبوو. كاتێك بینیم بڕیارمدا لەگەڵ خۆم بیهێڵمەوە تا تەندروستی باشدەبێتەوە و دێتەوە باری جارانی خۆی. رەوشی سیاسی بۆ ئەوكاتە نەختێك ئارامتر بوو: حكومەتەكەی عەبدی قاسم هێشتا لە دەسەڵاتدا بوون، بەڵام تەنها گۆشەیەكی بچوكی مەقادیشۆیان جڵەو رێكدەخست. رووبەرەكەی ئێمە لە لایەن گروپی دادگای شەریعەوە كونترۆڵدەكرا، ئەوكات من زانیم ئەمانە خوێندنگەی پەڕگیریان هەیە بەڵام هاوكات بەخشندەشن، گۆشتی بزنو برنجو شلەو خورما دەدەن بە نەدارو بێپەنایان. ئەوان ئێمەیان بێزار نەدەكرد، دەورووبەرەكەش خامۆشو بێكێشە بوو.

ئەو وەرزە مانگۆی پاپایا[17]ی زۆرمان هەبوو، ئەحمەدیش دەیتوانی پشوو بدات‌و باشتر بێت، گەورە ببێت‌و بەرەو سەرکردایەتی هەنگاو هەڵبنێ. لە نێو کوڕەکاندا—پیاوە گەنجەکاندا—ئەوانەی لە کەمپەکەدا گەورە بوون، تیپێکی تۆپی پێی سازکرد، یاری لەگەڵ تیپی کەمپەکانی دراوسێ ڕێکدەخست، پاشان راهێنەرێکی دۆزییەوە تا بەیانیان مەشقیان لە گەڵدا بکات. وەك دەزانن، ئێمە باوەڕمان وایە کە کوڕ واتە پارێزەرو قەڵغان، چاودێری ماڵ‌و موڵکت، ژیانت‌و ژیانی کچەکانت بۆ دەکات. لە کاتێکدا من تەنها لە ناو ژناندا گۆش‌و گەورە بووبووم، هاوکات هەریەکەو بەجۆرێك ڕێگای ژیانمان ئاڕاستە کردبوو، تەنها بەوەی ئەحمەدم دەدی نوستووە هەستم بە شادی‌و حەسانەوە دەکرد. هێند تامەزرۆی کوڕەکەم بوو، کە دڕدۆنگبووم لە بایەخی خوێندن: باشە بۆدەبێت ئەحمەد بەو ئەندازەیە لە منەوە دووربێت، لە کاتێکدا ئەوێ بۆ ئەم هێندە سەختە؟ ڕەنگبێت ئەویش وەك من نیازی بە ژیانێکی سادەو نزیك لە ماڵەوە هەیە.

بیرم لەوکاتە دەکردەوە، کە ئەحمەد تەنها چواردە ساڵ بوو. ڕۆژێك پێکەوە بە کەمپەکەدا پیاسەمانکرد، بۆ ساتێك وەستاین تەماشای خانەوادەیەکی نوێمان کرد کە تازە ماڵیان پێکەوە دەنا. ئەوکات بە ئەحمەدم وت «تۆ دەبێت زۆر سوپاسگوزاربیت دەرهەق بەوەی لە ژیانتدا شکی دەبەیت، ئەو کارەی دەیکەن زۆر سەختە بۆ ئەوان».

ئەحمەد وەڵامی دامەوە «بەڵام ئەوان خۆشبەختن، تا خۆشبەختی هەبێت، ئەشێت ژیان لە سایەی دارێکدا خۆشترین زیندەگی بێت».

ئێستا کە کوڕەکەم وا دەبـووە کەسێکی پێگەیشتوو، حەزم دەکرد لە نزیکی خۆمەوە بێت. ڕۆژێك بابەتی گۆڤارێکم پیشاندا، باسی لە جوتیارێکی ئەمەریکی دەکرد کە خاوەنی 3,000 ئەیکەر[18] زەوی بوو. وتم «تۆ دەتوانیت ببێتە کەسێکی وەك ئەو جوتیارە»، کاتێك ئەحمەد پەڕەکانی هەڵدەدایەوە، بە شانازییەوە بیرم لەو زەوییانە دەکردەوە بە دەورمانەوە فەرشبوو، بووبووە ژێر ماڵی زۆرێك لە خەڵکەوە. بیرم دەکردەوە، ئێمە بۆ هەمیشە ژیانێکی سەختی وەك ئەمەی ئێستامان نابێت. ڕەنگ بێت لە چارەی ئەحمەد نوسرابێت کە

ژن بهێنێت، منالّی ببێت دەسەڵاتی بەسەر ئەم کێڵگەیەدا بکشێت. کاتێك خانەوادەیەك هاتن‌و پێشنیازی کچەکەیان بۆ ئەحمەد پێوتم منیش بە ئەحمەدم گوت لە بەرچاوی بگرێت.

ئەویش وتی «دایە من ناتوانم ئەو کچە بژاردە بکەم، بێسەوادە».

منیش پێموت «دەی کوڕم حەزم لە کوڕەزایە، ئەگەر ئارەزو دەکەیت تۆ بڕۆ بخوێنە، من خۆم کوڕەزاکەم گۆش‌و پەروەردە دەکەم». سەری سوڕما لە وەی پێموت، پێدەکەنی و سەری بادەدا، بەڵام من تەواو شێلگیر بووم لە هەڵوێستەکەمدا. بۆچی نەتوانم هەمان ئەو شادییەم هەبێت کە خەڵکی چێژی لێدەبەن، واتە بۆ دەبێت من خێزانێکی گەورەو بەهێزم نەبێت؟

ئەحمەد پێداگربوو لە سەر ئەوەی من دەبمە خاوەنی هەموو ئەوانە، بەڵام ئەو سەرەتا پیرۆکەی خۆی هەبوو لە بارەی داهاتووەوە. لەگەڵ هاوڕێکانی گروپێکی گەنجیان دروستکردبوو بە ناوی «پارتی نیشتمانی سۆماڵی یەکگرتوو»، چاودێری ڕووداوەکانیان دەکرد و یەك بە یەك بە دوویاندەکەوتن. درووشمیان دەنوسی و هانی بەشداربووی خۆبەخشیاندەدا، هاوکات ئەگەر کەسێك لە گروپەکەدا تەنگانەی هەبوایە و پێویستی بە خۆراك ببوایە، ئەوان ئەحمەدیان ئاگادار دەکرد و ئەویش بە منی ڕادەگەیان، دواتر پێکەوە کارمان دەکرد تا شتێکی زیادەیان بۆ پەیدا بکەین.

کاتێك دێکۆ لە بارودۆخەکە ئاگاداربوو، خەم دایگرت، پرسی «مەگەر تۆ دەتەوێت براکەم بێ خوێندن‌و بڕوانامە لە ناوماندا هەڵکەوێت؟»هەرچەند من دژی ئەو وەستامەوە، بەڵام دەشمزانی ئەو ڕاست دەڵێت. دواترو مانگی ئاب ئەحمەد گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ، بەڵام تا ئەوکاتە کاتی خۆی بە خۆشی لە ماڵەوە و لە کەمپەکەدا بە سەر برد . تیپەکەی سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ یاری کۆتایی پاڵەوانێتی هەموو ناوچەی ئەفگۆیی لە گوزەرەکەدا، یارییەکان لەو تەختاییەدا بەڕێوەدەچوون کە ئەمریکاییەکان بە بلدۆزەر و ساڵی 1993 تەخت‌و ڕێکیان کردبوو . زیاد لە سەد کورسیان بۆ تەماشاکەران ئامادە و سازکردبوو، جامێکیان کڕیبوو دەبوو من بیبەخشم بە تیپی براوە، حەشامەتێکی زۆر لە خەڵك هاتبوونە گۆڕەپانەکە و سەیرانیان دەکرد و هەواداریيان بۆ تیپ

و یاریزانی دڵخوازی خۆیان دەکرد. پێموابێت من لە هەموان زیاتر دەنگم هەڵدەبڕی: کاتێك تیپەکەمان بردییەوە، من جامەکەم رادەستی کوڕەکەم کردەوە و لە ئامێزم گرت.

ئامینە لە مانگی حوزەیران و پشوی هاوین گەڕایەوە لامان، هەموو پێکەوە ئاهەنگمان بۆ گێڕا. بۆ یادی بیست ساڵی ئەحمەد کێکێکی گەورەمان ئامادەکرد، پاش مانگێك ئەحمەد و ئامینە یادی بیست ساڵەی نۆڕینگەکەیان گێڕا. داوایان لە رستێك گەنج و لاو کرد بانگهێشتنامە لە شارۆچکەکەدا بڵاوبکەنەوە: هاوڕێکانمان، هاوکارەکانم، سەرۆك وەزیران، گەلێك کارمەندی دیکەی حکومی بانگهێشتکران، نزیکەی دوو سەد کەس دەبووین، هەڵبەت بە بێ ئەو کەسانەی بەردەوام بەتەك خۆمانەوە لە کەمپەکەدا دەژیان. رۆژی پێش ئاهەنگەکە، مناڵەکانم و هاوڕێکانیان بن درەختە مانگۆکانیان پاكو خاوێنکردەوە، بووە ریستۆرانتێکی کراوەی دەورە نەگیراو، فەرشی جیاجیاو ژووری تایبەتی لە خۆدەگرت. چێشتلێنەری بە ناوبانگی مەقادیشۆ هات مانگایەك و چەند سەر بزنی بۆ سازو ئامادەکردین، تەواوی شەو لەبەر رووناکی ئاگر و ئەو گلۆپانەدا بووین کە دوو دینەمۆی کارەبا دابینیان دەکرد.

یەکەم پۆلی میوان کاتژمێر هەشتی تەواو گەشتنەجێ، تا فەڕشی راخراو گوڵڕێژ بە گوڵوگوڵزارو گەڵای سەوز ببینن. کاتێك خەڵکەکە دەسوڕانەوە، سەرسام دەبوون بەوەی هاوەڵی کۆنیان دەبینیەوەو لە تەکیان بۆ ساتێك دادەنیشتن و لە سەر رۆژانی کۆنی مەقادیشۆ باسوخواسیان دەکرد. گەنجەکان کە کراسی سپیو شەیالەی رەشیان لەبەر بوو دەهاتن و خزمەتیان دەکرد، کاتێك چێشتلێنەر خواردنەکەی بەشکرد هەر تاکێك سێ دەوری بەردەکەوت؛ برنج، گۆشت، میوە. ئەحمەدو هەندێك لە ئەندامانی تیپەکەی چەند تەپڵا و ئامێرێکیان خڕکردبووەوە لە کەمپەکەداو باندێکی مۆسیقییان پێکهێنابوو: کاتێك خەڵکی چێژیان لە خواردن و خواردنەوە دەبینی، مۆسیقایان دەژەند، گۆرانی باو و شادیان دەچڕی، هاوکات گۆرانییەکی تایبەتیشیان بۆ نەخۆشخانەکە نوسیبوو، پێشکەشیان کرد. کاتێك ئیستێکیان کرد بۆ پشودان، گروپێك سەماکاری ئەفەریکی هاتنە سەر شانۆ، ئەمان ئامینە بەکرێ هێنابوونی.

چەند قسەیەکی کەممان کرد. سەرۆک وەزیر هەستایە سەرپێ‌و وتی «من نەمدەزانی لەناو سۆماڵدا زایەڵەی لەم چەشنە لە گۆڕێیە». تەوقەم لەگەڵ کرد، بەڵام وەختێك نۆبەی قسەکردنم هات، هەستم نەدەکرد دروست بێت سوپاسی هەموو کەسێك بکەم. سەرکەوتنەکانمان هەنوکە بە بەرچاومانەوە بوون، بەڵام من کاتە سەختەکانیشم لە بیربوو. بڕیارمدا ناوی ئەو ژنە بەیاد بهێنمەوە کە لە دەستماندا لە تەك ئەوانەی بە جۆرێك پارێزگاریمان لێکردبوون. ناوی ژنێکم هێنا کە منداڵەکانی و مێردەکەی لە پێشچاوی قۆڵبەستکرابوون و کوژرابوون. بۆخۆی زیندو مابوو، تاو تاو دەهات بۆلای من تا قسە لە بارەی منداڵەکانی ئەو و مناڵەکانی خۆمەوە بکەین. لە ئاپۆرەکەم پرسی، «ئێمە چەند کەسمان ناشت کە برسێتی‌و گوللە کوشتبوونی؟ ئێمە نازانین ژمارەیان چەند بوو، بەڵام دەشێت لە یادمان بێت، لە یادیان نەکەین».

کاتێك داوام لە خەڵکەکە کرد هاوکارمان بن تا لە کارەکەمان بەردەوام بین، ئامینە هەستایەوە و هاتەلام و وتی من یەك بە یەکی شوێنپێکانت هەڵدەگرم. زۆرێك لە خەڵکەکە حەپەسان، وا تێگەیشتن مەبەستمە بڵێم خانەنشین دەبم. ئامینە وتی «دایە گوێت لێیە پرتەو بۆڵەیانە؟ نەکەی بڵێیت من شوێنەکەت دەگرمەوە، نەکەی شتی وەها بڵێیت».

بە ئاپۆراکەم وت «من لە تەنیشتییەوە کاردەکەم. ئەوەی ببینم مناڵەکانم لە تەنیشتمەوەن، بۆمن خۆشبەختی ڕەهایە». بێدەروەست لە وەی ئێمە لە سێبەری ئەو هەموو زەجر و زەحمەتکێشانەشدا بووین، ئەوە ڕاستییە. کاتێك دیتم ئەحمەد و ئامینە لە تەك منداڵانی دیکەی پێگەیشتووی کەمپەکەدا سەمادەکەن، وتم، ئێمە کۆمەڵگەکەمان بنیاد دەنێینەوە. ئەوان ڕێبەری دەکەن‌و منیش لە تەمەنی ئاڵتونی خۆمدا دەبم، لە تەك خەڵکی نەوەی خۆمەوە دادەنیشم و ئامۆژگارییان دەکەم، چێژ لە وە دەبینم کە بنیادم ناوە.

چەند ڕۆژێك دواتر، پاسێکی بچوکمان گرت تا هەندێك لە هاوڕێکانی ئەحمەدی پێ بگوازینەوە بۆ فڕۆکەخانە، بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە ئەحمەد بکەن بۆ ڕۆشتنەوەی بۆ مۆسکۆ. کاتێك وادەی گەشتەکەی هاتەپێشێ‌و ئاگاداری بۆ کرا، تیپەکە گردبوونەوە، من و ئامینەش چووینە لایان. شانمان کتومت

لەبنهەنگڵی ئەوجەوانە بەژنبەرزانەوە بوو. ئەحمەد وتی «براو هاوڕێکانم، داواتان لێدەکەم ئاگاداری دایکم بن، ئێوە ئێستاش یەکەیەکی تەواون».

من لە لای دەستەی فڕۆکەوانی ناسراوبووم، بۆیە ڕێگەیان دام لەگەڵ کوڕەکەم بچمە ناو فڕۆکەکە تا کاتی فڕینی هات. کاتێك دەڕۆشتین بەرەو ئەو پاسەی کە دەیبردین بەرەو فڕۆکەکە ئەحمەد وتی «بێخەمبە دایە». سەرم سوڕما کە لە سەر پێپلەی قادرمەکە فڕوکەوانێکی روسیم دیت و ناسیمەوە. فریاکەوتین دەست بکەین بە قسەو ریزی خەڵکەکە کەوتنە جوڵە بۆ ناو فڕۆکەکەو ئەحمەدیش سەرکەوت بۆ ناو فڕۆکەکە. ویستم کوڕەکەم لە ئامێز بگرم، بۆ دواجار ماچی بکەم، وەلێ ئەو بەختەم نەبوو.

پاش چەند مانگ چالاکی، چەند مانگی دواتر بۆ من کاتی تەنهایی بوون، بەڵام ئامینە بەڵێنەکەی خۆی بەجێ گەیاند: ساڵی 2004 دیپلۆمەکەی راستەوخۆ هێنایەوە بۆ مەقادیشۆ، کتومت بەوجۆرەی منیش زەمانی خۆم ئەنجامدا. ئیدی لەوکاتەوە، ئامینە پشوی نەدا. پزیشکێکی نوێ بە ناو مەشقی سەخت و ئەستەمدا گوزەری دەکرد، بێدەروەست لە وەی لە چیدا رشتەی وەردەگرت، لە کاتێکدا ئیشی ئامینە لە نەخۆشخانەکەی ئێمە لە چەند روویەکەوە گەلێك دژواربـوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەشێت بڵێین ئەو زۆر بەختیاربوو: ئەو نەخۆشخانەی خۆی هەبوو تێیدا فێرببیت، هاوکات دایکی خۆشی هەبوو ماماۆستایی بکات. پێموت «ئای چەند خۆشبەختی» ویستم هانیبدەم تا بڕوا بە وەڕزی خۆی بکات. دوای چەند مانگێکی کەم لە بەشی گواستنەوەی مناڵا، سوكو ئاسان لە نوژداریيەکەدا گەشەیکرد، پاشان باشو گونجاو لەگەڵ دەستەی نەخۆشخانەش هەڵیدەکرد، ئەمانە کۆمەڵێك خەڵك بوون کە لە وەختێکەوە ئامینە مناڵێك بوو، دەیانناسی.

رۆژانەو بەیانیان پێکەوە دەچووین بۆ کێڵگەکان، مەکینە کارەباییەکانمان دەخستەکار، دەگەڕاین بە کێڵگەکان دا. لە رێگەی دەروازەی نەخۆشخانەکەوە دەگەڕاینەوە، جلوبەرگی کۆنو پیلاوە لماوییەکانمان دەگۆڕی، تا پەرستارەکان پلانی رۆژیان دادەڕشت ئێمە سوکە ئاوێکمان بەخۆدا دەکرد. پاشان پێکەوە دەچووینە ژووری راوێژ و پشکنین تا دەست بەکار بکەین.

شەوێکیان لەم سەروبەندەدا، ژنێکمان بۆ هات، لە نەخۆشخانەیەکی ترەوە رەوانەیان کردبوو، خوێنبەربوونێکی زۆری هەبوو. مێردەکەی خۆی ئامادەکردبوو ئەسپەردەی بکات، سەری سوڕما کاتێك ئامینە چارەسەری کردو ژنەکەش چاکبووەوە. هێند سوپاس گوزاربوو کە پارەو خواردنی کێڵگەکەی بۆ پێشنیار کردین، بەڵام کاتێك ئامینە زانی کابرا خاوەنی تراکتۆری گەورەیە، داوای لێکرد تراکتۆرەکەی بۆ ماوەیەك لێوەربگرێت تا زەوییەکانی خۆمانی پێبکێڵێت. «تکادەکەم، ئەو خەڵکەی لێرە دەژین، هەموو پێویستیان بە پارەیە.»

وەختێك کچەکەم رێگەی پزیشکی لەبەردەم روونبووەوە، ئاوڕی لە پێداویستیو گرفتەکانی کەمپەکەش دایەوە، هەرکێ گوێی بۆ بگرتایە، داوای کۆمەکی لێدەکرد. ژنێکی تر بلدۆزەری بۆ ماوەیەك پێداین، ئێمەش پارەمان خڕکردەوە تا سوتەمەنی بۆ ترۆمپاکانی ئاو، بۆ ئاودێری پێبکڕینو پارەی زیاد بە کارمەندەکان بدەین. کاتێك کابرای خاوەن تراکتۆر ژنەکەی هێنایەوە بۆ پشکنینی داهاتوی، دۆشداما کە بینی خۆشبەختی ئەو بووەتە مایەی خواردن بۆ سەدان کەسی تر. روویکردە من وتی «تۆ دەبێت هەست بە شکۆیەکی زۆر بکەیت».

وەك خۆم و باقی منداڵەکانم، ئامینەش دڵگەورە و سنگفراوان بوو. کاتێك شتێکی دەبینی، دەستبەجێ بەرخوردی دەدا، دەیویست هەموو شتێك ئەنجام بدات، کاتێك دەیویست نوژداری بکات، ئەمڕۆ نوژداری دەکرد، ئەگەر لەسەر شتێك قەراری بگرتایە، ئەستەمبوو نەیدەگواستەوە سەر کارێکی تر. بەڵام ئەو لەمن گەرمترە، هاوکات چالاکترە لەگەڵ نەخۆش، دەستیان دەگرێت، پێشوازیو بەخێرهاتنیان دەکات، لەگەڵیان دەدوێت. ئەگەر منداڵێکی بریندارمان بۆ بهاتایە خوێنمان لە تاقیگە لانەبایە، بێچەندوچوون دەیوت، خوێن لە من بگرن. دەستی خۆی دەخستە خزمەتی ئەو.

# بەشی بیستو یەك
# ئەحمەد

ڕۆژانی کۆتایی مانگی ئایاری 2005، ئەحمەد لە مۆسکۆوە تەلەفۆنی بۆ کردم‌و وتی خۆی بۆ سەفەر ئامادە دەکات. وتی «ببوورە هویۆ. نازانم ئەمجارە چۆن تۆو ئامینە ببینم».

پرسیم، «بۆ کوێ دەڕۆی؟»

وتی «سبەینێ دەکەومە ڕێ بۆ ئەوجێیەی باوکمی لێیە، لە دوبەیەوە دەڕۆم، بەڵام کاتی ئەوەم نابێت ئێوە ببینم».

وتم «ئەگەر لە دوبەییت، بلیتت بۆ ڕەوانە دەکەم لە دوبەی بۆ مەقادیشۆ. تکایە مەڕۆ بۆ ئەوێ». نەمدەتوانی لەوێ وێنای بکەم، لە نێو ئەو هەمو خەڵکە نامۆیەدا، لەگەڵ باوکی ژنە نوێیەکەی و منداڵە نوێکانیدا بژی. هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی باوەڕ بکەم.

وتی «نا نا دایە، کاری وا نەکەیت، خۆم بلیتم بڕیوە».

«بەڵام ئەحمەد لە وێ هیچی لێنییە بۆ تۆ، من و ئامینە لێرە چاوەڕێتدەکەین».

«من نامەوێت بێمەوە بۆلای ئێوە، دەمەوێت بڕۆم بۆلای باوکم».

تەلەفونەکەم دانایەوە، پەستبووم لە وەی دژی خواستی من دەوەستێتەوە. ئاخۆ باوکی تەلەفۆنی بۆ کردبوو؟ بەم کتوپڕییە چی لە کوڕەکە دەویست؟ وەختێك تەلەفۆنم بۆ دێکۆ کرد، تا بابەتەکەی لەگەڵ باسبکەم، ئەویش بژاردەکەی ئەحمەدی بە دروست زانی‌و پشتیوانی کرد. ئەوەی منی دەهری کرد ئەوەبوو، کە دێکۆ وتی «دەی ئەو دەبێت بڕوات بۆلای باوکی».

منیش توند توند تەلەفونەکەم کێشا بەسەر مێزەکەداو وتم «بۆچی؟ بۆ ئەوەی بڕوات بۆ دیدەنی کەسێك کە درۆی لە تەك کردووە و ناپاکی کردووە؟». ئامینە دڵی دامەوە و هاوسۆزی بۆ دەردەبڕیم؛ پێیوتم کە ئەحمەد سەرەتا لە دوبەی نیشتۆتەوە، پاشانیش بۆ ڕۆژی دوایی گەشتۆتە هارگیسە، پاشان گەلێك ڕۆژ تێپەڕین‌و ئەحمەد تەلەفۆنی بۆ نەکردم. منیش پەیوەندیم لە تەك نەگرت.

ئامینە هەوڵیدا ئاشتەوایی لە نێوانماندا بسازێنێ. لە ئەحمەدی پرسیبوو، «بۆچی تەلەفۆن بۆ دایکم ناکەیت؟»

ئەحمەد پێیوتبوو «دایکم دەڵێت ئەگەر بڕۆیت بۆ هارگیسەو شتێکت بەسەر بێت، من لێرە دەمرم، بۆیە نامەوێت بەوە ئازاری بدەم کە لێرەم».

کاتێك ئامینە ئەمەی پێوتم، چاوەکانم لێکنا، نیگای تەمەنێك لە قوربانیدانم دەکرد. بە ئامینەم وت «لە مڕۆوە، کوڕم نییە».

تەنانەت وێڕای ئەوەی ئازاریشی دابوون، من نەمدەتوانی لە هۆش و دڵی خۆمدا دەریبێنم. دواجار رۆژێك تەلەفۆنی کرد، دەوروبەری سەرەتای مانگی ئاب بوو وتی «دایە چۆنی؟»

هەرچەند هەڵوێستم توندبوو بەرامبەری وتم «ئەحمەد تۆ چۆنی؟»، ئینجا بە بیستنی دەنگی دامرکامەوە، هەستم بەو خۆشەویستییە گەورەیە کرد کە هەمبوو بۆی. هەرچەند زۆرم حەزدەکرد بیبینم، بەڵام داوام لێنەکرد بێتەوە بۆلام، پرسیم «ئێستا لە کوێیت؟»

وتی «لە ئۆتێلم». وتییشی ماوەیەك لە بوراو ماوەتەوە، واتە لە زێدی باوباپیری باوکی‌و لەو جێیەی دوو خێڵی دژبەر دەژیان. پێموت «من متمانە بەو خەڵکە ناکەم، ئەوان باوکتیان ناچارکرد لەگەڵ ئەو ژنە بڕوات، پاشان ئێمە نە ئەو ژنە نە خانەوادەی ناناسین».

وتی «دایە گیان خەیاڵت ئاسودە بێت، من لەگەڵ دوو هاوڕێدام». ئاماژەی بەناوی دوو کوڕ کرد، یەکێکیان جارێك لە نایروبی سەردانی ئەپارتمانەکەمانی کردبوو، ئەوی تر لە کەمپەکەمان گەورە ببوو. «من ئۆتۆمبێلەکەم لێدەخوڕم، بەیانیان باوکم دەهێنم بۆ نوسینگەکەی، ئێوارانیش دەیبەمەوە بۆ ماڵەوە».

بۆ ساتێك هەولمدا بێخەم بم، وتم «منداڵەکانم، من سێ منداڵم هەیە، هەرسێ پزیشك‌و هەرسێك شۆفێرن».

ئەحمەد وتی «دروست، وایە. دێکۆ لە ئەمەریکا شۆفێرەو ئۆتۆمبێل لێدەخوڕێت، ئامینە شۆفێری تۆیە، منیش باوکم دێنم‌و دەبەم.» کۆتایی گفتوگۆکەمان ئارامبەخش بوو، پێیوتم کە خۆشی دەوێم، پاشان بەڵێنیشی پێدام بەو زوانە قسەم لە تەك دەکاتەوە. ئینجا کەوتمە تەماشاکردنی رۆژمێرەکە تا بزانم کەی وادەی گەڕانەوەیەتی بۆ روسیاو بۆ خوێندنەکەی. رەنگبێ سەرەتا بێتە لای من. تۆبڵێی ئەو یەکشەمەیە بێتەوە بۆلای من.

سێ ڕۆژ پاشتر گوێم لە دەنگی گریانێکی بەرزبوو لە ژوورەکەی ئامینەوە دەهات. کاتێك هاتمە ژوور تا بزانم چی قەوماوە، بە شڵەژاوی تەلەفۆنەکەی دەهێناو دەبرد. کوڕەکەی ئاشا بوو، لە کەنەداوە زەنگی بۆکردم. پرسی «قسەت لەگەڵ باوکت نەکردووە؟ کوڕەکەتان مردووە».

ئەحمەد. لە نێو هۆشما ئێستاش بە روونی دەتوانم دەنگی گریانەکەی ئامینە ببیستم. ئامینە نیوەی تەمەنی لە نایروبی پەروەردەی کردبوو. نیوەکەی تر پێکەوە لە کامپ. وتی «تەلەفۆنم کردووە، باوکم دەڵێت هەواڵەکە راستە».

پێم باشتربوو بمرم، بەڵام باوەڕنەکەم بەوەی ئامینە دەیڵێت. رووداوی هاتوچۆ بوو، هەردوو دەستو هەردوو قاچی شکابوو. دوو منداڵەکەی تری ناو ئۆتۆمبێلەکە، واتە کوڕو کچەکەی تری عەدەن، بەسەختی بریندار بووبوون.

کاتێك سەرەتا هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە، خەڵك خەریکی هەرچیبن دەستی لێهەڵدەگرنو دێنەلات، یان پەیوەندیت لەگەڵ دەگرن، تا چیرۆکی خۆیانت بۆ باسبکەن. نەمدەویست لەگەڵ هیچ کەس قسە بکەم، تا ببیستم کوڕەکەم چەندە بلیمەت بوو، پێم بڵێن مێردەکەم چەندە مەینەتی کێشاوە لە پای لە دەستدانی کوڕەکەی. خەڵك دەیانوت «ئای عەدەنی بێچارە»، ئێستا نزیکەی شەست ساڵ تەمەنیەتی، کوڕەکەی تری تەنها چوار ساڵە. «تازە بەختی ئەوەی نابێت کوڕەکەی وەك پیاو ببینێت».

ئەحمەد سۆراخی باوکی دەکرد، بەڵام ئەو نەیپاراست. ئێستا ئیدی بەهۆی ئەوەی عەدەن کوڕەکەمانی بردبوو بۆ باکور، من کوڕم نەما. سەرم پڕبوو لە دڕدۆنگی: ئەو هۆزە پێدەچێت دیبێتیان عەدەن چەندە کوڕەکەی خۆشویستووە و ئەویش باوکی. هەندێ کات هەردوو بە روسی دەدوان، لێرەوە خەڵکی تر تێنەگەشتوون باسی چی دەکەن. رەنگە خێڵەکەی بینیبێتیان ئەحمەد چەندە زرنگە، خەم دایگرتبن لە وەی باوکی بباتەوە.

دەمزانی، هەموو کەسێك دوژمنی هەیە.

بەڵام بۆ ئەوکاتەی من دواجار لەگەڵ عەدەن قسەم کرد، هەواڵەکە لە کەمپەکە بڵاوەی کردبوو، خەڵکی خواردنیان بۆدەهێنایین. دەیوت «زۆر

بەداخەوەم»، بیستم لە دەنگیدا سەدای ئازارێکی قوڵ هەبوو. ڕەتم کردەوە بگریم یان دڵی بدەمەوە. دەمزانی عەدەن کوڕەکەی خۆشدەویست، بەڵام ئەوەی هەڵبژارد کە ئێمە جێبهێڵێت و بڕوات بۆ ئەوێ، بۆ باکورو لە شوێنێك نیشتەجێ بێت کە ئەم ڕوداوانەی تێدا دەقەومێت.

پرسیم «دەی گواستەوە بۆ نەخۆشخانە؟»

عەدەن وتی، ئەحمەد لە جێدا گیانی سپارد. ئەو پیاوەی سەرەتا دیبووی، تێگەیشتبوو کە مردووە، بەڵام ئەو کابرایە نە ئەحمەد نە منی نەناسیبوو. کەوتبووە گەڕانی هەڵە لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵا، لە کاتێکدا لاشەی ئەحمەد زیندو یان مردو لەو شوێنەدا کەوتبوو.

لە وێ و لە هارگیسە سیستمی ساردکردن[19] بوونی نییە، بەنیازبوون سبەینێ بۆ شەمە تەرمی ئەحمەد بنێژن. لێیان پاڕامەوە، «تکادەکەم تەرمەکەیم بۆ بنێرنەوە».

عەدەن وتی، «نا، ناتوانم لاشەکەیت بۆ بنێرمەوە».

پرسیم، «ڕاستی بابەتەکە چییە؟ کێ کوڕەکەمی کوشت؟»

عەدەن وتی «ئەگەر دەتوانی ڕۆژی یەکشەمە وەرە».

ئەوەی بۆ من مایەوە ئازارێکی قووڵا قووڵا، فرمێسکی گەرمو سوێری شەوانەی سەر سەرینەکەم بوو. من بە ئەحمەدم وتبوو «مەڕۆ بۆ ئەوێ«، بەڵام ئەو ڕەتیکردمەوە. من ئەوم بێئەندازە خۆشویست، بەڵام ئەو لە بەرامبەردا ئەوانەی دەویست کە خۆشیان نەدەویست. من بەردەوام هەر وێڵگەردی ڕونکردنەوە بووم. ڕەنگبێت کەسێك بە کرێی گرتبێت تا ئۆتۆمبێلێکی تر لێبخوڕێت. ڕەنگە سەرەتا کابرا بەپشتی خنکاندبێتی، پاشان فڕێی دابێتە ئۆتۆمبێلەکەی ترو پاشان پێکیدا دابن.

یەکێك لەخانمە هاوپیشەکانی عەدەن تەلەفۆنی بۆکردم. وتی «ئای حەوا، زۆر بەداخەوەم کە ئەو ڕووداوەم بیست».

وتم «شتی وەهـام بۆ باس مەکە، ئـەرێ تۆ کوڕەکەمت کوشتووە؟» هەرچەند من لە ناخی خۆمدا دەمزانی کە کاری ئەویش نەبووە، بەڵام شتێك

نەبوو لە دەرەوەی خەیاڵی من بێت. من هەرگیز نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە بژیم‌و ببینم دایکێك کچە تەمەن بیست و دوو ساڵانەکەی خۆی بکوژێت، بەڵام بەچاوی خۆم ئەو روداوەم بینی.

ئەو دەیوت «حەوا شتی وەها مەڵێ، هەموو هارگیسە بۆ تۆ دەگرین». من، نەمدەتوانی جڵەوی توڕەییم بکەم، وتم «من ئەو کوڕە گەنجە خوێنشیرینەم گەورەو پەروەردە کرد، خوێندنم بۆ دابینکرد. بەڵام ئێوە، ئێوە ئەوتان لە سەر رووی زەوی سڕییەوە، ئێستاش پەیوەندی دەکەن تا بڵێن بە داخەوەن؟» گوشیەکەم فڕێداو دامخستەوە.

پێم باشبوو بە گەشتی رۆژی یەکشەمە لە مەقادیشۆوە بڕۆم و بچم بۆ هارگیسە، بەڵام بە هۆکارێك گەشتەکە هەڵوەشایەوە. پاشان، بڕیامدا جێخەوەکەم بە جێ نەهێڵم، بەتانیەکەم توندتر بەخۆمەوە بگوشم، بیرم زۆر لێدەکردەوە: پێیانوتم کە ئەو بەیانییە ئەحمەد زوو لە خەو رابووە، خوشك‌و براکەی سواری ئۆتۆمبێلەکە کردووە، کامێرایەکی وەرگرتووە، رۆشتووە تا وێنەیان لە تەك بگرێت. من هەرگیز هارگیسەم نەدیبوو، بەڵام بیستبووم، کە شوێنێکە لە لم و بەردی سپی، درەختی لێ نییە. ئەحمەد نەدەشیا بچێت کاری وەها بکات، ئەحمەد نەدەچوو کاری وەها بکات لە حاڵێکدا ماڵەکەی خۆی سەرشار بوو بە درەخت.

بەوەدا کە هەردووکمان کوڕەکەمان لە دەستدابوو، وابیرم کردەوە کە عەدەن مرۆڤانە هەڵوێست دەنوێنێت‌و دێت سەرەخۆشیمان لێدەکات. ئامینە پرسیاری لێکرد «باوکە دێیت بۆ سەردانمان؟»

وەڵامی دایەوە، «ئێستا نا». من دەمزانی عەدەن وەك وەزیری ناوخۆی باکوری سۆماڵ کاریدەکرد، پاشان ئامینە پێیوتم کە هەندێ کەس باسیان لەوە کردووە، گوایە خەڵکی دەیانەوێت بیکەنە وەزیری بەرگری. من لای خۆم تێگەشتم ئەگەر بێت بۆ بەشی باشور، بۆ لای هاوسەری کۆنی خۆی، ئەوا پێدەچێت ئەو پۆستەی نەدەنێ کە بۆیان ئامادە دەکرد.

ژیانم وەستا. بۆ چەندین هەفتە لە سەر جێخەوەکەم مامەوە، پاشان بۆ چەند مانگێك نەمدەتوانی بنووم، مانگی تشرینی یەکەم بارانێکی کەم باری، بەڵام کێڵگەکان بە وەردی مانەوە. لە کاتێکدا من خەم و خەیاڵم بووبوە تاقە کوڕەکەم، ئامینە نەخۆشە ئازیزەکانی منی بەسەر دەکردەوەو هاوکات چاوی بەسەرجەم نەخۆشەکانی تریش دەکەوت. پێموت «مەبە بە فڕۆکەوان!» وەها بیرمدەکردەوە ئەگەر بەسەر ئەو زیخی بیابانەوە بێت سەلامەتترە، بەڵام مردن خۆ لە هەموو شوێنێکەوە دێت. من نەمدەتوانی بەری پێبگرم.

لە سەرەتادا ئامینە حەبی هێورکردنەوەی پێدەدام تا ئارام ببمەوە. کاتێك دەگریام، دەهات دەیوت «دایە، من لە لاتم، ئێمە هەموو منداڵی تۆین. مەگەر تۆ تەنها ئەحمەدت هەیە؟ جێمان مەهێڵە!»

پێیلێدەنێم، دەمویست بەجێیانبهێڵم. دەمویست بمرم نەوەك بەو ژانەوە بتلێمەوە کە بەرۆکی گرتبووم.

ئامینەش کەوتە سەر هەمان تەرزی بیرکردنەوەی من، کەوتە گەڕان بە دوای وەڵامەکاندا. یەکێك لە هاوڕێکانی ئامینە کە تا ئەوکات لە مۆسکۆ دەژیا، رۆشتبوو تا بەڵگەنامەکانی ئەحمەد لە تۆماری زانکۆ دەربکێشێتەوە، بەڵام پێش ئەو کەسێك بردبوونی. دەبێت کێ نیازی بە دۆسیەی ئەحمەد هەبووبێت، هەموو کۆرسەکانی قۆناغی ئامادەسازی پێویست بووبێت، نمرەکانی ساڵی یەکەمی خوێندنی مەبەست بووبێت؟ بۆ ماوەی حەوت رۆژ خەو نەدەچووە چاوم، مێشکم لە هەوڵی دۆزینەوەی کلیلی تر دابوو، سەوداسەری سەرەداوی تر بووم. شەوێکیانو کاتێك ئامینە درەنگانێ لە نەخۆشخانەوە گەڕایەوە و هات چاوێکی بە من کەوێت، پێموت «ئامینە پێم بڵێ کە ئەو هێشتا زیندووە».

زۆر لەوە تاریکتر بتوانم رووخساری ببینم، بەڵام دەنگی لە رزۆکیم بیست، هەوڵیدەدا شتێکم پێبڵێ کە راست نەبوو، بەڵام هەردوو مەراقمان بوو باوەڕی پێبکەین: «ئەحمەد زیندووە! ئەحمەد زیندووە» ئەو شەوە دەستبەجێ خەوم لێکەوت: لاشەی مرۆڤ، گەلێك سەیرە.

# بەشی بیستو دوو
# «پزیشکێك وابەستە بە مرۆڤایەتی»

وەرزێکی تری وشکەساڵی زەوییەکانمانی گرتەوە، خراپترین بوو لە ماوەی دە ساڵا و بگرە زیاتریشدا. خواردنو دەرمان نەمان؛ میراوەکان وشکیانکرد، منالان بە هۆی ئەو نەخۆشییانەوە دەمردن کە ئاسان لە ڕێی ئاوی پیسەوە بڵاودەبوونەوە، وەك کۆلێراو سکچوون. نەوەیەکی تر لە خەڵکی برسیو بەشمەینەت کەوتنەڕێ بەرەو ناوچەکەمان. هەندێکجار بە ڕۆژێك بیست بۆ سی خێزانمان وەردەگرت، شتێکی ئەوتۆمان شك نەدەبرد تا پێیان بدەین، دەی شوێنیش کەم بوو تێیدا جێیان بکەینەوە. هیچ چارەیەکمان نەبوو، دەبوو شوێنی ئاسوودە بۆ منالەکان دابین بکەین، تەنانەت سەرباری ئەوەشی کە جێگرەوە نەبوو بۆ ئەو ئاوەی بەفیڕۆیان دەدا. ڕۆژانە هەندێ کات پێنج منداڵو هەندێ کاتیش دە منداڵمان لە دەستدەدا.

هەرچەند من هێشتا لە ناو جێگەکەم بووم، بەڵام شەوانە دەنگی شەکەتی ئامینەم دەبیست کاتێك دەهاتە ژورێ تا لەگەڵم بنوێت. ئەو دەیوت «دایە پێویستم بە کۆمەکی تۆیە»، تۆنی نائومێدی لە دەنگیدا تا دەهات زیادو زیادیدەکرد. دواجار من هیچ چارەیەکم نەبوو، دەبا درێژە بە ژیانم بدەم، ئەگەرچی هیچ حەزیشم بە ژیان نەدەکرد. دەمێك ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بە هیوای یارمەتی تۆن، دەبێت هەوڵێك بدەیت—بە دوویان کەویت، بیانبینیت، بە هەرحاڵا کارێك ئەنجام بدەیتو شتێك بە شتێك بکەیت! هەندێك بەیانی کاتژمێر پێنج دەچومە نەخۆشخانە، بەبێ ئەوەی کوپێك قاوە یان پیاڵەیەك چا بخۆمەوە. دواجار ئێمە کاتی ئەوەشمان نەبوو، کاتێك دەمانبینی ڕیزی خەڵکی چاوەڕوان وا تا خواری قادرمەکانیش کشاوە و درێژبۆتەوە.

ئامینە ڕاپۆرتسازێکی بی بی سی بینیبوو، ڕۆژانە پەیوەندی لەگەڵ من دەگرت: «ئێوە چۆنن؟ بارودۆخەکە بە کوێ گەیشت؟» ئێوارەیەکیان پەیوەندی لە تەك سەرۆکی «UNHCR» بۆ ڕێکخستم، بەڵام ئەو ژنەی لە وێ بوو پێیوتم کە ناتوانن لە شوێنەکەی ئێمە هاوکاری پێشکەشبکەن، لە بەرئەوەی خەڵکی ناوچەکە بیانییەکان دەکوژن.

وتم «ئەگەر کۆمەکمان نەکەن، هەمان سیناریۆی 1992 دووبارە دەبێتەوە». داواملێکرد ئەو ڕێکخراوە خۆماڵییانە بانگبکات، کە خەڵکی سۆماڵ پێکیان

هێناون، تا لە تەك ئەوان خواردن بگەیەننە ئەو شوێنانەی لە هەموان پتر پێویستیان پێیەتی.

سوپاس بۆ خودا، نەتەوە یەكگرتووەكان بە زوویی وەڵامیاندایەوە، هەمومان پێكەوە؛ پاسەوانەكانم، پاسەوانی بارهەڵگرو گوێزەرەوەكان، پاسەوانانی بەرنامەی خۆراكی جیهانی نەتەوە یەكگرتووەكان كارمان دەكرد. خۆراك بە كەشتی بارهەڵگری گەورە دەهات، رێكخراوە خۆماڵییەكان بە بارهەڵگرەكانیان دەیانهێنا بۆ كەمپەكەمان، لە وێ شەویان دەكردەوە، پاسیان دەكرد و دڵنیادەبوون كە بارەكان پارێزراون. بەیانی رۆژی دواتر بەشی ئێمەیان دادەگرت و بەرێدەكەوتن بۆ كەمپەكانی تر. خۆبەخشەكانی ئێمە گەنمەشامیو فاسۆلیاو رۆنو هەریسەیان دابەشدەكرد كە بە زۆری وشكە بوون، هەرچەند دوو ژن لەكەمپەكە، نوراو هودان خوارنی هەشت سەد مناڵیان سازدەكرد كە تەنگەتاو و پەرێشان بوون. وەختێك مناڵەكان ریزیان دەبەست، نوراو هودان گۆرانییان بۆ دەوتن تا هێور و كەیفخۆش بن.

كتومت وشەكانم لەیاد نییە، بەڵام وێنام بۆ دەكرێت كە خەڵكەكە وێڕای پاڵپاڵێنو دەمەبۆڵێ هەر پێدەكەنین. دەیانوت، ئێمە دەبێت نزا بۆ ئەو كەسانە بكەین كە ئەم خواردنەمان پێدەبەخشن. ئێمە سوپاسگوزارین كە ئەوان هاتنو دەرگای ئێمەیان كوتا، خواردنیان هێنایە ناو ماڵمان، چاودێریمان دەكەن. دەبێت فام بكەین، دەبێت راستگۆ بین. لە داهاتوودا ئاشتی دێتە گۆڕێ. ئامین ئامین.

خەڵكی سۆماڵ دەڵێن، مرۆڤ كاتێك گرفتێك چارە دەكات، یەكێكی تر خۆی قوتدەكاتەوە. هەرچەند نەخۆشی كۆلێراو سكچون كەمی كرد، بەڵام توندوتیژی جارێكی تر بەرپابووەوەو بەهەمان ئەندازە مردنی بە دوای خۆیدا هێنا. مەلامەتی توندوتیژی ئەمجارەیان ئاین بوو، هەرچەند من پێموایە ئەمە بابەتێكی تەواو تایبەتو كەسییە. كاتێك ئاینەكان دەبنە سیاسی، دەستدەدەنە بێزاركردن، تەنانەت كوشتنیش بە ناوی خوداوە. ولایەتە یەكگرتووەكان پاش هێرشەكانی 11 ئەیلولی 2001 جەنگی دژە تیرۆری راگەیاند و كەوتنە سۆراغی ئەو كەسانەی باوەڕیان وابوو پاڵپشتی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەكان دەكەن.

لە نێو لیستی گومانلێکراوە مەترسیدارەکاندا ناوی یەکێك لە سەر کردەکانی گروپی دادگای شەریعە هەبوو، بە ناوی شێخ حەسەن زاهیر ئوێس، بەوپێیەی پەیوەندی بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. هاودەم لەگەڵ زیادکردنی بەدگومانی جیهان لە سەر گروپی دادگای شەریعە، گرژی و تەنگژەکانی ناو وڵاتی ئێمەش قوڵتر دەبوونەوە. سەرباری ئەمەش زۆرێك لە خەڵکی سۆماڵ ئەم گروپەیان پێپەسەندبوو، ئەمانە برەویان بە یاسای ئیسلام دەدا، نەك شەڕی نێوان خێڵەکان، پێیانوابوو هەر شتێکی تر بگری لەوە باشتر دەبێت کە جەنگی دوورودرێژی خێڵەکان دووچاری کردبوون. هێزی تری ئەوکاتی سۆماڵ حکومەتی ناچالاکی کاتی بوو کە سەرۆکێکی نوێی بۆخۆی هەڵبژاردبوو، بەڵام لەبەر هۆکاری ئەمنی گواستبوویەوە بۆ بایدواو ژێر چەپۆکەی هێزەکانی ئەسیوپیا.

رۆژێك یەکێك لەسەرکردەکانی گروپەکە خێزانەکەی هێنایە لای ئێمە تا پشکنینی بۆ ئەنجام بدەین. کابرا بێسەوادو بێئەزموون دیاربوو، بە تەنها خۆی پێنج پاسەوانی بە دواوە بوو، پارێزگارییان لێدەکرد. لەکاتێکدا نەخۆشێکی ترم بەسەردەکردەوە یەکێك لە پاسەوانەکانی هاتەلام. وتی «سەرکردەکەمان دەیەوێت چاوی بە تۆ بکەوێت».

وتم «باشە، من ناتوانم بێمە دەرەوە تا بیبینم، بەڵام دەشێت لە ژوورەکەم چاوم پێبکەوێت، کەی ئامادە بوو ئاگادارم بکەرەوە».

پاسەوانەکە بەرهەڵستی کرد، «بەڵام تۆ نابێت ئەم بەرگە بپۆشیت!»، ویستی منیش بە چەشنی ئەو ژنانەی لەو رۆژانەدا تا دەهات زیادیان دەکرد، خۆم دابپۆشم، لە تەوقی سەرەوە تا بنی پێم، واتە وەك راهیبە کاسۆلیکەکان. لە ناوچەکانی دەرەوەی کەمپەکەدا، سەرکردە ئوسوڵییە ئیسلامییەکان پێداگرییان دەکرد کە ژنان بەوچەشنە بەرگ بپۆشن، هاوکات تەقالایان دەکرد مۆسیقا، سینەما، وەرزش، لەگەڵ قات یاساغ بکەن، بە وەی باجی گەورەیان دەکرد یانیش سزای توندوتیژیان دەدان.

لە شوێنەکەی خۆمدا، یاساو پەیڕەو من دیاریم دەکرد، بۆیە بەروانکەی پزیشکیم لانەبردو ملم دانەپێچا. هەرچۆنێکبوو سەرکردەکە هاتەلام، بە

شانازییەوە کەوتە باسی ئەوەی چۆن گروپەکەیان هێزە خێڵەکییەکان دەگێڕنەوە دوا بۆشوێنی خۆیان. وتی «نادادی لە گۆڕێیە، ئێمە دەمانەوێت شەڕی نادادی بکەین».

وتم «باشە کوڕم، بەڵام تکایە چیتر جەنگ هەڵمەگیرسێنن، من غەریبی ئاشتیی دەکەم».

ساڵی 2006، دادگای شەریعە لە ناو و دەوروبەری مەقادیشۆ یەکیانگرت بۆ پێکهێنانی دادگای ئیسلامی یەکگرتوو یان (ICU).

کارەساتێك بوو. بە هاوکاری ئەمەریکا، هێزەکانی ئەسیوپیا پاڵپشتی هێزەکانی حکومەتی سۆماڵیان کردو لە چەند جەنگێکی قورسدا لە پشتیان بوون، سەدان کەس کوژرانو توانیان بە ئاڕاستەی باکوری مەقادیشۆ پێشڕەوی بکەن. رۆژێك نۆ بارهەڵگری گەورە هاتن بۆ کەمپەکەمان، سەرنشینگەلێکیان هێنابوو نەیاندەتوانی بە سۆماڵی قسەبکەن. یەکێك لە پاسەوانەکان وتی «ئەم بارهەڵگرانە چەکداری ئەسیوپییان هەڵگرتووە، ئاگاداری خۆتان بن». بێئەوەی هیچ زیانێك بە ئێمە بگەیەنن بەجێیانهێشتین، هەرچەند لەگەڵ بەرەو باشور بەرێکەوتن وێرانەیەکیان بەرپاکرد.

شـەوان، لە تاریکایدا رادەکشام و دەکەوتمە بیرکردنەوە، سەری خۆم هەڵدەکڕاند. شەوێکیان لەم کاتەدا هەستم بە ژانێکی سەختکرد، لە لاجانگی لای راستمدا. شتێکی وەك هەڵئاوسان وابوو، پاش چەندین شەوانەڕۆژی گریە و زاری، هەستی بێئومێدی بۆکورەکەم، چیتر ئەو بیرۆکەیە وەڕسی نەدەکردم. لەزۆر رووەوە هێشتا هەر هەستم وەهابوو کە لە چاوەڕوانی مردندا بم.

برینە هەڵهاتووەکەم نیشانی ئامینەداو پێموت: بڕیارمداوە چارەسەری خۆم نەکەم. تەلەفۆنم بۆ دێکۆ کرد، لە نۆرس داکۆتاوە گواستبوویەوە بۆ جۆرجیا، پێموت «بێتەوە تا چاوێکم پێبکەوێت».

وتی «حەوا ناتوانم بێمەوە. من تەنها گرین کاردم هەیە.» منیش وتم «رەنگە تۆ کاتێك بێیتەوە کە من ئیدی ئەسپەردە کرابم. باشە مەگەر ئارەزو ناکەیت کاتێك من هێشتا زیندوم بێیتەوە؟»

دێکۆ گرین کارتەکەی هەڵگرتو گەڕایەوە لای ئێمە. بیرمە ئەو ڕۆژەی گەڕایەوە، باران دەباری، کەشو هەوا سازو فێنكو ئارام بوو. هەندێك لە ئەندامانی کۆنی ستافی نەخۆشخانەم گاز کرد، بە فادومە دوالی-یشەوە، پێموتن دێکۆ دێتەوە. ئێوارەخوانێکی گەورەمان سازکرد، مێزی گەورەمان لە ژووری پێشوازی نەخۆشخانەکەدا ریزکرد، بە خەڵکەکەی تریشمان وت ئەمڕۆ میوانێکی تایبەتمان دێت.

ئامینە لە تەك شۆفێرەکەماندا ڕۆیشتن بۆ مەقادیشۆ، ئینجا کاتێك دێکۆی بۆم هێنایەوە، نەمناسییەوە. دوایینجار کە پێکەوەبووین، ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونی بوو واتە ساڵی 2000، لاواز بوو تیشێرت و کابۆیەکی لەپێ دابوو، زولفی ئاڵی بەردابووەوە، بەڵام ئێستا تەواوی جەستەی داپۆشیبوو—لە تەوقی سەریەوە تا سەر قۆڵو باسکە درێژەکانیو بۆ خواریشەوە تا سەر پێیەکانی داپۆشیبوو—پاشان ئەو جۆرەشی کە وەستابوو تەواو نامۆو جیاواز بوو. سەراپای لاشەی پۆشیبوو. یەکێك لە هاوڕێکانی ئەحمەد هات لە ئامێزی بگرێت، بەڵام بەرخوردی کرد، «نا، نا، دەستم لێنەدەیت. مسوڵمان هەڵسوکەوتی وەها ئەنجام نادات».

لە کاتێکدا دۆشدامابووم لەو هەموو گۆڕانەی بەسەر دێکۆدا هاتبوو، چیتر شادمان نەبووم بەبینینی. پاشان ئاهەنگ گێڕانی گەڕانەوەشی بۆ کەمپەکە تەنها کاتێکی کەمی مابوو: کۆمەڵێکی زۆر خەڵك کۆبووبوونەوە کە لە گەڵیان پێکەوە تا کاتژمێر نۆو دەی شەو کارماندەکرد. پاش ئەوە ئەگەر حاڵەتێکی کتوپڕ هاتبایەپێش، ئەوا پەرستاری کارمەند دەهات بۆ دەرگامان و لە دەرگای دەدا، «خێرە خانمی پزیشك، چی قەوماوە، هەستەو لە خەو رابە!»

من و ئامینە عادەتمان کردبوو لەگەڵ پزیشکێکی تر کاربکەین—تا تەمەنی پێگەیشتن لە دەرەوە گەورە بووبوو. ئێمە دەمانزانی کە دێکۆ لە من و ئامینە هێورترە، وەلێ ئێستا دەماندی کەللەڕەقانە دەرگیری شێوازێکی نوێ بووە: لە کاتێکدا من و ئامینە هەرچیمان بویستایە دەستبەجێ داوامانەکرد، ئەوسا چ نیازمان بە کۆمەك بوایە یان وەڵامێکمان پێویست بوایە، دێکۆ چاوی دەگێڕا،

دۆخەکەی دەپشکنی، ئینجا وەڵامیدەدایەوە. هەڵەشەیی  ئامینە لە وەدا بوو کە بەردەوام بانگی دەکردم ئەگەر لە شتێك تێنەگەیشتایە، «دایە، من ئەو نیشانەو ئەو نیشانەم دیتووە، نەخۆشەکەش، ئەمەو ئەوە دەڵێت، چی بکەم؟» پاشان پێکەوە چارەیەکمان دەبینیەوە. دیکۆ هەندێکجار پێی پەسەندبوو کارەکانی بە تەنها ئەنجام بدات، نەوەك بێتو داوای رێنمایی لە خۆشکەکەی یان من بکات.

رۆژێکیان تەقینەوەیەك لە ناوچەکەدا روویدابوو ؛بۆمبێکی چێنراو بە وردەئاسنو بزمار، بەردەوە لە کامپێکی نزیکمانەوە تەقیبووەوە. هەرچەند زانیبووم ژمارەیەك لە بریندارەکان هێنراون بۆلای ئێمە، بەڵام نەمدەزانی بارودۆخیان چۆنە تا پەرستارێك هاتو وتی «دکتۆرە، دێکۆ دەیەوێت نوژداری بکات، بەنیازە سکی نەخۆشێك ببڕێت!»

پرسیم «پزیشکی بەنجی لێیە؟ ئەو ناتوانێت تەنها بە دەرزی خۆماڵی وەها کارێك ئەنجام بدات—نەخێر!»

هاتمە خوارەوە بۆلای دێکۆ وتم «راوەستە. کوڕەکەی لە سەر تەختەخەوەکە راکێشەو وابانگی بەنجکار دەکەین. دەتوانیت سبەینێ نوژداری بۆ ئەنجام بدەیت». مشتومڕێکی زۆرمانکرد لەگەڵ کچە گەورەکەم، تا دواجار فامی کرد کە بێهودەیە. وەك دایكو سەرپەرشتیاری، باشترین رێگەم نیشاندا.

کاتێك خەڵکی دروستمان دۆزییەوە تا کۆمەکمان بکات، دێکۆ بڕینەکەی کردو گەلێك بزمارو وردە بەردی لە ناوسکی کابرای نەخۆشەوە دەرهێنا، پاشان ئەو جێیەی بڕیبووی دوورییەوە. من گەلێك شانازیم بە شێوازی کارکردنی ئەوەوە دەکرد—بە تایبەت توانای بۆمانەوە بە خوێنساردی و ئارامی. پیاوەکە لە مردن رزگاری بوو ، پاشترو کاتێك پیاوێکی تر بە برینێکی گەورەوە لە سکیدا هێنرایە لامان، پێکەوە نوژداریو چارەسەرمان کرد.

ئامینە راستی کرد: کوڕە ئازیزەکەم مرد، بەڵام لانی کەم دوو کچەکەم زیندوو بوون.

نزیکەی سی ساڵا پێشتر بوو، کە یەکەمجار سەرم کێشەی بۆ دروستکردم،

لەو دەمەی کە منداڵەکانم هێشتا ورد بوون. ڕۆژێك هەستم بە شتێکی لە بابەت گرێ کرد لە لاجانگی بەشی ڕاستی سەرمدا، کتومت بە ئەندازەی دوو پەنجە. تا نزیك ساڵی 1988 لە سەری ڕاوەستام، پاشان خۆم دەرمهێنا: خستمە بتڵێکی شلەوە و ناردم بۆ هاوڕێیەکم کە پسپۆڕی شیکاری نەخۆشییەکان بوو. دەرکەوت پارچەکە ئاکامی هەوکردنی پەردەی مێشکە—توێژێکی نەرمە بەسەر پەردەی مێشکەوە.

هەواڵەکە تاساندمی؛ ئەوکاتە دێکۆ تازەپێگەیشتوو بوو، ئامینە هەشت ساڵاو ئەحمەدیش بچوك بوو. محەمەد عەلی نور پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە من نوژداری لە فرایبورگ لە ئەڵمانیا ئەنجام بدەم، بەوپێیەی لەوێ پسپۆڕی ئەم نەخۆشییانەی لێبوو.

شوخی لە تەك کردم وتی «تەنیا ئامۆژگاری من ئەوەیە لە ئێستادا ئەوکارە ئەنجام بدەم کە تۆ دەتەوێت. ئێوە شارەزای نوژدارین، تۆ ئەشێت لە ماوەی پرۆسەکەدا گیانت بسپێریت».

لەوکاتەدا مێردی هاوڕێیەکم وەزیـری ناوخۆ بـوو، خەرجی بلیتو تێچوونی کەینوبەینەکەی گرتەئەستۆ: لە مەقادیشۆ بۆ ڕۆما، لە ڕۆماشەوە بۆ فرانکفۆرت لەگەڵ گەڕانەوە. پاش قسەکردنی لە تەك ئامۆزایەکی کە وەزیری حکومەت بوو، عەدەنیش پارەی بلیتو خەرجی هەمان گەشتی بۆ دابینکرا. من تێلیگرامێکم نارد بۆ ئامۆزاکەم، واتە بۆ ئاسلی، بەوپێیەی شوی کردبوو بە پیاوێکی ئەڵمانیو لە شارێکی بچوك بەناوی لۆراخ دەژیا. وەك دوو خوشکی یەکتر ونکردو باوەشمان بەیەکدا کردو سڵاومان لە یەکتری کرد. ئاسلی وتی «تۆ، لە ئامێزی گرتم، هەروەکو خۆت وەهایت و هیچ نەگۆڕاوی! ئەرێ عەدەن تۆ هێشتا لە تەك حەوادایت؟ باشە ئەوە چەند ساڵە پێکەوەن؟»

لە ماوەی 70 کیلۆمەتر ڕێگای پاسدا بەرەو فرایبۆرگ لە تەنیشت عەدەنەوە دانیشتم، دەترسام لەوەی کێشەی تەندروستیم بۆ دروستبووە و زۆر لە خەمی ئەوەدا بووم.  کاتێك پێکەوە لە ئۆدێسا خوێندکار بووین، ئاسلی هەمیشە دەیوت «حەوا تۆ زۆر شێلگیریت»، ڕەنگە ڕاست بکات.

گەشتینە بنکە تەندروستییەکە و پەرستارێك سەری پاك تاشیم. گریام و رەتمکردەوە تەماشای ئاوێنە بکەم: ئەگەر من نەتوانم تەماشای خۆم بکەم، حەتمەن ناشتوانم لە داهاتوی خۆمو ژیانی ماوەم بنوارم. بیرم دەکردەوە، ئەگەر بمرم لاشەکەم دەبەنەوە بۆ مەقادیشۆ و مناڵەکانمو خزمو دۆست دەیانەوێت سیمام ببینن. مەگەر دەیانەوێت ئەم شێوەیەیان لە یادبێت؟

بۆ بەیانی دواترو ئەوکاتەی پەرستارێك منی دەگواستەوە بۆ ژووری نوژداری، عەدەن لەناو ئاسانسۆرەکەدا لەپاڵا جێگەوەکەمەوە وەستابوو. بەکرژی پێیوتم «نامەیەکم بۆ نوسیویت». کاتێك دەیانگواستمەوە بۆ ژوورەکە خوێندمەوە: خەمی هیچت نەبێ، تۆ نامریت. بە داخەوەم کە دەبینم تۆ نەخۆشیت، بەڵام لای خوا دەپاڕێمەوە کە سەلامەت رزگارت بێت. کاتێك دەمخوێندەوە لاشەم سوك و دڵم ئاسودەی تێدەگەڕا، بۆ ساتێك وەها هەستمدەکرد هەموو ژیانم رێكو دروست رەوتی کردبێت و چ خەوشێکی نەبێت.

کاتێك چاومکردەوە تەنها خاڵێکی بچوکی سپیو خاڵێکی بچوکی رەشم بینی. بەردەوام چاوم دەتروکاند تا حاڵیبووم: خاڵە سپییەکە پزیشکی نوژدار و خاڵە رەشەکەش هاوسەرەکەمە. هیچ ئازارێکم نەبوو. وەختێك پزیشکەکە بۆی روندەکردمەوە چی روویداوە، هەستمدەکرد سەرم بە تەونێکی تەنك پێچراوە: وەختێك گرێکەیان لابردبوو پێستەکەشیان لەگەڵدا لادابوو، ناچار لە لای چەپم هەندێك پێستیان بڕیبوو تا ئەولاکەمی پێ سارێژ بکەن.

عەدەنو من نزیکەی دوو مانگ لە ئەڵمانیا ماینەوە، تا چاکبوومەوە. لەو ماوەیەدا ئاسلی پرچێکی ساختەی بۆ کڕیم، بەڵام من بڕیارمدا لە چکێك لە سەر بکەم نەك وەك کەسێك خۆم بنوێنم کە من نیم. شەوان لە تەك ئاسلیو مێردەکەی هەڵدەستاینو وتوێژمان لە سەر بارودۆخی سیاسی سۆماڵ دەکرد. ئاسلی وتی «ئەو وڵاتە چۆڵەوانییە، هیچ شتێکی بۆ ئێوە تێدا نییە».

دەیویست من ڤیزاکەم درێژبکەمەوە و منداڵەکانیش رابکێشمە ئەوێ. لە کاتێکدا عەدەن ئەگەرەکەی هەڵدەسەنگاند، من دەستبەجێ رەتمکردەوە، یادمخستەوە کە هاوینی ساڵی 1969، وەختێك خوێندکاربووینو بە

گەشتێك چووین بۆ لەندەن چیم پێوتبوو. پێموت «بۆنی سیلگابم لە جوانی شەقامی ئۆکسفۆرد پێپەسەندترە ، هێمام بە گوندێکی کەمدەرامەتی دەوری مەقادیشۆ کرد. وڵاتەکەی تۆ جوانە، بەڵام ئەوی من باشترینە».

ئاسلی سەری راوەشاندو وتی «حەوا تۆ بە راستی کەللەڕەقی».

«من بەوشێوەیە تەماشای ناکەم». وتەکانی ئەیێیۆم لە یادبوو کاتێك نزای بۆدەکردم: کچم تۆ لە سەر ئەم خاکە دەبیتو کەسیش بێزارت ناکات.

بۆکۆتایی ساڵی 2006، هەردوو بەرەکە لە ناو مەقادیشۆدا دەجەنگان؛ خەڵکی بێتاوان لە شەڕەکە هەڵدەهاتن، هەرچەند ژمارەی ئەمجارەیان مەزەندە نەدەکرا، بەڵام جارێکی تر دەگەڕانەوە بۆ ئەفگۆیی رۆود. لە تەنیشت ئەو توندوتیژییەوە، وەها دەردەکـەوت کە ئەسیوپییەکان نەگبەتییەکی تریشیان هینابوو، هەندێك جۆری ژەهریان پێبوو. نازانم داخۆ لە گوللە یان لەو بۆمبانەدا کە بەکاریان دەهێنان، گومان وابوو کە شتێکی فوسفۆڕی سپی بوو، زۆر ژن لەو سەروەختەدا هاتنە لامانو مناڵەکانیان لە بارچووبوو. لاوازەکانیان دەهاتنو هەڵژنابوون لە خوێن، تۆقیبوون، بەرلەوەی جەنگ بوەستێت دوو هەزار حاڵەتی لەوجۆرە هاتنو لە نزیکەوە بینیمانن. من و ئامینە هەموو شەوێك چارەسەرمان دەکردن بۆ ئەوەی خوێنبەربوونەکەیان بوەستێنین، بەیانیانیش پاسەوانەکان دەچوون بە شوێن تەرمی ئەو ژنانەدا دەگەڕان کە نەگەشتبوونە لای ئێمەو بەدەم رێگاوە گیانیان دەرچوو بوو.

لە بەرەی «ICU»، میلیشیا بە هێزەکانیان، واتە ئەلشەباب، دەهاتن و بە شەقامەکاندا دەگــەڕان، دەیانوت «هێی گەنجە مسوڵمانەکان، دەتانەوێ بڕۆن بۆ بەهەشت؟ ئەمڕۆ ئەو بەختە هاتۆتە پێش! وەرن لەگەڵ بێباوەڕان—گالۆ—بجەنگن!» منداڵانی قۆناغی ناوەندیش هەموو رایاندەکردو دەیانوت «من دەمەوێت بچمە بەهەشت! من دەمەوێت بچمە بەهەشت! پیاوەکان مەشقیان پێنەدەکردن، بەڵکو تەنها تفەنگیان دەدایە دەستیان: هەر کڵاشینکۆف، کڵاشینکۆف، کڵاشینکۆف. پاشان دەیانوت وەرن بڕۆین بۆ جەنگ دژی گالۆ!» گروپێك منداڵا بارکرابوون لە ئۆتۆمبیلێك بۆ

کوشتنی ژەنەراڵە ئەسیوپییەکان، هەرچی بەناو-سەربازی لەمجۆرە هەبوو، بە گەلەکوشتار تیاچوون. یەك کەسیان نەگەڕانەوە.

هەواڵی جەنگ ڕۆژنامەنوسانی پەلکێشکرد بۆلای ئێمە. زیاتر لە ئۆتێلەکانی مەقادیشۆ دەمانەوە، وەك ئۆتێل شامۆ، لەگەڵ ئۆتێل ئاشتی؛ هاتبوون زانیاری دەستخەن، بۆیە هەواڵدەرەکانیان زۆرجار دەیانهێنان بۆلای من. لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەنوسێکی ئەمەریکی بە ناوی ئێلیزا گریسۆڵد چەند جارێك سەردانی کردین. ڕۆژێك ئەمو وێنەگر سیموس میۆرفیم بە تەواوی کەمپەکەدا گێڕا. بیرمە ئەو ڕۆژە شوێنگۆڕکێ بۆ خەڵکی نوێو نیشتەجێ کردنیان ئەنجامدەدرا، لە ملاولاوە شوێنیان بۆدەکردنەوەو تێکەڵ بەم کۆمەڵاو بەوکۆڵا دەکران تا پەناگەیەکیان دەستکەوێت. بە ئێلیزاو سیموسم وت، وەختێك تەواو دەبن بۆشاییە بەجێماوەکان بە قاپی لاستیك دەگرن یان بەهەر شتێکی تر دەستیان بکەوێت بە کارتۆنی شمەك یان جانتای بەتاڵا.

دژواربوو بۆ هەر ڕۆژنامەنوسێکی خۆراوایی زیاد لە کاتژمێرێكو دووان بمێنێتەوە، بە سەرێك لە بەرئەوەی ئێمە نەماندەویست، پاشان لە ترسی ئەوەشی بکرێینە ئامانج. کاتێك لەگەڵ ئێلیزا گەڕاینەوە بۆ نەخۆشخانەکە، ژمارەیەکی زۆر منداڵ شوێنمان کەوتبوون. باسی ئەو هەوڵانەم بۆکرد کە ئێمە گرتومانەبەر بۆ ئاشناکردنیان بە پەروەردە و خوێندن: ئەو قوتابخانەیەی مارێنزە ئەمەریکییەکان دروستیانکرد تا 1997 بەردەوام بوو؛ بەوەدا کە دە ساڵ بە سەر بیناکەدا گوزەرابوو، قالۆنچە و مێرووی تر فایبەر و تەختەی باریکی بیناکەیان خواردبوو داهێزرابوو، بەڵام خۆشی بۆ ماوەیەکی کاتی بنیاتنرابوو. بۆ ماوەیەك قوتابخانەکەمان گواستەوە شوێنێکی تر، بەڵام بەوپێیەی نەمانتوانی خواردنیان بۆ دابین بکەین تا کاربکەن، هەموو مامۆستاکان ڕۆشتن. ئێلیزاو دێکۆم بە تەنها جێهێشت تا پلانی قوتابخانەیەکی نوێ دابڕێژن. من دەمزانی، دێکۆ باوەڕی بە قوتابخانە لە هەرکام لە ئێمە زیاتر هەبوو. دڵنیابووم هەموو ڕێگەیەك دەگرێتەبەر تا بیخاتەوە سەر باری پێشووی.

پاش وێنەگرتنی هەندێك لە كامپە بچوكەكانی ئەفگۆیی، وێنەگرێكی سویسرایی بەناوی ماتیاس بروگمان هات بۆ كەمپەكەی ئێمە. بارانی لێزمە جارێكی تر لە ئاسمانەوە داباری، بۆیە كاتێك لەگەڵ ئامینە ڕۆیشتن تا گەشتێك بە كەمپەكەدا بكەن، كەوتنە بەر ڕێژنەی شەستەبارانو كامێراكەی تەواو تەڕبوو. بە خوساوی گەڕایەوە بۆ ژووری پێشوازی، لەوێ دانیشتینو باسی ئەو گرتانەمان كرد كە دیبووی، لە بارەی دۆخی سیاسی ئەندێشەنەكراوەوە دوایین، لە مەڕ كاری ئەو و ئیشەكەی منەوە ئاخاوتین. متیاس، وەك ئێلیزا لە ماوەی مانەوەی لە سۆماڵ چەند جارێك هاتە سەردانمان، شایانی باسە یەكێك لەو وێنانەی لە كەمپەكە گرتی لە تایم مەگەزیندا بڵاوكرایەوە.

ڕاپۆرتنوسێكی لۆس ئەنجلس تایمز لە وەختی بەسەركردنەوەی منداڵە نەخۆشەكاندا سەردانی ئێمەی كرد، پێكەوە لە سەر قەرەوێڵەیەكی گەورە پاڵمان خستبوون و هەریەكە و لەسەر بەتانییەك ڕاكشابوو. ئەو باشترین كارێك بوو بتوانین بۆیان بكەین، تەختەخەومان نەبوو بیخەینە خزمەتیان، سەروەختی بارانیش دایكیان بە سەریاندا دەچەمینەوە تا تەڕنەبن. ئەو ڕۆژنامەنوسە دوو ڕۆژ لەگەڵ من مایەوە، هەرچی من ئەنجامم دەدا، ئەو دەینوسی. وەختێك پشكنینم بۆ سكی منداڵێكی توشبوو بە سكچوونی سەخت دەكرد، ئەو تەماشای دەكردم. نیشانمدا چۆن دەتوانم بڵێم كە گوشار خستنەسەر سكی منداڵی توشبوو گەلێك باشە.

پرسی «باشە تۆ بۆ لێرە دەمێنیتەوە؟»

پێموت «ئەو خەڵكە ڕەشوڕووتە دەبینی؟ چۆن بتوانم بەجێیانبهێڵم؟» وتم كە كوڕێكم كوژراوە، پاشان خۆشم ئارەزوی مەرگ دەكەم. بەڵام تۆ بڕوانە ئەو خەڵكە، وێڕای ئەو هەموو ژانەی هەیانە كەچی هەر مەراقیان لە ژیانە، دەزانم دەتوانم بە چەشنێك كۆمەكییان بكەم.

ئەو ڕاپۆرتنوسە بابەتەكەی سەرلەبەری لە ژێر ناونیشانی (پێودانگی پزیشك مرۆڤبوونیەتی)، بڵاوكردبووەوە.

كاتێك بۆ یەكەمجار بینیم دڵم بەخۆم دەسوتا، بیرم لەو گرێیە (دومەڵە) دەكردەوە كە لە سەرما هەبوو، خەیاڵی ئەو هەموو چەرمەسەریو بێدەرەتانییەم

دەکرد کە بینیبووم و چەشتبووم. بەڵام وەختێك كەوتمە خوێندنەوەی هەڵوێستم گۆڕا. راپۆرتنوسەکە پرسوجۆی لای هەندێك نەخۆش کردبوو، «بە رای تۆ خانمی پزیشك چۆنە؟» ژنێك وەڵامی دابووەوە، «خاتون شاژنە، ئێمە لێرە کەسی تر شکنابەین بمانپارێزێت».

پیاوێکی ئەمەریکی بابەتەکەی خوێندبووەوە و هەرچۆنێك بوو ژمارەکەی منی پەیدا کردبوو. ویستی هەوڵەکانمان هەڵسەنگێنێ و بە جۆرێك پشتیوانیمان بکات، چەکێکی 200 دۆلاری بۆ رەوانە کردین. دواتر زانیمان پەنجا کەسی تر پەیوەندییان بە رۆژنامەنوسەکەوە کردبوو نیازی خۆیان بۆ هاریکاری پیشاندابوو. دەتوانی وێنای ئەوە بکەیت کە پەنجا کەس لەوسەری دنیاوە ئەم نیازەیان هەبوو؟ ئەو دوو سەد دۆلارە سەرەتای دامەزراوەی حەوا عەبدی پزیشك بوو، ئەو رێکخراوەی دێکۆ لە جۆرجیا دایمەزراند.

ئێلیزا بە هەواڵی خۆشەوە پەیوەندی لەگەڵ دێکۆ گرتبوو: پێی وتبوو پارەی پێویستی بۆ بیناکردنی خوێندنگەیەکی دوو کلاسی کۆکردۆتەوە. رێکخراوی تریش پەیوەندییان پێوە کردین بۆ دامەزراندنی خوێندنگەی گواستراوە لە خێمە و کابینەدا، بەڵام مەیلی دروستکردنی تەختەڕەش و کورسی دانیشتنیان نیشان نەدابوو، گەرچی قوتابی ئەمەشی پێویستە. من پێموتن «ئێمە دەمانەوێت قوتابخانەکەمان لەو قوتابخانانە بچێت کە لە جیهاندا هەن، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو پێداویستییانە نەبێت، مەگەر قوتابی چۆن دەتوانن ئەو شتانە بنوسن کە دەیانەوێت بینوسن؟»

دواجار توانیمان شتێك بنیاد بنێین کە دەمانزانی درێژە دەکێشێت: دوو ژوورمان بە خشت بیناکرد، هەندێك تەختەمان بۆ دانیشتن سازوجۆر کرد، پاشان هەندێك تەختەش وەك مێزی نوسین. دوو مامۆستا لە ناوچەکەوە، گەرچی بە شێوەی تایبەت کاریان دەکرد، بەڵام لە بەرامبەر بڕە موچەیەکی کەم قایلبوون بێن و لەوێ وانە بڵێنەوە. ئێستا پێکەنینم بە ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانەکە دێت، چوون ئارەزومەند هێندە زۆربوون شوێنی هەموویان لەسەر کورسی دانیشتن نەدەبووەوە. ناچار مامۆستا و خوێندکارەکان لە دەرەوە دادەنیشتن و دەیانخوێند.

# بەشی بیستو سێ
# دەریایەك لە پێویستی

ڕۆژێك ئامینە ڕۆشت بۆ مەقادیشۆ، تا بزانێت ناتوانین هێلێکی ئینتەرنێت لە کەمپەکەدا بکەینەوە. لە کاتێکدا بە بازاڕی بەکارەدا سوڕابووەوە گروپێك پیاو ڕایانگرتبوو، عەبایەکی ڕەشی قورسیان بۆ درێژکردبوو. پێیانوتبوو «لە بەری بکە»، هەرچەند ئامینە زووهەڵچوو هەڵەشەیەو سوکایەتی پێکردبوون، دواجار هیچ چارەیەکی نەبوو، ناچار لە بەری کردبوو گەڕابووەوە ماڵێ.

لە ماوەی سەردەمی ڕێبەرە چەکدارەکاندا، دەمانبینی دوو بەرە جەنگیان دەکرد: یەکێکیان شکستی دەخوارد و ئەویتر هەژمونی دەکێشا، بەڵام ئەو گروپە بە ناو-ئاینییەی دەیانویست بێنەسەر دەسەڵات، جیاوازبوون، هێرشیاندەکرد، گوشاریان لەسەر خەڵك دادەنـاو شیرازەیان بەچەشنێك دەکرد، من پێشتر نەدیتبووم نەخوێندبوومەوە. بە ناوی خوداوە، بە بێ ڕێپێدان و ڕوخسەت هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵان، ئەمەش شتێك بوو قورئان خۆی یاساغی کردبوو. پاشان ئەگەر ژنێکیان ببینایە بەبێ چارشێو، تەنانەت ئەگەر لە ژووری دانیشتن بە تەك مناڵەکانیشیەوە بووایە، لێیاندەدا. تێناگەم مرۆڤ چۆن دەتوانێت وەها بیربکاتەوە، کە جلوبەرگ ئەشێت بیانبات بۆ بەهەشت. قورئان دەفەرموێت، خودا بە ئاگایە لە وەی چی لە نێو دڵتاندا هەیە. هەموو شتێك لە دڵتانەوە دێت.

چەندی ئەم خەڵکە ئاینییە گەشەیان بکردایە، هەموو کەسێك و هەموشتێك گومانی خۆرئاوایی یان پاڵپشتی خۆرئاوایی لەسەر بووایە دەکەوتە بەر هەڕەشە و مەترسی: ئەگەر کەسێك مەشقی سەربازی بکردایە یان پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبووایە، دەگونجا بکوژرێت. تەنانەت مامۆستایانی قوتابخانەش هەڕەشەیان لەسەر بوو سزابدرێن، ئەگەر شتێکیان فێری قوتابیان بکردایە بەدەر لە وەی بجەنگێن بە ناوی خوداوە. ئەم هەڵوێستە پڕوپوچ و بێمانایە! خودا ژیان دروستدەکات، نیازی بە ئێوە نییە تا خەڵکی ناپێویست بۆ بکوژن. پیاوە ئاینییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە باوەڕەکانی دەرەوەی ئیسلام

جیاوازن، بەڵام هەموو ئاینەکان هەمان فەرمانو راسپاردە دووپات دەکەنەوە؛ مەکوژن، درۆ مەکەن، دزی ئەنجام مەدەن. هیچ شتێکی وەها نەنوسراوە بڵێت شکاندنی ئەم رێسا هەرە گرنگانە ئێوە دەخاتە بەهەشتەوە.

ئەم پیاوانە هەوڵیاندا یەکێك لەو کوڕانەی لای ئێمەبوو بە ناوی ئیسماعیل، هەڵبگێڕنەوە، خێزانەکەی لە کۆلێرایەکی کوشندە قوتاریان بووبوو و هاتبوون بۆ لای ئێمە. باش پەروەردە کرابوو، بە هێز بوو، زۆریش زیرەك بوو. کاتێك دەنگۆکەمان بیست پێشنیاری کارێکمان خستە بەردەستی، بەو هیوایەی لە چوارچێوەی شوێنەکەماندا قەتیس و سەرقاڵی بکات. ئیسماعیل خۆشی لەوە دەهـات، کە وەك یاریدەدەر لە نەخۆشخانەکە کاربکات، هەموو رۆژێك دەهات بۆ لای ئێمەو وەسفی هاوڕێکانی دەکرد. دانی پێدادەنێم کە سەرەتا جڵەوکردنی سەخت بوو. من دەبوو مەشقی پێبدەم چۆن جڵەوی پەتا بکات: پێموت «تۆ سەرەتا لێرە دەستەکانت بە کلۆراو دەشۆیت، گەرنا نابێت بڕۆیتە ئەو ژوورەوە».

دێکۆ دەستی بە کارکردن لەگەڵ ئیسماعیلو پۆلێك لە هاوڕێکانی کرد. مایەی خۆشحاڵیی بوو، چوون ئەوان گەلێك تامەزرۆ بوون، بە پەرۆشێکی زیاترەوە لەوەی خوێندکارێك هەیەتی ئیشیان دەکـرد. مەشقی سیستمی چاودێری بینینی نەخۆشی پێدەدان، ژوورێکی نۆ جێخەوی نیشاندابوون کە خۆی دەستنیشانی کردبوون گوایە پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەیە. کاتێك لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا دەبوون بە روانکەی کارمەندیان دەپۆشی، لێرەوە هەستیان بە گرنگی پتر دەکرد.

رۆژێك کچێکیان هێنا خوێنی منداڵدانی بەربووبوو؛ وەختێك سکیمان بڕی بینیمان خوێنێکی زۆری لەبەر رۆشتبوو. یاریدەدەری پەرستارەکان هەواڵەکەیان بیست، بە هاوڕێکانیان راگەیاند، ئەوانیش لەبەر دەرکی نەخۆشخانە ریزیان بەستو دەیانویست خوێن ببەخشن. ئێمە دەمانزانی

ئەو کوڕانەی لەکەمپەکە گەورەبوون تەندروستن، دەمانزانی هەندێکیان خوێنی هەمانجۆریان هەیە. لە دەستی ئەوان دوو لیتر خوێنمان بۆ وەرگرت؛ کاتێك کچەکە چاکبووەوە، باوکی بزنێکی بۆ هێناین، ئێمەش سەرمانبڕیو پێکەوە لە تەك خوێنبەخشەکان خواردمان.

پیاوەکە دەیوت «شۆرباکە بخۆن مناڵەکانم، ئێوە منتان گەلێ بەختەوەر کرد».

بە وەدا کە گەنجینەی خوێنمان نەبوو، ئەم کوڕانە بووبوونە بانکی خوێنی ئێمە. دەزانن، ئەوانیش وەکو ئامینە دەستبەجێ دەیانویست هاوکاری بکەن. بۆ نمونە یەکێك لەم گەنجانە بیستو پێنجساڵێکی تەمەن بوو، خوێنەکەی A- بوو، ئەمەش جۆرێکی گەلێك دەگمەنە. هەرکاتێك دەمبینی، یەکسەر دەستی دەخستە پێشدەمم، دەیوت «دۆتۆریسا، من ئامادەم».

پێمدەوت «خۆ نامەوێت بتکوژم رۆڵەکەم، تۆ ئێستا خوێنی خۆت پێدام».

ئەوان لە نێو سەرکردەکانی ئێمەدابوون، چونکە پاش پانزە ساڵا جەنگی ناوخۆ، جموجوڵی نەریتی کۆمەڵگەکەمان بە تەواوەتی گۆڕا: ژن و گەنج هەموو شتێکیان بەڕێوەدەبرد و بەجێ دەگەیاند، چوون پیاوەکان زۆریان یان کوژرابوون یان هەڵهاتبوون، لە دەرەوە جەنگیان دەکرد، یانیش لە تاراوگە بوون و کاری بازرگانییان ئەنجامدەدا. بەوپێیەی ئەو پیاوانەی لە نیشتمان مابوونەوە هەلی کار لە بەردەستیان ئێجگار کەم بوو. ماڵەوە بۆئەوان تەنها سەرچاوەی جلەوگیری بوو، ئاکامیش بەوە دەگەیشت دەکەوتنە لێدانی ژنو خێزانەکانیان، دەیانویست خاوەنداری بکەن، فەرمان دەربکەن. ناتوانم ئەژماری ئەو خانوانە بکەم کە توندوتیژی بەربادی کردن، کاتێك براو مامی ژنی تێهەڵدراو بابەتەکەیان دەبیست، زۆرجار خێڵەکەیان دەهێنا تا شەڕ لەتەك مێردەکەی بکەن، دەبوونە مایەی گرفتی زیاتر بۆ دالانەکانی کەمپەکەی ئێمە.

پەیڕەوێکی نوێمان دەمەزراند: هیچ پیاوێك بۆی نییە لە هاوسەرەکەی بدات. ڕێنمایی پاسەوانەکانم کرد دەست لە سەرپێچی خێزانی هەڵگرن‌و یاساشکێنان بخەنە ژووری گەنجینەکە، ئێمە ئەوێمان وەك شتێکی لە بابەت زیندان بەکاردەهێنا. پاسەوانەکانی من هەموو گەنج بوون، کتومت هاوتەمەنی ئەوانەبوون کە قۆڵبەستیان دەکردن جیاوازییان تەنیا ئەوەبوو کە ئەمان دەیانزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکەن. لەو خەڵکەیان دەپرسی کە دەیانگرتن، «باشە کاری وەها بۆچی دەکەن؟ ئەو ژنە خۆ منداڵا نییە، کەسێکی تەواو پێگەیشتووە. دەزانێت چی باشەو چی خراپ، لێگەڕێ قسەی خۆی بکات».

پیاوێکیان دەستگیرکرد، هەر لەسەرەتاوە لە ناوچەکەی ئێمە ژیابوو. چوار ژنی هەبوو، گەنجەکەیان ئێرەیی پێبردبوو، زۆرجار دەمەوەری لەگەڵ کردبوو. هەموو هاوسێکانیان بۆڵەو مقۆمقۆی نێوان گوێ لێبببوو، دیبوویان چۆن هەڵچووبوون‌و لە یەکتر گەرم‌و توڕە بووبوون تا ئەوەی پیاوەکە لێیدابوو خستبووی دارێکی بۆ هەڵگرتبوو دارکاری کردبوو. کەسێك گریان و ڕۆ ڕۆکەی بیستبوو و بۆیگێڕامەوە چی گوزەرابوو، ئیدی منیش یەکێك لە پاسەوانەکانم نارد تا دەستگیری بکەن.

بە چاوی توڕەوە وتی «دۆتۆرێسا، دەتەوێت چی بکەیت لە نێوان من‌و هاوسەرەکەمدا؟»

وتم «نابێت لێیبدەیت. تۆ دەزانی کە ئەو زۆر لاوازە. مەگەر دەتەوێت نیشانی بدەیت کە تۆ بەهێزیت؟ ئێمە لە مێژە دەزانین کە تۆ لە ئەو بەهێزتریت».

ئەو کابرایە بە درێژایی ئەو پاشنیوەڕۆیە لە گەنجینەکەدا لە نزیك منەوە وەستابوو، هەموو ساتێك پێمدا هەڵدەشاخا، «ئەوە کێشەی تایبەتی ئێمەیە، تۆ نابێت خۆتی تێهەڵقورتێنیت».

وتم «دەستی تێوەردەدەم، تا ئەوکاتەی تۆ لەم شوێنەی ئێمەدا بیت من لە هەرشتێکدا رووبدات دەست وەردەدەم».

ئەو گەنجە، خودا یارمەتی بدات، خودا خۆی بیبەخشێت. کاتێك برسی بوو، دەمێك منداڵەکانی دەمردن، من خۆم شۆربام پێدەدا. لەوکاتەدا یەکێك بوو لە پشتیوانە گەورەکانی من. ئەو رۆژەی سەرۆك بووش هات ئەو هەستایە سەرپێ، گەرچی باقی خەڵکەکە لەو ناوەدا لاڵاوپاڵا کەوتبوون، چاوەڕوانی خواردنیان دەکرد. وتی «رۆژباش جەنابی سەرۆك، ئێمە خۆشبەختین! ئێوە بەخێرهاتن!»

ئێستاش بەرەنگارم دەبـووەوە، دەیوت «حەوا لێمان بۆتە پۆلیس. هەر کاتێك پێویستت بە حەوا بێت، وەك ئەوە وایە بۆ گۆڕستان بچیت».

پاش ئەوەی ماوەیەکی لەزینداندا بەسەربرد، دەرفەتێکی بۆ رەخسا تا هێورو ئارام ببێتەوە. وەك هەموو ئەوانی تر ناردم بە دوایدا پێموت «ئەگەر بەردەوام هەر لە خێزانەکەت بدەیت، ئەوا بڕۆ بۆ ناوچە گوندنشینەکان، یان بڕۆرەوە بۆ ئەوجێیەی لێوەی هاتوی، ئێمە ناتوانین لێرە لە خۆمانت بگرین.» پێموت، توندوتیژی کەس ناهێنێتە سەر رێی راست، تەنانەت منداڵیش...

بە درێژایی چەند ساڵا جۆری جیاوازی پێکداداناو گرژیمان بینی، گەلێك ئەرگومێنت کە وەها دەردەکـەوتـن رێگەچارەیان نییە، بەڵام ئەگەر ژێر بەکاربهێنیت و بتوانیت رونکردنەوە بە زمانێك بدەیت کە خەڵك تێتبگەن، هێواش هێواش دەست دەکەن بە قبوڵکردنی.

شەڕی نێوان (ICU) لە تەك حکومەتی سۆماڵی بە پاڵپشتی ئەسیوپیا درێـژەی هەبوو، خۆتەقاندنەوەی زۆرو هێرش لە گۆڕێ بوون. بۆ مارسی 2007، لانیکەم 365,000 کەس بە هۆی جەنگی ئەو دواییانەوە لە مەقادیشۆ هەڵهاتبوون، ژمارەی ئەو کەسانەی لە زەویی 1,300 ئەیکەری ئێمەدا هەبوون، نزیکەی 50,000 کەس دەبوون، ئەمە ژمارەیەك بوو کە هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهاتبوو. خەڵکێکی هێند زۆر لەگەڵ مندا بوون کە نەتەوە یەکگرتووەکان

رووبەرەکەی دەوروبــەری ناونا ناوچەی حەوا عەبدی، ئەم پانتاییە کامپی دیکەشی لەخۆ دەگرت.

ئەوی جارێك لەسەرەتای -1990ەکان تووشی شۆکی کردین، کاتێك ئێمە لەگەڵ نزیکەی 460 خێزان دەژیاین، بەراورد بەوەی رۆژانە نزیکەی نەوەد خێزان دەهاتنە لامانو هەموو هەڵهاتووی جەنگ بوون، شتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئەم خەڵکە هەموو ئینجێکی زەوییەکەیان دەگرت، تەنانەت ئەو شوێنانەشی مردووەکانمان تێدا ناشتبوون. پیاوێك وتی «ئێمە دەبێت بژین»، کێ رازییە لەوێ خێمە هەڵبدات. لە راستیشدا، هەق بە ئەو بوو. هەراسان بە دەست پێداویستیو بە دەست مەینەتی خەڵکی تـرەوە، خەڵکەکە خەمگرتوو و پشووبڕاو بوون، کاتێك هەستیان دەکرد کۆمیتەکە بڕیارێکی هەڵەی داوە، ناڕەزاییان گەیاندبووە بەردەم جێخەوەکەم.

من و گەورەکان بڕیارماندا زەوییەکە بکەینە حەوت بەش، بەگوێرەی خەرجکردنی ئاو، کۆمیتەکەمان کردە حەوت گروپ، هەر گروپێك کاری ناوچەیەکی بەڕێوەدەبرد، لانیکەم ژنێکی تێدا بوو، پیاوێکی بە تەمەن، لە تەك کوڕێك یان کچێکی خوار 18 ساڵا. بەمشێوەیە دانیشتوانی کامپ دەیانتوانی پەیوەندی لە تەك سەرکردەکانیان بگرن و پەیوەندییان پێوە بکەن، هەرکەس بیویستایە دەیتوانی بۆچوونی دروست بگەیەنێتە بەرپرسانی کاربەدەست. بۆ نمونە، گەنجەکان لە هەموان پتر خۆیان فیدای کارەکە کردبوو؛ کاتێك باوەڕیان بە شتێك دەکرد، دەهاتن بەرگرییان لێدەکرد! هەستی دادپەروەری لای ژنان زۆرجار تیژترە لە هەمان هەست لە لای پیاوان، بەوپێیەی پیاوان پتر حەزیان لە کەنارگیرییە لە بری یەکلاکردنەوەی ئاریشەکان. بۆ خۆشم حاڵیبووم کە ژنان پتر خۆیان تەرخانکردبوو، سەر راستو ماندونەناس بوون لەچاو هەندێك پیاو. نەدەچوون قات بجوون، یان هەوڵبدەن فێڵ و گزیم لێ بکەن بە وەی شتێکی نادروستم پێبڵێن.

ڕۆژێك پیاوێك بە ناوی فەیسەڵا هات بۆ سەردان؛ نوێنەری ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور بوو لە سویسرا. بە بارهەڵگرێك تەختەخەوی لاستیکییەوە گەڕایەوە، بەشی پێویست بوو بۆ ئەو منداڵانەی لە دەرەوە و لە یەکەی چاودێری ئێمەدا دەژیان، هەروەها چەند چارەیەکی هیدراتی بۆ دۆزینەوە تا منالان لە نەخۆشی وشکبوونەوە بپارێزین. لە کاتی خۆیدا سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری تەندروستی پزیشکانی بێسنوری هێنایە لای ئێمە، تا بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنێ. بۆ شوێنێك دەگەڕان لە ئەفگۆیی تا کاری تێدا بکەن، بەڵام ئێستا ئیدی روونە پێویستمان بە چەندێك کۆمەك دەبێت.

گروپێکیان، نەخۆشخانەیەکی کراوەیان لە یەکێك لە ژوورەکانی ئێمەدا، دامەزراند. ئێمە شتێکی ئەوتۆمان شکنەدەبرد لە پای هاوکاری پێیان بدەین، بەڵام دەمانتوانی ئاسایش، شوێنی خاوێن بۆ خەو، ئاوی پاك، بە ئەندازەی ئەوەی هەمانبوو خۆراکیان بۆ دابین بکەین. دوو ئەپارتمانم بۆ دابینکردن، هەریەکەیان، شوێنی خەو، بەفرگره، مێزی نوسینی تێدابوو. ئامینەش چێشتلێنەرێکی بۆ گرتن تا هەرچی ئارەزو دەکەن بۆیان ساز بکات: کوللەی دەریا، ماسی، هێلکە، نانی بەیانی، برنج، ماکەرۆنی.

هەماهەنگییەکی سەرەنجڕاکێش بوو. ڕێکخراوە پزیشکییەکە موچەی بە دێکۆو ئامینە دەدا، ئەوان کارمەندی نەخۆشخانەکەی ئێمە، هەندێك لە پاسەوانەکان، نزیکەی بیست‌و پێنج کەسی تر و کارگوزاری پزیشکەکە لای ئێمە کاریاندەکرد، بەکاردەهێنا. جیاوازی بەرچاو و دیاربوو: لە پڕ خەڵکی ناوچەکەی ئێمە ژیانیان تێگەڕایەوە، پارەیان دەستکەوت نان و بەرگی پێبکڕن، تەنانەت بەشی چاودێری تەندروستیشی لێبدەن.

کاری کارمەندانی کۆمیتەی چاودێری تەندروستی ئەوەبوو کە ڕۆژانە بە چوار ئۆتۆمبێلەوە بە کەمپەکەی ئێمەو چەند کەمپێکە ناوچەکەدا بسوڕێنەوە، بۆ ئەو منداڵانە بگەڕێن کە بێدەرەتانترینن. لە حاڵێکدا خانەخوێی هەندێك لە

کامپەکانی تر دژی ئەمە دەوەستانەوە، ئێمە بە گروپەکانمان دەوت، میهرەبان بن، شیرین زمان بن، بڵێن، «مامە گیان ئێمە هاتووین ئێرە ببینین، دەمانەوێت کۆمەك پێشکەش بکەین».

سەرباری ئەوەش هەندێك لە خاوەن کەمپەکان هەر بەرهەڵستییان دەکرد: «ئەگەر ئەم رێکخراوانە بیانەوێت کۆمەك بە کەمپەکە بکەن، بۆ خۆیان دێنە ئێرە». لەم حاڵەتانەدا تیمەکەی ئێمە دەبوایە پارە بدەنە خاوەن کەمپەکان تا سورێك بەناویدا بخۆن‌و نەخۆشە سەختەکان بدۆزنەوە.

لەسایەی هاوکاری رێکخراوی پزیشکانی بێسنوردا، دەمانتوانی روبەڕووی پێویستی گەورە بوەستین. بیرۆیەکی بەڕێوەبردنیان لە ژوورێکی لای من دروستکرد، لەشوێنێك جوان‌و رەنگین بوو، باخچەیەکی پڕ گوڵاو گوڵزاریش حەوشی بۆ دەکرد. هاوکات دوو ژووری پشکنینیان لەتەك دەرمانخانەیەك بیناکرد. ئاشپەزخانەیەکی تری شۆربالێنانمان دروستکرد، تا سکبرسییەتی بنبڕ بکەین لای ئەو منااڵنەی کە هێشتا دەیانتوانی شتێك بخۆن، وەلێ ژمارەیان گەلێك زۆر بوو.

بەمجۆرە بەتەنیشت ناوەندی چارەسەری کۆلێراوە، کە نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێڵەیی بوو، رێکخراوی پزیشکانی بێسنور ناوەندێکی تری کردەوە بۆ چارەسەری ئەو منااڵنەی نەخۆش بوون، برسی بوون. بیرمە دەستبەجێ دوو نەخۆشمان لە دەستدا. کچ و کوڕێك بوون، هەریەکەو سێ ساڵێك تەمەنیان بوو، بەڵام کێشیان لە خوار پێنج پاوەندەوە بوو، واتە کێشیان لە منداڵێکی تەندروستی تازە لە دایکبوو کەمتربوو. هەوڵماندەدا کەم کەم و لە رێگەی بۆڕییەوە خواردن بۆ گەدەیان بنێرین، ئەمە هەموو ئەوکارەبوو کە ئێمە لە دەستمان دەهات.

مانگی کانونی یەکەم، من و دێکۆ بانگهێشتکراین بۆ جنێڤ تا بەشداربین لە رووداوی هاریکاری نێونەتەوەیی دوای هێرشەکانی 11 ئەیلولی -2001ەوە. گەیشتین و بەفریاکەوتین لە ئوتێل کریستال بچینە نێوئۆتێلەکەمان کاتێك

دیتمان وێنەگری هاوڕێمان ماتیاس هاتووە بۆ لامان و شوکلاتەی سویسرایی بۆ هێناوین! بە ڕێکەوت ئۆفیسی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور رایانگرتبوو، پێیانوتبوو کە ئێمەش دێین. لەباوەشم کرد، خۆشحاڵبووم کە لە وڵاتی خۆی بیبینم؛ بۆ ڕۆژی دواتر بردینی بۆ رستۆرانتێکی قەشەنگ لە ناوەڕاستی شاری جنێڤدا.

پاش ساڵانێکی زۆر لە ناوخۆی سۆماڵ، سەراسیمەبووم بەوەی لە شارێکی گەورە و خاوێندا قسەمدەکرد. ئۆتۆمبێلەکان زۆر گۆڕابوون، سەرم لەو روناکییە دەرنەدەچوو کە بەسەر شەقامەکانەوە دەگەڕا. وتم «ئێوە خەڵکینە، تۆ دێکۆ لە ئەمریکاوە هاتوی، ماتیاس تۆش لە سویسراوە، بەڵام من 20 ساڵە لە نێو چڵاوچێوی سۆماڵدا دێمو دەچم. من هەرگیز شتی لەمجۆرەم نەدیوە». نەختێك پێم پێکەنین، پاشان دەستیان گرتم، ئەو شەوق، باق و بریقەیان بۆ رونکردمەوە.

کۆبوونەوەکە گەلێك خەڵکی وڵاتانی جیاوازی لە خۆدەگرت، هەموو باسی ئەوەیان دەکرد کە لە کاتێکدا خەڵکی یەکتر دەکوژن، ئەمان چۆن بڕۆن و هاوکاری شوێنێکی لە بابەت سۆماڵ بکەن. کەسێك پرسی، «ستراتیژی ئێوە چییە؟ لە کاتێکدا ئەم خەڵکە ئەو بیانیانە دەکوژن کە هاتوون کۆمەکیان بکەن».

پێموتن «سەرەتا من دەبێت دانوستان لە تەك کۆمەڵگەکەدا بکەم، ئێوە دەزانن ئەم باند و خەڵکە بەدکارانە لە وڵاتانی ترەوە دانەباریونەتە وڵاتی ئێمە. دەبێت کێشەکانی ناوەوەی کۆمەڵگەکە چارەسەر بکەین، ئەو خەڵکە بهێنینە سەر ئەو باوەڕەی رێزی ئێوە بگرن و متمانەتان پێبکەن، پاش ئەوە هەرگیز بێزارتان ناکەنو ناتان رەنجێنن».

ئەو شەوە و کاتێك هەمووان بۆ خوانی ئێوارە چووینە دەرەوە، من و دێکۆ گەنگەشەی پلانی گەڕانەوەمان دەکرد. من وتم کە دەمەوێت بچم بۆ دوبەی، لە وێ پزیشکێکم دەناسی دەیتوانی پشکنینێك بۆ ئەو دومەڵەی سەرم بکات. یەکێك لەو پیاوانەی لە تەنیشتمانەوە دانیشتبوو، پزیشکێکی ئەسیوپی بوو

کاری لەگەڵ ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور دەکرد، پێش گفتوگۆکە پێشنیاری کرد داخۆ دەتوانێت هیچ کۆمەکمان بکات.

پێموت، «ڤیزا بۆ ئیمارات بە پاسپۆرتی سۆماڵییەوە ئاسان نادرێت».

پرسی، «بۆچی دەچن بۆ ئەوێ؟»

وتم «بەر لە چەند ساڵێك نوژداری سەرم کرد، دومەڵی هەبوو، ئێستا هەستدەکەم دانەیەکی تر دروستبۆتەوە».

بۆ ڕۆژی دواتر ئەو پزیشکە میهرەبانە هەموو شوێنکارێکی ڕێکخستبوو بۆ من پشکنینی کۆمپیوتەریم بۆ ئەنجام بدەن؛ پزیشکێکی سویسریی ناسراوی ئەو کە لە سۆماڵ کاری کردبوو، گرێیەکەی دەستنیشانکرد. من بە بینینی دەرەنجامی پشکنینەکە خەم دایگرتم، دێکۆش گریا. هاوڕێ تازەکانمان گەلێك ڕاستو ڕەوان بوون. بۆ ئەوەی دڵنیابین داخۆ گرێکە مەترسیدارە یان نا، دەبوو نوژدارییان بکردایە، ئینجا بەوەدا باشترین نوژدار تا شەش هەفتەی تر ئەم دەرفەتەی بۆ نەدەڕەخسا، من دەبوو بگەڕێمەوە.

ئەم هەواڵە خرۆشانێکی بە وجود هێنا، لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ ئۆتێل لە خۆم دەپرسی، باشە من کارێکی دروستم ئەنجامدا بەوەی سەرەتا هاتم پشکنینم کرد. بە دێکۆم وت «بۆ من مردن کارێکی سادەیە»، هەرچەند ساڵانێك تێپەڕیبوون، بەڵام هێشتاش بەشێك لە من نەیدەویست بەبێ کوڕەکەم بژی.

بەڵام دێکۆ حەوسەڵەی بیستنی ئەم قسانەی نەبوو، بەرهەڵستی کرد، وەك ئەوەی کچەکانم زۆرجار دەیانکرد. هەرزوو پاش ئەوە زانیمان ڕێکخراوی پزیشکی بێسنور پێشنیارێکی بەخشندانەی کردووە: بەوەدا کە من مرۆڤدۆست بووم، نوژدارییەکەم بێبەرابەر بۆ ئەنجامدرا. وتم خوا گەورەیە. ئەم وەڵامەم لە شوێنی خۆیدا بۆ هات.

# بەشی بیستو چوار
# نەوەیەکی نوێ

لە مانگی کانونی یەکەم کە لەگەڵ دێکۆ گەڕاینەوە بۆ کەمپەکە، هەواڵو زانیاری لە مەڕ باری تەندروستی من گەیشتبوو و بڵاوبووەوە. خەڵك کەوتبوونە قسەوباس. پیاوێك بە ئامینەی وتبوو «ئەگەر حەوا بمرێت، ئەوا ئەم کامپە دەبێتەماڵی خزمو خوێشە نێرینەکانی».

بۆ ئەم کاتە ئامینە لەسەروبەندی پێکهێنانی خێزانی خۆیدا بوو. لەگەڵ فەیسەڵا هاوسەرگیرییان کردبوو؛ کاتێك لە جنێڤ بووین زانیمان کە چاوەڕوانی لە دایکبوونی منداڵی خۆیەتی. ئامینە لێی پرسیم «باشە دایکە خەڵك چۆن دەتوانن ئەم قسە پوچو بێمانایانە بڵێن؟ ئەمە چ ئاینێکە؟ لە کوێ شتی وەها رەوایە؟» وەك دەزانن ئامینە دایکێکی بەهێز گۆشو پەروەردەی کردبوو، لە دەرەوەی وڵات بڕوانامەی خوێندنی هێنابوو. هیچ ئەندێشەیەکی لەسەر ئەو یاسا دژوارەی شەریعە لە بارەی خاوەنداریێتییەوە نەبوو کە خانەوەدەکەی منی لە کەناری تێکشکان نزیککردبووەوە.

من پارێزەرەکەمم بانگکرد و پێکەوە وەسیەتنامەیەکمان نوسی، ئەمە شتێکبوو تەمەنێك بیرم لێدەکردەوە. دێکۆ گەواهیدەری من بوو، دەگریا کاتێك من ناوی خۆم دەنوسیو روومکردبووە کامێرایەك کە ساتەکەی تۆمار دەکرد. وتم «هەموو ئەم زەوییە، بست بە بستی ئەم خاکە موڵکی کچەکانمە».

مانگی داهاتوو گەڕامەوە بۆ جنێڤ، دێکۆ لەگەڵم بوو، بەڵام ئامینە لەگەڵ ستافی رێکخراوی پزیشکانی بێسنور مایەوە، چاودێری ئاسایشی کەمپەکەی دەکرد. من لە نەخۆشخانەی جنێڤ بەدەم بیستنی خوێندنی قورئان بە دەنگی دێکۆ هێواش هێواش چاوم لێکنا. کاتێك هۆشم هاتەوەبەر گریەکە لابرابوو.

لە کاتێکدا ئامینەی گوشی تەلەفۆنەکەی لە نزیك دەممەوە گرتبوو بە ئامینەم وت «هۆیۆ من باشم. هەست بە هیچ ژانو ئازارێك ناکەم». دەنگی شەکەت و هەراسانیم بیست دەیوت، ئەو دوانیوەڕۆیە سەدان خەڵك پێکەوە هاتوون، بۆ خاوێنکردنەوەی گشتی و نوێژ و نزایان بۆ کردووە. دەگەشامەوە

و دەحەسامەوە کاتێك بیرم لە کچەکەم دەکردەوە لە وێ، وا سکی کەم کەم گەشە دەکاتو چاوەکانی فرمێسکییان تێزاوە، شیرینی شیر بۆ خەڵك دێنێ و سوپاسیان دەکات.

بەڵام هەمووان بۆ من نەدەپاڕانەوە. دەمانزانی کە پیاوێك هەیە راپۆرت بۆ بیرۆی سەرەکی رێکخراوی پزیشکانی بێسنور دەنوسێتو دەڵێت، «پشتیوانی حەوا عەبدی مەکەن.» خێڵەکەی ئەو سەروکاری بازرگانییان دەکرد لە تەك رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی هاریکاری؛ ئەو پارەی رێکخراوەکەی بۆ خۆی دەویست، بۆیە منی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە فێڵا لە رێکخراوەکە دەکەم و پارەکە بۆخۆم دەبەم. من هێشتا لە وادەی چاکبوونەوەدا بووم کە نوێنەری رێکخراوەکە هاتنە لام و پرسیان، بابەتی ئەو نامانە چییە. وتم «درۆیە، ئەوانەی کاری لەمجۆرە دەکەن دەیانەوێت کاریان دەستبکەوێت». ئەو پیاوەی ئەم نامانەی نوسیبوو رۆژێك هاتەلام، لە کار دەگەڕا؛ چونکە دەمزانی خوێندەواری نییە و درۆزنە، رەتمکردەوە بە کرێی بگرم.

لە رێگەی کۆمیتەکەوە نامەیەکم رەوانە کردەوە و نوسیم: «ئەگەر لە ماوەی 24 کاتژمێردا ئەم نامانە رانەگرن، ئەوا من هەرگیز ناگەڕێمەوە و ئێوەش هەمووتان کارەکانتان لە دەستدەدەن». کاتێك کۆمیتەکە رۆشتبوون بۆ لای ئەو کابرایە و هەڕەشەیان لێکردبوو، دەستبەجێ نامەیەکی تری بۆ من و بۆ رێکخراوەکەش ناردەوە: «دایە حەوا ئێمە دەزانین تۆ دایکی سۆماڵیت؛ ئێمە دەزانین تۆ لە ماوەی نارەحەتی و نەهامەتیدا ئاڵتونەکانی خۆت فرۆشت. رێکخراوەکە و خاتو حەوای پزیشك کارێکی گەلێك باش ئەنجامدەدەن».

خەڵکی ناو دەستەی نوسینگەی رێکخراوەکە دۆشدامان. یەکێکیان خەندە گرتی وتی «خاتو حەوا، تۆ بەیەك زەنگ هەموو شتێکت ئاوەژووکردەوە. ئەوکەسانەی دەیانوت تۆماڵی هەژاران بۆخۆت دەبەیت، وا ئێستا بە دایە حەوا بانگت دەکەن».

ئەنجامی پشکنینەکانم هاتنەوە، پزیشکی نەخۆشییەکان داوای کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ پزیشکی نـوژداری منو پزیشکی شێرپەنجە کرد. هەرچەند گرێکە نەخۆشی شێرپەنجەیی نەبوو، بەڵام نەخۆشییەکی نەگریسی خانەیی بوو لەسەر پەردەی مێشك. پێشنیاریانکرد چارەسەرێکی تیشکیی ئەزموونی وەربگرم، رێژەی دە لەسەد لە بڕی پێشنیازکراو زیاتربوو، بەوهێوایەی چیتر نەگەڕێتەوەو سەرهەڵنەداتەوە. پارچەیەك لەو گرێیەیان دەناردە تاقیگە بۆ توێژینەوەی وردتر، هاوکات پرۆسەی چاکبوونەوەی منیان پاش تیشکلێدان لە شاشەوە نمایشدەکرد.

ئەو شەوە لە ئوتێلێك راکشابووم و ئاوڕم لە دێکۆ دایەوە. من مەینەتی زۆرم دیبوو، پاشان ئەم پێشنیارەش مانای سێ مانگ دووری لە ماڵ، لە کار و ئیشەکەم، لە کچە دوگیانەکەمی دەگەیاند. پاشان تەندروستی خۆشم با لەولا بوەستێت کە دەبوو لە خەمی دابم: هەرچەند پزیشکەکان بەڵێنیان پێدام کە توانای هۆشیو ژیریم پاش نوژدارییەکە وەك خۆی دەبێت چ زیانێکی پێناگات، بەڵام دەشیا ئاڵۆزی بکەوێتە پرۆسەی چارەسەرکردنەوە، بە تایبەتیش چارەسەرە ئەزمونییەکە. خەم بەرۆکی گرتبووم، هەوڵمدەدا ژیرانە لە سەرما پرسەکە بەلایەکدا بخەم، بەڵام ئەمجارە تەنها نەبووم: وتم «دێکۆ ئەگەر ئێستا ئێرە بەجێبهێڵم و بگەڕێمەوە نیشتمان، من هێشتا زیندوو دەبم و هاوکاری نەدار و دەستکورت دەکەم، بەڵام ئەگەر ئەوان ئەو ئەزمونە لەسەر من تاقی بکەنەوە و رێگەیەکی نوێ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکە ببیننەوە، ئەوا لە داهاتوو کۆمەکی خەڵکی زیاتر دەکەم».

دێکۆ هەناسەکی قوڵی هەڵکێشا. وتی، «بڕیارێکی گەلێك سەختە»، ئیتر من جارێکی تر لە سەرما کەوتمەوە مشتومڕ لەگەڵ خۆم، بیرم لە کارەکەم دەکردەوە بۆ ماوەی ئەو هەموو ساڵە. من زەوییەکەمم بەخشیبوو بە خەڵك، هەموو کاتی خۆم بۆ ئەوان تەرخانکردبوو، تەواوی ژیانم فیدا کردبوون. کاتی ئەوە هاتبوو لاشەمیان پێببەخشم، ئەمە کارێکی پڕمانا دەبوو.

ڕۆژی دواتر دۆکومێنتەکانم واژۆ کرد، ڕێکخراوەکە ژوورێکیان لە نزیک ناوەندی نەخۆشخانە بۆ گرتین و لەگەڵ دێکۆ لە وێ ماینەوە. بۆ ماوەی سێ مانگی دواتر، من و دێکۆ لە ئۆتێلەوە دەڕۆیشتین بۆ ناوەندەکە تا چارەسەرە تیشکییەکەم وەربگرم. هەرچەند چارەسەرەکە بۆخۆی بە ئازار و وەڕسکەر نەبوو، دەموچاوم نەختێك هەڵئاوسا بە جۆرێك هەندێکات چاوەکانم دیارنەدەمان. ماتیاس هات بۆ سەردانمان تا هاوکاریمان بکات، هاوکات گەلێك هاوڵاتی سۆماڵیی تاراوگەش دەهاتنە سەردان و دیدەنیمان، دەیانوت کە بۆم دەپارێنەوە و نزام بۆدەکەن. هەرچەند لاواز و بێهێز بووم، بەڵام بە دیداریان هەر شاد و بەختەوەر بووم؛ باسی رابردووی جوانی وڵات و ئامانجەکانم هێزو تینیان تێدەگەڕاندم، تەنانەت ئەگەر بۆ بەیانیش بە خەبەربهاتمایە و سەر سەرینەکەم پڕی پرچ و تاڵە موو بوایە.

ڕۆژێك خەدیجەی خوشکم تەلەفۆنی کرد بۆ ژوورەکەمان، وتی، «خوشکێ من زۆر لە خەمی تۆدام!»

وتم خەدیجە «من کاری خۆم ئەنجامداوە، تۆ و منداڵەکانتم گۆش و گەورە کرد. نیازم بە ڕێز و هاوکاری تۆ هەبوو کە وەرمنەگرت. بۆیە ئاگاداری خۆتبە، هۆشت لای من نەبێت».

خەدیجە کاتێك ئەمەی بیست گریا، وتی «ببەخشە خوشکم، ببەخشە». دەمزانی ڕۆژێك دێت ئەم گفتوگۆیە درێژە پێدەدەین، پاشان خۆشحاڵبووم کە بە سەری کردمەوە، بەڵام لەسەر جێخەوەکەمەوە و لەو ساتەدا، هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوت.

لەم سەروبەندەدا بانگهێشتکرام بۆ خەڵاتێك لە جڤاتی سۆماڵی لە جنێڤ وەربگرم؛ بەوەدا جڤاتەکە مەیلێکی تایبەتیان بەلای خێڵدا هەبوو، ڕەتمکردەوە بەشداری بکەم. ڕێکخەری بۆنەکە، هاواری لێهەستا کاتێك ئەمەی بیست، بەڵام من پێداگربووم. وتم «شەڕی خێڵایەتی ئاماژەیە بە ئاستی نزمی مرۆڤایەتی.

ئەم بینا جوانانە، ڕێگە خاوێنو ڕوناکەی کوچەکان، هی ئێوە نین. کەسێکی تر خاوەنی ئەمەیە. ئەوان هاتوون ئەمانەیان بۆ وڵاتەکەیان بیناکردووە نەك بۆ خێڵەکەیان. ئێوەش دەبێت فێر بنو هەمان کار ئەنجامبدەنو خزمەتی وڵاتەکەتان بکەن».

دێکۆ و ماتیاس ڕۆیشتن بۆ ژووری پێشوازی، رووماڵی کارو چالاکییەکانی ئێمەیان پێگەیاندن. لە وێ ژنێکیان بە ناوی کلێر-لیس دریفیوس دیتبوو، منیش بەر لە چەند ڕۆژێك چاوم پێیکەوتبوو؛ ئەو ژنە و هاوەڵانی هاتن بۆ ئوتێل بۆلای ئێمە و ویستیان من ببینن، چونکە فیلمێکی بەڵگەنامەییان لەسەر ناوچەکەی ئێمە بینیبوو. دەستبەجێ کلێر-لویس چووە دڵمەوە، ژنێکی بە هێز و دڵسۆز بوو، کەمێك لە من بە تەمەنتر بوو، وەلێ زۆر سەرقاڵی کاری پەنابەران بوو لە جنێڤ. ئەو شەوە من و دێکۆی بانگهێشتکرد تا پێکەوە سەردانی ناوەندی کامارادا بکەین، ناوەندێکە پاڵپشتی و وانە فێری ژنانی پەنابەر دەکات، لە نێویاندا گەلێك ژنی سۆماڵیش هەبوون و لە وێ دەژیان.

کاتێك لە دەرگاوە چووینە ناو کامارادا، هەستم بە تین و گوڕێکی نوێکرد لە خوێنمدا کەوتمە جمان. شوێنێکی بێ کەموکوڕی بوو! لە گەلێك ژووری جیاجیادا ماموستای تایبەتیان هەبوو لەگەڵ ژنان لەسەر بابەتی زمان، کۆمپیوتەر، دروومان کاریان دەکرد. لە بەشێکی تری ناوەندەکەدا، ژووری موبەق هەبوو لە وێ هەر ژنەو خواردنی نەتەوەیی خۆیان سازدەکرد. سێ کەس—یەکێکیان سۆماڵی بوو—کاریان لەسەر پرسی تێکەڵبوونو یەکگرتن دەکرد، بێدەروەست لە مەش منداڵی هەرسێکیان پێکەوە کایەیان دەکرد و دەچوونە خوێندنگە. من خۆشحاڵبووم لە وێ بم، ببینم هاوڕێی باشم هەیە، زۆر غەریبی ماڵەوە و نیشتمان ناکەیت، کاتێك خوێندکاربووم جارێك بەو هەستە ژیام. جارێکی تر خەریکبووم ئەو هەستەم ئەزموندەکردەوە.

وتم «کلێر-لیس، ئێمە دەبێت ئەم کارە لە کەمپەکەی خۆماندا ئەنجام بدەین».

وتی «هەوڵێکی لەگەڵ دەدەین».

دێکۆ نەیدەویست پێمبڵێ کە ئامینە لە ژێر بارگرانیدا، لە ناو تەپوتۆزدا، لە بارودۆخی نەخۆشدا زەجری زۆری کێشابوو، بەڵام من هەلومەرجی ئەوم بە هۆی تەلەفۆنێکەوە زانی کە پیاوێك لە کەمپەکەوە کردی. وتی، «تۆ ئاگاداری کچەکەت هەیت؟ دووچاری نەخۆشییەکی سەخت هاتووە!»

وتم «کچەکەم بۆ بانگ بکە». وەختێك هاتە سەر هێڵا، دەنگی گران و نەفەسی قورسیم بیست.

وتی «دایە نازانم، دەڵێن لە وانەیە تووشی هەوکردنی سییەکان هاتبی.»ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور ڕێوشوێنی گرتەبەر تا ئامینە بە فڕۆکە ببەن بۆ نەخۆشخانەیەکی فەرەنسی لە جیبۆتی؛ کاتێك گەشتە ئەوێ‌و من لە تەك پزیشکەکەی قسەمکرد، تێگەشتین کە ئامینە هەمان ئەو هەوکردنەی توشبووە کە لە کەمپەکەدا بڵاوببووەوە. پزیشکەکە ترسا مولولەکانی خوێنی گیرابن، هەروەك ئەمە نەخۆشییەکی سەخت‌و دژوارە. پاشان ئەو دووگیانیش بوو. کۆرسی چارەسەرکردنم وێڵکرد، لەسەر جێگاکەم هەستامەوە ویستم بچم بە هانایەوە. کاتێك من بەجێمهێشت تەندروست بوو، کەچی ئێستا لەگەڵ هەڵمژینی هەر نەفەسێکدا ژانێکی زۆری دەچێشت. حەپاسەبووم کاتێك بیرم لەو هەڵانەدەکردەوە کە ئەنجامم دابوون. هێشتا شینی کوڕەکەمم دەکرد، کەچی وا دەمبینی ژیانی کچەکەشمی هاتۆتە سەر، گیانی لە مەترسیدا بوو. بەبێ ئامینە چۆن بتوانم بژیم؟

بە پزیشکەکەمم وت لە جنێڤ «ئێرە جێدێڵم. کچەکەم دووگیانە و نەخۆشە، پزیشکەکەی دەڵێت ڕەنگە دووچاری گیرانی مولولەی خوێن لە سییەکانی هاتبێت.» وتی «تۆ نەخۆشێکی دۆخت لەو خراپترە. ئەگەر پشکنینیان بۆ نەخۆشییەکەی کردبێت و دەستنیشانیان کردبێت، ئەوا ئەو چاکدەبێتەوە. تۆ دەبێت بمێنیتەوە».

کەوتمە مشتومڕ لەگەڵی، وتم باشترە بۆمن خۆم بدەمە بەر مەترسی مردن، من کە ژیانێکی درێژ ژیاوم. بڕوای پێهێنام کە بمێنمەوە، ئیدی بۆ دوو هەفتەی دی دانیشتم و خەفەتم بۆ خوارد. دەمێکی تەنها دوو چارەسەریم مابوو، زانیم گەشتێك لە جنێڤ بۆ نایروبی و لە وێوە بۆ جیبۆتی هەیە.

لە پزیشکەکەم پرسی، «دەشێت لە رۆژێکدا دووجار تیشکم لێبدەن، جارێك بەیانی و جارێك پاشنیوەڕۆ؟ تکا دەکەم کارێکی وەهام بۆ ئەنجامبدەن»، خۆشبەختانە رازیبوو، ئیتر منیش بلیتی رۆژی دواترم بڕی بۆ جیبۆتی.

ئەو چارەسەرە تیشکییە لاشەی سور سور کردمەوە; وەهای لێکردم لاشەم بۆنی ناخۆشی لێبێت. مووی ئەو بەشەی سەرم هەرگیز جارێکی تر نەڕوایەوە، کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر خۆر دەبووم، هەستم بە لاوازی سەرگێژخواردن دەکرد، تەنانەت لەهۆشخۆم دەچووم، پێموابوو بەهۆی ئەو تیشکە زیاترەوە بێت کە لە خۆرەکەوە وەرمدەگرت بەم دۆخە دەگەیشتم. لەوکاتەدا، من نە گوێم بە مەترسی نە بە دەرئەنجام نەدەدا. تەنها دەمویست کچەکەم ببینم.

بینینی تەواوی دەموچاوی جوان و قەشەنگی لە فڕۆکەخانە، پڕیکردم لە هیواو شادی، چوون ئەوی من وێنام کردبوو لەگەڵ ئەوی بینیم گەلێك جودابوون. بۆماوەیەك پێکەوە لەو شارە گەرمەدا ماینەوە، دواجار لە 12 حوزەیران منداڵێکی کوڕی بە هێز و تەندروستی بوو. بە یادەوەری کوڕەکەمەوە ناومان نا ئەحمەد.

سەرم شۆڕکردبووەوە بۆ سەر ئەحمەدو وتم «چەند کاتژمێر و چەند مانگ چاوەڕێم کردی؟ درەنگ هاتی، لێ سوپاس بۆ خوا دواجار تۆ لێرەیت».

بەوچەشنەی چاودێری ئامینەی خوشکم کرد، ئاواش چاوەدێری ئامینەی کچم کرد، رۆژانـە سەروپێم بۆ لێدەناو پێمدەدا بیخوات، گڵاسێك رۆنی زەیتونیشم دەدایە بیخواتەوە. پاش نۆ مانگ لە هەڵگرتنی ئەحمەد پێویستی بەوەبوو بحەسێتەوە، هەستبکات وزە و هێزی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە. بە

داخەوە نەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر بحەسێتەوە. دوو هەفتە بەر لە هێنانەوەی ئامینە زانیمان کە دێکۆ بانگراوەتەوە بۆ وەرگرتنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی وەرگرتنی مافی هاوڵاتیبوون لە ئەمەریکا. نەیدەتوانی وەها دەرفەتێك لە کیس بدات، بۆیە دەستبەجێ لە کەمپەکەوە گەڕابووەوە بۆ ئەتڵەنتا. بە وەدا کە گرێبەستی ئێمە لەگەڵ رێکخراوی پزیشکانی بێسنور ئەوەبوو کە لانیکەم یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەمان دەبێت لە کامپ بن. من و ئامینە بە فڕۆکە لە جیبۆتییەوە گەڕاینەوە مەقادیشۆ، بۆ ئەم کاتە ئەحمەد تەنها چواردە رۆژی بوو.

وەختێك فڕۆکەکە گەشتەکەی دەستپێکرد زۆر ترسام، لە خەمی ئەو ژیانە نوێ بچکولانەدا بووم کە لە ناو لەپی دەستم دابوو بەرگەی کەشو هەواکە نەگرێت، بەڵام خۆشبەختانە گەشتەکەمان سەرکەوتووانە ئەنجامدا. ئەو کاتە کەمێك باران دەباری، بۆیە ئێمە لە کەشێکی زۆر فێنك و خۆشدا نیشتینەوە. دەستبەجێ رۆشتین بۆ نهۆمی سێهەمی نەخۆشخانەکە، لە وێ ژوورێکی بچوکی میوانمان هەبوو. وەختێك بیستیان خەڵکەکە هەموو هاتن، ژنێك بە ناوی فەیری یەکەم کەسبوو منالەکەی دەرکێشا.

هاوارمکرد «دەستی لێمەدە! دەرگاکە دابخە!»، ئیدی هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین بەم نەنە پیرەی کە لە پڕ و پاش ئەو هەموو ساڵە بە تەنگ منداڵەوە بوو. خۆشم لە ئیرۆنیاکە تێگەشتم و پێکەنیم، سەرباری ئەوەش لە سەرەتاوە رێگەم نەدا هیچ ژنێك چاودێری ئەحمەد بکات. ئەو تەنها هی ئێمە بوو بەس.

پاش نزیکەی سێ هەفتە، ئامینە پشووی لە بەر هەڵگیراو دەستی کردەوە بە کار. پێیوتم «ناتوانم هەروا لێرە دانیشم کاتێك دەبینم ئەو هەموو کارە هەیە ئەنجامبدرێت و خەمی بخورێت». من بەرهەڵەستیم کرد، ویستم مەساجی بۆ بکرێت، باش بخەوێت، بەردەوام بێت لە وەرگرتنی خواردنو ژەمی تایبەت

بۆماوەی چل ڕۆژ. کاتێکیش مکوڕبوو لەسەر ئیشکردن، من لە تەك منداڵەکە دەمامەوە. ئەوکاتە ڕۆژنامەنوس زۆردەهاتن، هەفتەی دووجـارو سێجار دەهاتن، من و ئەحمەدیش پێشوازمان دەکردن و شتێکمان بۆ پێشنیاز دەکردن بیخۆنەوە.

کۆتایی 2008 لە کۆنفرانسێکدا لە جیبۆتی، نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری دامەزراندنی حکومەتێکی نوێی داو داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەسیوپیای لە سۆماڵ کرد. وەختێك سەرۆکی نوێ شەریف شێخ ئەحمەد هاتە بیرۆی سەرۆکایەتی خۆی لە ساڵی -2009دا، دادگای ئیسلامی دابەشبوو بۆ دوو گروپ؛ شەباب لەگەڵ حیزبی ئیسلام، ئەمەی دواییان سەرۆکی پێشووی «ICU»، واتە شێخ حەسەن زاهیر ئوێس سەرۆکایەتی دەکرد. حیزبی ئیسلام جڵەوگیری ناوچەکەی ئێمەی دەکرد، بەڵام ئێمە دەمانزانی کە لە ناو خاکەکەی ئێمەدا ئەو مافەیان پێڕەوانابینرێت. هەندێکیان هەوڵیاندابوو ئامینە پەیڕە و بکەن و پێیبڵێن چی بکات چی نەکات، بەڵام ئەم چووبووەوە بە گژیاندا. وتبووی «ئەمە زەوی منە، ئەوە منم کە لێرە فەرمان بەسەر خەڵکیدا دەکەم».

من پشتیوانی ئامینەم دەکرد بەوەی کە ئارامو هێور بێتو خوێنسارد بێت، بەڵام ئێمە لە ناوچەکەی خۆماندا هەموو لەوپەڕی بەهێزیدا بووین. ژمارەی ئەو کەسانەی دەهاتنەلامان تادەهات هەڵدەکشا؛ سەرژمێری کۆتایی 209 پیشانیدا کە 90,000 هاوڵاتی لە کەمپەکەی ئێمەدان. ئەمەش بۆ من و ئامینە مانای کاری بێوچان و خەوی کەمبوو. هەرچەند بەردەوام لە کەیسی دژوار و ئەستەم ئاگادار دەکراینەوە، بەڵام ئەوەندە زۆربوون کە دەستبەجێ لە بیرمان دەکردن، ئەو وردەکارییەی بۆ بابەتێك توشی خەمی دەکردین، بە مەینەتی سەر روخسار و سیمای یەکێکی تر شوێنی دەگیرایەوە. ئەوەی منداڵان ببینی نەدارن لە هەموو شتێك سەختترە، بە تایبەت کاتێك کە ئێمە شتێکی ئەوتۆمان شکنەدەبرد پێیانببەخشین، بەڵام دەمانتوانی شتێك بکەین، ئەمانە هەر ئەو

کەسانەش بوون کە بە زوویی باری تەندروستییان دەگەڕایەوە سەر باشیو جێگیری.

دێکۆ لە ئەتڵەنتاوە بە فڕۆکە هات بۆ جنێڤ بۆ بینینم، هەروەك من لە وێ سەردانی پزیشکم هەبوو. کاتێك لە وێ بووین هاوسەری کلێر لیسم بینی، واتە جان جاك دریفیوس، دێکۆ پێشنیازی بەرفراوانکردنی قوتابخانە قەرەباڵغەکەی بۆ دوانزە پۆل خستە بەردەمیان. هاوکات پێشنیاری ناوەندێکی پەروەردەیی بۆ ژنان، هەمان چەشنی ئەو ناوەندەی کلێر-لیس لە کامارادا نیشانیدا بووم، بەجیا خرایە روو. بە قایلبوونیان لەسەر پشتیوانیکردنی پلانەکانی ئێمە بۆ قوتابخانە، کلێر لویسو جان جاك رێکخراوێکیان بۆخۆیان دامەزراند تا هاوکاری ئێمە بکەن پارەی زیاتر لە سویسرا کۆبکەینەوە بە ناوی رێکخراوی حەوا عەبدی لە سویسرا. بە هاوکاری رێکخراوەکە ئەوەمان مسۆگەر کرد کە قوتابخانەکە بۆ ماوەی چوار ساڵی تریش بەردەوام دەبێت، پاشان مامۆستاکان مووچەی مانگانەی خۆیان دەبێت.

گەڕاینەوە بۆ کەمپەکە تا بزانین بیناسازی لە چ دۆخ و قۆناغێکدایە: بە بەکارهێنانی هەمان خشتی تۆکمەو بە هێز کرێکارەکانمان لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا دە ژووری تریان بۆ سەر قوتابخانە دوو پۆلییەی ئێلیزا زیادکرد و هاوکات ناوەندێکی پەروەردییان بۆ ژنان هەڵچنی، هەمان کەرەستەیان بۆ ئەویش بەکارهێنا. ئەو رۆژەی سەرلەنوێ قوتابخانەکەمان کردەوە حەشامەتێك لە قوتابی کچو کوڕ گردببوونەوە، ئیدی گرفتی ئەوەمان بۆ سازبوو کە کام قوتابییانە سەرەتا بێنە قوتابخانەکەوە. لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆر مشتومڕ و مقۆمقۆیان بوو، هەوڵماندا قایلیان بکەین تا ئارامیان هەبێت و لەسەرەخۆ بن. بەوەی متمانەیان پێکردبووین چارەسەری پزیشکی بێبەرامبەر و ئاویان بە خۆڕایی پێبدەین، باوەڕیان بەوە هەبوو کە خوێندنی بێبەرامبەریش لە کاتی خۆیدا شوێنی خۆی دەکاتەوە.

کاتێك ناوەندی پەروەردەیی ژنان کرایەوە، هەمان خواستی زۆرمان لەسەر بوو، نزیکەی 3,000 ژن ئامادەیی بەشدارییان هەبوو، وەلێ ئێمە توانای لە خۆگرتنی تەنها 100 دانە ژنمان هەبوو. دەستمانکرد بە ڕێنماییدان لەسەر دروومان و کاری دەستی تر، لێرەوە ژنان دەیانتوانی هەم کارێك ئەنجامبدەن هەم نەختێکی کەم پارە وەچنگ بخەن. بەوەدا زۆرینەی ژنانی کەمپەکە توانای نوسینی ناوی خۆشیان نەبوو، یەکێك لە مامۆستاکانی قوتابخانە هاتە لایان تا ژنانی سۆماڵی فێربکات. لە ناوەندەکەدا ئاشپەزخانەیەکی بچوکمان دروستکرد، کتومت وەك ئەوەی لە قوتابخانە هەمان بوو، تا ئەرخەیان بین لە وەی لانیکەم ڕۆژانە ژمارەیەکی کەم لە ژنان و منالان بەشی پێویست خواردن دەخۆن. ڕۆژانی چوارشەمە من نانی ئێوارەم لە تەك ئەوان دەخوارد، ئینجا لە تەك دایکەکان باسی ڕێگەی دروستی چاودێری منداڵانم دەکرد: چۆن بەر بە نەخۆشی بگرن، بیناسنەوە یان چارەسەری بکەن؛ چۆن فریاگوزاری پزیشکیی سەرەتایی ئەنجامبدەن، یان چۆن خواردنی هاوسەنگیان پێ بدەن.

هەروەها باسی ریتواڵی خەتەنەکردنی ژنانمان دەکرد، هەروەك بۆ ئەو کاتە بووبووە بابەتێکی باو و بەربڵاو، وەك بڕینی ئەندامی مێینەی ژنان ناسرابوو. هەرچەند ئەو کردارە زۆر بەتوندی منی توشی ژانی بە سوێی خۆی کردبوو، ئەو ژنانەی دەوریشم بەهەمانشێوە، هەڵبەت پتر لە سەدا 90ی هەموو ژنانی سۆماڵ دووچاری ئەمە دەبوون، منو کچەکانم دەمانزانی گەر بەخەڵکی رابگەیەنین دەست لەم کارە هەڵبگرن، ئەوا کارێکی بێهودە دەکەین. باوەڕەکانی کۆمەڵگە هەمیشە وەك بەرد پتەو و سەنگینن، پاشان زۆری ئەو ژنانەی لە کەمپەکەی ئێمەبوون باوەڕیان وابوو کە کچەکانیان بە شونادرێن گەر خەتەنە نەکرابن. باوەڕیان وابوو کە وەك بێباوەڕ—گالۆ- یان وەك فەرامۆشکراو تەماشا دەکرێن.

هەوڵماندا جیاوازی نێوان ئەوەی لە قورئاندا نوسراوە لەگەڵ ئەوەی دابونەریتی فیرعەونەکان و بە ئەندازەی سەردەمی موسا کۆن بووە،

ڕونبکەینەوە. ڕاست و ڕەوانترین ڕێگە ئەوەبوو کە ئاڵۆزییەکانی خەتەنەیان نیشان بدرێت. ئەگەر قیتکەی شادەماری خوێن ببڕدرێت، خوێنێکی زۆری لە بەر دەڕوات و منداڵەکەش ئەشێت بمرێت. هەندێکیتر بە هۆی دەردە کۆپانەوە دەمردن، بەوپێیەی لە لمەوە هەڵدەگیرایەوە، وەك دەشزانن گەلێ ژنی گەنج و مناڵ لە ماوەی کاردا دەمردن، چونکە مناڵەکە بە ڕێگەی دروست نەدەهاتە دەرێ. هەندێکجار ئێمە ژنمان دەهێنایە ناوەندەکە تا دەردەسەرییەکانی خەتەنە و کەموکورتی پیشانبدەین. هەموو سەراسیمە دەبـوون، بەڵام بە کاوەخۆ تێدەگەیشتن.

لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی کەمپەکە سەقامگیریی بەخۆوە بینی، کچەکانم بواریان بۆ ڕەخسا ئاوڕێك لە ژیانی تایبەتی خۆشیان بدەنەوە و خەونەکانیان بەسەر بکەنەوە. دێکۆ کەوتە ئامادەسازی بۆ گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا، ئامینەش کەوتە گەشتی بـەردەوام بۆ نایروبی، بەوپێیەی لە لایەك فەیسەڵ لە وێ کاری دەکرد، لە لایەکی تر دەبوو ئامادەی چەند کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور بێت لە وێ. پاش ماوەیەك ئامینە بڕیاریدا دەست لە پۆستەکەی لە ڕێکخراوەکەدا بکێشێتەوە و لە نایروبی بمێنێتەوە، لە وێ لە نەخۆشخانەی کینیاتا دەستبەکار بکات بەو هیوایەی دواتر بنکەی تەندروستی بۆ خۆی دابمەزرێنێت. پێمخۆشبوو دوورکەوتەوە لەو تەنگژە و ئاڵۆزییەی لە ناوچەکەماندا هەبوو، چوون گرفتی لەگەڵ حیزبی ئیسلام هەبوو. دێکۆش بە وەدا کە ماوەیەکی زۆربوو لە ماڵی نوێی خۆی دوورکەوتبووەوە، ماچی ماڵئاوایی لێکردم. بەڵێنی پێدام کە «بەوزووانە یەکتر دەبینینەوە». منیش پێموت «ئینشائەڵا».

# بەشی بیست و پێنج
# هێرشەکە

پەندێکی سۆماڵی هەیە دەڵێت، ئەگەر مرۆڤ کاری سەخت تەواو بکات، ژیان کاری سەختتر دەهێنێتە بەردەمی. خەڵکی هێمایان بەوە دەکرد کە من بووبوومە پارێزگاری شارەکەی خۆم، بەڵام من بیرم لە دەسەڵاتو هەژمون نەدەکردەوە، یان لەو راستییەی کە 90,000 مرۆڤ پابەندبوون بە منەوە. من درێژەم بە کاری خۆمدا، دەورووبەرم دەکرد، لە تەك کۆمیتەکان کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنم ئەنجامدەدا، دەجەنگام بۆ پاڵپشتی ئەو خەڵکەی زەجریان دەکێشا.

کاتێك دەنگۆی ئەوەمان بیست کە حیزبی ئیسلام دەستیکردووە بە شۆردنەوەی مێشکی نەوەی گەنج لە کەمپەکەماندا و دەیاندان بەگژ یەکتردا، ئەوپەڕی هەوڵی خۆماندا تا پارێزگارییان لێبکەین. زۆرترینی کوڕی گەنجمان لە کەمپەکەمان وەك یاریدەدەری پەرستار خستە سەرکار، وەك ئەو رێگەی بەرامبەر ئیسماعیل گرتمانەبەر، وێنەمان گرتن تا شانازی بە کار و بەرگری لە نیشتمانییانەوە بکەن. بە پێچەوانەوە گەورەکانی ئێمە، کۆمیتەکەمان، پاسەوانەکانمان، هەوڵماندەدا سنورێك بۆ حیزبی ئیسلام دابنێین، بە هەمان ئەوجۆرەی بۆ بەرهەڵستی گروپەکانی تر، ئەوانەی حوکمڕانی ناوچەکەیان لە دەستدابوو یان بە دەستهێنابوو، لە دوو دەیەی رابردوودا گرتمانەبەر، هەرچی بیانویستایە پێماندەدان، لە سنوری شیاندا، لە بەرامبەریشدا هیچمان لێداوا نەدەکردن. بۆ ئەوەی جاڕی بدەین بێلایەنین، بە درێژایی سنورەکانمان پەڕۆی سپیمان هەڵواسیبوو.

حیزبی ئیسلام هەرچۆنێك بووایە هەر گوشاری لەسەر دادەناین، تەشقەڵەیان بە ستافەکەمان دەکرد و هەراسانیان دەکردن، داوایان لە پاسەوانەکانمان دەکرد چەکەکانی خۆیان بدەن بە ئەوان. لە حاڵێکدا ئەمە تاکتیکێکی مەترسیداری نێوان گروپەکان بوو، من پاسەوانەکانم ئاگادارکردو هۆشیاریم پێدان کە هەرگیز بە وەها کارێك قایل نابم. وتم شوێنەکەی من تایبەتە، تفەنگەکانیش ماڵی پاسەوانەکانن، ئەگەر ئەوان منیان دەپاراست، ئەوە هەڵبژاردنی خۆیان بوو.

هەندێك لە پیاوەكانیان ڕێگەیان بە یەكێك لە پزیشكەكانی ئێمە گرتبوو، كارمەندێكی ڕێكخراوی پزیشكانی بێسنور بوو. وتبوویان «ئەو ژنە نزیكەی حەفتا ساڵا تەمەنیەتی، بەڵام بەوپێیەی ئێوە پیاون رووی قسەمان دەكەینە ئێوە، چی قەوماوە؟ بۆچی ئەو خانمە وتویەتی پاسەوانەكانم، چەكەكانیان نادەن بە ئێوە؟» پزیشكەكەش بە لۆژیكی من وەڵامی دابوونەوە و پیاوەكانی قەڵس و بێتاقەت كردبوو.

لە دوانیوەڕواندا دەهاتنە بەردەم دەروازەكـەی ئێمە، دەیانویست من ببینن و دانوستانم لەگەڵ ئەنجامبدەن. سەرەتا رەتمكردەوە لەگەڵیان بدوێم، بەڵام كاتێك بەردەوام هەر دەهاتن، رازیبووم چاوپێكەوتنێكیان لە تەك بكەم. پاسەوان و گەورەكانم بانگكرد و لە ژووری دانیشتنی من و لەوجێیەی گەلێك میوانم بەڕێكردبوو، چەند نوێنەرێكی حیزبی ئیسلاممان بینی. بەڵام كاتێك دانیشتین، ئەو پیاوانە سوكایەتییان پێكردین، وتیان «دەمانەوێت دەست بەسەر ئەم شوێنەدا بگرین». وەها بیریاندەكردوە كە بەوپێیەی ژنێك خانەخوێیەتی كەواتە ئەوان ئەو مافەیان هەیە.

هیچ كەس لە بەرەی ئێمە بە پێشنیارەكەیان قایل نەبوو، پاشان من كەوتمە مشتومڕی توند لەگەڵیان و ئاماژەم بە دەسەڵاتی پسپۆڕی و یاسایی و ئاكاری خۆمدا «من ئەمەم بە دەست و پەنجەكانی خۆم دروستكردووە، تا هاریكاری ئەو خەڵكە هەژارە بكەم. من لێرە تەنها پزیشكم. پێم ناڵێن ئێوە بە چ بڕوانامە و پلەیەكی ئەكادیمییەوە ئێرە بەڕێوە دەبەن؟»

یەكێكیان وتی «ئێوە خەڵكێكی بێگوێن، ئێمە ناناسنەوە».

باشە ئەوان بە تەنیشت كوشتنەوە چ كارێكی تریان كردبوو؟ ویستم بۆ ئەوگروپەی حیزبی ئیسلام روونبكەمەوە كە خەڵكی كەمپەكەی ئێمە دیدگایەكی تریان هەیە لە بارەی سەركردە و ڕێبەرەوە، وەختێك دیتم ئەوان چیتر گوێناگرن بۆ قسەكانم، بێدەنگبووم‌و گەڕامەوە بۆ نەخۆشخانە قەرەباڵغەكە بۆ كاركردن.

دەمزانی پاش بیست ساڵ خەڵکی کەمپەکەی من باوەڕیان بە خۆیانو بە کۆمەڵگەکەیان بۆ دروستبووبوو. ئەوان سەرکردەیەکیان نەدەخواست هەموو ئامانجی بریتی بێت لە دەستبەسەرداگرتن.

یەکەم بانگ بۆ نوێژخوێندن لە ئیسلامدا، بەر لە خۆرکەوتن دەدرێت. ئاسایی من لە ژوورەکەی خۆم نوێژم دەخوێند و پاشان داوای نانی بەیانیم دەکرد، لەم کاتەدا پاسەوانەکانی بەر دەروازە لە قاتی خوارەوە نوێژیان دەکرد. بە یانی 5 ئایاری 2010 خەریکبوون نوێژیان تەواودەکرد، یەکێکیان مەکالین حوسەین بوو قورئانی پیرۆزی دەخوێندەوە، پاسەوانەکەی تر، عەبدیسالان، بە گۆچانێکەوە بە دەستێکیو تەزبیحێکیش بە دەستەکەی دیکەوە بەرە و لای دەروازەکە دەچووەوە. لە پڕ ئەوپیاوەی تر کە کاری بۆ حیزبی ئیسلام دەکرد، بێ ئاگادارکردنەوە هاتە ژوور. نزیکەی پەنجا مەتر لەو دوورەوە دەنگی فیشەکێکم بیستو رامکردە بەر پەنجەرەکە. ناوی ئەو پیاوە شاراب بوو، لەگەڵ هاتبووە ژوور دەستبەجێ دەستی کردبووە تەقەکردن.

عەبدیسالان پرسی «چی قەوماوە، شاراب؟ چیت دەوێت؟ هەرچی هەیە فەرموو بیبە!»

بەڵام گوللەتەقاندن دوایی نەهات، یەکێکیان بە شانی مەکالین حوسەین کەوت. عەبدیسالان لە رووی سەربازییەوە مەشقدرابوو، خۆی خشاندە ژێر بەچکە پاسێکەوە لەو نزیکانەدا. کاتێك شاراب گوللەی تری دەتەقاند، دەینا بە ئۆتۆمبیلەوە، بەسەر پاسەوانەکاندا دەیگێزاند و برینداری دەکردن، مەکالین حوسەین بە دەستە ساغ و سەلامەتەکەی تفەنگەکەی هەڵگرتوو چەند فیشەکێکی لەسەر دڵی شارابدا ساردی کردەوە و دەستبەجێ کوشتی.

یەکێك بە پرتاو هاتە لای من و هاواری کرد «شاراب مرد. دایە حەوا شاراب مرد، مەکالین حوسەین خوێنی لەبەر دەڕوات!» پیاوانی حیزبی ئیسلام پتر هاتنە ناوەوە و پاسەوانەکانی ئێمەیان قۆڵبەست کرد. من جاران پێکەوە دەمبینین چایان دەخواردەوە، پێدەکەنین. ئەدی ئەمڕۆ چی قەومابوو؟

بە کوڕەکەم وت «مەکالین حوسەین بهێنن بۆ ژووری فریاکەوتنی خێراو خوێنبەربوونەکەی رابگرن. دەستبەجێ فریاکەوتنی سەرەتایی بۆ بکەن». کێ ئەم ئاشوبەی نایەوە؟ وەختێك خۆم دەگۆڕی، تەلەفۆنەکەم زەنگی لێدا. یەکێك لە بەرپرسە گەورەکانی حیزبی ئیسلام بوو، پێیوتم کە پاسەوانەکانم چەکەکانیان ئامادە بکەن.

زانیم لە ژمارەدا کورتمان هێناوە. وتم «باشە کوڕم، ئامادەیان دەکەم. بەڵام تکادەکەم، من لێرە ژنی دووگیان و منداڵی نەخۆشم لایە، دۆخیان زۆر ناجێگیر و قەیراناوییە. هێرش مەکەنە سەرمان، ئێمە ناتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین. هەرچی بخوازن بۆتانی بەجێ دێنین».

گەورەکانم کۆکردەوە، هەموو رازیبووین بەوەی چەکەکانمان کۆبکەینەوە، بەڵام هێشتاش چاوی پڕی ترسو دەستیان هەڵدەلەرزی. وەك مریشکێك وەها بووین لە کولانەکەیدا بەسەر هێلکەی ناسکەوە کڕ کەوتبێت، بیرمان لەو خەڵکە نەخۆشە دەکردەوە کە لە نەخۆشخانە بوون، لە خەمی ئەو خەڵکە بێپەناو بەرگرییەدا بووین کە لە کەمپەکەدا بوون. بە هیوابووین بتوانین لە تەکیان ژیرانە بڕیار و رێکەوتنێك ئەنجامبدەین.

کاتێك سی لە کەسە گەورەکانی ئێمە چەکەکانیان کۆکردەوە و هێنایانە بەر دەروازەکە، ئاپۆرایەك لە میلیشیا روبەڕوویان بوونەوە. هاتبوون بە هێز کەمپەکە داگیر بکەن. لە کاتێکدا دەنگی فیشەك لە هەموو ئاڕاستەیەکەوە دەبیسترا، پیاوە میلیشیاکان گەورەکانی ئێمەیان ناچارکرد لەسەر زەویەکە پاڵبکەونو خۆ بخەنە سەر زەوی، سەرەتا بە قۆناغی تفەنگەکان تێریان تێهەڵدان و پاشان لەگەڵ خۆیان راپێچیان کردن.

ئاڵای رەشی حیزبی ئیسلام لە ناو یەکەی فریاکەوتنی بە پەلەی نەخۆشخانەکەماندا هەبوو، کاتێك تەقەمەنی بۆمبەکانیان دیواری چیمەنتۆ و ئەلەمنیۆمی سەربانی بینای بیمارستانەکەی ئێمەیان دەبێژا. گروپێك

لە ستافەکەمان دەستگیرکران و بران بۆ شوێنێکی تر، بە ئاراستەیەکی تر گواستنیانەوە.

من لە کاتێکدا بە ژوورەکەمدا دەهاتم و دەچـووم، گوێم بۆ دەنگی تەقینەوەکان هەڵخستبوو، ئەم زانیارییانەم پێگەیشت. پەیوەندیم لەگەڵ ئامینە گرت تا پێیبڵێم چی قەوماوە، ئاگاداریبکەم لە وەی نازانم داخۆ دەمێنم یان دەمرم. وتم «تۆ ئێستا ئیدی بۆ خۆت پزیشکی، خێزانی خۆت هەیە، بوویتە خاوەنی منالاّ، من شوکری خوا دەکەم کە تۆ لێرە نیت».

وتی «دایە لەوێ بمێنەوە، لە دەستیان هەڵمەیە، تۆ لە وان بەهێزتریت». ئەوەشی پێ وتم کە ئەو و دێکۆ هەر کەس شك ببەن بانگهێشتی دەکەن تا دەستگیرۆییان بکات.

ئامینە سۆراغی دەرهێنەرێکی کەناڵی بی بی سی کرد، ئەویش دەستبەجێ لە ماوەی ساتە دژوار و سەختەکانی توندوتیژی و تەقینەوەدا پەیوەندی پێوەکردم. پێموت پاسەوانەکانم چییان بۆ گێڕاومەتەوە: ئامانجی حیزبی ئیسلامی؛ یەکەی لە دایکبوون، یەکەی نوژداری، لەگەڵ یەکەی چارەسەری نەخۆشە بە دخۆراکەکان بوو. ژنێك کە نوژداری بۆکرابوو تا منداڵی ببێت و سەروەختی چاکبوونەوەی تێدەپەڕاند و من ئەو رۆژە خۆم چارەسەریم بۆکردبوو، هەستابووەوە و هەڵهاتبوو، کاتێك رایکردبوو برینەکەی دەمی کردبووەوە، بەڵام ژنەکە بە ئاڕاستەی مەقادیشۆ رۆشتبوو و بزر بووبوو. تەقینەوەیەکی تر ناوەندی چارەسەری کۆلێرای پێکا. دایکانی تۆقا و سۆندەی خۆراکپێدانی دەرزی دەستی منالەکانیان دەرهێنابوو تا لە ترسا هەڵبێن. ئێمە دەمانزانی ئەو منالانە زیندو نامێنن.

وێنای دەنگی خۆم دەکرد لە زایەڵەی رادیۆوە، هەوڵمدا سەرنجی تەواوی خەڵکی سۆماڵی کێشکەم، لێیانبپاڕێمەوە بەرگری لە کۆمەڵگەی خۆیان بکەن «ئێوە ئێستا دەبیستن چی دەقەومێت؟ ئەمە کارەساتە». کاتێك دەنگی تەوژمی

دووەمی دەستڕێژی گوللە هات وتم «ئەمەیان ماڵەکان و کەمپەکەی کردۆتە ئامانج». پاشان بێدەنگبووم، هەراوزەنایەکی زۆرم بیست. هاوارمکرد لەو خەڵکەی بەدەورمەوە بوون تا دەرگەکان دابخەن، دەترسام سەربازەکان بێنە ژوورەوە. دەرهێنەرەکەی بی بی سی پرسی «هیچ روبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان ئێوەدا روویندا؟»

رۆژی دواتر هاتن و گوتیان دەستی بەسەردا دەگرین، لە کەمپەکەدا دەنگی تەقینەوەی زیاترمان دەبیست، پاشان پێکدادانی توندو سەخت. دواین وشەیەك لەوێوە وتم ئەوەبوو کە «بۆمان بپاڕێنەوە، نزامان بۆ بکەن».

هاوڕێ و ئەندامانی ستافەکە تادەهات زیاتر دەهاتن و دەیانویست کۆمەکم بکەن هەڵبێم. من رەتمکردەوە، تکام لێدەکردن خۆیان رزگاربکەن. «ئەم خەڵکە دەیانەوێت من بکوژن، من نامەوێت ئێوە بەم هۆیەوە بریندار بن، یان شتێکتان بەسەر بێت، بۆیە تکایە بڕۆن و تەنها بەجێمبهێڵن».

گەنجێك کە لە منداڵییەوە لەگەڵ ئێمە بوو وتی، «دایە حەوا ئەگەر تۆ بڕیارت داوە بمێنیتەوە، ئەوا ئێمەش لەگەڵ تۆدا دەمێنینەوە». من ترسی خۆم خواردەوە، هەموو پێکەوە خڕبووینەوە و چاوەڕێمانن.

نزیکەی دوانیوەڕۆ دەوروبـەری پەنجا پیاوی حیزبی ئیسلام هاتن بۆ ئەپارتمانەکانی ئێمە؛ سەرەتا دەرگەی دەروازەیان شکاند، تەقەیان لە دەرگا ئاسنینەکەی من کرد و کونێکی خڕیان تێکرد، دەنگی ئەم تەقوتۆقە ماڵەکەمی هەژاند و دەنگێکی ناحەزیان دروستکرد. نزیکەی دوانزە پیاو هاتنە ژوور و ئەو گەنجەیان دایە بەر شەق و پێلەقە کە لە ژوورەوە مابووەوە. بە ژووی جیاوازدا دەگەڕان و جنێویان دەبەخشیەوە، بە تەمابوون شتێك پەیدا بکەن و بدۆزنەوە - پارە بێت یان ئاڵتون. سنوقێکیان شکاند تۆوی گوڵ و میوە و گیای تێدابوو، ئامینە کڕیبووی، پاشان ژوورەکانی نوستن گەڕان، ژێر پشتی و دۆشەکەکانیان تەماشا دەکرد.

پیاوەکان هاتنە ژوورەکـەی من و هاواریان دەکرد «تۆ قسەت لەگەڵ میدیای دەرەوە کرد؟» فادومە دوالی و چەند پەرستارێکی تر دەوریان گرتبووم، تا بمپارێزن.

پرسیم «بۆ؟ ئێوە نەتانوت کە قسە نەکەم.» دەبوو بە هێز بەرپەچییان بدەمەوە. نەدەکرا من بترسێنرێم و کۆمەڵێك لە خەڵکەکەی خۆم بە چاوی پڕ لە ترسەوە تێمبڕوانن.

تەلەفۆنەکەی منی برد و داوای لە ژنەکان کرد تا ئەوانیش تەلەفۆنەکانی خۆیانی پێبدەن. وتی «بەرگ بپۆشە، دەتبەین بۆ دادگاکەمان».

وتم «من پۆشتەم. ئەوی لەبەر مندایە، بریتییە لە بەرگی نەریتی خەڵکی سۆماڵ». کەمێك پێکەنیم و وتم، «کوڕەکانم، من خۆ ناشزانم حیجاب بپۆشم». پەرستارەکانی دەورم پەچەیەکیان تێوەپێچام، پاشان بێدەنگ لە قادرمەکانەوە دابەزینە خوارو چووینە دەرەوە، لە وێ نزیکەی 150 کەسێك خڕببوونەوە. لە کاتێکدا بە ئاڕاستەی باسێکی بچوك دەڕۆیشتین، یەکێك لە کوڕەکانی کەمپەکە هاتە لای منەوە و وتی «من لە تەك دایە حەوا دەڕۆم».

کابرای چەکدار نەیهێشت و بەرەو کەنارەکە پاڵی پێوەنا.

کوڕەکە وتی، «دەی ئەو دایکی منە».

رێگەیاندا پەرستارەکان تا ناو پاسەکە بە شوێنمدا بێن. وەختێك بۆ شوێنێکی نادیار بە رێکەوتین، گوێم لە هاواری ماکەلین حوسەین بوو. حیزبی ئیسلام ستافی نەخۆشخانەیان دەستبەسەر کردبوو، رەتیاندەکردەوە رێگەبدەن بچن بە دەم ماکەلین حوسەینەوە—یارمەتی بدەن‌و برینەکەی بۆ بپێچن یانیش دەرمانێکی ئازارشکێنی پێبدەن.

چەند رۆژێك پێشتر، دایکی هێنا بۆلام. لە مێرکا دەژیا لە نزیکمانەوە، ژنێکی لاواز و رەقەڵە بوو، سیمای بە هۆی تەمەنێك لە بەخێوکردنی مانگاو بزن و مریشك وشکهەڵاتبوو. کاتێك بۆماوەی چەند خولەکێك بەر لە پشکنینەکەی

لەگەڵم ئاخاوت، دەتوانم بڵێم زۆر دڵشادبوو بە کوڕە قۆزە خوێندەوارەکەی. کوڕەکەی تەمەنی بیست و پێنجساڵا بوو، ژنی هێنابوو باوکی دوو کوڕ بوو. سوپاس بۆ خوا لەم کاتەدا دایکی دەنگی قیژە و هاواری نەدەبیست.

پاش نزیکەی 15 خولەك گەشتینە لای کۆمەڵێك بیناو فەرمانمان پێکرا لە پاسەکە دابەزین. لە کاتێکدا بەرەو ناوەوەی یەکێك لە بیناکان هەنگاومان دەنا، هەندێك لەو گەنجانەی منیان دەناسی، دەهاتنە ڕێم و دەیانوت «ئای، بە خێربێت دۆتۆرێسا». ڕێبەری کراین بۆ ناو هۆڵێکی گەورەی رازاوە و فەرشڕێژ، دوو دۆشەکیشی تێدا راخرابوو. ئێمە لەسەر دۆشەکەکان دانیشتین، چەند کاتژمێرێك پێکەوە قسەمانکرد. ناوبەناو لەلایەن پیاوەکانەوە قسەکانمان پچڕانی تێدەکەوت، دەهاتنە ژوور و دەیانوت «من بەرپرسی کارگێڕیم» یان «من بەرپرسی ئاسایشم»، وەسفی ئەرکو پێگەی خۆیان دەکرد.

لە کاتێکدا ئێمە گوێماندەگرت و چاوەڕوانبووین، زۆر لە خەمی بارودۆخی کەمپەکەدا بووین، داخۆ پاسەوانەکان گەڕاونەتەوە؟ داخۆ ئەوان وەها بیردەکەنەوە کە ئێمە مردووین؟ یەکێك لە پەرستارە نوێکان، کە لەگەڵ من لە دیگفر کاریکردبوو و منی باش دەناسی، لەو کاتەدا توشی خوێنپژان هاتبوو. چووە لای یەکێك لە پاسەوانەکان و پێی وت خوێنی لەبەر دەڕوات، پاسەوانەکەش هاتە لای منو وتی «خانمی پزیشك، دەبێت چی لەو پەرستارە بکەین؟»

وتم «نازانم، ئەوە ئیشی ئێوەیە—خۆتان چارەسەری بکەن!»

پەرستارەکە پاڵکەوتبوو دەگریا، «من دووگیانم، وا ئێستاش بەهۆی ئێوەوە منداڵەکەم لە بارچوو!»

بـەوەدا کە نەیاندەزانی چۆن مامەڵەی لە تەك بکەن، پاسەوانەکان ئازادییانکرد، پەرستارێکی دیکەشیان لە تەك نارد تا هاوەڵی بکات. بە راکردن گەڕابوونەوە بۆ کەمپەکە تا بە خەڵکی ماتەمباری ئەوێ بڵێن کە ئێمە ماوین.

وتیان سەرەتا پیاوەکان خواردنیان پێداوین و ئێمە رەتمانکردەوە بیخۆین، بەڵام دواجار قبوڵمانکرد. پاشان هەمان ئەو پەرستارە بەرگەکانی گۆڕی و گەڕایەوە بۆ لای من، وتی کەمپەکە هێمنە.

بۆ پێنجی ئێوارە و کاتێك بی بی سی بەشی خزمەتگوزارییەکانی سۆماڵ پەخشی دەستپێکرد، لە ژووری تەنیشتمەوە دەنگی ترساوی خۆم بیست، تۆماری چاوپێکەوتنێك بوو لەسەر هێرشەکە. پاش چەند خولەکێك سەربازێك هاتە ژوورەوە و تەلەفۆنێکی دەستی پێدام. وتی «تۆ پشتیوانو هەواداری زۆرت هەیە، پیان بڵێ کە ئێمە نە تۆمان کوشتووە، نە لێمانداویت». منیش قسەم زۆرکرد، سەرەتاش لە کچەکەمەوە دەستمپێکرد.

ئامینە دەنگی زوڵاڵاو بە هێزبوو، وتی «هەستەوە! خۆنەدەیت بە دەستەوە! تۆ راستی دەڵێیت!»

کاتێك زەنگم بۆ دێکۆ کرد، گریا، «چیمان لە دەست دێت دایە؟» پەیوەندی لەگەڵ ئێلیزا گریسۆلد گرتبوو، داوای لێکردبوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوبارەیەوە ئاگادار بکات. وتی «پێویستە دەنگمان هەڵبڕین. ئەوە تەنها هێزە هەمان بێت».

لە کاتێکدا پاسەوانەکان لە دەرەوە وەستابوون، من پەیوەندیم لە تەك خەڵك دەگرت. تەلەفۆنم بۆ ستافی نەخۆشخانە کرد و لە حاڵی ماکەلین حوسەینم پرسی، پەیوەندی لە تەك دۆستو پشتیوانانم کرد تا پێیانبڵێم زیانم پێنەگەشتووە و داواشیان لێبکەم سەرکۆنە و ریسوای ئەو پەلامارە بدەن. وتم حیزبی ئیسلام تۆزقاڵێك هەستی مرۆڤایەتی نییە. ئەوی بە خەڵکی تریان کردووە گەلێك خراپترە لە وەی دەرهەق بە من ئەنجامیاندا.

دە کاتژمێربوو لەو بینایەدا بووین، کاتێك وتیان «با بڕۆین». وەختێك هەستاینەوە، دەترساین لـەوەی یان دوورترمان دەخەنەوە یان دەشێت بمانکوژن. وەختێکیش چووینە ناو پاسە بچوکەکە، شۆفێرەکە مۆبایلەکەی خۆی پێدام. «ئەمە بگرە، زاواکەت سەد جار تەلەفۆنی بۆ کردم».

فەیسەڵ پرسی، «دایە، تۆ چۆنی؟»
وتم «باشم، بەڵام نازانم بۆ کوێم دەبەن».
شۆفێرەکە پرسی، «دەتەوێت بتبەینەوە بۆماڵەوە؟» پاشان لێی زیاد کرد، «هاوکات ئێمە دەتوانین بتبەین بۆ ئۆتێل یان ماڵی یەکێك لە گەورەکانمان».
پاش ئەو هەمووە لە دڕەندایەتی، سەرم لە میهرەبانییە دەرنەدەکرد. وتم «تکایە ممبەرەوە بۆشوێنەکەی خۆم»
وتی «ئەمشەو خەوت ئەستەم دەبێت لە ژوورەکەی خۆت، سەربازەکانی ئێمە هەموو لە وێن».
وتم «کێشەیەك نییە، ئەوان خەڵکی منن، لەگەڵ ئەوان دەبم».
کاتێك گەڕاینەوە، کەمپەکە تاریك و خامۆش بوو. پێیان وتم کاتێك ستافەکە ڕۆشتبوون تا بزوێنەرەکە دابگیرسێنن بۆ ئەوەی ئاو و کارەبایان هەبێت، لێیان دابوون. پیاوەکان بە دانیشتوانی کەمپەکە پێکەنیبوون‌و شۆخییان پێکردبوون، هاواریانکردبوو، «حەوا نەما، ئاویش نەما».
وەختێك ئاو و کارەبا هاتنەوە، هەموو خەڵکەکە زانییان کە من هاتومەتەوە. وەختێك ئەم دەنگۆیان بیست ماڵەکانیان جێهێشت‌و هاتن بۆلای من، بەڵام ئەوپیاوانەی لە دەرەوە بارگەیان خستبوو دەستبەجێ ناردنیانەوە.
لە ماڵەکەدا، ئەم ژوور و ئەو ژوورم دەکرد، چاوم دەگێڕا بەو ناوەدا و تەماشای ڕەفەی کتێب، مێزەکەم، دیوارەکەم دەکرد: وێنەی هەموو ئەندامانی خانەوادەکەمیان شێواندبوو، بەڵگەنامەکانیان دڕاندبوو، سیدیً کانیان شکاندبوو. دۆشەکەکەمیان هەڵدڕیبوو، مۆبیلەکانم تیکە تیکە کرابوون، هەرچەند بە چەکوشێکی ئاسنەوە بە دوای قاسەکەمدا گەڕابوون، بەڵام شکستیانخواردبوو لە دۆزینەوەی. خۆیان گەیاندبووە وێنەی زانکۆ و لە چوارچێوەگیراوی کچەکەم، مەبەستم ئەو وێنانەی لە تەك هاوڕێکانی لە مۆسکۆ گرتبوونی. وتبوویان «ئەم خێزانە—گالۆ-ن».

بەوپێیەی ژوورەکەی خۆم تێکدرابوو ڕۆشتم بۆ ژوورەکەی ئامینە، چل پیاو لە وێ بست بە بستیان تەنیبوو، هاتبوون من بپارێزن. یەکێك لە پاسەوانەکان دانیشتو بۆیگێڕامەوە ماکەلین حوسەین چی بەسەر هاتبوو. ئەم بەدکارانە بردبوویان بۆ شارێکی بچووکی تر لەسەر ڕێی مەقادیشۆ، وتبوویان لەوێ چارەسەری دەکەن. براو خوشكو مامی رایانکردبوو بەدوایدا، بەڵام لەوێ دیبوویان هیچ پەرستارێکی لەگەڵ نییە. هێند خوێن لە لەشی ڕۆشتبوو کە تەواو بێهێز و سووکی کردبوو. کاتێك پزیشك هات بیبینێت وەك عادەت خزمەکانی لەوێ ڕۆشتبوون. کاتێك هاتبوونە ژوور، ئەو گریابوو ملی گرتبوو. وتی «دایە حەوا، بەدەرزی شتێکیان کردبووە لەشی . ئەویش دەستی گرتبوو بە ملییەوە و دەیوت (ئەوان چارەسەریان بۆ نەکردم، بەڵکو کوشتیانم!) کەوتە حاڵەتی کۆماوە، بۆ کاتژمێر یەکیش گیانی لە دەستدا».

نەمزانی چی بڵێم، ناچار چووم راکشام لەسەر جێ، گوێم بۆ ئەو دەنگە گرتبوو دەچوو بە ئاسمانا، تاق، تاق، تاق، تاق، بە درێژی شەوان خەڵکی کامپی دەترساند. بەبێ پاسەوانەکانمان ئێمە نەماندەتوانی خۆمان بە دزێکی ئاساییش بپارێزین.

کاتێك دەمەوبەیان هات، حەشامەتی ئەو خەڵکەی بۆ بەیانکردم کە لە دەوری ماڵەکە کۆببوونەوە. کاتێك چوومە دەر و حەوشی ماڵەکە، کەوتنە هاوار، «دەمانەوێت حەوای پزیشك ببینین!» وەك خۆپیشاندانێك وابوو، ئاپۆرای سەدان کەسی و تەنانەت هەزارانیش لە وێ بوون. بەوپێیەی حیزبی ئیسلام جڵەوی گروپێکی بەو ئەندازەیان پێنەدەکرا، چارەیەکیان نەبوو جگە لە وەی بێنە لای من بۆ ئامۆژگاری. وتم «ئەگەر دەتانەوێت ڕێکخراو و پەیوەست بن، دەبێت ڕێیان پێبدەن بێنە ژوورێ«. پێشنیازم کرد جاری چوارسەد کەس بێنە ژوورێ.

هەرچەند من لە حاڵەتی بەندکردندا بووم لە ماڵەکەی خۆمدا، بەڵام لە ماوەی نێوان 6 بەیانی بۆ 1 پاشنیوەڕۆ دەمتوانی سەردانکەران ببینم. ئێلیزا پەیوەندی پێوە کردم و پرسی بارودۆخەکە چۆنە. منیش پێموت چی دەقەومێت و پێویستمان بە چییە بۆ ئەوەی جارێکی تر نەخۆشخانەکە بکەوێتەوە کار؛ متمانەم پێی هەبوو کە ئەم بەسەرهاتە بە گوێی جیهانی دەرەوەدا دەدات. هاوکات چاوپێکەوتنم لە تەك راپۆرتنوسێکی ناوچەکە ئەنجامدا، بۆم دووپاتکردەوە کە حیزبی ئیسلام هاتووە موڵکی منی داگیرکردووە، پاشان ئەو ژنە نەدار و مناڵە بێدەرەتانانەی ئەوان هێرشیان کردۆتە سەریان میوانی من بوون. وتم پارێزراوی ناوچەکە بەندە لەسەر لێکردنەوەی ئاڵای رەشی حیزبی ئیسلام و چۆڵکردنی ئێرە. بەوپێیەی من هێزم نەبوو تا بجەنگم، دەمتوانی تەنها سەدام هەڵبڕم. وەك ئەیێیۆ وتی—هەرچەند من لەشولارم لاوازە، بەڵام زارم جەنگی هەزارکەس دەکات.

زۆری پیاوەکانی حیزبی ئیسلام هەرزوو پاش پەلامارەکە ئەوێیان بەجێهێشت؛ تەنها پێنج سەرباز لە ماڵی من مابوونەوە. یەکێکیان وتی «حەوای پزیشك، تۆ مرۆڤێکی کەلەڕەقیت. گوێ بۆ ئەوە ناگریت کە ئێمە پێتی دەڵێین. چاوپێکەوتن لە تەك هیچ کەسێکی دەرەکی ئەنجام مەدە».

وەڵامم دایەوە، «بە تەما نیم دەستبەردار بم»

وتی «تۆ ژنێکی پیریت—پێویستە دابنیشیت. ئێمە پیاوین. ئێمە شیرازەمان لە دەستدایە».

وتم «تۆ پیاویت؛ دوو هێلکەگونت هەیە، دەی خرتێکیش خۆ دوو هێلکەگونی هەیە. پێم بڵێ چیت بۆ کۆمەڵگەکەت کردووە؟ « تەماشای منیان دەکرد و شۆك گرتبوونی، هەرچەند ترسم دەبینی وا لە سیمای پەرستارەکان دەنیشێت، بەڵام درێژەم پێدا. «من شتێك بۆ ئەم خەڵکە و بۆ وڵاتەکەم دەکەم. ئێوەش پێویستە کارێك بۆ ئەم خەڵکە نەدار و هەژارە بکەن».

تووڕەبوون، وشەی ناشیرینیان پێدەوتم، بە ژنی پیرە بکوژی شارابی خۆیان بانگیان دەکردم. بەڵام هیچیان لە ئاست ئەو هەموو خەڵکە پێنەدەکرا کە قەتارەیان بەستبوو تا بێن و من ببینن، خەمی خۆیانم لەگەڵ بەشکەن. هەرچەند ئەو خەڵکە تەنها دەیانتوانی بڵێن، «ئێمە لە گەڵتین، پشتیوانی لە تۆ دەکەین، خودا لەگەڵ تۆدایە،» بەڵام سەردانەکانیان گوڕو تینو خوێنێکی تازەی لە دەمارەکانمدا جۆشدەدا. نەخۆشخانە و قوتابخانەکە هەر بە داخراوی مانەوە، کۆمیتەکەش کۆبوونەوەی ئەنجام نەدەدا. ئێمە لە دۆخی چەقبەستندا بووین، گەشتبووینە بنبەست، ئەوەی وەك پاشماوە لە کەمپەکەدا دەتبینی هێمابوون بە دڕەندایەتییەکی ئەندێشە نەکراو.

ڕۆژنامەنوسە خۆماڵییەکان لە پۆلێك خوێندکاریان پرسیبوو، «ئەوە خەریکی چین؟ بۆچی ناڕۆن بۆ قوتابخانە؟»

ئەوانیش وەڵامیان دابوونەوە، «ئێمە خوێندنگەیەکی ئازادمان هەبوو، بەڵام لە وەتەی ئەم خەڵکە هێرشیان کردووە داخراوە».

یەکێك لەو گەورە کەسانەی گەڕابووەوە کەمپەکە وتی «دەزانی حەوا، ئەم چەشنە لە خۆپیشاندان کاریگەری زۆر دادەنێت. ئەوان زۆر بەداخەوەن بۆ ئەو بێڕێزییەی بەتۆیان کرد». چاوپێکەوتنی منداڵەکان هاوڕێ لە تەك ڕستێك چاوپێکەوتنی تر لە چاپدران، لە نێویاندا یەکێك هەبوو ئێلیزا لەماڵپەڕێکی ئەمەریکی بە ناوی «TheDaily Beast» بڵاوی کردەوە.

پاش ئەوە پێنج سەربازەکە بە داواکارییەکی ترەوە هاتنەوە ژووری: وتیان «بە میدیاکانمان ڕاگەیاند کە ئەم شوێنە کراوەیە. پێویستە بیکەیتەوە».

دەبێت بڵێم کە هیچ شتێك لەم ژیانەدا ئاسان نییە. دەمزانی ئەگەر من بچمە ژێرباری داواکارییەکانی ئەوان و هەموو تواناکانمی تێدا بەگەڕ بخەم، ئەوان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو بۆ ڕۆژی دواتر بێنەوە و بڵێن دەبێت دایبخەیت. وتم «من ئەو بیمارستانە ناکەمەوە هەتا ئێوە بە نوسراوێك داوای

لێبوردنی خۆتان لە من و لەم ڕێکخراوە بیانییە نەکەن کە هاتوون چارەی نەخۆش و دەستگیرۆیی نەداران دەکەن. ئێوە دەبێت بڵێن کە دان بە هەڵەی خۆتاندا دەنێن».

پیاوێك وتی «ئێمە ئامادە نین پۆزش بۆ گالۆ بنوسین». وتم «ئێرە موڵك و کەرتی تایبەتە—نە هی میرییە، نە هی جەنابتان. تا ئەوەی داوای لێبوردن نەنوسن، ئەم شوێنە بە داخراوی دەمێنێتەوە».

هاوکارانم لە ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور قایلبوون بە بڕیارەکەی من، هەرچەند لە پایدا توشی مەینەتی زۆر هاتین. من لە ژووری خۆم مامەوە و بەخێرهاتن و پێشوازیم لە لایەنگرانم دەکرد، بەوجۆرەی دەمتوانی ڕێنماییم بە ئەندامانی ستافی نەخۆشخانە دەدا. تۆمەتێك لە دادگای حیزبی ئیسلامەوە بۆ من هات، بە پێی تۆمەتەکە یەکێك لە پیاوەکانیان بە هۆی سەرپێچی منەوە گیانی لە دەستدابوو، سزاکەشی 100 حوشتر بوو.

سەرکردەی هەموو گروپەکە، شێخ حەسەن زاهیر ئوێس هاتە لای من تا پرسەکەم لە تەك تاوتوێ بکات. وتی «من برای سۆماڵی تۆم».

پەڕاوەکەم نیشانداو وتم «ئەمە چی دەگەیەنێت؟ داخۆ من دەبێت بێمە بەردەم دادگای ئێوە؟ تکایە ئەم بڕیارە هەڵبوەشێنەرەوە».

وتی «ئەگەر ئەوان ئێمە بانگ بکەنە دادگا، ئەوا پێویستە بڕۆین».

بە پێی یاسا، ئەگەر دوو کەس شەڕیان بێت، یەکێکیان ناتوانێت بڕوات ئۆباڵی هەر تاوانێك ئەوی تریان ئەنجامی داوە لە ئەستۆ بگرێت. کەسی سێیەم و بێلایەن پێویستە بڕیاربدات. من ئەگەر بڕۆشتمایە بێشك توشی سەرکۆنە و شەرمەزاری دادگای حیزبی ئیسلام دەهاتم. وتم «من بۆ هیچ کوێ ناڕۆم؛ ئەمە موڵکی تایبەتی خۆمە . خەڵکی بۆلای من دێن، نەك بۆلای تۆ. تۆش بڕۆ و شوێنێکی تری وەك ئەمەی من دروستبکە و ئینجا پەیوەندیم پێوە بکە—ئەوسا منیش هەماهەنگیت لە تەك دەکەم».

حەسەن زاهیر هەمیشە شتێکی لەسەر پارچە کاغەزێك دەنوسی و هەڵدەستایە سەرپێ، ئەم جارەیان وتی «هەرکات ئارەزوت کرد لەگەڵم قسان بکەیت، ئەمە ژمارەی منە».

دۆخی چەقبەستوو بۆ ماوەی چەند رۆژێك درێژەی کێشا، بێ ئەوەی نە قوتابخانە نە نەخۆشخانە بکرێنەوە. من بە ئەستەم دەنوستم، بەردەوام بیرم لای ئەو خەڵکە بەشمەینەتەو تێکوپێکچوونی هەموو کارەکانم بوو. لە پاسەوانەکەیان پرسی «ئەرێ کورِم ئێوە کەی دەست لە کوشتن و رشتنی خوێنی بە ناهەق هەڵدەگرن؟ دەتوانی بە دروستی پێمبڵێیت کەی؟»

«کاتێك سەرکردەکەمان دەچێت بۆ نیویۆرك یان واشینتۆن یان پاریس، ئەو خەڵکەی لە وێ دەژین دەگرێتو پێیاندەڵێت، (ئێوە دەبێت ببنە مسوڵمان، کتومت بەو چەشنەی من هـەم.)، کاتێك ئـەوان قایل دەبـن، ئیدی ئێمە دەستبەرداری جەنگ دەبین. بەرلەوە؟ نا»

پاش هەفتەیەك فەرماندەی دووەمیان هات بۆلام. بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی ئیسلام و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بـوو، پیاوێکی بـەژن بڵندبوو، تەمەنی لەسەرەتای پەنجاکاندا بوو، زمانپاراو و قسەڕەوان بوو. لەسەرەتای دانیشتنمانەوە بۆ دانوستان زانیم کە ئەم لە وانی تر گەلێك ژیرو هۆشکراوەترە. داوای لێکردن ژیرانە بدوێن، رێز بنوێنن.

نامەیەکی پۆزشهێنانەوەی رادەستکردم، بە سۆماڵی نوسرابوو. کاتێك خوێندمەوە لە تەنیشمەوە وەستابوو. پاشان کاغەزێکی تری پێدام، نامەیەك بوو بە ئینگلیزی نوسرابوو. نامەکە سەرەتا داوای لێبوردنی لە من لە خۆگرتبوو، پاشان لەو رێکخراوە ناحکومییەی هاریکاری لە کەمپەکەدا ئەنجامدەدا، پاشتر ستافی کامپ، لەگەڵ ئەو خەڵکە سۆماڵییەی لە ناوچەکەدا بوون و دۆست و ئازیزانیان لە دەستدابوو. کاتێك سەرم هەڵبڕی نیگامان یەکانگیر بوو. وتم «سوپاست دەکەم». داوای لێبوردنی کرد و دڵی خۆشی بۆ بەیانکردم، وتی هیچ کارێکی لەم چەشنە ئیدی هەرگیز روناداتەوە.

من لای خۆمەوە سەرم بۆ بادا، بەو مانایەی کە هەڵەی کردووە. وتم «من سۆماڵیم، دایکم، پزیشکم، شایانی ئەوەم ڕێزم لێبگیرێت. من بەتەنگ زۆر لەو خەڵکەوە دەچم کە لە دەوری ئێوەوەن—ئەمە تراژیدیایەك بوو ئێوە لە دەستتان دەهات بەری پێگرن. هەرگیز کاری وەها ئەنجام نەدەنەوە». من بەردەوام بووم لە قسەکردن، بەڵام زارم لەسەر وشەکانم گیری کرد. کاتێك دانپێدانانەکەی ئەوم دی هەستم بەبەزەیی دەکرد، من ئەم هەمووە کارم کرد، ئەو هەمووە قوربانیم دا، تا هێرشم بکرێتە سەر. بریا ئەم کەسەی وا وەستابوو لە من حاڵی دەبوو؟ بۆ یەکەمجار دەستمکرد بە گریان. کاتێك نامەکەی لای من بەجێهێشتو قاپییەکەی لە دواى خۆیەوە داخست، فرمێسك بەسەر رومەتمدا ڕێچکەیان گرت.

ئەو ڕۆژی کاتی ئەوەم بوو بمرم، بەڵام خەڵکەکەم رزگاریان کردم. من هەر لەسەرەتاوە پێموتن کە شەڕ ڕێگەی ڕێبەری کردنی کۆمەڵگەو نەتەوەکەمان نییە. وتم «ئەگەر دەتانەوێت لە تەك منەوە ڕێبکەن، ئەوا دەبێت ڕێگاکەتان بگۆڕن». کاتێك هەموو ئەوەی بینامانکرد و ڕەنجمان بۆ دابوو هێرش کردبوویە وێرانە، خەڵکەکە ئیدی نەدەترسان دەنگیان هەڵبڕنو دژی ئەو خراپەیە بێنە گۆ. دەیانتوانی بێنە ماڵەکەی من، دەیانتوانی هەموو دنیا بەئاگا بێنن لە وەی قەومابوو.

حیزبی ئیسلام تێگەشت بۆ ئەوەی بێت بۆلای من پێویستی بەوە نییە هەزاران کەس خەڵتانی خوێن بکات، منیش زانیم کە لە سایەی خەڵکەکەمەوە زیندوم. ئێستاش دەمێکی دەکەومەوە بیر ئەو بارودۆخە، هێزی ژیانو زیندەگیم پێدەبەخشێت.

# بەشی بیستو شەش
# ژنانی ساڵ

کاتێك نەخۆشخانە و قوتابخانەکە دیسانەوە کرانـەوە، ئێمە چیتر پاسەوانەکانمان لانەبوو تا پارێزگاریمان لێبکەن—تەنها ئەو پێنج پیاوە هەبوون کە حیزبی ئیسلام رەوانەی کردبوون. پاش ئەوەی بۆ ماوەیەك لە تەك ئێمەدا کاریان کرد، هاتنە بەرەی ئێمە، باوەڕیان هێنا بە ئەرکی ئێمەو بوونە بەشێك لە جڤاتەکەمان. سەرباری ئەوەش، ئەوان کەمبوون، پاشان بەدەر لەو تفەنگانەی ئەوان ئێمە تەنها چوار دەمانچەی تر چەکمان هەبوو، بەشێکی کەمی ئەو سەربازگە گەورەیە بوو کە لە -1992ەوە هەمانبوون.

توانای خۆمان خستە خزمەتی دووبارە بنیاتناوە، گفتوگۆدا لەگەڵ خەڵکی لەسەر ئەو گرفتانە دەکرد کە لە کاتی ئیشکردندا دوچاریان دەبووین، پاشان لەسەر ئەوەی بۆچی ئێمە نیازمان بە کۆمەکی ئەوان هەبوو. من بێهیوا و ترساو بووم، هەرکەسێك بیویستایە دەیتوانی بمهەژێنێ. لە کاتێکدا هێشتا لەکەمپەکەدا دەستبەسەر بووم، کچەکانم قایلیانکردم بانگهێشتێك بۆ کامپالا قەبوڵبکەم و ئامادەی کۆبوونەوەی لوتکەی ئەفریکای یەکگرتوو بم لەسەر بانگهێشتی رێکخراوی سۆلیدارێتی بۆ مافەکانی ژنان لە ئەفریکا. وەختێك لە فڕۆکەخانەی کامپالا نیشتمەوە، کە دیم وا ئامینەو ئەحمەد لە نایروبییەوە هاتوون تا من ببینن واقم وڕما!

لە وێ پێکەوە سیو پێنج رۆژی خنجیلانەمان بەسەربرد؛ نوستمو خواردنم خوارد، وزەم تێگەڕایەوە. سەرباری ئەوەش ئامینە دەیویست لەگەڵیان بڕۆم بۆ نایروبی نەوەك بگەڕێمەوە بۆ کەمپەکە. وتی نیازی بە کۆمەکە لەگەڵ ئەحمەد، بەوپێیەی ئێستا نەخۆشخانەی خۆی بەڕێوەدەبرد، ناوی نابوو نەخۆشخانەی حەوا عەبدی پزیشك، هاوکات داهاتێکی باشی دەستدەکەوت. لە ناوچەی رۆژئاوای نایروبی ئەپارتمانێکی جوانی بەکرێ گرتبوو، ژنێکی باشی دەستکەوتبوو کاری لە تەك دەکرد، بەناوی فیلیکتا، خواردنی ژەمەکانی بۆم سازدەکرد. ئامینە دەیویست زۆر ئاگاداری من بکات. وتی»تۆ خەمت لێنیشتوە، دەرونت نائاسودەیە، پێویستیت بە پشووە«.

نەمدەتوانی بیری لێنەکەمەوە، نەپرسمەوە لەو کارانەی بە درێژایی تەمەنێك ئەنجامم دابوون. ئەگەر تۆ شتێکم پێبڵێیت من سەد لە سەد متمانەت پێدەکەم. من گومان ناکەم، کاتێك تۆ دەڵێیت شتێك رودەدات حەتمەن رودەدات، من لە ئەدگاری تۆ ناپرسم. ئەگەر تۆ بە من بڵێت ئەو شتە رەنگی رەشە، ئەوا گەر سەد ساڵێش بژیم هەر پێتدەڵێم رەشە. خۆگەریش بڵێیت سپی، دەی واتە سپییە. من چاوەڕوانم خەڵکی ئەوە ئەنجامبدەن کە بە زار دەیڵێن، پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر من تەنانەت لە چاوەڕوانی ئەوەدابووم کە خەڵکی بەچەشنێکی تایبەتو وەك وەڵام لە پای کارەکانی من رەفتارم بەرامبەر دەنوێنن. پەندێکی سۆماڵی هەیە دەڵێت هەموو بونەوەرێك وەك بێشەو قامیشەڵان وایە. ئەگەر بڕۆیتە ناوەوە تووشی مار، مارمێلکە و گیانەوەری دیکەی زیاندار دێیت، واتە شتگەلێك کە تۆ خەیاڵت نەکردوون. رەهەندی ژیرانەی من نەدەشیا بە چاوداخستن لەسەر ئەم راستیانەوە بژی، لە وەی خراپە، فێڵا لە گۆڕێیە.

زۆری شەوەکان، پاش شیوی ئێوارە لەگەڵ ئامینە نەختێك تەماشای تەلەفزیۆنم دەکرد، پاشان دەچووم بۆ جێخەوە زیادەکەی ئامینە و لە وێ دەنوستم. ئەم رۆتینە وەهای لێکردم هەستبکەم بێسوود و کەڵکم، نەمدەویست تەنها لە ماڵەوە دانیشم، بخۆم پاشنیوەڕۆ و ئێواران پیاسەیەك بکەم، پاشان بگەڕێمەوە بۆ جێگەی نوستن، واتە وەك ئەوەی زۆری پیرەکان دەمی خانەنشینی ئەنجامی دەدەن. دەمویست گەلێك لەوە چالاکتر بم. هەوڵمدا چەندی دەکرێت لە رێی تەلەفۆنەوە کاری بازرگانی رێکبخەم، بەڵام ئامینە دەیوت «پشووبەو لەگەڵ کەمپ ئەوەند قسە مەکە، دەشێت شتێکت پێبڵێن و لێرەوە ئارامی تۆ بشێوێنن».

سەرەتا گوێم بۆ گرت، بەڵام دواتر خۆم پێنەگیرا، نەمدەتوانی، ئیدی ئامینە چ چارەیەکی بۆ نەمایەوە جگە لە وەی رێگەم بدات قسە بکەم. زانیمان کە رێکخراوی پزیشکانی بێسنور بەجێماندێڵن، چوون نەیاندەتوانی لەو شوێنەی

ئێمە کە هێرشی کرابوویەسەر کاربکەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەندامانی گروپەکەیان دەرگیربووبوونایە. من بەم خەسارەتە دڵم دادەخورپا، دڵتەزێن دەبووم. ئامینە هەوڵیدەدا چی لە توانایدایە بیخاتە گەڕ، پەیوەندی تەلەفۆنی لە تەك ئەو پزیشکە لاوە گرت کە لەگەڵ ئەحمەد رۆشتبوو بۆ خوێندنی قوتابخانەی پزیشکی، پاشان ئەو پەرستارانەی پۆلبەندکرد کە پێشتر کاریان کردبوو. کەوتنە دەستنیشانکردنی ئەو پێویستیانەی لە دوای رێکخراوەکە بەجێمان، هاوکات ئەنجامدانی ئەوەی بەو سەرمایە کەمەی هەمانبوو رێگەی پێدەداین.

کاتێك خەڵك زانییان من گەڕاومەتەوە بۆ نایروبی؛ هاتن بۆ شوقەکە بۆ سەردانیم، بەخێرهاتنەوەیان کردم، دەیانوت تاساون و ئەسەف دەخۆن بۆ ئەو روداوانەی مانگی ئایار قەومان. هەندێکیان هێند دڵگران بوون گریان، بەڵام زۆری رۆژەکان من نەمدەویست بدوێم و قسە بکەم. دەمویست بچم بۆ کێڵگەکەم، ببینم چۆن جوتیاران بێڵ دەوەشێنن، تۆ و دەچێنن، خەرمان گرددەکەنەوە.

ئامینە وتی «نەخێر! چیتر نابێت!» رەتیدەکردەوە تەلەفۆنەکەم بداتێ. «تۆ بە ئەندازەی پێویست کارت کردووە، هەنوکە وەختی پشوو دانتە».

چەند رۆژێك دواتر، هەرچۆن بوو، هاتە ژوورەکەمو توند لەسەر جێخەوەکەم دانیشت. یەکێك لە گەورەکانی ئێمە پەیوەندی لەگەڵ گرتبوو، پێی وتبوو گروپێکی بیست کەسی حیزبی ئیسلام هاتوون و ئەو پێنج پاسەوانەیان قۆڵبەستکردووە، کە خۆیان دایاننابوون، بەڵام هاتبوونە بەرەی ئێمە. شۆك گرتمی، هەناسەم بۆ هەڵنەدەکێشرا، نەمدەتوانی بیربکەمەوە کە ئەو نەگریسانە جارێکی هاتوونەتەوە نەخۆشخانەکەم. نزیکەی دە رۆژ لە شوێنەکەی ئێمە مابوونەوە، بە خۆیان و چەکە قورسەکانیانەوە، پاشان کتومت بەو کتوپڕییەی هاتبوون، لێیاندابوو رۆشتبوون.

ئەو کاتە ڕۆژانی سەرەتای ڕەمەزان بوو، وەختێك بوو ئێمە تا خۆرئاوابوون دەوەستاین تا تیکەیەك نان بخۆین، سەروەختێك ڕۆژگار دەڵێی دەکشاو دوایی نەدەهات. شەوێك پاش نانی ئێوارە، فێلیکتام بانگ کردو داوای نەختێك ئاوم لێکرد، وەڵامی دامەوە، «بەڵێ دایە حەوا، ئاوی گەرمت دەوێ بۆ گەرماو و خۆشتن، یان ئاوی خواردنەوە؟» سێ جار پرسیاری لێکردم، بەڵام نەمدەتوانی وشەکان لە زارم بترازێنم. فێلیکتا ئامینەی بانگکرد، «خانمی شازادە». پەلاماری جلەکانیاندا و پە پرتاو منیان گەیاندە ماشینەکەی ئامینە.

سەرم گێژی دەخوارد و وڕببووم، هەوڵمدا هەنگاو هەڵێنم، بەڵام هەرچی چۆنێك بێت ڕێمدا فێلیکتا بێتو بمباتە ناونەخۆشخانەو گوزەربکات بە ژووری چاوەڕوانیداو بمگەیێنێتە هۆڵی فریاکەوتنی خێرا. پزیشکەکان دەستبەجێ ئۆکسجینیان بۆ دانامو بە پەلە بردیانمە یەکەی چارەسەری بوژانەوە؛ خوێنەکەیان پشکنیم و داوای گرتنی وێنەی تیشکییان کرد. پێکەوە چاوەڕێمان کرد، من و ئامینە و فێلیکتا وەستاین تا پزیشکەکان گەڕانەوە وتیان کە جەڵتەیەکی بچوکی دڵا لێیداوم. کاتێك ئەمەی وت هیوای باشترینی بۆ خواستم، ویستی لە ژێر چاودێری خۆی لە یەکەی بوژانەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بمهێڵێتەوە، گوایە باری تەندروستیم ناجێگیرە. ئامینە وتی لام دەمێنێتەوە، تەنانەت پاش ئەوەی کاتی سەردانیشی تەواو بووبوو.

فێلیکتا وتی «گەر دەخوازیت کارەکەت ئاسان بێت، لێگەڕێ ئەم خانمە لەگەڵ دایکی بنوێت، گەر دەشتەوێت هەموو شتێك ئاڵۆز بێت، ئەوا فەرمو بڕۆو بیکە دەرەوە».

هەفتەیەك پاشترو کاتێك ئامینە منی هێنایەوە بۆ شوقەکە، وتی «تۆ دەبێت هێورو ئارام بیت». بەڵام من چۆن بمتوانیبایە ئارام بم و ئۆقرە بگرم لە کاتێکدا میللەتەکەمان بێ پارێز و پاسەوان دەخەوتن و کەسێك نەبوو چاودێرییان بکات؟ چۆن بمانتوانیبایە لە شوێنکدا درێژە بە کارەکانمان بدەین کە هەموو

کەس، تەنانەت ڕێکخراوی پزیشکانی ئازیزیش، بەجێیان هێشتبوو؟ پاشان، سەرباری ئەوەی من و دێکۆ بڕە پارەیەکی کەمو ڕێژەیەکی بچوك پشتیوانی دارایمان شکدەبرد، ئامینە هەر دەیوت بۆخۆمان دەتوانین کەمپەکە بەڕێوە ببەین. مکوڕبوو لەسەر ئەوەی ئەگەر ئێمە بەردەوام بین لە سۆراغی کۆمەك، حەتمەن شتێکمان هەر دەست دەکەوێت، لەوەش بگوزەرێت بۆ خەڵکەکەی سەلماند بەوەی ئێمە پانزە کارمەندی نوێمان بەکرێ گرتووە لە ستافی پاکەوان، کارگێڕی، لەگەڵ سکرتێرە، پێمانوتون «فەرمون کاربکەن» و موچەیەکی کەممان بۆ بڕیونەتەوە، ئەوانمان فەرامۆش نەکردووە.

پەیتا پەیتا کۆمەکمان پێدەگەشت: نێردراوی یەکێتی ئەفریقا لە سۆماڵ پەیوەندییان لەگەڵ گرتین سەبارەت بە بەخشینێك لەلایەن حکومەتی دانیمارکییەوە، ئامینە دەستبەجێ داوای کرد تەواوی پارەکە لەبواری پزیشکیدا بەخەرج بدرێت. لەحاڵێکدا من لە نایروبی مابوومەوە و پشووم وەردەگرت، ئەو دەچووە سەردانی کەمپەکەو دەهاتەوە تا سەرپەرشتی کاروباری کەمپەکە بکات، ببینێت ستافی نوێ لە چ هەلومەرجێکی کاردان، هاوکات لە گیرفانی خۆی پشتوانییان بکات بۆ دابینکردنی پێداویستی هەنوکەیی.

پاش چەند مانگێك من چاکبوومەوە، تواناو وزەی ئەوەم تێگەڕا بگەڕێمەوە بۆ جنێڤ تا پزیشکەکەم پشکنینی باری تەندروستیم بکات. ئەمجارەیان ئامینە هاوەڵی کردم، هەڵبەت دێکۆش لە وێ هاتە پێشوازی و چاوەڕێی دەکردین. پاشنیوەڕۆیەکیان لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور لە ئۆتێلەکەم چاومان بەیەك کەوت. پرسی «داخۆ پێکەوە بە باشی کارمان کرد؟»

وتم «هەڵبەتە، ئێمە پێکەوە کاری باشمان ئەنجامدا— ئێمە ئیشێکی نایابمان بۆ ئەو جڤاتە بەجێ گەیاند».

داوای لێبوردنی کرد لە مەڕ ئەوەی چیتر پێکەوە کارناکەین، وتم بۆ منیش مایەی نیگەرانییە، ئەڵبەت باسی ئەوەشم بۆکرد کە سوکە جەڵتەیەك لێیداوم.

پێشموت «ئێوە لای من زۆر ئازیزو بەنرخ بوون، خۆشم دەویستن. ئەوەی ئێستا پەیوەندیمان پچڕاوە ئازارم دەدات». دەمزانی گرفتەکە ئەوەبوو کە ئێمە ژن بووین و دوژمنمان هەزار. بەڵام وێڕای ئەمە دەمانویست بە ئاشتی بژین، بەڵام ئەو دوژمنانەی ئێمە لە بری دەستەی رێکخراوی پزیشکانی بێسنور بڕیاریان دەدا.

وەختێك لە جنێڤ بووین، بانگهێشتێکمان پێگەیشت بۆ ئەوەی سەردانی ولایەتە یەکگرتوەکان بکەین. گۆڤاری گلامور دەیویست دێکۆ، ئامینە، لە تەك من وەك ژنی ساڵی 2010 خەڵات و شکۆمەند بکات. ئێلیزا راپۆرتێکی لە گۆڤارەکەدا یاداشت کردبوو، پاشان ئاهەنگ و رێورەسمەکەش لە هۆڵی ئاهەنگو بۆنەی شاری نیویۆرك بە ناوی هۆڵی کارنیج بەڕێوە دەچوو. هەواڵەکەمان لە کاتێکدا پێگەیشت کە سەردانی کێڵگەکەی ماڵی کلێر-لیسو ژان ژاك-مان دەکرد، تا ببینین تەماتەو ترێی باخەکانیان چۆن گەشەیان کردووە. ئێمە لە پای ئەوەی دانیان پێدادەناین هەم بەختەوەر هەمیش سەراسیمە بووین، نەشمان دەزانی چاوەڕوانی چی بکەین. شادبووین بەوەی ژیانی دێکۆ و هاوڕێکانی لە ئەمەریکا ببینین، دەمانویست بزانین ئەو خەڵکە کێن وا دێکۆ دەڵێت کتومت لەگەڵ خەڵکی سۆماڵ سێویێکنو کراونەتە دوو لەت، ئەوانیش هەموو پێدەکەنن، سڵاو لە یەکتر دەکەن، بزە و خەندە پیشانی یەکتر دەدەن.

گەشتکردن بۆ ئەمەریکا گەلێك سەختو ئەستەم بۆ خەڵکی سۆماڵ هەڵدەکەوێت. هەرچەند ئێمەش لە رابردودا هەوڵی دەستخستنی ڤیزامان دابوو، بەڵام دۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتربوو بتوانین بەدەستی بخەین. بەڵام ئەمجارە ئیدی سەرکەوتووانە پرۆسەکە بەرەوپێش چوو و گۆڤاری گلامور بلیتی رۆشتنی بۆ ئێمە دابین و دیاریکردبوو، لە جۆری کورسی سەرمایەداری بۆ گرتبووین. ئەوجا وێنای بکە، وەختێك دادەنیشی لاقەکانت رێکدەبنەوە و کورسییەکە دەبێتە جێخەو. ئەو کارمەندانەی لە ناو فڕۆکەکە بوون، هەموو

پێنج خولەك جارێك دەهاتنە لامانو دەیان پرسی، «دەتوانم چ خزمەتێکتان بکەم؟ چی دەخوازن بۆتانی بهێنم؟ چ شتێك نیە بشێت بۆتانی ئەنجام بدەم؟» وەختێك لە فرۆکەخانەی جۆن کەنەدی نیشتینەوە، هەم چالاكو کارا، هەم شادو بە کەیف بووین.

ئامینە محەمەد ناوێکی باو و بەربڵاوە لە سۆماڵ. کەسێك بە هەمان ناوی کچەکەمەوە لە ئەمەریکا پێدەچوو هەڵە و سەرپێچییەکی ئەنجامدابێت، چونکە لەگەڵ گەیشتن بە فڕۆکەخانە، بەرپرسانی کۆچبەری ئامینەیان لە ئێمە جوداکردەوە و رایانسپاردین چاوەڕێ بکەین. ئەحمەدی بچوك کەوتە شوێن دایکی، بەڵام پۆلیسەکان کێشایەنەوە دوا. وتیان «نەخێر!» ئامینە هاواریکرد «ئەوە کوڕی منە، دەبێت لەگەڵ دایکی خۆی بمێنێتەوە».

پاش نزیکەی کاتژمێرێك، خانمێك هاتە لامان گۆڤارێکی گلاموری بەدەستەوە بوو، ئەو پەڕەی بۆ هەڵدابینەوە کە ئێلیزا بابەتەکەی تێدا نوسیبوو. وێنەیەکی زۆر جوانی خۆمانم دی، وێنەگر مارتین شولێر لە جنێڤ گرتبووی. پرسی «ئایا ئەمە ئێوەن؟ ئەمە کچی تۆیە؟»

وتم «بەڵێ ئەمە کچی منە، ئەوەش خۆمم، ئەمەش کچەکەی ترمە.» گەلێك وەستاین، دواجار ئازادیان کردینو بەرەو ئامێزی گەرمی ئێلیزاو ژنەکەی نوێنەری گلامور رۆشتین.

ماوەی حەوت رۆژ لە نیویۆرك بووین، لە ئۆتێلێکی قەشەنگدا ماینەوە بە ناوی ئیمپایەر، گەلێك خەڵکی جیامان لە رێکخراوی جیاوە بینی، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مـرۆڤ، نێردەی ولایەتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوی ژنان لە پێناو ژنانی نێونەتەوەیی. شارەکە بە لای منەوە سیخناخ بوو بە خێرایی؛ تاکسی هەڵیگرتینو بە گۆڕەپانی تایمزدا بردینی، بە رووناکی رازابووەوە، باڵاڕەوەکان بردیانینە ئاسمان هەرکە هاتینەدەرەوە لە پەنجەرەکانی ئەنجومەنی کارگێڕییەوە لە هەموو ئاڕاستەکانەوە تەماشای ئەو شارە مەزنو هاوچەرخەمان دەکرد.

ئێلیزاو ماتیاس شەوی بەخشینەوەی خەڵاتەکان هاتن‌و لەگەڵ ئێمە بوون. ڕاڕەوێکی درێژمان لە فەڕشی سور تەی کرد و ئەوسا گەیشتین و لە شوێنی خۆمان دانیشتین. نزیك بە سی فۆتۆگرافەر وێنەیان دەگرت‌و هەموو هۆڵەکەیان رووناك دەکـردەوە، روژنامەوانێکی تەلەفزیۆنی بە ناوی کاتی کاوریك خەڵاتەکەی پێشکەشی من‌و کچەکانم کرد، ئێمە هەستاینەوە و چووینە سەر تەختەی گەورە و گەش و روناکی هۆڵەکە، لە وێوە تەماشای ئەو هەموو خەڵکە شیکپۆشانەمان دەکرد کە لە ئێمەیان دەڕوانی. وتەیەکی کورتم پێشکەشکرد، سوپاسی گۆڤاری گلامور و حکومەتی ئەمەریکییم کرد کە دەرفەتیاندا شەوێکی لەوچەشنە ببێت بە بەشێك لە ژیانم. سوپاسی ئێلیزاو سەراپای ئەو رۆژنامەنوسانەم کرد کە بە ژیانیان سەرکەشییان نواندبوو و هاتبوونە شوێنەکەمان و لای ئێمە.

وتم «ئێمە سێ ژنین، خۆمان تەرخانکردووە رەوشی ژیانی هەموو ژنانی سۆماڵ بگۆڕین. ئەڵبەت ئەم کاروانە بەسەر شانی تەنها ئێمەوە ناگاتە مەنزڵ، نیازمان بە کۆمەکی خەڵکی ئەمەریکا، هەروەها خەڵکی جیهان هەیە».

ئەو شەوە بەسەر خوانی ئێوارەوە گەلێك خەڵك هاتنە لام، دەیانوت «ئێمە هاریکاریتان دەکەین». ئێمە کۆمەڵێك ژنمان بینی لە ڕێکخراوی «دەنگە زیندووەکانی هاریکاری گەردوونی»، ئەمان پێکەوە لە تەك گۆڤاری گلامور کاریان دەکرد تا پارەی پتر بۆ ئێمە خڕبکەنەوە و لە ڕێگەی ڕێکخراوی حەوا عەبدی لە سویسراوە بۆمانی بنێرن. بە خزمەتی سوزان رایس، نوێنەری ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان، سەرۆکی لیبریا، ئێلن جۆهانسن سیلیف، زۆر ژنی تر گەیشتین، لەگەڵ ژمارەیەك سەرۆك وەزیران، سیاسی، شانۆکار و ئەکتەر، مرۆڤدۆست چاومان بەیەك کەوت. باوەڕم نەدەکرد کە ئەو هەموو ژنە بەناوبانگە منیان دەناسی و ڕێزییان دەگرتم. هەرچەند من هیچ کارێکم بۆ ئەوان ئەنجام نەدابوو، بەڵام ئەوان دەیانبینی کە من کارێکم بۆ هەژار و نەدار

بەجێگەیاندبوو. لەو شەوە رازاوەدا، هەڵبەت رۆژانی بەرودواشی، هەستم بەنیوەی خەم و مەراقم دەکرد، هەستێك ئیتالییەکان پێیدەڵێن فریستێزا، دەفڕیم و بەرزدەبوومەوە.

لە نیویۆرکەوە چووین بۆ ئەتڵانتا. مایەی شانازیم بوو ژیان دێکۆ لە وێ ببینم، هەرچەند گەلێك جیاوازیش بوو لە وەی من دەمزانی: لە تەمەنی ئەودا، من شومکردبوو، منداڵیشم هەبوو. ئێستاش، جێی شانازیو شادیم بوو ببینم جڤاتی سۆماڵی لە ئەتڵەنتا رێزی دەگرن، لە تەك کچەکانیان دێنە ماڵەکەی و دەڵێن «دێکۆ ئامۆژگارییان دەکات. ئێمە دەمانەوێت مناڵەکانمان لە تۆ بچن».

من لەگەڵ ئەم ژنانە لە ژووری دانیشتن دانیشتبووم و چام دەخواردەوە. پێیان وتم «تۆ خۆشبەختی، هاوکاری خەڵکی دەکەیت، کچەکانیشت—خاوەنبڕوانامەن، دەستپاك و دڵسافن، کارکەر و ماندونەناسن—بەهەمانشێوە هاریکاری خەڵك دەکەن. خودا ئەمەی لە پای ئەوکارە پێبەخشیویت کە ئەنجامی دەدەیت». دەی ئەمە تەواو راستە.

کاتێك لە ئەتڵەنتا بووم، ئاشا پەیوەندی گرت تا پیرۆزبایی ئەوکارەم پێبڵێت کە ئەنجامم دابوو. وتی «ئەوی لە تۆ روودەدات مایەی سەرنجە، خەڵکە هەرە ناودارەکان تۆ دەناسن، دیاریت پێدەبەخشن». پێموایە کە ئەو راستی دەوت، ئەو دەیویست پەیوەندی باشی هەبێت. بەڵام سەخت بوو بۆ من ئەو هەموو زەجرەی چەشتبووم لە یادی بکەم، وەك ئەوەی جارێك بە عەدەنم وتبوو بۆ ئەویشم دووپات کردەوە: «رۆژێك دادێ تۆ سۆراغی حەوا دەکەیت، بەڵام چیتر ئەوت دەستناکەوێتەوە».

کاتێك سۆماڵییەکانی تاراوگە منیان لە تی ڤی بینی، هەموو کەوتنە پەیوەندی کردنو ناردنی بلیتی فڕۆکە. سەردانی مینۆپۆلیس و دالاس، واشینتۆن، بۆستن، گەلێك گەورەشاری ترم کرد؛ بۆ هەرجێیەکی دەچووین لە لایەن حەشامەتێکی زۆری خەڵکی سۆماڵەوە پێشوازیی دەکراین، زۆریان ئەوکەسانەبوون کە من لە

نەوجەوانییەوە نەمدیبوون. لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی جڤاتیدا، هاوڕێیەکی بەشی پزیشکیم، بەناوی د. عوسمان ئەحمەد منی ناساند. کاتێك هاتە لای منەوە، دواتر گەلێك شادمانبووم بە بینینی! لە یەکەم رۆژی پاش نسکۆی حکومەتەوە نەمبینیبووەوە. سیماو روخساری ئەو وەك خۆی مابوو، لە کاتێکدا من تەواو پیر بووبووم، دەریایەکیش لە پێویستی لە خۆیدا غەرقی کردبووم.

پزیشك بە ئاپۆراکەی وت «دەمەوێت مێژووی حەواتان بۆ باس بکەم. حەوا کاتێك هاتەلامان، ئێمە تەنها کوڕ بووین. گەنج و لاواز و سوکەڵە، بۆیە ئێمەش وەك ئەوەی هێلکە بێت دەمانپاراست. ئاستی پزیشکی تەواوکرد، بەڵام بیرنەکەنەوە کە تەنها پزیشکێکە. ئەو هاوکات پارێزەریشە». کاتێك ئەمەیان بیست هەموو پێکەنین و خەنینەوە، منیش پێکەنیم، توانیم بۆ یەکەمجار رەنگدەرەوەی ژیان و وەسفەکانی خۆم بم. ئەزمونەکە شادی لە وەوە زۆرتر بوو کە من تێیدا هاوبەشبووم لەگەڵ هاوڕێیەکی سەرەتا سەرەتام، پاشان لە تەك ئاپۆرەی خەڵکێك کە وەك من تاڵی سەردەمەکە تا سەر هێسك ئازاری دابوون.

بۆ هەرکوێ بچوومایە، ئەوی لە دڵ و مێشکم بووایە دەموت، دەمپرسی «کێ وەك من ئەو رۆژەی لە بیرە لە مەقادیشۆ، لە پاشنیوەڕۆدا؟ کێ وەك من لە یادیەتی؟»

کاتێك دەیانبیست گەنجانی وڵات بەسەر شەقامەکانەوە پیاسەدەکەن، باش خۆیاندەگۆڕن، کاپۆچیناو ئایسکرێم دەخۆن، خەڵکی تاراوگە هەندێکجار دەگریان غەریبی نیشتمان وماڵەوەیان دەکرد. لە گشت سەفەرەکانمدا تەنیا کەسێکم نەبینی، نە بازرگانی دەوڵەمەند نە ئوستادی زانکۆ، بێت و بڵێت خۆشبەختە و چیتر ناخوازێت بگەڕێتەوە. گرنگ نییە چەند دەوڵەمەند، چەند سەرکەوتوویت، یان چەندە رەوشی سیاسی ئاڵۆز بوو وەختێك بەجێتهێشت: باشترین شوێن بۆ مرۆڤ، ماڵەکەی، نیشتمانەکەیەتی.

وتم «سۆماڵ چاوەڕوانی ئێوە دەکات، وەرن پێکەوە بمرین‌و بجەنگین، دیسان وڵات بنیاتبنێنەوە». گەنجەکان کە ئەمەیان دەبیست دەگریان. هەرچەند زانکۆیان خوێندبوو، هیوای بەرزیان هەبوو بۆ گۆڕینی دنیا، بەڵام پەناهەندە و دووری نیشتمان بوون. دەمزانی لای ئەوان و زۆری خانەوادەکانیان، بەڕێز و ئەرزش، لەڕووی ئابورییەوە سەربەخۆ، کەسانێك کە ماڵی خۆیان بینادەکەن‌و دەکڕن، دەنگ بە حکومەت دەدەن، ئێستاش «خێڵەکەم، خێڵەکەم» هەر ماوە و هەیە، ئەمەش پوچی و بێماناییە.

وتم «کەسێك بەرگری لە خێڵەکەی بکات نەفرەتییە، تا ئەوەی نەتوانن چوار نەوە بچنە دواوە و تێبگەن ئێمە هەموو تەنها خێڵێك بووین، ئەوا بزانن کە جەنگ لەگەڵ خەڵکێك دەکەن کە رۆژێك خۆشیانویستوون».

لەگەڵ ئەوان لۆژیکێکم داڕشت، هەژمار، ئەبتیرسینیو: «ئێوە دەتوانن بە پەنجەکانی دەستێك باوەگەورە و دایەگەورە لە یەك خێڵا پیشانبدەن؟ دەی باشە کەواتە بۆ مام‌و باپیرەکانتان دەکوژن؟» باشە مەگەر کوشتنی خزمەکانی خۆت وەك لێکردنەوەی پەلوپۆی درەختێك نییە یان دەرهێنانی چاوێك نییە؟

وتم «باشترە یەکلاشەمان هەبێت، با سۆماڵ یەکبێت».

بۆ کۆتایی کانونی یەکەم گەڕامەوە نایروبی، بەڵام بەردەوام دەگەڕامەوە ولایەتە یەکگرتووەکان، لە بەردەم ئامادەبووی چین و توێژی جیاجیادا— پزیشکان، کرێکاران، جڤاتی مسوڵمانان، ژنانی سەرکردە، وتارم پێشکەش دەکرد. رۆژنامەنوسێکی ناودار بە ناوی نیکۆلاس کریستۆڤ بابەتێکی لەسەر هێرشەکە لە نیویۆرك تایمزدا نوسیبوو، پاشان کۆمەڵێکی زۆر خەڵك لە رێی گۆڤاری گلامور-دەنگە زیندووەکان پارەیان نارد. هەرچەند کۆششی ئەوەمان بوو کە نەخۆشخانەکەش بنیادبنێینەوە، ئەمە برە پارەیە رێگەیدا یەکەی دایکانی نەخۆشخانەکە بە کراوەیی بهێڵینەوە. هەرچەند گەشت دژوار بوو، بەڵام تێگەیشتین لە وەی چەندی پتر پێکەوە ئاخاوتنمان ئەنجامدەدا، چەندی

پتر خەڵکمان دەبینی، ئەوا زیاتر لە ئامانجەکانمان حاڵی دەبوون و پێشنیازی کۆمەکیان دەکرد.

یەکێك لە گەشتەکان کەوتە مانگی سێی 2011، واتە ئەو کاتەی گەڕاینەوە بۆ نیویۆرك بۆ ئامادەبوون لە «Newsweek» لەگەڵ «Daily Beasts Women» لە «World Summit». لە وێ شەرەفی ئەوەم پێبڕا لەگەڵ رستێك لە مرۆڤە هەرە بەڕێزەکانی دنیا قسە بکەم، بە سەرۆك بیل کلینتۆنو وەزیری دەرەوە هیلاری کلینتۆن. خانمی وەزیری دەرەوە پێیوتم کە ئەو کارەی من ئەنجامی دەدەم بەرزدەنرخێنێت. وتم «سروش لە ئێوە وەردەگرم، ئێوە ژنێکی زۆر بەهێزن».

پێموایە خانم دەیزانی کە هەرچەند زۆرێکمان بێسەواد و ساویلکەشین، بەڵام خەڵکێکی سۆماڵی هەن دەتوانن تێبگەن کێ دۆست و کێ دوژمنیانە. لە حاڵێکدا رەوشی سیاسیشمان گەلێك ئاڵۆز بوو، من پێموایە بۆ ئەمەریکا ئازادی بە مانای ئەوە دێت کە هەرچی بە دروستی دەزانیت ئەوە ئەنجامبدە.

# بەشی بیستو حەوت
# لێخۆشبوون

لە کاتێکدا لەسەراپای جیهاندا شەرەفمەند کرابووین، زەنگی تەلەفۆنەکەمان خامۆشی نەدەکرد، هەر تەلەفۆن بوو دەهات‌و هەواڵی نائارامی‌و پشێوییان لە نیشتمانەوە پێدەگەیاندین. ئێمە لە کانونی یەکەمی 2010 هێشتا لە نیویۆرك بووین، کاتێك لە ماوەی شەڕێکی گەورەدا لە نزیك ئەفگۆیی حیزبی ئیسلام لە تەك ئەلشەباب یەکیانگرت، هەروەك ئەمەی دواییان تا دەهات زیاترو پانتایی پتری وڵاتی بندەست دەخست. حیزبی ئیسلام ماوەی چەند مانگێك بوو لە کەمپەکە بێزاری نەکردبووین؛ هەرچەند پیاوگەلێکی زۆر لەم گروپە بەدکارەوە دەچوون بۆ ئەو گروپی تر، ئێمە هەر هیوامان دەخواست سەلامەت بین.

خەمی هەرە گەورەمان لەم کاتەدا ئەو راستییە بوو کە دوو وەرزی باران وشك تێپەڕین، وشکەساڵی درێژەی کێشا تا مانگی ئایارو حوزەیرانی 2011، بیرەکان وشکیانکرد، پاشان نەخۆشی جارێکی تر سەریهەڵدایەوە. لە ئایار، لە رۆژێکدا نزیکەی 60 خێزانمان وەرگرت؛ لە جۆهارەوە بە پێ هاتبوون تا بگەنە ئێمە، ئێمەش هیچ شتێکی وەهامان شك نەدەبرد پێیانبدەین. ستافەکەمان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیاندەدا تا کەیسە زۆر شێلگیرەکان بخەن بەلادا، ئەگەرچی پشتیوانی و شمەکەکانیشمان بەشی پێویستیان نەدەکرد. وێڕای ئەوەش ئەو پارەیەی لە بەخشینەوە بە دەستمان گەیشتبوو، بەشی بەگەڕخستنی بیمارستانەکەی دەکرد. زۆری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نە لەگەڵمان دەمانەوە نە بەخشینیان پێدەداین، بەوەدا ئێمە لە ژێر هەژمونی ئەلشەبابدا بووین، دەترساین تاڵان بکرێین و هەرچی ئەوان پێیانداوین لێمانی بسەنن‌و بکەوێتە چنگ ئەو رێکخراوە تیرۆرستییە.

لە ئایاردا، نەتەوە یەکگرتووەکان جاری برسێتی لە ناوچەکەی ئێمەدا دا، پەیتا پەیتا زۆری ئەو رێکخراوە نێونەتەوەییانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لێمان دوورکەوتبوونەوە و کاریان لەگەڵ دابڕیبووین هاتنەوە لامان بۆ مەقادیشۆ، ئەمجارە بە ئاستێکی بەرزتر و سەرنجڕاکێشترەوە. وەلێ سەرباری ئەوەش بە

هۆی ئامادەگی ئەلشەباب لە ناوچەکە، هەر نەیاندەتوانی بگەنە ئێمە. پاش چەندین ساڵ پشتبەستن بە هاریکاری ئەم ڕێکخراوانە، پاشان لە دۆخی مندا، بۆ مووچەی باش، خەڵکی تێدەگەشتن هەبوونی ئەوان واتای رەخساندنی هەلی کاری زۆر. وەختێك گروپێك لە مەقادیشۆ چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا، تەواوی ستافەکە لە رۆژێکدا نەخۆشخانەیان چۆڵکرد؛ ڕێکخراوی تر پێشنیازی پێگەی باشتری بۆ کردن‌و موچەی وەهاشی بۆ بڕینەوە کە ئێمە پێمان نەدەدرا.

دێکۆ لە هەموو دەرگایەکی دا، بە هاوکاری دۆستانمان لە تاراوگە ئێمە هەڵوێستی خۆمان بۆ وەڵامدانەوەی پێویستی گۆڕی، هەژمارمانکرد چەندە پەرستار و پاکەوان و پاسەوانمان دەوێت تا بتوانین لە نەخۆشخانە بودجە وەها سەرف بکەین بشێت بڕێك خواردن دابین بکەین و لە مردن قوتاریان بکەین. گەڕاینەوە بۆ باکوری ئەمریکا—بۆ تۆرنتۆ و بۆ نیویۆرك—تا پارەیەکمان دەستکەوێت، خۆشبەختانە سەرکەوتوو بووین: بە مانگێك، توانیمان چوار خواردنگە دابمەزرێنین کە 4,200 کەسی رۆژانە تێر دەکرد. بەشی ئەوەی نەدەکرد هاریکاری هەمووان بکەین، بەڵام کارمەندەکان لە خەمی ئەوەدا بوون کە بەش‌و ژەمەکان بگاتە دەست‌و دەمی ئەوانەی پتر پێویستیان بوو. لەسەر ئەم کارە بەردەوام بووین تا تشرینی دووەم، لێرەدا پارەمان بەدەستەوە نەما.

بۆئەم کاتە باران بارییەوە، لەگەڵ باران هاتەوە ئامینە شەش هێکتار زەوی کێڵگەکەمانی کرد بە گەنمەشامی. دەمانزانی کە دەبێت خەڵکی لە تەك ئێمە دەستبدەنە کار، بەوچەشنە نەختێك بژێوی بۆخۆیان دابین دەکەن. کرێکارەکان بە وریاییەوە چاودێری تۆوەکانیان دەکرد، وەختی چنینەوەش نیوەبەشیان پێبڕا. نیوەکەی تریش بۆ نەخۆشخانە و ئەو خەڵکە نەدارەی توانای کێڵانیان نەمابوو—نەخۆش، پیر، یان منداڵ بوون.

من و ئامینە لە نایبروبی ماینەوە، مانگانە لە وێ بەهۆی پسوڵەی تەلەفۆنەوە چەند سەد دۆلارێکمان خەرجی دەبوو، ئەو لە نەخۆشخانەکەی

خۆی کاری دەکرد، لە رێگەی بانکیشەوە رۆژانە پارەی بۆ کەمپەکە رەوانە دەکرد، پاشان من بە هیوای کێڵگە و ماسی بەخێوکردن بووم، پێموابوو بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵکەکە تێردەکاتو بژێوییان دابین دەکات. هەموو چەند کاتژمێرێك لە تەك کۆمیتە قسەمان دەکرد، هەوڵماندەدا مۆژیاری لەسەر کەیسە شێلگیرە پزیشکییەکان بدەین، گرفتەکان لە باشترین ئاستدا بە پێی توانا چارەسەر بکەین. دڵەڕاوکێ لەسەر کەمی سوتەمەنی، کەمی دەواو دەرمان، پێکداداناو گرژی ناوخۆ؛ پیاوێك هەبوو بەکرێمان گرتبوو بۆ بە گەڕخستنی مۆتۆری کارەبا بۆ نەخۆشخانە، جارێکیان توڕەبوو هێڵی کارەباکەی ئێمەی بڕی.

دۆخەکە وەکو مەحاڵ دەهاتە پێشچاو—بە تایبەت ئەوی لەو دوورەوە بەڕێوەی ببەیت—هەڵبەتە لەگەڵێك رووی تریشەوە. تەنانەت کاتێکیش کارمان دەچووە سەر سکەو رەوتی رۆشتنی خۆی، دەمانزانی ئەو خەڵکەی وا بەدەورمانەوەیە دەشێت شتێکی باش بەدیبکەنو هێرش بکەنە سەرمان. لە کاتە دەگمەنەکاندا من دەبێت بیر لە دۆخەکەی خۆمان بکەمەوە، سەرم سوڕماوە و لام پرسیارە، تۆ بڵێی مەلامەتی ژیانی سەختی ئێمە ئەوەبێت کە خێزان دووپارچەیە. ئەگەر پیاوێك دوو هاوسەری هەبێت—یان سێ یانیش چوار—منالەکان لە بەدگومانیو تەونێك لە رکدا لە دایکدەبن. پەندێکی سۆمالی هەیە دەڵێت، تۆ منالّ هەڵناگریت بەڵکە تۆ کومەڵگایەکت پێیە. منداڵێك لە ناو بۆتەی رکدا لە دایکبێت گەورەدەبێت بۆ ئەوەی هەمان زۆنگاو دروستبکاتەوە. بەڵام ئەو منداڵەی لە کۆمەڵگەیەکی نیشتمانپەروەردا لە دایك دەبێت، لە جێیەك کە هەموو شتێك باشە—ئەویش دەچێتە سەر هەمان ئەو رێگەیەی کە کۆمەڵگەکە وا بەسەرییەوە رێدەکات.

ئامینە دوا هەوڵی خۆی دەدا تا من هێوربکاتەوە، هەرچی من پێویستایە ئەو دەیکرد، هەندێکجار بیری لەو شتانە دەکردەوە کە وایدەیزانی بۆ من باشە، وەك خواردنی تایبەت یان نامەیەك، بێ ئەوەی دڵنیاش بێت کە من دەمویست.

ئێستاشی لەسەر بێت ئەو ڕەوشەی لای ئێمە لەگۆڕێیە لە وە ئەستەمترە لە سەرشان بنرێت: دەموت «دێکۆ با ئەم زەوییە بفرۆشین‌و لە جێیەك زەوی بکڕین کە ئارامترە».

دەیوت «نەخێر، ئەمە ئەو جێیە کە من تێیدا گەورەبووم—تۆ تێیدا گەورە بوویت. ئێرە شوێنی نەوەکانی داهاتووی تۆیە. ئێمە نایفرۆشین».

کاتێك گەشتمان دەکرد، شکۆمەندی‌و پایەو ڕێزمان لێدەگیرا، پاشان لە بارەی کارەکەمانەوە دنیامان ئاگادار دەکرد، عەدەن لە باکور بوو، ئازار و مەینەتی دەکێشا. لە دەوروبەری ئەوکاتەی خەڵاتی گلامورمان پێبەخشرا، کچەکان پارەیان بۆ نارد تا بتوانێت نوژداری فتق بۆ خۆی ئەنجامبدات، دوخی باشبووەوە، بەڵام هەر پەیوەندی لە تەك ئامینەو دێکۆ دەگرت و دەیوت، دۆخی خراپتر دەبێت. کاتێك زانیان پشکینی هەوکردنی جگەری بۆ کراوە و بە پۆزەتیڤ گەڕاوەتەوە، ئامینە ویستی بیگوازێتەوە بۆ نایروبی. هەرچۆنێك بوو خێزانەکەی ویستیان بڕوات بۆ مالیزیا بۆ کولالامپور.

ئامینە کاتێك لەم هەواڵە ئاگاداری کردم، وتی «من پارەی خۆم دەدەمە باوکم تا هەرکوێ پێیپەسەندە بۆ ئەوێ بچێت».

ماوەی دوو تا سێ مانگ عەدەن لە نەخۆشخانە مایەوە، پزیشکەکان باشترین هەوڵی خۆیان دا چارەسەری بکەن. یەکەم ڕۆژی ساڵی 2012 باری تەندروستی تەواو ناجێگیر بوو. هەرچەند دێکۆ سەرەتای زانیاری پێگەیشتبوو، بەڵام دێکۆ یەکەم کەس منی ئاگادار کرد، «باوکم ئێستا نیوەهۆشە—دەبێت بیبینم».

وەختێك خەم‌و پەژارەی سەر ڕووخساریم دی وتم «باشە، ئیشەڵا باشدەبێت و چاکدەبێتەوە».

کاتێك لەوبەرەی تری جیهانەوە ئامینەمان گەیاندە فڕۆکەخانە، دێکۆ ئامادەسازی لەسەراپای ولایەتە یەکگرتووەکان‌و فڕینی سەر زەریای هێمن

بۆ دابینکرد. سەرەتا ئامینە گەشتو پاشان لە ئوتێلەکەیەوە پەیوەندی لەگەڵ گرتم. وتی «دایە باوکم بینی، بەڵام من هیوام زۆر کەمە لەو دۆخە سەختەدا ساغو سەلامەت دەرچێت». من چارەیەکم نەبوو جگە لە وەی نەختێك هیوای پێبدەم، پێموت من لێرەوە نزا بۆ تەندروستی دەکەم و چاوەڕێی هەواڵی لێدەکەم. کاتێك لە نایروبییەوە گوشیەکەم داخستەوە، لە باڵکۆنی شوقەکەدا دانیشتم و لەو منداڵانەم دەڕوانی لە بەردەم ئەپارتمانەکەدا یەکتریان راودەناو بە دەنگی بەرز هاروارپان لەیەك دەکردو بەدەم یەکترەوە پێدەکەنین.

پاش دوو رۆژو بۆ دوو شەو، واتە 9 کانونی دووەم لە کاتژمێر سیی دەمەوبەیاندا زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا. ئامینە بوو وتی «دڵی باوکم لە لێدان کەوت،» دەگریا.

پێموت «بە داخەوەم، تکایە مەگری. هەموو کەسێك دەمرێت. ئەوەش کۆتایی گەشتی ژیانی ئەو بوو».

چەند کاتژمێرێك پاش ئەوەی عەدەن گیانی سپارد دێکۆ گەشتە کوالالامپور، لە وێ کچەکانم پێکەوە دانیشتن و تەرمی باوکی کۆچکردوویان لە بەردەمیان راکێشرابوو. نەمدەتوانی بیربکەمەوە کچەکان لە وێ دانیشتوون، بە سەرێك گەلێك بێپەنان، بە سەرێکیش گەلێك بە هێز و ئازا. رێوشوێنی گەڕانەوەی تەرمەکەیان بۆ سۆماڵ فەراهەمکرد، بردیانەوە بۆ باکور، چوون خۆی و خانەوادەی خواستیان وەهابوو.

تەلەفۆنەکەم بەشەو و بە رۆژ لە زەنگلێدان نەدەکەوت، هەزاران تەلەفۆنی سەرەخۆشی و دڵنەوایی لە مرۆڤگەلێکەوە دەهاتن کە من چەند ساڵێك بوو سەدام نەبیستبوون. بە پێی یاسا من هێشتا ژنی یاسایی عەدەن بووم، چاوەڕوانیم لێدەکرا هەموو ئەو پەیمانانەی سەرەتای پەیوەندی بە یەکماندا لەگەڵ ئەو گفتەی ئەو لە کۆتایدا بە منی دا جێبەجێی بکەین: «تۆ من دەنێژیت».

کوڕێك بە ناوی نور، یەکێك بوو لەو جەوانانەی لەگەڵ ئێمە لە کەمپەکە گەورە بوو، هەنوکەش لەگەڵ خێزانەکەمان لە نایروبی کاری دەکرد وتی «من چیم پێدەکرێت دایە حەوا؟ ئێوە پێویستە بڕۆن لە پرۆسەی ئەسپەردەکردنیدا بەشدار بن».

هەندێك سات دێنە پێشێ تۆ دەبێت کردار بنوێنی، تەنانەت ئەگەر بەشی زۆری جەستەشت راتکێشێتە دواوەو ئارەزوو نەکات. دواجار من تێگەشتم کچەکانم گرنگترین بەشی ژیانم بوون، بۆیە سەرباری ئەوەی هەلومەرجەکە زۆریش ئاڵۆزبوو من هەر دەبوو پشتیوان و پەنایان بم. نور چاودێری ئەحمەدی بچوکی گرتە ئەستۆ، منیش رۆژی دواتر لە نایروبییەوە سەفەری هارگیسەم کرد. کاتێك لە مەقادیشۆ وەستاین، گروپێك خەڵکی کەمپەکەم بینی—هەندێك لەو کەسانەی عەدەنیان گەلێك خۆشدەویست—خەڵکی سەر بە هۆزی جیاواز بوون. ئێمە سیو دوو کەس بووین پێکەوە سەفەرمان دەکرد، هەر کەسەش لای خۆیەوە شیوەنی بۆ باوکە عەدەن دەگێڕا.

من پێموتن نەیەن. «ئەوێ شوێنی من نییە، لە وێ ناتوانم هیچتان بۆ دابین بکەم». براکەی عەدەن دوو خانووی ئامادە کرد تا خێزانەکانی مەقادیشۆ پشووی تێدا بدەن.

جیاواز لە مەقادیشۆ، هارگیسە سەوزایی ئێجگار کەمە-بە زۆری لمە و گەرمە، هەتاوێکی گەرم لەسەرەوە تاوی دەدا. یەکێك لە خوشکەکانی عەدەن لە فڕۆکەخانە هاتو پێشوازی کردم. ساڵانی -1970کان لە ماڵەکەماندا لە نزیك کەناری دەریا لە سیکۆندۆ لیدۆ لەگەڵ ئێمە ژیابوو. دواینجار بەر لە جەنگی ناوخۆ بینیبووم ، واتە کاتێك ئەو هێشتا کچۆڵەیەکی جەحێڵا بوو؛ هەنوکەش ژنێك بوو دایکی یانزە منداڵ، خەندە گرتی و سڵاوی لێکردم. یەکێك لەو برایانەی عەدەن کە خۆم گەورەم کردبوو لەوێبوو. وەختێك چووینە ناو شارۆچکەکە پرسیان، «ئاخۆ دەخوازیت بڕۆیتە ئەو شوێنەی عەدەنی لێدەژیا؟»

وتم «من گەلێ ماندووم». تا دوو رۆژی تریش ئامینەو دێکۆ نەگەیشتنەوە، من نەمدەویست بڕۆم بۆ ئەو ماڵەی کە هاوسەرەکەم لەگەڵ ژنێکی تر و مناڵەکانی تریدا زیندەگی تێدا کردبوو. بۆیە منیان گواستەوە بۆ ماڵی ژنێکی جوانکیلە کە خاوەنی چوار مناڵا بوو. ئەو خەڵکەی دەمناسین بۆ ئەوێش شوێنم کەوتن، لە دەورم کۆبوونەوە.

خانەخوێیەکەم وتی « ئەیێبۆ، ئەگەر کەسێك هاتە لای تۆ، ئەوا دەیەوێت بتبینیت». ئەو خانمە باش خزمەتی کردین، لە ژووری دانیشتنی مۆدێرندا چای بۆ میوانەکان داناو شیرینی خستە بەردەستیان.

خەڵکی دەیانوت «ئێمە بەداخەوەین، سوپاستاندەکەین کە هاتوونە سەردانیمان». هەندێکی تر دەیانوت «تکایە وەرن و لەگەڵ ئێمە لێرە بژین، ئێوە گەورەی نێو خانەوادەکەمانن».

من هەرچەند نەمدەتوانی تەنانەت بیر لە کارێکی وەهاش بکەمەوە، بە نەغمەیەکی سەیرەوە سوپاسم دەکردن. لەوساتەی نیشتمەوە، لەو کاتەی ماسین منی گەیاندە ئەو جێیەی لێیمامەوە، تا ئێستاو ئەو کاتەی پێشوازیم لە خەڵك دەکرد، خەیاڵم تەنها لای کوڕەکەم بوو.

ئەحمەد. لە قورئانی پیرۆز چیرۆکێك لە بارەی یوسفی کوڕی یاقوب، ئەو کوڕەی براکانی لە ناو بیردا بەجێیدێڵن. خوێن بە جل و بەرگەکانیاندا دەڕێژن. دەڵێن، «باوکە ئێمە بە داخەوەین، بەڵام یوسف ئاژەڵی کێوی خـواردی». هەرچەند خەفەت و خەم بینایی یاقوبیان کوێرکردەوە، بەڵام دەیوت «ئەو زیندووە—من دەزانم ئەو زیندووە». دەیانوت، باوکمان شێت بووە، بەڵام لە کۆتایدا یاقوب کوڕەکەی دۆزییەوە. لەو رۆژە حەسرەتبارانەی -2005ەوە من لە سۆراغدا بووم، هیوام بەوە بوو پارەی رادۆزی تایبەتمان دەبێت و شوێن تەنانەت هیوای بڕوای ئەو ژنە دەکەوم کە وتی گوایە ئەحمەدی دیوە بەسەر شەقامەکانی مەقادیشۆوە رێگەی کردووە.

هەرچەند ئەمە ئازاریشی دەدام بەڵام پرسیم، داخۆ عەدەن بە تەنیشت کوڕەکەیەوە دەنێژرێت. براکەی وەڵامی دامەوە کە ئەو دەورووبەرە شوێنی تێدانەماوە.

خۆم زۆر دەخواردەوە وەختێك قسەم لەگەڵ دەکردن، هەستم بە رکی تیژ و ئەو دڕدۆنگی و گینگڵە دەکرد کە هۆشی دەتەنیم، هەڕەشەی لە ژیانم دەکرد. باشە خوێندن و ئەزمونی من چ کەڵکێکی هەبوو، گەر لە کۆتایدا لە چوارچێوەی ئەم هەستانەدا قەتیسم خوارد؟ لە مابەین ئەو ژن و هیواخوازانەوە دانیشتبووم کە شینی پیاوێکیان دەگێڕا منی بەجێهێشتبوو، هێشتا وەك هاوسەری من رەچاودەکرا، بەڵام من ئەم توڕەییەم پێقووت نەدەچوو. لە خەمی کچەکانمدا بووم؛ گەورەم کردن، پەروەردەم کردنو ناردمنە بەر خوێندن، ئەوانیش وەك براکەیان سەر بەو جێیە نەبوون. وەختێك لە کۆتاییدا گەیشتنەوە، من پێداگریم کرد کە لە تەك من بمێننەوە. نەمهێشت چیتر لە بەرچاوم ونبن.

پیاوێك هاتەلام دوواینجار ساڵی 1993 لە ئەدیس ئەبابا بینیبووم. ئەو بەشێك لەو جوڵانەوەیەی لە باکور بە گەڕخرابوو بۆ سەربەخۆیی. کاتێك بیستم بەنیازە سۆماڵ پارچە بکات لێمپرسی «باشە بۆچی وادەکەیت؟ مەگەر دەتەوێت جەستەمان بکەیە دوو کەرت؟»

کاتێك بینیمەوە، لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو. وتی «من بەرپرسیارم لە دەرهێنانی عەدەن لە ماڵی تۆ». رونیکردەوە کە لە کۆبوونەوەیەکدا لە لەندەن، پیاوە کاربەدەستەکانی خێڵی ئیساك بڕیاریاندا عەدەن بکەنە بەشێك لە حکومەت. وەك زۆر کەسی تر، عەدەنیش یەکێك بوو لەو کەسانەی ئارەزوی بوون بە کەسایەتی گەورە لەسەریا بوو؛ بەڵام پێویستی دەکرد ماڵەکەی بەجێبهێڵێت تا رێگەیەك بەرەو ئەو ئاسۆیە بدۆزێتەوە.

لەو پیاوەم پرسی گفتوگۆکەمانت لە بیرە کە لە ئەدیس ئەبابا ئەنجامماندا. وتم «بیست ساڵە تۆ رك دەچێنی و دەیخەیتە ناخی ئەو خەڵکەوە. بزانە چیت چیکرد؟»

خێزانەکەی نەختێ سەری بۆ لەقاندو وتی «ئێمە هیچمان نەکرد، تەنها مەینەتیمان چەشت». وتی چەند سەرێك بزنمان هەیە. ئیدی نە رووبارێ، نە بەنداوێکی ئاو.

لە پیاوەکەم پرسی «دەبینی چەندە گۆڕاوی؟ ئەوکات تۆ پیاوێکی ئازاو بەهێز، قۆزو سەرنجڕاکێش بوویت. بەڵام ئێستا بڕوانە چیت بەسەر هاتووە؟»

بۆ ئەوکاتەی خێزانی عەدەن هات بۆلام، من شەکەتو هیلاك بووم. کاتێك بۆ یەکەمجار سیماو رووخساریم دی، پەشۆکام: کچێکی گەنجی بێگوناه بوو، تەنانەت نزیکیش نەبوو لە وەی من چاوەڕێم دەکرد. وتی «مەیلی خودایە کە ئێمە دەبا کتومت ئەمڕۆ یەکدی ببینین».

وتم «گرفتێك نییە. من بەشی خۆم ئەوکاتەم برد کە ئێمە هێشتا گەنج بووین و پێکەوە گەمە و وازیمان دەکرد. تۆ بەشی خۆت کاتێك چڕی کە ئەو پیر و نەخۆش و کەنەفت بوو».

کاتێك وتم «من ئەوم خۆشویستو ئەویش منی خۆشەویست—خۆشەویستی ئێمە لەیەکەم نیگاوە بوو»، دەمی کرایەوە و سنگی چوو بە قوڵا. هەموو خولەکێکی ئەو سیو دوو ساڵەی منو عەدەن پێکەوە ژیاین، من هەستم هەم بە رۆژی جوانو شاد دەکرد هەم تاوی بێدەنگیو توڕەیی. پەشۆکانی هاوسەرەکەیم گۆڕی بەوەی کە کەوتمە سەر باسی ئەو کوڕەی بیستو چوار ساڵ بوو پەیوەست بووم پێوەی، ئەحمەد. وتم «ئێوە ئەوتان لە من سەند. کێشەیەکم نییە—لە دووی ئەو نەهاتووم. بەڵام پێمبڵێ چی بەسەر کوڕەکەمدا هات؟ نازانی ئەگەر ئێستا زیندووبا، منداڵەکانی بۆ گەورە و بەخێو دەکردی؟ «

کاتێك ئەمەی بیست گریا، کەوتە سەر لاقانم. وتم «مەگری. تۆ ئێستا کوڕێکت هەیە. ئەحمەد لاوێکی زۆر بەهێز بوو، باوکیشی زۆری خۆشەویست. باشە کەس وەها بیری نەدەکردەوە کە ئەحمەد باوکی بگەڕێنێتەوە لای ئێمە؟ ئاخۆ لە بەر ئەم هۆیە کوشتیان؟»

خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە تابزانن ئەم بۆڵەبۆڵە چییە، دواجار زمانی پژا، «ببورن، ئێوە ئەم شتانە بۆچی دەڵێن؟»

بە دەنگێکی ڕێك وتم «من باوەڕم وایە کە کوشتنەکەی پلانی لەپشتەوە بێت. بەڵام چیم لە دەست دێت، من خۆ هیچم پێناکرێت؟» ژنە لە ژوورەکە بە پرتاو هەڵهات دڵم خامۆشی گرتییەوە. کاتێك بە پۆل رۆشتین بۆ فڕۆکەخانە تا کچەکانم پێشوازی بکەین لە کاتێکدا تەرمی باوکیان دەهێنایەوە، هاوشان لەگەڵ ئەو شتانەی خۆم بە کچەکانم وتبوو ئەم چەند وشە دزێوە لە گوێمدا زرنگانەوە، پێیاندەوتن»باوکتان درۆزنە، ئەو درۆی لەگەڵ کردوون و لەگەڵ منیشی کرد».

بۆ ماوەیەکی زۆر دەمویست هەر ئەندێشەیەکی لەسەر عەدەن هەمە بیسڕمەوە و لە بێخەوە هەڵیکێشم، چوون ئەو خەمی زۆری پێنۆشیم، بەڵام ئێستا ئیدی من لە وێ بووم، واقیعی مردنی ئەو لە پێش دەمم بوو، هەڵبەت هەموو راستییەکانی ژیانیشمان.

کچەکانم مەراسیمی بەخاکسپاردنیان بۆ ڕێکخست، پێداگریان لەسەر ئەوەکرد کە راستەوخۆ لە فڕۆکەخانەوە بچین بۆ گۆڕستان، بۆ سەر ئەو گۆڕەی براکەی عەدەن ئامادەی کردبوو. ئەوان رۆژی سێشەم گەڕانەوە، کاتێك دێکۆو ئامینەم جارێکی تر بینیەوە، چاوەکانیان خەمێکی قوڵی لێنیشتبوو پێشتر ئاشنای نەبوون، ئیدی زانیم دەبێت واز لە جەنگ بهێنمو دەست لە گەڕانو سۆراغ هەڵگرم. کاتێك قسەم لە بارەی ئاشتەواییەوە دەکرد، هەمیشە بیرم لای خەڵکی تر بوو، هۆشم لای ژیانی خۆم نەبوو. ئێستا ئیدی حاڵیبووم کە هەرچەند عەدەن مردووە، بەڵام خۆ خوێنی ئەو و خوێنی من تێکەڵبوون. بۆ ماوەیەکی زۆر من بەناوی وڵاتەکەمەوە قسەم کرد—ئێستا دەبوو ئیتر نمایشی خۆم بکەم. دەبوو لێگەڕێم باکورو باشور بەهۆی کچەکانمەوە تێکەڵبن. ئەوە تەنها ڕێگەبوو بەهۆیەوە ئێمە بتوانین زیندوو بمێنینەوە.

کاتێک گەیشتینە شوێنی ئەسپەردەکردنی، دەبوو توڕەییم نەهێڵم. بەو خەڵکەم وت کە هاتبوون ڕێزی بەرامبەر بنوێنن «ئەو ژیانێکی باش ژیا، تا تەمەنێکی ئاسایش زیندەگی کرد».

کچەکانم منیان بردە لێواری گۆڕەکەی، دێکۆ وتی «دەمانەوێت لە باوکمان خۆش ببیت، ئێستا وا لاشەکەی لە وێ دانراوە». بەوچەشنەی ئەوان دەگریان من نەمدەتوانی بگریم، بەڵام لە پاڵیانەوە وەستام، قایلبووم لەگەڵیان هاوبەشبم لە سروتی ناشتن و خۆڵبەسەرداکردن و داپۆشینیدا.

ئامینە وتی «دایە ئێمە برامان نییە، باوکیشمان مرد. هیچ کەسێکی ترمان نییە. تۆ دەبێت ببەخشیت».

لە وێ سێ ژن پێکەوە وەستابووین، ئەوی قەومابوو هەمووما‌ن دەزانی، هاوکات بە ئاگابووین لە وەی کە مانەوەی  ئێمە تەنها لە سایەی میهری خوداوەیە و بەس. بە هیوای ئەوەی دەشیا بێتەوە پێشمان، بە بیری ئەحمەدی کوڕم کە مردبوو لە تەک ئەحمەدی کوڕەزام، ڕۆحم ئەم چیرۆکە درێژە پێدەدات، دەستەکانم واڵا کردەوە. «عەدەن، ئەوا من دەتبەخشم. بڕۆ بۆ بەهەشت». لمەکەی دەستم لە نێوان پەنجەکانمەوە ڕژانە خوارەوو و سەر جەستەی ئەو.

بە پێی نەریتی سۆماڵ، ئەگەر ژنێک مێردەکەی بمرێت دەبێت بەرگی سپی بپۆشێت، هەروەها لچکێکی سپی شیوەنگێڕی کە پێیدەوترێت «ئاسای» بۆماوەی چوار مانگو دە ڕۆژ بدات بەسەریدا. لە بەر خاتری دڵی کچەکانم و لە بەر یادەوەری کوڕەکەم بەرگی سپیم پۆشی، ئەو دەرفەتەم بۆ کچەکانم ڕەخساند بڵێن، «دایکمان ئاسای پۆشیوە، باوکمان مـردووە». ئەوە نەریتی سۆماڵە بڵێن «دایکمان نابێت بڕوات بۆ هیچ شوێنێک—ئێمە کاردەکەین—هەرچی بخوازێت دەهێنینە بەردەستی بۆ دابین دەکەین». ئێستا من کە چیرۆکی خۆمتان بۆ دەگێڕنەوە، هەر ئەو کفنەم لە بەردایە. بۆ من ئاسای هێمای کۆستێکی گەورەترە، چەرمەسەرییەک کە بەشی هەموو ژنان و تەواوی

کۆمەڵگە بێت؛ بە ئەندازەی کەناڵی ئەفگۆیی نزیکمان، واتە کێل ئاسای کۆنە، مەبەستم لەو شوێنەی زۆرێك لە کۆیلە سۆماڵییەکان بە دەستی ئیتالیە داگیرکەرەکان پشتی خۆیان شکاند.

ژیانمان لەو کاتەوە بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕا. ئێستا کە ئێمە یادی سی ساڵەی نەخۆشخانەکەی من دەکەینەوە، هەڕەشە و مەترسی بە هەمان ئەو ئەندازەیە زۆرە کە پێشتریش لە گۆڕێ بوو: خەڵکی بێتاوان هێشتا بە هۆی بەشبەشبوون، توندوتیژی، لەگەڵ هەژارییەوە دەیانناڵاند. ئەو خەڵکە گەنجەی سۆماڵیان شیرازە دەکرد، وەك ئەحمەدی کوڕم، وەختی نسکۆی حکومەت منداڵی ورد بوون. ئینجا بەوپێیەی بەبێ یاساو رێسا گەورە بووبوون، هیچ بژاردەیەکیان بەدەر لە خراپە و بەدکاری نەدەبینی، کەچی ئێمەش لای خۆمانەوە نزامان دەکرد و دەپاڕاینەوە تا ئەو بەدکارییە لەسەرمان نەمێنێت.

کتومت مانگێك پاش کۆچی دوایی عەدەن، گروپێك لە ئەلشەباب بە قەتارەیەك پاسەوە خۆیانکرد بە کەمپەکەدا، بە زەبری لولەی تفەنگ 700 مناڵی قوتابخانەو ئەندازەیەك خەڵکی تریان بارکرد. منو ئامینەو دێکۆ لە نایروبی بووین وەختێك تەلەفۆنەکەی دێکۆ زەنگی لێداو ئەم هەواڵەیان پێڕاگەیاند. ئیسماعیل زەنگی کرد: وتی دایکی منداڵەکان بەپێی پەتی شوێن پاسەکان کەوتوون رایانکردووە بە دوایدا، ترساون لە وەی منداڵەکانیان ناچار بە چەکهەڵگرتن بکرێت، یانیش خراپتر، بەوەی بکوژرێن. ئینجا چەند کاتژمێرێك تەلەفۆن بێدەنگ بوو، ئێمە بێدەسەڵاتو دەستکورت بووین نەماندەتوانی هیچ بکەین جگە لە وەی میدیا، هاوڕێو دۆستو هاوکارەکانمان ئاگادار بکەینەوە، لای خۆشمانەوە بپاڕێینەوە.

بۆ پاشنیوەڕۆ، زانیمان منداڵەکان ناچارکراون بەشداری ئاپۆڕاو خۆپیشاندانێك بکەن بۆ جاڕدانی ئەوەی ئەلشەباب لە تەك ئەلقاعیدە یەکیگرتووە. شوکری خوامان کرد کە منداڵەکان بێ زیان گەڕێنرابوونەوە، بەڵام ئەمە هێمای ئەوەبوو

کە رقێکی ئەستور هەیە و گەشەدەکات. ئاە، ئەگەر من لەوێبوومایە. دەموت «نابێت ئەو منداڵانە کۆبکەنەوە، ئێوە نە قوتابخانە پێکەوە دەنێن، نە چاودێری سەلامەتی تەندروستییان دەکەن. ئیتر بۆ چاوەڕێن ئەمان پشتیوان و پاڵشتی ئێوە بکەن!»، دەزانم ئەگەر ئەوەم بدیایە رەنگبوو جەڵتە لێمبدات.

دوو هەفتە دواتر بازرگانێکی پشتقایم بە ئەلشەباب نزیکەی 100 مەتر دووجا زەوی ئێمەی لە بەردەم نەخۆشخانەکە بە هەڵە داگیرکرد—بەشێك لە موڵکی سەرەتای من—گوایە تاپۆی لەسەری هەیە. کاتێك هەوڵماندا مشتومڕی لەگەڵ بکەین و پارێزەرەکەمان نارد تا بە دۆری بخاتەوە، تاکە دادگای ناوچەکە دادگای ئەلشەباب بوو؛ دەسەڵاتمان نەبوو رایبگرین. پاش ماوەیەکی کەم و وەختێك بلدۆزەر هات شوێنەکە راماڵێت و پاکبکاتەوە لەو کوخو کۆڵیتانەی تێیدا دروستکرابوون، نزیکەی چوارسەد کەسی بێدەرەتان کرد، ئێمەش بە جیهاندا داوای کۆمەك و یارمەتیمان بۆ کردن.

هەرکەسێك لەم دنیایەدا بگری حەتمەن دوژمنێکی هەیە، بەڵام من ئەرخەیانم لە وەی ئەو دوژمنانە چی دەبەخشنەوە هەرئەوەش وەردەگرنەوە. هەرچەند ئەوخەڵکەی لە شوێنەکەی ئێمە دەژیان بێگاری ئەو دنیایەیان پێکرابوو، بەڵام هەر تەلەفۆنیان دەکرد و دەیانوت کە ئەوانیش وەك ئێمە دەپارێنەوە تا ئەم خەڵکە بەدکارەیان لە کۆڵا ببێتەوە.

ماوەیەکی کەم پێشتر کەسێك پێیوتم «دەزانم خودا خۆی دەسەڵاتی بە ئێوە بەخشیوە، ئەگەر بپاڕێنەوە ئەلشەباب دەردی حزبی ئیسلام دەچێت و ئەوانیش لە بەین دەچن».

دەیانوت «ئێمە دەزانین تۆ سەردەکەویت»، پاش ئەو هەموو ساڵە منیش باوەڕم بەو قسەیە کرد. نزام دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە هەواری خۆم، روبەڕوو لەگەڵ خەڵکەکەی خۆم قسەبکەم، پێیان بڵێم بەوپێیەی ئێمە زیندووین، کەواتە دەبێت جەنگی ئەم دووژمنە گەورە و مەزنە بکەیت، دژی

ئەم بێئاگاییە تێبکۆشین. بەوەدا کە خەڵکەکەش بێسەوادبوون دەبێت بڵێم، ئەوان بەهای مرۆڤی تریان نەدەبینی، نەیاندەبینی ئەم کەسە لە رابردوو چیکردووە، ئێستا خەریکی چییە. نەزانی مەڵامەتی ئەوەیە کە خەڵك بێهۆکار هێرشو پەلامار دەدەن، کتومت بەوچەشنەی هێرشیانکردە سەرمن، بەوشێوەی هێرشیان دەکردە سەر سەدان خەڵکی بێگوناە لە سۆماڵو تەواوی جیهان.

هەرچەندە من شانازی بە کچەکانمەوە دەکەم، بەڵام پەژیوانم لە وەی خەمی من ئێستا بۆتە هی ئەوان: ئەو رۆژانە تا درەنگانی شەو بێدار دەماینەوە و لە گێژاوی ئەوەی کەی بێگار و وشکەساڵی تر بەرۆکمان دەگرێت یان کەی ئەو کەسانەی بەشێکی زەوییەکەیان لێزەوت کردین دێنو تەواوی نەخۆشخانەکەمان داگیر دەکەن، تلماندەدا. ئامینە دەیوت «تۆ دەبێت بحەوێیتەوە»، بەڵام هەندێکات من لەپێستی خۆم دەهاتمە دەرێ. مکوڕبووم لەسەر ئەوەی دژی ئەو خەڵکە دەبەنگو گەمژە بجەنگێم. لای خۆم بیرم دەکردەوەو دەموت، باشە تۆ خوێنو رۆحی خۆت داوە بەوخەڵکە ژیانی خۆتت پێبەخشیون، کەچی هەموو ئەوەی بیری ئەوانی گرتووە بریتییە لە دژبەری و وەڕسکردنی تر.

ئێستا ئیدی تاکە چاوەڕوانیم ئەوەبوو کە خودا خەڵاتی من دەکات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە من ئازارم توشنایەت. من لە پێناو خوشکەکانم ژیانم خستە بەرمەترسی، ئەم کارەم بە ناوی دایكو باوکمەوە ئەنجامدەدا، بۆ خەڵکەکەشم لە ژێر ناوی سۆماڵی ئازیزدا هەموو ریسکێکم دەکرد، ئەوپەڕی وزەی خۆم بە هەدەردا. وەختێك شتێکت بێئەندازە پێخۆشە، واتە دەبێت تووشی ژانی بێسنوریش بێیت. من هەموو ئەوانە دەبەخشم، چوون لەگەڵ کچەکانم، منداڵی خوشکەکانم، ئینجا لەگەڵ ئەو خێزانانەی پێکەوە بووین، هاتین گوندێکی خنجیلانەمان دروستکرد. منداڵان تێیدا بە خۆشەویستی یەکترەوە گەورە و گۆش دەبوون، ئەگەر باوانێکیان هەبووایە و رێنمایی سەر رێگەی دروست و راستی بکردنایە. خۆشەویستی تاکە رێگەی بەرقەرارکردنی ئاشتییە.

کاتێك تەمەنم هەشت ساڵان بوو، ئەیێیۆ شتێکی پێوتم کە من هەرگیز لە یادی ناکەم: ئەو وتی «تۆ دەبیتە درەختێکی گەورە و پڕگەڵاو لە سایەتدا خەڵکی دێن دەحەسێنەوە. لەسەر رێگەکان خەڵك دەڵێن دەچم بۆ لای حەوا، (دەپرسن لە یەك، لە کوێ بوویت؟ وەڵامدەدەنەوە، لای حەوا)». دەشێت خەڵکێك بڵێن ئەوە نەفرەتە کەوتۆتە سەرت، بەڵام من شادم بەختەوەرم بە وەی ئەیێیۆی پێیبەخشیم. ئەرخەیانم لە وەی رۆژێك دێت هەقیقەت سەردەردێنێت، باند و ئەو خەڵکەی ئاین وەك قەڵغانو سوپەر بەکاردێنن، سەرلەبەریان لەناودەچنو وجودیان بەرباد دەبێت، هەرچی خەڵکی هەژاریشە بە مافەکانیان شاد دەبنەوە.

ساڵی 2008، واتە کاتێك ئەحمەدی کچەزام تەنها سێ مانگ بوو لەگەڵ خۆم بردم بۆ کێڵگەکە. وتم «ئەم کێڵگەیە هی تۆیە، دەبێت بیپارێزیت، دەبێت چاوت لێبێت و بەرگری لێبکەیت». دەزانم کە دەیپارێزێت، هەڵبەت لەم کارەیدا سەرکەوتووش دەبێت. خێرو بەرەکەت بە درێژایی پانزە نەوە شۆڕدەبێتەوە، بەو چەشنەی رژا بەسەر مندا، دەی حەتمەن دەگاتە ئەویش.

شوێنەکەی من لە هەموو بەشەکانی سۆماڵ هەیە، هەم ناوچەی دوورەدەستو دێهاتی هەم کەناراویەکانی سەر دەریا، هەم باوکم هەم دایکم. تا ئەوکاتەی ئاشتی تێیدا بەرقەرارە، بەهەشتێکە بۆخۆی. من بەوهیوایە لێرە دەژیم ئاشتی تێیدا سەروەربێت، بە جۆرێك منیش بتوانم لەسەر ئەو کەنار دەریایەو لەوجێیەی زەمانێك پێش ئێستا پێکەوە لە تەك عەدەن پێنج سەد درەختی گوێزمان نا، ماڵێکی خنجیلانە بۆخۆم سازبکەم و پێکەوە نێم. لەوشوێنەی کە شەپۆلەکان هاژەیان دێو درەختەکان لەوشکترین وەختی ساڵدا بەشی پێویست ئاو دابین دەکەن، ئیدی رۆژانی کامەرانی خۆم بگوزەرێنم. کاتی خۆم لە نێوان کەناری دەریاو کێڵگەکەدا بەشبکەم، لە وێ لە پانتاییە سەوزەکەدا بە ئەسپایی پیاسە بکەم، ساتی خۆشی خۆم بە تەك منداڵاو نەوەکانمەوە بەڕێبکەم.

هەتا ئەوکاتەش من دەتوانم تەنها چیرۆکیان بۆ باسبکەم. ببینم چی هەڵەیەکم کـردووە و چ کارێکی باشم ئەنجامداوە، تا ئەوان لەسەر ئەو بنچینەیەی من دەستم پێکردووە، بینای بکەن. وەختێك ئاشتی وەك مەحاڵ بە دیار دەکەوێت، پێیاندەڵێم کە لە یادیان بێت گەلێك شتی تر قەوماون کە نەدەبوو رویانبدایە، بۆ نمونە ئەوەی خوێندەوارم، هەندێك شتم بۆ خۆم پێکەوە ناوە، یان ئەوی من ماوم نەمردووم. ئا بەم جۆرە دەبینم گەشە دەکەن بەرە و ئاسۆی ئەو داهاتووەی ئێمە خەونمان پێوە دەبینی لە پێناو ئەواندا، کار و رەنجی زۆرمان بۆدا. چیدی ناتوانم چاوەڕێبم.

**فەرهەنگۆکی زاراوە سۆماڵییەکان**

ئەبایۆ: زاراوەیەکە بۆ خۆشەویستی نیشاندان بۆ خوشکی گەورە.

ئەبتیرسینیۆ: هەژماردنی بابوباپیران.

ئەی: زاراوەیەکە بۆ خۆشەویستی نیشاندان بۆ پور.

ئاسای: کراسێکی سپییە کە بێوەژن لەبەری دەکات.

ئەیێیۆ: داپیر.

بەن: دەنکە قاوەی سەوزە کە لەڕۆندا لێدەنرێت.

دارووود: هۆزەکەی زیاد بەری.

دووگاڵ: ئەو پەرژینەیە کە بەدەوری خانووە تایبەتمەندە سۆماڵییەکاندا دەکرێت، بۆ پاراستنی حەوشەی ماڵەکان لەرەشەباو ئاژەڵی کێوی.

فاکاش: زاراوەیەکە بۆ سوکایەتیکردن بە هۆزێکی دیکە.

گالۆ: بێباوەڕ/ ئەوکەسانەی ناموسڵمانن.

گاراس: داری زل و گەورەن گەڵای پانوپۆڕیان هەیە.

گەنتینۆ: بەگێکی سۆماڵی نەریتەوانی یەکشانەیە.

هاوییە: هۆزەکەی ماڵا باوکی حەوا عەبدی.

هویۆ: زاراوەیەکە بۆ گوزارشتکردن لەخۆشەویستی دایك و منداڵان بەکاردێت.

ئینجێرا: کێکی تەختو شێوە بازنەیین زۆرجار لەژەمی بەیانیدا پێشکەش دەکرێت.

ئینشاالله: بە پشتیوانی خودا، ئیشەڵا.

ئیساك: هۆزەکەی عەدەن موحەمەد.

کارفان: کفنی سپییە بەکاردێت بۆ داپۆشینی لاشە لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی موسڵماناندا.

جائیی: جڤاتی راوە ماسی.

قات: مادەیەکی چالاککەرە لەگەڵوە دەردەهێنرێت.

ئومول: چل رۆژ لەپشوو پاش لەدایکبوونی منداڵێك.

زەکات: ئەو خێرەی دەدرێت بە هەژاران یەکێکە لەکۆڵەکەکانی ئیسلام.

**خانەوادەی حەوا عەبدی**

عەبدی دیبلاوی: باوکی حەوا

عەبدی کەریم: خوشکەزای حەوا

عەدەن محەمەد: هاوسەری حەوا

ئەحمەد عەدەن محەمەد: کوڕی حەوا

ئەحمەد فەیسەڵا: کچەزای حەوا

ئامینە عەبدی: خوشکی حەوا

ئاشا عەبدی: خوشکی حەوا

ئامینە عەدەن محەمەد: کچی حەوا

ئاسلی: ئامۆزای حەوا

ئەیێیۆ/ساهالۆ: داپیرەی حەوا

داهابۆ: دایکی حەوا

دێکۆ عەدەن محەمەد: کچی حەوا

فەیسەڵا: هاوسەری ئامینە عەدەن

فادومە عەلی: زڕخوشکی حەوا

فادومە محەمەد حسێن: کچی حەوا

کاهیە: خوشکەزای حەوا

خەدیجە عەبدی: خوشکی حەوا

محەمەد حسێن: مێردی یەکەمی حەوا

شەریف: مێردی ئامینە عەبدیو خەدیجە عەبدی

سوادۆ: خوشکەزای حەوا

**سوپاسوپێزانین**

سوپاسێکی بێپایان بۆ هەر یەك لەکچەکانم؛ دێکۆ عەدەن محەمەد و ئامینە عەدەن محەمەد. بۆ هەر یەك لە جین جاك، کلییەر لیزی دریفوس و کۆمەڵەی سویسری حەوا عەبدی؛ رێکخراوی پزیشکانی بێسنور Medecins Sans Frontieres، ماتهیاس بروگمان و عائیشە ئەحمەد و ئەو تیمەی لە دامەزراوەی حەوا عەبدی کاردەکەن، ئەلیزە کریسولد، ساهاڵا عەبدوڵا، میلان ڤێرڤیر، ئەلیس نیڵسن، دەنگە چالاکەکانی هاوڕێیەتی جیهان، سیدنی لیڤ، سوزان گوداڵا، گۆڤاری گلامۆور، تینا براون، کیم ئازەرەلی، کایل گیبسنو ئەلین کامپینسکی، ئانا هۆڵ و نویزویك و دەیلی بیست. دامەزراوەی جۆلی پیتو ئەنجەلینا جۆلی، راج کاندێشا، لیسلی مۆریۆکا، White & Case LLP، دانێڵ ۆردسۆرس، سەیید شێخ عەبدیو کۆمیتەی پەناهەندەکانی ئەمەریکا، فاوندەیشنی ئەحمود، فاوندەیشنی ئالالوسی، ئەماندا لیندۆوتو گلۆباڵ ئینرێیچمێنت فاوندەیشن، جڤاتی پەناهەندەکانی سۆماڵ لەباکوری ئەمەریکا، زانکۆی سەینت لویس، ئەو خەڵکە بێشومارەی کە بەردەوامیان بە ژیانو کارەکانی ئێمە دا.

سوپاس بۆ سارا جەی رۆبینز بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەمو بۆ هەموو ئەوانشی کە وایان کرد ئەم بەرهەمە رووناکی ببینێت، جامی راب، کارین مورگۆلۆ، لیندا دوگینز، کارین ئەندرۆوس، کلەیر براون، جۆن ماسیۆسو گراند سێنتراڵا پەبڵیشینگ، لینی گودینزو ڤیرگۆ، دەیڤد کون، بیلی کینگسلاند، بێکی سوێرەنو پرۆژەکانی کون. سوپاس بۆ نادیفۆ فەرەح، تێرێنس فینێران، بەشیر گۆس، عوسمان حەرار، عەبدی ئیساك، سەفیە جەما، ئیمام خەسەن موحەمەد، عومەر موحەمەد، موحەمەد عەلی نور، دان سەیڵمسون، عەبدی ساماتار، ئێلیسا سەلاتەری.

## پەراوێزەکان:

1- ناوی داپیرەی حەوا عەبدییە. و: کوردی

5-دکتۆر حەوا.

3-پێوانەیەکە بۆ پێوانی زەوی 43560 مەتر دوجایە. و: کوردی

4-راکەڕاکە وااتە شوێنکەوتنی کەسێك یان شتێك بەخێرایی، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە منداڵەکان گەمەیان دەکردو بەخێرایی رایان دەکرد بەدوای یەکدا. و:کوردی.

5- تەخت= قەرەوەێڵە.

6-ئامانج

7-گەمەشامی شیرین دۆشاوی لێدەردەهێنرێت، وەك ئاڵف دەدرێت بە ئاژەڵا. و: کوردی

8-جۆرێکە لەمادەی هۆشبەر. و: کوردی

9-خانوویەك کە پەرژین کراوە لەوڵاتانی ئەفەریقا باوە. و: کوردی

10- Hooyo زاراوەیەکی سۆماڵییە وابزانم بە مانای دایك دێت، چۆن لەکوردەواری خۆماندا دایك بە منداڵەکەی خۆی دەڵێت دایکی دایکم. و: کوردی

11-سەلامەتین دایکەکەم. و: کوردی

12-محەمەد فەرەح عیدید سەرۆکی کۆنگرەی سۆماڵی یەکگرتوو، رۆڵی کارای هەبووە بۆ لەکارخستنی سیاد بەڕی. لەساڵی 1996 لەسەردەستی یەکێك لەنەیارەکانی کوژرا. و: کوردی

13-دەستەبەرەی نەخۆش (نقالە) stretcher.

14-بۆشی باوك. و: کوردی

15-نەخۆشییەکە لەئەنجامی کۆبوونەوەی شلەوە لەژێر پێستدا دروست دەبێت. و: کوردی

16-بەشێکی گرنگە لەپێکهاتەی بەرگریی ئەمەریکی، ئامۆژگاری وەزارەتی بەرگریو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانو دەستگا پەیوەندیدارەکانی دیکە دەکات لەبواری سەربازییدا. و: کوردی

17-درەختێکی ناوچە گەرمەکانە، بەری وەك شەمامەو کاڵەك دەگرێ. و.کوردی

18-یەك ئاکر یەکسانە بە 43560 مەتر دووجا.

19-هێشتنەوەی تەرم لەنێو بەفرگرەدا بۆ ئەوەی لاشەکە تێك نەچێت. و: کوردی

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئالتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارەتیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |